# خەباتی کوردی عیڕاق

## لەپێناو

## ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی

## ١٩٤١ – ١٩٦٣

**د. سەعید ئەحمەد بارزانی**

**مۆسکۆ - ١٩٦٤**

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٤

- **ناوی کتێب:** خەباتی کوردی عێراق لەپێناو ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی (١٩٤١ - ١٩٦٣)
- **نووسینی:** د. سەعید ئەحمەد بارزانی
- **پێداچوونەوەی وەرگێڕان و ڕێکخستنەوەی:** ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی
- **وەرگێڕانی پەراوێز لە ڕووسیەوە:** د. سەرهەنگ ڕەش یاسین
- **دیزاینی بەرگ و ناوەوە:** دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک)
- **ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٤ – هەولێر
- **چاپخانە:** ڕۆکسانا
- **تیراژ:** ٢٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان،**
**ژمارەی سپاردنی (١٢٥) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە.**

ئەم پەرتووکە لەبنەڕەتدا نامەیەکی ئەکادیمییە کە ئامادەکار، ساڵی ١٩٦٤ پێشکەشی بەشی مێژووی بزوتنەوەی کۆمۆنیست و کرێکارانی جیهانی لە مۆسکۆ کردووە، وەک تێزی بەدەستهێنانی پلەی پاڵێوراو لە زانستەکانی مێژوودا، لە ئەکادیمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، لێژنەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت.

بۆ نەجاتی ئەم گەلە کۆیلە و هەژار و بێکەسە
گیانی پاک و بیری تیژ و ڕێگە ناسینم دەوێ

بۆ بەگژداچوونی زۆرداری و هەژاری و ناهەقی
کارگەر و جوتێری ئاگا و مستی ئاسنینم دەوێ

سەخت و ناهەموارە ئەم ڕێگایە کوردی کۆڵنەدەر
بۆ خەباتێکی درێژخایەن گڕ و تینم دەوێ

دوای نەجات و ئاوەدانی و خۆشی خاپورە وڵات
کۆمەڵێکی چاک و پاک و ڕاست و وردبینم دەوێ

**هێمن موکریانی**

# پێرست

- پێشەکی III - I

- چەند دێڕێک بۆ نووسەر IX - V

**بەشی I - بارودۆخی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی**

١. کوردستان بۆ ئیمپریالیستە مۆنۆپۆڵییەکان سەرچاوەی کەرەستەی خاوە ١ - ١٣

٢. ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی حوکمڕانی ئیمپریالیستەکان لە کوردستان ١٤ - ٣٨

٣. دابەشکردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیست و هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ پاراستنی مافەکانی ٣٩ - ٩٤

**بەشی II - شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، لە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی، ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری**

١. شۆڕشی چەکداریی کوردی عێراق بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی لە ساڵانی ١٩٤٣ و ١٩٤٥ ٩٥ - ١١٤

٢. بەشداریکردنی هێزە دیموکراتخوازەکانی گەلی کوردی عێراق لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردی ئێران ١١٥ - ١٤٠

٣. پارتە دیموکراتییە کوردستانییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق، لە کات و دوای جەنگی دووەمی جیهانی ١٤١ - ١٥٣

**بەشی III - پارتی دیموکراتی کوردستان، هێزی ڕێکخەر و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق، لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد**

١. دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرۆگرامە سیاسییەکەی ١٥٥ - ١٨٩

| | |
|---|---|
| ٢. بەشــداریکردنی گــەلی کــورد، بە ڕابەرایــەتی پــارتی دیمــوکراتی کوردستان لە پاراستنی کۆماری عێراق | ١٩٠ - ٢٢٣ |
| ٣. ئاڵۆزبوونی بارودۆخ لە کۆماری عێراق و خەباتی پارتی دیمـوکراتی کوردستان دژی کۆنەپەرستان لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٣ | ٢٢٤ - ٣١٧ |
| - **پاشکۆکان** | ٣١٩ - ٣٤٥ |

# پێشەکی

ئەو پەرتوکەی بەردەستتان، بە ناونیشانی (**خەباتی کوردی عێراق لەپێناو ئازادی و ئاسایشی نەتەوەیی ١٩٤١-١٩٦٣**)، لە بنەڕەتدا تێزی دکتۆرایە کە ساڵی ١٩٦٤ لەلایەن د. سەعید ئەحمەد بارزانی بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا پێشکەشی بەشی مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیست و کرێکارانی جیهانی لە مۆسکۆ کراوە.

ئەو توێژینەوەیە، جگە لە دەروازەیەک کە باس لە ژیانی توێژەری ئەم پەرتووکە دەکات و بۆی زیادکراوە، لە سێ بەش و نۆ تەوەر و پاشکۆکان پێکهاتووە. توێژەر لە نووسینی تێزەکەی جۆرەها سەرچاوەی مێژوویی بە زمانی جودا بەکارهێناوە و بە زمانی ڕووسیش تێزەکەی پێشکەش کردووە.

لە بەشی یەکەمدا بە ناونیشانی (**بارودۆخی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی**)، توێژەر ئەو بەشەی دابەشی سەر سێ تەوەر کردووە و لە میانەی تەوەرەکانەوە پوختەیەک لەبارەی جوگرافیای کوردستان و بەپیتی خاکەکەی و سنووری ئێتنۆگرافی کوردستان و چۆنیەتی دابەشبوونی کوردستان لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی باس دەکات و نووسیویەتی: "ژێر خاکی کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتیی و کانزاوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام تا ئێستا ئەم سامانە دەستکاری نەکراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە تا ئێستا هیچ لایەنێك بە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیك بەشداری لە دەرهێنان و پەرەپێدانی ئەو سامانە سرووشتییە نەکردووە، تەنیا چەند جۆرێکی دیاریکراوی کانزاکان دەرهێنراوە، ئەویش زیاتر لە تاڵانکردن دەچێت".

لە تەوەری دووەمدا بە دورودرێژی باس لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆڵەمەرگی خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیست و حکومەتە حەڵقە لە گوێکانیان دەکات و دەنووسێت: "ئەو کارمەندانەی فەرمانی ئیمپرالیست و دەرەبەگەکانیان جێبەجێ نەدەکرد، بێ ئەوەی بەدوای هۆیەکانی ڕق و بێزاری گەل بگەڕێن و دەست لە سوود و قازانجی تایبەتی هەڵگرن، دەبینین هەموو ئەو کەسانەیان لە کار دوورخستەوە و خەڵکانی نەخۆش و لایەنگری خۆیان لەجێ دادەنان". بە داتا و خشتە باس لە ڕەوشی خوێندن و تەندروستی لە کوردستان دەکات و بەدورودرێژی ئاماژە بە ژیانی ئەوسای جووتیاران دەدات بەوەی هیچ پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون لە ناوچە کوردییەکان ئەنجام نەدراوە و لەلایەن حوکمڕانەوە هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەشی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان نەکراوە.

تــوێژەر لەو بەشــەدا ئەو جیکــاریی و زۆڵــمانەی دەوڵەت بەرانــبەر هاووڵاتیــانی کــوردی کردووە بە نموونەی بەرجەستە دووپـات لە بۆچوونەکـانی دەکـاتەوە، "دوای گەڕانەوەی سـێ ئەنــدازیار لە ئینگڵــتەرا کە دووانیــان عەرەب بــوون و یەکێکیــان کــورد بــە نــاوی (شــەعبان خەلیـل)، خەڵکـی شـاری ئامێـدی، کاتێـك دوای گەڕانــەوەیان خرانــە ســەر کـار، ئەنــدازیارە عەرەبەکان مووچەی ١٣٠ دیناریان بـۆ تەرخـانکرا، کەچـی کـوردەکە مانگـانە ٣٥ دینـاری بـۆ بڕایەوە، ئەمە لە کاتێکدا هەردووکیان یەک جۆرە پیشەیان هەبـوو و کـۆلێژی جیۆلۆجیـان لە ئینگلترا تەواوکردبوو".

لە تەوەری سێیەمی ئەو بەشـەدا تـوێژەر بـاس لە ململانێکـانی دەوڵەتە ئیمپریالیسـتەکان لەســەر کوردســتان و هەردوو پەیماننــامەی ســیڤەر و لـۆزان و پەرەســەندنە سیاســییەکان و بێبەشکردنی کورد لە مافە نەتەوەییەکان و خەباتی بەردەوامی گەلی کورد دەکات.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکە بەناونیشانی (**شۆڕشی گـەلی کـورد لـە کوردسـتانی عێـراق، لـە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیـی، ڕووخانـدنی ڕژێمـی پاشـایەتی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری**)، تـوێژەر لە سـێ تەوەردا شـارەزایانە بـاس لە شۆڕشـی یەکەم و دووەمی بارزان و ڕاپەڕینەکانی شێخ مەحمـوودی حەفیـد و چەوسـاندنەوەی گەلـی کـورد و بارودۆخی برسـێتی دەکـات کە گەیشـتۆتە ئەو ڕادەیەی، تەنـانەت دوژمنـە سەرسـەختەکانی کـوردیش ناچـاربوون بـۆ نیمچـە چارەسـەرێك بگـەڕێن، هەروەهـا زۆر بە پـوختی بـاس لە هۆکارەکانی هەڵگیرسان و شەڕە بەرگرییەکانی شۆڕشی دووەمی بارزان و ڕۆڵی حزبـی هیـوا و لێژنەی ئازادی لە جۆشدانی خەڵک و پشتیوانیکردن لە بەرنامە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی شـۆڕش دەکـات. هەروەهـا بە شـێوەیەکی زانسـتی و ئەکادیمیـانە بـاس لە ڕۆڵـی لەشـکری شۆڕشگێڕی بارزان بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی لە پاراسـتن و بەرگریکـردن لە کۆمـاری کوردسـتان لە مەهابـاد بە سـەرۆکایەتی قـازی مـحەمەد دەکـات. لە تەوەری سـێیەمی ئەو بەشەدا بە دورودرێژی باس لە دامەزرانـدن و سـەرهەڵدانی پـارتە سیاسـییەکان و ڕێکخـراوە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهان دەکات.

لە دوا بەشدا بە ناونیشانی (**پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، هێـزی ڕێکخـەر و سـەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق لەپێناو بەدەستهێنانی مـافە نەتەوەییـەکانی گەلی کـورد**)، لە سێ تەوەردا شرۆڤەی بارودۆخی ئەوکات کراوە. لە تەوەری یەکەمـدا بـاس لە هەوڵ و هۆکارەکانی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکـات. لە تەوەری دووەمـی ئەو بەشــەدا بــاس لە دامەزرانــدنی کۆمــاری عێــراق و گەڕانەوەی مەلا مســتەفا بــارزانی و

هەڤاڵانی دەکات و نووسیویەتی: "پارتی دیموکراتی کوردستان بووە هێزێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ کە هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی دیموکراتی و پاراستنی کۆمارەکە و دەسکەوتەکانی شۆڕشی دەدا و ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە تێکشکاندنی پلانی کۆنەپەرستان و یاخیبووان کە لەچەند ناوچەیەکی وڵاتدا دژ بە سیستمی دیموکراتی دەسەڵاتی کۆماری سەریان هەڵدا".

لە تەوەری دووەمی ئەو بەشەدا، توێژەر باس لە هۆکارەکانی پاشگەزبوونەوەی قاسم بەرانبەر هاوبەشی کورد و عەرەب لە بەڕێوەبردن و پێشخستنی وڵات دەکات و بەپێی بەڵگەکان شرۆڤەی کردووە کە چۆن قاسم بە پێدانی چەک و پارە هاوکاری دەربەگ و کۆنەپەرستەکانی کوردستانی دەکرد و کێشەی بۆ ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست دەکرد و نووسیویەتی: "حکومەتی قاسم خۆی لەو کارە تیرۆریستیانەیەی دژی کورد ئەنجام دەدرا بێدەنگ کردبوو، نەک هەر ئەوە بگرە فراوانتریشی کرد، تا وایلێهات بە ئاشکرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتەوە باس لەو سیاسەتە دوژمنکارییە دەکرا، کە بڕواپێکراو و ڕزگارکەری ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بوو". لە دوا تەوەری ئەو بەشەدا توێژەر باس لە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول دەکات کە کۆمیتەی ناوەندی بە وردی دەستنیشانی ئامانجەکانی خەباتی کرد و پلانی فراوانکردن و پێشخستنی بۆ داڕشت.

گرنگی ئەو پەرتوکە لەوەدایە کە توێژەر خۆی شاهیدی بەشێکی زۆر لە ڕووداوەکانە و لە نزیکەوە ئاگادار بووە، بۆیە دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەران، چونکە هەرچەندە لە ساڵی ١٩٦٤ەوە نووسراوە، بەڵام یەکەمجارە بە زمانی شیرینی کوردی دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەر و توێژەرانەوە.

**تێبینی:** لە دیزاینکردن و ڕێکخستنەوەی ناوەڕۆکی ئەم پەرتووکە و دارشتنەوەی سەرچاوە و پەراوێزەکان هەوڵدراوە هاوشێوەی ئەو نوسخە ڕووسییەبێ کە توێژینەوەکەی پێ نووسراوە.

**دەستەی ئینسکلۆپیدیای پ.د.ک**

**هەولێر - ٢٠٢٤**

## چەند دێرێک بۆ نووسەر

چـارەنووسی ئـێمە وایە! زادەی سـەرزەمینێکین چارەنوسـمان بە چەکەوە گرێـدراوە، ئەو ئازادییەی خودا پێی داوین، مرۆڤەکان پێمانی ڕەوا نابینن.

بیستووتە مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایـک دەبـن؟ ئـێمە لەدایـک دەبـین تـا لەپێنـاو ئـازادی بمرین! وەک بەڕوو لەسەر ڕەگمان دەڕوێینەوە، وەک ئـاگر لە خۆڵەمێشـەوە گڵـپە دەسـێنین، لەتەک چیاکان دەوەستین و لەگەڵ هەڵۆەکان دەفڕین.

دڵنیام لەبارەی سپارتاکان بیسـتووتە، ئەوە ئـێمەین، جەنگـاوەر، کـوڕی جەنگـاوەر، کـوڕی جەنگاوەر، وەها دەناسرێینەوە. ئێمە بارزانین...

دەکرا چارەنووسمان جیاوازبێ...

لەجیاتی باروووت، بۆنی جەوهەر هەڵبمژین.

لەجیاتی تفەنگ، دەستی باوکە نەبینراوەکەمان بگرین.

لەجیاتی ئەشکەوت، لە باوەشی دایکمان ئارام بگرین.

دەکرا بە ئازادی بژین...

باوک گەورەبوونی منداڵەکەی ببینێت، منـداڵ پیربـوونی بـاوکی. لەجیـاتی قیـژە، گـوێمان لە دەنگی لایەلایەی پێش خەوانی دایکمان بێ...

بەڵام ئەمە چارەنووسە و هەرگیز لە خۆزگەیەک زیاتر نابێت! کاتێک دونیا هەموی دوژمن بێت و تۆش برای من نەبیت...

خوێنەری بەڕێز، ئەمەم بە دەردەدڵ، بە گلەییەک لە چارەنووس لێ وەربگرە.

باسی نووسەری ئەم پەرتووکەت بۆدەکەم کە خۆم نازانم چی ناوبنێم، عەشقیا؟ شۆڕشـگێڕ؟ پێشمەرگە؟ فەرماندە؟ سیاسەتمەدار؟ هەڤاڵی بارزانی؟.. یاخود، مێژوونووس؟ مامۆستای زانکـۆ و ئەکادیمیست د. سەعید بارزانی.

لەدایکبووی هەڵکەوتەیەکی جوگرافی سەخت و تورە، ساڵی ١٩٣٠- قەدپاڵی چیـای پیـران- گوندی بێدۆد- ناوچەی بارزان. ئەحمەد نـادری بـاوک، شـێرەکەی بـارزان، سـاڵی ١٩٣٥ دوای گەمارۆدانی لەلایەن سوپای دوو وڵات لە چیـای گۆڤەنـد بەدەسـتی تورکـان شـەهید دەبێـت،

کوڕ شوێنی باوک دەگرێتەوە و لەسەر شوێن پێیەکانی هەنگاو دەنێ، جەنگاوەر کوڕی جەنگاوەر...

لەسەر ئەم خاکە داگیرکراوە ئەستەمە، ئاسمان واتە ئازادی، بۆ بینینی دەبێت سەر بەرزبکەیتەوە و بەسەر لووتکەی شاخەکانەوە بۆی بڕوانی، بۆیە لەسەر ئەم خاکە، بە سەری بەرزەوە ژین خووی مرۆڤەکانە. بەبیری مێژووش نایەتەوە ساتێکی ئەم سەرزەمینە بێ خەباتی سەربەرزانە تێپەڕیبێت. یان شەڕ لەپێناو ئازادی، یاخود لە دوورەوە چاوەڕوانی بۆ شەڕێکی تر. ئەم مرۆڤانە، لەسەر خاکی خۆیان ژێردەستەی قبووڵ ناکەن...

بە شەهیدکردنی ئەحمەد نادر و هەڤاڵانی، شۆڕشی یەکەمی بارزانیش کۆتایی هات. ئەوانەی ژێردەستەی داگیرکەریان پێ قبووڵ نەدەکرا، ڕێگای ئاوارەیی وڵاتی تورکیایان گرتە بەر و لە چاوەڕوانی دەرفەتێک بۆ شۆڕشێکی تر مانەوە.

چاوەڕوانی دەرفەتێکی نوێ بۆ ئازادیی و ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی دوازدە ساڵی خایەند. ساڵی ١٩٤٣، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی گەڕایەوە بارزانی داگیرکراو و جاڕی شۆڕشی دا، گەنج و پیر، ئەوانەی ساڵانێکیان لە دووری سەرکردەکەیان بە سەختی بواردبوو، پۆڵ پۆڵ بە پیریەوە چوون، شۆڕش دەستپێکردەوە، پۆلیسخانەکانی حکومەت لەسەر دەستی شۆڕشگێڕان یەک لەدوای یەکتری دەکەوتن و خۆیان دەدا بەدەستەوە، سەعید بارزانی تەمەن ١٣ ساڵ، هاوشێوەی باوکی و تەواوی بارزانییەکان، شان بە شانی گەورەکان بەشداری گرتنی پۆلیسخانەی خێرەزۆکی کرد و لە شەڕی مەیدان مۆریکی ٥ی ئەیلوولی ١٩٤٥، قارەمانانە جەنگا.

تا سەرکەوتنی یەکجارەکی و کردنەوەی دەرگا بە ڕووی چارەنوسێکی جیاواز هەنگاوێک مابوو، دەکرا چارەنوسێکی ترمان هەبێ! هیچ هێزێک توانای وەستاندنی شۆڕشی نەبوو، خیانەت نەبێ!.

ساڵی ١٩٤٥ دوای یاخیبوونەوەی سەرۆک هۆزەکان لە بارزانی، شۆڕشی دوومی بارزانیش وەستا و سەرکردەکانی بارزان بە هەزاران خێزانی بارزانییەوە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون. تەواوی ئەوانەی بەشداریان لە شۆڕش کردبوو لەنێویشیاندا سەعید بارزانی، فەرمانی دادگای عورفیان بەسەردا سەپا.

ڕۆژی ١١ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، خێزانە بارزانییەکان لە سنووری ئێران پەڕینەوە و دابەشی سەر شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کران، شاری شنۆ بووە نشینگە نوێیەکەی سەعید بارزانی و خانەوادەکەی. ئەو گەلەی تا دوێنی بە ئاواتی ڕزگاری و ئازادی دەجنگان،

ئەمڕۆ ئاوارەیی، برسێتی، تاعون و مردن بۆتە بەشیان، ئەم ڕۆژانەش وەک زۆرێک لە ڕۆژانی سەختی ڕابردوو، بە ئومێدی ئازادی و لە چاوەڕوانی دەرفەتێکی تر دەگوزەرێن.

ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦، بە دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد، کورد وای هەستکرد ڕۆژی بەختی ئەویش هەڵهاتووە، بۆ بارزانییەکی تینووی ئازادی، هەموو سوچێکی ئەم کوردستانە، بارزانە. بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و بۆ پارێزگاری کردن لە کۆمار، بارزانییەکان چەکیان گرتەوە دەست و بۆ خزمەتی کوردستان ڕیزیانبەست. سەعید بارزانی، مێردمنداڵە چەکدارەکەی دوێنێ، ئێستا جەنگاوەرێکی پێگەیشتووە، جەنگاوەر کوڕی جەنگاوەر...

تەمەنی کۆمارە کوردییەکەی مهاباد ئەوەندە درێژ نەبوو، لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٤٦، بەهۆی ئەو ناپاکییەی لێی کرا، تا دەهات لە کۆتاییەکانی نزیکتر دەبووەوە، لەوێش تەنیا بارزانییەکان مانەوە بەرگری لێبکەن، لەپێناو زیندوو هێشتنەوەی کۆمار، بارزانییەکان ڕووبەڕووی سوپای پاشایەتی ئێران و هۆزە یاخیبە کوردییەکان وەستانەوە و چەندین شەڕی خوێناوییان ئەنجامدا، سەعید بارزانی لە جەنگاوەرە دیارەکانی شەڕەکانی ملەقەرەنی و بەرەی سەقز بوو.

ڕۆژی ١٥ی کانوونی ١٩٤٦ ڕۆژی کەوتنی کۆماری دیموکراتی کوردستان بوو، ئیتر بەرگری بارزانییەکان لە کۆمار و شەڕی حکومەتی ئێران و هۆزە خۆفرۆشەکان هیوایەکی لێ سەوز نەدەبوو، بارزانییەکان بڕیاری گەڕانەوە بۆ عێراقیان دا و ڕۆژی ١٩ی نیسانی ١٩٤٧ تەواوی خێزانە بارزانییەکان گەیشتنەوە نێو سنووری عێراق.

ئەو مرۆڤانەی ساڵانێکە شەڕی دژبە ژێردەستەیی دەکەن و ئامادەبوون هەموو ڕێگایەک تاقیبکەنەوە خۆڕادەستکردنەوە نەبێ، لەلایەن حکومەتی مەلەکی عێراقەوە داوای خۆڕادەستکردنەوەیان لێکرا!!

لەپێناو پاراستنی ئەو ترووسکاییەی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی هیوای لەسەر هەڵچنی بوو، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بڕیاریدا ڕێگایەک بگرێتەبەر کە کەس تەنانەت بوێری ئەوەی نەبوو بیریشی لێبکاتەوە، بڕینی سنووری سێ وڵاتی تینوو بە خوێنی کورد و پەڕینەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت!!!.

ڕۆژی ٦ی ئایاری ١٩٤٧، لە گوندی ئەرگۆش، بارزانی بڕیاری ڕێکردن بەرەو یەکێتی سۆڤیەتی دا، ئەوە جەنگاوەرە قارەمانەکانن هەنگاو لە هەنگاوی سەرکردە قارەمانەکەیان دەنێن، سەعید بارزانی و زیاتر لە پێنج سەد جەنگاوەری تر شان بە شانی بارزانی سەرکردە، بە خاکی

دوژمنـدا بەرەو چارەنووسـێکی نادیـار کەوتـنە ڕێ، لەژێـر هێـرش و بۆردومـانی سـوپای سـێ دەوڵەت، سەرەنجام لە ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧ بە سەرکەوتووی گەیشـتنە چـۆمی ئـاراس، بـێ ڕەزامەنـدی و هەمـاهەنگی پێشـوەختە لە سـنوور پەڕیـنەوە و خۆیـان گەیانـدە نێـو خـاکی یەکێتی سۆڤیەت.

**ئەمانە کێن؟ لەکوێیەوە هاتوون؟**

"ئابـاکۆم"ی وەزیـر، وەهـا وەڵامـی سـتالینی دایەوە: بـارزانی بە زیـاتر لە پێـنج سـەد جەنگاوەرەوە، بە شەڕ و بەنێو بۆردومانی سوپای تورکیا و ئێران خۆی گەیاندۆتە ئێرە و داوای پەنابەری سیاسی دەکات...

چارەنووسمان بە چەکەوە گرێدراوە!

دوای گەیشتنیان بۆ نێو خاکی سـۆڤیەت، سـەعید بـارزانی و تەواوی جەنگـاوەرانی هەڤـاڵی بارزانی بۆ سەربازگەیەکی سەر دەریای قەزوێنی نزیک شاری باکۆی ئازەربایجان گواسـترانەوە، جلی سەربازیان بە بەرداکرایەوە، مەشقی سەربازییان پێدرا و کران بە ئەفسەر.

دوای مـاوەیەک مـانەوە لە ئازەربایجـان، لە ٢٩ی ئـابی ١٩٤٨، گواسـترانەوە سـەربازگەی چرچـوکی نزیـک تاشـکەندی پـایتەختی ئۆزبەکسـتان، لەوێـش هەر لە مەشـقی سـەربازی بەردەوام بوون.

مانەوەی بـارزانی و هەڤـاڵانی لە دووره وڵات زیـاتر لەوەی چاوەڕوانـدەکرا درێـژەی کێشـا، بارودۆخ گۆڕا، مەشقی سەربازی کۆتایی هات، مانگی ئاداری ١٩٤٩، سەعید بارزانی و تەواوی هەڤاڵان، بە شەمەندەفەر لە سـەربازگەکەیان گواسـترانەوە و کـۆمەڵ کـۆمەڵ بەسـەر کـێڵگە هەرەوەزییەکانــدا دابەشــکران، دەبێــت هەرکەســە و بەدوای چارەنوســێکدا بگەڕێــت و دواڕۆژێکی جیاوازتر بۆخۆی دروستبکات.

دوای هەوڵێکـی زۆری بـارزانی و بە بڕیـاری سـتالین، سـاڵی ١٩٥١ جـارێکی تـر تەواوی هەڤاڵانی بارزانی لە شاری ڤرێڤسکی کۆکرانەوە، سەعید بارزانی مانگی تشرینی دووەمی ١٩٥١ گەیشتە ئەو شارە و بەرەو ڕێگایەکی جیـاواز هەنگاوینـا، لەو شـارە دوا قۆناغەکـانی خوێنـدنی بڕی و گەیشتە زانکۆ، لەسەر داوای جەنەڕاڵ مستەفا بـارزانی بەمەبەسـتی تەواوکـردنی زانکـۆ چووە شاری مۆسکۆ و تا تەواوکردنی زانکۆ ساڵی ١٩٥٨، لەو شارە و لەتەک بارزانی مایەوە.

ڕۆژی ١٤ی تەمـووزی ١٩٥٨، ڕژێمـی پاشـایەتی لە عێـراق ڕووخـا، چـاوەڕوانی بـارزانی و هەڤاڵانی بۆ گەڕانەوە دوازدە ساڵی خایاند. ئێستا کاتی گەڕانەوە نێزیکە...

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و چەند هەڤاڵێکی، ڕۆژی ٦ی تشــرینی یەکەمـی ١٩٥٨ گەڕانەوە نیشــتمان، گەڕانەوەی ئەمجــارە لە جــارانی پێشــوو جیــاوازبوو، ٢٥ی شــوباتی ١٩٥٩ لەلایەن حکومەتەوە لێبووردنی گشـتی بـۆ بـارزانی و تەواوی هەڤـاڵانی دەرکـرا، لە ١٦ی نیسـانی ١٩٥٩ وەک قارەمــان پێیــان نــایەوە خــاکی وڵات و تەواوی گەلانی عێــراق بە گــوتنەوەی سرود و هەڵکێشانی هۆتاف لە پێشوازیاندابوون، سەعید بارزانی و هاوسـەرەکەی بکلان ئیلینیانۆڤـای کـچە سـۆڤیەتی و کـوڕە تـازە لەدایکبووەکەیـان عەزیـز، لەنێـو ئـاپۆڕای هەڤـاڵان و بـارزانییە گەڕاوەکاندابوون. بەڵێن وابوو دەست لەنێو دەست وڵاتێک بۆ هەمووان دروستبکرێت.

دەکرێ بە ئازادی بژین...

بـارودۆخ لە عێـراق ئاسـایی بـوو، هەمـوو شـتێک وەک ئەوەی بەڵێنـی لێـدرابوو بەڕێـوە دەچوو، ساڵی ١٩٦٠ سەرۆک مستەفا بارزانی لە لایەن حزبی کۆمۆنیستی یەکێتـی سـۆڤیەتەوە بۆ بەشداریکردن لە ساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بانگێشـتی سـۆڤیەت کـرا، سـەعید بـارزانی لەم سەردانەشدا وەک چۆن لە ڕێڕەو هەڤاڵی بوو، لێرەشدا یاوەری سـەرۆک بـارزانی بـوو، لەسـەر داوای سەرۆک، بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندن، سەعید بـارزانی لە مۆسـکۆ مـایەوە و سـاڵی ١٩٦٤ بە بڕوانامەی دکتۆرا لە مێژووی هاوچەرخ گەڕایەوە وڵات.

لە کەشێکی ساخلەمدا، ئەگەر چارەنووس ناچار بە چەک هەڵگرتنیـان نەکـات ئەم گەلەش تامەزۆی قەڵەم و فێربوونە، ئەو عەرەبەی تا دوێنی بەمەبەسـتی کوشـتن بەچەکەوە دەهـاتە بارزان، ئێستا بارزانییەک لە بەغدا منداڵەکەی فێری خوێندن و زانست دەکات!!

د. سەعید بارزانی، دوای گەڕانەوەی لە یەکێتی سـۆڤیەت و مـۆرکردنی ڕێکەوتننـامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ لەگەڵ حکومەت، ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٧٣ بە خێزانەوە لە زانکۆی بەغدا دامەزرا و وانەی مێژووی هاوچەرخی گوتەوە.

تـا دەهـات حکـومەت لەو بەڵێنـانەی بە کـوردی دابـوو پاشـگەز دەبـووەوە، سـاڵی ١٩٧٤ هەموو شتێک کۆتایی هات، حکومەت دەسـتی بە پەلامـاردانی کوردسـتان و بـارزان کـردەوە، زۆر کوردی پێنووس بەدەست کە لە سایەی شۆڕش ببوون بە خـاوەنی، ئیـتر دەسـتیان چەکـی نەگـرتەوە، دەبـێ لە چەشـنی د. سـەعید بـارزانی بیـت لە پێنـاو گەلەکەت و بـۆ یارمەتیـدانی سەرۆکەکەت وەفا بنوێنی، پێنووس دابنێیت و جارێکیتر چەک بگریتەوە دەست.

ساڵی ١٩٧٣، د. سەعید بـارزانی بەغـدای جێهێشـت و گەڕایەوە بـارزان، سـاڵی ١٩٧٤ وەک فەرماندە، قارەمانـانە بەشـداری لە شـەڕەکانی زۆزک، سـەرتیز، گەروی عومەرئاغـا و چەنـدین نەبەردی تر لە سنووری هەولێر کرد.

ساڵی ١٩٧٥، بەدیاریکراوی ٦ی ئادار، ڕۆژی گەلەکۆمەی وڵاتانی زلهێز و ناوچەکە بوو دژی کورد، ڕێککەوتننامەی جەزائیر مۆرکرا و هیچ هەڵبژاردەیەک جگە لە وەستاندنی شۆڕش بۆ کورد نەمایەوە، ئەم مرۆڤانە ژێردەستەی قبوڵ ناکەن، خاکەکەیان جێدەهێڵن، لە چاوەڕوانی دەرفەتێک دەمێننەوە و وەک هەرجار، دڵنیان کە بەهێزتر دەگەڕێنەوە.

دوای گەلەکۆمێی وڵاتان و ڕێککەوتننامەی ٦ی ئاداری ١٩٧٥، بەشی هەرە زۆری بارزانیەکان و کوردی باشوور بە خێزانەوە جارێکی تر ئاوارەی وڵاتی ئێران بوونەوە. زۆری پێ نەچوو، بە فەرماندەیی سەرۆک مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی دەرفەتەکان قۆزرانەوە و دوای تەنیا ساڵێک شۆڕش هەڵگیرسایەوە.

د. سەعید بارزانی وەک فەرماندە بەشداری لە شۆڕش کردەوە و ئەمجارەیان جیاوازتر لە جارانی پێشوو پێی نایە کایەی سیاسەتەوە، ساڵی ١٩٧٩ و لە کۆنگرەی نۆیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردرا و هاوکات وەک فەرماندەی هێزی بارزان گەڕایەوە باشووری کوردستان. ساڵی ١٩٨٧ یەکێک بوو لە فەرماندە دیارەکانی شەڕی مێرگەسۆر و ساڵی ١٩٨٨ وەک فەرماندەی هێزی بارزان، بە هێزەکەیەوە بەشداری لە داستانی بەناوبانگی خواکوڕکدا کرد.

گەلێک خاوەنی سەرکردەی کۆڵنەدەر و ئەم چەشنە قارەمانانە بێ، دڵنیابن ڕۆژێک هەر سەردەکەوێت، بەهاری ١٩٩١ بۆ کوردستان مژدەی سەرکەوتنی پێ بوو، پێشمەرگە و گەل لە باشووری کوردستان ڕاپەڕین و شار بە شار داپلۆسێنەران و عەسکەریان لێ وەدەرنان. د. سەعید بارزانی بەخۆی و هێزەکەیەوە وەک تەواوی سەرکردە و هێزەکانی تر و وەک تەواوی قۆناغەکانی خەباتی ڕابردوو ڕۆڵێکی کاریگەری لەو ڕاپەرینەشدا هەبوو و لە ٧ی نیسانی ١٩٩١ یەکێک لە فەرماندە دیارەکانی داستانی کۆڕێ بوو و تا بەئامانج گەیاندنی ڕاپەڕین، بست بە بستی ئەم خاکە وەک پێشمەرگە و فەرماندە گەڕا و لەپێناویدا خەباتی کرد.

ئێستا پاڵەوانی چیرۆکەکەمان تەمەنی ٦١ ساڵە و کاتی پشوودانیەتی، ئەگەرچی ئەم چەشنە مرۆڤانە تەنیا ئەوکاتە پشوو دەدەن، کاتێک بەیەکجاری لەپێناو گەل و وڵاتەکەیان سەردەنێنەوە.

١٦ی ئابی ١٩٩٦، ڕێک ٦٦ ساڵ بەسەر خەباتی بێ وەستانی د. سەعید بارزانی تێپەڕی، وەک ڕێزلێنان لەو خەبات و قوربانیدانەی، لەلایەن سەرۆک مەسعود بارزانییەوە مەدالیای بارزانی، گەورەترین مەدالیای شەڕەفی پێ بەخشرا.

ڕۆژی ٥ی شوباتی ١٩٩٩، لە تەمەنی ٦٩ ساڵیدا، قەدەر دوا ساتەکانی ژیانی د. سەعیدی نووسییەوە و خاڵی کۆتایی لەسەر دوا دێری تەمەنی دانا، د. سەعید بارزانی ماڵئاوای کرد و لە ئارامگای بارزان لە تەک هەڤاڵانی ئەسپەردەی خاککرا.

ئەمە چارەنووسی ئێمەیە.

تا ژیان بەردەوام بێ، خەباتی ئێمەش بەردەوامە...

**ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی**

**پیرمام - ٢٠٢٤**

# بەشی I

## بارودۆخی کوردستان دوای جەنگی یەکەمی جیهانی

## ١. کوردستان - بۆ ئیمپریالیستە مۆنۆپۆلییەکان سەرچاوەی کەرەستەی خاوە.

کورستان، وڵاتێکی شاخاوی بەرینە، دەکەوێتە سەنتەری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، واتە ڕۆژهەڵاتی تورکیا و باکوور و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕوژئاوای ئێران، هەروەها چەند بەشێکی باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی سوریاش دەگرێتەوە، سنووری باکووری ڕۆژئاوای کوردستان بە دارستانە گەورە و سروشتییە شاخاوییەکانی کێوی دێرسیم دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە بۆ باشووری شاری ئەرزنگان "لە ناوەڕاستی تورکیا". بەشی هەرە زۆری باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شاخاویە و بە سنوورەکانی فارسەوە نووساوە و درێژ دەبێتەوە بەرەو باشوور، تا دەگاتە هێڵی کفری و چیاکانی ماشیت و کرمانشا لە ئێران. ئەو ڕووبەرە گەورەیەی لەلایەك دەکەوێتە نێوان چیاکانی پانتین "لە قەفقاز" و درێژ دەبێتەوە بەرەو کەنداوی فارس و میسۆپۆتامیا، لەلایەکی دیکەوە نێوان چیای ئەنتی تاورۆس "لە ئەرمینیا" و بانی عێراق[X]. ڕووبەری کوردستان لە (٥٠٠,٠٠٠)کم دووجار پێکدێت[XX].

هێلی سنووری نێوان تورکیا، عێراق و ئێران (جگە لە بەشی باشووری کە دەکاتە سنووری عێراق و ئێران)، بە خاکێکدا تێدەپەڕێ کە دانیشتووانەکەی کوردن و دابەشی سەر چوار پارچەیان دەکات و لە ناوەندی کوردستان یەکتر دەگرنەوە. بەشی باکووری سنووری عێراق-سوریا و بەشی ڕۆهەڵاتی سنووری تورکیا-سوریا بە خاکی کوردستاندا تێدەپەڕێ[١].

**سنووری ئتنۆگرافی کوردستان بەم شوێنانەدا تێدەپەڕێ:**

لە ڕۆژئاوا، لە کورداغی "سوریا"وە دەست پێدەکات و بە ناوچەکانی کلێسە، بێستانە، شەریاش و لیفریکە بەرەو باشوور درێژدەبێتەوە تا، دەگاتە ڕووباری کیلکیت لە "تورکیا"، لە باشووریشەوە لە ڕووباری کیلکیت بۆ شاری قەرس و بەرەو ڕۆژهەڵات لە شارەکانی بایبورت

X گاڤان، کوردستان، ل ل ١-٣؛ سیاحەتنامەی حدوود، خورشید ئەفەندی، گەشتنامەی سنوور لە نێوان دوو دەوڵەتی عوسمانی و ئێراندا، (سان-پیترێسبۆرگ-١٨٨٧)، ل ل ٣٨٧-٣٩٣، ٤٠٦-٤٢٣.

XX ناوەندی بڵاوکردنەوەی بوڵتەنی هەواڵ و زانیاری کوردی، (پاریس - ١٩٤٩)، ژمارە ٦، ل ل ٣،٤.

١ بابەتەکانی لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژهەڵات، ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا، (سان-پیترسبۆرگ – ١٩١١).

و ئۆلتـۆ "بـاکوری ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا، لـە ڕۆژهەڵاتـەوە بـۆ بـاکووری ڕۆژهەڵات لە شـاری قەرسەوە دەستپێدەکات، تـا دەگـات بـە ڕۆژئـاوای کـەناری گـۆمی ورمـێ، لەوێشـەوە بـەناو لوڕستان و ناوچەی بەختیاری، تا سـنە و کرمانشـا درێژدەبێتـەوە، لـە باکووریشـەوە سـنووری ناوچە کوردنشینەکان، لە لوڕسـتانەوە بەرەو باشـووری ڕۆژئـاوا بـە نـاو خانـەقین و کفـری دا دەڕوات، تا دەگاتە نزیـك چیـای حـەمرین. سـنوورەکە بـەرەو ڕۆژئـاوا درێژدەبێتـەوە، تـا لـە ناوچــەکانی باشــووری چیــای شــنگال یەکدەگرێتــەوە و لە شــاری جــەرابلوس "کانیــا دل، کوردستانی ڕۆژئاوا" ڕووباری فورات دەبڕێ و بە باشووری کورداغ "چیای نەمرود"دا دەڕوات، تا دەگاتە دەریای سپیی ناوەڕاست لە سەرووی شاری ئەسکەندەروونە[١].

هـەروەها کـورد لە وڵاتـانی: یـەکێتی سـۆڤیەت، هنـد، پاکسـتان، ئەفغانسـتان و چـین لە هەرێمی (شانسی، گانسوو و نینسا)دا دەژین.

سەبارەت بە دابەشبوونی کوردستان لە سەرەتای سەدەی بیستەم، لە نێوان تـورك و فـارس، بێنزێنگێر دەڵێت: "کوردستان ناوێکی جوگرافیە، لەڕاستیدا دەبێت هەموو ئەو خـاکە فـراوانە بگرێتەخـۆی کە دەکـەوێتە نێـوان تورکیـا و فـارس، چ لە ڕۆژئـاوا و چ بـەلای ڕۆژهەڵاتـدا، هـەروەها لقـی دارسـتانە گـەورەکان کە بە بڕبـڕەی پشـتی بەرزەوەنـدی هـەردوو دەوڵـەتی ناوبراو دادەنرێن، دەکەونە چوارچێوەی ئەو خاکە". بێنزێنگێر لە درێژەدا دەڵێت: "لە ڕاستیدا ئەم سەرزەمینە لە دۆڵ و بـانی بـەپیت و لـەوەڕگای بـەرفراوانی دەوڵەمەنـد پێکهـاتووە کـە بەهۆی بەرزاییە سەختەکان و دۆڵە دارستاناوییە چڕەکـان لـە یـەکتری جیـا دەکرێنـەوە، ئـەم ناوچانـە بـە باشـترین زەوییـە بـەراوەکانی هـەردوو دەوڵـەت دادەنـرێن و بـە کەشـوهەوا لەبارەکەی جیادەکرێنەوە. ئەم سەرزەمینە لـە کۆنـەوە شـوێنی نیشـتەجێبوونی عەشـیرەت و کۆچەرە شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازە کوردەکانە"[٢].

نەتەوەی کورد لە کۆنترین دانیشـتووانی ئاسـیای بچـووکن، ئەوان بە خەسـڵەت و زمـان لە ڕەگـەزی ئـارین و بە کـۆنترین دانیشـتووانی ڕۆژهەڵاتـی زنجیـرە چیـای تـۆرۆس، ڕۆژهەڵاتـی فورات و چیاکانی زاگرۆس دادەنرێن[٣].

---

١ ل. ڕامبو، کورد و مافەکانی، (١٩٤٧)، ل ٦.

٢ بێنزێنگێر، چەند یادداشتێك لەبارەی کوردستان، چەند زانیارییەك لەبارەی جوگرافیـا، تۆبۆگرافیـا و ئامـار لە ئاسیا، بەشی ٨٤، (سان-پیترسبۆرگ – ١٩١١)، ل ل ١-٢.

٣ زانیارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی قەفقاز و کۆمەڵەی جوگرافیای ڕووسیا، پەرتووکی ١٩، (تیفلیس-١٨٩٧)، ل ٣٣٩.

مێژوونووسان شایەدی ئەوە دەدەن کە سنووری کوردستانی ئەمڕۆ، ڕێك ئەو سنوورەیە کە لە کۆنەوە نەتەوەی کوردی لەسەر ژیاوە[x]. بە سوود وەرگرتن لە زانیارییە مێژووییەکان دەتوانین بڵێین، سنوور و نشینگەی کۆنی نەتەوەی کورد لە سنوور و چوارچێوەیەکی ئاڵۆز و ناڕێکدا بووە، بەم شێوەیە، ڕووباری سیروان و ناوچەکانی دیالە لە باشوور سنوورەکەیەتی و لە شێوەی هێڵێکی چەماوە بە دامێنی چیاکاندا دەڕوات، تا دەگاتە خانەقین و لەوێشەوە بۆ ناوچەکانی کفری، کەرکووك و هەولێر تا لە سەرەوە دەگات بە زێی گەورە و لقەکانی تا دەگەن بە ناوچەکانی ڕومادییە لە ڕۆژئاوا، درێژایی کەنارەکانی باشووری گۆمی ورمێ لە باکوور و لە کۆتایشدا ڕووباری میاندوئاو لە ڕۆژهەڵات.

بێنزینگر دەنووسێت: ((دابەشکردنی کوردستان لە نێوان تورکیا و ئێران بەو شێوە ناسروشتییە، کارێکی سەرکەوتوو نەبووە و ئەم دابەشکارییە نەیتوانی لێکدانەوە و خواستە سیاسییەکانی هەردوو لایەنی دژبەر بهێنێتە دی و لە ماوەیەکی کورتدا بۆ نێو شەڕێکی وا ڕایاندەکێشێ کە هیچ مەرج و ڕێکەوتننامەیەك ناتوانێ کێشەکە چارەسەربکات، تەنیا ئازار شکێنێك یان چارەسەرێکی کاتی دەبێت بۆ برینێك کە لە جەستەی گەلی کورددا دروست بووە و بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێت))[١].

کوردستان وڵاتێکی زۆر جوانە، زۆربەی گەشتیارە بیانییەکان بە (سویسرای ڕۆژهەڵات) ناویان بردووە و کەشوهەوایەکی مامناوەندی لەباری هەیە.

کەشوهەوای کوردستان بۆ کشتوکاڵکردن زۆر لەبارە، لە زستاندا بەفرێکی زۆر دەبارێت و بارانە زۆر و بەلێزمەکانی وەرزی بەهار بەروبوومێکی باش دەدات بە دەستەوە. چیاکانی کوردستان یارمەتی هێشتنەوەی کەشوهەوا بە شێداری دەدەن و گۆڕانکارییە لەناکاوەکانی کەشوهەوا ڕێکدەخەن، هاوینان دەشتەکان گەرمن و ناوچە شاخاوییەکان تا ئەندازەیەك فێنکن، بەفر و چاڵە بەفرە سروشتییەکان لە هاویناندا دەتوێنەوە و سەرچاوەی سەرەکی ئاوی ئەو ڕووبارانەن کە لە کوردستان سەرچاوەدەگرن وەك: ڕووباری قزل ئیرماك "هالیس"، دجلە و فورات و لقەکانیشیان وەك خابوور، زێی گەورە، زێی بچووك، دیالە و کارون.

---

x ڤیلچیڤسکی ئەلێگ لیودڤیگوڤیچ، کوردەکان- پێشەکییەك لە بارەی مێژووی نەتەوەی کورد، (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەکادیمی زانستەکانی یەکێتی سۆفیەت- مۆسکۆ- ١٩٦١)، ل ٥.

١ بێنزێنگێر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤؛ چەند زانیارییەك لەبارەی جوگرافیا، تۆبۆگرافیا و ئامار لە ئاسیا، بەشی ٨٤، (سان-پیترسبۆرگ – ١٩١١).

سەرچاوە ئابوورییەکانی کوردستان زۆر و هەمەچەشنن، بنەمای ئابووری کوردستان پشت بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ دەبەستێت، ڕەزداری لە ناوچە شاخاوییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو بوونی هەیە و زۆربەی ئەو مێوەیەی لە قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاست دەبینرێت لە کوردستان دەستدەکەوێت[١].

لە دۆڵ و بانەکاندا بەزۆری گەنم، جۆ، شۆفان، نیسك، کونجی، کەتان، پاقلە، گەنمەشامی، هەرزن و ماش و لە زەوی نزمە بە پیتەکاندا برنج دەچێنرێت. هەروەها بە ڕێژەیەکی کەمیش پەمۆ دەچێنرێت و لە دەوروبەری گوندەکان، سەوزە و دانەوێڵە و توتن دەچێنرێت.

لەوەڕگای چیا بەرزەکانی کوردستان، باشترین ناوەندی بەخێوکردنی مەڕومالات و ئاژەڵن کە بە بەشێکی گرنگی ئابووری نەتەوەیی دادەنرێت. زۆرینەی ئاژەڵەکانیان لە مەڕ و بزن پێکهاتوون. هەروەها بەخێوکردنی وڵاغ بەتایبەتی ئەسپ لە پەرەسەندن دایە. کوردستان بۆ وڵاتانی دراوسێ سەرچاوە و دابینکەری خوری، پێست، گۆشت و باشترین جۆری پەنیر و بەرهەمەکانی شیرە.

جووتیارانی خاوەن مەڕ و ماڵات لە کوردستان زۆرجار دووچاری زیانی گەورە دەبنەوە، بەهۆی نەبوونی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانیان لەناوەوەی کوردستان، ئەمەش لەلایەن هەڵپەرستەکانەوە دەقۆزرێتەوە. هەر لە دێرزەمانەوە لە کوردستان پیشەی جۆراوجۆر بوونی هەبووە، وەك: دروستکردنی خەڵوز، دەرهێنانی خەڵوزی بەردی، خۆشکردنی پێستی ئاژەڵی کێوی، ڕاوکردن، دەرهێنانی نەوت، پێشخستنی پیشەی دەستی، بەرهەمهێنانی خوێ، بەرهەمهێنانی ڕایەخ، دروستکردنی کوتاڵی خۆماڵی، مەرەز، دروستکردنی شاڵی کوردستانی، فەرش، ئاوریشمی بەناوبانگی مووسڵ کە لە شاری مووسڵ دروستدەکرێ، پەستەکی کوردی، کڵاوی خوری کوردی، کڵاش، دروستکردنی چەکی سادە، ئامێری کشتوکاڵی، دروستکردنی قاپ و قاچاغ، زێڕ و گەوهەرکاری و هەندێک شتی دی لە ئاسن و دار، دەرهێنانی بەردی بەنرخ، داودەرمان بۆ چارەسەرکرنی نەخۆشی، بنێشت، چڕکە، ...هتد[٢].

---

١ ئەو بەروبوومی مێوەیەی بە فراوانی لە کوردستان دەستدەکەوێت، بریتییە لە: ترێ، سێو، هەنجیر، زەیتوون، قەیسی، خۆخ، بەهێ، هەنار، هەرمێ، توو، هەڵووژە، گێلاس، دارلێمو، هەروەها فستەق، باوێ، گوێز، فستەقی عەردی.

٢ ڕەفیق حیلمی، سامانی سروشتی کوردستان، (بەغداد، ١٩٣٤)، ئاماژەی پێکراوە لە تێزی دکتۆرای، ئەکاپوڤ، چەسپاندنی پرسی نەتەوەیی کورد، ل ٢٥٠.

کوردستان لە سەدەکانی ڕابردووەوە، وەك سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و فراوانی کەرەستەی خاو بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات سەیردەکرێت[1].

ساڵی ١٨٦٣ لە کوردستانەوە ڕێژەیەکی زۆر سمغ کەتیرا (بنێشتی داری بەن)، ڕووناس، بەرووبوومی داری قەزوان و مازی کە بۆ بەرهەمهێنانی سابوون سوودی لێوەردەگیرێ، تۆوی گوڵەبەڕۆژە، زەیتی زەیتوون، قوماشی ئاوریشم و ...هتد و نزیکەی بە بەهای پێنج ملیۆن ڕوبلی ڕووسی زێڕ ڕەوانەی بازاڕەکانی تورکیا و ئێران کراوە و لەوێشەوە بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا و ڕووسیا هەناردەکراوە.

ژێر خاکی کوردستان لە ڕووی سامانی سروشتیی و کانزاوە زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام تا ئێستا ئەم سامانە دەستکاری نەکراوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە تا ئێستا هیچ لایەنێك بە

١ وەسفی شروشتی جوان و دەولەمەندی کوردستان لە لایەن قونسولی ڕووسیا لە دیاربەکر، ساڵی ١٨٧٣:
"ئەو سەرزەمینەی بە ئاوی ژمارەیەك ڕووباری جوانەوە تێراودەکرێت، بە ئاو و هەوا خاوێن و خاکە بە پیتەکەی جیادەکرێتەوە، بە شێوەیەك کە هاوشێوەی لە ناوچەکەدا نییە، زنجیرە چیاکانی بە بەروبوومی ڕووەکی و ئاژەڵی فەرەچەشن و کانزای زۆرەوە، دەوڵەمەندە، لە ڕووی بەروبوومی گیاییەوە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە: مازی، بنێشتی دارە بەن، ڕەگی مارینا (ڕەگی ڕووناس) و داری فستەق (قەزوان) کە خەڵکی خۆجێی ناوچەکە جۆرێکی تایبەتی ڕۆنی لێ دروست دەکەن و بەکاردێت بۆ دروستکردنی سابون، هەرچی "مازی"یە لێرەوە هەناردە دەکرێت و ساڵانە بە بەهای زیاتر لە ٣٥ هەزار پاوەند/ نزیکەی ٢٢٥ هەزار ڕوبڵی لێ دنێردرێتە دەرەوە. جگە لەوەش تۆی گولەبەڕۆژە و زەیتی زەیتون بە ڕێژەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت، کە یەکەمیان کوالێتی نایابی هەیە و دەنێردرێتە زۆرێک لە ناوچەکانی باکوور.
هەرچی خورییە لە ساڵی ١٨٦٣ بە بەهای نزیکەی ٧٠ هەزار پاوەندی لێ هەناردەی دەرەوە کراوە و لە هەمان ساڵدا لەلایەن بازرگانانی قەیسەر و قوستەنتینیە بە بەهای ٢٠ هەزار پاوەند خوری مەڕ و بزن کڕدراوە، کە بەشی زۆری لە جووتیارەکانی جزیرەی بۆتان بوو کە زیاتر بەمەوە ناوبانگیان دەرکردووە. مافووری دەستچینی خۆماڵی، شال و سەرچەفی خوری و جلوبەرگ و پالتۆی خوری لەو ناوچانە دروست دەکرێت کە لە نێوانیان شال و سەرچەفە ڕەنگین و نیگار جیاوەزەکانیان، نیشاندەری دەسترەنگینی و زەوق و سەلیقەی لە ڕادەبەدەری ئافرەتە سەنعەتکارەکانیانە (پیشەوەر). بەشی هەرە زۆری مەڕ و ماڵاتەکانیان لە ناوچە شاخاوییەکانەوە بۆ ناوچەکانی حەلەب، دیمەشق و بەیروت هەناردە دەکرێ.
لەسەر چیا و گردەکان ئاژەڵەکانی وەك ڕێوی، سەمور (دلق) و بەوەز (مشکەخۆرە) بە ڕێژەیەکی زۆر بوونیان هەیە کە پێستەکەیان فرۆشتنیان پێوەدەکرێت و ساڵانە قازانجێکی باشی لێوە دەستدەکەوێت. لەنێو جۆرەکانی بەوەوز (مشکەخۆرە) دەکرێ ئاماژەبە جۆرێکیان بکەین کە بە جوانی و ڕەنگە ناوازەکەی و پەڵە ڕەنگینەکانی سەر پێستی جیادەکرێتەوە.
خەمڵاندنێکی گشتی بۆ کۆی بڕی بەرهەمی ڕووەکی و ئاژەڵی و ئەوەی لە ناوخۆ بەکاردەهێنرێ و هەناردە دەکرێت، دەردەکەوێت کە کۆی گشتی بڕی پارەکەی زیاترە لە ٧٠٠،٠٠٠ پاوەندە کە دەکاتە نزیکەی ٤،٥٥٠،٠٠٠ ڕۆبڵ". چەند بابەتێك لەسەر تورکیای ئاسیا، گەشتێک بەناو کوردستاندا، (تیفلیس، ١٨٧٨)، ل ل ٧٩-٨٠.

شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستەماتیك بەشداری لە دەرهێنان و پەرەپێدانی ئەو سامانە سروشتییە نەکردووە، تەنیا چەند جۆرێکی دیاریکراوی کانزاکان کاری دەرهێنانی بۆ دەکرێ کە ئەویش زیاتر لە تالآنکردن دەچێت. چاوگی کانزایی جۆراوجۆر و کانی خەڵووزی بەردین لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان هەن، وەك لە گوندی خابۆ (لە قەزای سلیڤانا)، زاخۆ، شاری خارپیت، لەناوچەی بانەی قەزای سنە. کانزای کرۆم و مەگنیسیۆم لە ناوچەی بارزان بوونی هەیە، زێڕ و زیوی خاو بە ڕێژەیەکی زۆر لە ناوچەی دیاربەکر هەیە، زێڕی خاو لە شاری دیح (ئێروها) لە پارێزگای سێرتیش هەیە. لە چەند ناوچەیەکی دەوروپشتی وان و ئاکرێ شوێن هەیە کانزای مسی خاوی تێدایە. لە ناوچەکانی ئامێدی لە دەوروبەری مادەن (پارێزگای خارپێتی باکووری کوردستان)، لە قەزای کیریك کالە لە شارۆچکەی کەسکین (کوردستانی باکوور) ئاسنی خاو بە ڕێژەیەکی باش بوونی هەیە. جگە لەوەش لە ناوچەی وان و قەزای کەماخ لەو شوێنەی زۆر دوورنییە لە شاری مادەن کانزای زیو و قوڕقوشمی خاو دۆزراوەتەوە و لە چەند ناوچەیەکی تریش بوونی هەیە، بوونی ژمارەیەکی زۆری کانیاوی دەوڵەمەند بە کانزای سروشتی وەك چارەسەری پزیشکی و کەشوهەوای لەباری ناوچە شاخاوییەکان، لەکاتی پێویستدا دەتوانن کوردستان بۆ یەکێك لە باشترین ناوەندەکانی چارەسەری سروشتی جیهان بگۆڕن، وەك نموونە لە هەرێمی دێرسیم ژمارەیەکی زۆر کانیاوی کانزایی بوونیان هەیە، لە ناوچەکانی ئاگرداغ و ئەرزنجان سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆری کانیاو هەیە کە بە کانزای گۆگرد دەوڵەمەندن، ئەم جۆرە کانیاوانە لە ناوچەکانی ئەرجیش، جۆلەمێرگ و باشقال بوونیان هەیە، هەروەها سەرچاوە ئاوەکانی دۆڵی زاب ڕێژەیەکی باش مادەی سۆدەی تێدایە[1].

لەگەڵ ئەوەشدا سامانی سەرەکی کوردستان بریتییە لە نەوت، گرنگی کوردستان لە ئاستی نێودەوڵەتی و لە ڕووی ئابووری و ڕامیارییەوە لە پەرەسەندن دایە، ئەمەش بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کوردستان بەیەك لە سەرچاوە نەوتییە گرنگەکانی جیهان دادەنرێت.

تەواوی خاکی کوردستان، نزیکەی نیوەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لەخۆگرتووە. ساڵی ١٩٥٠ لە کۆی ٨٧,٦ ملیۆن تەن نەوتی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ٣٨ ملیۆن تەنی لە

١ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨.

وڵاتانی ئێران، عێراق و تورکیا دەرهێنراوە، کە سەرچاوەی سەرەکی نەوت لەم سێ وڵاتە لە خاکی کوردستان دایە[1].

وڵاتی عێراق ڕۆڵێکی گرنگ و ڕاستەوخۆ دەبینێت لە دەرهێنانی نەوت لەسەر ئاستی جیهان. یەدەگی نەوتی عێراق بە یەکێك لە دەوڵەمەندترین یەدەگە نەوتییەکانی جیهانی سەرمایەداری هەژمار دەکرێ کە بەشی هەرە زۆری دەکەوێتە خاکی کوردستانی عێراق. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢، یەدەگی نەوتی دۆزراوەی عێراق بە ٣/٥ ملیار تەن مەزەندەکرا.

عێراق لە ڕووی یەدەگی نەوتەوە دوای کوێت بە پێنجەمین وڵاتی جیهان دادەنرێت، لە دوای وڵاتەکانی سعودیە، ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا[2].

لە ڕووی دەرهێنانی نەوتەوە، عێراق لە پلەی حەفتەمی جیهان و پلەی چوارەمی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست دێت[3].

**دەرهێنانی نەوت لە وڵاتانی سەرمایەداری /بە ملیۆن تەن**

| | ١٩٣٧ | ١٩٥٧ | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٦٠ | ١٩٦١ | ١٩٦٢ | ڕێژەی % بۆ ١٩٦١-١٩٦٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست** | ١٦ | ١٧٨ | ٢١٥ | ٢٣١ | ٢٦٥ | ٢٨٤ | ٣١١ | ١١٠ |
| **سعوودیە** | – | ٤٩ر٦ | ٥٠ر٤ | ٥٤ر٢ | ٦٢ر١ | ٦٩ر٢ | ٧٥ر٠ | ١٠٨ |
| **ئێران** | ١٣ر٣ | ٣٥ر٥ | ٤١ر٠ | ٤٥ر٦ | ٥٢ر٠ | ٥٨ر٧ | ٦٥ر٠ | ١١١ |
| **عێراق** | ٤ر٢ | ٢١ر٩ | ٣٥ر٨ | ٤١ر٧ | ٤٧ر٥ | ٤٩ر٠ | ٤٩ر٠ | ١٠٠ |
| **کۆماری عەرەبی یەکگرتوو** | ٢ر٠ | ٢ر٣ | ٣ر٢ | ٣ر١ | ٣ر٣ | ٣٩ر٨ | ٤ر٣ | ١١٣ |
| **کوێت** | – | ٥٧ر٣ | ٧٠ر١ | ٦٩ر٥ | ٨١ر٩ | ٨٢ر٥ | ٩٣ر٠ | ١١٣ |

داتاکانی ئەم خشتەیە ئەوە دەگەینێت کە ٥٪ بڕی نەوتی دەرهێنراوی جیهان و وڵاتە سەرمایەدارەکان لە عێراق دەردەهێنرێت و ئەو بڕە بە نزیکەی ١٦٪ نەوتی دەرهێنراوی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستیش دادەنرێ.

١ ب.ئی.ك.ئی، (بڵاوکراوەیەکە لەسەر زانیاری بازرگانی بیانی)، ١٠ی نیسانی ١٩٦١.
٢ سیاسەتی ئابووری وڵاتی سەرمایەدار، (١٩٦٣)، ل ٩١.
٣ ب.ئی.ك.ئی، پاشکۆی ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٦٣.

به بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی پێش جەنگ، دەبینین بەشی عێـراق بـە بـەراورد لەگـەڵ وڵاتانی تری بەرهەمهێنی نـەوتی ڕۆژهەڵاتـی نزیـك و ناوەڕاسـت، بـەهۆی بـەرفراوانترکردنی کێڵگە نەوتییەکانیان و پێشخستنی کـەرتی دەرهێنـانی نەوت بەتایبـەت سـعوودیە و کوێـت، ئەوا تا ئەندازەیەك کەمی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا عێراق هێشـتا وەك دابینکـەرێکی گرنگـی نەوت لە بازاڕی نەوتی جیهانی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت.

بەشی هەرە زۆری یەدەگی نەوتی عێراق لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکووك دایە کە هاوکات بـە یەکێك لە گەورەترین کێڵگەی نەوتیش دادەنرێ.

لە دەرهێنانی ڕێـژەی نەوت لـە هـەر چاڵـە نەوتێـك لـە سـاڵانی پـەنجاکان، عێـراق لـە دوای ئێرانەوە دێت کە نەوتەکەی ئـەوێش بەشـی هـەرە زۆری دەکەوێتـە سـنووری کوردسـتانەوە، ئەمەش زۆرترین ڕێژەیـە لـە جیهانـدا و هـەر یـەك لـە ویلایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و ئەمریکای باشوور، سعوودیە و کوێت لە دوای ئەوانەوە دێن.

کێڵگەی بابەگوڕگوڕ دەکەوێتە نزیك شاری کەرکووك، ئـەم کێڵگەیـە لـە کۆنـەوە لای خـەڵکی ناوچەکە ناسراوبووە، بـەڵام پەرەپێـدانی وەك کێڵگەیـەکی نەوتـی، نزیکـەی سـی سـاڵ پـێش دەستی پێکردووە. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢٧ نەوت لە کێڵگەی بابەگوڕگوڕ دەرهێنراوە.

لە کوردستان، لە کێڵگەکانی عەین زالە لە ناوچـەی مووسـڵ نەوت دەردەهێنرێـت. بەپێـی ڕێککەوتننـامە و دەسـتەوارە ناچارکاریـەکانی پشـکایەتی سـاڵانی ١٩٢٥ و ١٩٥٢، کۆمپانیـای (عێراق پترۆلیۆم) بەشێوەیەکی پاوانکراو، مافی گەڕان و دەرهێنانی نەوتی پێ سپێردرا و بـوو بە یەکێك لە گەورەترین و دەوڵەمەندترین کۆمپانیا نەوتییەکانی وڵاتە سەرمایەدارییەکان.

ئەم کۆمپانیایە جگە لە ناوەکەی هیچ مافێکی تری عێراقی بەسـەرەوە نـەبوو، کۆمپانیاکـە لەلایەن وڵاتی ئینگلیزەوە کۆنترۆڵ و بەڕێوە دەبرا و وڵاتانی ئـەمریکا و فەرەنسـاش پشـکیان تێدا هەبوو. عێراق هیچ پشکێکی لەم نەوتە بـەر نەدەکـەوت، کۆمپانیـای (عێـراق پترۆلیـۆم) خاوەنی دوو لقـی تـرە (مووسـڵ پترۆلیـۆم) و (بـەسرە پترۆلیـۆم)[1]. ئەو کۆمپانیایانـەی عێـراق پترۆلیۆم لـە لایـەن کۆمپانیاکـانی ئینگلیـزەوە وەك (بـریتش پترۆلیـوم)، (ئـەنگلۆ-هۆڵەنـدی)، (ڕۆیاڵ داتچ-شێل) دەستی بەسەردا گیرابـوو، نزیکـی ٥٠٪ ی کۆمپانیـای عێـراق پترۆلیـۆم لـە کۆنترۆڵی ئەم سێ کۆمپانیایەدا دابـوو، پشـکەکانی تـریش کە مابوونـەوە لـە نێـوان هـەردوو کۆمپانیای باوەڕپێکراو، کۆمپانیای مۆنۆپۆڵی یـەکگرتووی ئـەمریکی (سـتاندارت ئۆیـل ئـۆف

١ تێکڕای دەرهێنانی نەوت لە یەك ساڵدا، نزیکەی ١٢ ملیۆن تەنە.

نیوجرسـی)، (مۆکـۆنی مۆبیـل ئۆیـل) و کۆمپانیـای فەرەنسـی (فرانسـیز دیـو پـترۆڵ) دابەشکرابوون. دابەشکردنی پشکەکانی کۆمپانیای (عێراق پترۆلیم) بەم شـێوەیە بـوو: ٤٧,٥٪ پشـکەکان لە سـەرمایەی ئینگلیـز، ٢٣,٧٥٪ی پشـکەکان بـۆ هـەردوو دەوڵـەتی ئـەمریکا و فەڕەنسا، ٥٪ پشکی خێزانی ملیاردێر (گولبێنکیان) کە لە ئینگلترا دەژین.

مۆنۆپـۆڵە نەوتییەکـان، سـامانە نەوتییەکـانی کوردسـتانیان بۆخۆیـان دەبـرد و لەوەوە قازانجێکی خـەیاڵیان دەسـت دەکـەوت. دەرهێنـانی نـەوت لە عێـراق پارەیـەکی کـەمی تـێ دەچوو، چونکە پارەیەکی کەمیان دەدا بەو کرێکارانەی لەو بـوارەدا کاریـان دەکـرد، ئـەمەش وایکردبوو مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستەکان لە بازاڕەکانی جیهان قـازانجێکی زۆر بەدەسـت بهێـنن، ئەو پارەیەی بۆ دەرهێنانی نەوتی عێراقی تەرخانکرابوو، بریتیی بـوو لە ٣٠ سـەنت بـۆ هـەر بەرمیلێك، یان ٢,٢٥ دۆلار بۆ یەك تەن، بەڵام لە دەرەوەی عێراق یەك تـەن نـەوت بە ١٦ بـۆ ١٧ ئەوەندە گرانتر دەفرۆشرێت.

کۆمپانیـای (عێـراق پترۆلیـوم) سـامانێکی زۆری وڵاتـی عێراقـی دەسـتکەوتووە. بەپێـی بنـەماکانی ڕێککـەوتنە مۆنۆپۆلییەکـەی سـاڵی ١٩٥٢، کۆمپانیـا نەوتیـیە بیانییەکـان لەگەڵ حکومەتی عێراق، بەشێوەی سەرفی ئیمتیازی یان ئیلتیزامی بە ڕێـژەی ٥٠٪ قـازانجی سـافیان لە فرۆشتنی نەوتی عێراق دەست کەوتووە. ئەمە ڕێککەوتنامەیەکی شەرعی نییە، چونکە لە ئەنجامی ململانێیەکی زۆر لەگەڵ مۆنۆپۆڵەکـان بەسـترا، مۆنۆپـۆڵە ئیمپریالیسـتەکان هـەوڵی ئەوەیـان دەدا، ئەو قـازانجە ڕاسـتەقینەیە بشـارنەوە کـە لە دەرهێنـانی نـەوت لە عێـراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەستیان کەوتووە، بەڵام هەندێک ژمـارە دزەی کـرد و ئاشـکرا بوو، ئیدوارد فۆدس چاودێری ئەمریکی لە بواری کێشەی نەوت، ئاماژە بەم بابەتـە دەکـات و دەڵـێ: "مۆنۆپـۆڵە نەوتییەکـان، جـگە لە هـەموو ئەمانـە، کـۆنترۆڵی قـەبارەی داهاتـەکانی نەوتیش دەکەن".

محەمەد حەدید، وەزیری دارایی پێشـووی کۆمـاری عێـراق، ڕایگەیانـد کە سـاڵانی ڕابـردوو عێراق ٥٠٪ قازانجی وەرنەدەگرت، بەڵکو ٣٥٪ ی وەردەگرت[1].

ساڵی ١٩٥٩، پاپۆڕە نەوتکێشـەکانی دەریـای سـپی ناوەڕاسـت، زیـاتر لە چـل ملیـۆن تـەن نەفتیان لە عێراقەوە گواستۆتەوە. خاوەن پشکەکانی کۆمپانیای (عێـراق پترولیـۆم) لە هـەمان ساڵدا وەك قازانج بڕی ١٧٣ ملیۆن پاوندی ئسـترلینییان دەسـتکەوتووە. سـاڵی ١٩٥٠ ئەو بـڕە نەوتەی لە کوردستانەوە بە ڕێـگەی بۆرییـەوە لـە کەرکووکـەوە بـەرەو ڕۆژهەڵات بە کـەناری

١ فەرید سەیفول- مەلیکوڤ، لە دایکبوونی کوماری عێراق، (١٩٥٨)، ل ٣٤.

دەریـای سـپی ناوەڕاسـت گواسـتراوەتەوە، ٣٠٠ ملیـۆن تـەنی تێپەڕانـدووە. کۆمپانیاکـانی دەرهێنانی نەوت چەنـد بیـرە نەوتێکیـان لـە ڕۆژهەڵاتـی تورکیـا هەڵکەنـدووە، تـەنیا کێڵگـە نەوتییەکانی (سوریان) ماون کە تا ئێستا پەرەیان پێنەدراوە[١].

لە نێـوان سـاڵانی١٩٥٠ تـا ١٩٦١، لـە لایـەن کۆمپانیـای (عێـراق پترولیـوم) لە کـەرکووك و ناوچـەکانی مووسـڵ و بـەسرا، ئـەو ناوچانـەی لقـەکانی کۆمپانیاکـانی (مووسـڵ پترۆلیـۆم) و (بەسرە پترولیۆم)ی تێدا کاردەکەن، بڕی ٣٥٤ ملیۆن تـەن نـەوت دەرهێـنراوە و زیـاتر لە دوو ملیـار دۆلار قـازانجی سـافییان دەسـتکەوتووە، ئەو کۆمپانیایـانە، چەنـدین جـار زیـاتر لـەو قەبارەیە، سەرمایەی دانراوەی خۆیان (رأس المال المودع) قەرەبو کردۆتەوە کە لە ساڵی ١٩٥٥ قەبارەکەی گەیشتبووە ٣٠٠ ملیۆن دۆلار.

بەشـی هـەرە زۆری کێڵگـە نەوتییـەکانی کۆمپانیـای (عێـراق پترۆلیـوم) دەکەونـە خـاکی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاگەیاندنە بورجوازیەکان هێشتا بوێری ئەوە دەکـەن بـاس لـە هەژاری گەلی کورد بکەن کە سەردەمێکە سامانەکەیان بە تالان دەبەن. هەر بـەو بۆنەیـەوە، لە بڵاوکراوەی نووسینگەی ناوەندی هەواڵی کوردی دا هاتووە: قەڵـەم بەدەسـتانی ئینگلیـزی هەوڵی ئەوە دەدەن جیهان بەوە ڕازی بکـەن کـە کوردسـتان وڵاتێکـی یـەکجار هـەژارە و نـا سەقامگیرە، بۆیە ناکرێ مافی سەربەخۆیی هەبێت[٢].

تالانکردنی گەلی عێراق، وەك گـەلانی تـری ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و نزیـك، بەشـێوەیەك بووە کە نەهێڵن لەو وڵاتانەدا کاری پاڵاوتنی نەوت و پیشەسازی کیمیاوی پێشبکەوێت.

ئیمپریالیستەکان وایان بەباش دەزانـی نەوتـی خـاو ببـەنە دەرەوە، چـونکە بڕێکـی باشـی پارەیان بۆ ئەو پیشەسازیانە تەرخان کردبوو. ئیمپریالیستەکان هەوڵی پێشخستنی پیشەسازی پـاڵاوتنی نەوت  لە عێـراق نـادەن، چـونکە ئەوان دژی پێشخسـتنی ئەو بـوارەن لـە وڵاتـانی دواکەوتوو و ئەو وڵاتانەی ئەوان بە پاشکۆ و سەرچاوەی کەرەسەی خاوی خۆیان دەزانن.

١ کوردستان، بڵاوکراوەی هونەری، (پراگ - ١٩٦٢).
٢ ناوەندی ڕاگەیاندنی زانیاری کوردی، ژمارە٣، (پاریس - ١٩٤٩).

**هەناردەکردنی نەوت لە لایەن وڵاتە سەرمایەدارەکانەوە - بە ملیۆن تەن**[١]

| | ١٩٣٧ | ١٩٥٧ | ١٩٥٨ | ١٩٥٩ | ١٩٦٠ | ١٩٦١ | ١٩٦٢ | ڕێژە بە % بۆ ١٩٦١ - ١٩٦٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست** | ٥ | ١٤٥ | ١٧٦ | ١٩٠ | ٢١٧ | ٢٣٦ | ٢٥١ | ١٠٦ |
| **کوێت** | - | ٥٦ | ٦٤ | ٦٢ | ٧٣ | ٧٤ | ٨١ | ١٠٩ |
| **عێراق** | ٤ | ٢٠ | ٣٤ | ٣٩ | ٤٦ | ٤٧ | ٤٧ | ١٠٠ |
| **ئێران** | ٠ر٤ | ١٩ | ٢٤ | ٢٩ | ٣٣ | ٤٢ | ٤٦ | ١١١ |
| **کۆماری عەرەبی یەکگرتوو** | - | - | ٠ر٣ | ١ر١ | ٠ر٦ | ١ر٢ | ١ر٥ | ١٢٥ |
| **عەرەبی سعودی** | - | ٣٩ | ٤١ | ٤٥ | ٥٠ | ٥٤ | ٦٠ | ١١١ |

لە باکوری عێراق، واتە کوردستان، نەوتی دەرهێنراو بە بۆڕی هەناردەی بەندەرەکانی دەریای سپی ناوەڕاست، تەرابلس لە لوبنان و بنیاس لە سوریا دەکرێت و لەوێشەوە بە تانکەر بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان دەگوازرێتەوە.

بەپێی دواین داتاکان، نزیکەی سێ ملیۆن تەن نەوتی خاو بە مەبەستی پاڵاوتن لە عێراق هێڵراوەتەوە کە ئەویش دەکاتە ٦,١٪ی تێکڕای نەوتی دەرهێنراو.

ئێستا شەش پاڵاوگەی نەوت لە عێراق هەن کە تێکڕا، توانای پاڵاوتنی ٣,٨ ملیۆن تەن نەوتی خاویان هەیە، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار کەمە و دەرخەری بەتاڵانبردنی سامانەکەیە لەلایەن وڵاتە ئیمپریالیستە مۆنۆپۆڵییەکان.

١ ب.ئی.ك.ئی، پاشکۆی ژمارە (٤)، ساڵی ١٩٦٣.

**خشتەی پیشەسازییە نەوتییەکانی هەندێک لە وڵاتە سەرمایەدارەکان[1]**

| | ڕێژەی یەدەگی نەوت بە ملیۆن تەن لە ١٩٦٢\١٢\٣١ | ژمارەی بیرە کاراکان لە ١٩٦٢\١\١ | بەراوردی بەرهەمهێنان بە هەزار تەن بۆ ساڵانی ١٩٦١ | ١٩٦٢ | ژمارەی پاڵاوگەکان و توانای پاڵاوتنیان بە ملیۆن تەن لە ١٩٦٢\١٢\٣١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عێراق | ٣٤٩١,٨ | ٩٦ | ٤٩٠٣٠ | ٤٩٠٠٠ | ٦ | ٣,٨ |
| ئێران | ٤٩٧٦,٥ | ١٧٤ | ٥٨٧٠٠ | ٦٥٠٠٠ | ٣ | ٢٦,٧ |
| کوێت | ٨٦٥٦,٢ | ٣٩٢ | ٨٢٤٨٢ | ٩٣٠٠٠ | ٢ | ١٥,٥ |
| کۆماری عەرەبی یەکگرتوو | ١٠٤,٢ | ٢٩٥ | ٣٧٦٦ | ٤٣٠٠ | ٣ | ٥,٢ |
| سعودیە | ٦٩٩٩,٢ | ٢٢٢ | ٦٩٢٢٧ | ٧٥٠٠٠ | ١ | ١٠,٥ |

بەمەش زیانێکی زۆر بەر بەرژەوەندی تەواوی گەلانی عێراق کەوت، بەتایبەت گەلی کورد. ئەم زیانانەش هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەم پیشەسازییە لەلایەن چەند وڵاتێکی مۆنۆپۆلی بیانییەوە دەستی بەسەرداگیراوە، دەبێ ئەم ڕاستییەش بگوترێت کە ئەو وڵاتانە تەنیا لە چەند کێڵگەیەکی "پەرەپێدراو" کاری دەرهێنانی نەوت دەکەن و گرنگی بە پەرەپێدانی کێڵگەی ناوچەکانی تر نادەن و بەپێی نوێترین داتاکانی ڕێژەی یەدەگی نەوتی خاو لە عێراق، ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی دواخستنی پیشەسازی ئەم کەرتە لە عێراق.

لەلایەن مۆنۆپۆڵە بیانییەکانەوە زیانێکی گەورە بەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی هەموو گەلانی عێراق و بە پلەی یەکەم بەر گەلی کورد کەوت، لە حاڵەتێکدا کە ئەوان ماوەیەکی کەمە دەستیان داوەتە چەوساندنەوەی ئەو گەلە، هەر لە زووەوە دەستیان گرت بەسەر سەرچاوە نەوتییەکان و ڕاستەوخۆ دەستیان کرد بە چاککردنەوە و داگیرکردنی دەوڵەمەندترین سەرچاوە تازە دۆزراوەکانی نەوت لە عێراق، بۆیە هەر ئەوان بەربەست بوون لەبەردەم پێشخستنی هێزی بەرهەمهێنان لە عێراق.

١ بارودۆخی ئابووری وڵاتە سەرمایەدارەکان، هەڵسەنگاندنی چالاکییەکانیان لە ساڵی ١٩٦٢ تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، ل ٩١.

لە ڕێکـەوتی ١٨ی کـانونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٦١، "عێـراق تـایمز" نـاوی ١٦ بیـری نەوتـی ئاشکرا کرد کە کۆمپانیا بیانییەکان نایانـەوێت کـاری دەرهێنـانی بـۆ بکـەن، هـەروەها ئامـاژە بـەوەدەکات کـە کۆمپانیـا مۆنۆپۆلییەکـان، لەگەڵ ئەوەی توانایـەکی گـەورەیان هـەبوو بـۆ پێشخستنی پیشەسازی پترۆکیمیای، بەڵام بەبێ هۆکار ڕێگریان لە پێشخستنی کـردووە، ئەمـە جگە لە بەکارنەهێنان و بەرهەم نەهێنانی گازی سروشتی. ئەم گازە بـە یـەکێك لـە بەرهەمـە هەرە بەنرخەکانی نەوتی خـاو دادەنـرێ، کـەچی تـا ئـەمڕۆش بـەهیچ شـێوەیەك لـە عێـراق سـوودی لـێ نـەبینراوە، ڕێـژەی ئـەو گـازەی سـاڵانە بـەبێ سـوود دەسـوتێنرێ، بـەفیڕۆدانی سامانێکی بێ ئەندازەیە کە دەکرا بە سوود لێـوەرگرتنی، کەرتـەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی وڵاتـی پـێ پێشـبخرێ. ئـەو کۆمپانیانـەی کـاری بەرهـەمهێنانی نـەوت دەکـەن، باکیـان بـە سووتاندنی پاشماوە نەوتییەکان نییە و بەهیچ شێوەیەك لە پیشەسازییە کیمیاییەکاندا بیر لـە بەکارهێنانی ناکەنەوە، بەڵکو تەنیا نەوتەکەیان لا گرنگە. کۆمپانیای (عێراق پترۆلیـۆم) هێشـتا لە دەستخستنی قازانجی ئەم پیشەسازییە پشکی شێری بەردەکەوێت و ئەم کارەیـان، عێـراق لە ڕێژەیەکی باشی داهـات بێبـەش دەکـات و دەرفەتـەکانی پێشـکەوتن لـە وڵات بەرتەسـك دەکاتەوە.

## ٢. ئاسەوارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی حوکمڕانی ئیمپریالیستەکان لە کوردستان

سامانە نەوتییەکانی کوردستان وای کردووە، بەرژەوەندی ئیمپریالیستەکان لە کوردستان، کێشەی کورد قووڵتر بکاتەوە و وایان لێ بکات هۆشیاربینەوە، ئەم وڵاتانە، نۆکەرە گەندەڵ و حاکمەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و سوریا بەهەر شێوەیەك بێ ناچار بە دەستکێشانیان بۆ ناوچەکە دەکەن، بۆئەوەی دەستبەسەر سامانی کوردستاندا بگرن و دەسەڵاتی خۆیان بەسەر کوردستانێکدا بسەپێنن کە بەبێ ویستی خۆی دابەشی سەر چوار پارچە کراوە.

بۆ ماوەی چەند دەیەیەك، وڵاتی عێراق لەلایەن ئیستیعماری بەریتانییەوە نیمچە داگیرکراوبوو، بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی بەریتانیا بڕیاریان لە چارەنووسی عێراق دەدا، ئەمە لە کاتێکدا لە سەرەتای ساڵانی پەنجاکان، ئەم گرنگیدانە بە عێراق و کوردستانی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشەوە زیاتری کرد. گرنگی ستراتیژی ناوچەکە و سەرچاوەی سامانە سروشتییەکانی کە زۆربەی دەکەوتنە خاکی کوردستانەوە سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا، بۆیە هەنگاو بە هەنگاو کاری بۆ دوورخستنەوەی بەریتانیا لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست کرد و هەوڵی ئەوەیدا کلیلی بارودۆخەکە لە بەغدا بگرێتە دەست.

فراوان کردنی وەبەرهێنانی ئەمریکا لە عێراق، بە ناوی "یارمەتی ئابووری" عێراق ئەنجامدرا، ساڵی ١٩٥٠ لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بڕی ١٢/٨ ملیۆن دۆلار وەك قەرز درایە حکومەتی عێراق. لە بەرامبەردا عێراق بەڵێنی دا کاڵا پێویستەکانی لە ئەمریکاوە هاوردە بکات، ساڵی ١٩٥١ لە نێوان ئەمریکا و عێراق ڕێککەوتننامەیەکی نوێ بەمەبەستی یارمەتیدانی عێراق مۆرکرا. ساڵی ١٩٥٣ لە نێوان واشنتۆن و حکومەتی عێراقدا ڕێککەوتننامەیەك مۆرکرا کە تایبەت بوو بە پێشکەش کردنی "یارمەتی تەکنیکی" بە عێراق. ساڵی ١٩٥٤ ویلایەتە یەکگرتووەکان عێراقی ناچار بە بەستنی ڕێککەوتنامەیەك کرد تایبەت بە یارمەتی سەربازی ئەمریکا بۆ عێراق، بە پێی ئەم بەڵێننامەیە عێراق ژمارەیەك بەڵێنی سیاسی دایە ویلایەتە یەکگرتووەکان، ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتنامانەوە مەبستی بوو دەوڵەمەندترین وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

ئیمپرالیستەکان باکیان بەوە نەبووە کە ئەنجامی سیاسەتە داگیرکارییەکانیان لە عێراق نەشارنەوە، وەك نموونە ئابووریناسی ئینگلیزی ئەنتونی ناتینگ، دەنووسێت: "بێگومان عێراق

باشترین و ئومێدبەخشترین وڵاته لەنێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تا ئێستا بینیومە، بەتایبەت لە شێوازی خەرجکردنی ئەو سامانەی لە ڕێگەی نەوتەکەیەوە دەستی دەکەوێت"[1].

ئیدارەدانی مۆنۆپۆڵیانەی وڵات لەلایەن دەستنیشاندەکانی ئیمپریالیزم بە پێچەوانەی بەڵێنە فێڵاوییەکانیان لە ڕاستای پێشخستنی ئابووری نەتەوەیی وڵات، بە پێچەوانەوە بووە هۆی دواکەوتنی ئابووری نەتەوەیی وڵات. ئەم ئیدارەدانە بووە هۆی فراوان بوونی ئابووری ئیمپرالیزم و خنکاندنی بازاڕەکانی عێراق بە کەلوپەلی بیانی و بگرە سەدان کەرتی بچووکی بەرهەمهێنان لەنێو چوون. کۆی گشتی سەرمایەی نەتەوەیی لە دەیان کەرتی پیشەسازی لە ساڵی ١٩٥٦ بریتی بوو لە (١٤) ملیۆن دینار، بەڵام ئەو سەرمایەیەی لەلایەن کۆمپانیا ئینگلیزەییەکانەوە لە عێراق خراوەتە گەڕ بریتی بوو لە (٣٦٢) ملیۆن دینار. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٥١ تا ١٩٥٨ کەلوپەلی هاوردەکراو بۆ عێراق (٦٩٥/٤) ملیۆن دینار بوو، لەکاتێکدا ناردنە دەرەوە بە (١٤٤) ملیۆن دینار دەخەملێنرا[2].

نێردراوی بانکی نێودەوڵەتی ئەمریکی بۆ وەبەرهێنان و پەرەپێدان، ساڵی ١٩٥١ ڕایگەیاند: "پیشەسازی عێراق دەبێت سنووردار بکرێت بە بەرهەمەکانی بەروبوومی خورما، دروستکردنی سەبەتەی دار...هتد"[3]. ئاشکرایە، هیچ هەوڵێکی پێشخستنی پیشەسازی لە عێراق لە لایەن ئیمپریالیزمەوە ئەنجام نەدەدرا، ئەوان عێراقیان وەك بازاڕێك بۆ بەرهەمە ئامادەکراوەکانیان دەبینی.

دروستکردنی دامەزراوەی سەربازی ستراتیژی کەلە ڕاستیدا جێبەجێکردنی بڕیارەکانی پەیماننامەی بەغدا بوو، لەلایەن ئیمپریالیزمەوە وەك (پێشخستنی پیشەسازی) و یارمەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق سەیر دەکرا. ئیمپریالیستەکان لەم وڵاتەدا کاریان لەسەر پرەنسیپێك دەکرد کە لە لایەن لۆرد کورمیردین تیۆریسیەنی سیاسەتی کۆلۆنیالی خراوەتە ڕوو و تێیدا دەڵێ: "بۆئەوەی ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی تۆدا بمێنێتەوە، پێویستە ئەو بەڕێگای جووتیاری و کشتوکاڵەوە ببەیت بەڕێوە، نەك بە ڕێگای پیشەسازیی کە ترسناکترین دوژمنی کۆلۆنیالیزمە"[4].

---

١ ئەنتۆنی ناتینگ، ئەوەی بەچاوی خۆم بینی، وەرگیراو لە پەرتووکی "شۆڕش لە عێراقدا"، ل ل ٥-٦.
٢ ب.م. دانتسیگ، عێراق لە ڕابردوو و ئێستادا، (مۆسکۆ - ١٩٦٠)، ل ٢١١.
٣ سەیفول- مەلیکوڤ، سەرچاوی پێشوو، ل ل ٣٧-٣٨.
٤ هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاراستەی سیاسەتی ئیمپریالیزم لـە عێـراق بـە گوتـەی پسـپۆرە عێراقـی و بیانییەکان لەنێوبردنی کشتوکاڵ بووە و ساڵی ١٩٥٧ کەوتۆتە نێو بارودۆخێکی مەترسیدارەوە، ئەمە لە کاتێکدا ناوچەکانی کوردستان بە سەبەتی نانی هەموو وڵات دادەنرا[١].

ئینگلیز و خزمەتکارەکانی لە حکومەتەکانی پێشـووی عێـراق، لە بـەڕێوەبردنی کوردسـتان پشتیان بە سیستەمی دەرەبەگایەتی دەبەست، چۆن ڕەفتـار لـەگەڵ کۆیلـەدا دەکرێـت، ئـاوا ڕەفتار لەگەڵ جووتیاری کورد دەکرا. جووتیارانی کوردستان بەدەستیانەوە مەینـەتیی زۆریـان دەکێشا. مافی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتی مڵك و ماڵ و ژیانی خۆیان نـەبوو. بـەری هـەوڵ و ماندووبونی خۆیان نەدەچنیەوە، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەگشت بوارەکانـدا پـەیڕەو دەکـرا. بەشـی زۆری بەرهـەمی مانـدووبونیان دەرەبەگـەکان سـودیان لـێ وەردەگـرت، ئەو دەرەبەگانەی ئەوانیان بەشێوازی جۆراوجۆر دەچەوساندەوە، ئەوەشـی کـە جووتیارانیـان پـێ پاداشت دەکرد برسێتی و بێبەشکردن بوو. بارودۆخی کرێکارانیش لە کوردستان لـەوان باشـتر نـەبوو. ئـەو ڕۆشـنبیرە پێشـکەوتنخوازانەی ژێردەسـتەیی دەرەبـەگ و ئیمپریالیزمیـان ڕەتدەکردەوە و خەباتیان دەکرد بـۆ ڕزگـاربوون لـەژێر دەسـتەیی ئیمپریـالیزم، پەتی سێدارە، بەندیخانە و سەربازی زۆرەملێ دەبووە چارەنووسیان.

ئەو کارمەندانەی فەرمانی ئیمپریـالیزم و دەرەبەگـەکانیان جێبـەجێ نـەدەکرد، بـێ ئەوەی ئەگەری سـەرهەڵدانی ڕق و بێـزاری گـەل لەبەرچـاو بگـرن و دەسـت لـە سـوود و قـازانجی تایبـەتی هـەڵگرن، دەبینـین هـەموو ئەو کەسـانەیان لەکـار دوور دەخسـتەوە و خـەڵکانی نەخۆش و لایـەنگری خۆیـان لـەجێ دادەنـا. حکومـەتە کۆنەپەرستەکانی پێشـوو، کۆسـپ و تەگەرەیان لەبـەردەم قوتابیـان دادەنـا، بەتایبـەتی قوتـابییە کوردەکـان، بـۆ ئەوەی لـە مـافی خوێندن بێبەشیان بکەن، بۆیە دەبینین هەردەم لەژێر چاودێری دابـوون و دوور دەخرانـەوە. هــەروەها ژنــی کــورد لەهــەموو مافــەکانی مــرۆڤ بــوون بێبــەش کرابــوو، حکومــەتە ئیمپریالیستەکان، دەرەبـەگ و کۆنەپەرسـتەکان هەمیشـە لەبـەردەم گەشەسـەندنی زانسـتی پیشەسازی و پێشکەوتنی بوارەکانی تر لە کوردسـتان کۆسـپ بـوون. بەکـورتی لە کوردسـتان، کشتوکاڵ، بـەخێوکردنی ئـاژەڵ و ئەو سـامانانەی تـا ئێسـتا دەرنـەهێنراون، بـۆ ئیمپریـالیزم و کارمەنـدەکانی ببــوون بە ئامرازێـک بـۆ بەیـەك گەیانـدنی دەرەبـەگ و کـۆمپرادۆر و بورجوازیـەکان، لەپێنـاو دەسـتگرتن بەسـەر سـەرچاوە گرنگـەکانی پێکهـاتە سروشـتییە

١ هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.

بەسوودەکان و فراوان کردنی بازاڕ بۆ کەلوپەلەکانیان. ئەوانە بە هەموو شێوەیەك بەری ڕەنجی گەلی کوردیان بەتاڵان دەبرد[1].

پێش شۆڕش، کشتوکاڵی کوردستان لەئەنجامی باڵادەستی ئابووری ئیمپریالیستەکان، بەرەو دارمان ڕۆیشت، ئەو ڕووبەرەی گەنمی تێدا چێنرابوو، لە ساڵی ١٩٥٣ تا ١٩٥٧ بەشێوەیەکی بەرچاو بەرەو کەمبوونەوە چوو. لەگەڵ ئەوەی لە کوردستان سەرچاوەی وزە بە فراوانی بوونی هەیە، بەڵام سیستەمی ئاودێری لە دارماندابوو. هەروەك ئابووریناسی عێراقی، محمد زرقە نووسیویەتی: "ئەو تەکنیك و زانستەی جووتیارەکان لە سەردەمی شۆڕش بەکاریان دەهێنا و ئەوەی ئێستاش بەکار دەهێنرێت هیچ جیاوازییەك نییە لەگەڵ ئەو تەکنیکەی بابلیەکان و ئاشووریەکان نزیکەی (٤٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش لە کشتوکاڵکردندا بەکاریان دەهێنا".

لە گوندەکانی عێراق، بەتایبەتی لە کورستان، جەور و ستەمی خاوەن زەوییەکان تا دەهات زیاتر دەبوو. بازرگانە کۆمپرادۆر(بازرگان و دەلالی سەرمایەدار)ەکان، هەموو بەرهەمە کشتوکاڵیەکانیان بە نرخێکی زۆر کەم دەکڕییەوە. مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستەکان بە ڕێگەی بازرگانە کۆمپرادۆرەکان بەروبوومی جووتیارەکانیان بە تاڵان دەبرد، دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان کە ١٪ دانیشتووانی گوندەکانیان پێکدەهێنا، خاوەنداریەتی ٧٥٪ زەوییەکانیان دەکرد، سوودی ئەوان زیاتر لەوەدابوو کە زەوییەکانیان نەك لە ڕێگەی کرێکارەوە بکێلدرێت، بەڵکو بە کرێ بدرێتەوە بە چینی ناوەڕاست و جووتیارە هەژارەکان. ئەم بابەتە بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بووە هۆی ڕێگریکردن لە پێشکەوتنی پیشەی کشتوکاڵی لە گوندەکای کوردستان.

جووتیارانی کوردستان ناچار دەبوون زەوییەکان بەکرێ لە دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان وەربگرن، بۆ دانەوەی کرێیەکەشیان بە ناچاری ٥٠ تا ٧٥٪ بەروبوومەکانیان بە دەرەبەگەکان دەدایەوە. ئەو بەرهەمەشی کە بۆ خۆیان دەمایەوە بەشێکی زۆری لێ دەدرایە کاربەدەستە خۆجێیەکان و باجی دەوڵەت، ئەمەش هۆکاربوو بۆ بڵاوبوونەوەی قاتوقڕی و برسییەتی لە گوندەکانی کوردستان.

داهاتی مامناوەندی کرێکارێکی عێراقی لە ساڵی ١٩٥٧ گەیشتووتە پێنج درهەم لە ڕۆژێکدا، واتە ٩٠ دینار لە ساڵێکدا[1]. دەرامەتی ساڵانەی جووتیارانی عێراقیش لە هەمان ساڵدا بیست دینار بوو.

---

١ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩.

هەرچی پەیوەستە بە بارودۆخی تەندروستی وڵاتەوە، دەتوانین بە کارەسات ناوی ببەین. ٥٠٪ منداڵی عێراقی پێش ئەوەی تەمەنیان بگاتە (١٠) ساڵ دەمردن، بارودۆخی پەروەردە و فێرکردن لەوپەڕی خراپی دایە، بەجۆرێك بۆ هەر ٧١٣٣ کەس یەك قوتابخانەی سەرەتایی هەیە، ئەویش تەنیا ٦٠ قوتابی لەخۆ دەگرێ[٢]. هەڵبەتە بارودۆخ لە کوردستان زۆر لەوە خراپترە.

سیاسەتی ئیمپریالیزم نەك تەنیا لە پێشخستنی ئابووری کوردستان، یان باشترە بڵێین لە دواخستنی ئابووری کوردستان، بەڵکو تەنانەت لە پێشخستنی فەرهەنگ و کلتوریشدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش بە خستنەڕوویەکی سادەی بارودۆخی فەرهەنگی و کلتوری کوردستان بۆمان دەردەکەوێت کە گەلی کورد بە چ ئەندازەیەک لە مافەکانی بێبەش کراوە[٣].

**ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان لەساڵی ١٩٤٣**

| شار | قوتابخانە سەرەتایەکان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | **بۆ کچ** | **بۆ کوڕ** | |
| مووسڵ | ٢٤ | ٧٩ | ١٠٣ |
| کەرکووك | ١١ | ٤٠ | ٥١ |
| هەولێر | ٥ | ٢٩ | ٣٤ |
| سلێمانی | ٦ | ٣٦ | ٤٢ |
| | | **کۆی گشتی:** | **٢٣٠** |

١ ئەمە لە کاتێکدا، بەپێی ئامارەکان کرێی ئەو کرێکارانەی لە کەرتی نەفت و بیناسازی کاردەکەن مووچەکەیان دوو ئەوەندە زیاترە.
٢ جەعفەر خەیات، گوندەکانی عێراق، (مۆسکۆ - ١٩٥٨)، ل ل ٥٢-٥٣.
٣ کاووس، چەند زانیارییەك لە تێزی دکتۆراکەی، ل ١٤.

بەمەش بۆمان دەردەکەوێت لە ناوچە کوردنشینەکانی عێراق بۆ زیاتر لە دوو ملیۆن کەس تەنیا ٢٣٠ قوتابخانە بوونیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا ژمارەی وانەبێژ تێیاندا زۆر کەمە:

| شار | وانەبێژی کوڕ | وانەبێژی کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| مووسڵ | ٢٧٣ | ٢٣٦ | ٥٠٩ |
| هەولێر | ١٠٠ | ٢٤ | ١٢٤ |
| سلێمانی | ١٣٥ | ٣٢ | ١٦٧ |
| کەرکووك | ١٦٧ | ٦٤ | ٢٣١ |
| | | **کۆی گشتی:** | **١٠٣١** |

**ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان**

| شار | قوتابی کوڕ | قوتابی کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| مووسڵ | ٩١٧٩ | ٤٤٤٦ | ١٣٦٢٥ |
| کەرکووك | ٢٨٧٢ | ٩٠٨ | ٣٧٨٠ |
| هەولێر | ١٩٧٠ | ٣٤٠ | ٢٣١٠ |
| سلێمانی | ٢٣٠٨ | ٤٨١ | ٢٧٨٩ |
| | | **کۆی گشتی:** | **٢٢٥٠٤** |

ئەو زانیاریانە، بارودۆخی خوێندن لە شارەکانی کوردستاندا دەخەنەڕوو. هەرچی گوندەکانن ئەوە هەر بەیەکجاری لە بوونی قوتابخانە بێبەشن. لەم خشتانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیمپریالزم بۆ بەدیهێنانی سیاسەتە تاڵانکاریەکەی هەوڵدەدات گەلە چەوساوەکان لە تاریکی و نەزانیدا بهێڵێتەوە.

هەرچی بارودۆخی تەندروستییە لە کوردستان لەوپەڕی خراپی دایە، لە نێو خەڵکیدا نەخۆشییەکانی مەلاریا، هەوکردنی چاو و سیل بڵاوبۆتەوە، بەتایبەت لەنێو خەڵکی هەژاری نیشتەجێی شار و گوندەکان، بەشی هەرە زۆری خەڵکی لە خزمەتگوزاری پزیشکی بێبەشن، بەوپێیەی هیچ بودجەیەك بۆ ئەم کەرتە تەرخان نەکراوە، ئەمە لەکاتێك تێچووی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان یەکجار گران لەسەر خەڵکی دەکەوێت، بۆ نموونە، ئەگەر

نەخۆشێك بە مەبەستی پشکنین سەردانی نۆڕینگەیەکی چارەسەری چاو بکات بەبێ ئەوەی داودەرمان بکڕێت، دەبێت دوو دینار بدات[1].

نەشتەرگەری بە پارەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێ، کرێکار تەنانەت ناتوانێت بیر لە چارەسەرکردن بکاتەوە. دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بنکەی تەندروستی حکوومی کرانەوە، ئەم بنکانە سەرەڕای ئەوەی ژمارەیان زۆر کەم بوو، لەنێو خەڵکیش ڕەواجێکی ئەوتۆیان نەبوو، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە مامەڵەی پزیشکەکان لەگەڵ نەخۆش یەکجار خراپە و ناچارن پارەبدەن، بۆئەوەی خەڵکی ڕوو لە نۆڕینگە تایبەتەکان بکەن، ئەوە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پزیشکەکان لە شارە گەورەکان نیشتەجێ بووینە و لە گوندەکان هەر بوونیان نییە، بۆ نموونە لە ناوچەیەکی وەك بارزان بۆ هەر شەست هەزار کەس یەك پزیشك، یان یاریدەدەری پزیشك هەیە، ئەویش جگە لە داودەرمانێکی کەم شتێکی تری لەبەردەست نییە، حکوومەتیش بەهیچ شێوەیەك بەشە دەرمانی ناوچە کوردییەکان دابین ناکات. بۆئەوەی جووتیارێك بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەری سەردانی پزیشك بکات، دەبێت نزیکەی ١٠ بۆ ١٥ ڕۆژ بە ڕێگاوەبێت، ئەمە لەکاتێکدا جووتیار ناتوانێت کاتێکی زۆری خۆی بەفیڕۆ بدات و دەبێت بە بەردەوامی لە کێڵگەکەی کار بکات. بۆئەوەی خێزانەکەی بژیێنێت، ناچارە خۆی بەسەر نەخۆشییەکانیدا زاڵبێت و لەسەر پێیەکانی بوەستێت. ئەمە لەکاتێکدا نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس، پێست و هەوکردن لەنێو خەڵکیدا بەربڵاون و جگە لەمەش بەربڵاوترین نەخۆشییەکانیش بریتین لە مەلاریا و هەوکردنی چاو. ڕێژەی تووشبووانی نەخۆشی مەلاریا لە مووسڵ ١٥,٦٪، لە هەولێر ١٤,٤٪، لە سلێمانی ١٣,١٪ و لە کەرکووك ٦,٩٪ی دانیشتووان پێکدێنن.

بارودۆخی شوێنی نیشتەجێ بوونی جووتیاری کورد مەترسیدارە، زۆربەی هەرە زۆریان لە کوخی دروستکراو لە خشتی بەردی و لق و پۆپی دار و قوڕ دەژین کە تییاندا هیچ مەرجێکی لەبار بۆ ژیانی مرۆڤەکان بەدی ناکرێت. خانووەکان پەنجەرەیان تێدا نییە، کونێکی بردنە دەرەوەی دووکەڵ (دووکەڵکێش) دەکەوێتە ناوەڕاستی خانووەکانەوە و لە جیاتی پەنجەرە بۆ هەواگۆڕکێش بەکاردەهێنرێت، ئاژەڵە ماڵییەکان هەر لەنێو ئەم خانووانەدا بەخێودەکرێن و شوێنەکەیان تەنیا بەهۆی ناوبڕێکەوە لە شوێنی ژیانی مرۆڤەکان جیادەکرێتەوە. ڕێژەی ناوەندیی تەمەن لە کوردستانی عێراق ٢٨ ساڵە، ئەمەش هۆکارەکەی، هەژاری، خانووبەری نەشیاو و برسییەتییە. ئەمە تەواوی ئەو شتانەیە کە

١ بەراورد لەگەڵ دراوی ڕوبلی ڕووسی، ١ دینار = ٢,٥ ڕوبل.

ئیمپریالیزم پێشکەشی خەڵکانی ماندوونەناسی یەکێك لە دەوڵەمەندترین وڵاتەکانی جیهانی کردووە.

هیچ پڕۆژویەکی نیشتەجێبوون لە ناوچە کوردییەکان ئەنجام نادرێت، وڵات هیچ خزمەتگوزارییەك پێشکەشی خەڵکی ناوچە شاخاوییەکان ناکات، جووتیارێك بۆ کڕینی پێویسییەکانی وەك چا، شەکر و خوێ دەبێت سەردانی شارەکانی وەك مووسڵ، هەولێر، سلێمانی یان کەرکووك بکات، ئەمە لەکاتێکدا جووتیاری نەخوێندەوار زۆرجار ڕووبەڕووی مەترسی هەڵخەڵەتاندن و دزی لێکردن دەبێتەوە. کاڵای خراپیان پێ دەدرێت و لە ئەنجامدا جووتیاران دەبنە قوربانی و ڕەنجیان بە بەلاش دەچێت.

شارەکانی کوردستان وەك تەواوی شارەکانی تری عێراق، پڕن لە کاڵای بێ کەڵکی ئەمریکی، ئەڵمانی و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا، لەو وڵاتە سەرمایەدارییانەوە کاڵای بێ سود، ماوە بەسەرچوو، بەکارهاتوو هاوردە دەکرێت و دوای نوێکردنەوەیان بە نرخێکی زۆر بە خەڵکی دەفرۆشرێنەوە. تەواوی پێداویستییەکانی نێو ماڵ وەك موبیلیات، یاری منداڵان، ساردکەورەوە، ئامێری ڕادیۆ، جلوبەرگی ئامادە، ئەمانە هەموو دوای بەکارهێنانیان ڕەوانەی کۆگاکانی عێراق دەکرێن و دوای چاککردنەوەیان بە نوێ دەیفرۆشنەوە. هەرچی کەلوپەلی نوێیە، ئەوە نرخەکانیان یەکجار گرانە و بەشی زۆری خەڵکی و بەتایبەت چینی کرێکار، لە توانایاندا نییە بیکڕن. بۆ نموونە: کەوەنتەرێکی باشی جلوبەرگی دروستکراوی کارگەیێکی مۆبیلیات (لە عێراق کارگەی مۆبیلیات بوونیان نییە) نرخەکەی دەگاتە ١٢٠ دینار، ئەمە لەکاتێکدا مووچەی فەرمانبەری مام ناوەند ٢٠ دینارە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پشتیوانی وڵاتە ئیمپریالیستەکان بۆ وڵاتانی دواکەوتوو پڕاوپڕە لە فروفێڵ و سەرکوتکاری چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە.

زۆربەی زۆری جووتیارانی کوردستان نە گۆڤار، نە پەرتووك، نە ڕۆژنامەیان بەدەستەوە نەگرتووەو، هەرگیز نەچونەتە سینەما، بەشی زۆریان تەنیا گوێیان لە ناوی ڕادیۆ بووە. ئەمە لە کاتێکدا نزیکەی ٧٥٪ کوردی عێراق جووتیارە. لە ئیران و تورکیاش بارودۆخی جووتیارانی کورد لەوان باشترنییە.

ئەو ئیمپریالیستانەی کە لە سامانی لەبن نەهاتووی کوردستان قازانجی بێ ئەندازەیان دەسکەوتووە، لە ڕێگەی نۆکەرەکانیان، حاکمە سەپێنراوەکانی عێراق، ئێران و تورکیا گەلی کورد کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو سامان و سەرزەمینەیە مەحکووم بە نەداری و نەهامەتی دەکەن.

لە ناوچـەکانی کوردسـتان پڕۆژەکـانی دروسـتکردنی خانووبـەرە تـا ئێسـتاش بـوونی نییـە. هەرچی پەرەپێدانی بواری کلتوورییـە نـەك تـەنیا کـاری بـۆ نـەکراوە بـەڵکو بگـرە لـە لایـەن حکوومەتی تورکیاوە یەکێك لە هەنگاوە هەرە پێویست و خێراکان، بریتی بـوو لە داخسـتنی قوتابخانە لە دیاربەکر، سوێرەك و ماردین کە چەند شارێکی کوردستانی تورکیان.

لە کاتی زستان، شـارێکی وەك دیـاربکر ڕێگاوبانـەکانی بـۆ گەیشـتن بـە شـارەکانی تـر بـە تـەواوەتی دادەخـرێن. ڕێگاوبـانی نێـوان دیاربـەکر و ئۆرفـا لـە هـی سـەردەمی چاخـەکانی ناوەڕاست خراپترن، لە نێوان ئەرزەڕۆم و ئێزمیر هیچ جادەیەك بوونی نییە.

بارودۆخی ئابووری هەر کارەساتبارە، زۆربـەی گونـدەکان لـە هـەژاری و نـەداری بەسـەر دەبەن، خەڵکی لەو ناوچانە تەنانەت جلوبەرگی پێویستیان بۆ لەبەرکردن دەست ناکەوێت و منداڵەکان لە وەرزی زستان بـە ڕووتـی ژیـان دەگـوزەرێنن، لە بەرامبـەر ئـەم ڕاسـتییە و ئەو بـارودۆخە ترسـناکەی ناوچـەکانی کوردسـتان، سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیرانـی تورکیـا لە وتەیەکی فەرمیدا ناچاربوو دان بـەوەدا بنێـت کە حکومـەتی ئەنقـەرە سـەرپێچی و هەڵـەی زۆری لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە (کوردستان) ئـەنجام داوە و بـەدرێژایی (٢٥) سـاڵ نە لە بواری ئابووری و نە لە بواری پەروەردەیی و نە لە بواری دروستکردنی ڕێگاوبـان، هـیچ کارێك بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات نەکراوە[١].

نموونەی خەڵکی کوردستان بە باشـی دەرخـەری ئـەوەن کـە چـۆن ئیمپریـالیزم پشـت لـە پێداویستی و چارەنووسی خەڵکی دەکات، تـەنیا لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی سـامان و قـازانجی زیاتر، بەو پێیەی ئیمپریـالیزم تـەنیا دزی، فێڵکـردن و گەندەڵییـە، لـە سیسـتەمی ئیـدارەدانی ئیمپریالیستیدا هەرگیز ناتوانی پێشکەوتن بەدەستبهێنی و خۆت حوکمی وڵاتی خۆت بکەی.

لە پرۆگرامی پارتی کۆمۆنیستی یـەکێتی سـۆڤیەت بەڕاشـکاوی هـاتووە: "سۆشـیالیزم تاکـە ڕێگـەی گـەلانە بـەرەو ئـازادی و ئاسـوودەیی". واتە، ڕێگایەکـە، دڵنیاتدەکاتـەوە لـە خێـرا پێشخستنی کلتـوور و ئـابووری وڵات، نـەك تـەنیا لـەم سـاڵانەدا، بـەڵکو بـە درێژایـی ژیـانی مرۆڤایەتی، بەم هۆیەوە دەکرێـت وڵاتێکـی دواکـەوتوو بـۆ وڵاتێکـی پیشەسـازی و ئـابووری سۆشیالیستی پێشکەوتوو بگۆڕدرێت.

لــە ناوەڕۆکــدا، ئــابووری سۆشیالیســتی بــۆ ئــەوە بەرنامــەڕێژکراوە کــە ببێتــە مایــەی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی ئابووری و نەهێشتنی ڕژێمی سـەرمایەداری و چەوسـاندنەوەی

١ ڕۆژنامەی تورکی، دیکل کایناش، ژمارە ٢١، (ساڵی ١٩٤٨).

ئـادەمیزاد بەدەسـتی ئـادەمیزادەوە، کۆتاییهێنـان بـە نایەکسـانی کۆمەڵایـەتی و بنبڕکردنـی بێکاری. سۆشیالزم زەوی بۆ گشت جووتیاران دابین دەکات و بۆ پێشخستنی ئابووری لەسـەر خواست و ئارەزووی خۆیان هاوکاریان دەکات و بەپێی بنـەمای هـەرەوەزی لە کارەکانیـان و بە دابینکردنـی تـەکنیکە کشـتوکاڵیەکان و زانسـتە کشـتوکاڵیەکان بۆیـان. بـەمجۆرە کـاری جووتیاران دەبێتە کارێکی بەرهەمهێنـەر و زەوی بـەروبوومی زیـاتر دەبەخشـێ. سۆشـیالیزم ئاسـتێکی بەرزی ژیـان لـە ڕووی مـاددی و کلتووریيـەوە بـۆ چینـی کرێکـار دابـین دەکـات، سۆشیالیزم تاریکی و نەزانی لـە نێـو تاکـەکانی کۆمـەڵگا ڕیشـەکێش دەکـات و بـە کلتـووری هاوچەرخ ئاشنایان دەکات، لەبەردەم ڕۆشنبیراندا ئاسۆیەکی فراوانی کردووەتـەوە، بـۆئەوەی خێروبێر بۆ گەل دەستەبەربکەن[1].

بازنەی دەسەڵاتدارە کۆنەپەرسـتـەکـانی عێراق، تورکیـا، ئێـران و سـوریا کە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت پـارێزەرانی بەرژەوەنـدیـەکـانـی ئیـمـپـرالیـسـتـە مۆنۆپۆڵییەکـانن، ئـەوان سیاسەتی چەوساندنەوەی ئابووری بەرامبەر بە گەلی کورد پەیڕەودەکەن.

کێشەی توتن لە عێراقدا نموونەیـەکی ئاشـکرای سیاسـەتی ئـابووری ڕەگەزپەرستانەیە کە لەلایـەن حکومـەتی عێراقـەوە دژ بـە کـورد پـەیڕەو دەکـرێ، تـوتن لـە گـرنگترین بەرهەمـە کشتوکاڵیەکانی کوردستانی عێراقە و بەگرنگترین بەرهەمەکانی جووتیاری کورد دەژمێردرێـت. شـارەزایی لـەبارەی تـوتن لەلایـەن بەڕێوەبەرایـەتی مۆنۆپـۆلی تـوتنەوە زۆر سـنوداركراوە. بەدرێژایی ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، حکومـەتی عێـراق بـە جیـددی لەسـەر حیسـابی جووتیاری کورد کاری کردووە، حکومەت بەرهەمەکـەی بـە نرخێـک دەکڕیـەوە کە لە نرخـی بازاڕەکانی نێودەوڵەتی کـەمتـر بوو. کاتێك شەڕ کۆتایی هات، حکومەت بە بیـانووی جـۆراو جـۆر، بەڕێـژەی ٤٠٪ نرخـی سـاڵی پێشـووی دابەزانـد. ئـەمە وای لە جووتیـاران کـرد بەرهەمەکانیان بەو نرخە بفرۆشن، بەڵام ئەمە دیسـان جێگـای ڕەزامەنـدی دەوڵـەت نـەبوو، بۆیـە بڕیـاری پـۆلێن کردنـی تـوتنی دا، تـا نرخـی تـوتن دابـەزێنن و ئاگـــــادارین لـــە دەستنیشانکردنی جۆری باشی تـوتن بـۆ ئـەم جۆرەیـان ڕێژەیـەکی کـەم دەستنیشـان بکـرێ. ئەنجامی ئەم پۆلینکارییەش بـەم شـێوەیە بـوو: تـوتنی جـۆری پلـە بـەرز کـە ڕێـژەی ٤٠٪ ی بەرهەمی ساڵی ١٩٤٦ پێکدەهێنا، بۆ ساڵی ١٩٤٧دابەزی بۆ ٠٪، جۆری پلـە یـەک لـە٤٠ ٪ لـە

[1] بابەتەکانی کۆنگرەی بیست و دووەمی حزبـی کۆمۆنیسـتی یەکێتـی سـۆڤیەت، (بـڵاوکەراوەی حکـومی ئەدەبی سیاسی – موسکو – ١٩٦١)، ل ٣٥٥.

ساڵی ١٩٤٦ دابەزی بۆ ١٢ ٪ لە ساڵی ١٩٤٧[١]. بڕیاری دانی باج و پێویستی پارە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارە، جووتیارەکانی ناچار کرد، بەرهەمەکانیان بەو نرخەی حکومەت بۆی دیاری کردوون بفرۆشن.

بە دەرکردنی ئەم یاسایە، جووتیارەکان زیانێکی گەورەیان بەرکەوت. ئەم ڕەفتارە دڕندانەیەی حکومەت، ئەنجامێکی باشی بۆ جووتیاران، واتە بەرهەمهێنەرەکان نەبوو، بۆیە کوردەکان یاداشتێکیان سەبارەت بەو کێشەیە پێشکەش بە حکومەت کرد و داوایان کرد چارەسەر کردنەکە لە ئاستی داخوازیەکانی ئەواندابێت. بڕگە گرنگەکانی داواکاریەکان بریتین لە دانانی نرخ بۆ توتن لەسەر بنەمایەکی مەنتقی، دانانی بەڕێوەبەرایەتیەک لە ناوەندە هەرێمایەتیەکان بۆ وەرگرتن و پۆلێن کردنی بەرهەمەکان، پۆلێن کردنی توتن بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و بێ جیاوازی، دروستکردنی کۆگا بۆ ئامێر و کەلوپەل ...هتد[٢].

ئەوەبوو داواکارییە ڕەواکانی نوێنەرانی کورد لەلایەن حکومەتەوە ڕەتکرایەوە و هیچ گوێ بەو داواکاریانە نەدرا، هەروەها لەلایەن دانیشتووانی کوردیشەوە نە بە تاک و نە بە کومەڵ هیچ نەکرا. ئەمە بە ئاشکرا دەیسەلمێنی کە کردارەکانی حکومەت شتێک نین جگە لە گوشار خستنە سەر کوردەکان، ڕاستیە ڕەگەزپەرستییەکانی حکومەت لە بواری ئابووریدا دژ بە کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە ئاشکرا دیارە، بۆ نموونە کۆکەرەوەکانی باج لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا واتە (کوردستان)، ڕێگایان نەدا کوردەکان پارەی باج بە پارەی تورکی بدەن، کە تاکە پارەیە لە تورکیا کاری پێدەکرێ، بەڵکو زۆرییان لە دانیشتووانی ناوچە کوردیەکان کرد، تا ئاڵتون لە بڕی پارەی باج بدەن. لەکاتێکدا کاغەزی پارەی تورکی بە ڕێژەی چل جار نرخی لە خوار زێڕەوەییە، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە لە ساڵانی ١٩٤٨ - ١٩٤٩ کورد لە چاو تورکەکان نزیکەی (٤٠) جار زیاتر باجی داوە. سەبارەت بەو ڕاستییە ڕۆژنامەیەکی تورکی ڕایگەیاند و دەڵێت: "ئاشکرایە حکومەت ویستی هەموو ئەو زێڕ و زیوەی لای دانیشتووانی کورد هەیە، هەمووی بۆ خۆی بباتX".

وڵاتانی تورکیا، ئیران، عێراق کە سەر بە وڵاتی ئیمپریالیستین، هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕاستی بارودۆخی کوردی وڵاتەکانیان لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بشارنەوە. بۆ نموونە، هیچ

١ ناوەندی بڵاوکردنەوەی بولتەنی هەواڵ و زانیاری کوردی، (پاریس - ١٩٤٩)، ل ١٤.
٢ هەمان سەرچاوە، ل ١٤.
X بولتەنی ژمارە ٥، ناوەندی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری کوردی، (پاریس - ١٩٤٩).

بەڵگەیەکی تۆمارکراو لەبارەی بارودۆخی کوردەکان لە تورکیا لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی لەبەردەست نییە و بە نیسبەت کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە، کوردستانی تورکیا لەودیوی پەردەیەکی ئاسنینەوەیە، بۆیە تەنیا لە سەرچاوە کوردییەکانەوە دەتوانرێت زانیاری باوەڕپێکراو لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەی کوردی تورکیا و هەروەها ئێرانیش دەست بکەوێت. شیتەڵکردنی ئەو سەرچاوانە وێنەیەکی ڕوونمان لەسەر بارودۆخی خەڵکی کورد دەداتە دەست، بەتایبەت بارودۆخیان لە بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەت و کلتووری لەو وڵاتانە.

لە تورکیا و ئێران، کورد مافی ئەوەی نییە بە دەنگی بەرز و بە زمانی زگماکی قسەبکەن، ئەوە نووسین و خوێندن هەر هیچ. لەوێ نە قوتابخانەی کوردی، نە ڕۆژنامە، نە پەرتووک، نە گۆڤار بە زمانی کوردی دەرناکرێ. لەو پارچەیەی کوردستان کە کەوتوەتە ناو تورکیا، بۆ (٢٠٠،٠٠٠) کورد تەنیا یەک نەخۆشخانەی تەواو هەیە، هەروەها لە یەک هەرێمدا کە دانیشتووانی (١١٠،٠٠٠) کەسە، تەنیا یەک قوتابخانەی (١٠٠) کەسی منداڵان بوونی هەیە[١]. ئەمە لە کاتێکدا لەم قوتابخانانەدا منداڵ دەبێت بە زمانی تورکی بخوێنێت، نەک بە زمانی زگماکی خۆی. ئەو شوێنانەی کوردستان کە خەڵکەکەی لەژێر دەسەڵاتی تورکیا و ئێران دایە، بۆیان نییە هەستی نەتەوەیی و بۆچوونی سیاسی خۆیان دەرببڕن. ئەم جۆرە بارودۆخە تا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

سەبارەت بە بارودۆخی کورد لە تورکیا، لە بڵاوکراوەی بوڵتەنی زانیاری کوردی دا هاتووە و دەڵێ: "بڕیارەکانی حکوومەت لە لایەن دادوەری گشتی لە کوردستان خراونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، خەڵکی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا وەك لاڵیان لێ هاتووە، ئەم بڕیارە بەکارهێنانی زمانی کوردی کە نزیکەی چل هەزار ساڵە خەڵکی ناوچەکە قسەی پێ دەکەن قەدەغەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە جگە لەو زمانە زمانێکی تر نازانن، سزای قورس بۆ ئەو کەسانە دانراوە کە ڕێگە بەخۆیان دەدەن بە زمانی کوردی قسەبکەن، لەنێو شار، بازاڕ یان شوێنە گشتییەکان خەڵکانێك دەبینرێن کە هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی جوڵاندنی سەر و دەستیان پەیوەندیی لەگەڵ یەکتری ببەستن، ئەوان بەهۆی ئەو سزا داراییە قورسەی کە بەشی هەرە زۆریان توانای بژاردنیان نییە، ناتوانن بە زمانی کوردی قسە بکەن"[٢].

١ هەمان سەرچاوە، بولتەنی ژمارە ٨.

٢ هەمان سەرچاوە، بولتەنی ژمارە ٥.

لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا، واتە (کوردستان) فەرمانی کوشتن لە گیرفانی هەموو جەندرمەیەکدا هەیە و دانیشتوانی ناوچەکە لە بارودۆخێکی تۆقێنەردا دەژین، سادەترین پرۆتۆکۆل، لەم چەند وشەیەدا خۆی دەبینێتەوە (دوای سێ جار بانگ کردن، ئەگەر بەگوێی نەکردی، تەقەی لێ بکە)، ئەمە بووە بیانوی هەموو کوشتنێک. ئەمە جگە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لەسەر خاکی خۆیان.

لە قۆناغی نێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٤٠، هەزاران خێزانی کورد، لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵات گواسترانەوە و لە ئەنادۆلیا نیشتەجێ کران. ئەم کارانە هەمووی بە شێوازی جۆراوجۆر و لە ژێر ناوی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (٢٥١٠) جێبەجێ دەکران. موڵکی ئەم بەخت هەڵگەڕاوانە بەپێی یاسای ژمارە (١٥٠٥) لەلایەن حکومەتی تورکیاوە زەوت دەکرا[١].

زۆرینەی کورد لە تورکیا، بێبەشکرابوون لە مافی بەشداریکردن لە ژیانی ڕامیاریی. ئەوان مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان نەبوو، لە کاتی خۆیدا حکومەتی تورکیا ڕایگەیاند کە هەڵبژاردن لە تورکیادا ئازادە و هەموو هاووڵاتیەک دەتوانێ بێ جیاوازی و بە ئازادی بەشداری تێدا بکات. کەچی دواتر دەبینین کاندیدی تورك (جەودەت کەریم)، وەزیری پێشوو و جێگری سەرۆکی مەزنی ئەنجومەنی گەل لە ئەنقەرە دەڵێت: "ئەگەر ئێمە ڕێگا بە جەندرمە نەدەین دەست بخاتە نێو هەڵبژاردن لە ڕۆژهەڵات (کوردستان)، ئەو خەڵکە (کوردەکان) تەواوی دەنگەکانیان دەدەنە کەسانێك لەوێ، کەسانی وەک (میمو) یان (حەسو) دیارە کە ئەم دووناوە لە کوردستان ناوی کورت کراوەی (محەمەد) و (حەسەن)ە".

ئەم بڵاوکراوەیە نارەزاییەکی زۆری لەنێو دانیشتووانی کورد لە تورکیا هێنایە گۆڕێ. خۆپێشاندانێکی چەند هەزار کەسی شار و شەقامەکانی ناوچە کوردیەکانی گرتەوە. جەماوەر دروشمی (ڕزگارمان بکەن لە جەندرمەکان)، (شەرمەزاری بۆ جەودەت کەریم)، (بەسە دڕندایەتی)، (بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن بەهاوکاری جەندرمەکان، مانای سنوردارکردنی ڕاستیەکانە)، (بژی ئازادی و دیموکراسی)، (ئێمە هەموو حەسۆ و میمۆین، ئەوان برای ئێمەن، ئێمە شانازی دەکەین کە لە وان بین)یان دەگوتەوە. تەنانەت چەندین ڕۆژنامەی ئەستەنبۆڵ نارەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بەو هەژموونگەراییە و ڕایانگەیاند: "ئێمە خوازیار نین چیتر هەڵبژاردن لە ژێر هەڕەشە و قۆنداغی تفەنگ و ڕمدا ئەنجام بدرێت".

ستەمی دەسەڵات گەیشتە ناو دادگاکانیش، کوردەکانی دانیشتوی تورکیا ناتوانن لە دادگاکان بەرگری لە مافەکانی خۆیان بکەن، هۆکارەکەشی سادەیە، چونکە توانای قسەکردن

١ هەمان سەرچاوە.

بە زمانی تورکییان نییە و تەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکەن، دادوەرەکانیش تەنیا زمانی تورکی دەزانن، بۆ خۆ دەربازکردن لەم بارودۆخە کوردەکان ناچار پەنا دەبەنە بەر سەربازە وەرگێڕەکان کە ئەوانیش لە زۆربەی کاتەکان، یان کوردی باش نازانن، یان بە پێچەوانەوە، لە بوڵتەنی زانیارییەکاندا هاتووە: "سەرەڕای تەواوی ئەو کێشانە، ئەوان ژمارەیەکی کەمیان خوێندەوارن، یان خوێندەوارییەکی ئەوتۆیان نییە، تا پیشەی وەرگێڕی ئەنجام بدەن"[1].

سەبارەت بەو ڕاستییە، ڕۆژنامەیەکی تورکی بڵاویکردبووەوە و دەڵێت: (ئەرکی حکومەت دۆزینەوەی چارەسەرێکی بەپەلەیە بۆ ئەم بارودۆخە کە ماوەی (٢٥) ساڵە بەردەوامە)[2].

بۆئەوەی زیاتر تیشک بخەینە سەر بارودۆخی کورد لە تورکیا، پێویستە باس لەو بابەتە بکەین کە ڕۆژنامەنووسی تورکی (ئەحمەد ئەمین یالمان) نووسیویەتی و تێیدا باس لەوە دەکات، لە ساڵی ١٩٣٩ باندێکی جەردە لە سوریاوە هاتبوونە تورکیا و هێڵی تەلەفۆنی نێوان (دیاربکر، کەراکیێپر و پردی ڕەش)یان بڕی بوو، هەروەها تووشی چەند گەشتیارێک ببوون و ڕووتیان کردبوونەوە. بە بڕیاری قایمەقام و سەرۆکی پۆلیسی تورک لە ناوچەکانی کوردستان، (ناخین ڤورال) و (عابدین ئێزمین)، پۆلیس و جەندرمەکان لە کوردستان، سەدان جووتیاری ناوچەکەیان چوار ڕیزکرد و بە ناوی لێکۆڵینەوە لە دیاربەکر بۆ ماردین بەڕێیانخستن و لە ماردینەوە جارێکی تر بۆ دیاربەکر، بەشی زۆری ئەو بەندکراوانە لە ڕێگادا مردن، جەندرمەکان بۆ کوشتنی هەریەک لە وانە ڕاپۆرتێکیان دەنووسی و بەجێیان دەهێشتن، لە ڕاپۆرتەکاندا نووسرابوو: (لەبەرئەوەی هەوڵی ڕاکردنیان داوە تەقەیان لێکراوە). بەم شێوەیە سەدان کەس کوژران. لە گواستنەوەی کۆتا ١٤ کەس بۆ دیاربەکر، ئەم ڕووداوە ڕوویدا، لە شوێنێکی بێ دەنگی ڕێگایەکی شاخاویی، ئەفسەرێکی جەندرمە گوتی: "بۆخۆتان نزا لە خوا بکەن، بڕیارە هەمووتان بکوژین"، لەو کاتدا لەسەر ڕێگا چەند ئۆتۆمبێلێک دەرکەوتن کە کاری گەڕان بە سنوورەکەیان ئەنجام دەدا، ئەوان لای گرووپەکە وەستان. لە نێو ئەوانەی هاتبوون، جەنەڕاڵێك و پشکێنەرێکی کارگێری مەدەنی تێدابوو. پرسیاریان کرد چی ڕوویداوە؟ ئەفسەر، فەرمانە نایاساییەکەی پێ ڕاگەیاندن، ئەوانیش خۆیان لە بابەتەکە هەڵقورتاند و هەر ١٤ دیلیان گەڕاندەوە ماردین کە لەنێویاندا پیرەمێردی هەشتا ساڵە بەدی دەکرا[3].

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ ڕۆژنامەی "تان"، ڕێکەوتی ٤ی شوباتی ١٩٤٩.

٣ ڕۆژنامەی وەتەن، ڕێکەوتی ١١ی شوباتی ١٩٤٩، ئەستەمبۆل.

نموونەیەکی تر لە بارەی توندوتیژی ئاشکرا بەرامبەر بە کوردەکان، ڕۆژنامەنووسی تورکی (ئەحمەد ئەمین یالمان)، بابەتێکی گرنگ بڵاودەکاتەوە لەبارەی گوللە بارانکردنی ئەو (٣٣) کوردەی ساڵی ١٩٣٣ بە فەرمانی بەرپرسی پۆلیسی (بایەزید) ئەنجام درابوو. وەزیری ناوخۆی ئەنقەرە کە ئاگای لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەبوو، نەک تەنیا بەرپرسی پۆلیسی بایەزید و فەرماندەی بەشی جەندرمەی شارەکەی لەسەر کار لانەبرد، بەڵکو هیچ سزایەکیشی نەدان.

هەمان ڕۆژنامەنووس کە لە هەوڵی ئەوەدابوو بوونی کێشەی کورد و جیاوازییە قووڵە نەتەوەییەکان لە تورکیا بشارێتەوە، بەشێوەیەکی دووڕوویانە دەستنیشانی مەینەتییەکانی گەلی کورد دەکات، وەک ئەوەی پارێزگاری لە کورد کردبێ. لێرەدا بۆچوون و نووسینەکانی ئەم ڕۆژنامەنووسە وەک نموونەی دووڕوویی و ڕیاکاری تورک کە بەشێوەیەکی سیستەماتێک هەوڵی لەناوبردنی کورد دەدەن، بۆتانی دەخەینە ڕوو، ئەو دەنووسێت: ((نابێت بەهیچ شێوەیەک ئەم پرسە بە شەخسی بکرێت و تایبەت بکرێت تەنیا بە کەس و کاری قوربانیان. شێوازی حوکمڕانی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات (کوردستان) پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە، هیچ کام لە زەوییەکانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات ناکرێت وەک داگیرگە سەیر بکرێن، ئەم زەوییانە بەشێکن لە تورکیا و دەبێت هەمان مافیان هەبێت. بەپێی دەستوری تورکیا نابێت هیچ نابەرابەرییەکی ئۆلی و نەژادی لەنێوان تاکەکانی وڵات بوونی هەبێت، ئەزموونی مێژوویش زیانەکانی ئەم جیاکارییانەی سەلماندووە کە دەکرێ بەهۆی بەرژەوەندی کەسی یاخود نەفرەتی تاکە کەسێکەوە بێت.

ئەم تاوانکارییە لە دیدی بەرژەوەندیی میللی تەنیا دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی گشتی و زیان بە خۆشگوزەرانی خەڵک دەگەیەنێت)).

لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت: ((شێوازی تایبەتی حوکمداری، واتە ئەو کارە سەربەخۆیانەی بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات (کوردستان) بوونی هەیە، جێگەی داخ و پەژارەن، ئەم شێوازە بۆتە هۆی کارەسات بۆ سەر ئەم بەشە قارەمانەی وڵاتەکەمان. ئەم نەوچایە بەم هۆیەوە تەنانەت ماوەیەکی کورتی ئارامیش بەبیری خۆی ناهێنێتەوە.

دیاردەی ئەم شەڕ و شۆڕشە بەردەوامانەی لەو ناوچانە ڕوودەدەن، بوونەتە هۆکاری ئەوەی حکومەت توندوتیژی بەرامبەریان بەکاربهێنێت و دەست بۆ کوشتن و لەسێدارەدانی بەردەوام ببات.

بەڵام ئەگەر بە ویــژدانەوە ســەیری بــارودۆخی ویلایەتەکــانی ڕۆژهەڵات بکەیــن، بۆمــان دەردەکەوێ کە هۆکاری سەرەکی نائارامییەکـان نەک دەسـتێوەردانی بیـانی، بەڵکـو ئاسـەواری بوونی دەسەڵاتێکی گەندەڵە لەو ناوچەیە.

بەشـێوەیەکی گشـتی دانیشـتوانی ویلایەتەکـانی ڕۆژهەڵات بـریتین لە کرێکـاری ڕاسـتگۆ و هاوڵاتی پەیڕەوی یاسا و بەڕێز، بـۆیە دەکـرێ بڵێـین لە تورکیـا شـتێک نـیە بەنـاوی کێشـەی کورد)). ئەوەی لەم ڕاپۆرتە بەدیدەکرێت، نوێنەری تورکی پاوانخواز جاڕی ئەوە لێـدەدات کە پرسی کورد لە تورکیـا بـوونی نـیە، لەو شـوێنەی زیـاتر لە یەک ملیـۆن کـوردی تێـدا کـراوەتە قوربانی[١].

لە بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی (ئەستەمبـول) وەرگیراوە و بـە کـێشــەی کــورد لە تورکیـا پەیوەستە، هاتووە: (لە تورکیا کێشەی کورد بوونی نییـە، دەسـتور دان بە جیاکـاری ڕەگـەزیی بە هیچ جۆرێک لە جۆرەکانی، ئایینی و تائیفی نێوان تورک و کورد دانانێت، ئەگـەر هەشـبێ ئەوا جیاوازیەکی زۆر کەمە، وەك ئەوەی نێـوان ئینگلیزەکـان و سـکۆتلەندیەکان وایـە. ئەوان لەو کـۆمـارەدا لە مافدا یەکسانن، پەیوەندی ناعادیلانە و ئیدارەیـەکی خـراپ تـاکە هۆکـاری دروستبوونی ئەو دووبەرەکییـەیە و بـووەتە هـۆی ئەوەی دوژمنـەکانمان دەسـت بخـەنە نـاو بابەتەکە)[٢].

لێـرەدا پێویسـتە ئامـاژە بەوەبـدەین، ئەگـەر کـێشـــەی کــورد لە تورکیـا نەبووایـە، ئەوا پێویست نەدەبوو نووسەر ئەو بابەتەی سەرەوە باس بکـات، ئەگـەر جیـاوازی نێـوان کـورد و تــورک ئــاوا وەک جیـــاوازی نێـــوان ئینگلیزێــک و ســکوتلەندیەک بــووایە، هــەروەک لە بڵاوکـراوەکەدا هـاتووە، ئەوا نووســەر دەبــووایە بیزانیبـایە کە بـەریتانیای مـەزن کـێشــەی سکۆتلەندای دروستکرد، سکۆتلەندییەکان قسەیەکیان هەیە، دەڵێت: "سکۆتلەندیەکان وایـان لە ئینگلیزەکان کـرد سـەری خۆیـان بشـکێنن". سـکۆتلەندیەکان ئیـدارەی خۆیـان هـەیە کـە خزمـەتی وڵاتەکـەیان دەکـات. لە کوردسـتان دەسـەڵاتداری تـورکی تـەواوی ئـەو ئـامراز و ڕەگەزەشیان لەناوبرد کە کوردبوونی تاکی کوردیان بـەبیردا بهێنێتـەوە، ئەمـە لـەکاتێك تـاکی کورد تەنانەت بە قژبڕین و جلوبەرگ، بە دابونەریتی خۆی و کـەلـتورەکـەی کـە تەمـەنێکی درێژی هەیە زۆر پەیوەستە[٣].

---

١ بولتەنی ژمارە ٣، سەرچاوەی پێشوو.
٢ ل، ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤.
٣ هەمان سەرچاوە.

سەربازێکی ئینگلیز کە لە کوردستان کاری کردووە، لە ١٦ی شوباتی ١٩٤٦ لە ژێر ناوی دیجلە بابەتێکی بە ناونیشانی «کوردەکان» بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتووە: (تورک لە بەرەنگاربوونەوەی نەتەوەی کورد، مەبەستیەتی بەتەواوی ڕەگەزی کوردی لەناوببات. بەڵگەی تەواوم لەبەردەستدایە، ڕەنگە هەڵەنەبم ئەگەر بڵێم، تەواوی نێرینەی کورد بە مەبەست خرابوونە نێو یاسای بەناوبانگی کار لە تورکیا، بۆیە هەموو کات لە خێزانەکانیان دووربوون، بەمەش زاوزێ لە نێو ئەو میللەتە وەستابوو، (واتە ئەوان ڕێگایەکیان گرتبووە بەر کە تەنیا ئەوانەی کاردەکەن ئازارەکەیان چەشتووە)، ژمارەیەکی زۆر کەم لە کوردەکان ڕێگەی ئەوەیان پێ دەدرێ بچنەوە نێو خێزانەکانیان، کەمینەکان باجی بێ شومار دەدەن و لەنێو دەزگاکانی کارکردندا بەرگەی کۆیلایەتی دەگرن، هەرگیز ڕێگەی ئەوەیان پێنادرێ نە بە بیانووی خزمەتی سەربازی و نە بە نهێنی لە ماڵەوە چەک هەڵبگرن. بۆ بەریتانییەکی ئاسایی شرۆڤەی چەتەیی و شەڕی خێڵەکی و گەندەڵی ڕەسمی لە ئاسیا کارێکی ئەستەمە. خەڵکی ئەو گوندانەی توانای پارێزگاریکردن لە خۆیان نییە، ناچار زەوییەکانیان بەجێبهێڵن و بۆ ناوچە ئارامەکان کۆچ بکەن، ئەمەش کارێکی تری ژێرمەندانەیە کە بەرامبەریان دەکرێ)[١].

بارودۆخی جووتیاری کورد لە تورکیا بەشێوەیەکە کە بەرگەگرتنی ئەستەمە، چاندنی توتن داهاتێکی سەرەکی جووتیارانە، بەڵام لە ناوچە کوردیەکان چاندنی قەدەغەیە. ئەمەش بە مەبەستی فراوان کردن و زیادکردنی چاندنی توتنی تورکی، هەروەها پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی قەدەغەیە، ئەمەش لە پێناو نەهێشتنی ئەم پیشەیە لە ناوچە کوردیەکاندا. لەلایەکی ترەوە لەژێر ناوی پەرەپێدانی (هێلی ئاسمانی، یان پرچەککردن)، لە هەر دوو سەر مەڕ یەکێك وەك باج وەردەگیرا، ئەمە لەکاتێکا باج لەسەر هەر سەر مەڕێك (٣٠) قرۆش بوو کە یەکسان بوو بە پارەی ئەو خورییەی لێی بەرهەم دەهێنرا. سەرەڕای ئەوەش، هەموو جۆرە هەوڵێکی گەلی کورد بۆ پاراستنی مافەکانی لەلایەن تورکەکان بەشێوەیەکی درندانە وەڵامی دەدرایەوە. سوپای تورک چەندینجار لە ساڵەکانی ١٩٣٠، ١٩٣٧ و ١٩٣٨ بە شەڕ بەرەنگاری کوردەکان بووەتەوە، ئەمە لەکاتێکدا خەبات و قوربانیدانی گەلی کورد یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کۆماری تورکیای لە نەمان ڕزگارکرد[٢].

---

١ هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

٢ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان، ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩، بڵاوکراوە (پاشکۆ)ی ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩.

سیاسەتی خیانەتکارانەی حکومەتی تورکیا، سەرەڕای یارمەتی خۆبەخشانەی کورد لە شۆڕشی کەمالیزم کە بە خوێنی خۆیان بەرگرییان لە شۆڕشی ئازادیخوازی گەلانی تورکیا کرد، بەرامبەر بە کورد گیرایە بەر. لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی کەمالیستی، کوردەکان چوونە پاڵ شۆڕش و ڕایانگەیاند، دەنگیان خستۆتە پاڵ دەنگی تورکە ئازادیخوازەکان، سەرکردەکانی کورد، لە کۆنگرەی ئەرزەڕۆم دووپاتیان کردەوە: دوژمنی ئازادی گەلی تورک، دوژمنی ئازادی گەلی کوردە و سەرباری ئەوەی خەبات بۆ ئازادی خۆیان دەکەن، لە تەك برایانی تورکن لەپێناو پاراستنی کۆماری تورکیا و بەرامبەر هەموو دوژمنێك دەوەستنەوە. کاتێک مەترسی لەسەر کۆماری تورکیا نەما و بارودۆخ جێگیر بوو، شۆڕشی ڕزگاریخوازیش لە تورکیا وەستا، لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورك، خەڵاتی دڵسۆزی کورد و قوربانیدانی کورد بە چەوساندنەوە، کوشتن، دوژمنکاری و کوشتنی بە کۆمەڵ درایەوە و بۆ لەنێوبردنی نەتەوەی کورد پلانێکی تێر و تەسەل داڕێژرا، تا ئەو قۆناغە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد گرێدراوبوو بە بزووتنەوی ڕزگاریخوازی گەلی تورك، بەڵام لە ئەنجامی سیاسەتە ڕەگەزپەرستانەکەی کەمالیزمەکان، کوردەکان ناچار بوون بە تەنیا بێنە گۆڕەپانی خەباتەوە. خەباتی گەلی کورد لە ئەنجامدا گڵپەی سەندەوە و دروشمی ڕزگارکردنی کوردستان لە دوژمنانی تاڵانچی بەرزکرایەوە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا (جەلال بێی)، دوای کۆتاییهاتنی دوایین هێرش بۆ سەر کوردەکان، ڕایگەیاند: "جارێکی تر لە تورکیا کێشەی کورد دروست نابێتەوە". ئیتر لەو کاتەوە بوونی کورد لە تورکیا بە فەرمی نکۆڵی لێکرا، بە دەگمەن ناوی کورد دەبیسترێت، تەنیا جار جار بە (تورکە شاخاویەکان) یان (چەتەکانی شاخ) ناویان دەهێنرێت.

نا دروستی ئەم درۆیانە ئەوەندە ئاشکرایە کە گۆڤاری ئینگلیزی (ئێکۆنۆمسیت) نووسویەتی: (دەبێ وای دابنێین، پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد لەلایەن حکومەتی تورکیا، یان هەوڵدانێکی کاتییە، یاخود سڕینەوەیانە وەك فاکتەرێکی سیاسی کە ئەوەی دووەمیان زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە...)[1].

بارودۆخی کوردەکان لە ئێرانیش وەك کوردەکانی تورکیا لەوپەڕی دژواریدابوو.

با وەك نموونە، ناوچەی (شا ئاباد) لە کوردستانی ئێران، لە سەردەمی ڕەزا شا بێنینە بەرچاومان.

---

١ گۆڤاری "ئێکۆنۆمیست"، ١١ی ئاياری ١٩٤٦، وەرگێڕدراو لە ئینگلیزییەوە، ئەرشیڤی (پ.د.ك)، فایلی ژمارە ١.

پێش جەنگی یەکەمی جیهان، واتە پێش هاتنی ڕەزا شا بۆ سەر تەختی پاشایەتی، ئەم ناوچەیەی کوردستان لە لایەن کوردەوە بەڕێوەدەبرا و ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان هەبوو، بەڵام سیاسەتی ناوەندیی ڕەگەزپەرستانەی پانئێرانیزمی شای ئێرانی گرتییەبەر، هاوشێوەی سیاسەتی پانتورکیزمە ڕەگەزپەرستانەکەی مستەفا کەمال بوو کە مەبەستی سەرەکی لێی لەناوبردنی نەتەوەی کورد و تەنانەت ئاسەوارەکەشی بوو.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانە، ڕەزا شا شاڵاوی سەربازی خوێناوی دەست پێکرد، کوردی بێبەش کرد لەو خۆبەڕێوەبردنە نەتەوەییەی کە پێشتر هەیبوو، بۆ ئەم مەبەستە و بۆئەوەی پلانی پاکتاوکردنی گەلی کورد لەو ناوچەیە جێبەجێ بکرێ، حکومەتی شا پشتگیری لەو هەژاریە کرد کە کوردانی ناوچەکە تێی کەوتبوون، وا ڕێککەوت ناوچەی شا ئاباد کەوتە ناو کۆمەڵە موڵکەکانی شا و پاراستنی سەربازی ناوچەکە بە عەقیدێک سپێردرا بە ناوی (دومبالی) کە یەکێک بوو لە جەللادەکانی پێشووی شا.

ڕەفتارە ناشایستەکانی فەرمانبەرە فارسەکان، بەرامبەر بە کورد، هیچ سنوورێکی نەبوو. خودی والی ناوچەکە، یان باشترە بڵێین (خوێنڕێژی شا)، ئەو دەستوورەی مافەکانی کوردی تێدا هاتبوو وەك کاغەزێکی بێ نرخ سەیر دەکرد. ناوبراو بۆئەوەی دەسەڵاتی خۆی نیشانبدات، جووتیارێکی کوردی لەژێر دارکاری کوشت کە تاوانەکەی ئەوەبوو بەدەم تێپەڕین بەژێر شوورایەکەوە گۆرانی کوردی گوتۆتەوە.

جووتیاری کورد تووشی بارودۆخێکی مەترسیدار ببوونەوە، لەلایەن نوێنەرانی شا، بەبێ گوێدانە کەمی بەروبوومی ئەو ساڵە، نیوەی بەروبوومەکان بۆ شا خرایە لایەوە. جگە لەمەش بۆئەوەی شا ڕازی بێت، پارێزگاری فارس لە ڕاپۆرتێکدا کە بۆ تارانی ناردبوو، بەتەواوی پێچەوانەی ڕاستییەکان نووسیبووی: ساڵانە ڕێژەی بەروبوومی زەوییە کشتوکاڵیەکانی شا لە زیادبوون دایە. لە ئەنجامی ئەم درۆیە، باجێکی زۆرتر دەکەوتە سەر جووتیارەکان، واتە لە سەرووی نیوەوە، بۆ داپۆشینی ئەم درۆ گەورەیەی پارێزگار، لەپێناو ڕازیکردنی شا، جووتیارەکان ناچاربوون نەک تەنیا بەروبوومەکەیان بفرۆشن، بەڵکو دەبوایە وڵاخەکانیشیان بفرۆشن، هەموو ئەمانە بوونە هۆی ڕووخانی باری ئابووری، جووتیارەکان تەنانەت ئەوەندە بەرهەمیان بۆ نەمابووەوە بەشی خواردنی خۆیان بکات، بەمەش جوتیارەکان هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەم نەمایەوە جگەلە جێهێشتنی زێدی باب و باپیرانیان[١].

١ بولتەنی ژمارە ٥، سەرچاوەی پێشوو.

لە ئێران، هاوشێوەی تورکیا، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد چەندینجار لە لایەن سوپای شاوە سەرکوت کرا. سوپای تاران بە هێرش کردنە سەر ناوچە کوردنشینەکان، گوندەکانی وێران دەکرد و ئاگری تێ بەردەدان، نوێنەر و پێشەوایانی کوردیان بەداردا هەڵدەواسی و منداڵ و بەتەمەنەکانیان دەکوشت. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران هەوڵی دەدا ڕەفتارە وەحشییانەکەی خۆی بەرامبەر بە کورد، لە ڕای گشتی جیهانی بشارێتەوە. لەولاشەوە لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئێران بڕیارێك دەرکرا کە سەردانی هەموو دیپلۆماتکار و لایەنە پەیوەندییدارە بیانییەکان، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندی پێشوەختەی خۆی بۆ ناوچەکانی کوردستانی قەدەغەدەکرد[1].

کردارەکانی حکومەتی فارس دژبە کورد، دەرخەری ئەوەبوون کە سیاسەتی پاکتاوکردنی هەموو غەیرە فارسێک بەردەوام دەبێت، بێ ئەوەی درۆ بەردەوامەکانی تاران بتوانێ ئەم ڕاستییە بشارێتەوە کە کورد و ئێرانییە ئاشتیخوازەکان شان بە شانی یەکتری بەرامبەر بە دوژمنی سەرەکییان دەوەستنەوە کە کۆنەپەرستانی ئێرانن.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٨، ١٩٢٠، ١٩٢٥ و ١٩٢٩، گەلی کورد دژی دەرەبەگایەتی و ڕەزا شای دیکتاتۆر هاوشانی فارس و گەلانی تر لە خەباتکردن بەرداوام بوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ساڵی  ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی (سمکۆی شکاك) دەستی پێکرد و بە تەواوی پشتگیرییان لە خەباتی گەلی ئازربایجان بە سەرۆکایەتی (شێخ محەمەد خیابانی) کرد کە دژبە کۆنەپەرستانی ئێران هەڵگیرسابوو.

حکوومەتی بەغداش لەم بوارەوە هیچی لە حکوومەتەکانی دراوسێ کەمتر نەبوو. حکومەتی بەغدا، بۆئەوەی لە حکوومەتەکانی تر دوا نەکەوێت، لەلای خۆیەوە دەستی دایە جێبەجێکردنی جۆرەها شێوازی پاکتاوکردنی نەژادی گەلی کورد، کە تێچوویەکی زۆری لەسەر دەکەوت و جارێکی تر ئەو تێچووەشی لە خودی کوردەکان وەردەگرتەوە[2].

دەسەڵاتدارە کۆنەپەرستەکانی هەر سێ وڵاتی عێراق، تورکیا و ئێران کە گەلی کوردیان دابەشی سەر چەند پارچەیەك کردبوو، بە پشتبەستن بە جۆرەها شێوازی پاکتاوی نەژادی، ڕێگریان لە پێشکەوتنی گەلی کورد دەکرد و بە هەموو شێوەیەك هەوڵیان دەدا ئەو بزووتنەوە ئازادیخوازانە دامرکێننەوە کە لە لایەن گەلی کوردەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هەڵدەگیرسان، ئەم سیاسەتە ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتی ئارامی لە ناوچەکە هێنایە گۆڕێ،

١ بولتەنی ژمارە ١٣، سەرچاوەی پێشوو.
٢ بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ بەشی یەکەم و بەشی دووەم.

بـەڵام کوردسـتان بـەردەوام وەك گڕکانێـك مایـەوە کـە هـەموو کاتێـك بـۆ هـەڵچوون و تەقینەوەیەکی سەرلەنوێ ئامادەبوو.

لەم بارەیەوە ڕامبۆ دەنووسێت: (بێ گوێدانە ئەوەی ئەو وڵاتانە چۆن پڕوپاگەندەی ئـەوە دەکەن کە کێشەی کورد لە وڵاتەکانیان بوونی نییە و شتێك بەناوی کـورد لـەنێو سـنوورەکانی ئەواندا ناژیت، هەرسێ وڵاتـی ئێـران، تورکیـا و عێـراق ئەوەنـدە لـەو کوردانـە دەترسـن کـە تەنانەت ڕێگە بە هاووڵاتییانیان نادەن وشەی (کورد) بە زاریاندا بهێنن. ئەوان هاوار دەکـەن کە ناترسن، کەچی تەواوی جەستەیان پـڕە لـە تـرس بەرامبـەر بـە کـورد، هـەرکاتێك کوردێـك ئاماژە بە بوونیان بە دراوسـێی باشـی یـەکتری کردبێـت، ئـەوان هەوڵیانـداوە لـەنێو خۆیانـدا ڕێکبکەون و بە بیانوی لەنێوبردنی (ئاژاوەگێڕ و جەردە) لەنێویانببەن)[1].

لە ڕاسـتیدا کـێشەی کورد، یەکێکە لە جدیترین کـێشـەی سیاسی ناوخـۆی حکومەتـەکانی عێراق، تورکیا و ئێران. ئەو کێشەیە تەنیا بە یەك ڕێگا چارەسەر دەکرێت، ئەویـش بەخشـینی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردە، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە و هیچ ڕێگاچارەیەکی تر نییە.

لە ئـەنجامی ئەو سیاسـەتە پەراوێزخسـتنەی گـەلی کـورد کـە لەلایـەن دەوڵەتـە دژە نەتەوەیەکان گیرایەبەر، کێڵگە نەوتییەکان و سامانە سروشتییەکانی تـری کوردسـتان لەلایـەن سەرمایەدارە بیانییەکانەوە دەستیان بەسەرداگیرا و بـەهۆی دروسـتکردنی پـاڵاوگەی نـەوت و هێڵـی شـەمەندەفەر و جـادەی بـەرفراوان کـە مەبەسـت لێیـان فراوانکردنـی ناوچـە پیشەسـازییەکانی ژێـر بەرژەوەنـدی سـەرمایەدارکان بـوو، بـە بیـانوی پەرەپێـدانی کـەرتی پیشەسازی بەشێوەیەکی سـەردەمیانە، دەیـان هـەزار جووتیـاری کـورد لەسـەر زەوییـەکانیان دەرپەڕێنران و دواتر ئەم جووتیارانە بوونە سەرچاوە و بنەمای دروستبوونی چینی کرێکار لـە کوردستان.

جووتیارەکان بەرەو شارەکان کۆچیان دەکرد و لەوێ لە کـارگـەکـانی هێڵـی شـەمەندەفەر، دروستکردنی جادەوبان، پیشەسازی نەوت، پاڵاوتنی نەوت و دامەزراوە بازرگانییەکان کاریـان دەکرد، هەر بۆیە ڕێژەی دانیشتووانـی کـورد لـە شـار و گـونـدەکـان، سـەرەڕای هـەژارتر بوونیـان، بـەردەوام لـە گۆڕاندایـە. لـە ئـەنجامی ئەمـەش ژمـارەی کرێکـار لە شارەکـان و جووتیاری بـەکرێگیراو لە گونـدەکان ڕووی لە زیادبوونـە، لە (سـەقز) کـە شـارێکی بچـووکی کوردستانی ئێرانە، لە کۆی (١٢٠٠٠) کەس، تەنیا ٥٠ بۆ ٦٠ خێزان جووتیـاری خـاوەن زەویـی بـوون، نزیکەی ١٣٠ بۆ ١٦٠ خـێزانیش وەك کـارمـەند لە دەزگا حکومیەکان کاریـان دەکـرد،

١ ل، ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢١.

باقی دانیشتووانی شارەکە کە ٨٠-٧٠ ٪ی دانیشتووانی شاریان پێکدەهێنا، واتە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس هەژار و کەم دەرامەت بوون[١].

بەشی هەرە زۆری کرێکاری کورد، لە پیشەسازی نەوتی کرمانشا، مووسڵ، کەرکووک، خانەقین و لە دامەزراوە پیشەسازییەکانی دروستکردنی ڕێگای هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگاوبان و لە دامەزراوە سەربازییەکان لە کوردستانی ئێران، تورکیا و عێراق کاریاندەکرد. لە هەمان کاتدا لەگەڵ پەیدابوونی دامەزراوە پیشەسازییەکان لە کوردستان کە بەسەرمایەی بیانی دروست کرابوون، پیشەسازی نەوت، دروستکردنی ڕێگای هێڵی ئاسنین، بەشێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند و بە بەردەوامی چینی کرێکار لە تەواوی ئەو دامەزراوانە لە زیادبووندا بوو، لە کوردستانی عێراق، لە کۆی ٦٧ هەزار کەس دانیشتووی شاری کەرکووکی کوردستان، ژمارەی کرێکار و ئەو خێزانانەی لە پیشەسازییە نەوتییەکان کاریان دەکرد دەگەیشتە ٢٥ هەزار کەس[٢].

بەشی هەرە زۆری کرێکاری کورد، لەو کارگانەی پاڵاوتن و دەرهێنانی نەوت کاریان دەکرد کە سەر بە کۆمپانیای (عێراق پترۆلیۆم) و لقەکانی بوون، بەتایبەت لە شارەکانی مووسڵ، کەرکووک و خانەقین.

بەپێی زانیاری و ئاماری وەزارەتی ئابووری عێراق لە ساڵی ١٩٥٥، ژمارەی ئەو کرێکارە کوردانەی لە کەرتی پیشەسازی کاریان دەکرد لە شارەکانی: مووسڵ، هەولێر، کەرکووک و سلێمانی، جگە لە دامەزراوە نەوتیەکان و پیشە دەستیە بچووکەکان، ژمارەیان ١٥٦٠٥ کەس بووە، لەوانە: ٨٠٣٢ کەس لە مووسڵ، ٣٥٢٧ کەرکوک، ٢٢٧٢ هەولێر، ١٧٧٤ کەس لە شاری سلیمانی. لە شاری کرماشانی کوردستانی ئێران، ژمارەی ئەو کرێکارانەی لە کارگەکاندا کاریان دەکرد لە نێوان ١٠٠ تا ١٢٠٠ کەس بووە. ئەم کرێکارانە لە ڕووی نەتەوەییەوە بەم شێوەیە دابەش دەکرێن: کورد ٤٥٪، فارس ٣٠٪، عەرەب ١٥٪، ئەرمەن ٧ ٪، جوولەکە ٢٪ و گەلانی تر ١٪[٣].

مەرجەکانی کارکردنی کرێکار لە عێراق هیچ دادپەروەرییەکی تێدا بەدی ناکرێ، لەو وڵاتە بە هیچ شێوەیەك ڕەچاوکردنی کاتی کارکردن، هاوکاری ماددی بۆ بێ کارەکان، پاراستنی

١ چەند زانیارییەك لە تێزی دکتۆرای عەزیز شەمزینی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٦، ل ٧٠.
٢ ڤ.س. باسکین، قۆرخکارییەکانی نەفت لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، (مۆسکۆ - ١٩٥٨)، ل ١٣٤.
٣ ڕۆژنامەی کوردستان، ڕێکەوتی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦.

سەلامەتی کرێکاران، هاوکاری ماددی کرێکاران، ئەوانەی توانـای کارکردنیـان لەدەسـت داوە، لە ئارادانیە. هەروەها هەوڵ نەدراوە ڕێکخراوی پیشەیی یان فێرکردنی پیشە دابمەزرێنرێ.

حکومەت و خـاوەن پڕۆژەکـان بـە شـێوەیەکی سـووك هڵسـوکەوتیان لەگەڵ کرێکارەکـان دەکرد، ئەوان هەر هەوڵێکیان لەباردەبرد کە بۆ چاککردنی کێشەکانی کار و ژیانی کرێکـاران دەدرا، کرێکاری عێراقی بەتەواوی پەیوەست بوو بـە خـاوەن کـارەوە. کۆمپانیـای حکـومی و دامەزراوە تایبەتیەکان ڕۆژی کـارکـردنـیـان دیاری کراو نەبوو، لەسەرکـار لابردنی کرێکـار بـە شاراوەیی ئەنجام دەدرا، ئەگەر کرێکارێک لەکاتی کـارکردن تووشـی ڕووداوێـك بهاتبـا ئـەوە بەهیچ شێوەیەك هاوکاری نەدەکرا، خۆ ئەگەر توانای کارکردنی نەمابا، ئەوا ڕاستەوخۆ لەسەر کار لادەدرا، ئەگەر کرێکار سکاڵایەکی پێشکەش کردبـا، ئەوە حـسـابی ئەو کاتەشـی لەگـەڵ دەکرا کە بە چارەسەرکـردنــی کێشـەکەیەوە فـەوتاوە و تیچووەکەشـی لـە کرێکارەکـە خـۆی وەردەگیرا، لەکاتێکدا کرێی کارکردن زۆر کەم بوو و بە سەختی بەشی بژێوی ژیانی دەکرد.

لابردنی کرێکار لەسـەر کـارەکەی، بەبێ ئاگـاداری پێش وەختـەی کرێکـار ئـەنجام دەدرا و بە خـواسـتی لێپرسراوی سەرووی خۆی جێبەجێ دەکرا، ئەو کرێکارانەی لە کارگەکانی هێڵـی ئاسن کاردەکەن، دەبێت تەنیا نیو ڕۆژ کاربکەن و کرێی نیو ڕۆژیشیان پێ دەدرێت، بەمـەش لە گوزەراندنی بژێوی ژیانیان تووشی زەحمەتییەکی زیاتر دەبن.

منداڵی خوار تەمەن ١٤ ساڵ، لە کارە گرانەکانی وەک بیناسـازی کاریـان پێـدەکرا و پـارەی ڕوژانەی کەمـتـر لەو کرێکارانەی لە خۆیان بە تەمەنتـربـوون پێدەدرا.

مـەرجـەکـانی سەلامەتی لە نێو کارگە و شوێنی مانەوەی کرێکارەکان زۆر مەترسیدار بـوو. کـۆمـپـانـیـاکـان و حکومەتی عێراق خەریکی چەوساندنەوەی چینـی کرێکـار بـوون، بـوونی جیـاوازی نەتەوایەتـی و دەسـەڵاتی مۆنۆپـۆڵە بیانییەکـان وای کـردووە لە عێـراق دیـاردەی ڕەگەزپەرستی دژ بە نەتەوەکان کارێکی ئاسایی بێت و دامەزرانـدی کرێکـار و مووچەکـەیان بەپێی نەتـەوە دیاریبکرێـت، وەك نموومـە، لـە دامەزرانـدنی کرێکارەکـان، سـەرەتا کرێکـاری عەرەب دادەمەزرێنرێت دواتر کرێکاری کورد، کرێکارە عەرەبـەکان کـاری بـاش بـە مووچـەی باشتریان پێدەدرێ وەك لە کرێکارە کوردەکان.

کرێکـارە کوردەکـان، ئەوانەی لە دروسـتکردنی هێڵـی ئاسـن و دروسـتکردنی ڕێگاوبـان کاردەکەن، ڕۆژانە نزیکەی ٥ درهەم کە یەکسانە بە (٦٠ کەپێک) وەردەگرن، ئەمە لەکاتێکـدا کرێکارێکی عەرەب کرێی ڕۆژانەی دەگاتە دوو ئەوەندە.

ئەم شێوازە جیاکارییە نەتەوەییە، تەنیا بەرامبەر بە کرێکاران ئەنجام نەدەدرا، بەڵکو چینی خوێندەوار و ڕۆشنبیریشی دەگرتەوە.

ئەمە وەك نموونە، بارودۆخی کارکردنە لە کۆمپانیا نەوتییەکان، دوای گەڕانەوەی سێ ئەندازیار لە ئینگلترا کە دووانیان عەرەب بوون و یەکێکیان کورد بە ناوی (شەعبان خەلیل)، خەڵکی شاری ئامێدی، کاتێك دوای گەڕانەوەیان خرانە سەر کار، ئەندازیارە عەرەبەکان مووچەی ١٣٠ دیناریان بۆ تەرخانکرا، بەڵام کوردەکە مانگانە ٣٥ دیناری بۆ بڕایەوە، واتە چوار جار کەمتر لە ئەندازیارێکی عەرەب، ئەمە لەکاتێکدا هەردووکیان یەک جۆرە پیشەیان هەبوو و کۆلێژی جیولۆجیان لە ئینگلترا تەواوکردبوو. نموونەی تر زۆرە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان، لە زانکۆی بەغدا مامۆستایان وانەی زمان دەڵێنەوە، عەرەبەکان لە مانگێک نزیکەی ١٠٠ دینار وەردەگرن، بەڵام مامۆستای کورد ٤٠ دینار وەردەگرێت، ئەم نموونانە بە ڕوونی نیشاندەری دیاردەی جیاوازی نەتەوایەتین لە بواری موچەی فەرمانبەر و کرێکارەکان لە عێراق.

ئابووریی عێراق تا ڕادەیەک بەهێواشی گەشەدەکات و ئاستی بژێوی ژیانی دانیشتووان زۆر نزمە.

داهاتی نەتەوەیی عێراق لە ساڵی ١٩٥٦ بەم شێوەیەی خوارەوەبوو:

| سەرچاوەکان | داهات بەملیۆن دینار |
|---|---|
| کرێ | ٦٥ |
| نرخی بەکرێ دان | ٢١ |
| ڕێژە و قازانج | ٩٩ |
| دەرامەتی نەوت | ٦٩ |
| داهاتی پارە/بەرووبوومی سروشتی | ٣٨ |
| **کۆی گشتی** | **٢٩٢**[١] |

بە پێی داتای فەرمی، ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە هەمان ساڵ پێنج ملیۆن کەس بووە، داهاتی نەتەوەیی هەر تاکێکی عێراقی بریتی بووو لە ٥٨١٤ دینار.

---

١ س.س. گاڤان، کوردستان، بەشی. ئابووری نەتەوەی کورد.

داهاتی جووتیـاران کە ٦٥٪ هـەموو دانیشتووانــی عـێـراقـیــان پێکـدەهێنا، هـەروەک لـە خشتەی سەرەوەدا هاتووە، ڕێژەی مام ناوەندیی بۆ هەر جووتیارێکی عێراقی بریتی بووو لـە ١١,٨ دینار.

تەواوی ئەوەی خرایـە ڕوو، بـاس لـە مەینەتیـەکانی خـەڵکی زەحمەتکـێش و گـەلی کـورد بەتایبەتی دەکات، جگە لە ئاغا و دەرەبەگەکان.

دەسـەڵاتدارە مۆنۆپـۆڵە ئیمپریالیستـەکـان، کـوردستانیان کـردە چـوار بـەش و ئەو وڵاتە دەوڵەمەندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیکیان کردە کۆلۆنی و سەرچاوەی کەرەستەی خـاوو و بازاڕی هەرزانی هێزی کرێکار، ئەمەشیان بەهۆی هەژاری و نەداری خەڵکی کوردسـتان بـۆ چووە سەر.

## ٣- دابەش کردنی کوردستان لەلایەن دەوڵەتانی ئیمپریالیست و هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ پاراستنی مافەکانی

**حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم**

کۆتایی سەدەی ١٩ لە کومەڵگای کوردیدا، سەرەتای پێکهێنانی پارت و چاپەمەنی بوو، بەمەش قوناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دەستی پێکرد و پەرەیسەند.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، بەهۆی کاریگەری ژمارەیەك لەو کوردانەی لە شاری ئەستەمبۆل و چەند شارێکی تری ئەوروپا دەیانخوێند، هەروەها کاریگەری ئەدەبیاتی میللی کورد کە دواتر لەلایەن حاجی قادری کۆیی شاعیرەوە پەرەی پێدرا، پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی. لەو ماوەیەدا ڕەنگدانەوەی بیری نیشتمان پەرستی لە هۆنراوە نەتەوەییە کوردییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیسەند.

هەروەها بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، کەوتبووە ژێر کاریگەری بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەرمەنییەکان و نەتەوە ئەوروپییەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکان، بەتایبەت بزووتنەوەی بولگارییەکان کە بە یارمەتی ڕووسەکان توانییان ئازادیی و سەربەخۆیی نەتەوەکەیان دەستەبەر بکەن.

سالی ١٨٩٥*، ڕۆژنامەی کوردستان بڵاوبوویەوە کە داکۆکی لە پرسی کورد دەکرد، ئەو ڕۆژنامەیە لە لایەن (مقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە دەرکرا و ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی گەلی کورد. بانگەوازەکانی ئەم ڕۆژنامەیە یارمەتیدرێکی باشبوون بۆ یەکخستن و یەکدەنگکردنی کۆمەڵە و سەرکردەکانی کورد. یەکێك لە ئەنجامە گەورەکانی ئەو ڕۆژنامەیە، هێنانە کایەوەی کۆمەڵگایەکی نیشتمان پەرستی کوردی بوو کە لە چوارچێوەی هیچ حزب و گرووپێکدا یەکگرتوو نەبوون. ئەم ڕۆژنامەیە بوو بە ئۆرگان و زمانحاڵی ئەو نیشتمان پەرستە کوردانەی کەوتبوونە ژێر کاریگەری تورکە چاکسازی خوازەکان کە بۆ گۆڕینی دەستوور و فراوانکردنی دیموکراسی لە وڵاتەکەیان خەباتیان دەکرد.

* دەکرێ ساڵی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە هەڵە نووسرابێ لە ڕاستیدا ساڵی ١٨٩٨ە. وەرگێڕ.

شۆڕشی ڕووسیای ساڵی ١٩٠٥، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی هەبوو[١].

نیشتمانپەروەرە کوردەکان، هاوشان لەگەڵ ڕیفۆرمخواز و نیشتمانپەرەوەرانی تورك و فارس لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێکەوە دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کرد و ڕۆڵێکی کاریگەریان لە ڕێکخستن و سەرپێخستنی ڕاپەڕینی (مەشروتە) لە ئێران و کودەتای عوسمانییەکان بینی و لە هەردوو بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی کاریگەری گەورەیان هەبوو.

کورد بۆ هاوکاری و دۆستایەتی لەگەڵ سەرکردەکانی کودەتای عوسمانی و لاوانی تورك هەوڵێکی زۆریاندا و خوازیاری ئەوەبوون لە ژیانی دەستوری وڵاتدا بەشداری کارا بکەن، ئەوان خوازیاری ئەوەبوون مافە سەرەکییەکانیان دەستەبەربکرێن و ئۆتۆنۆمییان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی پێ بدرێ، بەڵام پاش ئەوەی ڕیفورمخوازە تورکەکان ڕوویان لە نەژادپەرستی کرد و هەستی شۆڤێنییەت بەسەریاندا زاڵ بوو، کورد لێیان جیابووەوە و کۆمەڵی سیاسی و کەلتووری خۆیان دامەزراند.

ساڵی ١٩٠٨ چەند کۆمەڵەیەك دامەزران، لەوانە "کۆمەڵەی تعالی و تەرەقی کورد" و "کۆمەڵی پێشکەوتن و گەشەسەندنی کورد"، ئەم ڕێکخراوانە بوونە هۆی یەکخستنی دەنگی سەرکردەی بنەماڵە کوردەکانی وەك: شێخ عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان، ژەنەڕاڵ شەریف پاشا، زولکفل و چەندین ئەفسەر و ڕۆشنبیری تری کورد.

دوای بڵاوکردنەوەی دەستوری تورکیا، ڕۆژنامەی "کوردستان" سەرلەنوێ دەست بە لەچاپدانەوەی کرا، هەروەها قوتابیانی کورد کۆمەڵە بەناوبانگەکەی خۆیان بە ناوی "هێڤی- الأمل"یان لە ساڵی ١٩١٠ دامەزراند، ساڵێك دوای ئەوەی تورکەکان کۆمەڵەی تەعال و تەرەقی و قوتابخانەیەکی کوردیان لە شاری (چەمبەرلی تاج) داخست، کۆمەڵەی هێڤی ڕۆژنامەیەکیان بە ناوی "ڕۆژی کورد" دەرکرد.

بەم شێوەیە بینیمان کە چۆن بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، قۆناغی ڕێکخستنەوە، بەرزکردنەوەی هەست و بیر، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و ڕۆشنبیری، قۆناغی هاوکاری لەگەڵ نیشتمانپەروەرە تورکەکان لە خەباتی دژبە کۆیلایەتی و ژیانی دەستوری و مافە نەتەوەییەکان.

١ بولتەنی زانیاری وڵاتانی دەورەبەری ناوچەی سەربازی قەفقاز، ژمارە ٤٠، ١٩١٢، ل ١٦.

ئەمە لە کاتێکدا، لاوانی تورک بە بیروباوەڕی تورکچێتی گۆش کرابوون، ئامانجەکەشیان بریتی بوو لە پاکتاوکردنی ڕەگەزی غەیرە تورک و دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی تورکی فراوان. هەربۆیەش "لاوانی تورک" سیاسەتی دوژمنکاریان دژبە نەتەوەی کورد، عەرەب و ئەرمەنی پەیڕەو کرد، ئەمەش وایکرد دوژمنایەتی لە نێوان ئەو نەتەوانە و ئەو بۆچوونە ڕەگەزپەرستانەیەی لاوانی تورک سەرهەڵبدات، ئەمە کۆتایی قۆناغی خەباتی هاوبەش بوو، هاوکات هەستی نەتەوایەتی لای گەلی کورد بەهێزتر کرد.

شاعیری بەناوبانگ، ئەبوقاسم لاهوتی (لاهوتی خان)، لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (کوردستان و کورد) لە گۆڤاری (ڕۆژهەڵاتی نوێ) لە ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٢٣، لە لاپەڕە (٦٥) نووسیویەتی: (سیاسەتی شۆڤێنی و تورکچێتی لە نێو لاوانی تورک، بزووتنەوەی لاوانی کوردی هێنایە کایەوە، هەروەها بووە هۆی سەرهەڵدانی هەستی دژە نەتەوەپەرستی لای گەلانی وەك عەرەب و خەڵکانی تری نێو ئیمپراتۆریەتی تورکیا).

لاوانی کورد ئەو هەستەیان لا دروست بوو کە یارمەتیدانی لاوانی تورکی شۆڤێنی نایانگەینێت بە ئامانج، بۆیە دەستیانکرد بە بەهێزکردنی ڕێکخراوەکانیان و پەرەدان بە خەبات و پەیوەندیی بەستن لەگەڵ دراوسێکانیان. قەناعەتیان بەوەهێنا کە هەرگیز بە هاریکاری کردنی لاوانی تورکی شۆڤێنیست سەرناکەون، بۆیە گەلی کورد چالاکیەکانی بەهێزتر کرد، بە توندوتۆڵ کردنی کۆمەڵگا و فراوان کردنی خەباتی خۆیان. لەو کاتەدا یەکەمین هەوڵەکانی میر عەبدولڕەزاق بەدرخان و چەند کەسایەتییەکی تری کورد بۆ دروستکردنی پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسیا دەستیان پێکرا، بۆئەوەی سوود لە یارمەتییەکانیان وەربگیرێت.

دوای دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی، شۆڕش و ڕاپەڕین لە ناوچەکانی بارزان، بتلیس و چەندین ناوچەی تری کوردستان دەستیان پێکرا. هاوکات، تورکیا، بە دروشمی "جەنگی پیرۆزی ئیسلامی" چووە نێو شەڕەکەوە، ئەم دروشم و پروپاگەندەیە و پارێزگاریکردن لە ئاینی ئیسلام و هاوپەیمانی موسوڵمانەکان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی خستە نێو بارودۆخێکی سەختەوە، نیشتمانپەروەرە ئاگا و وشیارەکان لە ناوەڕۆکی ئەو دروشمە گەیشتبوون، بۆیە بەشێك لەوان پەیوەندییان بە ڕووسەکانەوە کرد و داوایانلێکردن بەشێوەی سەربازی یارمەتی ئازادکردنی کوردستان بدەن و لەژێر دەسەڵاتی تورکەکان دەریان بهێنن.

کونسوڵی گشتی پێشووی ڕووسیا لە شاری ورمێ، ڤاسیلی نیکیتین، دەڵێت: "لە کۆتایی ساڵی ١٩١٧، ئەوکاتەی کونسوڵ بووم لە ورمێ، چاوم کەوت بە وەفدێکی (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان)، وەفدەکە نامەیەکی بەڕێز (تاها)یان پێدام، لە نامەکەیدا داوای لێ کردبووم، پەیوەندیی بە هێزەکانی ڕووسییاوە بکەم و ڕەزامەندییان وەربگرم، بۆئەوەی یارمەتیان بدەم لە دژی تورکەکان و ئازادکردنی کوردستان"[١].

هۆکاری خۆ بە پاشگرتنی ڕووسیا لە یارمەتیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بۆ مۆرکردنی ڕێککەوتنامەیەکی نهێنی نێوان قەیسەری ڕووس و ئینگلیز و فەڕەنسا دەگەڕێتەوە کە دواتر لەلایەن بەلشەڤییەکانەوە ئاشکرا کرا (مەبەست ڕێککەوتنامەی سایکس -بیکۆ)یە. بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە کوردستان دابەشکراوە و بەشی ناوەڕاستی دراوە بە ڕووسیا کە ئەوکاتە بەدەست تورک و ڕووسەوە بوو، خوارووی کوردستان کە ئێستا بەدەست عێراقەوەیە، درابووە فەڕەنسا، هەرچی کوردستانی ئێرانە، بەتایبەت ئەو ناوچانەی بە ئەردەڵان و کرمانشادا تێدەپەڕی تا دەگاتە لۆرستان و باشتوک، درابووە ئینگلیز.

بەرژەوەندیەکانی قەیسەر، لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، یەکیان نەدەگرتەوە، ڕزگارکردنی کوردستان پێشێلکاریەک بوو بەرامبەر بە ڕێککەوتنامە نهێنییەکەی ئیمپریالیستەکان و داخوازی کۆلۆنیالیستەکان.

جەنگی یەکەمی جیهانی، بەپێچەوانەی خواست و ئارەزووەکانی هەر سێ دەوڵەتی ئیمپریالیستی کۆتایی هات، قەیسەر ڕووخا و یەکێتی سۆڤیەت لەسەر کەلاوەکانی دامەزرا. حکومەتی سۆڤیەتی ڕایگەیاند، لە دژی هەموو سیاسەتێکی ئیمپریالیستی قەیسەرە و چاوپۆشی لە تەواوی مافەکانی لە ڕۆژهەڵات دەکات.

دامەزراندنی دەوڵەتی سۆڤیەت، بووە هۆی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کرێکارە شۆڕشگێڕەکان لە ئەوروپا و ئاواتی گەلانی ژێردەستی ئیمپریالیزم، بەتایبەت گەلی کورد کە هیوای هێنانەدی ئازادی و سەربەخۆیی زیندووکردەوە و بزووتنەوەی نەتەوەیی گەلانی ڕۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی بەرچاو پێشخست. گەلی کوردیش بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین دەنگی هەڵبڕی، بەڵام گرووپە سیاسییە کوردییەکان کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیان دەکرد، ئەوەندە بەهێزنەبوون بتوانن ئەو ئەرکە نەتەوەییە گرنگە بەجێ بگەیەنن.

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان فایلی ژمارە ٣، ١٩٦٣.

گرنگترین هۆکاری ئەو بێهێزیە لەوەدابوو کە لە کوردستان پارتێکی جەماوەری نەبوو بتوانێ هێزە سەرەکییەکانی گەلی کورد یەکبخات و سەرکردایەتی ئەو خەباتە بکات، هەروەها یەکێتییەکی بەهێز لە نێوان هێزە جیاوازە کوردییەکان نەبوو. نەبوونی پارتێکی پێشڕەو، هەروەها نەبوونی سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕی بە ئەزموون و پەرتوبڵاوی هێزە کوردییەکان ڕێگەی بۆ داگیرکاری ئینگلیز و داروەدەستەکەی بۆ پیلانگێڕی دژی گەلی کورد و بە کۆیلەکردنی کوردستان و دابەشکردنی خۆشکرد.

ئەو پارت، کۆمەڵە و گرووپە نەتەوەییە کوردییانەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دامەزران، هەروەک ئەوانی پێشووتر ڕێکخراوی نەتەوەیی و جەماوەری نەبوون، پەیوەندیی نێوان ئەو گرووپ و ڕێکخراوە کوردییانە زیاتر لەسەر بنەمای بنەماڵە و عەشیرەتگەری بوو کە بووە هۆی زیاتر لێك دوورکەوتنەوە و لاوازبوونیان. هەرچی ڕێکخراوە دیموکراسییە کوردییەکان بوون، پەیوەندییەکی فراوانی ئەوتۆیان لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردیدا نەبوو، ئەمەش زیاتر ڕێخۆشکەربوو، بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردی ئاسانتر فریوی ئیمپریالیزم بخوات.

سەرباری ئەمەش، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، چەندین ئەرکی گرنگی بەجێگەیاند. شاندێکی کوردی بە سەرۆکایەتی جەنەڕاڵ (شەریف پاشا) چووە کونفرانسێکی جیهانی کە لە پاریس بەسترابوو. بەندەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ی پەیمانی سیڤەر دەڵێ: (کوردستانی عێراق و تورکیا، تەنانەت پێش وەرگرتنی سەربەخۆیی تەواو، مافی چارەی خۆنووسینیان بۆ دەستەبەر دەکرێت). ئەوە بوو لە باشووری کوردستان حکومەتێکی کوردی کە ناوەندەکەی سلێمانی بوو بە سەرۆکایەتی (شێخ مەحمود) دامەزرا، هەروەها هێزی چەکداری کوردی پێکهێنرا.

بەم شێوەیە پرسی کورد بوو بە پرسێکی جیهانی و گرنگی پتری پێدرا، بەڵام بەداخەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد لەبەر ئەو هۆکارانەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، پارچەپارچە بوو و سەرکردایەتییەکەی نەیتوانی وەک پێویست ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. ئەوەش دەبێت بگوترێت، ڕێکخراوەکانیش هێشتا بەباشی ڕێکنەخرابوون و هۆشیاری خەڵکیش لەم ڕووەوە هێشتا لاواز بوو. حزب و ڕێکخراوە کوردییەکان تەنیا تایبەتبوون بە چینی باڵای کۆمەڵگای کوردی و بزووتنەوەکە تا ڕادەیەکی زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەری پڕوپاگەندەی ئاینییەوە کە لەلایەن تورك و فارسەکانەوە پەرەی پێدەدرا.

سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی، لە نێوان (شێخ مەحمود) لە کوردستانی باشوور و پارتە کوردستانییەکانی تورکیا کە زیاتر بە دژایەتیکردنی یەکترییەوە خەریکبوون دابەش ببوو. سەبارەت بە ئێرانیش، هێشتا بزووتنەوەکەی (سمکۆ) دژی دەسەڵاتی حکومەتی فارس لە خەباتدا بوو[1]. جگە لەمانەش چەند بزووتنەوەیەکی تری هۆزەکیش لەم لاو ئەولا بەدیدەکران.

---

١ ئیسماعیل ئاغا – سمکۆ، یەکێك بووە لە سەرکردە دیارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٣٠.[x]
ناوبراو یەکێك بووە لە سەرۆك هۆزەکانی شکاکی کوردستانی ئێران و لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێرانی گرتۆتە ئەستۆ.[xx]
حکومەتی پاشایەتی خوازیاری دروستکردنی دەوڵەتێکی ملکەجی خۆیی بوو لە باکووری ئێران، بۆیە هەوڵی لەنێوبردنی شۆڕشی دژە پاشایەتی و دەرەبەگایەتی سمکۆی دا و دەستی کرد بە کۆمەڵکوژی کورد و ئەرمەنییەکان.[xxx]
دوای شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەر، سوپای ڕوسیا لە عێراق کشایەوە و بڕێکی زۆر چەکی لەناو خاکی کوردستانی عێراق جێ هێشت، کە دواتر کەوتە دەست کوردەکان[xxxx] بەمەش کوردەکان لەنێو سنوورەکانیان دەسەڵاتیان گرتەدەست. سمکۆ کە سەرکردایەتی بزوتنەوەی جووتیارانی دەکرد و دژبە کۆنەپەرستانی ئێران دەنگی هەڵبڕی، نزیکەی تەواوی کوردەکانی باکوری ڕۆژئاوای عێراق پەیوەندییان بە شۆڕشەکەیەوە کرد. ئیسماعیل ئاغا (سمکۆ) پشتگیری خۆی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلانی تری ئێران دەربڕی و پەیوەندی لەگەل (محەمەد خیابانی) سەرکردەی بزوتنەوەی دیموکراتی لە ئازربایجانی ئێران بەست.
سمکۆ خەباتی بێوچانی خۆی دژی کۆنەپەرستی لە ئێران درێژەپێدا و لە ساڵی ١٩٢٢ شێخ عەلی نیزکی لەناوبرد کە بەڕێنمایی (ڕەزا خان) دژی سمکۆ شەڕی هەڵگیرساند، لە هەمانکاتیشدا ئەحمەد ئاغای لەناو برد کە بەبڕیاری عێراقییەکان دەستی کرد بە دژایەتی کردن و هێرشی چەکداری دژی سمکۆ، لە ساڵی ١٩٢٣، سمکۆ لە باکووری کەناری دەریاچەی ورمێ هێزە گەورەکانی (ئەمیر ئەرشد کەراچاداغی) تێکشکاند کە هەوڵی دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی سمکۆی دەدا.[xxxxx]
بەمەش کاریگەریی (ئیسماعیل ئاغا) بەخێرایی لەناو گەلی کوردا گەشەی سەند، سمکۆ ببووە سەرکردەی زۆربەی ناوچە کوردیەکانی وەک: کاتور، خۆی، ماکۆ، دیلمان، ورمێ، سەقز، سابڵاخ، شنۆ، نەغەدە، بانە، بۆکان و سەردەشت. سمکۆ سوپایەکی پێکهێنا کەبە (١٠٠٠٠) کەس مەزەندە دەکرا، لە شاری ئورمێ ڕۆژنامەی "کوردستان"ی دەرکرد کەتێیدا ڕووداوەکانی ناوچە کوردیەکانی دەنرخاند و تیشکی دەخستە سەر بارودۆخ لە ئێران و تورکیا و عێراق و ئامانجی بزووتنەوەکەی ڕوون دەکردەوە. جوڵانەوەکەی سمکۆ سوودی لەو ناوبانگە گەورەیە و خۆشەویستییەی لەناو گەلی عێراق هەیبوو وەرگرت، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٢٦ سەربازەکانی (سەربازگەی سەلماس) لە عێراق، دژایەتی کردنی سمکۆیان ڕەتکردەوە و وەزیری جەنگ (ئەحمەدی) لە مەجلیسدا گوتی، سەربازەکانی فەوجی سەلماس فەرماندەکەی خۆیان کوشتوە و مۆڵگەکەیان سوتاندوە و هەڵاتوون بۆ لای سمکۆ.[xxxxxx]

ئـەم پەرتەوازەییـە مەترسـییەکی گـەورەبوو لەسـەر خـەباتی گـەلی کـورد کـە لەلایـەن کەمالیست، ئیمپریالیست و هەڵپەرستانی ترەوە بە سەرکەوتوویی و لە بەرژەوەنـدی خۆیـان قۆسترایەوە.

دوای سەرکوتکردنی شۆڕشی عێراق، بــەریتانیا حکومـەتێکی دەسـتەمۆ و ملکەچـی خـۆی لـەو وڵاتـە هێنایـە سـەر دەسـەڵات و ئـەو حکوومەتـەی ناچـارکرد ڕێککەوتننامەیـەکی نـا بەرامبەری لەگەڵدا واژووبکات.

---

بزوتنەوەی سمکۆ بووە جێی بایەخ و سەرنجی (مستەفا کمال)، ئەو پێی وابوو ئەگەر ئەم بزووتنەوەیە بێ بایەخ لە قەڵەم بدرێت، ئەوە لە داهاتوو سمکۆ لە یۆنانیـەکـان بـەهێـزتر دەبێـت، ئەگـەر چـی پێشـتر سمکۆ لەگەڵ (مـسـتـەفـا کـەمـال) بەگژیەکدا چووبوون، لەگەڵ ئەوەشدا (مستـەفـا کـەمـال) پێشـنیاری دۆستایەتی دایە سمکۆ کە باجەکەی کۆتایی ژیانی لایەنی دووەم بوو.
لە لایەکیترەوە سـەرکەوتنەکانی جوولانـەوەی سـمکۆ، حکومـەتـەکانی ئێـران و عێراقـی بێزارکردبـوو و بـە پشـتیوانی ئینگلیزەکـان ئەو دوو حکومـەتە هـەوڵی لەنـاوبردنی ئەو بزوتنەوەیـان دا. بەوپێیـەی سـمکۆ خەباتی دژ بە (٣) حکومەت دەکرد، لە ساڵی ١٩٢٨ لە ئەنجامی هێرشـێکی گـەورەی سـوپای ئێرانـی و لە شەڕێکی دژواردا بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کـورد شکستیهێنا و سـمکۆ پـەنای بـردەبەر چیاکـانی کوردستان، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـمکۆ درێـژەی بـە خـەباتی خـۆی دا. سـاڵی ١٩٣٠ حکومـەتی ئێـران زانـی هەوڵەکانی بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەکەی سمکۆ بێ ئاکامن، بۆیە ناچار پەنای بردە بەر خیانەت و فرتوفێڵ، ئەوەبـوو سـمکۆیان بـە مەبەسـتی گفتوگـۆکردن لەگـەڵ "شـا" بانگێشـتی شـاری شـنۆ کـرد. ئەویـش بانگێـشـتەکـەی قـبـوڵ کـرد و لەگەل هێزێکی بچووك بەرەو شنۆ ڕۆیشت. فەرماندەی بەتاڵیون (سـدیق خان) لە پێشوازی سمکۆ دابوو و ڕایگەیانـد "شـا" نـەیتوانی خـۆی بێـت و نـاوبراوی ڕاسپاردووە گفتوگـۆ لەگەل سمکۆ ئەنجام بدات. لە ڕۆژی سـێـیـەم لەکـاتێکدا سـمکۆ خـۆی بـۆ گەڕانـەوە ئـامادەکـردبـوو، لەکاتی ماڵئاواییکردن بەشێوەیەکی خیانەتکارانـە دەسـتڕێژیان لـە خـۆیی و هێزەکـەی کـرد و لـە تـەواوی هێزەکەی تەنها (٢) کەس بەزیندوویی مانەوە.xxxxxxx
ئا بەم جۆرە کۆنەپەرستانی ئێران کێشەکەیان لەگەل قارەمـانی بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەی کـورد یەکلاکردەوە.

x- ئۆ.ل. ڤلچۆچسکی، باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران، (١٩٤٤)، ل ٦٤.
xx- عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٧.
xxx- عەلائەددین سجادی، شۆڕشی کورد، (١٩٥٩)، ل ٢٥٠.
xxxx- عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٨.
xxxxx- عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٥.
xxxxxx- ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٤٩.
xxxxxxx- عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٦.

ئینگلیزەکان هیوایەکی ئەوتۆیان بە سوودوەرگرتن لە دەوڵەتی نەتەوەی کوردی شێخ مەحموود نەمابوو کە ساڵی ١٩٢٢ لە باشووری کوردستان دایانمەزراندبوو، لەکاتێکدا ئینگلیز و عێراقیەکان پێشتر دانیان بەوەدانابوو کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە. دوای بەهێزبوونی بزووتنەوەی کەمالیستی کە گەورەترین زەبری لە نەتەوەی کورد دا، ئینگلیز بە ئاشکرا سیاسەتی ئیمپریالیستی گرتەبەر و هەڵوێست و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بەدەرخست، ئەنجامی ئەمەش لێدان بوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی و ڕووخاندنی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود، دواتر لەگەڵ کەمالیستەکان، کەوتنە گفتوگۆ و ڕێککەوتننامەی لۆزان لە نێوانیاندا واژووکرا کە تەواو پێچەوانەی پەیمانی سیڤەر بوو، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە ناوەڕاستی کوردستان دەدرایە کەمالیستەکان لەکاتێکدا بەپێی بڕگەکانی ٦٢-٦٣-٦٤ی پەیمانی سیڤەر ناوەڕاستی کوردستان مافی ئۆتۆنۆمی پێ دەدرا و دواتر دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ شوێنی دەگرتەوە.

بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، بە خەباتی چەکداری وەڵامی دەستدرێژی ئینگلیزە ئیمپریالیستەکانی لە کوردستانی عێراق دایەوە و کوردی تورکیاش ساڵی ١٩٢٥ بە سەرکردایەتی (شێخ سەعید) و چەند کەسایەتیەکی نیشتمانپەروەری تر شۆڕشیان هەڵگیرساند.

ئەم بزووتنەوە و شۆڕشە چەکدارییە خوێناوییانە ماوەیەکی کورتیان خایەند، ئەگەرچی سەرکوتکردن و دامرکاندنەوەی خەباتی نەتەوەیەك کە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆی بەهەر نرخێکبێت ئامادەی هەموو جۆرە قوربانیدانێکە، کارێکە مەحاڵە.

تورکەکان کەوتنە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و پێشەواکانی شۆڕش لەوانە شێخ سەعید و دکتۆر فوئادیان لە سێدارە دا. لە بەرامبەریشدا پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانی تورکیا لەنێو خۆیان کەوتنە گفتوگۆکردن و هەوڵیاندا یەکبگرن و هێزی خۆیان یەکبخەن.

هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دەزانێت، بەهۆی زوڵم و سەرکوتکردنی دڕندانەی تورکەکان دوای کودەتاکەی ساڵی ١٩٢٥ بەرامبەریان، بێ هیوایی و خەم و پەژارە باڵی بەسەر نیشتمانەکەیاندا کێشاوە، بۆیە ساڵی ١٩٢٦ تەواوی هێزە نیشتمانپەروەرەکان بڕیاریاندا کۆنگرەیەکی سەرانسەری کوردستان ببەستن و تەواوی سەرکردە، سەرۆك هۆز، بەرپرسی دەوڵەتی، ناوەندە پێشڕەوەکان بەشداری تێدابکەن، ئامانج لە کۆنگرەکە ئەوەبوو بڕیارێکی هاوبەش بدەن، هەرچی زووە بەرپەرچی زوڵم و ستەمی تورکەکان بدەنەوە و

کوردستان لەژێر چنگی دەربهێنن. بە پێچەوانەوە تورکەکان دەتوانن ناکۆکی بخەنە نێوان هۆزە بەهێزەکان و هۆزە بچووکەکانیش لەنێو ببەن.

تەواوی هێزە نیشتمانپەروەرەکان لەسەر بەستنی (کۆنگرەی گشتی نەتەوەیی) لە ساڵی ١٩٢٧ لە کوردستانی تورکیا ڕێککەوتن، دانیشتنەکانی کۆنگرە یەک مانگ و نیویان خایاند، کۆنگرە گرنگترین بڕیارەکانی پەسەندکرد، لە خوارەوە ئاماژەمان بە بەشێکیان داوە:

١- هەڵوەشاندنەوەی گشت ڕێکخراوە نەتەوەییە کوردییەکان، لەپێناو دامەزراندنی یەك ڕێکخراوی نەتەوەیی کە تەواوی ئەندامانی ڕێکخراوە کۆن و تازەکان بەشێوەیەکی یەکگرتوو بەشداری تێدا بکەن.

٢- بەردەوامیدان بە خەبات دژی تورک، تا ئەوکاتەی دوا سەربازی تورك خاکی کوردستان جێدەهێڵێت.

٣- ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە لەپێناو هەنگاونان بەرەو شۆڕشی گشتی نەتەوەیی:

ا- پێویستە سەرکردەیەکی گشتی بۆ تەواوی هێزە نیشتمانییە نەتەوەییە کوردییەکان دەستنیشان بکرێت.

ب- ڕێکخستنی تەواوی هێزەکان بەشێوەی سەربازی نموونەیی و ئامادەکردن و پڕچەککردنیان بە چەك و تەکنیکی سەردەم.

ج – دامەزراندنی مەڵبەندی گشتی شۆڕشگێڕی سەرکردایەتی باڵای هێزی نیشتمانی نەتەوەیی، لەگەڵ بارەگای گشتی لە یەکێک لە شاخە بەرزەکانی کوردستان[1].

لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمەڵە کوردییە کۆنەکان، پارتی (خۆیبون) واتە "پارتی سەربەخۆیی کوردستان" لە کوردستانی تورکیا دامەزرا. (خۆیبون) لە ساڵی ١٩٢٧دامەزرا، ئەم پارتە بورجوازی کوردی، ڕۆشنبیر و بەشێکی زۆری دەرەبەگی کوردی یەکخست. (خۆیبون) سیاسەتی ئینگلیزەکانی گرتەبەر و دروشمی دامەزراندنی (کوردستانی گەورە)ی بەرزکردەوە.

دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی کورد لە تورکیا لە ساڵی ١٩٣٠-١٩٣١، (خۆیبون) ڕۆڵ و کاریگەرێتی خۆی لەناو گەلی کورد لەدەست دا و تا جەنگی دووەمی جیهانی کاری کەلتووری ئەنجام دەدا، پارتی (خۆیبون) لە سەرتای جەنگی دووەمی جیهانی نەما و

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان فایلی ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٣.

کۆتاییهات، کەواتە پارتی (خۆیبون) هەمــوو کەمووکوڕیەکانی کۆمەڵە و گرووپە کۆنەکانی کوردی لەخۆ گرتبوو. ئەم پارتە کەمووکوڕیەکی زۆری لە ڕووی چالاکی ڕێکخستنەوە تێدا بەدی دەکرا، سەرکردایەتییەکی لاوازی هەبوو و بنکەی توندوتۆڵی لەناو جەماوەری کوردی نەبوو، لاوازیی چالاکییەکانی، پارتەکەی بەرەو لەناوچوون برد.

**شەڕی ئیمپریالیستەکان لەسەر کوردستان**

لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست، ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست سەرنجی وڵاتە کۆلۆنیالیە ئەوروپیەکانی ڕاکێشا. لە سەرەتای سەدەی بیست، ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان فەرمانڕەوایی سێکتەرە گرنگەکانی عێراقیان گرتبووە دەست و ئەو وڵاتەی وەک بازاڕێک بۆ کەلوپەلەکانی خۆی بەکاردەهێنا.

هاوکات وڵاتانی تری ئیمپریالیستی وەك فەڕەنسا و ڕووسیا و بەتایبەت ئەڵمانیا هەوڵی ئەوەیاندا بگەنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەوێ جێگیربن. ئەڵمانیا بووە گەورەترین ڕکابەری ئینگلیز و هەوڵیدا دەسەڵاتە ئابووری و سیاسییەکانی لە عێراق فراوانتربکات. دەسەڵاتدارانی ئەڵمانی بەوەی کە عێراق لەژێر سایەی مۆنۆپۆڵە ئەڵمانیەکاندایە پروپاگەندەیەکی شێتانەیان بڵاوکردەوە. هاتنە ناوەوەی ئەڵمانیا بۆ عێراق ئەوکاتە دەستیپێکرد و بەهێزبوو کاتێك گرووپە دارایيە ئەڵمانییەکان، ئەوانەی بانکی ئەڵمانی سەرۆکایەتی دەکردن نیوەی ئیمتیازی دروستکردنی هێڵی ئاسنینی بەغدایان وەرگرت.

ئەم هەلومەرجە ڕێگا خۆشکەربوو بۆ ملکەچ کردنی تەواوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەڵمانیا کە عێراقیشی دەگرتەوە. بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیستی ئەڵمانیا لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی سەرانی دەسەڵاتدار لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی یەکیان دەگرتەوە، بۆیە ئیمپریالیستی ئەڵمانی بە مانەوەی دەسەڵاتی تورکی لە عێراق ڕازی بوو و فەرمانڕەوایانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە عەبدولحەمیدی دووەمەوە بگرە تا تورکیای لاو، هەریەکەیان بە نۆرەی خۆی هەوڵیان بۆ مانەوە لە ژێردەستی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیی دەدا.

ئینگلتەرا وەك ڕکابەرێکی بەهێز لە ڕووی ئەڵمانییەکان وەستایەوە و کەوتە ڕکابەری لەگەڵی، ئەمە نەك تەنیا بۆ پاراستنی پێگە کۆنەکەی، بەڵکو هەوڵێکبوو بۆ بەدەستخستنی پێگەی نوێ.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ئیمپریالزمی ئینگلیزی بڕیاریدا وڵاتی عێراق بخاتە ژێر ئینتیدابی خۆی، ساڵی ١٩١١ (کێرزۆن) سەبارەت بەرنامەی سیاسەتی دەرەوەی ئینگلیز

لەسەر مینبەری کۆشکی لۆردان، گوتی: "هەڵدەدەکەن، ئەگەر وا بیربکەنەوە بەرژەوەندیی سیاسی ئێمە تەنیا لە کەنداوی فارس سنووردارە، یاخود بەسرا تا بەغدا، بەڵکو سەرووی بەغداش دەگرێتەوە"[1].

لەم بۆچوونەی لۆرد کێرزۆن، کە یەکێکە لە گەورە پیاوانی ئیمپریالیزمی بەریتانی، بە ئاشکرا دیارە ئینگلیزە داگیرکەرەکان لە سیاسەتی خۆیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داگیرکردنی کوردستانیان کردبووە ئامانجێکی سەرەکی، بەوپێیەی کوردستان دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی نەوت و لە ڕووی ستراتیژییەوە پێگەیەکی گرنگی لە نێو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست هەیە.

ململانێی نێوان ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئەڵمانی لەسەر داگیرکردنی ئەم ناوچەیە تا دەهات توندتر دەبوو[2]، چونکە ئەم ناوچەیە وەك دەستپێکی پردێک بوو بۆ چوونە ناوەوەی قەفقازیا، ئاسیای ناوەڕاست، باشووری ڕۆژئاوای ئاسیا و عێراق. ئیمپریالیزمی ئەڵمانی هاوشێوەی ئینگلیزەکان، هەوڵیدا کوردستان داگیربکات، بۆئەوەی دەروازەیەك بێت بۆ گەیشتنیان بە ناوچەکانی هند.

شەڕی ئینگلۆ-ئەڵمانی لەسەر عێراق، نموونەی ململانێیەکی تاڵی ئینگلیز و ئەڵمانیایە بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بەسەر جیهاندا. وڵاتە شەڕکەرەکان دابەشی سەر دوو بەرە ببوون، لە لایەکەوە وڵاتانی هاوپەیمانان و بەرەکەی تر وڵاتانی لایەنگری ئەڵمانیا.

ڕاستەوخۆ دوای دەستپێکردنی شەڕ، گفتوگۆ لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی میراتی شەڕ دەستی پێکرا.

پرسی دابەش کردنی تورکیا، بۆ یەکەمجار لەلایەن دیپلۆماتکارە ئینگلیزەکانەوە هاتەکایەوە، دوای وتوێژ و گەنگەشەیەکی درێژ، هاوپەیمانان ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی بەشی ئاسیای تورکیا. گفتوگۆ لەسەر ئەم بابەتە لەلایەن وڵاتە گەورەکانەوە ئەنجام دەدرا، لایەنی ئینگلیزی (سایکس) و لایەنی فەرەنسی (بیکۆ) سەرپەرشتیان دەکرد. ئەمە پلانێک بوو بۆ داگیرکردنی بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، لەلایەن دەوڵەتانی هاوپەیمانەوە.

١ ل.ن. کۆتلۆڤ، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی ساڵی ١٩٢٠ لە عێراق، (مۆسکۆ - ١٩٥٨)، ل ٦٥.
٢ هەمان سەرچاوە، ل ل ٦٣-٦٤.

لە ڕێکــەوتی ٩ی ئـاداری سـاڵی ١٩١٦، حکومــەتی ڕووسـیا لــە ئــەنجامی وتوێژەکــان ئاگادارکرایەوە، حکومەتی قەیسەری مەبەستی بوو دەوڵەتێکی بەربەست لـە نێـوان ڕووسـیا، ئینگلیز و فەرەنسا دروستبکات و دوای گەنگەشـەیەکی درێـژ، دانـی نـا بـە ڕێککەوتننامـەی "سـایکس-بیکـۆ". لە ڕێکـەوتی ٢٦ی نیسـان، ڕێکەوتننامەیـەك لـە نێـوان فەڕەنسـا و ڕووسـیا مـۆرکـرا کە تایبەت بوو بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان لە بەشی ئاسیای تورکیا. دواتـر لە ڕێکەوتی ٩ و ١٦ی ئایار، سەبارەت بە هەمان کێشە ڕێککەوتننامەیەک لەنێـوان ئینگلتـەرا و فەڕەنسادا مـۆرکرا. ئەم دوو ڕێککەوتنە دواتر بە ناوی (ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکـۆ) لـە مێژوودا تۆمارکران. ڕێککەوتننامەی نهێنی فەڕەنسا-ئینگلیز، سەبارەت بە دابەشکردنی تورکیـا و وڵاتە عەرەبییەکان بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩١٨ لەلایەن سۆڤیەتەوە ئاشکرا و بڵاوکرایەوە.

بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئینگلیز میسۆپوتامیا و بەغـدای بەردەکـەوت بـەبێ ویلایەتـی مووسڵ و بەشی هەرە زۆری ناوچە عەرەبنشینەکان کەوتنە نێو سنووری دەسەڵاتی بـەریتانیا، فەلەستین کەوتە ژێر کونترۆڵی نێـودەوڵەتیـەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو بەنـدەری (حەیفـا) و (عـەکا) بە ئینگلتەرا دران.

فەرەنسا ناوچەکانی سوریا، ئەرمینیای بچووک، کیلیک، باشترین بەشی کوردسـتان و بەشـی ڕۆژهەڵاتی ئـەنادۆڵی بەرکـەوت، جـگە لـەوەش ئـەو ناوچـە عەرەبیانەشـی دەسـتکەوت کـە کـــەوتبوونە بـــاکوری ســـنوری (نەجـــد)، لەگەڵ ناوچـــەی مووســـڵ بـــە ناوچـــە نەوتیـەکـانـیـشـیـەوە. ڕووسیای قـەیسـەریش ناوچەکانی، ترابزۆن، ئـەرزەڕۆم، بایەزیـد، بـانە و بیتلیس- کە بەشێکی کـوردسـتـانـن و پارچەیـەک زەوی بەدرێژایـی کـەناری دەریـای ڕەش بەرەو ڕۆژئاوا تا ترابزۆنی بەرکەوت[1].

بەم شێوەیە و بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، وڵاتانی عەرەبی دابەشی سەر چەند ناوچەیـەك کران، بەشێك لەو ناوچانە وا بڕیاربوو چەنـد دەوڵـەتێکی عـەرەبی ژێـر ئینتیـدابی بـەریتانیا و فەڕەنسایان لێ دروستبکرێت، لە ناوچەکانی تریش بەریتانیا و فەڕەنسا ئـەو مافـەیان پێـدرا دەسەڵاتی خۆیان بەسەر دەسەڵاتە نەتەوەیی و خۆجێییەکاندا بسەپێنن.

بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، عێراق دابەشی سەر سێ ناوچە کـرا: ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی فەڕەنسـا لـە دەوڵـەتی عـەرەبی کە بـاکووری مووسـڵی دەگرتـەوە. ناوچـەی ژێـر دەسـەڵاتی ئینگلتەرا لە دەوڵەتی عەرەبی کە ناوچەی ناوەڕاست (تکریت)ی دەگرتـەوە. بەشـی باشـوور، ناوچەکانی بەغدا و بەسرا گۆڕدران بۆ ناوچەیەکی تایبـەت و نـاوی (ناوچـەی سـوور)ی لێـنرا،

١ مێژووی دیپلۆماسییەت، بەرگی پێنجەم، ل ل ٢٨٦-٢٨٨.

لەو ناوچەیە، ئینگلتەرا مافی ئەوەی هەبوو نەک تەنیا هەر خۆی کۆنترۆڵی بکات، بەڵکو خۆی بەڕێوەشی ببات.

بەم شێوەیە و بە دروشمی (یارمەتی) خەڵکی چەوساوە، وڵاتانی ئیمپریالیزم دەستیان بەسەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانیداگرت.

تا ئەوکاتەی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ ئیمزاکرا، ئینگلیزەکان تەنیا خاوەنی باشووری عێراق بوون، بەڵام زۆری نەخایەند پەلامارەکانی ئینگلیز دەستیانپێکرایەوە و لە ڕێکەوتی ١١ی ئاداری سالی ١٩١٧ بەغدایان داگیرکرد.

لە ڕێکەوتی ٣٠ تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩١٨، لە بەندەری (مودرس) لە دورگەی (لیمنۆس) لەسەر پاپۆڕی جەنگی بەریتانی (ئاگامێمنۆن)، لە نێوان ئینگلیزەکان و تورکەکان ئاگربەستی مۆدروس بۆ ڕاگرتنی شەڕ مۆرکرا، لەلایەن هاوپەیمانانەوە ئەدمیراڵی ئینگلیزی کالتۆرپ و لەلایەن تورکیاوە حوسێن ڕەئووف، حیکمەت و سەعدوڵا واژوویان لەسەر ڕێککەوتننامەکە کرد. بەپێی ئەم ڕێککەوتننامەی ئاگربەستە، تورکیا دەبێت لە ناوچەکانی: حیجاز، میسوپوتامیا، سوریا، ئەرمینیا، بەشێک لە کیلیک بکشێتەوە. لە بڕگەی یەکەمی ئاگربەستی مۆدرۆس تورکیای ناچارکرا ڕازیبێت هاتوچوونی هاوپەیمانەکان بە دەریای ڕەش دا و دەریایەکە کراوەبێ، هەروەها تورکیا ڕازیکرا سوپای وڵاتانی سەرکەوتووی شەڕ، قوستەنتەنییە و بەندەرەکانی داگیربکەن[1].

ڕێککەوتنامە و ئاگربەستی (مودروس)، بە واتای لێکهەڵوەشانەوەی تەواوەتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی بوو، داگیرگەکانی عوسمانی و تەواوی وڵاتە عەرەبیەکان کە سەردەمانێك بەشێك بوون لەو ئیمپراتۆریەتە، لێی جیاکرانەوە و دران بە خاوەنە نوێیەکانیان. لە ڕێکەوتی ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ فەڕەنسا و ئینگلیز ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە و تێیدا ڕایانگەیاند لەم دابەشکارییانە جگە لە ڕزگارکردنی وڵاتانی چەوساوەی ژێر دەستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، هیچ مەبەستێکی تریان نییە و ئامانج دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی و بەڕێوەبەرایەتییەکە کە سەربەستانە لە گەلەوە سەرچاوە بگرێت[2].

لە ڕاستیدا ناوەخنی ئەم ڕێککەوتننامەیە بەرگێکی دیماگۆگی (گەل هەڵخەلەتێنەر)ی بەبەردا کرابوو. بەوپێیەی هەر لە بنەڕەتدا ئیمپریالیستەکان هیچ گرنگییەکیان بە مافی خەڵکی نەدەدا.

---

١ هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٠.

٢ یادداشتێك لە بارەی بارودۆخی کورد و داواکارییەکانیان، (پاریس - ١٩٤٨)، ل ١٨.

ئاگربەستی مۆدرۆس، بە واتای باڵادەستی و هەژموونی ئینگلتەرا بوو بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئینگلیزەکان هێزێکی زۆری خۆیان لەو ناوچانە جێگیرکردبوو و مەبەستیانبوو هاوپەیمانەکانیان لەژێر دەستی تورکەکان ڕزگاربکەن. زۆری نەخایەند پەیوەندی نێوان فەڕەنسا و ئینگلیز بەهۆی پرسی تورکیاوە گرژی تێکەوت، ئەمە یەکێك لە گرنگترین ئەو هۆکارانەبوو کە ڕێککەوتننامەی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ی نێوانیان هەڵوەشایەوە، دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

لە ڕێکەوتی ٨ی تشرینی دووەم، ٨ ڕۆژ دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربەستی مۆدرۆس، ئینگلتەرا ئاگربەستەکەی شکاند و چووە نێو مووسڵەوە، بابەتی پێداگری بەریتانیا لەسەر کۆنترۆڵکردنی تەواوی عێراق، چەند هۆکارێکی هەبوو، لەوانە: ڕێگری لە پێشڕەوی تورکیا و کاریگەریی پروپاگەندەی تورکیا و ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە لە ئەگەری ئاڵۆزبوونی بارودۆخی یەکێك لە وڵاتانی ئەم ناوچەیە و یاخی بوونیان، مەترسی گەورەی دەخستە سەر دەسەڵاتی بەریتانیا لە هند، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆئەوەی لە لایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە هەوڵ بدرێت پەیوەندیی لەگەڵ ڕووسەکان دروستبکەن کە لە باکووری ئێران جێگیر ببوون.

ساڵی ١٩١٧، هێزەکانی ڕووسیا لە کرماشانی ئێرانەوە چوونە ناو خاکی عێراق، خانەقینیان داگیرکرد و لەگەڵ هێزەکانی ئینگلیز یەکیانگرتەوە. ئینگلتەرا کە مووسڵی بە پێچەوانەی مەرجەکانی ئاگربەست داگیرکردبوو، وای دەرخست کە تورکیا و فەڕەنسای هاوپەیمانی بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس-بیکۆ، دەبێت لە مووسڵ بکشێنەوە و دان بەوەدا بنێن کە بەریتانیا دەسەڵاتی بەسەر ناوچە نەوتییەکانی مووسڵەوە دەشکێ.

نیسانی ساڵی ١٩٢٠، لە کۆنفرانسی هاوپەیمانان لە سان-ڕیمۆ، چارەنووسی ناوچە کوردی، عەرەبی و تورکییەکان دیاریکرا و ناوچەکان لە نێوان وڵاتانی براوەی شەڕ دابەشکران، ئەنجامەکەشی هاتنەکایەوەی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم بوو لەم ناوچانە.

لە ڕێکەوتی ١٩ تا ٢٦ی نیسان، کۆبوونەوەکانی کۆنفرانسی ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان بەڕێوەچوون، لەلایەن فەڕەنساوە- میلیران، ئینگلتەرا- لۆید جورج، ئیتالیا- نیتی، ژاپۆن-ماتسوی، بەشداری کۆبوونەوەکان بوون. لەم کۆنفرانسە دا بڕیاردرا میسۆپۆتامیا و فەلەستین لەژێر ئینتیدابی بەریتانیا بن و کێشەی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی چارەسەرکرا، ئینگلتەرا بەپێی ڕێککەوتننامەی سان-ریمو، مووسڵی بەرکەوت، بەو مەرجەی ٢٥٪ ئەو نەوتەی دەردەهێنرێت بدرێت بە فەڕەنسا. لە بەرامبەردا فەڕەنسا بەڵێنیدا هەناردەی نەوتی

ئینگلیز بە ڕێگەی سوریا بۆ دەریای ناوەڕاست گەرەنتی بکات. سەبارەت بە کێشەی سوریاش، ئینگلتەرا ڕازیبوو ناوچەکە لەژێر دەستی فەڕەنسا دابێت[1].

گەلی کورد هاوشان لەگەڵ گەلانی تری ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەستیانکرد بە خەبات. لە بەرامبەردا ئیمپریالیزمی بەریتانیا و فەڕەنسا ڕێککەوتن لەسەر ڕێگانەدان بە مانەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی تورک بەسەر گەلانی نا تورکی وەك عەرەب، کورد و گەلانی تر. جگە لەمە، بەریتانیا و فەڕەنسا ڕاگەیەنراوێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە کە تێیدا بەڵێنیان دابوو یارمەتی ئەو گەلانە بدەن دەوڵەتی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن، هەڵبەتە لەژێر فەرمانی ئەوان. لەدابەش کردنی میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەشداربوو. یەکێك لە هەرە گەورەترین مانۆرە سیاسییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بریتی بوو لە ١٤خاڵەکەی وێلسن کە لە وتەکانی ڕۆژی ٨ کانوونی دووەمی ساڵی ١٩١٨ی خۆی ئاماژەی پێیانکرد و لە خاڵی دوازدەدا هاتووە: (ئۆتۆنۆمی بۆ گەلانی دانیشتووی تورکیا)، ئیمپریالیزمی ئەمریکی ئامانجی ئەوە بوو ئەم خاڵە لە بەرژەوەندیی خۆی بەکاربهێنێ، بە هیچ شێوەیەك لەمەدا مەبەستی ئازادی گەلە ژێردەستنەکان نەبوو، بەڵکو کردنەوەی (دەردەنیل) بوو بە ڕووی کەشتییەکانیدا.

نوێنەرانی کورد بە هیوای دەستخستنی مافە نەتەوەییەکانیان، بە پیر ئینگلیزەوە چوون، کوردە نەتەوەپەرستەکان بە بەڵێنەکانی ئینگلیز فریویان خوارد کە یەکێك لە دیارترین دروشم و بەڵێنەکانیان پێدانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان بوو.

لە شاری سلێمانی، ئەو شوێنەی شێخ مەحمودی لێ دەژیا کە لەنێو خەڵکی خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوو. لەلایەن سەرۆک هۆزە و کەسایەتییە کوردەکانەوە کۆنگرەیەك سازدرا، لەو کۆنگرەیە کە زیاتر لە پەنجا کەسایەتی کورد بەشداربوون، بڕیاردرا بە ناوی دەوڵەتی کوردستانەوە داواکاریەک ئاڕاستەی حاکمی سەربازیی بەریتانی بکەن و کوردستان بخەنە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاوە.

هەرکە نامەکە گەیشتە دەستی حاکمی سەربازی بەریتانیا لە بەغدا، داواکارییەکەیان پەسەندکرد و حاکمی سیاسی خۆیان بە ناوی (نوئێل) ناردە سلێمانی، ئەویش فەرمانی

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.

جێبەجێکردنی داواکارییەکەیانی پێ ڕاگەیاندن. شێخ مەحمود کرایە فەرمانڕەوای گشتی کوردستانی باشووری عێراق و (نوئێل)یش ئەرکی ڕاوێژکاری شێخ مەحمودی پێ سپێردرا[1].

بەریتانییەکان هەرگیز هەوڵی هێنانەدی خەون و ئاواتەکانی گەلی کوردیان نەدا، بەڵکو مەبەستیان بوو، یەکەم: بەتەواوەتی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچە ئازادەکەی کوردستان بچەسپێنن، بەتایبەت کە هێشتا دەستی سوپای فەڕەنسا و تورکیایان پێ نەگەیشتبوو. دووەم: هەوڵبدەن بەشێك لە کەسایەتی و سەرکردەکانی ناوچەکە بە بەرتیلدان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و دووبەرەکی لەنێوان سەرکردەکان دروستبکەن. سێیەم: تەواوی ئەو ناوچانە بەناوی پاراستنی بەرژەوەندیەکانی کوردەوە داگیربکەن، واتە باشووری کوردستان (کە بە پێی ڕێککەوتننامە نهێنییەکەی سایکس-بیکۆ بەشی فەڕەنسا بوو). چوارەم: کوردستانی باشوور بکەنە خاڵی هاتنە ناوەوەی خۆیان و دەزگا سیخوڕیەکانیان بۆ ڕۆژهەڵات و ناوەندی کوردستان، بەتایبەت کە دانیشتووانەکەی لە زووەوە داوای مافی سەربەخۆیی و ڕزگاریان دەکرد.

بنەما و دەستپێکی سیاسەتی بەریتانیا بریتی بوو لە دامەزراندنی چەند ویلایەتێکی کوردی کە لەلایەن کەسایەتییە کوردەکان و لەژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا بەڕێوەببردرێن[2]. ئەوان پێیان وابوو، شێوازێکی تایبەتی وەها باشترە بۆ وەزارەتی کۆلۆنیای ئینگلیزی و ئەو هێڵە بەربەستێکە لە بەردەم یەکێتی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی، واتە جێبەجێکردنی سیاسەتی دابەشکردنی وڵات بۆ چەند پارچەیەکی جیاواز لەسەر بنەمای سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە).

کورد بە ئاواتی ئەوەوە بوو کە ئەو دەوڵەتە بچووکانەی لەلایەن بەریتانیاوە دادەمەزرێنرێن، یەکبگرن و دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی لێ دروست بکەن، هەرچی بەریتانیاش بوو بەدوای دەستەبەرکردنی ئەو بەرژەوەندییانەوە بوو کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، واتە کوردە نیشتمانپەروەرەکان بخاتە نێو تەڵەی خۆی. وەك نموونە، ئەو دەوڵەتەی بڕیاردرا لە سلێمانی دامەزرێنرێت، ئەمە بڕیاری ئەو کۆنفرانسە بوو کە ڕێکەوتی ٦ی کانونی یەکەمی ١٩١٩ لە لەندەن سەبارەت بە پرسی هیند بەڕێوەچوو، بەڕێوەبەری کارگێڕی، ئی. خ. هێرتزل، تێیدا بەشداربوو و گوتی: "کۆنفرانس گەیشتۆتە ئەو بڕیارەی ویلایەتێکی کوردی (دەوڵەتێکی ئۆتۆنۆمی) لەژێر قەیوومییەتی بەریتانیا لە ناوچەکانی سلێمانی دامەزرێنرێت،

---

١ ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٣.
٢ هەمان سەرچاوە.

ئەنجومەنێکیش بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەو ویلایەتە دروستبکرێت کە دەکەوێتە ناوچەی نێوان دووڕووبار (بین النهرین)ەوە، جگە لە ڕواندز کە بەتایبەت لەم سنوورە جیاکرابووەوە. ئەو دەوڵەتە ئۆتۆنۆمییە دەبێت لە لایەن کەسێکەوە بەڕێوەببردرێت کە لە بنەماڵەی بەدرخانییەکان بێت"[1].

هەر بۆیەش بەریتانیا هەرسێ پێشنیارەکەی مێجەر نۆئێلی ڕەتکردەوە، هاوکات لەلایەن حاکمی سیاسی بەغداش ڕەتکرانەوە، دواتر چەند بڕیارێك لەوبارەیەوە دەرکران، ئەم بڕیارانە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩١٩ لە لایەن وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هند، بە تەلەگراف بۆ حاکمی بەریتانیا لە بەغدا نێردران.

لە بڕیارەکەدا هاتووە: (بە دڵنیاییەوە پێویستە کوردستان مافی چارەی خۆنووسینی پێ بدرێ، کێشەکە لەوەدایە چۆن دەتوانرێ ڕێکارێك بگیرێتەبەر کە لە هەمانکاتدا پارێزگاری لە ئاشتی و پێکەوەژیان لە میسۆپۆتامیا بکات، نۆئێل پێی ڕاگەیاندووین، بۆ ئەمە سێ ڕێکار و مەرج هەیە:

١- دەبێت هەژموونی تورکیا بەسەر کوردستانەوە نەهێڵرێ.

٢- پاشگەزبینەوە لە بیرۆکەی دابەشکردنی کوردستان بۆ چەند پارچەیەك.

٣- ئەوەندەی بکرێ ڕەچاوی تایبەتمەندیی سنووری نەتەوەیی و ڕەچەڵەکیی نێوان کورد و عەرەب بکرێ).

نۆئێل پێی وابوو، بە پێدانی مافی چارەی خۆنووسین، کورد دەبێ بە داردەستی وەفاداری بەریتانیا و لە تورکەکان دووردەکەونەوە و لە ئەگەری دابەشکردنیان بۆ چەند پارچەیەك ئەو بیانویەیان پێ دەدرێ دژی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بوەستنەوە.

هەروەها لە تەلەگرافەکەی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی هیند هاتووە:

"ئێمە بەردەوام دەبین و سوورین لەسەر ئەو بۆچوونە تایبەتەی لە بارەی کوردستانەوە هەمانە، ئەویش پێشنیاری ڕێکخستنی فیودالییە، واتە چەند ویلایەتیەتێکی کوردی بە سیستەمی خۆ بەڕێوەبردنی ئۆتۆنۆمی، لەم بارەیەوە ڕای جیاواز، گفتوگۆ و گەنگەشەی زۆر کراوە، چونکە نابێت میسۆپۆتامیا زیانی بەربکەوێت"[2].

١ هەمان سەرچاوە، فایلی ژمارە ١.

٢ هەمان سەرچاوە، فایلی ژمارە ٣.

لەگـەڵ ئەمەشـدا هەڵویسـتی بـەریتانیا بـەهۆی چەنـد هۆکـارێکی جیـاواز گۆڕانکـاری بەسەرداهات، دەکرێ سیاسەتی ئینگلیز بە سیاسەتێکی ئیمپریـالیزمی نـاجێگیر ناوبنرێـت کـە بەردەوام لە هەوڵی هێنانەدی بەرژەوەندییەکانیەتی.

لـە مـانگی تشـرینی دووەمـی سـاڵی ١٩١٨، بەریتانییـەکان ویلایـەتی نەوتـی مووسـڵیان داگیرکرد کە زۆربەی دانیشتووانەکەی کورد بوون.

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٨، ڕێککەوتننامەیەك لەبارەی دامەزراندنی ئیدارەیـەکی کـوردی لە سلێمانی، بە سـەرۆکایەتی شـێخ مـەحمود مۆرکرا، بەڵام هـەر زوو دوژمنایـەتی لـە نێـوان ئینگلیز و شێخ مەحموود و ئەوانـەی لـە دەوروپشـتی بـوون هاتـە گـۆڕێ، لەلایـەکی تـرەوە داگیرکاریی سەربازیی بەریتانیا لە ناوچەکانی زاخۆ، دهـۆك و ئامێـدی، ڕووبـەڕووی بـەرگری چەکداری بووەوە، گەلی کـورد کـە بێبەزەییانـە لەلایـەن دەرەبەگەکانـەوە دەچەوسـێنرایەوە، دوای تێپـەڕبوونی یـەك سـاڵ بەسـەر داگیرکردنـی مووسـڵ، شۆڕشـی چەکـداریان دژی ئینگلیزەکان دەستپێکرد.

**بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩١٩-١٩٢٠**

بەهۆی کاریگـەریی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەری سۆشیالیسـتی مـەزن، بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلان لە عێـراق وەرچـەرخانێکی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی. بیرۆکەی یەکسـانی و دۆسـتایەتی کە لە ڕووسیا بانگی درابوو، هیوای ڕزگاربوونی گەلانی لە دەست کۆیلایەتی ئیمپریالیزم زیندوو کردەوە.

خەباتی گەلی سۆڤیەتی دژی دەسـتێوەردانەکانی کۆلۆنۆلیـالیزم، هاوکـات هیـوای گـەلانی کورد و عەرەبی عێراقی بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستەیی ئیمپریالیزم زیندوو کردەوە.

گەلانی عێراق گەیشتنە ئەو باوەڕەی لە جێگای ئیمپراتۆریەتی پێشووی ڕووسیا، دەوڵەتێک دامەزراوە کە لە پێناو سەربەخۆیی گەلانی چەوساوە خەبات دەکـات، ئـەم ڕوداوەی ڕووسـیا لە نێو توێژە جیاوازەکانی عێراق بە فراوانـی قسـەی لەبـارەوە دەکـرا. لـەم بارەیـەوە حـاکمی بەریتانی لە سلێمانی مێجەر سۆن دەڵێت: "ناو و پرەنسـیپی کۆمـۆنیزم، بەداخـەوە ناوبـانگی دەرکرد"[١].

ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری لە پێشخسـتنی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی لـە عێـراق بینـی، ڕاپەرینەکـەی گـەلی کـورد بـوو لە سـلێمانی بـە سـەرۆکایەتی شـێخ مەحمــود کـە

١ ل.ن. کۆتلۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩.

فەرمانڕەوای سلێمانی بوو. شێخ مەحمود لەپێناوی یەکخستنی هۆزە کوردییەکانی باشوور لەژێر فەرمانی خۆی، ئەم پێگەیەی قبووڵکرد، کاتێك هەستی کرد دەسەڵاتدارانی ئینگلیز، بە تایبەت ئەفسەرە سەربازییەکان، مەبەستیانە وەك کەسایەتییەکی دەستکردی خۆیان بەکاری بهێنن و دواتر وردە وردە لە دەسەڵات دووری بخەنەوە، سوودی لە نارەزایەتی خەڵکی بەرامبەر سیاسەتی تاڵانکاری ئینگلیز وەرگرت، بۆئەوەی بە زەبری هێز دەسەڵات بگرێتەدەست.

لە مانگی ئایاری ساڵی ١٩١٩، پەیوەندیەکانی نێوان سەرکردەی نەتەوەیی کورد شێخ مەحمود و ڕاوێژکاری ئینگلیزی (مێجەر سۆن) گەیشتە ڕادەی تەقینەوە، ڕاوێژکار خوازیاری ئەوەبوو دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدرێ، دەست لە تەواوی کاروباری کورد وەربدات و لەم ڕووەوە دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت، شێخ مەحمودیش دەیەویست تەنیا وەك ڕاوێژکارێك هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ، تەنیا ئەوکاتە بۆچوون بدات کە شێخ داوای لێدەکات. شێخ مەحمود کەسایەتی ناوداری کورد (سەید تەهای نەهری)ی ناردە بەغدا، بۆئەوەی داوای یارمەتی لە ئینگلیز بکات، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا.

لە ڕێکەوتی ١٢ی ئایاری ١٩١٩، حاکمی سیاسی ئینگلیز لە بەغدا، تەلەگرافێکی بە ژمارە (٥٣٥٤)، بۆ وەزارەتی کاروباری هیند لە لەندەن نارد، تێیدا هاتووە:

"بهرێز تەها لە نەهرییەوە هاتووەتە بەغدا و چەند پێشنیارێکی پێیە، تەواوی نوێنەرە سیاسییەکانمان ئەو بە کاریگەرترین کەسایەتی لە نێو کوردانی ناوەڕاست، باکوور و ڕۆژئاوای ئێران دەزانن، تەنانەت شارەداری بەغداش ئەوی قبووڵە. بەرێز تەها، دەڵی، ئامانجی لە هاتنی بۆ بەغدا بریتییە لە داواکاری یەکگرتنی کوردستان لەژێر سایەی بەریتانیا، ئەم داواکارییە لەلایەن تەواوی کوردی ئێرانیشەوە پشتگیری دەکرێت. هەروەها لە نێو داواکارییەکانیدا، لێبوردنی گشتی و ئاواتی زۆرینەی خەڵکی بۆ پێدانی ئۆتۆنۆمی و خۆبەڕێوەبردن هەیە"[١].

لە ڕێکەوتی ٥ی حوزەیرانی ١٩١٩، سکرتێری وەزارەت بۆ کاروباری هیند لە لەندەن بە تەلەگرافێکی بەپەلە بە ژمارەی (١٩٢)، وەڵامی تەلەگرافەکەی پێشوی دایەوە کە ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی: "بەهیچ شێوەیەك بەڵێنی لێبووردنی گشتی نادەین، خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بە خێرایی لە بۆچوونەکانی خۆتان لەسەر سنووری ناوچە پیشنیارکراوەکان بە دەقیقی

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٣.

ئاگادارم بکه‌نه‌وه، تکایه ئه‌گه‌ر هێشتا پشتیوانی له بیرۆکه‌ی جیاکردنه‌وه‌ی دیاربه‌کر له سنووری کوردستانی عێراق ده‌که‌ن، له‌وه‌ش ئاگادارم بکه‌نه‌وه".

نوێنه‌ری ئینگلیز، وه‌ڵامی ئه‌و ته‌له‌گرافه‌ی به ناوی "کوردستان"، له ڕێکه‌وتی ١٢ی حوزه‌یرانی ساڵی ١٩١٩، به ژماره (٦٦٦٦) دایه‌وه، که ئه‌مه ناوه‌ڕۆکه‌که‌یه‌تی:

"سنوری تورکیا و ئیران به‌شی هه‌ره زۆری که‌وتووه‌ته ڕۆژهه‌ڵاتی ئه‌و ناوچه‌یه که زۆربه‌ی دانیشتووانی کوردن و له ڕووی ئابووری و ستراتیژییه‌وه، شوێنێکی زۆر گونجاوه، ئه‌م ناوچه شاخاوییه سه‌رسه‌وزانه‌ی ئێران زۆر له‌بارن بۆ پێشکه‌وتن، وا باشه له ڕێگه‌ی سلێمانی- ڕانییه- کۆیسنجه‌ق له نێوخۆی یه‌که‌ی کارگێڕی نێوان دوو ڕووبار له میسۆپۆتامیا و له‌وێشه‌وه بۆ ئامێدی هێڵی ئاسنی تا مووسڵ ڕابکێشرێ، بۆ ئه‌مه‌ش پێویسته شاری (عه‌قبه) له کوردستان جیابکرێته‌وه، هه‌روه‌ها ده‌ۆک و زاخۆش به کوردستان دابنرێن نه‌ك ته‌نیا ئامێدی. به بۆچوونی من، سنووری باشووری ئه‌م هه‌رێمه ئه‌و شوێنه‌ی به‌شی هه‌ره زۆری دانیشتووانه‌کی کوردن، له لای باکووره‌وه له نزیك جزیره، باکووری نسێبین، باشووری ماردین، باکووری حه‌سه‌که (رأس العين) تا هێڵی پانی ٣٧ پله، له‌وێشه‌وه تا بیرجیك له‌و به‌ری ڕووباری فورات، جگه له ئه‌رزنجان و ئه‌رزه‌ڕۆم ده‌گرێته‌وه".

هه‌روه‌ها بڕیارێک له وه‌زاره‌تی کۆڵۆنیای ئینگلته‌راوه ده‌رچوو که ده‌ڵی: له ویلایه‌تی مووسڵ، به‌غدا و به‌سرا ده‌وڵه‌تێکی عه‌ره‌بی له‌ژێر چاودێری به‌ریتانیا دروستده‌کرێت[١].

کرۆکی سیاسه‌تی ئیمپریالیستی به‌ریتانی به‌رامبه‌ر به کوردستان له نیوه‌ی دووه‌می ساڵی ١٩١٩ بریتی بووو له: یه‌که‌م، به‌ریتانیا له هه‌وڵی ئه‌وه‌دابوو ده‌سه‌ڵاتی خۆی به ساده‌ترین شێوه و که‌مترین زیان به‌سه‌ر کوردستاندا بسه‌پێنێ، ئه‌ویش په‌یڕه‌وکردنی سیاسه‌تی (په‌رتکه و زاڵبه) بوو. دووه‌م، به‌ش به‌ش کردنی کوردستان بۆ چه‌ند ناوچه‌یه‌ک و ڕه‌تکردنه‌وه‌ی بیرۆکه‌ی دامه‌زراندنی ده‌وڵه‌تێکی یه‌کگرتووی کوردی، ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی خۆشیاندابێ. سێیه‌م، لکاندنی گرنگترین به‌شی باکووری کوردستان: مووسڵ، هه‌ولێر، که‌رکووک، سلێمانی و خانه‌قین به‌و ده‌وڵه‌ته عه‌ره‌بییه‌ی بڕیار له دروستکردنی درابوو.

ئه‌م بڕیارانه دوای ئه‌وه هاتن که شێخ مه‌حموود ڕه‌تیکرده‌وه ببێت به دارده‌ستی ئیمپریالیزمی ئینگلیز، شێخ مه‌حموود سووربوو له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی ئۆتۆنۆمی ته‌واو به کورد بدرێت و ته‌واوی پۆسته ئیدارییه‌کانی ده‌وڵه‌تیش بۆ کورد بن و خۆیان کاروباری وڵاتی باب

١ هه‌مان سه‌رچاوه.

و باپیرانیان بەڕێوەببەن و بپرژێنە سەر کاروباری ناوخۆی وڵاتەکەیان. کاتێک بەریتانیای ئیمپریالیست بینی گەلی کورد نایەوێت ملکەچی دەوڵەتی ئیمپریالیستی ئینگلیزی بێت و گەلی کورد ئامادەیە چەکیان لە دژ هەڵگرێت، بڕیاریدا هێزەکانی بنێرێتە سەر سلێمانی و بە زەبری هێز داگیری بکات، لە بەرامبەردا شێخ مەحمود نوێنەری سەربازی و سیاسی ئینگلتەرای لە سلێمانی دەرکرد و خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئیمپریالیزمی بەریتانی ئامادەکرد.

بۆ سەلماندنی ئەمە، سەرنج دەدەینە بروسکەیەکی ڕۆژی ٢٢ی ئابی ساڵی ١٩١٩ کە لە لایەن سکرتێری وەزارەتی کاروباری هیند لە لەندەنەوە بۆ نوێنەری ئینگلیز لە بەغدا نێردراوە، لەم بروسکەیەدا هاتووە: "حکومەتی خاوەنشکۆ، بە پوختی لە پرسی ڕاکێشانی هێڵی شەمەندەفەر لە (قزلڕەبات)ەوە بۆ کفری و کەرکووکی کۆڵیوەتەوە و دوای لێکۆڵینەوەش، بە هۆی ئەو گرنگییە ستراتیژییەی دەکرێ لە داهاتوو هەیبێت، پێی باشە لە ئێستاوە دروست بکرێت و پارێزگاری لێ بکرێت، بۆئەوەی پێگەی خۆی لە کوردستان بەهێزتر بکات. حکومەتی خاوەنشکۆ، تا ئێستاش پشتگیری لە سیاسەتی بەهێزکردنی پێگەی ئینگلیز لە کوردستان دەکات، بەوپێیەی ئەو سیاسەتە ڕۆڵێکی ئەرێنی لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە دەبێت، هەر بۆیەش ڕەزامەندی خۆی ڕادەگەینێت لەسەر ئەو پێشنیارەی کە لە ڕێکەوتی ٩ی ئایار لە بارەی دروستکردنی چەند ویلایەتێکی کوردی بچووك بە سیستەمی ئۆتۆنۆمی و ڕێبەری کوردەکان ڕەوانەتان کردبوو. ئەمەش ڕوونە متمانەکردنمان بەو خەڵکانە کارێکی هەڵە بووە و دانیشتووانی ئەو ناوچانە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی ئینگلیز کاردانەوەی بەهێزیان دەبێت، بۆیە دروستکردنی ئەم هێڵە شەمەندەفەرە ستراتیژییە، بۆ بەرەنگاربوونەوەیان زەرورە"[١].

لە ڕاستیدا بەریتانیا هێزی چەکداری خۆی بەکارهێنا و بە توندی و بە خێرایی سەرکوتی ئەو شۆڕشەی گەلی کوردی کرد کە لە ٢٠ ئایاری ١٩١٩ بۆ ئازادی خۆیان بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود هەڵیانگیرساندبوو.

پەیوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و شێخ مەحمود گەیشتبووە کۆتایی، کوردە ڕاپەڕیوەکان، پۆل پۆل ڕژانە سەر شەقامەکانی سلێمانی پایتەختی دەوڵەتە بچووکەکەی کوردستان و ئەفسەرە بەریتانییەکانیان دەستگیر دەکرد. شێخ مەحموود جاڕی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی دا و داوای لە تەواوی ئەو کوردانە کرد کە توانای هەڵگرتنی چەکیان

١ هەمان سەرچاوە.

هەیە، بۆ ڕزگارکردنی تەواوی کوردستان و وەدەرنانی ئینگلیز، لە ژێر سێبەری ئاڵای شۆڕشی نەتەوەیی کورد کۆببنەوە، ئەوە بوو پێکدادانی چەکداری لە نێوان مەفرەزە ڕاپەریوە کوردیەکان و هێزەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز لە شارۆچکەی تاسڵوجە ڕوویدا.

ڕاپەرینەکەی شێخ مەحمود لە ٢٠ ئایاری ساڵی ١٩١٩ دەستی پێ کرد و زۆر بە خێرایی ناوچەیەکی بەرفراوانی لە دەوروبەری سلێمانی، کەرکووک تا ڕانییەی گرتەوە.

هۆزە کوردیەکانی ئێرانیش هاتنە پاڵ شۆڕش و شەڕ بە شکاندنی سوپای ئینگلیز کۆتایی هات و زیانێکی زۆریان بەرکەوت، ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی جەنگی وەك ئۆتۆمۆبێل، تانك و زرێپۆشیان لەو شەڕانە تێکشکێنرا. شۆڕشگێڕانی کورد، ئینگلیزەکانیان پاشەکشێ پێکرد تا ناو دەربەندێکی شاخاوی تەسک بەناوی (دەربەندی بازیان)، لەوێ ئینگلیزەکان خۆیان قایم کردبوو. هێزی سوارەی کوردستان، خۆیان ئامادەکرد، بۆ هێرش بردنە سەر بەشێکی سوپای ئینگلیز لە ناوچەی چەمچەماڵ و کۆیسنجەق بۆ دەرپەڕاندنیان، دواتر هێزکانی کوردستان چەندین هێرشیان ئەنجامدا، بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی خانەقین و کفری.

ئیمپریالیزمی بەریتانی، دەستیکرد بە هێنانی چەند فەوجێك کە بە باشترین چەکەکانی ڕۆژ، جۆرها تانکی سەردەم، تۆپی قورس پڕچەك کرابوون، ئەو هێزە لە لایەن جەنەراڵی ئینگلیزی (فرایزر) فەرماندەیی دەکرا. لە شەڕێک کە لە ڕێکەوتی ١٧ی حوزەیراندا دەستی پێکرد. کورد و ئینگلیزەکان هەردوو لایەن زیانێکی گەورەیان بەرکەوت. لە ڕێکەوتی ١٩ حوزەیران، دوای ئەوەی چەندین خۆفرۆش چوونە پاڵ ئینگلیزەکانەوە و هاوکاریان کردن، هێزەکانی ئینگلیز بە نهێنی دەربەندی بازیانیان بڕی و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە هەموو لایەکەوە دەوری هێزە کوردیەکانیاندا. ئەوە بوو شەڕ بە شکانی هێزە کوردییەکان کۆتایی هات و سەرکردی ڕاپەرین، شێخ مەحمود بریندار بوو و بەدیل گیرا. لە بەغدا، شێخ مەحمود کە خۆی وەك سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان ناساندبوو، دانی بە بڕیارەکانی دادگای سەربازی نەنا کە لە بەردەمیدا وەستابوو، ئەوەبوو بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەرکرا، بەڵام دواتر حوکمەکەی گۆڕدرا بۆ دوورخستنەوەی بۆ هندستان[1].

سەرباری ئەو شکستە کاتییە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەردەوام بوو، نیشتمانپەروەرانی هۆزە کوردییەکانی پشدەر، ڕانیە، هەورامان و پێنجوێن ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە بەرەنگاربوونەوەی ئینگلیزەکان.

---

١ هەمان سەرچاوە.

پێکدادانــە چەکدارییــەکانی نێــوان کــورد و لایــەنگرانی ئیمپریــالیزمی بــەریتانی، هــەموو سوچێکی باشووری کوردستانی گرتەوە، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ئینگلیزەکان نەتوانن پلانــی ئیمپریالیستی پارچە پارچەکردن و دروستکردنی چەند "ویلایەتێکی کوردی" جێبــەجێ بکــەن، کە یەکێك بوو لە بیرۆکە شومەکانی خۆیان، نەك بەس ئەمە، بــەڵکو ئینگلیزەکــان لــە هــەوڵی سەرکوتکردنی شۆڕشی کورد و شۆڕشی تەواوی گەلانی عێراق بــوو کــە لــە حــوزەیرانی ســاڵی ١٩٢٠ لــە دژی ئیمپریــالیزمی بــەریتانی و بــۆ بنیاتنــانی دەوڵــەتیی ســەربەخۆی نەتــەوەیی هەڵگیرسا.

کاتێك ئیمپریالیزمی ئینگلیزی ویلایەتەکانی بەسرا، بەغدا و مووسڵی داگیرکرد، گەلی کــورد لە باشووری کوردستان و گەلی عەرەب لە عێراق، خۆیان بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئیمپریــالیزم و بەکرێگیراوەکانی سازدا و ساڵی ١٩٢٠، خەڵکی ئازادیخوازی عێراق بە ئامــانجی ڕزگــاربوون لە دەستی ئیمپریالیزم و ژێردەستەیی ڕاپەڕین.

کورد، هاوشانی برا عەرەبەکانیان ڕووبەڕووی دوژمنێکــی هــاوبەش بــوونەوە. دوای ئەوەی باشــووری کوردســتان بەشــێوەیەکی فــەرمی بەعــێراقــەوە لکێنــدرا، کــورد و عەرەب شــان بە شانی یەکتری لە پێناو دامەزراندنی سیســتەمێکی دیموکراســی و دەرپەڕانــدنی ئیمپریــالیزم و گەڕاندنەوەی مافە نەتەوەییەکان خەباتیان کرد.

لەگەڵ ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٢٠ی عێراق، کوردەکان چالاکترین هێزبوون لەنێو جەماوەری ڕاپــەڕیو دژی ئیمپریــالیزمی بــەریتانی، یەکــەی چەکــدارە کوردییــەکان لــە زاخــۆ تــا ســلێمانی چالاکییان ئەنجام دەدا[١]. ئەفسەرە سیاسییەکان، لە ناوچەی هەولێر تەنانەت بــوێری ئــەوەیان نەبوو بەبێ پاسەوان دەرکەون.

لە کۆتایی مانگی ئاب و سەرەتای ئەیلوول، لە ناوچەی باتاس بە ئاشــکرا ڕاپەریــن دەســتی پێکــرد. کــوردە ڕاپەڕیوەکــان چەنــدین گونــدیان لە نێــوان هەولێــر و ڕوانــدز دەســت بەســەر داگرت، ئەو ئەفسەرە سیاسیانەی لەدەست گەل ڕزگاریان بــوو، ناچــاربوون لە کــۆیێ بــەرەو ڕواندز ڕابکەن. "لەم بارەیەوە، ئەفسەری سیاسی (های) دەنووسێت: (بە کردەنــی دەســەڵاتی ئێمە گەیشتبووە سفر...)"[٢]. هۆزە کوردییەکانی نیشتەجێی ویلایەتی مووســڵ کــە لە ســنووری تورکیا دەژیان، لە لای باکوور بەتوندی بەرەنگاری سوپای ئیمپریالیزمی بەریتانی بوونەوە.

١ ئەفسەرانی سوپای بەریتانی دەسهەڵاتی مەدەنیشیان گرتبووە دەست.
٢ ل.ن. کۆتلۆڤ، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٣٩-١٤٠.

ئینگلیـزه داگیرکه‌ره‌کـان، به هه‌مـوو توانایه‌کیـانه‌وه هه‌وڵـی لێـدان و لاوازکردنـی کـورده نیشتمانپه‌روه‌ره‌کانیان ده‌دا که دژ به ئیمپریالیستی ده‌سه‌ڵاتدار خه‌باتیان ده‌ست پێ کردبوو. سیاسه‌تمه‌دارانی به‌ریتانیش زۆر ڕاشکاوانه ڕایانگه‌یاند، له ئه‌گه‌ری پاشه‌کشێ له ئه‌رکه‌کـه‌یان، ئه‌وا شکستی یه‌کجاره‌کی چاوه‌ڕێیان ده‌کات.

له هه‌لومه‌رجی گه‌شه‌سه‌ندنی خه‌باتی ڕزگاریخوازیی گه‌لانی ڕۆژهه‌ڵات، ڕاپه‌ڕینـی گـه‌لی کورد له عێراق، زه‌برێکی تری له ئیمپراتۆریه‌تی به‌ریتانی بۆگه‌ن وه‌شاند، ئه‌و ڕاپه‌ڕینه چـاوی گه‌لانی عێراقی کـرده‌وه و به‌ره‌یـه‌کی هاوبه‌شـی خه‌بـاتی دژ به داگیـرکه‌ران له بـاکوره‌وه بـۆ باشـوور دامه‌زرانـد، له ڕاپه‌رینه‌کـــه‌ی ســـاڵی ١٩٢٠ ڕاپه‌ڕینـی کـورده نیشـتمانپه‌روه‌ره‌کان پاڵنه‌رێکی به‌هێزی جه‌ماوه‌ری گه‌لانی عه‌ره‌ب بوو.

له ســه‌ره‌تای ســاڵی ١٩٢٢، ڕووبه‌ڕووبــوونه‌وه‌ی چه‌کـداری گـه‌لی کـورد دژبه ئینگلیــزه ئیمپریالیسته‌کان ده‌ستی پێکرده‌وه، له ئه‌نجامدا ئینگلیزه‌کان زیانێکی گـه‌وره‌یان به‌رکـه‌وت و ناچارکران له ڕانیه بچنه ده‌ره‌وه و دواتر شاری سلێمانیشیان جێهێشت. هاوکـات ئینگلیزه‌کـان گرفتێکــی تریشــیان هاتــه ڕێ، جووڵانــه‌وه‌ی مســته‌فا ئــه‌تاتورك، له‌لایــه‌ن بورجوازیــه نه‌ته‌وه‌په‌ره‌سته‌کانه‌وه له تورکیا، دژی داگیرکاری بیانی له تورکیا ده‌ستی پێکرد.

نه‌ته‌وه‌په‌رسته تورکه‌کان، زۆر به چڕی پشتگیری گه‌ڕانه‌وه‌ی ناوچه کوردییه‌کانیان بـۆ سـه‌ر تورکیا ده‌کرد، ئه‌وه‌بوو ساڵی ١٩٢٢، له ناوچه‌ی ڕواندز تورکێك به ناوی ئۆزده‌میر پاشا، خـۆی به عه‌قید ناساند، ئه‌رکی ئـه‌وه‌بوو، هـانی گه‌ڕانـه‌وه‌ی مووسـڵ بـدات بـۆ سـه‌ر تورکیـا، وه‌ك ئه‌وه‌ی  پێشتر مووسڵ به‌شێك بووبێت له تورکیـا و بـه‌ریتانیا دوای به‌سـتنی ئاگربه‌سـت ئـه‌و شاره‌ی داگیرکردبێت.

ئینگلیزه‌کان له‌نێو خۆشیان کێشه‌ی زۆریان هه‌بوو، خه‌ڵکی ئینگلیز له شه‌ڕ بێـزار ببـوون و چیتر ئاماده نه‌بوون ئه‌م باره قورسه هه‌ڵگرن، بودجه به‌شی خـه‌رجییه‌کانی  شـه‌ڕی نـه‌ده‌کرد، بۆیه ئیـداره‌ی ئینگلیز لـه عـێراق ناچاربوو سـه‌رله‌نوێ هانـا بـۆ شـێخ مـه‌حـمـود ببـاته‌وه، بۆئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتی پێشووی له باشووری کوردستان بگه‌ڕێنێته‌وه، به هیوای ئه‌وه‌ی بـارودۆخ لـه کوردسـتانی ڕاپـه‌ڕیو ئاسـایی ببێتـه‌وه. ئینگلیزه‌کـان وایـان دانـابوو بـه هێنانـه‌وه‌ی شـێخ مه‌حمـود، ته‌نانـه‌ت پێگـه‌ی خۆیـان لـه ئێـرانیش به‌هێزبکه‌نـه‌وه. ئـه‌وه‌بوو شـێخ مـه‌حمود گه‌ڕێنرایه‌وه عێراق و دوای گه‌ڕانه‌وه‌شی بۆ کوردستان، ڕاسـته‌وخۆ لـه سـلێمانی کۆنگره‌یـه‌کی گه‌وره‌ی ڕێکخست که ته‌واوی سه‌رکرده کورده‌کانی تێدا به‌شـداربوو، لـه‌و کۆنگره‌یـه‌دا شـێخ

مەحموود دروستکردنی دەوڵـەتی مەلـەکی کوردسـتانی ڕاگەیانـد و خۆشـی لـە ڕێگـەی ئـەو ئەنجومەنی وەزیرانەی دروستی کردبوو، کرایە مەلیکی کوردستان.

هەردوو حکومەتی ئینگلیز و عێراق، ئـەم دەوڵەتـە نوێیـە و ئەنجومەنەکـەیان بـە فـەرمی دانپێدانا و ئەو مافەیان بە گەلی کوردی عێراق ڕەوا بینـی کـە دەوڵـەتی سـەربەخۆی خۆیـان هەبێت، ئەوەتا لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمی کە لە لایەن هەردوو دەوڵەتەوە لە مانگی تشـرینی دووەمی ساڵی ١٩٢٢ دەرکراوە هاتووە:

حکومەتی خاوەنشکۆ و حکـومەتی عێـراق، مـافی ئـەو کوردانـەی لـەنێو سـنووری عێـراق دەژین بۆ دروستکردنی دەوڵەتی کوردی لەو سنوورەدا بە فـەرمی دانپێـدا دەنێـت، هـەردوو حکومەت ئاواتەخوازن دامـەزراوە و ئۆرگانـە جیـاوازە کوردییـەکان لـە هـەر ڕوویەکـەوە کـە مایـەی پەسـەندی حکومەتـە و لـەبارەی سـنوورەکان پێکـەوە بگەنـە ڕێکـەوتن. هـەردوو حکومەت خوازیاری ئەوەن کوردەکان نوێنەرەکانی خۆیان بەتـەواوی دەسـەڵاتەوە بنێـرن بـۆ گفتوگـۆکردن لـەبارەی لایـەنی ئـابووری و ڕێکخسـتنی پەیوەندییـەکانیان لەگـەڵ هـەردوو حکوومەتی خاوەنشکۆ و حکومەتی عێراق[١].

بۆ دانپێدانان بەو دەوڵەتە کوردییەی لە سنووری باشووری کوردسـتان دامـەزرا، لـە لایـەن بەریتانییەکانەوە جگە لەو هۆکارانەی پێشـتر باسـمانکرد چەنـد هۆکـارێکی تریشـی هـەبوو: گەلی عێراق زۆر بەتوندی دژایەتی خـۆی بـۆ ڕێککەوتننامـەی ئـەنگلۆ-عێراقـی ڕاگەیانـدبوو، لەولاشەوە کەمالیستەکانی تورکیا ئاڵای شۆڕشـیان دژی بەریتانییـەکان هـەڵکردبوو و بـەهۆی دراوسێیەتییان لەگەڵ یـەکێتی سـۆڤیەت لێـك نزیکبوونـەوەی پەیوەنـدیی هـەردوو لایـەنیان ڕاگەیاندبوو. بەریتانیا لەو ڕێگایەوە مەبەستی بوو هەردوو حکومـەتی بەغـدا و ئەنقـەرە بـە دروسـتکردنی دەوڵـەتێکی کـوردی ڕووکـەش بترسـێنێ، بۆئـەوەی پـەیڕەوی لـە سیاسـەتی دەرەوەی بەریتانیا بکەن.

بەڵام ئەو هەوڵەی ئینگلیزەکـان بێ هودەبوو، شـێخ مـەحـمـود خـۆی ڕادەسـتی ویسـتی ئینگلیزەکان نەکرد. دروشمی، پاراسـتنی گـەلی کـورد، مـافی خۆبـەڕێوەبردن و سـەربەخۆیی نەتـەوەیی بـەرزکردەوە، هاوکـات هـەوڵی ئەوەیـدا لەگـەڵ عەرەبـە نیشـتمانپەروەرەکان و ڕووسیای سۆڤیەتی پەیوەندیی دۆستانە دروستبکات، شێخ مەحموود بە ئومێدەوە دەیڕوانییە ڕووسیای سۆڤیەتی، ئەوەبوو شێخ مەحمود بە ڕێگەی نوێنەری تایبـەتی خـۆی نامەیـەکی بـۆ فلادیمیر ئیلیچ لێنین نارد، لەو نامەیەدا شێخ مەحمود ڕایگەیاندبوو کورد خوازیـاری بەسـتنی

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.

پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت و دەوڵەتی سۆڤیەتی بە "دۆستی گەلان" و لینینی بە "ڕزگارکەری مەزنی ڕۆژهەڵات" ناو بردبوو. هەروەها نووسیبووی، ڕووسیای سۆڤیەتی وڵاتێکی ئاشتیخوازە، وڵاتێکە ڕێز لە مافەکانی گشت گەلان دەگرێ بە بێ جیاوازی[1].

نامەکەی شێخ مەحمود، دەرخەری هەستی بڕوا پێبوون و دۆستی گەلی کوردە بۆ گەلی ڕووسیا کە بنیاتنەری یەکەمین دەوڵەتی پرۆلێتارین.

لەکاتی کۆنفرانسی لۆزانی ساڵی ١٩٢٢، یەکێك لە پێشەواکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد (خالید بەگ) نامەیەکی دایە حکومەتی ڕووسیا کە تێیدا ئاماژەی بەوە

---

١ لە ڕێکەوتی ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٢٣ شێخ مەحموود نامەیەکی بەم ناوەڕۆکەی خوارەوە بۆ سەرکونسولی ڕووسیا لە تەورێز نارد:

**٢٠ی کانوونی دووەم ساڵی ١٩٢٣**

**بۆ مەقامی عالی قونسوڵی دەوڵەتی ڕووسیای سۆڤیەتی لە ئازربایجان.**

دوای ڕێزو پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشە گەورەکەتان، کە بووە هۆی چاوکردنەوەی تەواوی گەلانی چەوساوە، بۆ داواکردنی مافی خۆیان لەسەرتاپای جیهاندا و بڵاوکردنەوەی مژدەی ڕووخاندنی قەڵای زوڵم و زۆرداری. بەپێویستم زانی باسی گەلی کوردتان بو بکەم کە دوای داواکردنی مافە ڕەواکانی، لە چ بارودۆخێکدا دەژی. گەلی کوردی ستەمدیدە داوای مافی خۆی لە دەوڵەتی داگیرکەری بەریتانیا کرد، لە ئەنجامدا بە تۆپ و فڕۆکە و سوپا گەورەترین و دڕندانەترین هێرشی هێنایە سەر وڵاتەکەمان و زۆر جێگەی وێرانکرد، ئێمەش بۆمان ڕوون بووەتەوە، جگە لە دەوڵەتی ڕوسیای سوشیالیزمی، هیچ کەسێک نییە، پشتیوانی گەلە بەش خوراوەکان بکات، هەر بۆیە دەنگی خۆمان دەگەیەنینە ئێوە، بۆ ئەوەی دان بە حکومەتەکەماندا بنێن و دەستی دۆستایەتیمان بو درێژبکەن، تا لەیارمەتیتان بێبەش نەبین. بۆ ئەم مەبەستە فەرماندەی سوارە سوپای کوردستان "ڕەشید ئەفەندی" و باوەڕپێکراوی تایبەتی خۆم "عارف ئەفەندی"م بە تەواوی دەسەڵاتەوە ناردە لاتان. ئێمە ئێستا پێویستمان بە چەکە، وەک توپ و قڕۆمە و چەکی دی، تا بتوانین بەهۆیەوە دوژمن تەمبێ بکەین و خۆشمان ئازاد بکەین و پەیوەندی ئابووری و سیاسی و عەسکەری لەگەڵ ئیوە ببەستین.. لەمەو پێش ئێوە بەپاککردنەوەی دوژمنانی ناوخۆوە خەریک بوون، ئێمەش ڕەچاوی ئەو بارودۆخەمان کرد، بۆیە داوای هیچمان لێ نەکردن، بەڵام ئێستا ئێوە گەورەترین گورزتان لە دوژمنە تاوانبارەکان داوە، بۆیە داوای یارمەتیتان لێ دەکەین.

گەلی کورد، ڕوسیا بە ڕزگارکەری ڕۆژهەڵات دادەنی و ئامادەیە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسی ئەو بەستێتەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئێوە ببەستێ، بەمەش خەبات و کۆششی هەردوو گەل بەزێڕ دەنووسرێتەوە.. لەگەڵ ڕێزماندا*

**مەحمود، مەلیکی کوردستان**

* بولتەنی زانیاری نوێنەری دەسەڵات بەدەستی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران، ژمارە ٣، مانگی ئاداری ١٩٢٦، هەواڵی نێردراوی ژمارە ١٢.

کـردبـوو، گەلی کورد هیچ هـیـوایەکی بە یارمەتی ئینگلتەرا بۆ دامەزرانـدی کـوردسـتــانێکی سـەربـەخـۆ نەماوە، بـۆیە لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی بە هاریکاری ڕووسـیای سـۆڤیەتی بڕیاری خەباتی داوە. گەلـی کـورد بینـی یەکێتـی سـۆڤیەت بـێ جیـاوازی گەلانـی چەوسـاوە دەپارێزێت، لە هەمان کاتـدا تێگەیشـت هـیچ هیـوایەک بە پشـتیوانی ئینگلیزەکـان نییـە کە پێشتر چەند ڕێبەرێکی بزووتنەوەی کوردی هیوایان لەسەر هەڵچنیبوو.

ئیمپریالیزمی ئینگلیزی کاتێك ساڵی ١٩٢٣ لەگەڵ حکومەتی عێـراق گەیشـتە ڕێککـەوتن و چاوپێداخشاندنەوەیەکی بە کاروبارەکانی لە بەغدا کردەوە، تێڕوانینی خۆی بۆ شێخ مەحمود مـەلیکی کوردسـتان بـە تـەواوی گـۆڕی و کەوتـە دژایـەتی کردنـی دەوڵـەتی کوردسـتان. ئینگلیزەکان هێزەکانیان لەسەر سنورەکانی کوردستان جێگیر کـرد و بـە ئاشـکرا دەسـتیان بـە هێرش کرد، بۆئەوەی هەر ئەو دەوڵەتەی ماوەیەك لەمەو پێش بـە فـەرمی دانیـان پێـدانابوو لەنێو ببەن.

ساڵی ١٩٢٣، ئینگلتـەرا لەگەڵ مـسـتـەفا کـەمال گـەیـشـتە ڕێککەوتنامەیەکی سـەرەتایی، لە ئێران دەستوری پاشایەتی کۆنەپەرستی لایەنگری ئیمپریالیزم ڕاگەیەنرا، بەمـەش سیاسـەتی ئیمپریالیزمی بەم شێوەیە خرایە بواری جێبـەجێ کردنـەوە: دابەشـکردنی کوردسـتان بەسـەر سنوورەکانی ئێران، عێراق و تورکیـا، باشـووری کوردسـتان خرایـە سـەر عێـراق وەك سـنووری باشـووری ئـەو وڵاتـە، بـەپێی بەنـدەکانی ڕێککەوتننامەکـە کوردسـتانی ناوەڕاسـت مـافی ئۆتۆنۆمی پێدەدرێت و لە ماوەی یەك ساڵ دەبێت بە سەربەخۆیی تەواو[١].

پاشگەزبوونەوەی ئیمپریالیستەکان لە دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکـانی گەلـی کـورد وایکرد جارێکی تر ڕاپەڕین بە سەرکردایەتی شـێخ مەحمـود بەرپـا بێـتەوە کە بـۆ مـاوەیەکی درێژ بەردەوام بووە و بەریتانیا ئەو توانایەی نەبوو بەزەبری هێز دایبمرکێنێتەوە.

لەوانەیە بتوانرێ هۆکاری لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراق، لە بۆچوونەکەی (عـەزیز شەریف) کەسایەتی دیاری عەرەب و شۆڕشـی پێشـکەوتنخوازی عێـراق و هـەڵگری خـەڵاتی لینینی ئاشتی بگەڕێنرێتەوە، کاتێك لـە پەرتووکەکەیـدا بـە نـاوی (کێشـەی کـورد لـە عێـراق) دەنووسێت: (لکاندنی باشووری کوردستان بـە عێراقـەوە سـوودێکی زۆری بـۆ بەریتانییـەکان هەبوو، بە هۆیەوە توانیان دەسەڵاتی خۆیان بەسـەر کوردسـتاندا بسـەپێنن، بەتایبـەتی ئـەو ناوچانـەی کوردسـتان کـە بـە سـامانی نـەوت دەوڵەمەنـدن، بـۆ ئەمـەش تـەواوی تێچـوو و

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١، ساڵی ١٩٦٣.

ئەرکەکەیان خستە ئەستۆی حکومەتی عێراق، لەو شوێنەی حکوومەتی عێراق وەك سەگی ڕاو کار دەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا).

دواتر ئینگلتەرا بە بەستنی پەیمانێك بڕوای بە ئێران و تورکیا هێنا کە کاردەکات بۆ بەیەکجاری نەزۆککردنی پرسی کورد، لە کۆتاییدا ئەم پرسە بێ چارەسەر جێبهێڵێت، بۆئەوەی حکوومەتی عێراق بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا بهێڵێتەوە و لاوازی بکات و ناچاربێت بە دەست ئەم کێشەیەوە وەك نەخۆشییەکی بێ چارەسەر تووشی سەرلێشێوان بێ.

بەوپێیەی ئینگلتەرا درکی بەوەکردبوو کە هەرجۆرە خۆبەڕێوەبردنێکی کوردی دەبێتە هۆی ڕزگاربوونیان لە ژێردەستەیی بەریتانیا، بە ئاشکرا کومەڵێک کۆنەپەرستی دژی گەلی کورد بەکارهێنا، لەوانە، مەلیك فەیسەڵ، نوری سەعید و عەبدولئیلا. هاوکات پشتگیری بزووتنەوەی کەمالیەکانی کرد، بزووتنەوەیەك کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کوردستان تێڕوانینی نەرێنی هەبوو[1].

ئینگلتەرا وای دەردەخست کە دژی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی لە یەکێک لە پارچەکانی کوردستان نییە، وەك ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە، ئەگەرچی هەرگیز لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی نەبوو. شۆڕشی گەلی کوردیش دوای هاتنی هێزی داگیرکاری ئینگلیزی دەستیپێکرد.

ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دوژمنی سەرەکی کورد بوو، هێرشی چەکداری ئینگلیز بۆ سەر حکومەتی کوردی شێخ مەحمود کە لە ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن ئینگلتەرا و عێراقەوە دانی پێدانرابوو، ناردنی فرۆکە و تانک و سەربازی ئینگلیزی لەپێناو دامرکاندنەوەی ڕاپەرینی گەلی کورد ساڵی ١٩٢٣، دژایەتی بەردەوامی بزووتنەوە کوردییەکان دوای بەستنی پەیماننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣[2]، بەستنی پەیماننامە لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە هەمان ساڵ، تەواوی ئەمانە قۆناغەکانی سیاسەتی بەکۆیلەکردنی گەلی کوردن لەلایەن بەریتانیاوە.

دوای دروستبوونی حکومەتی کوردی لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢، کاتێك کوردەکان بارودۆخەکەیان باشتر بینی، شێخ مەحمود بە مەلیك ناسێنرا و وەزارەت پێکهێنرا، ئینگلتەرا و عێراق بەهۆی ئەو بارودۆخە سەپاوە و ئەو هۆکارانەی پێشتر باسمانکرد، ناچاربوون دان بە حکومەتەکەی کوردانی نێو سنووری عێراق دابنێن و ئەو مافە بە کورد بدەن کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، بەڵام گۆڕانکاریی لە سیاسەتی بەریتانیا کاتێك دەستی

١ هەمان سەرچاوە.

٢ زانیاری زیاتر بگەڕێوە، ل ٤٠ تا ٥٧.

پێکرد کە ڕێککەوتننامە لە نێوان ئینگلتەرا، تورکیا و عێراق واژوو کرا، دوای ئەوەی شێخ مەحموود ئەو دوو ڕاوێژکارە بەریتانییەی دەستیان لە تەواوی کاروبارەکانی وەردەدا، لە کوردستان دەرکرد[1]، ئیمپریالیزمی بەریتانی بۆی دەرکەوت ئەگەر حکومەتێکی لەو شێوەیە لە کوردستان حوکم بکات، هەرگیز بە ئاواتەکانی ناگات، بۆیە هێرشی سەربازیان کردە سەر کوردستان.

لە ڕێکەوتی ٤ی ئاداری ساڵی ١٩٢٣، فڕۆکەکانی ئینگلیز بە شێوەیەکی دڕندانە پایتەختی کوردستان، سلێمانییان بۆردومان کرد، شێخ مەحمود بۆ پاراستنی خۆی و خەڵکی سلێمانی، شارەکەی جێهێشت و سوپای بەریتانیا شارەکەیان داگیرکرد، هێزی ڕاپەڕیوی کوردستان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە ڕێکەوتی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٢٣ جارێکی تر شاری سلێمانیان ئازادکردەوە و کردیانەوە بە پایتەختی حکومەتی کوردی[2].

حکومەتی کوردستان لە پایتەختەکەی مایەوە تا ئەو کاتەی لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٢٤، واتە ساڵێک دوای ڕزگارکردنی ناچار بوو سەر لەنوێ بەجێبهێڵێ، هێزەکانی بەریتانیا خێرا جارێکی تر لە کوردستان دەسەڵتیان گرتەوە دەست و حکومەتی عێراق بە ڕاگەیەنراوێکی فەرمی ئەم بڕیارانەی ڕاگەیاند:

١- قەدەغەکردنی ناردنی فەرمانبەری عەرەب بۆ کوردستان، جگە لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ.

٢- قەدەغەکردنی سەپاندنی زمانی عەرەبی وەك زمانی فەرمی بەسەر کوردەوە، بەتایبەت لە فەرمانگە و شوێنە فەرمییەکان.

٣- حکومەت ئامادەیە پارێزگاری لە مافی هاونیشتمانی خەڵکی کوردستان بکات، بەتایبەت کەمایەتییە ئاینییەکان[3].

---

١ نوکتەیەکی دیاری شێخ مەحمود هەیە کە دەڵێ. ڕاوێژکاری ئینگلیزی تەواوی ڕۆژ خەریکی ژماردنی دەسەڵاتەکانی خۆی دەبێت و هەرچی پەیوەست بە بەڕێوەبردنی وڵات و حوکمداریە بە دەسەڵاتی خۆی دەزانێت، شێخ مەحمودیش لە بەرامبەردا پێی دەڵێت: کەواتە داوات لێدەکەم تۆ ببیت بە پاشای کوردستان و من ببم بە ڕاوێژکار.

٢ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٣.

٣ هەمان سەرچاوە، فایلی ژماری ٢.

حکومەتی عێراق بە دەرکردنی ئەم بڕیارانە هەوڵیدا گەلی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بڕیارانەی حکومەت لە ناوەڕۆکەوە مەبەست لێی فریودانی خەڵکی بوو و هەرگیز جێبەجێ نەکران، ئەنجامەکەشی ڕاپەرینەوەی خەڵکی کوردستان بوو.

شۆڕشی بەرگری گەلی کورد بە سەرکردایەتی شێخ مەحمود کە هێشتا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی: سوورداش، چوارتا، ماوەت، هەورەمان، پشدەر، پێنجوێن و دەشتی شارەزووردا دەشکا، جاریکی تر هەڵگیرسایەوە، شەڕەکان درێژ، سەخت و خوێناویی بوون، ئەم شەڕانە لە نێوان سوپای عێراق و ئینگلیز لە لایەك و هێزی ڕاپەڕیوی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلیك مەحمود ڕوویاندا، هێزە کوردییەکان لەو شەڕانە بەرگرییەکی بێوێنەیان نواند و هێزی داگیرکەریان بەرەو دۆڵی سورداش نزیك (تابین) بە زیانێکی زۆرەوە پاشەکشێ پێکرد[١].

شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تا ساڵی ١٩٣٠ بەردەوام بوو، جار هەبوو بە خامۆشی و هەندێك جاریش زۆر چالاکانە گڵپەی دەسەند، لە ٦ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ گەلی کورد لە شاری سلێمانی دژی ڕێککەوتننامەی ئەنگلو-عێراقی، ڕاپەڕی و هەستایە سەرپێ، ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەردوو دەستی عێراقی بەستەوە و بەشێوەیەکی کردەیی کوردی عێراقی لە تەواوی مافەکانی بێبەش کرد.

ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە گەورەیەی بە ڕاپەڕینی ٦ی ئەیلوول ناوبانگی دەرکرد، یەکەم نموونەی ڕاپەڕینی چینە جیاوازەکانی شار و لە هەمانکات یەکەمین پەیامی سیاسی گەورە بوو کە لە خۆپێشاندانێکی سەراسەری درێژخایەن بە گوێی دەسەڵاتدا درا، لە ئەنجامی ئەم خۆپێشاندانانە ٤٥ کوردی نیشتمانپەروەر کوژران و ١٩٥یش برینداربوون و سەدان هاووڵاتی کوردیش دەستگیرکران، نوێنەرانی ڕۆشنبیری گەل لەم ڕاپەڕینە مەدەنییە ڕۆڵی سەرکردە و کاریگەریان هەبوو.

دوای ئەم ڕاپەڕینە گەورەیە، شۆڕشی شێخ مەحمود جارێکی تر بە گڕوتینێکی پترەوە بلێسەی سەندەوە و[٢] شێوازی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر هێزەکانی بەریتانیا و عێراق گیرایەبەر، لە زۆربەی شەڕەکان سەرکەوتن بووە بەشی هێزی شۆڕشگێڕی کورد کە بەناوبانگترینیان شەڕی نزیک (ئاوباریک)بوو لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٣١، لەم شەڕەدا هێزی شۆڕشگێڕی کورد، هێرشیان کرد و گوێیان نەدایە زۆری هێزە چەکدارەکانی ئینگلیزی و عێراقی کە تۆپ و هێزی ئاسمانیان لە دەشتی کەرکووکەوە بەکاردەهێنا.

١ هەمان سەرچاوە.
٢ هەمان سەرچاوە.

ئینگلیز لەو شەڕانەدا تەواوی هێزە چەکدارەکانی، حکومەتی بەغدا و زۆرینەی سوپای یەکگرتووی بەریتانیا لە هێزی ئاسمانی، تۆپخانە و تانکی، دژی کورد بەکارهێنا[١].

شێخ مەحمود، ساڵێك دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی چەکداری بۆئەوەی چیتر خوێن نەڕژێت، بە ناچاری ئاشتی قبوڵ کرد و کۆتایی بە شەڕکردن هێنا.

سەرنجی تەواوی هێزە ئیمپریالیستەکان بۆ کپکردنی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە بەهێزە، نەبوونی یارمەتی ڕاستەوخۆ لەلایەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی، نەبوونی پشتگیری ڕای گشتی جیهانی، ئەمانە هەمووی هۆکارگەلێکبوون بۆ شکستی بزووتنەوەی چەکداری گەلی کورد، بەرامبەر هێزەکانی ئینتیدابی ئینگلیز. هەڵبەتە هۆکارە ناوخۆیەکانیش کاریگەرییان کەم نەبوو لەسەر ئەو نسکۆیە، لەوانە: یەکەم، پەرتەوازەیی هێزە کوردییەکان. دووەم، هیچ حزبێکی سیاسی کوردی نەبوو ڕابەرایەتی ئەم ڕاپەڕینانە بکات. سێیەم، بزووتنەوەکان مۆرکێکی ناوچەییان هەبوو. چوارەم، کەمی چەك و پێداویستی سەربازیش کاریگەری زۆریان لەسەر بەردەوامی بزووتنەوەکان هەبوو. تەواوی ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی، بزووتنەوەکان بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتبکرێن.

ئەگەرچی ئەو هەوڵانەی گەلی کورد نەگەیشتنە ئەنجام، لەگەڵ ئەوەشدا، یەکەم، بوونە وانەیەکی بەسوود بۆ گەلی کورد، تا لە شۆڕشەکانی داهاتوویدا سودیان لێ وەربگرێت. دووەم، ئیمپریالیزمیان وەك داگیرکەر و دوژمنی چینە جیاوازەکانی گەل ڕیسواکرد و زیانی ئابووری و مرۆیی زۆریان لێدا.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، بەتایبەتی ڕاپەڕینی بارزانییەکان، ئەگەرچی نەبوونە هۆی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام بەشێوەیەك هێزەکانی ئیمپریالیزمیان بەخۆوە سەرقاڵکرد کە نەتوانن ئامانجەکانیان بهێننەدی.

### ڕێککەوتننامەی سیڤەر و پرسی کورد

ساڵی ١٩٢٠، بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەم گۆڕانکارییانە هیوای سەربەخۆیی لای گەلی کورد دروستکرد. لە ڕێکەوتی ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠، لە شاری (سیڤەر) ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان وڵاتانی سەرکەوتووی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئەوانەی پەیوەندیان پێوەکردن، وەک: فەرەنسا، ئیتالیا، ژاپۆن، بەلجیکا، یۆنان، حیجاز، پۆلەندا،

---

١ هەمان سەرچاوە.

پورتوگال، ڕۆمانیا، یوگسلاڤیا، چیکوسلوڤاکیا، ئەمانە لەلایەک و حکومەتی سوڵتانی عوسمانی لەلایەکیترەوە مۆرکرا.

کورد جەنەراڵ (شەریف پاشا)ی ڕەوانەی (سیڤەر)کرد بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خۆی. یەکێك لە سەرکردەکانی گەلی کورد (جەلال تاڵەبانی) سەبارەت بەو ڕێککەتنامەیە دەڵێت: "دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، وەفدێکی کوردی نێردرایە پاریس، بۆئەوەی داوای دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی بکات. بەپێی بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی ڕێککەوتننامەی سیڤەر کە لە ئابی ساڵی ١٩٢٠ مۆرکرا، دەبووایە کورد ئۆتۆنۆمی وەربگرێت و دوای ساڵێک سەربەخۆیی تەواویان پێ بدرێت، ئەم ڕێککەوتنامەیە تایبەت بوو بە ویلایەتی مووسڵ. ئەوکات کوردستان لە نێوان ئیمپراتۆریەتەکانی عوسمانی و فارس دابەشکرابوو، بەڵام ئەو بەندانەی ڕێککەوتنامەکە جێبەجێ نەکران، ئیمپریالیستەکان و بەتایبەت خاوەن پشکەکانی نەوت پشتگیری دابەشکردنی کوردستانیان کرد، لە عێراق دەسەڵاتێکی پاشایەتییان هێنایە سەر کار کە پشتیوانی ئینگلیزەکانی دەکرد و ویلایەتی مووسڵیشی دەگرتەوە.

گەلی کورد هەرگیز نەچووە ژێرباری ئەو دەسەڵاتەی بەسەریدا سەپێنرابوو، بۆیە لە ساڵی ١٩١٩ تا ئەمڕۆ و لە ساڵەکانی ١٩٢٢، ١٩٢٥، ١٩٣٠، ١٩٣٧، ١٩٤٥، ١٩٤٦، چەندین شۆڕشیان بەرپاکرد"[١].

بەپێی ڕێککەوتننامەکە بڕیاردرا کوردستان لە تورکیا جیابکرێتەوە و ویلایەتی مووسڵیش بدرێت بە ئینگلیزەکان. لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادوڵ دوو دەوڵەتی سەربەخۆی ئەرمینیا و کوردستان دامەزرێنرێت، هەروەها بۆ دیاریکردنی سنوری کوردستان، لێژنەیەکی ئینگلیز-فەرەنسی-ئیتالی دروستکرا، دوای بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی لێژنەکە، ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتە ئەو بڕوایەی "دانیشتووانی ئەم ناوچانە شایەنی سەربەخۆیین، ئەوە ئۆتۆنۆمی بە کورد بدرێت". سەبارەت بە کوردستانێکی سەربەخۆ، لە بەندەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی ڕێککەوتننامەی (سیڤەر) بەم شێوەیە باسی سەربەخۆیی کورستان کراوە:[٢]

١ ج. تالەبانی، ئامانجی ئێمە - ئۆتۆنۆمی کوردستان، گۆڤاری "زە ڕوبێژام، ژمارە ٢٦، ساڵی ١٩٦٣.
٢ ڕێککەوتننامەی سیڤەر، بەشی سێیەم، کوردستان
بەندی ٦٢:
کۆمسیۆنێک لە نوێنەرانی هەر سێ دەوڵەتی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتاڵیا پێکدەهێنرێ کە لە شاری ئەستەمبوڵ جێگیردەبن و لە ماوەی شەش مانگ پاش دەرچوونی ئەم پەیمانە، ڕاپۆرتێک ئامادەدەکەن سەبارەت بە مافی ئۆتۆنۆمی ناوچەیی بۆ ئەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و دەکەوێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی فورات و باشووری سنوورەکانی ئەرمینیا (کە دەکرێ پاشتر دیاری بکرێت)، باکووری

چارەی خۆنووسینی کوردستان بەهیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی بەریتانی نەبوو. کاتێک مەرجەکانی ڕێککەوتنامەی سیڤەر مۆرکرا، تەواوی هەوڵەکان تەنیا بۆ ئەوە بوو میراتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی پێشوو دابەش بکەن و جارێکی تر گەلی کورد بکەنە کۆیلە.

ئیمپریالیستە بەریتانیەکان تەنیا تا ساڵی ١٩٢٥ پشتوانیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد کرد، واتە پێش دەستپێکردنی وتووێژی ئەنگلو-تورکی سەبارەت بە مووسڵ، دواتر ڕاستەوخۆ کۆتاییان بەو پشتگیریە هێنا، بەتایبەت کاتێک توانیان ویلایەتی مووسڵ بخەنەسەر عێراق.

---

ناوچە سنوورەکانی تورکیا و سوریا و میسۆپۆتامیا دەگرێتەوە کە لەبەندی (٢٧)ی مادەکانی دوو و سێ داهاتووە.

هەرکات کۆمسیۆن لەسەر کێشەیەک لە کێشەکان نەگەیشتنە بڕیار، ئەوا کێشەکە بەرەو ڕووی ئەو دەوڵەتانە دەکرێتەوە کە بەرپرسن لە جێبەجێ کردنی گەڵاڵەی ئەم تۆتۆنۆمییە، پێویستیشە ئەم پرۆژەیە مافی ئاشوریەکان و کلدانەکان و باقی کەمایەتییە ڕەگەزی و ئایینییەکان دەستەبەر بکات، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەک لە نوێنەرانی بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئێران و کوردەکان پنکدەهێنری و سەر لەم ناوچەیە دەدات، ئەگەر پێویست بوو دەتوانی لەبارەی پێداچوونەوە و گۆڕانکاری سنوورەکانی تورکیا کە بەپێی ئەم پەیمانە لە گەڵ سنوورەکانی ئیران هاوبەشە، بریار بدات.

بەندی ٦٣:

حکومەتی عوسمانی، لەم ڕووەوە پەیمان دەدات لە ماوەی (٣) مانگ لەو ڕێکەوتەی کە تێیدا ئاگادار دەکرێتەوە بڕیارەکانی هەردوو کومسیون کە لە بەندی (٦٢) باسکراون، لەئەستۆ بگرێ و جێبەجێیان بکات.

بەندی ٦٤:

لەماوەی ساڵێکدا، لە مێژووی دەستپێکردن و جێبەجێکردنی ئەو پەیمانە، ئەگەر گەلی کوردی نیشتەجێی ناو ئەو ناوچانەی لە بەندی (٦٢)دا دەست نیشان کراون، داوایەکیان پێشکەش بەکۆمەڵەی گەلان کرد کە بلێ زۆربەی خەڵکی ناو ئەم ناوچانە، ئارەزوودەکەن لە تورکیا جیابنە و کۆمەڵەی ناوبراویش لەو بڕوایەدابێ کە ئەم گەلە دەتوانێ سەربەخۆیی خۆی بەرێوەبیات، ئەوا تورکیا لەسەریەتی ئەمە قەبوڵ بکات و دەست لە هەموو مافێکی خۆی هەڵگری، ئەم دەست هەڵگرتنەش بە درێژی بابەتێکی تایبەتی دەبێ لە نێوان هاوپەیمانان و تورکیا، هەرکات جیابوونەوەیەکی لەم جۆرە سەربگریت، دوڵەتانی هاوپەیمان هیچ چەشنە کەند و کوسپێک ناخەنە بەردەم مەیلی کوردی نیشتەجێی ئەو بەشەی خاکی کوردستان کە تا ئەمڕۆ لە ویلایەتی مووسڵ دان، ئەگەر خوازیاری ئەوەبوون لەگەڵ حکومەتە سەربەخۆکەی کورد یەکبگرن.X

X. ڕێککەوتننامەی سیڤەر، بەشی سێیەم، زنجیرە ڕێککەوتنەکانی ئاشتی، وەزارەتی کاروباری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٢٧.

کورد و ئەرمەنییەکان، بوونە قوربانی ئەو شەڕە دیپلۆماسییەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی دەستی پێکرد. ئەو بەڵێنانەی پێیان درابوو، هەر زوو لەپێناو ڕەزامەندی مستەفا کەمال و ئەو دەسکەوتانەی (کێرزۆن) لە لوزان بە دەستیهێنان، فەرامۆش کران. بەتایبەت لە سەردەمێکدا کە هێشتا شەڕ لە تورکیا و یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی نەهاتبوو[1].

جگە لەمەش، بزووتنەوەی بەرگری تورکیا بە سەرکردایەتی مستەفا کەمال، گشت ڕێگایەکیان گرتەبەر، بۆئەوەی ڕێگری لە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئۆتۆنۆمی کوردستان بکەن، لەلای خۆیانەوە کەمالیستەکان هەوڵێکی زۆریاندا بەندەکانی پەیماننامەی سیڤەر سەبارەت بە کورد نەچنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم هەوڵە ئیمپریالیستییەی دوژمنانی ئازادی گەلی کورد، کاریگەری تەواویان لەسەر بڕیارەکانی کۆنفرانسی لۆزان هەبوو کە تەواو پێچەوانەی بڕیارەکانی پەیماننامەی سیڤەر بوو لەبارەی پرسی کورد. ئەم کۆنفرانسە لەسەر پێشنیاری (کێرزۆن) لە سەرەتای ساڵی ١٩١٩ ئەنجام درا، کاتێك وەك وەزیری کاروباری دەرەوەی ئینگلیز دەستنیشانکرا کە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە پەیڕەوی سیاسەتی (هێڵی هێرشبردن)ی دەکرد کە لە مێژوودا بە سیاسەتی (هێلی مەترەق) ناسراوە.

یەکێک لە ئامانجەکانی کێرزۆن دەستوەردان بوو لە کاروباری تورکیا، بۆئەوەی کێشەی مووسڵ لە بەرژەوەندی بەریتانیا چارەسەربکات، ئەگەرچی مووسڵ لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرابوو و هێزەکانی ئەوانی لێ جێگیرکرابوو، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی تەواویان بەسەر ناوچەکەدا نەبوو.

ئیمپریالیستی ئینگلیزی بڕیاریدا ویلایەتی مووسڵ بخرێتە نێو سنووری عێراقی ژێردەستەوە و خۆشیان لەوێ جێگیر بن، بۆئەوەی بەتەواوەتی دەست بەسەر دەوڵەمەندترین ناوچەی نەوتیدا بگرن. ئەگەرچی کارێکی قورس بوو، بەو پێیەی پێکهاتەی دانیشتووانی مووسڵ تەنیا لە عەرەب پێکنەهاتبوو، بەڵکو بە زۆری کورد و هەروەها تورکیشی لێ دەژیان. بۆ ئەم مەبەستە دیپلۆماسیەتی ئینگلیزی ڕێگای فرتوفێڵی گرتەبەر و ڕوویان لە مێژوو کرد، ئەو بابەتەیان زەقکردەوە کە وێرانەکانی (نەینەوا) کۆنترین پایتەختی ئاشوور، زۆر لە مووسڵەوە دوورنییە، بۆ ئەمەش دەستیانکرد بە چاپکردنی وتاری ساختە بە زاری عێراقییەکان لە ڕۆژنامەی ئینگلیزەکان، لە وتارەکاندا داواکرابوو دووبارە مافە مێژووییە

١ گۆڤاری "ئێکۆنۆمیست"، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، سەربەخۆیی کوردستان؟، ڕاپۆرتی پەیامنێرێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١، ساڵی ١٩٤٦.

هـەزار سـاڵانەکەی دانیشـتووانی عێـراق بگەڕێنـدرێتەوە و دەسـەڵاتی عێـراق بەسـەر دوا مەنزڵگای پاشای ئاشورییەکان بسەپێنرێ کە نەینەوایە.

لە ئەنجامی هاندانی بازنە ئیمپریالیستیەکانی ئینگلیز، لە مانگی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٩٢٢، گرووپـە چەکـدارە عەرەبـەکانی عێـراق بـە فەرمانـدەیی ئەفسـەرانی ئەنگلـۆ-هنـدی هێرشیانکردە سەر ناوچەی کێشـە لەسـەری بـاکووری میسـۆپۆتامیا، بـە بیـانوی "ڕزگـارکردنی براکانیان لەژێر زوڵمی تورکـەکان" شـاری مووسـڵیان داگیرکـرد. دوای دواخسـتنی کۆفرانسـی لـۆزان لە ١٣ی تشــرینی دووەم بـۆ ٢٠ی هـەمان مانـگ، کێـرزۆن لـە بارودۆخێکـدا هاتـە کۆنفرانس کە مووسڵی بە هاوکاری عێراق کردبووە شـارێکی عـەرەبی و لەگـەڵ تورکـەکانیش لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤەر ڕێککەوتبوو. نوێنەرانی کۆنفرانس بریتی بووون لە: کێرزۆن-ئینگلتەرا، پـونکەر-فەرەنسا، مـۆسـۆڵۆنی-ئیتـاڵیـا، هەروەهـا شـاندەکانی تورکیـا، یونــان، یوگســلاڤیا، بولگاریــا، ڕۆمانیــا و ژاپــۆن ئامــادەی کۆنفرانســەکە بــوون، ولایەتە یەکگرتووەکانیش وەک چاودێر نوێنەری خۆی نارد.

لەلایەن بەریتانیاوە پێداگری لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی مووسڵ کرا کە تا سـاڵی ١٩٠٩ ناوچەی پڕ لە نەوتی مووسڵ بە موڵکی سوڵتان دادەنرا، دواتر لەلایەن تورکیای نوێوە دەستی بەسەرداگیرا. لە سـەردەمی شـۆڕش و دوای ئـەویش لەگـەڵ کۆمپانیـای (تـورکش ئۆیـل) کـە خاوەن پشکی سەرەکی کرزۆن بوو کەوتنە گفتوگۆ، دوای شکستی ساڵی ١٩١٨ تورکـەکان لـە ترسی لەدەستدان، مووسڵیان بۆ خاوەنەکەی پێشووتری (عەبدولحەمیدی دووەم) گەڕاندەوە، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە پشکەکانیان دابـە کۆمپانیـای نەوتـی ئـەمریکی، ئـەم کۆمپانیایـە دواتر کەوتە دژایەتی کردنی کۆمپانیای (تورکش ئۆیل).

تورکەکان بە ڕژدی کاریان دەکرد بۆئەوەی مووسـڵ لـەژێر دەسـتی خۆیـان بهێڵنـەوە. بـۆ ئەوان مووسڵ نەك تەنیا ناوچەیەکی دەوڵەمەند بە نەوت، بەڵکو خاڵێکی ستراتیژی گـرنگیش بوو، بەوپێیەی بە کلیلی کوردستان دادەنرا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خۆی هاوێشتە نێو کێشەی مووسڵەوە، کۆمپانیای نەوتی ئەمریکی (ستاندار ئۆیل) سیناتۆر هامیلتۆن لیڤی وەک نوێنەری خـۆی نـاردە لـۆزان و داوای لە تورکەکان کرد ئیمتیازی هێڵی ئاسنی مووسڵ و وەبەرهێنان لە کێڵگە نەوتییەکانی مووسـڵ تا ٢٠کم لە هەردوو لای هێڵی شەمەندەفەریان پێ بدەن.

بالیـۆزی ئەمریکی چایڵد، لە ڕاگەیەنراوێکی فەرمیـدا ڕایگەیانـد، ولایـەتە یـەکگرتووەکانی ئــەمریکا داوای یەکسـانی ئـابووری دەکـات و دەخـوازێ بنـەمای (دەروازەی کـراوە) لــە

ناوچـەکانی ژێـر دەسـەڵاتیان پـەیڕەو بکـرێ، لـەپێناو کـێڵگە نەوتییەکـانی ناوچـەی مووسـڵ لایەکانی دژبە یەکتر ئەو بیانووەیان دەهێنایەوە کە پەیوەسـت بـوو بە پێکهاتـەی نەتـەوەیی دانیشتووانی ویلایەتەکەوە. بە بۆچوونی تـورک، لـە کـۆی (٥٠٣) هـەزار لـە دانیـشتــووانی شارەکە، (٢٨١) هەزار کــوردە و (١٤٦) هەزار تورک، (٤٣) هـەزار عـــەرەب و (٣١) هـەزار غەیری مووسڵمانن. عیسمەت پاشاش، کورد بە ئەسڵ بۆ سەر تۆرانییەکان دەگێڕێتـەوە، بـۆیە دەڵێت ٪٨٥ دانیشتووانی مووسڵ تورکن.

بـەپێی ئامــاری ئینگلیـزەکــان، دانیـشتـووانــی مووسـڵ ٧٨٥٠٠٠ کـەس دەبـێ، لەوانـە ٤٥٤٠٠٠ کەس کــورد، ١٨٥٠٠٠ هـەزار کــەس عــەرەب، ٦٥٠٠٠ کـەس تـورك، ٦٢٠٠٠ کـەس مەسیحی و ١٦٠٠٠ جوولەکەشی لێیە[1].

لەم بارەیەوە ئینگلیزەگان ڕایانگەیاند، کوردەکان لە بنەڕەتدا لـە نەتـەوەی ئێـرانین، بـەپێی ئاماری ئەوان، تورکەکان تەنیا ١/١٢ی دانیشـتووانی مووسـڵ پێکـدەهێنن. کیـرزۆنیش لـەلای خۆیـەوە پێشـنیاری کـرد کێشـەی مووسـڵ بـدرێتە کۆمەڵـەی گـەلان و لەوێشـەوە چـاودێری کێشەی مووسڵ بکرێت. عیسمەت پاشـا پێـی لەسـەر دەنگـدانی گـەل داگرتبـوو. کێـرزۆنیش بۆئەوەی گوشار بخاتە سەر تورکەکان، بۆ پرسی مووسڵ، عێراقیان هێنایە سەر شـانۆ. مـەلیک حوسێن لەسەر داوای ئینگلیز بـە یادداشـتێك بەشـداری لـە کۆنفرانسـی لـۆزان کـرد و تێیـدا ئاماژەی بەوە کرد، عێـراق بەشـداری لـەو کۆنفرانسـە ناکـات[2]، بـەڵام سـەبارەت بە داواکـاری تورک، مەلیک ڕایگەیاند، مووسڵ بەشـێکە لـە عـێــراق و ناکرێـت جیابکرێتـەوە، دوای ئەوە کێرزۆن پێشنیاری کرد مەسەلەی مووسڵ واز لێ بهێنن و بدرێتە کۆمەڵەی گەلان.

**ڕێککەوتننامەی لۆزان و پرسی کورد**

دوای هەشـت مانـگ وتـوێژ، لـە ڕێکـەوتی ٢٤ی تـەموزی سـاڵی ١٩٢٣، ڕێککەوتننـامەی لـۆزان مـۆرکرا. وا دانـرا ناوچـەی کـێلگە نەوتییەکانی مووسڵ لە ماوەی ١٠ مانگدا بەڕێگای وتـوێژەوە لـە نێوان ئینگلتەرا و تورکیــا چارەسـەر بکـرێ. ئەگـەر هـەردوو لایـەن لەنێـوان خۆیانـدا ڕێـك نەکـەوتن، مەسـەلەکە دەدرێـتە کۆمەڵـەی گـەلان. لـە ڕاسـتیدا ئـەمە سـەرکەوتنێک بـوو بـۆ ئینگلتەرا، پێش ئەوەی تورکیا ناوچەی مووسڵ لەدەست بدات.

١ مێژووی دیپلۆماسییەت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٢٢-٢٢٣.
٢ هەمان سەرچاوە.

حکومەتی تورکیا بۆ ماوەیەک پێداگری لەسەر خواستەکانی دەکرد، وتووێژەکانی ئەنگلۆ-تورکی، لە کۆنفرانسی ئەستەنبۆڵی ٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٢٤ هیچ ئەنجامێکی نەبوو، دوای ئەوە ئینگلتەرا لە مانگی ئابی هەمان ساڵ بابەتەکەی ئاراستەی ئەنجوومەنی کومەڵەی گەلان کرد بۆ تاوتوێ کردنی و داوایکرد سنووری ناوچەکە بەپێی (هێلی برۆکسل) دەستنیشان بکرێ، ئەمەش لە بەرژەوەندیی تورکیا نەبوو. ئەم بڕیارە مووسڵی خستە سەر عێراق، جگە لەوەش ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، کۆمسیۆنێکی پێکهێنا تا ئەو پرسە لە جێگای خۆی تاوتوێ بکەن.

کۆمسیۆنەکە لە ڕاپۆرتێکی دا کە لە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان، لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٥پێشکەش کرا، دووفاقانە کێشەی مووسڵی هەڵسەنگاند، بە ئاشکرا پشتیوانی لە بانگەشەی ئیمپریالیستی بەریتانیا دەکرد. کۆمیسیۆن دانی نا بەوەی کە عێراق هیچ مافێکی یاسایی بەسەر مووسڵەوە نییە، بەڵام پێشنیاریکرد بەهۆی زەرورەتی کارگێڕییەوە ناوچەکە بخرێتە سەر عێراق. بەمەرجێك بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ لەژێر چاودێری کۆمەڵەی گەلان بێت و مۆڵەتی شەش مانگیشی بە بەریتانیا دا، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر مەرجەکان بدات و بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ مانەوەی خۆی لە عێراق درێژبکاتەوە. لە بارەی کوردیشەوە ئەنجوومەنی کۆمەڵەی گەلان ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

"ئەو کەسەی حوکمی کوردستانی دەکەوێتە دەست، دەبێت فەرمانبەری کورد بۆ پۆستەکان دەستنیشانبکات، دەبێت لە خوێندنگاکان خوێندن بە زمانی کوردی بێت و زمانی کوردی زمانی فەرمی ناوچەکە بێت".

ئەگەری لکاندنی مووسڵ بە عێراقەوە، تەنانەت نەتەوەپەرستەکانی عێراقیشی والێکرد بەرهەڵستی نوێکردنەوەی مانەوەی بەریتانی لە عێراق نەکەن. دواتر لە ڕێکەوتی ١٣ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٢٦ ڕێککەوتننامەی ئەنگلو-عێراقی مۆرکرا.

وەک ئەوەی لە بڕیار و ڕێگەچارەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان و ڕەفتاری هاوپەیمانەکان بەدیار دەکەوێ، وڵاتانی زلهێز کە کێشەی کوردیان دەخستە ڕوو، گوایە بۆ "ئازادی گەلانی ستەم لێکراو" هەوڵدەدەن، بەهیچ شێوەیەك خەمی کوردستانی سەربەخۆیان نەبووە، بەڵکو تەنیا نەوتەکەیان لا گرنگ بووە.

بەم شێوەیە کوردستان بووە قوربانی دەستی ئیمپریالیزم و تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ خەڵکەکەی لە هەرسێ لایەنەوە دەچەوسێنرێنەوە.

لە گۆڤاری (دەنگی کوردستان)، ئۆرگانی لاوانی دیموکراتی کوردستان، لەم بارەیەوە نووسراوە:

"لە ٢٣ی تەموزی ساڵی ١٩٢٣، ئینگلتەرا ڕێککەوتننامەی لۆزانی لەگەڵ تورکیا مۆرکرد، وای لە بەرژەوەندی (سیاسەتی نەوتی)ی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبینییەوە، وڵات لە نێوان تورکیا کە ژمارەیان ٤,٥ ملیۆن کورد، ئێران ٣,٥ ملیۆن، عێراق ١,٥ ملیۆن و ئەو کوردانەی کە ژمارەیان دەگەیشتە ٤٠٠٠٠٠ کەس و دەکەوتنە سنووری بەرژەوەندییەکانی فەڕەنسا لە سەر سنووری سوریا دابەش بکات"[١].

ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بەم کارەی هەوڵیدا ئەو سێ دەوڵەتە ساختەیە بە تەواوەتی بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی، بە بێدەنگی سامانەکانی ژێر زەوی کوردەکان لە عێراق و ئێران دەربهێنی، هەستی فاشیستی لەنێو سەرکردە دەستەمۆەکانی خۆی لەو ناوچەیە بە زیندوویی بهێڵێتەوە و پارێزگاری لەو بارودۆخە شەڕاوی و ناسەقامگیرەی ئەو پارچەیەی گۆی زەوی بکات.

ئەرشاک سەفراستیان نووسەری پەرتووکی (کورد و کوردستان) کە ساڵی ١٩٤٨ لە لەندەن بڵاوکراوەتەوە، باس لە دابەشکردنی دانیشتووانی کورد لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا دەکات، ئاماژە بەوە دەکات، لە ئەنجامی ئەو دابەشکارییە، زیانێکی گەورە بەر ئابوری چینی شوانکاری بەخێوکەرانی مەڕوماڵات کەوت، هاتنەکایەوەی سنووری تورکیا و عێراق کە جەرگەی کوردستانی کرد بە دوو بەشەوە، پەیوەندی نێوان ناوچە ئابوورییە گرنگەکانی کوردەکانی نەهێشت، نووسەر بێ گومانە لەوەی "بارودۆخی نوێی ئابووری کە لەگەڵ نەریتی هەزار ساڵەیان یەکناگرێتەوە، بێ هیوایی لەنێو دەروونی ئەو خەڵکە ئازدیخوازە نوێکردۆتەوە".

لەنێو دراوسێکانی تورکیا، سور، ئەرمەنی، کورد و جۆرجییەکان، گشتیان لەو باوەڕەدابوون کە زەوییەکانیان خراونەتە سەر خاکی تورکیا، ئەو زەویانەی سەرمایە و ناسنامەی مێژوویی نەتەوەکەیانە. لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان درکیان بەوەکردبوو کە پارێزگاریکردن لە تورکیا لە چوارچێوەی سنووری سروشتی خۆیدا کارێکی پێویستە.

کورد خوازیاری ئەوەن بە لای کەمەوە لەسەر پارچەیەکی سەرزەمینی مێژووی خۆیان فەرمانڕەوابن، شوێنێك کە تێیدا بتوانن بە ئازادی بژین و زمانی زگماکی خۆیان فێری

---

١ وتاری نوێنەری کوردستان لە کۆنگرەی دووەمی "یەکێتی لاوانی دیموکراتی جیهان". ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.

منداڵـەکانیان بکـەن، شـوێنێك کتێـب و ڕۆژنامـەکانی خۆیـان تێـدا دەربکـەن. ئەفسـانەکان، داسـتان، چیـرۆك، گـۆرانی و کلتـوره دەوڵەمەندەکـەیان کۆبکەنـەوە و تێیانـدا بڵاوبکەنـەوە. مێژووی خۆیان بخوێننەوە یاساکانی خۆیان پەیڕەو بکەن، حکومەتێك لە ڕوحی نەتەوەکەیان دروست بکەن، بەڕاستی دەکرێت ئـەم مافـە سـەرەتاییانەی ئـازادی، بـە نەتەوەیـەکی ئـازا و بەهێزی وەك کورد ڕەوا نـەبینرێت؟. سەفراسـتیان، ئامـاژە بـە هەڵکشـانی هەسـتی نەتـەوەیی کورد دەکات و هێزە ڕۆژئاواییەکان ئاگاداردەکاتەوە لەوەی کە پێویستە حسابیان بۆ بکرێت.

نووسەر بەم ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت: (وڵاتێکی لەم چەشـنە و نەتەوەیـەکی وا، شایستەی چارەنووسێکی باشـترن، مێـژووی کـۆن و نـوێی ئـەوان سـەلماندوویەتی لـەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان، هەموو مەترسییەك تاقیدەکەنەوە، لەو بارودۆخەی ئەمڕۆدا ئەوان دەتوانن بە ئاسانی سنوورەکانی ناوخۆی ئاسیا تێپەڕێنن)[1].

گەلی کورد کە لە مێـژوودا بـە نەبـەردی و قارەمانیـەتی لـە پێنـاو ئـازادی بـەناوبانگن، لـە بەرامبەر دابەشکردنی وڵاتەکەیان، قەدەغەکردنی زمانی باب و باپیرانیان، بە کۆیلـەکردنیان و برسێتی و هەژاری دەستەوەستان ناوەستن.

لەولاشەوە، وەستانی ئەو سێ وڵاتە لەتەك یـەکتری و لـەژێر فـەرمانڕەوای بـەریتانیا، بـۆ لە خوێن نوقمکردنی شۆڕشەکانی کورد هەرگیز کۆتایی پێ نەهات[2].

ئەو جۆرە خیانەتەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و پاشـگەزبوونەوەیان لـە بەڵێنانـەکانیان، بـووە هـۆی تووڕەبـوونی کوردەکـان، خـودی کوردەکـان لێـرەدا بـەم شـێوەیە هەڵسـەنگاندنیان بـۆ بارودۆخەکە کردووە: "لە لایـەن بـەریتانیای مـەزن و کۆمیسـیاری بـاڵای بـەریتانیا لـە بەغـدا بەڵێنی سەربەخۆیی بە کورد درا، ئەم بەڵێنە هەرگیز جێبەجێ نەکرا، لەکاتێکدا ئەمە مـافێکی ئاسایی و مێژووییە و بەریتانیا سوێندی خواردبوو ڕێزی لێبگرێت، حکومـەتی عێـراق لـە ژێـر ئینتدابی بەریتانیا بـە تـەواوی هێـز و سـوپاوە هێرشـی کـردە سـەر گـەلی کـورد، کوردەکـان ئەوانیان شکاند و پاشەکشـەیان پێکـردن، بـەڵام سـوپای ئینگلیـز و هێـزی ئاسـمانی مەلـەکی (RAF)، هاتنە مەیدان و گوندەکانی کوردستانیان بە بۆمبی قورمیشکراو بۆمبارانکرد.

ڕێککەوتننامەی سیڤەر، دامەزراندنی کوردسـتانێکی نەتـەوەیی لـێ چـاوەڕێ دەکـرا، واتـە وڵاتانی زلهێز خۆیـان دانیـان بـە مافـە مێژوویـی و سروشـتیەکانی کـورد نـابوو. ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە ئێستا نایانەوێت تەنانەت ئەو ڕێککەوتنە بە بیـری خۆشـیاندا بهێننـەوە. ئێسـتاش

١ ناوەندی بڵاوکردنەوەی بولتەنی هەواڵ و زانیاری کوردی، ژمارە ٣، (پاریس - ١٩٤٩).
٢ دەنگی کوردستان، ئۆرگانی لاوانی کوردستان لە ئەوروپا، (پاریس – تەمووزی ١٩٤٩).

کاکی (پرایس) وای ڕادەگەینێت کە نایانەوێ کوردستانێکی سەربەخۆ ببێت بە دارودەستەی (ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی)، ئای لەو مێشکە بەتاڵە!

لەوانەیە چەند لایەنێك کە پێیان وایە توانیویانە دەست بەسەر نەوتەکەماندا بگرن، لەو بڕوایەدابن کە کوردستان و خەڵکەکەی ئێستا تەنیا بۆ کۆیلایەتی باشن، بەڵام گەلەکەکەمان ئەمە ڕەتدەکاتەوە"[1].

دابەشکردنی خاکی کوردستان لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩١٦ بە پێی ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ، چاوەڕوان کراوبوو. لە پەیمانی سیڤەری ١٠ی ئابی ساڵی ١٩٢٠ و لە بەندەکانی ٦٢ و ٦٤ ڕێکارەکانی سەربەخۆیی و یەکگرتنی کورد دیاری کران، بەڵام ئەم ڕێککەوتننامەیە هەرگیز وەك ڕێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ جێبەجێ نەکرا، بەشی هەرە زۆری ئەو ڕێککەوتنامانەی لە نێوان عێراق، ئێران و تورکیا ئەنجام دەدرا، خاڵە بنەڕەتییەکەیان دژایەتیکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد بوو[2].

گەلی کورد هەردەم فێڵی لێکراوە و بە بەڵێنە دیماگۆگییەکانی ئیمپریالیستەکانی فریوی خواردووە، دانپێدانانی دووڕووانەی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی بە مافەکانی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی، زۆر لەسەر کورد کەوت و نرخەکەشی خوێنی سەدان هەزار قوربانی بووە، ئەم نموونەیە جارێکی تر قسەکانی لینین دەسەلمێنێ کە دەڵێ: "سەلمێنراوە جیهانی حکومەتە بورجوازی و خاوەندارەکان، دوو جۆرە شێوازیان داهێناوە بۆ چەوسانەوەی گەلان. یەکەمیان: توندووتیژییە، بەڵام جۆرێکی تر هەیە، لە هەمووی باشترە کە کۆڵۆنیالی بورجوازی ئینگلیزی و فەرەنسی پەیڕەوی دەکەن، ئەویش: شۆڕشی گەورە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی چینەکانی کۆمەڵگا، ئەمانە شێوازێکن بۆ هەڵخەڵەتاندن، مەرایی کردنی ڕستەکانی ملیۆنەها بەڵێن و پەیمان، بەخشیشی بێ بایەخ، تەنازولی نا پێویست و پارێزگاری کردنی بایەخدارەکان"[3].

---

١ بۆڵتەنی ژمارە ١٣، ناوەندی بەڵاوکردنەوەی هەواڵ زانیاری کوردی، (پاریس - ١٩٥٠).
٢ بولّتەنی ژمارە ١٢. سەرچاوەی پێشوو.
٣ ڤ.ی. لینین، وتارێك لە پەرتووکی ٢٤، ل ٤٣.

**ئاسەوارەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزان و گەشەسەندنی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد**

کاتێك ئیمپریالیستەکان بێ بەزەییانە کوردیان هەڵخەڵەتاند و ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان خستە ژێر پێ، وڵاتە دەستەمۆەکانی ئیمپریالیزمی وەک ئێران، تورکیا و عێراق، وە بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە سەرکوتکردنی گەلی کورد کە داوای گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکەی دەکرد. ئەو مافەی لە بەندی ٥ی ڕێککەوتننامەی لۆزان دەڵێ: (دەبێت تورکیا مافی کەمینە نەتەوەییەکان دەستەبەربکات)، کەچی کەمالیستەکان پشتیان لەو بەڵێنانە کرد و بە پێچەوانەوە دەستیاندایە چەوساندنەوەی گەلی کورد. مستەفا کەمال دوای تێپەڕاندنی بەربەستە نێودەوڵەتییەکان بە بەڵێنە فێڵاوییەکانی، ویستی کێشەی گەلی کورد بە ڕێگەیەك چارەسەر بکات وەك ئەوەی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشتر کێشەی ئەرمەنییەکانی پێ چارەسەر کردبوو، واتە لەنێوبردنیان[1].

ساڵی ١٩٢٤ واتە ساڵێك دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی لۆزان، حکومەتی تورکیا بەکارهێنانی زمانی کوردی قەدەغەکرد و دەستیکرد بە دوورخستنەوەی کەسایەتی و ڕۆشنبیرە کوردە ناسراوەکان. لە بەرامبەردا کوردەکانیش دەستیان بە بەرەنگاربوونەوەی دژوار کرد دژی زۆرداری تورکیا.

کوردە نیشتمانپەروەرەکان ئەو بابەتەی چەندین ساڵ بوو لێی تێنەدەگیشتن، ئیتر بۆیان ڕوونبووەوە و دەستیانکرد بە یەکخستنەوەی ڕیزەکانیان و بە خۆ ئامادەکردن بۆ شۆڕشێکی نەتەوەیی گەورە.

ڕێکخراوە کوردیەکان دەستیانکرد بە داڕشتنی پلانی شۆڕش و جەنەڕاڵ (خالید بێ)یان ڕاسپارد بۆ جێبەجێ کردنی پلانی ڕاپەڕین لە ساڵی ١٩٢٥. ڕێکەوتی ٢١ی ئاداری ١٩٢٥ وەك ڕۆژی جێبەجێکردنی پلانی ڕاپەڕین دەستنیشانکرا.

کەچی وا ڕێککەوت کە یەکەیەکی سەربازی تورك چوونە نێو گوندی پیران، ئەو شوێنەی شێخ سەعیدی لێ دەژیا کە یەکێك بوو لە سەرکردەکانی شۆڕش، نزیکەکانی وایان هەستکرد سەربازەکان بۆ دەستگیرکردنی شێخ هاتوون، ئەوەبوو شەڕ لە نێوان هەردوو لایەن ڕوویدا و ئەمە بووە دەستپێکی ڕاپەڕین.

---

١ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦.

بەم شێوەیە، بە سەرکردایەتی شێخ سەعید، لە ڕێکەوتی ٧ی ئاداری ١٩٢٥ شۆڕش دەستیپێکرد، ئەمە دوو حەفتە بەر لەو ڕێکەوتەبوو کە بۆی دیاریکرابوو. جەنەراڵ (خالید بێ) و زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی سەرکردایەتی ڕاپەڕینیان پێ سپێردرابوو لەوکاتە لە دەرەوەی ئەو ناوچانەبوون کە شۆڕشی لێ ڕوودابوو، بۆیە بەشی هەرە زۆریان لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە دەستگیرکران و بەبێ دادگایکردن، کوژران.

سەرەڕای ئەوەی شۆڕش پێش کاتی دیاریکراو دەستیپێکرد، وێڕای ئەوی لەلایەن خەڵکانێکی بێ ئەزموون لە بواری سەربازی سەرکردایەتی دەکرا و سەرکردەیەکی شارەزای هونەری جەنگی تێدا نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش توانی لە ماوەیەکی کەم ناوچەیەکی فراوان بگرێت و هەر لە دەستپێکەوە شۆڕشگێڕان سەرکەوتنی گەورە بەدەستبهێنن و بەرەو دیاربەکر پێشڕەوی بکەن و هێزەکانی تورکیا پاشەکشێ پێبکەن.

دەوڵەتی تورکیا کە ترسی فراوانبوونی شۆڕشی لێ نیشتبوو، هەڤێکی سەرانسەری ڕاگەیاند، شۆڕش بۆ ماوەی هەشت مانگ درێژەی کێشا، تەنیا لە سایەی یارمەتییەکانی فەڕەنسا کە ڕێگای ئاسنی باکووری سوریای خستە خزمەتی سوپای تورکیا (بیست و پێنج هەزار سەربازی تورك لە ڕێگەی سوریا بە حەلەب دا سوڕێندرانەوە)ەوە، بەمەش هێزەکانی تورکیا توانیان گەمارۆی شۆڕشگێڕان بدەن و شۆڕش دامرکێننەوە[١].

سەبارەت بە کوشتاری کوردە شۆڕشگێڕەکان بە دەستی تورك، خ.س. ئارمیسترۆنگ لە کتێبی گورگی خۆڵەمێشی- مستەفا کەمال. دەنووسێت:

(کوردستان بە زەبری شمشێر و ئاگر وێرانکرا، پیاوەکان ئەشکەنجەدران و لە سێدارەدران، کێڵگەکان وێرانکران، ژن و منداڵەکان دەبردران و دەکوژران، تورکە کەمالیستەکان بۆ تۆڵەکردنەوە لە کورد، بە دڕندانەترین شێوە و لەژێر ئەشکەنجە کوشتارگای بەکۆمەڵیان ئەنجام دەدا، ئەوکارەیان هیچی کەمتر نەبوو لەوەی تورکەکانی سەردەمی سوڵتان، بەسەر یۆنانی، ئەرمەنی و بولگارییەکانیان دەهێنا. مستەفا کەمال لەو زەویانەی شۆڕشی تێدا بەرپابوو، دادگای سەربازی پێکهێنا بەناوی (دادگای سەربەخۆ)، بە بڕیاری ئەم دادگایە لە ماوەیەکی کەم خەڵکانێکی زۆر لە سێدارەدران، زیندانیکران و دوورخرانەوە.

(داگا سەربەخۆکان) چالاکییەکانیان بە تەواوی تورکیادا بڵاوکردەوە و دەوڵەتی تیرۆر، خوێن و کوشتاریان بنیاتنا. خەڵکیان لەسەر قسەیەکی نابەجێ، ڕەخنەگرتن لەو بارودۆخەی

---

١ عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

هاتووەتە ئاراوە، یان دژایەتی جێبەجێ کردنی یاسا بێ بایەخەکان، هەڵدەواسی. ئەگەر دادگاکان لە جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان کەمتەرخەمییان نواندبا، لەلایەن مستەفا کەمالەوە هەڕەشەیان لێدەکرا، بەمشێوەیە بە یارمەتی بەندیخانە، ئەشکەنجە، سێدارە، خوێن و تۆقاندن مۆری فەرمانڕەوایی خۆی کوتایە تورکیا)[١].

بۆئەوەی قەناعەت بە مەودای چالاکیی هەڵمەتە سەرکوتکارییەکانی تورک بکەین، چاوێك بەم ژمارانەی خوارەوەدا دەخشێنین[٢]:

| ناوچەکان | گوندەکان | ژمارەی خانووەسوتاوەکان | ژمارەی کوژراو |
|---|---|---|---|
| لیجە | ٣٠ | ١٢٨٤ | ٦٣٧٠ |
| دارحنین | ٥٤ | ٢١٩٧ | ١٣٥٧ |
| ئەردوشین | ١٢٧ | ١٢٥ | ٢٩٥ |
| جباقجور | ١١ | ٥٧٦ | ٣٥٠ |
| نسێبین | ١٠ | ٤٤٠ | ٣٨٤ |
| جبان | ٢١ | ٩٠٥ | ٩٠٢ |
| ئەلیان | ١٩ | ٧٩٠ | ١٧٠٦ |
| میدیان | ٦ | ٤٥٠ | ٦١٣ |
| باجەرین | ١٥ | ٥٤٨ | ٩٧٨ |
| کەربۆران | ٣ | ٧٢ | ١٧٢ |
| حەسن کێف | ٣ | ١٣٨ | ١٧٦ |
| گردج | ١٦ | ٦٤٣ | ١٠٩٤ |
| ئیفنۆت | ١٣ | ٥٩٠ | ٨٠٩ |
| دیاربەکر | ٥ | ١٣٨ | ١٧٦ |
| **کۆی گشتی:** | **٢٠٦** | **٨٧٥٨** | **١٥٢٠٦** |

١ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٨.
٢ هەمان سەرچاوە، ل ١٩.

بەم شێوەیە ڕاپەڕینی گەلی کورد بەرامبەر دەسەڵاتی تورکیا ساڵی ١٩٢٥ کۆتایی پێهات.

دەوڵەتی تورکیا دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی کوردەکان بە سەرکردایەتی شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥، نزیکەی دووسەد هەزار کوردی کوشت و پێنج سەد هەزاریشی بەرەو ڕۆژئاوای تورکیا دوورخستەوە[١].

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ژمارانەی خستمانە ڕوو، شتێکی ئەندەکن لەچاو ئەو قوربانییانەی کورد داویانە. بەپێی چەند سەرچاوەیەکی تر قوربانیان دەگەنە نزیکەی پەنجا هەزار کەس و دوورخراوەکانیش حەفتا هەزار کەس. ئەوانیش زۆربەیان لەکاتی گواستنەوەیان لەنێو سەرمای زستاندا مردن[٢].

ئەمە تەنیا نموونەیەك بوو لەبارەی ئەوەی چی بەسەر نەتەوەپەرستە شۆڕشگێڕەکان هاتووە، دوای ئەوەی شۆڕشەکەیان سەرکوتکرا.

لە ڕێکەوتی ١٢ی نیسانی ساڵی ١٩٢٥، سەرکردەکانی کۆمەڵەی (بوژانەوەی کوردستان) دەستگیرکران، لەنێویان، شێخ عەبدولقادر، دکتۆر فوئاد، پارێزەر محەمەد تۆفیق، پارێزەر حاجی ئەختێ و چەندێکی تر. هەموو ئەوانە و نزیکەی نەوەت و یەك ئەندامی تریش لە (دادگای سەربەخۆ)ی ساختە، فەرمانی لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرا و لە ڕێکەوتی ٢٧ی ئادار، فەرمانەکەیان لە دیاربەکر جێبەجێ کرا.

لە ڕێکەوتی ٢٧ی حوزەیران، بڕیاری لە سێدارەدان بۆ چل و حەفت نیشتمانپەروەری تر دەرکرا و بڕیارەکەش جێبەجێ کرا، لە نێویاندا شێخ سەعیدی سەرکردەی ڕاپەڕین، حاجی خالید، جەنەڕاڵ ئیسماعیل، نەقیب فاخیر. لە ڕێکەوتی ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٥، سێیەم گرووپ لە نیشتمانپەروەران کە ژمارەیان نەوەت و سێ کەس بوو، بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرکرا و ئەوانیش هەر لەوێ و لە مەیدانی دیاربەکر حوکمەکەیان جێبەجێ کرا[٣].

جەلادەکان، بە لەسێدارەدانی سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، وایان دەزانی هەوڵی کوردەکان بۆ ئازادی سەرکوت کرا، بەڵام ئەم جارەش بەهەڵەدا چوون.

لە قۆناغی دواتر، ناوەندی ڕاپەڕینی کورد گواسترایەوە ناوچەی باکور کە تورك بە زەحمەت دەیگاتی، لەو قۆناغەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد هەوڵی

---

١ ڕاپۆرتی نوێنەری تورکیا لە کۆنگرەی داکۆکیکارانی ئاشتی لە پاریس، ڕێکەوتی ٢٠ی نیسانی ١٩٤٩.
٢ لە ڕاپۆرتەکانی (پ.د.ك)، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژماری ٣، ساڵی ١٩٦٣.
٣ هەمان سەرچاوە.

ئەوەیاندا لە یەکێتی سۆڤیەت نزیك ببنەوە، بەوپێیەی تا دەهات سەنگ و قورسایی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا زیاتر دەبوو.

ساڵی ١٩٢٦، کوردەکان لە ڕێگەی کونسوڵخانەی سۆڤیەت لە شاری (ماکۆ)ی ئێران، ڕوویان بەلای حکومەتی سۆڤیەتی وەرگێڕا، ساڵی ١٩٢٨، کونسوڵی سۆڤیەت نامەیەکی لە (حکومەتی نەتەوەی کورد)ەوە پێگەیشت کە لەلایەن کوردە ڕاپەڕیوەکانی ناوچەی ئاراراتەوە نێردرابوو. لە نامەکەدا نووسرابوو: (لەلایەن حکومەتی کوردی ئاراراتەوە نامەی پەیوەندی بە ژمارەی (٢٤) بۆ بەڕێزتان نێردراوە، بەڵام وەڵاممان وەرنەگرتۆتەوە. تاوتوێ کردنی ئەو بارودۆخە سیاسیەی کە هاتووەتە ئاراوە، ئێمەی بەرەو ئەو قەناعەتە بردووە کە بەبێ ڕووسیای سۆڤیەتی گەلی کورد ناتوانێ بگاتە ڕزگاری نەتەوەیی.

بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئارەزوو دەکەین بابەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمان بکەین بە پرسێکی جیهانی و چالاکییەکانمان لەگەڵ سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لە ڕۆژهەڵات یەکبخەین. بۆ ئەمەش زەمینەکاری تەواو کراوە، لە ئەگەری ڕەزامەندبوونتان دەوڵەتی ئارارات ئامادەیە نوێنەری خۆی بنێرێتە شوێنی دەستنیشانکراو، بۆئەوەی وتووێژ لەبارەی بابەتەکە بکات)[1].

ساڵی ١٩٢٦، لە ژێر فەرماندەی جەنەڕاڵی کورد (ئیحسان نوری) لەشکری نیزامی کوردی دامەزرا و حکومەتی ئاراراتی کوردی پێکهێنرا.

لە ساڵانی ١٩٢٦، ١٩٢٧، ١٩٢٨، حکومەتی تورکیا بەمەبەستی لەنێوبردنی ئەم دەوڵەتە چەندین هێرشی سەربازی شکستخواردووی لە ناوچەی کێوی ئارارات ئەنجامدا، چەندین شەڕ، سەرەڕای نابەرامبەری هێز، لەنێوان هەردوو لایەن ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان توانیان هەزار و حەفتسەد سەربازی تورك بەدیل بگرن، شەست ڕەشاش و بیست و چوار تۆپیان دەستبکەوێت و دوازدە فڕۆکەش بخەنە خوارەوە[2]. تورکەکان کاتێك هەوڵەکانیان شکستخواردوو بینی، پەنایان بۆ فروفێل برد، ساڵی ١٩٢٨، پێشنیاریان بۆ حکومەتی ئیحسان نوری کرد دەست بە وتووێژ بکەن، لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٨، چاوپێکەوتنی شاندی حکومەتی تورکیا لەگەڵ (ئیحسان نوری پاشا) لە تێکلی-کێپریو، کە ٣٠٠ کم لە بایەزیدەوە دوورە ئەنجامدرا، شاندی حکومی مناوەرەیەکی ئەنجامدا، هەوڵیاندا ئیحسان نووری بە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن، بەڵام هەوڵەکەیان سەرکەوتوو نەبوو و

١ هەمان سەرچاوە.

٢ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠.

پێشنیارەکەیان ڕەتکرایەوە، گوتووێژ سەرکەوتنی بەدەست نەهینا، پاش ئەمە کەمالیەکان بڕیاریاریاندا بە بەکارهێنانی هێز بۆچوونی خۆیان بەزۆر بەسەر کورددا بسەپێنن.

بەهاری ساڵی ١٩٢٧، لە چیاکانی کوردستان کۆنگرەیەکی نهێنی بەرێوەچوو، لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری عەشیرەت و شارەکان، لەگەڵ شاندی ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرەکان و ئەو کوردە شۆڕشگێڕانەی لە چیاکان خۆیان حەشاردابوو ئامادەبوون. لە کۆنگرەکەدا بڕیار درا هەموو ڕێکخراوەکان هەڵبوەشێنرێنەوە و یەك ڕێکخراوی یەکگرتوو پێکبهێنرێ، خەبات درێژەی هەبێت، تا دوا تورك لە خاکی کوردستان وەدەردەنرێ، بۆ ئەم ئامانجە بڕیاردرا ناوەندی بڕیار، سوپا، کۆگای ئازووقە و چەك و هەروەها ژوورێکی ئۆپەراسیۆن دابمەزرێنرێت. ئیحسان نوری وەك فەرماندەی گشتی دەستنیشانکرا و ئیدارەی مەدەنی بە (ئیبراهیم پاشا) سپێردرا.

حکومەتی تورکیا لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٣٠ دوو فەیلەقی سەربازی بە فەرماندەیی (ساڵح پاشا) ناردە ناوچەی ئاگریداخ، بۆ سەرکوت کردنی ڕاپەڕین بەدڕندانەترین شێوە.

پەیامنێری (زاری ڤاستۆك) لە ڕێکەوتی٢٠ مارتی ١٩٣١، زیانەکانی کوردی لە ئارارات بڵاو کردەوە: وێران بوونی بیست گوند و نشینگەی خێڵە کوردەکان، دەرکردن و کوشتنی چەند هەزار کەسێك کە توانای کارکردنیان هەبووە بە خۆیان و خێزانەکانیانەوە کە کۆی قوربانیان دەگەیشتە دە بۆ پازدە هەزار کەس. ئەو تێچووەی بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕین تەرخانکرابوو دەگەیشتە بیست ملیۆن لیرە، ئەمە جگە لەو زیانانەی لە ئەنجامی پەککەوتنی جووڵەی ئابووری هاتبوونە ئاراوە[1].

خەریک بوو جبەخانە و خواردەمەنی مافرەزە شۆڕشگێڕەکان تەواودەبوو، هیچ جۆرە یارمەتییەکیشیان پێنەدەگەیشت، بۆیە نەیانتوانی بەرامبەر سوپای تاسەر ئێسقان پڕ چەکی تورك خۆیان ڕاگرن، ناچار یەکە چەکدرە کوردییەکان بەرەو خاکی ئێران پاشەکشەیانکرد، لەوکاتەدا ڕەزاشای پەهلەوی فاشیست کەوتە یارمەتیدانی مستەفا کەمال و لە ئەنجامی چەندین تێکهەڵچوونی سەخت، زۆربەی شۆڕشگێڕە کوردەکان بوونە قوربانی و ئەوانەشی زیندوو مابوونەوە بەدیلگیران و لە زیندانەکانی ئێران بە شێوەیەکی وەحشییانە کوژران.

ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە ئاگریداخ (ئارارات)، لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٣٠ لەلایەن کەمالیەکانەوە بەهۆی بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای سەربازی هاوچەرخەوە

---

١ بولتەنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٣١، ل ١٤.

لەنێوبرا. تۆپخانە و فڕۆکەکان هێزە کوردییەکانیان لەناو برد، گرووپە چەکدارەکان لە یەکتری پەرتەوازەکران، گوندەکان وێرانکران و تەنانەت بەزەییان بە منداڵ و ژن و پیردا نەهاتەوە[1]. بۆمبای سوتێنەر لە فڕۆکەکانەوە بەسەر خەڵکیدا دەبارێندرا و چەکی باکتریۆلۆڤی بەرامبەر بە خەڵکی بەکاردەهێنرا، کەمالیستەکان خەڵکانی مەدەنیشیان لەنێو دەبرد و ژن، منداڵ و بەساڵاچوویان دەکوشت، سەدان نوێنەری ڕۆشنبیرەکانیان دەخستە نێو گوش و فڕێیان دەدایە نێو دەریاچەی وان[2].

بۆئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەناو ببردرێت، کەمالیەکان چەندین جۆر چەکی نویێ و تۆپ و چەکی ئاسمانیان بەکارهێنا، گوندەکان لەگەڵ خاك تەختکران و ئاژەڵەکان بە تاڵانبران، شۆڕشگێڕە چەکدارەکان، ئافرەت، منداڵ و پیر هەریەکەو بە نۆرەی خۆیان لەنێو بران[3].

تورك بە کوشتنی بەکۆمەڵ تاوانبارە، بەسووتاندنی سەدان گوندی کوردان لە ناوچەی ئاگریداخ تاوانبارە، ئەوان دووسەد و بیست گوندی کوردیان خاپورکرد، ئەوانەی کە ڕزگاریان بوو لە دانیشتووانی ئەو گوندانە، نزیکەی دە هەزار ژن، منداڵ، کچ و پیر، نێردران بۆ دۆڵی (زێلان) و درانە بەر ڕێژنەی گوللە تۆپی هاوەن و فڕۆکەی جەنگی. خەڵکی بە دڕندانەترین شێوە دەسوتێنران و زیندەبەچاڵ دەکران. لە ویلایەتی (وان) سوپای تورکیا، بە فەرماندەیی (کەمال سامی پاشا) لەکاتی هێرش کردن بۆ سەر چاڵدێران هەشتا و سێ گوندی وێران کرد و پێنجسەد و نەوەت کەسی کوشت[4].

سەرۆك وەزیرانی حکومەتی کەمالیستی (عیسمەت پاشا ئینینۆ)، لەکاتی کردنەوەی ڕێگای هێڵی ئاسنی، لە (سیواس) گوتی: "پێنج ساڵە یاخیبوون لە پارێزگاکانی ڕۆژهەڵات بەردەوامە و پشت بە پلانگێڕی بیانی دەبەستێت و هەنۆکە دوو هێندە لاواز بووە، تەنیا نەتەوەی تورك مافی ئەوەی هەیە داوای مافە نەتەوەیی و نەژادییەکانی لەو وڵاتە بکات و هیچ کەسێکی تر ئەو مافەی نیە، ئەو ڕۆژەی ئەو هێڵە ئاسنینە بگاتە سەر سنوور، هەموو

١ بولتەنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تاشقەند، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٣١، ل ل ١٣-١٤.
٢ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠.
٣ بولتەنی بڵاوکراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ژمارە ١٢، ساڵی ١٩٣١.
٤ بەپێی ئامار و داتاکانی ڕۆژنامەی "الأحوال"، بەیرووت، ١٣ی ئابی ١٩٣٠.

دڵـەڕاوکێکان دەڕەوێنرێنـەوە و پلانـەکان لـەنێودەبردرێن، سـەردەکەوین و ڕاسـتییەکان دەسەلمێنین"[1].

ئەندامی پەرلەمانی تورکیا (یەعـقـوب قـادری) لـەم بارەیـەوە گـوتی: "گـڕی سـووری ئـەم شەڕانە کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەمە سەرەتای شەڕی نێـوان دوو ڕەگـەزە: نـەژادی کـوردی کـە ئەوروپیـەکان وەك خۆیـان بـە نـەژادی ئـاری دایانـدەنێن و تورکـەکان کە دەگەڕێننـەوە بـۆ نەژادی مەغۆلەکان"[2].

لـە کۆتایـدا وەزیـری دادی تـورکی، پـارێزەری شەرعیــەت لـە تورکیــای کەمالیسـت (مـحــەمەد ئەسـەد بـێ) ڕایگەیانـد: "ئێمـە لـە تورکیـا دەژیـن، ئـازادترین وڵاتـی جیـهـان. نوێنەرتان بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە لەگەڵتان دەدوێ، ئەمە باشترین هۆبەیە قسەی تێـدا بکـەم، بۆیە ناتوانم هەستەکانم بشارمەوە، تورکەکان تاکە خاوەنی ئەم وڵاتـەن، ئـەو خەڵکانـەی لـە بنەچەدا لە ڕەگەزی خاوێنی تورك نین، لەو وڵاتە تەنیا یەك مافیان هەیە، مافی خزمـەتکاری، کۆیلەیی، با دۆست و دوژمن ئەم ڕاستییە باش بزانن، تەنانەت با چیاکانیش بزانن"[3].

ڕۆژنامەگەری کۆنەپەرستی کەمالیستەکان، خوازیاری لەنێوبردنی یەکجارەکی کورد بـوون، ڕۆژنامەی کەمالیستی (حکیمێتلـی)، لـە ڕێکـەوتی١٠ی ئـابی ١٩٣٠ بـە زمـانێکی گاڵتـەجاڕی بـڵاوی کـردەوە: (ئـەو کوردانـەی هـاتن بـو گـەرووی ئاگریـداخ، (ئـارارات)، خۆیـان وەک دڕندەیەکی کـێوی کە هەست بە مەترسـی بکـات دەپـارێزن، دوو بانـدی تـری چەتـەیی لـە سنووری باشوورەوە پێشـڕەویانکرد و دروشـمی کوردسـتانی سـەربەخۆیان دەگوتـەوە، کـەس گومانی لەوە نییە کە داخوازی ئەم گرووپە وەك داستان هۆنینەوەی ئاژەڵ وایە، لە ئاسـیا کـە لانکی شارسـتانییەتی مرۆڤـە، ئـەو ئازادییـەی ئـەوان باسـی دەکـەن، تـەنیا دەکرێـت ئـازادی بەرەڵاکان بێت. ئەوانەی بوێری ئەوە بەخۆیان دەدەن بیر لەو ئازادییە بکەنەوە، سزایان تەنیا وردوخاش کردنە)[4].

ئەوەی لەو بڵاوکراوەیـە بۆمـان دەردەکـەوێت، "نوێنـەرانی کـۆنـتـریـن شـارسـتـانیــەتی ئاسـیـا" لەنێو ڕێبەرە کەمالیستەکان، نـەک هـەر نەیاندەویسـت مافـە نەتەوەییـەکانی گـەلی کورد بە شتێک دابنێن، بەڵکو وایـان دەنوانـد ئەو ڕەفتـارە دڕندانـە و بەربەریانەیـەی بـۆ بـە

١ ڕۆژنامەی "میلییەت"، ژمارە، ژ١٦٣٦، ڕێکەوتی ٣١ی ئابی ١٩٣٠.
٢ ل. ڕامبو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.
٣ ڕۆژنامەی "میلییەت"، ژمارە، ژ١٦٥٥، ڕێکەوتی ١٩ی ئەیلوولی ١٩٣٠.
٤ بوڵتەنی هەواڵەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك، (تاشقەند- ١٩٣٢)، ژمارە ١٣، ل ٧٣.

کۆیلـــەکردنی گـــەلان ئـــەنجامیان داوە، کـــارێکی ڕاســـتە. سیاســـەتی ڕەگەزپەرســـتی کەمالـیستەکـان بەرامبەر بە کورد هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ سیاسـەتی ستەمکارانەی سـوڵتانی عوسـمانی. کۆمونیسـتی تـورك (س. ئۆسـتیۆنگل) لـە یاداشـتەکانی خۆیـدا، ئـەو بارودۆخەی کوردی تێدابووە و تا ئێستاش تێیدایتی باس دەکات.

لــە چەنــد دێرێکــی ئــەو یاداشــتانەدا ڕووی ڕاســتەقینەی "کۆمــاری شارســتانیەت و دیموکراسـیەتی" تـورك نیشـاندەدات. س. ئۆسـتیۆنگل، دەنووسـێت: "مـن لەگـەڵ ژمارەیـەك کۆمۆنیستی تر لە قەڵایەك بەندکرابووین، هەموو ڕۆژێك کوردە دەستگیرکراوەکان پـۆل پـۆل لە قەڵاکە دەبردرانە دەرەوە و لە کەنارە لێژەکەی دیجلـە گوللـەباران دەکـران، جەندرمـەکان مامەڵەیان بە پشـدێنی لـە ئاوریشـم چـنراوی لاوە گوللـەبارانکراوەکان دەکـرد، بیـرم دێتـەوە جارێکیان لاوێکی کوردیان هێنایە ژوورەکەی تەنیشتمانەوە، تەمـەنی بیسـت سـاڵێك دەبـوو، دەگـوترا لـە شـەڕ دژی گرووپـە تـەمبێکارەکان چەنـد ئەفسـەرێکی کوشـتووە، جەندرمـەکان چەندین ڕۆژ بە شیشی گەرمکراو ئەشکەنجەیان دا، تەنانەت وشەیەکیان لێی دەسـتنەکەوت، تەواوی لاشەی برین بوو و خوێن و چڵکی لێ دەچۆڕا، ئەو لاوە کوردە کە چەند ڕۆژێـك بـوو ددانەکانی دەگوشییە یەکتر و ململانێی مەرگی دەکرد، تەنیا یەك وشەی لە دەم دەهاتە دەر: تۆڵە.. تۆڵە.. تۆڵە[١].

کوشـتاری دڕندانـەی بـە کۆمـەڵ و شـەڕی قڕکردنـی گـەلی کـورد، بـووە هـۆی تـوڕەیی و ناڕەزایەتی نیشتمانپەروەرە عەرەب، تورك و ئێرانییەکان و دەنگی ناڕەزایەتییان هـەڵبڕی، ئـەم دەنگـی ناڕەزایەتیـە گەیشـتە یـەکێتی سـۆڤیەت و وڵاتـانی تـری ئـەوروپا، بنکـەی کۆمیتـەی جێبەجێکاری سۆسیالیستی نێودەوڵەتی لە زیـوریخ لـە ڕێکـەوتی ٢٠ی ئـابی ١٩٣٠، نـاڕەزایی نامەیەکیان دەرکرد:

"بنکەی کۆمیتەی جێبەجێکاری سۆسیالیستی نێودەوڵەتی، سەرنجی کۆمەڵگای جیهـانی بـۆ تاوانکارییە خوێناوییەکانی دەوڵەتی تورك دژی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ ئازادی و بەتایبەت ئـەو خەڵکە ئاشتیخوازە ڕادەکێشێت کە بەشداریان لە شەڕەکاندا نەکردووە، تورکـەکان دەیانـەوێ کوردەکانیش بە چارەنووسی ئەرمەنەکان ببەن، لەکاتێکـدا ئـەم تاوانکارییـە وەحشـیگەرانەیە بەهیچ شێوەیەك ڕووبـەڕووی ناڕەزایـەتی وڵاتـە زلهێزەکـان نابێتـەوە، کۆمیتەکـەمان سـەرنج دەداتە سەر ئەو پێشێلکاریانەی سوپای تورك لەسەر سنوورەکانی ئێران دەیکات.

---

١ س. ئۆستۆنگل، لە گرتوخانەوە تا ئـازادی، بیـرەوەری تـورکێکی کۆمۆنیسـت، بڵاوکـراوەی جیهـانی نـوێ، ژمارە٩، ساڵی ١٩٥١، ل ل ٨٩-٩٠.

کۆمیتە داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەکات، بەرامبەر بە کوشتارە خوێناوییەکانی کوردستان هەڵوێست وەرگرێت کە کرۆکی قوربانیدانەکان خەڵکی کوردە"[1].

لەگەڵ ئەوەشدا تورکە ئالودەبووەکان بە ئایدۆلۆژیای پانتورکیزم، بەهیچ شێوەیەك گوێ نادەنە بەها و پرەنسیپە باوەکان و بە ئارەزووی خۆیان تەواوی ماف و یاسا نێودەوڵەتیەکانیان لەپێناو لەنێوبردنی گەلی کورد ژێرپێ خستووە.

بەڵام پانتورکیزمەکان نەیانتوانی گەلی کورد لەنێوببەن، نەیانتوانی ئیرادە و خۆڕاگری گەلی کورد لە شەڕەکاندا بشکێنن. عەبدولقارد دوای وەستان لە بەردەم داری سێدارە گوتی: "ئەی جەلادینە، ئەوە مایەی شانازی ئێمەیە لەپێناو ئازادی نیشتمانمان لە سێدارەبدرێن، بە کوشتنی ئێمە هیچ شتێك جگە لە ڕق و نەفرەتی گەلی کورد بەرامبەر ئێوە زیاد ناکات، ئێوە تەنیا بەم کارەتان زیاتر لەسەر خەبات بۆ ئازادی نیشتمانەکەمان مکوڕمان دەکەن، بژی کوردستان بژی شۆڕشی گەلی کورد".

ڕووداوەکانی دواتر، قسەکانی ئەم قارەمانەیان سەلماند، هەروەك سەلماندنی قسەکانی د. فوئادی هاوڕێی، کاتێك خۆی پەتی سێدارەکەی خستە ملی و هاواریکرد: "بکوژان، وا بیر نەکەنەوە پرسی کورد بە سەری نەیزەی تورکان کۆتایی پێدێت، کورد بە ورەی زیاترەوە بەرامبەرتان دەجەنگێت و بە پێچەوانەی ویستی ئێوە بە ئازادی و سەربەخۆیی خۆی دەگات و کاتی سڕینەوەی ئێوەش دێ"[2].

کاتێك هێزە کوردییەکان دووبارە یەکدەگرن و خۆیان ڕێکدەخەنەوە، با قسەکەی شێخ سەعیدی پیران فەرامۆش نەکەن، کاتێك بە جەلادەکانی گوت: "هەنگاونان بەرەو داری سێدارە بۆ ئێمە شانازییە، چونکە بۆ ئازادی نیشتمان لە دژتان جەنگاوین، ئەمە ئەرکی نیشتمانی ئێمەیە و بە شانازییەوە ئەنجاممان دا، ئەرکی هەموو کوردێکی بەشەرەفە خەبات بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی لە بندەستی و کۆیلایەتی ئێوە بکات"[3].

سەرکوتکردنی خەباتی گەلی کورد کاتی بوو، چونکە ناتوانرێ بە بەردەوامی بەرەنگاری خەڵکانێك ببیتەوە کە بۆ ئازادی خۆیان شەڕدەکەن و لە شەڕەکاندا لەهیچ فیداکاریەك سڵناکەنەوە.

---

١ ڕۆژنامەی ئەل ئەهرام، ٩ی ئەیلوولی ١٩٣٠.
٢ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژماری ٣، ساڵی ١٩٦٣.
٣ هەمان سەرچاوە.

دوای کەمێك بێدەنگی، لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٣١، لە ناوچەی کوردستانی عێراق، شۆڕشێکی نوێ، بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد بارزانی برا گەورەی مستەفا بارزانی، هەڵگیرسا. دروشم و ئامانجی ئەم شۆڕشە گەڕاندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد بوو.

سەرەڕای ئەوەی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە نزیکەی تەواوی هێزە چەکدارەکان نێردرانە کوردستان، کەچی شۆڕشگێڕان قارەمانانە بۆ ماوەی نزیکەی یەك ساڵ و نیو بەرپەرچی تەواوی هێرشەکانیان دایەوە، تا ئەوکاتەی هێزی داگیرکاری ئینگلیز دوای بێهیوابوونیان لە هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوە هێزە نیشتمانپەروەرەکان، هاتنە نێو شەڕەکەوە و دەستیانکرد بە بۆمباران کردنی وەحشییانەی دێهاتەکانی کوردستان. لەم ڕێگایەشەوە توانیان سەرکەون. لەو کاتەدا پروپاگەندەی ئیمپریالیست و دەوڵەتی عێراق بۆ تۆمەتبەخشینەوە بە شۆڕشگێڕان دەستیپێکرد، لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئیستانبۆل تایمز) وەك نموونە وا بڵاوکرایەوە کە شێخ ئەحمەد ئامادەیە خۆی ڕادەستی ئینگلیز بکات، ئەم هەواڵە نا دروستە لەلایەن ئینگلیز و دەوڵەتی عێراق بڵاوکرایەوە، بەڵام لە ڕاستیدا شێخ ئەحمەد بەهیچ شێوەیەك ئامادەی خۆڕادەستکردنەوە نەبوو[١].

لە کاتی بۆمبابارانکردن دا، بۆمبای تەوقیت (قورمیش) لەدژی هاووڵاتیان بەکارهێنرا کە لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی، ئینگلیزەکان تەنانەت شانازیشیان بەو بابەتەوە دەکرد، ویلسن دەنووسێت: (ئەمە دڵخۆشکەرە، کاتێك دەزانیت لەتواناتدا هەیە لایەنی کەم چل گوند بە کەمترین زیان و تێچوو وێران بکەی، ئەم بۆمبانە ڕێگری لەوەدەکەن خەڵکی بگەڕێنەوە شوێنەکانیان و جار وا هەیە بۆمبەکان دوای یەك مانگ دەتەقنەوە و خەڵکی دەکوژن)[٢].

تەواوی گوندە کوردنشینەکان سوتێنران و وێرانکران، خەڵکیش پەنایان بردە بەر ئەشکەوتی چیاکان.

لە ڕێکەوتی ٢ تا ٢٤ی ئایار دژوارترین شەڕەکان لە نێوان شۆڕشگێڕان و هێزەکانی دەوڵەت بە پشتیوانی هێزی ئاسمانی بەریتانی ڕوویاندا.

---

١ ڕۆژنامەی "زاریا ڤاستۆکا"، ئۆرگانی لقی جۆرجیای حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، ٥ی ئایاری ١٩٣٢.

٢ بابەتێك لە تێزی دکتۆرای کاووس ك، شۆڕشەکانی بارزان ١٩٠٠ – ١٩٤٥، لاپەڕەیەکی درەوشاوە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٦٣، ل ٤٢.

مانگی تەمموزی ساڵی ١٩٣٢ لەشکری شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد پاشەکشێیان کردە نێو خاکی کوردستانی تورکیا. نزیکەی دە هەزار سەرباز و پۆلیسی عێراقی تەنیا بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی توانیان بەرەنگاری شۆڕشگێڕان ببنەوە.

لە کۆتایی بیستەکان، وڵاتانی تورکیا، ئێران و عێراق گەیشتنە ئەو بڕوایەی هەوڵە ناوخۆییەکان بە تەنیا بەس نین بۆ بەرەنگاربوونەوەی خواستی گەلی کورد، ئەو وڵاتانە بڕیاریاندا هاوپەیمانییەك دروستبکەن بۆئەوەی لەسەر بەرنامەیەکی کردەی کاریگەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی "بزووتنەوە ڕزگاریخوازە کوردییەکان" بگەنە ڕێککەوتن.

لەم بارەیەوە، لەو یادداشتانەی باس لە "بارودۆخی کورد و داواکارییەکانیان" دەکات، وەها هاتووە: "ساڵی ١٩٣٠، وڵاتانی تورکیا و عێراق بۆ یەکەمجار پەیوەندییان بە یەکترییەوەکرد، ئەنجامەکەشی ئەوەبوو کە سوپای عێراق دژی شێخ ئەحمەد بارزانی بوەستێتەوە و هەروەها تورکیاش ئۆپەڕاسیۆنەکانی بەرامبەر ئیحسان نووری پاشا فراوانتر بکات.

ساڵی ١٩٣٤ ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان ئێران و تورکیا مۆرکرا. ساڵی ١٩٣٧ئەو ڕێککەوتننامەیە گۆڕدرا بۆ ڕێککەوتننامەی سەعدئاباد، دواتر عێراق و ئەفغانستانیش هاتنە نێو ڕێککەوتننامەکەوە. لە بەندی (٧)ی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە: "هەریەك لە لایەنە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامە، پابەند دەبێت بەوەی لە سنووری خۆی دژی هەر جووڵانەوەیەکی چەکداری، یاخود گرووپ یان ڕێکخراوێك کە هەڕەشە لە سەقامگیری وڵاتەکە بکات، ڕووبەڕووی بوەستێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش وڵاتانی نێو ڕێککەوتننامەکە بۆیان هەیە سنووری وڵاتانی هاوپەیمان ببەزێنن و یارمەتی لەو وڵاتە وەربگرن".

بەم شێوەیە، کورد، خۆی لە بەرامبەر هێزی سێ وڵاتی کۆنەپەرستی تورکیا، عێراق و ئێران، بینییەوە. ڕێککەوتننامەی نێوان تورکیا و عێراق ڕێگای خۆشکرد، بۆئەوەی تورکەکان هێزی تازە لە کوردستان پێکەوەبنێن[1].

بەشدارانی شۆڕشەکەی شێخ ئەحمەد بارزانی لێبووردنی گشتیان بۆ دەرکرا و کوردەکان دەستیانکرد بە گەڕانەوە لە تورکیا، لە سەر سنووری تورکیا و عێراق شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لەگەڵ هەشتا و چوار لە کەسە نزیکەکانیان دوای بێبەڵێنی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران. ئەو کوردانەشی کە بۆ سۆراخی سەرکردەکانیان سەردانی بنکەی پۆلیسیان دەکرد، هەر لەوێ دەستگیردەکران، ئەوەبوو شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی لە لایەن

١ بابەتێك لەبارەی دۆخی کورد و داواکارییەکانیان. (پاریس - ١٩٤٨) ل ل ٢٣-٣٣.

دەوڵەتی عێراقەوە فەرمانی دوورخستنەوەی هەتا هەتاییان بۆ دەرکرا، دەوڵەت مەبەستی ئەوەبوو، ئەوان لە کوردانی بارزان دووربخاتەوە، لەلایەن کۆنەپەرستانەوە کوشتاری خەڵکی کوردستان دەستی پێکرد و حکومەتی سەربازی لە کوردستان ڕاگەیەنرا.

لە شارۆچکەکانی شێروان و مێرگەسۆر داری سێدارە بەپاکرا، بێ بەڵگە و تەنیا بۆ تۆقاندنیان خەڵکانێکی زۆری پێوە هەڵواسران، دەوڵەتی عێراق تەنیا بۆ خامۆشکردنەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، هەموو ڕێگایەکی تاقیدەکرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی هەوڵە کۆنەپەرستەکانی بێ ئەنجام بوون و تا دەهات ڕق و کینەی خەڵکی کورد بەرامبەریان زیادی دەکرد.

ڕاپەڕینی شێخ مەحمود و ڕاپەڕینەکانی بارزان بە سەرکردایەتی شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی دژی ئیمپریالیزم و دەسەلاتی پاشایەتی، لەلایەن ئازادیخوازانی عێراقەوە پشتگیری لێ دەکرا و بە شۆڕشی تەواوی گەلانی عێراق دادەنرا. دەسەڵاتدارە ئیمپریالیستەکان مەبەستیانبوو گەلی کورد لە خشتە ببەن و بە دوای لاوازکردنی بزووتنەوە دیموکراتیخوازەکەیانەوە بوون، هەوڵی ئەوەیاندەدا سەنگەری بەرگری یەکگرتووی گەلی کورد و نەتەوە براکانی دراوسێیان لەنێو ببەن، بەڵام گەلی کورد هاوشان لەگەڵ گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك، دژی پلانی ئیمپریالیستەکان وەستانەوە و درێژەیان بە خەبات لە پێناو ئازادی نەتەوەیی دا.

ساڵی ١٩٣٣، ڕاپەڕینێکی نوێ بە سەرکردایەتی، خەلیل خۆشەوی، ئەحمەد نادر، ولی بەگ و عەبدولا کرکەمۆیی، دەستی پێکرد، شۆڕشگێڕان خوازیاری ئازادی هەرچی زووتری سەرکردەکانی شۆڕش شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و چوونە دەرەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان لە ناوچەی بارزان بوون، خەڵکی بە تەواوی توانایانەوە پشتیوانی شۆڕشەکەیان کرد، سەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی توندی سوپا بە یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی، شۆڕش بەهێزەوە بەردەوامی پێدرا.

حکومەتی عێراق هەوڵیدا لە ڕێگەی دابڕاندنی خەڵکی، ڕێگری لە گەیشتنی یارمەتی و خۆراك بە شۆڕشگێڕەکان بکات، بۆ ئەم مەبەستە تەواوی خەڵکی گوندەکانی نزیك لە ناوچەی شۆڕشی لە کۆمەڵگایەك کۆکردەوە کە بە یەکەی سەربازی چڕ دەورەدرابوو، بەمەش شۆڕشگێڕان کەوتنە بارودۆخێکی سەختەوە، پێداویستی سەربازی ڕووی لە تەواوبوون بوو، خۆراکی پێویست دەستنەدەکەوت، لەجیاتی خواردن هەر چەکدارێك تەنیا مشتێك گەنمی وشکی پێ دەدرا، سەرەڕای ئەوەش ئەم شۆڕشگێڕە بوێرانە بۆ ساتێکیش دەستیان لە خەبات

لەپێناوی ئازادی هەڵنەگرت، بوێرانە ڕووبەڕووی سوپای عێراق و باندە بەكرێگیراوە فیۆداڵە كۆنەپەرستەكان بوونەوە، هێزەكانی توركیا و هێزی ئاسمانی بەریتانیا دەستیانكرد بە یارمەتیدانی فراوانی هێزە عێراقییەكان.

ساڵی ١٩٣٥ لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ هێزێكی تورك، ئەحمەد نادر، یەكێك لە سەركردەكانی شۆڕش، قارەمانانە كوژرا، دواتر ساڵی ١٩٣٦ خەلیل خۆشەوی لە شەڕێك لەگەڵ سوپای عێراقی كوژرا، لە ڕاستیدا سوپای عێراقی نەیتوانی شكست بە شۆڕشگێڕان بێنێت، ئەوە هێزی ئاسمانی بەریتانیی بوو هاوكێشەكەی گۆڕی. میرسكی، لە بارەی سەركوتكردنی شۆڕش لە پەرتووكی (عێراق لە سەردەمی نائارامیدا) دەنووسێت: (فاكتەری یەكلاكەرەوە، هێزی ئاسمانی بەریتانیا بوو كە نەك تەنیا كاریگەری بەسەر شەڕەكەوە هەبوو، بەڵكو چەندینجاریش هێزە سەربازییەكانی حكومەتی لە لەنێوچوون ڕزگاركرد)[١].

تەنانەت باڵادەستی هێزە عێراقییەكان لە شەڕەكانی دوایی، هۆكارەكەی یارمەتیدانی سوپای توركیابوو.

سەرباری تەواوی ئەمانە، فاكتەری هەرە كاریگەر لەسەر شكستهێنانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی، ڕاستییەكەی ئەوەبوو كە بەشی هەرە زۆری دەرەبەگە كوردەكان كە وایان هەستدەكرد سەرگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی زیان بە بەرژەوەندییەكانیان دەگەینێت، چوونە پاڵ بەغدا و پشتیان لە بزووتنەوەكە كرد.

### هۆكارەكانی شكستهێنانی بزووتنەوە ئازادیخوازە كوردییەكان ١٩١٩-١٩٣٦ وانەكانی بزووتنەوەی كوردی

بارودۆخ بۆ سەركەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردی لەبار نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا شۆڕش بێ ئاكام نەبوو، تەواوی جیهان وەستانەوەی گەلی كوردیان بینی و گرنگیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد دا و ئەزموون وانەی باشی فێركردن:

١ - ڕاپەڕینەكانی ئاگری داغ و ناوچەكانی تری كوردستان، پێویستی بوونی ڕێكخراوی جەماوەری تۆكمەی دەرخست، بۆئەوەی شۆڕش هەڵگیرسێنێت و شۆڕشیش پشتی پێ ببەستێت.

١ گ. ئیلیچ میرسكی، عێراق لە سەردەمی نائارامیدا، (مۆسكۆ - ١٩٦٣)، ل ٧٩.

٢ - ئەو ڕاپەڕینانە، پێویستی دامەزراندنی پارتێکی کوردی پێشڕەوی نیشاندا کە توانای سەرکردایەتی خەباتی گەلی هەبێت، هێزەکانی ڕێکبخات و لەکاتی پێویستدا وزەی تازە بخاتە نێو شۆڕشەوە و گیانی تازەی پێ ببەخشێت، تاکتیک و پرۆگرامی دروست ئامادەبکات.

٣- بۆئەوەی شۆڕش سەرکەوێت، پێویستە پێشینەی پێویست بۆ سەرکەوتن دابین کرابێت، بارودۆخی سەرکەوتن لەبار بێت، نابەرهەڤی و پەلەکردن بەلاوە بنرێت، لە لایەن سەرکردەوە سەرکردایەتی بکرێت و وشیارانە بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنرێت. بۆ ڕێکخستن و سەرکردایەتی هێزە شۆڕشگێڕەکان ڕێبەرێکی سیاسی و سەربازی وشیار ئامادەبکرێت.

٤- مەترسی و ئاگاداربوون لە فێڵ و پیلانەکانی ئیمپریالیزم، دەبێت لە بەرامبەر ئیمپریالیزم و دەستێوەردانی دەرەکی سیاسەتێکی نەتەوەیی ڕوون بکرێتەوە بەر.

٥- یەکگرتوویی تەواوی هێزە چەکدارە کوردییە ئامادەکان، پێویستە تەواوی نەتەوەپەرستەکان، دیموکراتخوازەکان و تەواوی ئەو لایەنانەی وەفادارن بەرامبەر بە گەلەکەیان لە بەرەیەکی نیشتمانیدا کۆببنەوە.

٦- پێویستە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا پشتگیری لێبکرێت.

٧- سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد تەنیا دەبێ بە سەرکردە پێشڕەوەکانی شۆڕش بسپێردرێ.

٨- دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتوو لەگەڵ تەواوی گەلە ئازادیخوازکان و بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلانی دراوسێ کارێکی پێویستە، بەرەیەکی میللی بۆ ڕێبەرایەتی کردنی تێکۆشانی هاوبەش دژی دیکتاتۆری، ئیمپریالیزم و پاشڤەگەڕی، لەپێناو بەدەستهێنانی دیموکراسی و لە نێویشیدا مافەکانی گەلی کورد.

٩- لە کۆتاییدا پێویستە بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە دەستی سەرانی خێڵ و دەرەبەگ ڕزگاربکرێ، بدرێتە دەست سەرکردایەتییەکی نەتەوەیی ئاگا و شۆڕشگێڕ.

١٠- دروستکردنی پەیوەندی نزیك و ڕوون لەنێوان تەواوی لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کوردی.

نسکۆی شۆڕشەکانی بارزان لێدانێکی بەهێز بوو بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد کەوت، شەڕێك کە زیاتر لە دە ساڵ دوای بەستنی پەیماننامەی لۆزان و چەسپاندنی دابەشکردنی کوردستان لە نێوان تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، لەشکرکێشی و ڕووی ڕەشاشەکانیان بۆ تەمبێ کردنی گەلی کورد و وێرانکردنی ئاواییەکان و کوشتنی دەیان لە

باشترین سەرکردەکان و سەدان ڕۆڵەی نیشتمان و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری تەواوی ناوچەکەی لێکەوتەوە.

بەڵام ئەم تاقیکردنەوەیە زاڵمانەیەش نەیتوانی گیانی ئیرادە و بەرگریکردن لە دەروونی گەلی بوێری کورد بشکێنێت.

# بەشی II

# شۆڕشی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، لە ماوەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی، ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستەمی کۆماری

## ١. شۆڕشی چەکداریی کوردی عێراق بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥.

لە دەستپێکی ساڵی ١٩٣٠، بارزان تا ڕادەیەك بە بەردەوامی لە بارودۆخێکی نائارام دابوو، دوای دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینی ١٩٣٢-١٩٣٦، کوردستانی عێراق ئارامییەکی کاتی بەخۆیەوە بینی.

مستەفا بارزانی سەرکردەی شۆڕش، ساڵی ١٩٣٢ لەلایەن حکومەتی پاشایەتی عێراقەوە دوورخرایەوە. بارودۆخی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق خراپ بوو، بەندیخانەکان پڕبوون لە نیشتمانپەروەرانی کورد و نوێنەرانی دەسەڵات یاساکانیان وەلاوەنا. پێشێلکردنی یاسا و زوڵم و زۆر گەیشتبووە ڕادەیەکی بێسنوور. لە ناوچەکانی مێرگەسۆر و شێروان لەلایەن دەسەڵاتەوە سێدارە هەڵخرا و چەندین کەسی بێتاوانی پێدا هەڵواسرا. پۆلیس دەستیکرد بە تاوانکاری و داگیرکردنی گوندەکان، بێ ئەوەی کەس لە تاوانەکانیان بپێچێتەوە و تاوانەکانیان بێ سزا مایەوە. کۆنەپەرستان بەو وەحشیگەراییە ویستیان گەلی کورد بترسێنن، بەڵام ئەم هەموو تاوان و نا دادپەروەرییە تەنیا بووە هۆی زیاتر بوونی ڕق و کینەی گەلی کورد بەرامبەر ستەمکاران و بۆ ساتێکیش لە هەڵوێستیان بەرامبەریان پاشگەز نەبوونەوە.

لە سەروبەندی جەنگی دووەمی جیهانی ١٩٣٨-١٩٣٩، لە کوردستان، هەرسێ پارچەی تورکیا، عێراق و ئێران خواستەکانی گەل چەکەرەیان کردەوە.

شەڕ کێشەی ئابووری زیاتر و ناڕەزایەتی زیاتری خەڵکی بەدوای خۆدا هێنا، بێزاری دانیشتووان ڕووی لە زیادبوون بوو، دەسەڵات هیچ جۆرە یارمەتییەکی پێشکەش بە دانیشتووانی هەژار نەدەکرد. گەلی کورد لەنێو گڕی ئاگری چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیدا بە سەختی دەیناڵاند. ئابووریی کوردستان بەرەو داڕمانی تەواو دەچوو و برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیوون. باج و سەرانە بەشێوەیەکی بڕوا پێنەکراو زیادی کردبوو،

سیستمی (کۆبۆن) پەیڕەودەکرا. کەمی پێداویستی خۆراک بەتایبەت لە ساڵی ١٩٤٣، کاریگەری هەبوو لەسەر کوردەکانی عێراق. لە عێراق بەتایبەتی لە کوردستان، لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی بارودۆخی جەماوەر گەیشتبووە ئەوپەڕی ڕەشی، برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبوون. دانەوێڵە ڕووی لە کەمی بوو، دەستخستنی سامان و پارە و پوڵ لەسەر حسابی زەحمەتکێشان بوو، پێداویستییە خۆراکییەکان تا دەهات ڕووی لە کەمی بوو، بەتایبەت لە ناوچە شاخاویەکان. نزمترین ئاستی بژێوی ژیان بەپێی وتەی کۆمسیۆنی دارایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی، ٢٠ بۆ ٢١ فلس بوو[١]. کرێی کارکردن لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی زیاد نەکرا، لە کاتێکدا نرخی بەرهەمە خواردەمەنییەکان بەڕێژەی ٧٥٪ زیادی کردبوو[٢]. هەڵاوسانی دارایی باڵی کێشابوو بەسەر وڵات و ئەو بڕە پارەیەی لە ئاڵوگۆڕی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرا لە ٦ملیون دینارەوە بۆ ٣٩ملیۆن دینار زیادی کرد[٣]. زۆر لە خێزانە جووتیارەکان، بۆ گەڕان بەدوای نان، ناچاربوون بچن بۆ ئێران. برسێتی و پەتا مەرگی لە هەموو شوێنێک بڵاوکردبووەوە.

هۆکاری خراپ بوونی باری ئابووری دانیشتووانی عێراق بریتی بوو لە: خەرجکردن و بەکارهێنانی دارایی وڵات لەلایەن دەسەڵاتی سەربازی عێراقی و ئینگلیزیەوە کە لە عێراق بڵاوبووونەوە، خراپ بەکارهێنانی داهات لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، قاچاخچیەتی. زۆربەی کەلوپەلی خواردەمەنی پێویست کە لە بازاڕەکانی ناوخۆ دەستدەکەوت و دابین دەکرا بەدەست دەوڵەمەندەکانەوە بوو، ئەمەش بووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخ، خاوەن موڵک، بازرگان و دابەشکەرانی ئەو کەلوپەلانە بە هەموو شێوەیەک کۆچەر و گوندنیشینەکانیان گوشیبوو و کەلوپەلی خواردەمەنیان پێ نەهێشتبوون. ئۆرگانەکانی دەسەڵات لە عێراق و سەرکردایەتی ئینگلیز بەشێکی بەرهەمەکانی جووتیارانی عێراقیان زەوتکرد بۆ هێزەکانی ئینگلیزی و ئەمریکی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بڵاوبوونەوە و جێگیرببوون[٤].

---

١ محمد توفيق حسن، نهاية الاقطاع في العراق، (بيروت - ١٩٥٨)، ص ١١. وەرگرتنی پۆختەیەك لە تێزی دکتۆرای کاووس ك، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

٢ عەبدولڕەحمان الجلالی، ئابووری عێراق، (قاهیرە - ١٩٥٥)، ل ١١١.

٣ تێزی دکتۆرای ئێ. پالۆنتسێ، ڕۆڵی ناسیۆنالیزمی بۆرجوازی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی عێراق دوای جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٥ - ١٩٦٠)، ل ١٥.

٤ هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

حکومەتی عێراقی هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بەرامبەر هۆکارەکانی تێکدانی ئابووری وڵات ئەنجام نەدا کە کاریگەری هەبێ و سنوورێکی بۆ زوڵم و زۆری دەسەڵاتی سەربازی و کۆنەپەرستان دانەدەنا، لە ئاکامی دروستبوونی ئەم بارودۆخە، لەنێو جەماوەر بێزاری و تورەیی لە زیادبووندا بوو، لە ئەنجامدا نارەزایەتی دەربرین لە نووسراوەوە گۆڕا بۆ ڕاپەڕینی چەکداری.

چەوساندنەوەی گەلی کورد و باردۆخی برسێتی گەیشتە ئەو ڕادەیەی تەنانەت دوژمنە سەرسەختەکانی کوردیش ناچاربوون بۆ نیمچە چارەسەرێك بگەڕێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوانەی باسکران تەواوی ئەو زوڵم و زۆرییە نەبوو کە بەرامبەر کورد ئەنجامدرا. بە وتەی ئەفسەری هەواڵگری سیاسی ئینگلیزی، ئێدمۆندس: ڕەفتاری کینە ئامێز و هەڵسوکەوتی نایاسایی حکومەتی عێراق دژ بە کورد بوو بەهۆی دەربڕینی نارەزایی لەلایەن گەلی کورد، ئەو گەلەی نەیدەویست چی تر بە مافخوراوی بمێنێتەوە[1].

یەکەم سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی عێراق لەکاتی جەنگدا، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٣ بوو لە بارزان، ئەو ڕاپەڕینەی قارەمانی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٢، سەرۆکی گەلی کورد مستەفا بارزانی کە بۆ شاری سلێمانی دوورخرابووەوە، توانی لەگەڵ دوو لە هاوڕێکانی، خۆی دەربازی ئێران بکات. لەوێش ئەو کوردە عێراقیە پەنابەرانەی لە دەستی ڕژێمی عێراق ڕایانکردبوو پەیوەندییان پێوەکرد. پاش ماوەیەک مستەفا بارزانی لەگەڵ پۆلێک چەکداری شۆڕشگێڕ توانیان بگەڕێنەوە عێراق و خۆیان بگەیننەوە ناوچەی بارزان.

حکومەتی عێراق کاتێك بە گەڕانەوەی بارزانی زانی، بڕیاری دەستگیرکردنی دەرکرد. ئەوەبوو چەندین مەفرەزەی پۆلیس بۆ ناوچەی بارزان ڕەوانەکران و دەستکرا بە گەڕان و تۆڵەسەندنەوە لێیان.

لە دەستپێک، شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتی بارزانی، بەهۆی کەمی چەکەوە، ناچاربوون خۆیان لە هێزەکانی حکومەت بشارنەوە. تا ئەوکاتەی وردە وردە چەکی پێویستیان دەستکەوت. جووتیارەکان بۆ دەستخستنی چەك دەستیانکرد بە فرۆشتنی ماڵ و سامانیان و پەیوەندییان بە هێزەکەی مستەفا بارزانییەوە کرد، لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە پلانی گرتنی

---

١ ك. کاووس، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ١٢٩-١٣٠.

بنکەکانی پۆلیس داڕێژرا، بەتایبەت ئەوانەی دەکەوتنە ناوچەی بارزان کە لە بنەڕەتدا بنکەی تاڵانکاری خۆ حەشاردانی جەردەکان بوون، پلانەکە جێبەجێ کرا، بنکەکانی پۆلیس گەمارۆدران و گەمارۆی سەر هەندێکیان مانگێک زیاتری خایاند، دوای ئەوەی پۆلیسەکان خواردنیان لەبەر بڕا و گەیشتنە ئەو بڕوایەی هێزەکانی حکومەت ناتوانن یارمەتییان بدەن ئەوانیش خۆیاندا بەدەستەوە.

زۆربەی پۆلیسە کوردەکان ڕیزەکانی سوپایان جێهێشت و چوونە پاڵ شۆڕش و بە چەکی خۆیانەوە دژبە حکومەت وەستانەوە. بەم شێوەیە بنکەکانی پۆلیس لەم شوێنانەدا دەستیان بەسەردا گیرا: شانەدەر، بیرەکەپرا، خیروزۆک، زێت، کانی ڕەش، سێلکێ، شێروان، ڕێزان، بارزان، بلێ، مەزنێ، بێدارون و هتد... گرتنی ئەم بنکانەی پۆلیس سوودێکی زۆری بۆ شۆڕشگێڕان هەبوو و ڕێژەیەکی باش چەك و تەقەمەنییان دەستکەوت.

دەستکەوتی کوردەکان لە گرتنی ئەم بنکانەی پۆلیس بریتی بوو لە: ژمارەیەکی باشی گوللە و چەك، نارنجۆك، ڕەشاش لە جۆری (برێن) و (دوفیس). بەم شێوەیە لە پایزی ساڵی ١٩٤٣ شۆڕشگێڕانی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بڕێکی باش چەکیان دەستکەوت.

دوای دەستبەسەرداگرتنی ناوچە شاخاوییەکان لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە هێزێکی پێنج سەد کەسی پۆلیس بۆ داگیرکردنەوەی ناوچەکە و دەستگیرکردنی مستەفا بارزانی نێردرایە کوردستان.

یەکەمین و گەورەترین پێکدادانی شۆڕشگێڕان لەگەڵ پۆلیس لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٤٣ لە دەشتی هەلون ڕوویدا، پێکدادان نزیکەی ڕۆژێکی خایاند، لە ئەنجامدا نزیکەی دووسەد و پەنجا پۆلیس کوژران و بەدیل گیران. هەرچی هێزەکانی شۆڕشیش بوون زیانێکی ئەوتۆیان بەرنەکەوت. پاڵەوانانی شەڕەکە بریتی بووون لە: سەلیم عەبدوڵا سێلکی، عوزێر ئاغا زراری و دەیان قارەمانی تر.

پێش ئەم شەڕە شۆڕشگێڕان و نەتەوەپەرستانی کورد بەزۆری چەکی کۆنیان لابوو، بەڵام دوای شکستی پۆلیس، چەندین جۆر ڕەشاش، نارنجۆك، چەکی ئینگلیزی نوێ و چەندین سندوق فیشەکیان دەستکەوت. لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە کوردی ناوچەکانی تریش هاتنە پاڵ شۆڕش و هاوکاری شۆڕشیان کرد، لەنێوانیاندا نوێنەرانی جووتیار، کرێکار و

تەنانەت ڕۆشنبیرەکانیش. ئامانجی شۆڕشگێڕان، بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی بوو بۆ کوردی عێراق[1].

پێویستە ئەوەش بگوترێت، هەر لەو ڕۆژەیەوە کە مستەفا بارزانی گەڕایەوە بارزان، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوەیدا کێشەی کوردی عێراق بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، چەندین جار پێشنیاری ئەوەی بۆ حکومەت کرد، کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن و بە عێراقییەکانی ڕاگەیاند کوردەکان خوازیاری شەڕی براکوژی نین، بەڵام مەلیکی عێراق تەنانەت وەڵامی سەرکردەی شۆڕشیشی نەدایەوە.

تێکشکاندنی یەکەکانی پۆلیس و وێرانکردنی نزیکەی بیست بنکەی پۆلیس، ئەوەی پێشانی حکومەت دا کە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕان بە تەنیا کاری پۆلیس نییە، بەتایبەت کە سەرکەوتنەکان ئەوەندەی تر ورەی شۆڕشگێڕانی بەرز کردبووەوە. ئەوەبوو دەوڵەتی عێراق چەندین یەکەی سەربازی ڕێکخراوی بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش نارد و هێزەکانی خۆی لە هەولێر، ڕواندز، مێرگەسۆر و مووسڵ خستە ئامادەباشەوە. بەمەش زیاتر لە نیوەی سوپای عێراق لەلایەن دەوڵەتەوە نێردرایە ناوچەکانی شۆڕش. هێزی سەرەکی سووپای دەوڵەت نێردرایە مێرگەسۆر، بۆئەوەی کۆنترۆڵی شوێنی هەرە ستراتیژی ناوچەی بارزان بکات.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی حکومەت، لە بەهاری ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی مەزنێ ڕوویدا، سەرەڕای زۆری هێزەکانی دوژمن، بەڵام هێزەکانی شۆڕش توانیان شکستیان پێبهێنن، زیانێکی گەورەیان لێبدەن و ژمارەیەکی زۆری ئەفسەر و سەربازیان لێ بکوژن. لە ئەنجامی ئەم سەرکەوتنە، جبەخانەی شۆڕشگێڕان پڕبوو، بەوپێیەی ڕێژەیەکی زۆری چەك و پێداویستی سەربازی دەستی بەسەرداگیرا. حکومەتەکەی نوری سەعید، چاوەڕێیان نەدەکرد سوپاکەیان لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بەم شێوەیە زیانی لێ بدرێت، سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان جارێکی تر هەست و هەڵوێستی نەتەوەپەرستانی کوردی جوڵاندەوە و بە لێشاو هاتنە پاڵ شۆڕش.

ڕووبەڕووبوونەوەی گەورەی دواتر لە گوندی گۆڕەتوو ڕوویدا، سوپای مەلەکی هەوڵی ڕاستکردنەوەی بارودۆخ و لەبیربردنەوەی شکستی ڕابردووی دا، سوپا بە مەبەستی پێشڕەوی و نزیکبوونەوە لە ناوچەی شێروان شەڕی دەستپێکرد، هەر بۆیەش تەواوی هێزەکانی خۆی نارده ئەو بەرەیە، بەڵام هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، گەمارۆی یەکە سەربازییەکانی حکومەتیان دا، سەرەڕای تەواوی هەوڵەکانی هێزی ئاسمانی

١ ئێ. پالۆنتسێ، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧.

و تۆپخانەکان، هێزەکانی شۆڕش توانیان هێـزە عێراقییـەکان بشـکێنن و دەسـکەوتێکی زۆری چەك لـە تفـەنگ، ڕەشـاش و هاونیـان دەسـتبکەوێت. دوای ئـەم شکسـتە ژمارەیـەکی زۆری ئەفسەر و سەربازی سوپا پەیوەندییان بە شۆڕشگێڕانەوە کرد، بەمەش ئامـانجی دەوڵـەت لـە سەرکەوتن و گەیشتن بە ناوچەی شێروان نەهاتـە جـێ. تـرس و دڵـەڕاوکی لـەنێو سـەربازانی سوپای عێـراق بڵاوببـووەوە، بەوپێیـەی چاوەڕێی ئـەوەیان نـەدەکرد بـەم شـێوەیە لەلایـەن شۆڕشـگێڕانەوە وەڵام بدرێنــەوە، ســوپای عێراقــی کــەوتبووە بــارودۆخێکی دژوار و دوای شکستەکان ڕیزەکانیان تەواو تێکچووبوو.

فەرمانـدەی سـوپا، دوای بینینـی بـارودۆخی هێزەکـانی و بـێ هیواییـان لـە هێرشـەکانی داهاتوو، نەیتوانی فەرمانی دەوڵەت جێبەجێ بکات و هێرشی نوێ سازبدات.

فەرماندەی باڵا ناچاربوو سەر لە نـوێ هێزەکـانی ڕێکبخاتـەوە، لـە ناوچـەکانی کوردسـتان یەکـەی سـەربازی نـوێ پێکبهێنێـت و لایـەنگر و پشـتیوانانی شـۆڕش بـەرەو باشـووری وڵات دووربخاتەوە، فەرمانـدەکانی سـوپا دڵنیـابوون لـەوەی لـە ڕێگـەی هێرشـی زەمینـی نـاتوانن ڕووبەڕووی شۆڕشگێڕان ببنەوە، بۆیە بڕیاریان دا، گەلـی کـورد بە بۆمبابـاران بترسـێنن. هێـزە ئاسـمانـیـەکـان ڕۆژانە بە سەر ناوچەکانی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا دەفڕین، بەڵام ئـەم پلانەشیان سەری نەگرت و گەلی کورد هەر بەردەوام بوو لە خەبـاتی دژواری خـۆی لە پێنـاو ئازادی و بەدیهێنانی مافەکانی.

ڕاپەڕینی کورد گەشەی سەند و فراوان بوو، وایلێهات ئەوان دەستیان بە هێرشبردن کرد.

لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٣، کـوردەکــان ڕێگاکـانی هاتوچۆیـان پچڕانـد و یەکـە سـەربازییە عێراقییەکانیان گەمارۆدا. لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٤، دیموکراتخوازانی گەلـی کـورد پشـتیوانیان لە بزووتنەوەی بارزانییەکان کرد و ڕاپەڕینـی بارزانییەکـان بە سـەرکردایەتی مسـتەفا بـارزانی بەشێکی بەرچاوی گەلی کوردی عێراقی بـۆ خـۆی ڕاکێشـا. دوا هـەوڵی سـوپای حکومـەت لە خوار مێرگەسوورەوە بوو، لە کانوونی دووەمی هەمان ساڵ، سوپای حکومـەت هەوڵیـدا لـەو گـەمارۆیە دەربچێـت، بـەڵام ئەو هەوڵـەیان سـەری نـەگرت، قارەمـانییەتی و لەخۆبـوردەیی شۆڕشـگێڕان هۆکـاری سـەرکەوتن بـوون لـەو شـەڕەدا، لـە ئەنجامـدا زەبرێکـی کوشـندە لە هێزەکانی حکومت درا و هێزەکە گەڕایەوە مێرگەسۆری گەمارۆدراو.

قارەمانـانی ئـەم شـەڕە ئەمانـەبوون: ئیبراهـیم یوسـف، نـەبی حەسـەن، مسـتەفا ڕەشـید، ئیبراهیم سلێمان، میرزا ڕەشید، عوزێر مەحمود، محەمەدئـەمین میرخـان، محەمـەد حەسـەن

شاهین، مستەفا باڤەیی، حوسێن میرخان، حوسێن یوسف، محەمەد عیسا، حوسێن محەمەد حەمەدەگۆج و هتد..

بەم شێوەیە ئەو شۆڕشەی مستەفای بارزانی بەرپای کردبوو، پەرەی سەند. شۆڕش لە لایەن پارتی (هیوا)وە کە گشت نیشتمانپەروەرانی کوردی لەڕیزەکانیدا یەکخستبوو، پشتیوانی لێکرا.

پارتی کومۆنیستی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە پشتیوانی لە خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب، دژی دوژمنی هاوبەش ئیمپریالیزم و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەییەکانی کورد دەکرد[1].

حکومەتی عێراق بەم دواییە، لە شۆڕشی دژە ئینگلیزی ڕەشید عالی گەیلانی ڕزگاری ببوو، بەبێ یارمەتی ئینگلیزەکان کە جارێکی تر کۆنترۆلی عێراقی کردبووەوە، نەیدەتوانی بەرامبەر شۆڕشی کوردی بوەستێتەوە، دەوڵەتی ئینگلیزیش لەلایەن خۆیەوە خوازیاری فراوانبوونی شۆڕشی کورد نەبوو و ترسێکی گەورەی لە دروستبوونی پەیوەندی نێوان شۆڕشی کورد یەکێتی سۆڤیەت هەبوو، بۆیە داوای لە حکومەتی عێراق کرد لەگەڵ شۆڕشگێڕان بکەوێتە گفتوگۆ و داواکارییە سادەکانیان بۆ جێبەجێ بکات و بە پێدانی بەڵێن سەرقاڵیان بکات، تا ئەوکاتەی بارودۆخی نێودەوڵەتی بەلایەکدا دەکەوێت و ئینگلیز بتوانێ لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخی عێراق بکات[2].

لە ئەنجامی کودەتاکەی ساڵی ١٩٤١، شۆڤێنییە عەرەبەکان بە سەرۆکایەتی ڕەشید عالی گەیلانی، لە عێراق هاتنە سەر حوکم. گەیلانی بە تەواوەتی لایەنگری هیتلەرییە فاشیستەکان بوو و پشتیوانی سیاسەتی فاشیستەکانی دەکرد.

گەلی کوردیش، هەر لە ڕۆژی یەکەمی ئەم جەنگە، کەوتبوونە بەرەی دژە فاشیستەوە. تەنانەت پێش دەستپێکردنی شەڕیش گەلی کورد دژی هیتلەریزم بوو کە بە هێزبوونی لە عێراق بە زۆری، بەهۆی هاوکاری عەرەبە شوڤێنییەکانەوە بوو.

ڕۆشنبیرانی کورد، ڕۆڵێکی گەورەیان لە خەبات دژی هیتلەرییە فاشیستەکان بینی، بەوپێیەی لەوە گەیشتبوون بڵاوبوونەوەی بیری فاشیستی دەبێتە هۆی لاوازبوونی زیاتری عێراق لە بەرامبەر ئیمپریالیزم، بۆیە ڕۆشنبیرانی کورد خوازیاری ڕووبەڕووبونەوەی

---

١ گۆڤاری "کێشەکانی جیهان و سۆسیالیزم"، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٦٤، ل ٤٣. (زمانی ڕووسی)
٢ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

فاشیستەكان بوون و بانگەشەی ئەوەیان كرد كە كورد و عەرەب نەك تەنیا بەرامبەر نەژادپەرستی فاشیزم دەبێ بەرگری لە خۆیان بكەن، بەڵكو دەبێ شەڕ لە دژیان دەستپێبكەن و عەقڵیەتە وێرانكەرەكەیان لەنێو ببەن[1].

هێزی هیتلەریزم لە كوردستان پشتیوانییەكی ئەوتۆی لێنەكرا[2] و گەلی كورد دژی كودەتاكەی ڕەشید عالی گەیلانی وەستایەوە كە لایەنگری ئایدۆلۆژیای هیتلەر بوو.

سەركەوتنی گەیلانی و ئایدۆلۆژیای هیتلەری لە عێراق، مەترسیەكی گەورەی لەسەر جوڵانەوەی دیموكراسی لە تەواوی وڵات دروستدەكرد.

هەر بۆیە خەباتی گەلی كورد دژی هێزی فاشیزم، نەك تەنیا پشتگیری بوو لە هێزەكانی هاوپەیمان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵكو پارێزگاری كردنی دیموكراسیش بوو لە عێراق و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە مەترسی هیتلەریزم.

هاوكات حكومەتی ئینگلیز گوشاری تەواوی خستە سەر سەركردایەتی شۆڕش.

لە پەرتووكی (شۆڕشەكانی كورد)، عەلائەدین سوجادی، نامەیەكی حكومەتی ئینگلیزی بۆ مستەفا بارزانی بڵاوكردۆتەوە كەتێیدا هاتووە: (ئێوە دەبێت شەڕ كۆتایی پێ بهێنن و لەگەڵ حكومەتی عێراق ڕێككەوتنی ئاشتی مۆر بكەن، ئەگەر كۆتایی بە شەڕ نەهێنن، واتای ئەوەیە لەگەڵ بەریتانیای گەورە كەوتوونەتە شەڕەوە)[3]. ئەمە گوشارێكی ئاشكرا بوو بۆ سەر سەركردایەتی كورد، حكومەتی عێراق هاتە پێشەوە و ئامادەیی خۆی بۆ وتوویژكردن لەگەڵ مستەفا بارزانی و جێبەجێ كردنی داواكارییەكانی ڕاگەیاند. بارزانیش لەلایەن خۆیەوە بەدەم دەستپێشخەرییەكەی حكومەتەوە چوو، بەوپێیەی نەیدەویست خۆی لە بەرامبەر دوژمنە یەكگرتووەكانیدا ببینێتەوە لە شەڕی دژی فاشیزم.

لەو كاتەدا لە عێراق حكومەتێكی نوێ بە سەرۆكایەتی بەكرێگیراوی بەناوبانگی ئینگلیز نوری سەعید پێكهات. لەو حكومەتە ماجد مستەفا كە كورد بوو، پۆستی وەزارەتی كاروباری كوردستانی پێ سپێردرا. ئەدمۆندی ئینگلیزیش، وەك ڕاوێژكاری وەزارەتی ناوخۆ دەستنیشانكرا.

---

١ ئیبراهیم ئەحمەد، كورد و عەرەب، ل ١٠. وەرگیراو لە ك. كاووس، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.
٢ عەزیز شەمزینی، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٠٧، ٣١ی حوزەیرانی ١٩٦٠.
٣ ئەرشیڤی پارتی دیوكراتی كوردستان، فایلی ژمارە ٣.

نوری سەعید، سیاسەتی فرت و فێڵی پەیڕەو دەکرد، بۆئەوەی لەلایەن کوردەوە پشتگیری بکرێت. ئەو سەردانی کەرکووک و چەند شارێکی تری کوردستانی کرد و چاوی کەوت بە گەورە ئەفسەر و لێپرسراوەکان، لە وتەیەك ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی هەلومەرجی شەڕەوە کێشەی کورد ڕووی لە دامرکانەوەیە و بەڵێنی دا کێشەکەیان بە دانی ئۆتۆنۆمی پێیان چارەسەربکات. وەزیری کورد ماجد مستەفاش چووە ناوچەی بارزان و چەندین شوێنی تری کوردستان و بەناوی حکومەتەوە بەڵێنی چاکسازی و کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە، دروستکردنی جادە، پێشکەشکردنی فریاگوزاری باشی دا. هەروەها هەندێك دەستپێشخەری بۆ فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی گەلی کورد و لە نێویاندا دووبارە ڕێکخستنەوەی کاری فەرمانگە میرییەکان لە کوردستان[1].

لە ناوچە بایەخدارەکانی کوردستان، چەند ئەفسەرێك وەك (ئەفسەری پەیوەندی) لەنێو خەڵکیدا دەستنیشانکران[2]. لەوانە: موقەدەم عزەت عەبدولعەزیز (شەهیدی پاڵەوان کە لە سەردەمی حکومەتەکەی ساڵح جەبر لە ساڵی ١٩٤٧ لەسێدارەدرا)، موقەدەم ئەمین ڕواندزی، موقەدەم سەعید عەبدوڵا، (دواتر بووە ئەندامی لێژنەی ناوەندی پ.د.ك)، ئەم ئەفسەرانەی ناوبرانك باشترین نوێنەری پارتێکی کوردی بوون بە ناوی (هیوا).

لەو ماوەیەدا حزبی (هیوا) چالاکییەکانی فراوانترکرد و پەیوەندی باشتری لەگەڵ بارزانی دروستکرد، لە ڕێگەی ناردنی نامە و بەیاننامە دیکۆمێنتی بۆ چەندین باڵیۆزخانەی بیانی لە بەغدا، دەنگی کوردستان و داخوازیەکانی گەلی کوردی دەگەیاندە هەموو جیهان. سەرکردایەتی حزبی (هیوا) ئەو ئەفسەرە ناوبراوانەی سەرپشککرد لەوەی پەیوەندی بە مستەفا بارزانییەوە بکەن و چالاکیەکانیان لەگەڵ ئەودا ڕێکبخەن و داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد بگەیننە دەوڵەتی عێراق. دوای گەیشتنیان بە مێرگەسۆر، ئەفسەرەکان چاویان بە مستەفا بارزانی کەوت، ئەوە بوو لەگەڵ بارزانی بابەتی بەشداریکردنی حزبی (هیوا) لە ڕاپەڕین تاوتۆی کرا و بڕیاردرا بەناوی بارزانییەوە ئەم داخوازیانەی خوارەوە بدەنە حکومەت:

١- دروستکردنی پارێزگایەکی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عیراق کە ئەم ناوچانە لەخۆ بگرێت (هەولێر، کەرکوك، سلێمانی و ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای مووسڵ).

---

١ هەمان سەرچاوە.
٢ "ئەفسەری پەیوەندیی"، ڕاسپێردرابوون بۆ دروستکردنی پەیوەندی سەربازی و مەدەنی هەرێمی کوردستانی عێراق لەگەڵ حکومەت.

٢- دامەزراندنی بەشێك بۆ کاروباری کوردستان لە گشت وەزارەتەکان و دانانی جێگرێکی کورد بۆ هەر وەزیرێك.

٣- داننان بەزمانی کوردی، وەك زمانێکی فەرمی وڵات.

٤- چاککردنی باری ئابووری و کشتوکاڵی لە کوردستان.

٥- ئازادکردنی گشت بارزانییە زوڵم لێکراوەکان.

دوای گەیشتنی داخوازییەکان، حکومەتی عێراق بڕیاری دا، ماجید مستەفای وەزیر، بۆ چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا بارزانی بنێرێتە بارزان، ماجید مستەفا لە شەوی ٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤ لە بەغداوە کەوتە ڕێ، دوای گفتوگۆیەکی دوورودرێژی نێوان نێردراوی حکومەت و کورد، گەیشتنە ئەم ڕێککەوتنە:

١- ئازادکردنی شێخ ئەحمەدی بارزان و گرووپەکەی و گەڕانەوەیان بۆ بارزان.

٢- مستەفا بارزانی بچێت بۆ بەغدا و بە فەرمی ڕایبگەیەنێت شەڕ کۆتایی پێهاتووە.

٣- حکومەتی عێراق ئەرکی دروستکردنی ڕێگاکان و چاککردنی باری ئابووری ناوچەی بارزان بگرێتە ئەستۆ.

٤- لە ناوچەکانی بارزان و زێبار، کەسانێکی بێ لایەن و ڕەوشت بەرز دەستنیشان بکرێن بۆ بەڕێوەبردنی کارگێڕی ناوچەکە[1].

حکومەت بەڵێنیدا بڕگەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ بکات و دواتر دەستبکات بە جێبەجێکردنی داخوازییە بنچینەییەکانی گەلی کورد.

بەڵام هەم گفتوگۆ و هەمیش ئەو ئیمتیازاتە کەمانە، لە ڕاستیدا بەڵێنی فریودەر و دیماگۆجی دەوڵەتی عێراق بوون لە پێناو دەستخستنی کاتی زیاتر، دەوڵەت مەبەستی دابینکردن و پێدانی مافە بنچینەییەکانی گەلی کوردی نەبوو.

لە دانیشتنێکی نهێنی ڕۆژی ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٤، حکومەت چەند بڕیارێکی دژی کورد دەرکرد، بەتایبەت زیادکردنی ژمارەی بنکەی پۆلیس لە ناوچەی بارزان. حکومەتی عێراق بەهەموو شێوەیەك لە هەوڵی ئەوەدابوو کاتی زیاتر بەدەستبهێنێ و لە پشت بەڵێنەکانی چاکسازی و چاککردنی بارودۆخی ئابووری، بابەتی سەرەکی پێدانی ئۆتۆنۆمی بە گەلی کورد بشارێتەوە.

١ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٣.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی ١٩٤٤، بارزانی بەمەبەستی گفتوگۆ چووە بەغدا، لەوێ چاوی بە عەبدولئیلا (وەسی) عێراق، وەزیرەکان و ژمارەیەك بەرپرس کەوت، ئەو لەوێ جەختی لە داخوازی و مافەکانی گەلی کورد کردەوە، بەڵام گفتوگۆکان ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبوو. بارزانی تێگەیشت کە حکومەت، سەرەڕای بانگەشەکانی بۆ چاکسازی ڕامیاریی، بەڵام نایەوێت بارودۆخەکە لە کوردستان بگۆڕێت[١].

جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو کۆتایی دەچوو، سەرکەوتووی جەنگ هاوپەیمانان بوون، یەك لەوانە بەریتانیای مەزن بوو کە خاوەنی عێراق بوو، تورکیا بەلای بلۆکی ڕۆژئاوای هاوپەیمانان لایدا کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندا تورکیا لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بەلای خۆیاندا ڕابکێشن، ئەمەش تەواو ڕێك بوو لەگەڵ پلانە نهێنییەکەی وینستۆن چێرچل کە مەبەستی بوو دوای کۆتای هاتنی شەڕ، یەکێتی سۆڤیەت بە کۆمەڵێك وڵاتی کۆنەپەرست گەمارۆ بدات. لەو کاتەدا شۆڕشی دیموکراسی لە کوردستان فراوانتر و بەهێزتر بوو، کورد هەوڵیدا هاوسۆزی خۆی بۆ یەکێتی سوڤیەت نیشانبدات، هەروەك چۆن گەلی سۆڤێتی دۆستایەتی و پەیوەندی ئارەزوومەندانەی خۆی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ڕاگەیاندبوو.

لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥، بارودۆخ لە کوردستان لەگۆڕاندا بوو، کەمێك لە بەرژەوەندی گەلی کورد بوو، لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، ئەو فەرمانبەرە عەرەبانەی بەشێوەیەکی دڕندانە هەڵسوکەوتیان دەکرد، فەرمانبەری کوردیان لەجێ دانرا، لە کوردستان هەوای ئازادی هەڵدەمژرا، لەگەڵ ئەوەشدا گەلی کورد وریایی خۆی لەدەست نەدا، ئەوان ئاگاداری دووڕوویی ئیمپریالیستەکان و حکومەتی عێراق بوون.

بزووتنەوەی گەلی کورد، ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و حکومەتی عێراقی ترساند و بە شێوەیەکی کاتی تەنازولی پێکردن، بەڵام جێبەجێکردنی داواکارییە بنەڕەتیەکانی نیشتمانپەروەرانی کورد دژی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو، ئامانجی سەرەکی ئەوان جێبەجێکردنەوەی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) بوو بۆ زیندووکردنەوەی دوژمنایەتی نێوان کورد و عەرەب، هەر بۆیە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی دوای ڕوونبوونەوەی ئەنجامەکانی جەنگی دووەمی جیهانی، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دا، هانی دەوڵەتی عێراق بدات چیتر داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێ نەکات و ئەگەر کوردیش پێداگری لەسەر داخوازییەکانی کرد، ئەوە بە زەبری هێز سەرکوتیان بکات.

١ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز لەوە گەیشتبوو، بزووتنەوەی کوردە بارزانییەکانی ساڵی ١٩٤٣، دژی سیاسەتی فراوانخوازی ئەوانە کە لە هەوڵی ئەوەدابوون جێ پێی خۆیان لە کوردستان قایم بکەن و بەشێکە لە بزووتەنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بە گشتی، بۆیە زۆر بە فراوانی پشتیوانی دەوڵەتی مەلەکی عێراقیان کرد دژی نیشتمانپەروەرانی کورد.

ڕێبەری شۆڕشی ڕزگاریخوازی کورد مستەفا بارزانی، گورگ سیفەتی حکومەتی عێراق و باوەڕنەبوونی بە چاکسازییە ڕیاکارییەکانی ئەوانی لەبەرچاو بوو، بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ و لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ بە تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا گەڕا و بانگی گەلی کوردی کرد، لە ئەگەری فریودانی حکومەتی دەستەمۆی ئینگلیز، لەپێناو بەرگریکردن لە مافەکانی خۆیان یەکبگرن و ڕاپەڕن، گەلی کوردیش ئامادەیی خۆیان بۆ بەردەوامیدان بە شۆڕش لە پێناو بەدیهێنانی مافەکانیان نیشاندا.

ئەوەی نوێنەرانی دیموکراسی گەلی کوردستان پێشبینیان کردبوو هاتەدی، عەبدولئیلاە (وەسی) عێراق، خزمەتکاری باوەڕپێکراوی ئینگلیزی کۆلۆنیالیست، پاشگەزبووەوە لە پەسەندکردنی ئەو پڕۆژە یاساییەی لەلایەن حکومەتەوە ئامادەکرابوو، سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی کوردستان و پەرلەمانیش مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی حکومەتی لەگەڵ کورد ڕەتکردەوە[1].

ڕوون و ئاشکرا دەرکەوت، حکومەت مۆرکردنی ئەو ڕێککەوتننامەی وەك مانۆڕێکی کاتی بەکارهێناوە، لەپێناو ڕێگریکردن لە ئەگەری تەشەنەکردنی شۆڕش بۆ ناوچەکانی تری کوردستان، حکومەت بۆ خۆڕزگارکردن لەو بەڵێنانەی بە گەلی کوردی دابوو، سودی لەو ماوەیە وەرگرت، ئەم فێڵەی ئەوان وەك شانۆگەرییەکی دووبارە وابوو، ئەویش گۆڕینی وەزارەتی نووری سەعید بە وەزارەتەکەی حەمید پاچەچی لە ئایاری ساڵی ١٩٤٤.

سەرۆك وەزیرانی نوێ، دامەزراوەی (ئەفسەری پەیوەندیی) هەڵوەشاندەوە، بەڕێوەبەرایەتییە میرییەکانی دایەوە دەست عەرەب و وەزیری بێ وەزارەت ماجد مستەفای لە پۆستەکەی لادا و سەرکوتکردنی کوردی دەستپێکردەوە.

بڕیاردرا بینای ئەو قوتابخانە و نەخۆشخانانەی لە کوردستان دروستکرابوون، بکرێنە بنکەی پۆلیس و سەربازگەی جەنگ.

بەم شێوەیە حکومەتی عێراق سەرلەنوێ گەڕایەوە سەر سیاسەتی کپکردنی بزووتنەوەی گەلی کورد.

١ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.

گەلی کورد زانی، وەسی و پەرلەمانی عێراق  لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبونەتەوە و حکومەت ئامادەکاری دەکات، بەمەبەستی تەمبێ کردن، هێز بباتە سەریان. شۆڕشگێڕانیش لە لایەن خۆیانەوە بۆ پاراستنی خۆیان دەستیان بە ئامادەکاری کرد و خۆیان بۆ بەرگری ئامادەکرد.

سەرەتای ساڵی ١٩٤٥، ئەو ئەفسەرانەی چووبوونە بارزان، لێژنەیەکیان بەناوی (ئازادی) دروستکرد، لێژنەی (ئازادی) کە لەلایەن قارەمانی ڕاپەڕینەوە سەرۆکایەتی دەکرا، توانی پەیوەندی بە چەندین کەسایەتی کورد، لە بەغدا، کەرکووک، هەولێر، مووسڵ، سلێمانی، ڕواندز و چەندین شوێنی تر بکات و ئەو ئەفسەر و سەربازانەی ناو سوپای عێراق کە لەگەڵ شۆڕش هاوسۆز بوون بە لای شۆڕشدا ڕایانکێشێت. هەروەها سەرکردایەتی شۆڕش توانی لەگەڵ گرووپە شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازەکانی عێراق، لەپێش هەمووشیانەوە کۆمۆنیستەکان پەیوەندیی دروستبکات.

هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبە عێراقییەکان، پشتگیریان لە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد دەکرد، ئەم پشتگیرییانە لە چوارچێوەی سیاسی، ماددی و مەعنەویی بوون. هێزە پێشکەوتنخوازە عەرەبییەکان ڕۆڵیان هەبوو لەوەی بەڵگەنامە کوردییەکان لە ناوەوەی وڵات و بە جیهانیشدا بڵاوبکەنەوە، بابەتی باسکردنی کێشەی کوردیان بردە نێو ئەفسەر و سەربازە عەرەبەکان و ئاشتیخوازی گەلی کوردیان بە گوێدا دەچرپاندن و هانیان دەدان بۆ بەرگریکردن لە شۆڕشگێڕان پەیوەنیدییان پێوەبکەن و یارمەتی ماددیان بدەن.

شۆڕشگێڕان چیان دەویویست؟

بارزانی لەم بارەیەوە لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتی: "داوا لە هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەکەم هێزەکانیان یەکبخەن، لەپێناو خەباتی هاوبەش دژی دوژمنەکانیان لە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی، بۆئەوەی هەر گەلەو بتوانێ لەسەر خاکی خۆی بە ئازادی و بە سەربەخۆیی بژیت"[1].

شۆڕشگێڕان بە سەربازە عێراقییەکان ڕادەگەینن کە: "هێزە کوردییەکان تەنیا بەرگری لە ماف و داخوازییە ڕەواکانیان دەکەن، نەك شەڕ لەبەرامبەر نەتەوەی عەرەب".

هەروەها پێشنیاریان بۆ سەربازە عەرەبەکان کرد: "دەست نەخەنە خوێنی براکانیان و خۆیان لە شەڕکردن دژی گەلی کورد بەدووربگرن".

١ "کوردستان"، گاڤان، ل ٣٤.

لەیەك لەو بەیاننامانەی شۆڕشگێڕان کە بەنێو خەڵکی عەرەبی عێراق و سوپای عێراق بڵاوببووەوە نووسرابوو: "ئێمە لە دژی گەلانی عەرەب، تورك و ئێرانی ناجەنگین، عەرەب و تورك و ئێرانی هاوڕێ و دۆستی ئێمەن، ڕاشکاوانە دوپاتی دەکەینەوە کە یەکگرتوویی پاك و پیرۆزی نێوان کورد و عەرەبی عێراق لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە و مافەکانی گەلی عەرەب و بزووتنەوەکەیان بۆ ڕزگاری لە ستەمی ئیمپریالیزم و بەدەستهێنانی سەربەخۆی ڕاستەقینەیان دانپێدادەنێین و ڕێزی لێ دەگرین، کورد دەبێت لەتەك گەلی عەرەب بجەنگێت و شانبەشانیان بۆ ڕووخاندنی کۆنەپەرستی، دیکتاتۆری و ئیمپریالیزم خەبات بکات"[1].

شۆڕشی نیشتمانپەروەرانی کورد ساڵی ١٩٤٥، سنووری بارزانی تێپەڕاند و گوزارشتی لە بەرژەوەندیی تەواوی خەڵکی عێراق دەکرد بە کورد و عەرەبەوە. ڕاگەیەنراوەکەی مستەفا بارزانی ڕێبەریش دەرخەری ئەم ڕاستییە بوو: "من لەگەڵ گەلی عێراق کە نوێنەریانم، نە شەڕم کردووە و نە شەڕیش دەکەم، شەڕی من لەگەڵ کۆنەپەرستانی خوێنمژە، من خوازیاری ئەوەم، کورد و عەرەب یەکبگرن و لە یەك بەرەدا دژی ئیمپریالیزم بجەنگن"[2].

بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، لە بارزان (لێژنەی ئازادی) خۆی بۆ شۆڕش ئامادەکرد و لەگەڵ جەماوەر، حزبی (هیوا) و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پەیوەندیی بەست، کاری ڕێکخستن و ئامادەکارییەکانی شۆڕش لەلایەن لێژنەی ئازادی و حزبی هیوا سەرپەرشتی دەکرا، حزبی هیوا لە ڕێگەی بانگەوازەوە داوای لە خەڵکی دەکرد پشتگیری بزووتنەوەکە بکەن و خۆیان بۆ شۆڕشی داهاتوو ئامادەبکەن.

شایەنی گوتنە، شۆڕشی بارزان لەم قۆناغەدا فۆرمێکی ڕێکخراوەیی تەواوی بەخۆیەوە بینیبوو.

حزبی هیوا کە هەوڵی دەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی عێراق بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردانی ئێران و سوریا ببەستێتەوە، هەوڵەکانی چالاککردەوە و بۆ دروستکردنی پەیوەندیی نێوان حزبەکان، دوو لە نوێنەرە هەرە چالاکەکانی خۆی بە ناوەکانی مستەفا خۆشناو و میرحاجی ناردە ئێران و عیزەت عەبدولعەزیزیشی ناردە سوریا[3].

١ گۆڤاری کوردی "یەکێتی تێکۆشین"، ژمارە ٤، ساڵی ١٩٤٥، ل ١٤.
٢ مەعرووف قەرەداغی، بارزان و نهێنییەکانی، ساڵی ١٩٥٩، ل ١٠.
٣ عەلائەددین سجادی، شۆڕشەکانی کورد، ساڵی ١٩٥٩، ل ل ١٨٥-١٨٦.

حکومەتی عێراق کە وەك مەقاش بەدەستی ئینگلیزی کۆلۆنیالیزمەوە بوو، گرنگییەکی ئەوتۆی بە داواکارییەکانی کورد نەدا و بە فەرمانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی هێزە چەکدارەکانی نادرە سەر بارزان. دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق بەشی هەرە زۆری هێزە سەربازییەکانی لە ساڵی ١٩٤٥ نادرە کوردستان.

هێرش بۆ سەر نیشتمانپەروەرانی کورد لە ناوچەکانی زاخۆ، ڕواندز، ئامێدی و ئاکرێ دەستی پێکردەوە. حکومەت هێزە سەربازییەکانی خۆی سەرلەنوێ ڕێکخستەوە و لە پایزی ساڵی ١٩٤٥ تەواوی هێزی ئاسمانی عێراق نێردرایە کوردستان[١].

ئیمپریالیزمی ئینگلیزی بە نۆرەی خۆی، دەیزانی مەلیکی عێراق ناتوانێت بە پشتبەستن بە هێزەکانی خۆی ڕووبەڕووی شۆڕشی گەلی کورد بوەستێتەوە، بۆیە بە ئاشکرا دەستی خستە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە و پشتگیری فراوانتری حکومەتی عێراقی دەکرد دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

ژەنەراڵی ئینگلیزی (ڕینتۆن) سەرکردایەتی سوپای عێراقی گرتە دەست، ئەو بیری لە پلانێکی فێڵاوی کردەوە بۆ سەرکوتکردنی شۆڕش، یەکەکانی حکومەتی عێراق کرانە دوو بەش و لە دوو قۆڵەوە بەرەو ناوچەکانی شۆڕش لە کوردستان لە هەولێر و مووسڵ ڕەوانەکران.

لێژنەی ئازادی، بە ماوەیەکی زۆر بەر لەو هێرشە، چالاکانە خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوە ئامادەکردبوو. هاوینی ساڵی ١٩٤٥ لێژنەی ئازادی بەرنامەی ڕاپەڕینی داڕشت، لە بەرنامەکەدا هاتبوو پێش، دەستپێکردنی ڕاپەڕین دەبێ ئامادەکاری بۆ ئەم خاڵانە بکرێ: تێیدا هاتووە، لە یەکەم ڕۆژی ڕاپەڕین پێویستە ئەم ئەرکانە جێبەجێ بکرێن:

١- ئامادەکردنی چین و توێژەکانی جەماوەر.

٢- سازکردنی خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراو و بڵاوکراوەکان.

٣- تێکدانی پرد و ڕێگاوبانەکان، لەکارخستنی تەلەگراف و تەقەکردن و سوتاندنی بنکەکانی پۆلیس[٢].

پایزی ساڵی ١٩٤٥، سوپای مەلەکی بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی، هێرشەکانی دەستپێکرد، یەکەم شەڕ لە ناوچەی بادینان لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئابی ١٩٤٥ ڕوویدا، فەرماندەی

---

١ ڕامبوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٨.

٢ مەعرووف قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦١.

بەرە محەمەد سادقی برای مستەفا بارزانی بوو، لە ئەنجامی شەڕەکەدا کە زیاتر لە دوو ڕۆژی خایاند، بڕێکی زۆری پێداویستی شەڕ کەوتە دەست شۆڕشگێڕان. لەم شەڕەدا هێزەکانی بارزانی شکستی گەورەیان تووشی سوپای عێراقی کرد و زیانەکانی سوپای عێراقی بریتی بووون لە دوو سەد و هەشتا کوژرا و سێ سەد بریندار، نیشتمانپەروەرانی کورد لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا دەستیان بەسەر پەنجا تفەنگ، حەفت ڕەشاشی سووك، پەنجا سندوقی فیشەك، یەك ڕەشاشی قورس، بڕێکی زۆر لە نارنجۆکی دەستی، ئامێری تەلەفۆن و ئامێرێکی بێتەلدا گرت[1]. لەگەڵ دەستپێکی یەکەم شەڕ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەر و سەربازی نێو سوپای عێراقی پەیوەندییان بە ڕیزەکانی هێزە شۆڕشگێڕەکانەوە کرد، جەنگاوەرانی شۆڕشی کورد لەم شەڕانەدا نموونەی جوامێری، گیانفیدایی و قارەمانییەتییان نواند و سەرکەوتنەکان ورەی شۆڕشگێڕانی بەرزتر کردەوە.

بۆئەوەی تەواوی جیهان ئاگاداری هێرشی سوپای عێراقی بێت بۆ سەر بارزان، لە لایەن سەرۆکی لێژنەی ئازادی، مستەفا بارزانی کە هاوکات فەرماندەی گشتی هێزەکانی شۆڕشیش بوو، نووسراوێك بەم ناوەڕۆکە ئاراستەی باڵیۆزخانەی گشت وڵاتان لە بەغدا کرا: "داوا لە تەواوی نوێنەران دەکەم وڵاتەکانیان لەو بارودۆخە سەیر و مەترسیدارەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت ئاگادار بکەنەوە و ئەو بەندەی پەیماننامەی (ئەتلەنتیك)یان بەبیر بهێننەوە کە تێیدا هاتووە: هەر میللەتێك ئازادە لەوەی داوای مافەکانی خۆی بکات و بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت بژیێت، بۆیە ناکرێت ڕێگە بە عێراق بدرێت ئەم سیاسەتەی ئێستای خۆی بەردەوامی پێبدات"[2].

شەڕێکی خوێناوی لە بەرەی چیای پیرس ڕوویدا، مستەفا بارزانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی سەرکردایەتی ئەو بەرەیەی دەکرد، هەر لە دەستپێکەوە لەلایەن سوپای عێراقەوە چەندینجار هێرش برایە سەر بنکەکانی هێزی شۆڕشگێڕی کورد، بەڵام هەرگیز سەرکەوتن نەبووە بەشیان و لە گەورەترین شەڕدا کە لە ناوچەی دینارتە ڕوویدا، هێزە عێراقییەکان سەرەڕای سەرتربوونیان لە ڕووی چەکی نوێ و ژمارەی سەربازەوەوە، دیسان شکستیان خوارد و لە شەڕەکەدا چوار بەتالیۆنی هێزە عێراقییەکان کەوتنە ژێر گەمارۆی هێزەکانی شۆڕش. شۆڕشگێڕان جگە لە تفەنگ و ڕەشاش،

١ هەمان سەرچاوە، ل ل ٩٠-٩٢.
٢ عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

دوو تۆپ و ژمارەیەكی زۆری گوللەشیان دەستكەوت و دوو فڕۆكەشیان خستە خوارەوە، بەمەش هێزە عێراقییەكان هیواكانیان بۆ سەركەوتن لەدەست دا.

گەلی كورد نوقمی خۆشی و هەستی نیشتمانپەروەری ببوونەوە، تەواوی هەوڵی خۆیان دەدا بۆئەوەی پیشتیوانی لە هێزەكانی شۆڕش بكەن و یارمەتییان بدەن، جووتیاران یارمەتی و پێداویستی خواردنیان دەگەیاندە شۆڕشگێڕان، پیشەوەرانی ناوچەی بارزان جۆرە تۆپێكیان دروستكرد پێیاندەگوت (تۆپا شمی) كە لە گرتنی بنكەی پۆلیسی شارۆچكەی بلێ بەكاریان هێنا، ئەمانە هەمووی گەواهیدەری هێز و ئیرادەی شۆڕشگێڕانی گەلی كورد بوو كە شەڕ بەرۆكی گرتبوون و مەفرەزەكانی شۆڕشگێڕان، چەكداری هەموو ناوچەكانی كوردستانی عێراقی تێدا كۆببووەوە. شۆڕش ببووە شۆڕشێكی كوردی گشتگیر بەوپێیەی لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە ئامادەكاری تەواوی بۆ كرابوو، شۆڕشگێڕانی كورد بە سەركردایەتی مستەفا بارزانی دەستیانكرد بە هێرشبردن و لە پێشڕەویدا بوون بەرەو ئاكرێ و ڕواندوز و سوپای عێراقیان لەوێ گیرخستبوو.

حكومەتی عێراق و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی كە سوپای حكومەت لە توانایدا نییە بەرامبەر شۆڕشگێڕان بوەستێتەوە، بۆیە بەپەلە دەستیان بە ڕێكخستنەوەی هێزەكانیان كردەوە. حكوومەت هێزەكانی كۆكردەوە و هێزی ئاسمانی بەریتانیش بە فراوانی نێردرایە شەڕی شۆڕشگێڕانی كورد، هەواڵگری بەریتانی چالاكانە بەشداری لە شەڕەكەدا كرد و بە داڕشتنی پلان، تۆمەتبەخشینەوە و بەرتیلدان، دەرەبەگە بەكرێگیراوەكانیان بۆ لای خۆیان ڕاكێشا، لەو دەرەبەگانە، مەحمود زێباری، سەیدا گەرماڤی، ڕەشید لۆلانی و كەلحێ ڕێكانی، بەفیتی ئینگلیز لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی كورد وەستانەوە.

پێویستە ئاماژە بەوە بكەین لەو شەڕەی دوایی كە لە مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٤٥ لە نزیك هاودیان لە ناوچەی ڕواندوز ڕوویدا، شانبەشانی سوپای عێراق جاش و خۆفرۆشانی كورد، ڕەشید لۆلانی و مەحمود خەلیفە بەشداریان لە شەڕكەدا كرد، لە بەرەی ئاكرێش جاش و خۆفرۆشان مەحمود زێباری و سورچییەكان بە ئامادەكردنی پێداویستی خۆراك هاوكاری سوپای عێراقیان كرد. شۆڕشگێڕان ناچاربوون لە یەك كاتدا دژ بە سوپای عێراقی و جاش و خۆفرۆشەكان بجەنگێن، ئەمەش شۆڕشگێڕانی خستە بارودۆخێكی سەختەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش دوای تێكشكانی هێزە چەكدارەكانی، حكومەت پەنای بردە بەر یارمەتی هێزی ئاسمانی بەریتانی بۆئەوەی هێرشەكانی بۆسەر ناوچەكانی كوردستان چڕتربكاتەوە كە بووە هۆی كوژرانی سەدان كەس لە خەڵكی ناوچەكە.

فڕۆکەکانی ئینگلیز بەردەوام بەسەر ئاسمانی ناوچەکانی شۆڕشدا دەفڕین، ئەوان دەستیان بە بۆمبارانی گوندە کوردنشینەکان و کوشتنی خەڵکانی مەدەنی و بێ چەك کرد.

ڕۆژانە نزیکەی هەژدە هێرشی ئاسمانی ئەنجام دەدرا و هەرجارەش چواردە فڕۆکە بەشدارییان لە بۆردومانەکاندا دەکرد. بۆردومانەکان زۆر بە چڕی ئەنجام دەدران، لە ئەنجامدا دەیان گوند و ناوەندی چڕی نیشتەجێبوونی کوردەکان وێرانکران و ئاگریان تێبەردرا.

دەیان هەزار ژن، منداڵ و پیر ناچاردەبوون لە ڕۆژێکدا چەندین جار ماڵەکانیان بەهۆی بۆردومانی فڕۆکە جێبهێڵن و خۆیان لە هێرشە دڕندانەکانیان بپارێزن، کێڵگە کشتوکاڵیەکان بە یەکجاری لەنێو چوون و ژمارەیەکی زۆری مێگەلی گەورە و بچووك و ئاژەڵی ماڵی تیاچوون.

سەرەڕای ئەو هێرشە هاوبەشانە، ناوك و کرۆکی هێزی شۆڕشگێڕی کورد بە بەهێزی مایەوە، مستەفا بارزانی و لێژنەی ئازادی، بە بەلەبەرچاوگرتنی بەشداریی هێزەکانی ئیمپریالیزم و خیانەتی دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان، فەرمانیاندا خەڵکی سڤیل لە ناوچەکانی شەڕ دووربخەنەوە، لە بەرامبەردا فڕۆکەوانانی هێزی ئاسمانی ئینگلیز کاتێك هەستیان بە گواستنەوەی خەڵکی سڤیل کرد، دەستیانکرد بە بۆردومانکردنی سەرتاپای ئەو ڕێگە شاخاوییانەی بۆ گواستنەوەی ژن، منداڵ و بەساڵاچووان بەکاردەهێنران.

لەگەڵ ئەوەشدا ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و هێزە عێراقیەکان، نەیانتوانی هێزی شۆڕشگێڕی کورد لەناو ببەن و شەڕی چەکداری بەردەوام بوو تا کۆتایی پایزی ساڵی ١٩٤٥.

مەفرەزە چەکدارەکانی کورد، تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥، جوامێرانە هێرشەکانی سوپای عێراقیان تێکدەشکاند و زیانێکی گەورەیان پێ دەگەیاند، ژمارەیەکی زۆر سەربازیان لێ بەدیل گرتن و دەستکەوتێکی گەورەی جەنگیان دەستکەوت[1].

هێزەکانی حکوومەت توانای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەیان نەبوو کە لەلایەن هێزەکانی شۆڕشەوە ئازادکرابوون و هێزە شۆڕشگێڕەکان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی هێشتا توانای بەرەنگاربوونەوەی هێزی هاوبەشی عێراق و ئیمپریالیزمی بەریتانی هەبوو.

---

١ لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ سەرکەوتنی گەورە بەسەر سوپای عێراقدا بەدەست هات و دەسکەوتی گەورەی لێ کەوتەوە وەك: ٥٠٠٠ تفەنگ، ٢٥٠ دۆشکەی ئینگلیزی، ٢ تۆپی دوور هاوێژ و ژمارەیەکی زۆر نارنجۆك و گوللەی جۆراوجۆر.

هاوکات لە ئێران و لە شاری مەهاباد، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد لە پەرەسەندندابوو.

مستەفا بارزانی لەو بڕوایەدابوو، هاوکاری ئەو لەگەڵ قازی محەمەد، بزووتنەوەی کوردی ئێران بەهێزتر دەکات، لە قۆناغی یەکەمدا هاوکارییەکان سەربازی بن، تا لەم ڕێگەیەوە یەکگرتوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تازە بلێسەی سەندووی کوردی لەو ناوچەیە بەهێزتر بکرێت کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی بەهێزتربوونی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد بە گشتی.

بۆ ئەم مەبەستە، لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٥، مەفرەزە شۆڕشگێڕەکانی کورد بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە سنوور پەڕینەوە و چوونە ناو خاکی کوردستانی ئێران، بەم شێوەیە قۆناغی یەکەمی خەباتی گەلی کورد لە عێراق کۆتایی هات.

لە شرۆڤەی قۆناغەکانی پەرەسەندنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردی لە کوردستانی عێراق لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ دەبێت ئاماژە بە چەند خاڵێکی لاواز بدەین، ئەوانە لەچیدا خۆیان دەبیننەوە؟

لە کوردستان هیچ پارتیەکی بەهێز نەبوو کە بتوانێت تەواوی کوردی عێراق لە دژی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و ڕژێمی مەلەکی عێراق هانبدات و ڕێکبخات.

پارتە کوردیەکان، ڕزگاری، شۆڕش و هیوا، سەرەڕای پشتیوانییەکانی لێژنەی ئازادی، نەیانتوانی پشتیوانی چینە فراوانەکانی کۆمەڵگا بەدەست بهێنن، تا بەم ڕێگەیەوە یارمەتی شۆڕشی پێ بدەن.

ئینگلیزی ئیمپریالیست، دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی وەک: مەحمود زێباری، ڕەشید لۆلان، کەلحێ ڕێکانی و چەندانی تری بە پارە کڕی و ئەوانی نارده شەڕی شۆڕشگێڕانی بارزان. هێزە دیموکراتییە کوردییەکان، توانای ئەوەیان نەبوو ئەو دەرەبەگانە لە گەل جیا بکەنەوە کە ئەمە یەکێکە لە هۆکارە جەوهەرییەکانی شکستی شۆڕش.

نەڕەخسانی دەرفەتی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتووی شۆڕش و دابەش بوونی شۆڕشگێڕان بۆسەر چەند بەرەیەك، نەبوونی چەکی پێویست بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی حکومەتی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا.

کەمی پێداویستی خۆراك و بەشنەکردنی کە کاریگەری نەرێنی زۆری هەبوو. دەبێ ئەوەش بگوترێ لەو ماوەیەدا هیچ پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی نەبوو کە لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ تا ١٩٤٥ پشتگیری بزووتنەوەی نەتەوەی کورد بکات.

ڕاپەڕینی گەلی کوردی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٣٤ تا ١٩٤٥، لە ناوەڕۆکدا زۆر بە زەقی خەسڵەتی دژە ئیمپریالیستی وەرگرتبوو، بۆیەش ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و دەستەمۆکانیان، واتە حکومەتی عێراقی و بەکرێگیراوانیان، بە دڕندانەترین شێوە کەوتنە سەرکوتکردنی و ڕووبەڕووی وەستانەوە و بۆ تۆقاندنی گەلانی عێراق دەستیان بۆ هەموو کارێك برد و سزای لە سێدارەدان بۆ سەد و دە سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی بە غیابی دەرکرا[1]. گرووپە پێشکەوتنخوازەکان و ڕێکخراوە کوردیەکان لە عێراق لەنێوبران و ڕێگەی کوشتنی بە کۆمەڵ، دەستگیرکردن، ڕاگواستن و دەرکردنی ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراقیان گرتە بەر.

بە بچووکترین گومانلێکردن یان زمانلێدان، کوردەکان دەخرانە ژێر چاودێرییەوە و دەستگیردەکران، بەتایبەتی ئەوانەی لە کێڵگەکانی نەوت، گواستنەوە و دامەزراوە پیشەسازییەکان کاریان دەکرد، ڕۆژنامەنووسە سەربەخۆکان، کەسایەتییە دیارەکانی نێو کۆمەڵگا، پزیشك، مامۆستا و قوتابی گشتیان خرانە ژێر چاودێری. ڕێکخراوە سیاسییەکان، تەواوی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان قەدەغەکران.

شۆڕشەکەی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، نەك تەنیا گوزارشتی لە بەرژەوەندیی گەلی کورد دەکرد، بەڵکو گوزارشتی لە بەرژەوەندیی گەلی عەرەبی عێراقیش دەکرد، ئەم ڕاپەڕینە وانەیەکی بە سوود بوو بۆ داهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد.

شۆڕشی بارزان ١٩٤٣-١٩٤٥، بزووتنەوەی گەلی کوردی گەیاندە ئاستی بزووتنەوەی ئەو گەلانەی خەباتیان دژی بەئیمپریالیزم دەکرد لەپێناو بەدیهێنانی قەوارەی نەتەوەی خۆیان، بەم شێوەیە هێزە دیموکراسییە سەرکەوتووەکانی گشت جیهان، هێزێکی شۆڕشگێڕی تریشی بۆ زیادبوو کە هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە.

بەوپێیەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی ١٩٤٣-١٩٤٥، هاوکاتە لەگەڵ کۆماری سەربەخۆی مهاباد، بۆیە دەگەڕێینەوە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران.

١ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.

## ٢. بەشداریکردنی هێزە دیموکراتخوازەکانی گەلی کوردی عێراق لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی ئێران.

بەدرێژایی جەنگی دووەمی جیهانی، ئێران ببووە بنکەیەکی چالاکی بەکرێگیراوانی ئەڵمانیای نازی دژبە یەکێتی سۆڤیەت، ئەمە لە کاتێکدا ئێران لە ڕواڵەتدا بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاندبوو.

حکومەتی ڕەزا شا بە ئومێدی ئەوە بوو لەم ڕێگەیەوە و بە یارمەتی هیتلەری نازی، زەوییەکانی پشت قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەت بخاتە سەر ئێران.

لە یەکەم مانگی دوای هێرشی ئەڵمانیا بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەت، لە لایەن سۆڤیەتەوە سێ جار، لە ٢٩ی حوزەیران، ١٩ی تەمووز و ١٣ی ئابی ١٩٤١، حکومەتی ئێران ئاگادار کرایەوە سەبارەت بە هەڕەشەی نازیەکان لە ڕێگای ئێرانەوە بۆ سەر سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت.

لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە سیاسەتی دووڕووی گیرایە بەر و گوێی نەدایە ئاگادارکردنەوەکە، بەمەش حکومەتی سۆڤیەتی بەپێی مادەی شەشی ڕێککەوتننامەی سۆڤیەتی-ئێرانی ساڵی ١٩٢١، ناچار بوو هێزەکانی خۆی ڕەوانەی ناوچەکانی باکووری ئێران بکات[١].

لە ڕێکەوتی ٢٥ی ئابی ١٩٤١، لە باکوورەوە سوپای سۆڤیەتی و لە باشوورەوە ئینگلیزەکان هاتنە نێو سنوورەکانی ئێرانەوە.

بەم شێوەیە ئێران ئازادکرا و لەژێر باڵادەستی فاشیەکان دەرهێنرا، لە وڵات بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەسەندنی بزووتنەوە دیموکراسییەکان هاتە ئاراوە، ئەگەرچی دەبێت ئەوە بگوترێت کە بارودۆخ لە باکوور و باشووری وڵات وەك یەك نەبوو.

لە باشوور، لەو پارێزگا و ناوچانەی هێزەکانی ئینگلیز تێیدا جێگیر ببوون، بزووتنەوە دیموکراسییەکان کۆنترۆڵکران، لەو ناوچانە چالاکی دیموکراسی، کۆمەڵایەتی و سیاسی بە شێوەیەکی کردەیی ڕێگریان لێکرا و قەدەغەکران، لە باکووری ئێران، لەو ناوچانەی هێزەکانی سۆڤیەتی تێیدا جێگیر ببوون، ئازادی ڕاستەقینە درایە خەڵکی و چینە فراوانەکانی کۆمەڵگا وەک، کرێکار، جووتیار و خاوەن پیشەکان بەشدارییان لە بزاوتە دیموکراسییەکان کرد.

١ عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤٢.

به هاتنی سوپای سۆڤیەت، هەستی دیموکراسی لەنێو پارێزگا کوردییەکانی باکوور پەرەی سەند و بوونی سوپای سۆڤیەت وەك پشتگەرمییەك بوو بۆ هێزە کوردییەکان، بۆ داواکردنی دیموکراسی.

هاتنی سوپای سۆڤیەتی بۆ ئێران، خەڵکی ئێرانی لە کۆیلایەتی فاشیزم و ژێردەستی ڕزگارکرد، بۆ یەکەمجار گەلی کورد ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا ئازادانە هەناسەبدەن و بیر لە داهاتووی خۆیان بکەنەوە.

ئەوکاتەی هێزە فاشیستەکانی ڕەزا شا خەریکی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی هاوپەیمانان بوون، کوردەکانی دەوروپشتی دەریاچەی ورمێ سەربازگە ئێرانیەکانیان لە شارەکانی مهاباد، شنۆ و نەغەدە دەستبەسەرداگرت و فەرمانبەرانی تارانیان لێ وەدرەنان.

لە هەلومەرجی بە دیموکراتیزەکردنی گشتی، لە پارێزگا کوردیەکان چالاکانە دەستکرا بە ژیانی سیاسی و دامەزراندنی ڕێکخراوی دیموکراتی، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٤٢ لە مهاباد کۆبونەوەیەك سازکرا، یازدە نوێنەری ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی ئێران و عێراق تێیدا ئامادەبوون، لە کۆبوونەوەکەدا بڕیاری پێکهێنانی پارتێك لە کوردستانی ئێران درا بەناوی (ژیانەوەی کوردستان). حوسێن زێڕینگەران (حوسێن فروهەر) وەك سەرۆکی حزب و عەبدولڕەحمان زەبیحیش وەك سکرتێر دەستنیشانکران، کۆمیتەی ناوەندی (ژ.ك)یش ساڵی ١٩٤٢ لەم ئەندامانەی خوارەوە پێکهێنرا:

١- عەبدولڕەحمان زەبیحی

٢- حوسێن زێڕینگەران (حوسێن فروهەر)

٣- عەبدولڕەحمان هەژار

٤- ئیبراهیم ئیبراهیم

٥- عەلی خەسرەوی

٦- سەعید محەمەد حەمید

٧- قادر مودرەیس

٨- محەمەد یاقۆ

٩- محەمەد عەبدوڵا داوودی

١٠- ئەحمەد حیلمی

١١- ڕەحمان حەلەوی و هتد...

بەم شێوەیە حزبی کوردی (ژ.ك)، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، چالاکییەکانی لە کوردستانی ئێران دەستپێکرد.

لە ڕێکخستن و دەستپێکی چالاکییەکانی (ژ.ك)، حزبی هیوا لە ڕێگەی میرحاج و مستەفا خۆشناو کە خۆیان گەیاندبووە کوردستانی ئێران، یارمەتی زۆری دان، لە نێوان (ژ.ك) و حزبی هیوا پەیوەندی ڕێکخراوەیی و سیاسی باش دروستکرا، بە پێچەوانەی بەرنامەی حزبەکانی پێشوو، بەرنامە و پرۆگرامی (ژ.ك) دروشمی کوردستانی یەکپارچەی گۆڕی و ئامانجی خۆی بە شێوازێکی تر داڕشت کە بریتی بوو لە خەبات لەپێناو ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سنووری ئەو دەوڵەتانە (عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا).

پرۆگرامی (ژ.ك)، داوای یەکگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی دەکرد لە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووخوازەکانی عێراق، تورکیا، ئێران و سوریا، بابەتی یەکگرتنی کوردستان، بەپێی پرۆگرامی (ژ.ك)، لە قوناغی دووەمی بەرنامەی ئەو پارتەبوو، واتە قۆناغی دوای بەدیهێنانی داخوازی ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکان لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و دیموکراتیزەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیان[١].

ئۆرگانی حزبی (ژ.ك) گۆڤاری (نیشتمان)بوو[٢]، ئەم گۆڤارە کە خاوەن ئیمتیازەکەی عەبدولڕەحمان زەبیحی بوو، بە سەرپەرشتی شاعیری نەتەوەیی عەبدولڕەحمان هەژار و نووسەری کوردی دڵشاد ڕەسوولی، دەرکرا.

حزب یان کۆمەڵەی (ژیانەوەی کوردستان)، ئامانجەکانی بریتی بوون لە: خەبات لەپێناو ڕزگارکردنی گەلی کورد، بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، ئەنجامدانی چاکسازی کۆمەڵایەتی، خوێندن بە کوردی و بوژاندنەوەی کەلتووری نەتەوەیی کورد.

چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك)، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئازاد و لەبارەوەبوو کە هاتنی هێزەکانی سۆڤیەت بۆ ئێران هێنابوویە کایەوە، پەیوەندی مرۆڤ دۆستانەی سۆڤیەت لەگەڵ گەلی کورد و ئازەربایجان ئەو بارودۆخەی دروستکرد.

کۆمەڵەی (ژ.ك)، وردەوردە تۆڕی ڕێکخستنەکانی خۆی فراوان کرد، کاریگەرییەکانی تا دەهات زیاد و زیاتر دەبوون.

١ ئەرشیڤی پارتی دیوکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.
٢ ئەم گۆڤارە تا ساڵی ١٩٤٥ دەردەکرا.

لقەکانی ئەو پارتە بە تەواوی ناوچەکانی کوردستانی ئێران بڵاوبوونەوە، کۆمەڵەی (ژ.ك) سەرکردایەتی خەباتی گەلی کوردی لە کوردستانی ئێران دەکرد، لەپێناو بەدیهێنانی ئازادی و دیموکراسی، لە ئاداری ساڵی ١٩٤٥، قازی محەمەد هاتە ناو کۆمەڵەی (ژ.ك)ەوە، قازی محەمەد و چەندین کەسایەتی تر کاری زۆریانکرد بۆئەوەی (ژ.ك) ببێتە ڕێکخراوێکی جەماوەری کە بگونجێت لەگەڵ ئەو سەردەمەدا، هەر لەم پێناوەدا چەندین کاری پێویست ئەنجام دران بۆ فراوانکردنی بنکەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی پارت و پتەوکردنی کاری ڕێکخراوەیی ڕێکخستن لە ڕیزەکانیدا، ساڵی ١٩٤٥ کۆمەڵەی (ژ.ك)، بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد ناوی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ی لێنرا.

ئەم پارتە پرۆگرامێکی زانستی و گونجاو لەگەڵ ئەو سەردەمەی بۆ دانرا، ئەویش پێدانی ئۆتۆنۆمی بوو لە شێوەی کۆمارێکی سەربەخۆی کوردی، لە چوارچێوەی یەکێتی ئێران، لەسەر بنەمای دیموکراسی. ئەو پرۆگرامە، کاردەکات بۆ هێنانەدی چاکسازی بنەڕەتی لە وڵات، پێشخستنی پیشەسازی، بڵاوکردنەوەی خوێندەواری و دادوەری کۆمەڵایەتی.

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕیزەکانیدا نوێنەرانی گشت چین و توێژەکانی گەلی کورد کۆدەکاتەوە، لەوانە: کرێکار، جووتیار، خاوەن پیشەکان، ڕۆشنبیر و کەسایەتی پێشکەوتنخواز.

لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥، کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد بەسترا، تێیدا چەندین بڕیاری گرنگ سەبارەت بە چارەنووسی گەلی کورد دەرکرا.

لەو بڕیارانەدا هاتووە کە پێویستە خەبات بکرێت لەپێناو بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی ئێران و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆ، حکومەتێکی خۆجێی لە کوردستان دروستبکرێ، بۆئەوەی چاودێری تەواوی سێکتەرەکان بکات. هەڵبژاردنی کاربەدەستە دەوڵەتییەکان لە خەڵکی ناوچەکە خۆی بێت، ڕایکردنی کارەکان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت بە زمانی کوردی دەبێت، منداڵان لە قوتابخانەکان بە کوردی بخوێنن، دروستکردنی پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئازەربایجانییەکان و نەتەوەکانی تر کە دانیشتووی کوردستانن[1]. لەو کۆنگرەیەدا لێژنەیەکی جێبەجێکردنی کاتی بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد دروستکرا، لێژنەی جێبەجێکار بۆ دواکەوتن کۆمەڵێك بڕیاری پێشکەوتووی دەرکرد کە بریتی بوون لە: دابەشکردنی زەوی، یەکسانی ژن و پیاو و خوێندنی بەزۆر بۆ بەرامبەر بە زمانی کوردی و

١ ئیڤانوڤ میئخائیل سێرگێڤیچ. چەند بابەتێك لەسەر مێژووی ئێران، سالی ١٩٥٢، ل ٣٧٧.

هتد... بۆ یەکـەمجار لە مێـژووی کوردسـتانی ئێـران، قوتابخانـەی کچـان دامـەزرا و گۆڤـار و ڕۆژنامە بە زمانی زگماکی کوردی دەرکران.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـە کۆمـاری ئۆتۆنـۆمی لە شـاری مهابـاد لـە دایکبـوو کە سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی ئێرانی دەکرد.

دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئێران، بیرۆکەی دروسـتکردنی چەنـد پـارتێکی تری هاوشێوەی لە کوردستانی عێراق و سوریا هێنایە گـۆڕێ. سـەرەڕای ئـەوەش کـە شـێوازی خەبات لەو پارچانەدا جیاواز بوو، بەڵام ئامانجەکە یەك ئامانج بوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین، لە دایکبوونی ئەم پارتانە بەشێوەیەکی پراکتیکی سـەلماندی کە گـەلی کـورد دەتوانێـت پـارتی دیمـوکراتی نەتـەوەیی شۆڕشـگێڕ دامـەزرێنێت کە هـەڵگری تیـۆری زانستی بن بۆ گشـت کوردسـتان و بـە ئامـانجی کۆکردنـەوەی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی لە چوارچێوەی کوردستان.

پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ یەکەمجار سیاسەتێکی کـراوەی گرتـە بـەر کـە بـووە هـۆی فراوانبـونی ئەندێشـەی نەتـەوەیی لەسـەر بنـەماکانی ڕێزگـرتن و یەکسـانی، ئـەم ئـەزموونە ئەوەی نیشانی گەلی کورد دا کە حزب دەبێت چۆنبێـت، بـۆئەوەی لە پاشـە ڕۆژدا پێشـڕەوی گەل بکات و بۆ خەباتی خۆی متمانە بەکام چینی گەل بکات؟

لە ١١ کانوونی یەکەمی ١٩٤٥، بزووتنەوەی نەتەوەی ئازەربایجان ئەرکی ئازادکردنی وڵاتی گەیاندە ئـەنجام و کۆمـاری دیمـوکراتی ئازربایجـانی لـە چوارچێـوەی ئێـران ڕاگەیانـد، ئـەمە بەهێزترین فاکتەر بوو کە هانی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردی دا لە ڕێکـەوتی ١٢ کـانوونی یەکەمی ١٩٤٥، ئاڵای ئێـران لەسـەر تـەلار و دامـەزراوە کارگێڕییـەکانی حکومـەت لە شـاری نەغەدە و چەند شارێکی تر بهێنێتە خوارەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشنیاری کرد کۆنگرەی نەتەوەیی ببەسترێت، ئـەم کـۆنگرەیە لە ڕێکەوتی ١١ کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لە مـەهاباد بەسـترا، کـۆنگرەی نەتـەوەیی بڕیـارێکی مێـژووی دەرکـرد، ئەویـش دامەزرانـدنی کۆمـاری ئۆتۆنـۆمی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوو لە چوارچێوەی ئێران.

ئـاڵای نەتـەوەیی کـورد هـەڵکرا، قـازی محەمـەد بە سـەرۆکی کۆمـار هـەڵبژێردرا و ئەنجوومەنی وەزیران پێکهێنرا، ستافی حکومەتی کوردستان لەمانە پێکهاتبوو:

١- قازی محەمەد، سەرۆك کۆماری ئۆتۆنۆمی کورد و سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢- حاجی بابەشێخ، سەرۆکی ئەنجوومەنی گەل و سەرۆکی حکومەت.

٣- مەلا حوسێن مەجید، وەزیری داد.

٤- میرزا گەلی خوسرەوی، وەزیری ناوخۆ

٥- کەریم ئەحمەد، وەزیری دەرەوە.

٦- محەمەد حوسێن خان، وەزیری جەنگ.

٧- محەمەدی والی زادە، وەزیری کشتوکاڵ.

٨- ئەحمەد عەلی، وەزیری ئابووری.

٩- میرزا خەلیل خوسرەوی، وەزیری پەیوەندی.

١٠- سادق خدری، وەزیری پروپاگەندە.

١١- حاجی مستەفا فەیدی، وەزیری بازرگانی.

١٢- شێخ محەمەد بورخانی، جێگری سەرۆك کۆمار[١].*

کۆماری ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کوردی ئەم ناوچانەی دەگرتەوە:

مهاباد، میاندوئاو، بانە، سەقز، سەردەشت، شنۆ، نەغەدە، ماکۆ، خایا، شاخ پورا، ڕەزایێ و سنە[٢].

هێزی چەکداری ئەو کۆمارە بە دوازدە هەزار کەس مەزەندەدەکرێت، کە بە تفەنگ، ڕەشاش و تۆپ پڕچەك کرابوون.

---

١ عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٢٨١-٢٨٢؛ بگەڕێوە بۆ عەزیز شەمزینی، ل ل ٢٦٧-٢٦٨.

* ئەو ستافەی لەو توێژینەوەیە ئاماژەی پێکراوە، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەو ستافەی لە سەرچاوەکانی تردا هاتووە و لێرەدا ئاماژەی پێ دەدەین: (حاجی بابا شێخ- سەرۆک وەزیران، محەمەد حسێن خان سەیفی قازی- وەزیری جەنگ، محەمەدەمین موعینی- وەزیری دەوڵەت، ئەحمەد ئیلاهی- وەزیری ئابووری، کەریم ئەحمەدیان- وەزیری پۆستە و گەیاندن، مەناف کەریمی- وەزیری فەرهەنگ، سدیق حەیدەری- وەزیری تەبلیغات (ڕاگەیاندن)، حاجی مستەفا داودی- وەزیری کار، خەلیل خسرەوی- وەزیری بازرگانی، مەحموود وەلیزادە- وەزیری کشتوکاڵ، ئیسماعیل ئیلخانیزادە- وەزیری ڕێگاوبان، سەید محەمەد ئەیووبیان- وەزیری تەندروستی، عەبدولڕەحمان ئیلخانیزادە- وەزیری ڕاوێژکار، مەلا حسێن مەجدی- وەزیری داد). حامد گوهری، جمهوری کردستان، ت. حسن ماورانی، (اربیل-چاپخانەی شەهاب-٢٠١٣)، ص ص ٢٠٩-٢١٠. (وەرگێڕ).

٢ ڤ. ئێگلێتۆن، کۆماری کوردستان ١٩٤٦، ل ١٣٤؛ نەتەوەکانی ئاسیا، ئەکادیمیای زانستی یەکێتی سۆڤیەت، (مۆسکۆ - ١٩٥٧)، ل ٢٥٩.

لەهــەموو شــارێك، دەزگــای کــارگێڕی و پــۆلیس کە لــە دانیشــتووانی شــارەکە پێکهــاتبوو دامەزرێنران.

بەپێــی بڕیــاری کــۆنگرەی نەتــەوەیی، پەرلــەمانی نەتــەوەیی هــەڵبژێردرا، ســوپای نیزامــی نەتەوەیی پێکهێنرا، چاکسازی کشتوکاڵی ئــەنجام درا، ڕۆژنامــەی (کوردســتان) ئۆرگــانی پــارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ چەندین گۆڤاری تر دەرکران.

لە شارەکان و لە چەندین گوند حکومەت قوتابخانەی کردەوە، مامۆستای بــۆ دابینکــردن و بە زمانی کوردی وانەکان دەگوترانەوە.

لە نێوان کۆمارە ئۆتۆنۆمییە دیموکراتییــەکانی ئازربایجــان و کوردســتان ڕێککەوتننامەیــەك مۆرکرا، حکومەتەکانی هــەردوو کۆمــار گفتوگــۆی هاوبەشــیان لەگــەڵ حکوومــەتی ناوەنــدی دەستپێکرد، بۆئــەوەی لەلایــەن ناوەنــدەوە بــە فــەرمی دان بــە هــەردوو کۆمــاردا بنرێــت لــە چوارچێوەی ئێران کە ئەمە خۆی فاکتەرێکی گرنگە  لــە بــە دیمــوکراتیزەکردنی ژیــانی ئێــران. حکومــەتی ئێــران دووڕووانــە ڕازی بــوو داخوازییــەکان وەربگرێــت، ئەمــەش بــووە مایــەی خۆشــحاڵی تــەواوی گــەلانی ئێــران، کاتێــك قــازی محەمــەد و ســەرۆك کۆمــاری ئازەربایجــان پیەشــاوەری بە فــڕۆکە چــوونە تــاران، بە هــەزارەها کــەس لە جــەماوەر بە هۆتــافی:" ئێــوە ناوچــەکانی خۆتــان ڕزگــار کــرد! یارمــەتیمان بــدەن بــۆ شــکاندنی کــۆتی چەنــدین ســاڵەمان" پێشوازیان لێکردن.

گەلی کورد بە شەوقێکی زۆرەوە پێشوازیان لە دروستبوونی کۆماری ئۆتۆنۆمی دیمــوکراتی کوردی لە کوردستانی ئێران کرد.

هاتنی شۆڕشگێڕە بارزانییە چەکدارەکان بــۆ کوردســتانی ئێــران، گرنگییــەکی زۆری هــەبوو، بەوپێیەی وەك هێزی پشتیوانی هێزە دیموکراتییەکانی ئێران کاریان دەکرد و ئیلهام بەخشــی کوردانی ئێران بوون لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان.

لە کوردســتانی ئێــران، بارزانییەکــان زۆر بــە گــەرمی پێشــوازیان لێکــرا، دوای حەوانەیــەکی کورت، بارزانییەکــان چالاکــانە بەشــداریان لە خــەبات لەپێنــاو ســەربەخۆیی کوردســتان کــرد، نزیکــەی پێــنج هــەزار بــارزانی پەیوەنــدیان بــە ســوپای کۆمــاری ئۆتۆنــۆمی دیمــوکراتی کوردستانەوە کرد، هێزی بارزانییەکان کە لە لایەن مستەفا بارزانییــەوە ســەرکردایەتی دەکــرا، بوونە پێشەنگی جــەنگاوەرانی هێــزە چەکــدارەکانی کۆمــار و هــەموو ئــەزموونێکی جــەنگی خۆیــان خســتەگەڕ بــۆ هاوکــاریی ســوپای کۆمــارە ســاواکە. ئەو ئەفســەرانەی لە کوردســتانی عێراقەوە لەگەڵ مستەفا بارزانی هاتبوون بریتی بــووون لــە: عــزەت عەبدولعــەزیز، میرحــاج،

ئەحمەد، مستەفا خۆشناو، خەیروللا عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود، عەبدولڕەحمان موفتی، ڕەئیس بەکر و نوری تەها و چەند ئەفسەرێکی تر کە بۆ بەرزکردنەوەی زانستی سەربازی و مەشقپێکردنی سەربازانی سوپای کۆمار سوودیان لێوەرگیرا.

حکومەتی سۆڤیەتی یارمەتیەکی زۆری کورد و کۆمارە دیموکراتییە ئۆتۆنۆمییەکەی دا، بۆئەوەی لە زوڵم و زۆر ڕزگاریان ببێت، ئەفسەرانی سوپای سۆڤیەت، بەشداریان لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی سوپای نەتەوەیی کورد کرد و بە پێدانی جبەخانە و چەکی وەك: تۆپ، تفەنگ، ڕەشاش و هاوەن یارمەتی کۆماریان دا.

ئەم پشتیوانیانە گرنگییەکی زۆریان هەبوو، بەوپێیەی گەلی کورد وەك دۆست و پارێزەری مافە نەتەوەییەکانی دەیڕوانییە یەکێتی سۆڤیەت.

بوونی بارزانییەکان لە مهاباد، ئیمپریالیستەکانی زۆر نیگەرانکردبوو، چونکە دەیانزانی ئەم بابەتە کۆماری دیموکراتی کوردستان تا ئەندازەیەکی زۆر بەهێز دەکات.

بەهاری ساڵی ١٩٤٦، سوپای ئێران بە پشتیوانی ئیمپریالیزمی ئەنگلو- ئەمریکی، دەستیان خستە ناو کاروباری کۆمارەوە، بۆئەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆمار بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی ناچار بکەن ڕوو بکەنە سنوورەکانی کوردستانی ئێران. لەپێناو پاراستنی ئازادی گەلی کورد لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦، یەکەم شەڕی نێوان بارزانییەکان و سوپای ئێران لە نزیك شاری سەقز ڕوویدا، هێزی بارزانییەکان لەلایەن موقەدەم ڕەئیس بەکر و ڕائید محەمەدئەمین میرخان فەرماندەیی دەکران. پێش ئەم شەڕە سوپای ئێرانی ئاشنا نەبوو بە چۆنیەتی شەڕکردنی جەنگاوەرە بارزانییەکان، بۆیە وای چاوەڕواندەکرد سەرکەوتنێکی ئاسان بەدەست بهێنێ، بەڵام ڕاستی ڕووداوەکان پێچەوانەی بۆچوونەکەیان بوو. هێزە ئێرانییەکان بە لەدەستدانی ژمارەیەکی زۆری کوژراو و بریندار و پێداویستیی جەنگی ناچار بوون لە مەیدانی شەڕ پاشەکشێ بکەن، دوای ماوەیەکی کورت جارێکی تر لە ناوچەی (میلکەران) لە لایەن سوپای ئێرانەوە هێرش کرایەوە سەر هێزی بارزان، ئەم هێزە لەلایەن موقەدەم مستەفا خۆشناو، ڕائید سەعید ئولی و ڕائید خۆشەوی خەلیل سەرکردایەتی دەکرا، ئەمە بە یەکێك لە گەورەترین ئەو شەڕانە دادەنرا کە لە نێوان هێزی بارزان و سوپای ئێران ڕوویدا، جەنگاوەرانی هێزی بارزان لەو شەڕەدا قارەمانیەتی و نەبەردییەکی بێ وێنەیان نواند و سوپای ئێرانیان شکست پێهێنا و دەستیان بەسەر ژمارەیەکی زۆر: تفەنگ، ڕەشاش، نارنجۆك، فیشەك داگرت، هەروەها دوژمن زیانێکی زۆری گیانیان بەرکەوت. لە بارزانییەکان حەفت چەکدار بریندار بوون، لەوانە قارەمان خۆشەوی خەلیل کە بەسەختی بریندار بوو، دوای دوو

شەڕ، سوپای ئێران وانەیەکی وای پێدرا کە هەروەك لە نامەی دکتۆرای کاوس قەفتاندا هاتووە، سەربازە ئێرانییەکان چەکەکانیان فڕێدا و لە مەیدانەکانی شەڕ ڕایانکرد.

دوای ئەو شەڕانە لەگەڵ سوپای ئێران، کاریگەری و هێزی بارزانییەکان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی لە کوردستانی ئێران ڕووی لە زیادبوون بوو، دانانی مستەفا بارزانی بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کورد، توانای بەرزی ئەوی لە بواری سەربازی نیشان دەدا. لە هەمان کاتدا پێدانی پلەیەکی وا گەورە بە کوردێکی عێراق، لە کوردستانی ئێران، واتای هاوکاری و پشتگیری بێ جیاوازی کوردەکان بوو لە یەکتری، واتای هاوبەشی خەبات و یەك چارەنووسی گەلی کورد بوو. بۆیەش گەلی کورد بە هەموو شێوەیەك پشتگیری خۆی بۆ کۆمار و حکومەتەکەی دەربڕی.

لە نێوان کۆماری کوردستانی دیموکراتی و ئازەربایجانی دیموکراتی، پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری لە بوارەکانی سەربازی، ئابووری، کەلتوری دروست بوو، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و دیموکراتی بوو کە دژبە دوژمنانی ناوەوە و دەرەوەی کورد ئاراستە کرابوو.

سەرقافڵەی ئەو بزووتنەوەیە، هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلی کورد بوون کە پارتی دیموکراتی شۆڕشگێڕی کوردستان سەرۆکایەتی دەکرد.

کۆماری دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردی لە کوردستانی ئێران سەرنجی کوردی عێراق، تورکیا، سوریای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئەم کۆمارە بووە نموونەیەك و پاڵنەرێك بۆ ئەوان تا خەبات بکەن لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان.

حکومەتە کۆنەپەرستەکانی ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا هەروەها ئیمپریالیستەکانی ئەنگلۆ-ئەمریکا، ترسێکی زۆریان لێ نیشت، بەرامبەر بەو پەرەسەندنەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

ئەو حکومەتانە هەوڵی ئەوەیاندا بزوتنەوەکە سەرکەوت بکەن، لەپێناو مانەوەی ڕژێمە کۆنەپەرستەکان. ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان کە تووشی دڵەڕاوکێ بوون بەهۆی هەوڵی بزووتنەوەی گەلان بۆ ئازادی و ئاشتی و پێشکەوتن، دەستیان دایە پیلانگێڕان بۆ ڕاگرتنی ئەو بزووتنەوەیە.

ئەو شەڕەی ئەمریکییەکانی هێنایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە هەوڵی هێزە دیموکراسی خوازەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا، خەڵکی بۆ بەدیهێنانی ئارمانجەکانیان قوربانیاندا و بۆ بینینی بەرهەمەکەشی بێ سەبرانە چاوەڕێبوون.

ئەمریکا کە لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانی تەواو دەوڵەمەند ببوو، هەوڵی ئەوەیدا هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی جیهان بسەپێنێ و گشت نەیارە ئابووری و سیاسییەکانی لەنێو ببات.

بۆ ئەم مەبەستە، هێزە ئیمپریالیستەکان هەموو ڕێگایەکی سەرکوتکردنی خەڵکی ئازادیخواز و دژە سیاسەتی ئیمپریالیزمییان گرتەبەر. ئێران، تورکیا و عێراق بۆ ژێردەستەیی ئیمپریالیزم ڕاکێشران، تا ببن بە بازاڕێك بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمەکانیان، جێگایەك بۆئەوەی سەرمایەکانیان تێدا بخەنەگەڕ و پاڵپشتێکی سەربازی دژە بلۆکی دیموکراسی کە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرکردایەتی دەکرا بکەن.

هەرچەندە ئینگلیزی خاوەنی پێشووی عێراق، بەهۆی جەنگەوە لاواز ببوو، بەڵام هێشتا کۆنترۆڵی عێراقی بەدەستەوە بوو و دەوڵەمەندترین ناوچە نەوتییەکانی باشوور لەژێر دەستی ئەودا بوون و کەڵکیان لە دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکانی وڵات وەردەگرت.

ئەگەرچی کێبڕکێی ئەنگلو- ئەمریکی حەتمی بوو، بەڵام بارودۆخەکە وای دەخواست کە ئیمپریالیستە دڕندەکان هەرچی زووە لەسەر دامرکاندنەوەی شۆڕشی گەلە دیموکراسی خوازەکان بگەنە ڕێککەوتن. بۆ ئەم مەبەستە کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو_ئێرانی وازی لە ٢٥/٧٥٪ی پشکەکانی خۆی هێنا بۆ کۆمپانیا ئەمریکیەکان بەتایبەت کۆمپانیاکانی (ستاندارت ئۆیل-نیوجیرسی) و (ساکۆنی-ڤاکووم)[١]. جگە لەوەش کۆمپانیا ئەمریکیەکان بۆئەوەی ئیمتیازاتە نەوتیەکانی باکوور وەربگرن، دەستیانکرد بە دانوستانی نهێنی لەگەڵ تاران و لەو ماوەیەدا دەستیانگرت بەسەر تەواوی سێکتەرە سەربازی، ئابووری و دارایی و تەنانەت دامەزراوەکانی دەوڵەت.

بازاڕەکان پڕکران لە بەرهەم و کەلوپەلی ئەمریکی و بوونە هۆکاری داخرانی بەشێکی زۆری کارگە ناوخۆییەکان، ئەمەش بووە هۆی زۆربوونی ڕێژەی بێکاری و بڵاوبوونەوەی هەژاری گشتی.

---

١ دەنگی کوردستان، ئۆرگانی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ئەورووپا، (پاریس – ١٩٤٩).

نارەزایەتی خەڵکی بەرامبەر بەم بارودۆخە لە زیادبووندا بوو، پارتی دیموکراتی کوردی و ئازەربایجانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گەلیان دەکرد و خەباتێکی دژواریان دژی ئەمریکییەکان بەرپاکرد کە بە تەواوی دەستی خستبووە ناو کاروباری وڵاتەوە. ئەمریکییەکان بە یارمەتی ئینگلیز و دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران بە خێرایی توانی جێ پێی خۆی لە وڵاتدا قایم بکات. لەو کاتەی شاندی کوردی لە تاران سەرقاڵی وتوویژ بوون، ئەفسەرە ئەمریکیەکان هۆزەکانی قەشقای باشووریان ڕێکخستن و مەشقی سەربازییان پێدان، سەرکردەکانی سوپا و پۆلیس کۆکرانەوە، دامەزراوەکانیان سەرەڕای پرچەککردن مەشقی سەربازیان پێدرایەوە و کەشتیە جەنگیەکان بەرەو بەندەری شاپوور بەڕێ کران، فرۆکەخانەکانیان پرکرد لە فڕۆکە جەنگیە کۆنەکان و یەکەم بڕیاریشیان هێرشکردنە سەر کوردستان و ئازەربایجان بوو. ئیمپریالیستەکان دژی کۆمارە ئۆتۆنۆمیەکانی کوردستان و ئازەربایجان درۆی زۆریان هەڵبەست و سەرکردایەتی هەردوو کۆماریان بە جوداخواز و تاوانبار ناوبرد.

ناوەندە کۆنەپەرستانەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا هەموو هەوڵیان دەدا بۆئەوەی هەیبەت و کاریگەریی یەکێتی سۆڤیەت لەناو جەماوەری کورد کەم بکەنەوە، هەوڵیاندا هێزەکانی ئێران بهێننە کوردستان، بۆئەوەی بەزەبری هێز پرسی کورد چارەسەربکەن و بارودۆخێك لە بەرژەوەندی خۆیان بخوڵقێنن.

گەلی کورد، ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانیان وەك سەرەتایەك بۆ دیموکراتیزەکردنی تەواوی ئێران دەبینی. ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستانیش ئەمەیان وەك مەترسییەك بۆ سەرخۆیان لەقەڵەم دەدا، بۆیە هەوڵیاندا دووبەرەکی بخەنە نێو ڕیزەکانی گەل و لەنێوان کورد، ئازەری و ئەرمەنییەکان فیتنە بنێنەوە و تووشی شەڕی ناوخۆیان بکەن، هەروەها هەوڵیاندا کێشەی سنووری لە نێوان هەردوو کۆماری ئۆتۆنۆمی کورد و ئازەربایجان دروست بکەن.

ترس لە کۆماری دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردی، سەرۆك وەزیرانی عێراق، نوری سەعیدی ناچارکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش بۆ پرسی کورد ڕوو بکاتە ئەنقەرە. لە ئەنجامدا هەردوو لایەن لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە لە ئەگەری سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی کوردی یارمەتی یەکتری بدەن[1].

کۆنەپەرستانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست کە لەلایەن ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواوە سەرکردایەتی دەکرێن، تا ئەمڕۆش بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد وەك

---

١ ل. ڕامبوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٢.

مەترسییەکی گەورە بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەزانن، بەوپێیەی باش دەزانن گەلی کورد لە هەوڵی ئەوەدایە قەوارەی نەتەوەی خۆی بنیات بنێ و کۆتایی بە ئیدارە بۆگەنەکەی ئیمپریالیستەکان بهێنێ، بۆیەش کۆماری کوردی دیموکراتی ئۆتۆنۆمی لە ئێران دەستی کرد بە خەبات دژبە هێزە یەکگرتووەکانی ئێران و کۆنەپەرستانی ئەنگلو-ئەمریکی.

ئەم کۆمارە بووە مەڵبەندی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورد، ئەوەتا ڕۆژنامەی (دەیلی تەلەگراف)ی ئینگلیزی نووسیویەتی: (کوردەکانی ئێران بە وریاییەوە لە ڕووداوەکانی ئێران دەڕوانن، سەرکەوتنی ڕاپەڕین لە کوردستانی ئێران، بێگومان هاندەرێکە بۆ ڕاپەڕینی هاوشێوە لە عێراق، هەر ڕاپەڕینێك لە کوردستانی عێراق بەرپا ببێت، بێ هیچ گومانێك پیشەسازییە نەوتییە گەورەکان لە کوردستانی عێراق بۆریە نەوتەکانی حەیفا و تەرابلوس دەخاتە مەترسییەوە"[١].

بەم شێوەیە ڕاپەڕینی گەلی کورد مەترسی دەخستە سەر بەرژەوەندیی ئیمپریالیستەکان، بەوپێیەی لە ناوچەیەك ڕوویدەدا کە پاوانی بەرژەوەندییە نەوتییە مۆنۆپۆڵیە ئیمپریالیستەکان بوو لە ئێران و عێراق. ترسی ئیمپریالیزمی ئەنگلو-ئەمریکی، گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بوو، بۆیە پاڵی پێوەنان بەجدی بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بگەڕێن بۆ دامرکاندنەوەی ئەو ڕاپەڕینە.

سەرەتای ساڵی ١٩٤٥، دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی ئێران لەوە گەیشتن کە خۆیان بە تەنیا توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ بزوتنەوە دیموکراتییەکانی وڵات نییە، بۆیە بەدوای یارمەتی دەرەکیدا گەڕان.

لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٥، سەرۆك وەزیرانی ئێران، قەوامولسەڵتەنە ڕاسپێردرا لەژێر دروشمی دیموکراسی، وتووێژ لەگەڵ هەردوو حکومەتی دیموکراتی تەورێز و مهاباد بکات. لە سەرەتاوە وتووێژ لە نێوان قەوامولسەڵتەنە و پێشەوەری دەستی پێکرد و گەیشتنە ڕێککەوتنێك کە هەر یەك لە شاندی کوردی بە سەرۆکایەتی قازی محەمەد و شاندی ئازەربایجان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی ئازەربایجان شابستەری بچن بۆ تاران. هەر دوولا گەیشتنە ڕێککەوتن کە حکومەتی تاران دان بە هەردوو کۆمارەکەدا بنێ بە مەرجێك لە چوارچێوەی ئێراندا بمێننەوە.

١ دەیلی تەلەگراف، ١٣ی نیسانی ١٩٤٦.

قەوامولسەڵتەنە لە هەوڵی بەهێزکردنی دەسەڵات دابوو، ئەو درکی بەوەکردبوو کە بەو بارودۆخەی ساڵی ١٩٤٦ هاتبووە ئاراوە، ناکرێت درێژە بە سیاسەتی کۆنەپەرستی بدرێت و دەبێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەوەی ئێراندا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا هاوکات دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئێران بە یارمەتی ئیمپریالیزمی بەریتانی و ئەمریکی خەریکی کۆکردنەوەی هێزبوو بۆ هێرشکردنە سەر کۆمارە دیموکراتییەکان. دوای ئەوەی قەوامولسەڵتەنە پێگەکەی خۆی بەهێزکرد، کۆنەپەرستان بە فەرمانی ئەو هێرشیان بۆ سەر دیموکراتخوازەکانی ئێران دەستپێکرد.

دەرکردنی نوێنەرانی حزبی (تودە) لە حکومەت و چوونە دەرەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئێران، کۆنەپەرستانی ئێرانی بەهێزتر کرد.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦، ڕۆژنامە کۆنەپەرستەکانی ئێران دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندە دژی هەردوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان و خوازیاری ئەوەبوون سوپای ئێران بچێتە نێو خاکی ئەو دوو کۆمارەوە.

لە ڕێکەوتی ٢١ی تشرینی دووەم، قەوامولسەڵتەنە تەلەگرافێکی بۆ قازی محەمەد و پێشەوەری نارد، تێیدا ئاماژەی بەوە کرد کە لەکاتی هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجومەن، "لەپێناو کارئاسانی و هەڵبژاردنی ئازاد"، لە تەواوی پارێزگاکان، لەوانە کوردستان و ئازربایجان، پێویستە سوپا و پۆلیس بنێردرێتە ناوچەکانیان[١].

بێگومان ئەم کارە بۆ ئاسانکردنی هەڵبژاردنی ئازاد نەبوو، بەڵکو بۆ دژایەتیکردنی هێزە دیموکراتییەکانی کوردستان و ئازەربایجان بوو.

پایزی ساڵی ١٩٤٦، هێزە چەکدارەکانی کۆماری دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردستان، بە فەرماندەی مستەفا بارزانی، لە سەر سنووری کۆمار نزیك شاری سەقز، لەو شوێنەی سوپای ئێرانی کۆببووە بۆ هێرشکردنە سەر کۆمار، خۆیان ئامادەکردبوو. لەو کاتەدا حکومەتی دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردستان فەرمانیدا بە گەڕانەوەی سوپای کوردی سەر سنوور لە ناوچەی سەقز، بانە، سەردەشت و چەندین شوێنێکی تر بۆ مهاباد. ئەم کارە تەنانەت بۆ فەرماندە ئێرانییەکانیش چاوەڕوان نەکراوبوو کە هەموو ڕۆژێك چاوەڕوانی ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکرد لەگەڵ سوپای کوردی و لەو بڕوایەدا نەبوون هێزە کوردییەکان بەبێ شەڕ پاشەکشێ بکەن، ئەم بڕیارەی حکومەتی کۆمار گەلی کوردستانی زەرەرمەند کرد،

---

١ وتارێکی ئەنیستیتوی ڕۆژهەڵات- مۆسکۆ، وتاری ژمارە ٧. ساڵی ١٩٥٧، ل ١٣٤.

چونکە ئەم پاشەکێشە دانیشتووانی کۆماری خستە ناو چارەنووسێکی نادیارەوە، لە بەردەم سوپا دڕندەکەی ئێران.

دوای گەڕانەوەی هێزی کوردی لە بەرەکانی شەڕ، لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٦، حکومەت دانیشتنێکی ئەنجامدا و تێیدا بابەتی بەرگریکردن تاوتوێ کرا، قازی محەمەد پێی وابوو هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەك ئەنجام بدرێت، سوودی نابێت. مستەفا بارزانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوو و گوتی بارزانییەکان ئامادەن تا دوا ساتی ژیانیان لە پێناو پاراستنی ئازادی کوردستان بجەنگن و ئاگاداری قازی محەمەدی کردەوە کە نابێت بڕوا بە ئیمپریالیست بکرێت کە دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردە.

بارزانی ڕەتیکردەوە، خۆی بداتە دەستی ئیمپریالیستەکان و پێشنیاری ئەوەی بۆ قازی محەمەد کرد لە مەهاباد بچێتە دەرەوە و لەگەڵ بارزانییەکان درێژە بە خەبات بدات، بەڵام قازی محەمەد گوێی نەدایە ئاگادارکردنەوەکەی مستەفا بارزانی و سوور بوو لەسەر بۆچوونەکەی خۆی.

لەوکاتەدا چەندین چینی کۆمەڵگای کوردی بڕوایان بە بانگەشەی کۆنەپەرستان کرد، بەوپێیەی لەنێو سەرکردایەتی حکومەت لەبارەی چارەنووسی کۆمار و چۆنیەتی بەرگریکردن لێی هاودەنگییەك نەبوو. بارزانییەکان لە مەهاباد چوونەدەرەوە و لە ناوچەکانی نەغەدە، شنۆ و مەرگەوەڕ خۆیان قایم کرد، بۆ درێژەدان بە شەڕ دژی هێزەکانی ئێران.

کۆنەپەرستانی ئێرانی بە پشتیوانی ئیمپریالیستانی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئینگلیز، هێزەکانیان ناردە سەر کۆمار و لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ تەورێزیان گرت و لە ١٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ چوونە نێو مهاباد، دوای چوونە ناوەوەی هێزەکانی تاران بۆ نێو خاکی ئازربایجان و کوردستان، ڕەفتاری دڕندانەیان دژ بەوانەی بەشداریان لە بزووتنەوەی دیموکراتیدا کردبوو ئەنجامدا و لەماوەی چەند مانگێکدا پازدە هەزار کەسیان کوشت[١].

دادگای سەربازی ئێران، بڕیاری لە سێدارەدانی هەتا مردنیان بۆ قازی محەمەد، سەیفی قازی، سەدری قازی دەرکرد، شەوی ٣١ی ئادار ساڵی ١٩٤٧ لە مەهاباد وادەی جێبەجێکردنی بڕیاری لە سێدارەدانی قازی محەمەد بوو، ئەو کاتێك پەتی سێدارەکەی بەدەستەوە گرتبوو بە جەلادەکەی گوت: "قازی محەمەد بکوژن، ئێوە بەئاواتی کوشتنی تەواوی گەلی کوردن،

١ فەریزۆڤ ئیڤان عومەروڤیچ. بزوتنەوەی ڕزگاری خۆازی گەلی کورد لە ئێران، وتارێکی ئەنیستیتوی ڕۆژهەڵات- مۆسکۆ. ژمارە ٧، سالی ١٩٥٣. ل ١٣٤.

بەڵام بەهەڵەداچوون، هەموو کوردێك قازی محەمەدێکی جەنگاوەرە، ئەوان خەبات دەکەن و تا سەرکەوتن دەجەنگن، من دڵنیام، ئەوان بەزەییان بە بکوژانی گەلی کورددا نایەتەوە".

دواتر حکومەتی ئێران، بە بڕیاری دادگا سەربازیەکان و تەنانەت بێ بڕیاریش دەستیکرد بە لە سێدارەدانی هەزاران نیشتمانپەروەری کورد و بەندیخانەکان پڕکران لە بەندکراوان.

تاکە چاپخانەی شارە کوردیەکان لەنێوبرا و تەواوی ئەو چاپەمەنییانەی بە زمانی کوردی نووسرابوون، سوتێنران.

هۆکارەکانی ڕووخانی کۆماری دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردی مهاباد، هەردوو لایەنی ناوخۆی و دەرەکی دەگرتەوە.

کۆنەپەرستانی ئێرانی سودیان لەو تەرازووی هێزە بیانیانە بینی و لە بەرژەوەندی خۆیان قۆستیانەوە.

هێزە چەکدارەکانی ئەنگلو-ئەمریکی هاوکارێکی گەورەی کۆنەپەرستانی ئێرانیان کرد، هێزە کۆنەپەرستە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ قەوامولسەڵتەنەی سەرۆك وەزیران کەوتنە مامەڵەیەکەوە کە ئێرانی زیاتر پابەندی پاراستنی بەرژەوەندی کۆنەپەرستە ناوخۆیی و دەرەکییەکان دەکرد، تا ئەو کاتەی سوپای سۆڤیەتی لەناو خاکی ئێران بوو، کۆنەپەرستانی ئێرانی و جیهانی نەیانتوانی دژی گەلانی کورد و ئازربایجان هیچ کارێك ئەنجام بدەن، بەڵام دوای ئەوەی سوپای سۆڤیەتی بەپێی پابەندبوونی بە بەڵێنەکان، ناچاربوو خاکی ئێران جێ بهێڵێ، کۆنەپەرستان ئەم هەلەیان قۆستەوە.

بە ڕوخاندنی کۆماری دیموکراتی ئازربایجان، کۆماری دیموکراتی کوردستانی ئۆتۆنۆمی کەوتە نێو بارودۆخێکی سەختەوە، بەڵام هۆکاری ناوخۆیش کاریگەری زۆریان بەسەر ڕووخانی کۆماری مەهابادەوە هەبوو کە پەیوەست بوو بە سەرکردایەتی حزبەوە، چونکە پارتی دیموکراتی کوردستان، نەیتوانی ڕۆڵی کاریگەری هەبێت لەسەر چینە فراوانەکانی جەماوەری کوردستانی ئێران، بەتایبەت لەسەر کرێکار، جووتیار و خاوەن پیشەکان، بۆیەش نەیتوانی لە هەستیارترین کاتەکاندا تەواوی چینەکانی کۆمەڵگا بۆ پارێزگاریکردن لە کۆمار ڕێکبخات. سەرباری هەموو ئەوانەش، لە نێو تووێژەکانی کۆمەڵگای کوردی کەسانێك هەبوون، دژایەتی سیستەمی دیموکراسی و پێشکەوتنیان دەکرد.

ئەم هۆکارە سەرەکیانە بوونە هۆی ڕووخاندنی کۆماری دیموکراتی ئۆتۆنۆمی کوردی لە مهاباد، ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و کۆتایی پێهینانی ڕاپەڕینی چەکداری لە کوردستانی

ئێران، گەورەترین لێدان بوو بەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد کەوت، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نەبوو کە خەبات کۆتایی پێهاتووە.

دوای ڕووخانی کۆمار، بارزانییەکان خۆیان بەدەستەوە نەدا و بەردەوام بوون لە ڕووبەڕووبوونەوە، حکومەتی ئێرانی بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان هێزێکی زۆری تازەی نارد بۆ یارمەتی سوپاکەی و هەروەها پێداویستی سەربازی زۆری نارد بۆ هەمان مەبەست، ئەوە بوو لە ئەنجامی شەڕێکی سەختدا گشت خەستەخانە و بنکە تەندروستیەکانی شارەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران پڕ بوون لە بریندار.

دوای ڕووخاندنی کۆماری مهاباد، شەڕێکی گەورە لە نێوان بارزانییەکان و سوپای ئێران لە ناوچەی نەغەدا ڕوویدا، لەم شەڕەدا دوژمنانی گەلی کورد هاوکاری سوپای ئێرانیان دەکرد لەوانە چەندین دەرەبەگی کورد، بەڵام سوپای ئێرانی نەیتوانی بچێتە نێو ئەو ناوچانەی بەدەست بارزانییەکانەوە بوون، سوپای ئێرانی تووشی زیانی گەورەبوو لەو شەڕەدا، لە بەرامبەردا بارزانییەکان زیانیان کەم بوو و تەنیا دوو کوژرا و نزیکی دە برینداریان هەبوو.

لە شەڕێکی تری بارزانییەکان لەگەڵ سوپای ئێران لە دەوروبەری شاری شنۆ، هێزی حکومەت گەمارۆدران لە شوێنێك کە پێی دەڵێن نەلۆس و بە هاوکاری ئەو تۆپانەی دەستی بەسەردا گیرابوو پێنج سەد کەس لە سوپای گەمارۆدراو کوژران و بەدیلگیران.

لە ناوچەی مەرگەوەڕ، ئەو شوێنەی هێزە سەرەکییەکانی ئێران و هێزی ئاسمانی تێدا جێگیر ببوون، شەڕێکی قورس ڕوویدا، لەو شەڕەدا هێزەکانی ئێران زیانێکی گەورەیان بەرکەوت: زیاتر لە هەزار کەس لە ئەفسەر و سەرباز کوژرا و بەدیل گیران، لەنێویاندا عەقیدێکی سوپا برینداربوو و هێزەکەی بەتەواوی لەنێوچوو، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردایەتی سوپای ئێران و بڵاوکراوەکان، ژمارەی زیانەکانیان زۆر بەکەمی بڵاودەکردەوە و هەوڵی چەواشەکردنی ڕای گشتیان دەدا[1].

ڕۆژنامەی ئیتلاعات، زیاتر لە هەموویان تۆمەتی دەدایە پاڵ هێزە کوردییە دیموکراتخوازەکان، لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕێکەوتی ٥ی نیسانی ١٩٤٧، لە هەواڵێکیدا، ڕاگەیانەندراوێکی فەرمی سەرکردایەتی دامەزراوەی گشتی سوپای ئێرانی سەبارەت بە زیانەکانی سوپای ئێران و شەڕەکانی دژ بە بارزانییەکان بەدرۆ خستەوە. ئیتلاعات، نووسی: (...ڕاگەیەنراوە فەرمییەکانی سوپا لەبارەی سەرکەوتنەکانی بەرامبەر بارزانییەکان

١ ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ٢٨ی ئاداری ١٩٤٧.

زیادەڕەوەی زۆری تێدایە، بە پێچەوانەوە، لەلایەن کوردەکانەوە زیانێکی زیاتر لە سوپا دراوە، وەك لە نووسراوە فەرمییەکاندا هاتووە، بەتایبەت کە تێیاندا هاتووە، لەلایەن کوردەکانەوە بەتالیۆنێکی تەواوی هێزەکانی حکومەت کە لە نێوانیاندا سی ئەفسەر هەبوو لەنێو براوە)[١].

بارزانییەکان بەهێزەوە بەرامبەر سوپای ئێران وەستانەوە، تەنانەت خودی سەرۆکی دامەزراوەی گشتی سوپای ئێرانی جەنەڕاڵ ڕەزم ئارا، لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئێرانییەکان دانی بەوەدانا کە "ئەوان، واتە (بارزانییەکان)، زۆر بە توندی و بە شێوەیەکی بڕواپێنەکراو بەرگری دەکەن و خۆیان نادەن بەدەستەوە"[٢]، یان بڵێ "بارزانییەکان باش شارەزای ناوەچەکەن، بە ئاسانی مانۆر ئەنجام دەدەن و بەڕێکی هێرش دەبەنەسەر بەرامبەرەکەیان"[٣].

دوای شکستەکەی سوپای ئێران بەرامبەر بارزانییەکان، حکومەتی ئێران دەستیکرد بە گفتوگۆ لەگەڵ مستەفا بارزانی. زستانی ساڵی ١٩٤٧، مستەفا بارزانی بەمەبەستی دانوستان لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە چووە تاران. ئەم هەنگاوە بە ناچاری نرا، بۆئەوەی کاتی پێویست بەدەست بهێنرێت، لە ئەنجامی دانوستانەکان قەوامولسەڵتەنە ئەم پێشنیارانەی بۆ مستەفا بارزانی کرد:

١- چەکەکانیان دابنێن و ڕادەستیان بکەن.

٢- ڕازیبن لەنزیك تاران نیشتەجێ بکرێن.

٣- ڕەزامەندیی لەسەر وەرگرتنی ڕەگەزنامەی ئێرانی[٤].

لە ڕاستیدا پلانی حکومەتی ئێرانی بریتی بوو لە، یەکەم: سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دەستگیر بکات، لە جەماوەری کوردی دابڕێت و خەڵکی لە سەرکردایەتیەکی خاوەن ئەزموون بێبەش بکات. دووەم: چەك دانان و دواتریش هەڵوەشاندنەوەی باشترین هێزی جەنگاوەرانی نیشتمانپەروەری کورد.

١ ڕۆژنامەی ئیتلاعات، ٢٨ی نیسانی ١٩٤٧.

٢ ڕۆژنامەی ئاراس، ١ی نیسانی ١٩٤٧.

٣ ڕاپۆرتی فەرماندەی گشتی سوپای ئێران جەنەراڵ ڕەزمارا، بگەڕێوە بۆ: عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٢.

٤ مەعرووف قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.

بـارودۆخی مـەفرەزەی بارزانییەکـان لە زسـتاندا لەوپـەڕی ناخۆشـی دابـوو، بۆیـە مسـتەفا بارزانی ڕەتکردنەوەی ڕاستەوخۆی پێشنیارەکانی بە باش نەدەزانی، ئەو ئاگاداری ئەوەبوو کە حکومەت بەرامبەری نیازی پـاك نییـە، بۆیـە بڕیاریـدا دانوسـتانەکان لـە بەرژەوەنـدی خـۆی بقۆزێتەوە، بۆئەوەی لە کاتی خۆیدا بگەڕێتەوە لای هێزەکەی.

دوای گەڕانەوەی بۆ لای هێزەکەی، مستەفا بارزانی تەواوی داخوازیـەکانی (قەوام)ی ڕەت کردەوە و چـالاکییە سـەربازییەکانی دەسـتپێکردەوە، بـارودۆخ بـۆ بارزانییەکـان لـەبار ببـوو، وەرزی بـەهار دەسـتی پێکردبـووەوە و هێـزەکە دەیـانتوانی باشـتر بەرامبـەر سـوپای ئێـران بجەنگێت و بەسەریاندا سەرکەوێت.

لەوکاتەدا، گرنگترین کار کە ئەنجامدرا، تێکدانی پلانی دەرەبەگە ناوخۆییەکان بوو کە دژی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کـورد دایانڕشـتبوو. دەرەبەگـەکان لـە بیـری ئەوەدابوون سەرکردایەتی نیشتمانپەروەرانی کورد لەنێوببەن و بیانخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.

گـەورەترین دەرەبەگـەکانی ئێـران، لایـەنگری شـا و دوژمنـانی ئـازادی کوردسـتان، بـە سەرپەرشتیی حوسێن ئاغای مامەش لە ئەنجومەنێکدا لە ڕێکەوتی ١٧ی شـوبات کۆبوونـەوە، مسـتەفا بـارزانی دوای ئاگـاداربوونی لـەو بابەتـە، بـۆ پوچەڵکردنـەوەی پیلانەکـەیان هێـزی بارزانییەکانی نارد.

بەیانییەکی زوو، شاری سێلوێ، ئەو شوێنەی هەڵگەڕاوەکان بۆی چووبـوون، گـەمارۆ درا و شەڕ دەستی پێکرد، لەو شوێنەی حەڤدە گەورە دەرەبەگ و کەسە نێزیکەکانیان کۆببوونـەوە، هەر حەڤدە خائین بە بەرژەوەندی گـەلی کـورد لـەنێو بـران و دارودەستەکەشـیان ڕایـانکرد. هەرچی نیشتمانپەرەران بوون زیانێکی ئەوتۆیان نەبوو، تەنیا دوو کـوژراو و سـێ برینـداریان هـەبوو، بەو لێـدانە، دەربەگـەکان بـێ دەنـگ بـوون و تـا ئەوکاتـەی بارزانییەکـان لە ئێـران چوونەدەرەوە.

بەم شێوەیە، بارزانییەکان ڕۆڵی کاریگەریان بینـی لە پارێزگـاریکردنی کۆمـاری دیمـوکراتی کوردی ئێران، چ بەرامبەر دوژمنانی ناوخۆی چ دەرەکی. لە نیوەی دووەمـی مـانگی نیسـانی ساڵی ١٩٤٧، بەهۆی کەمی پێداویستی خواردەمەنی، بارزانییەکان چوونەوە ناو خاکی عێراق.

حکومەتی عێراق کاتێك هەواڵی گەڕانەوەی بارزانییەکانی بیست، خێرا شاندێکی نارده لای مستەفا بارزانی، شاندەکە ڕایگەیاند، حکومەتی عێراق گەرەنتی ژیان و ئازادی ئەوان دەکات، بەمەرجێك چەك دابنێن و واز لە خەباتی سیاسی بهێنن.

بارزانییەکان پێشنیارەکەی حکومەتی عێراقیان ڕەتکردەوە، ئەوان بەپێی ئەزموونی ڕابـردوو دەیـانزانی کە ئیمپریـالیزم و کۆنەپەرسـتانی عێـراق هـەموو کاتێـك دژبە گـەلی کـورد لـە پلانگێڕیدان.

دوای چوونەدەرەوەی هێـزە کوردییـەکان لە ئێرانـەوە بـۆ کوردسـتانی عێـراق، فەرمانـدەی سوپای ئێـران کە دژی هێـزە کوردییـەکان لـە شـەڕدابوون، کۆتـایی هـاتنی کـاری سـەربازیان ڕاگەیاند و لە شـاری ڕەزائییـە بەبۆنـەی "تێکشـکاندنی" هێـزە کوردییـەکان ئاهـەنگیان گێـڕا، لەلایەن "شا"وە مەدالیا بەو کەسانە درا کە بەشداریان لە شەڕی سـەربازی دژی بارزانییـەکان کردبوو.

بارزانییەکان زۆر لە عێراق نەمانەوە، بارودۆخ لە عێراق بـۆ درێژەدانیـان بە خـەبات لـەبار نەبوو، هێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی لەنێوان دوو بژاردە دابوو، ملکـەچ بوونیـان بە کۆنەپەرستانی عێراق، یاخود ڕۆیشتن بەرەو سنوورەکانی یەکێتی سـۆڤیەت کە بـۆ گـەلانی چەوساوە کەنارێکی ئارامە.

مسـتەفا بـارزانی بڕیاریـدا بە هـەر شـێوەیەك بێـت بگـاتە یـەکێتی سـۆڤیەت، تـا هێـزە سـەرەکییەکانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی بـۆ خـەباتی داهـاتوو بپارێزێـت، ئەو بڕیارەش واتە بڕینی ڕێگایەکی سەخت بەنێو سنوورەکانی ئێـران و تورکیـا دا، حکومەتـەکانی سەر بە ئیمپریالیزم لەو دەوڵـەتانە، هەوڵیانـدا ڕێگـری لـە چـوونی بارزانییـەکان بـۆ یـەکێتی سۆڤیەت بکەن. تەواوی سنوورەکانی عێـراق، ئێـران و تورکیـا داخـران. بـەردەوام لەسـەر ئەو سـنوورانە مـانۆر بـەڕێوەدەچوو، بارزانییەکـان بـۆئەوەی نەکـەونە نێـو گـەمارۆ لە عێراقـەوە چوونە نێو خاکی تورکیا و لەوێشەوە چـوونە نێـو خـاکی ئێـران، ئەمـەش بـووە هـۆی ئەوەی فەرماندەیی سوپای ئێران ئۆپەراسـیۆنی سـەربازی دژی بارزانییەکـان ئـەنجام بـدەن، چـونکە گەڕانەوەی مسـتەفا بـارزانی و هێـزەکەی بـۆ جـاری دووەم، جێگـای خۆشـحاڵی ئێرانییـەکان نەبوو، فەرماندەکانی سوپا وایان لە شـا و میـدیاکان گەیانـدبوو کە بارزانییەکـان بەیـەکجاری لــەنێوبراون، هــەر بــەو بۆنەیەشــەوە یــادی ڕۆژی (ســەرکەوتن) بەســەر کــوردە نیشتمانپەروەرەکاندا دەکرایەوە.

ڕێگای جەنگاوەرانی کورد تـا بڵێـی سـەخت و دژوار بـوو، ڕۆژانە چەنـدین جـار هێرشـیان دەکرایە سەر و لەگەڵ هێزەکانی تورکیا و ئێران تووشی شەڕ دەبوون[1].

١ محەمەد تۆفیق وەردی، چوونی بارزانیانی قارەمان بۆ یەکێتی سۆڤیەت، (بەغدا - ١٩٦١)، ل ٧٨.

حکومەتی ئێران، هێزێکی زۆری چەکداری بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان نارد، لە لایەن سوپاوە، یەکەیەکی زۆری چەکدار و هێزی ژاندارمێری لە ناوچەکانی خۆی و ماکۆ جێگیرکران. سەرەڕای تەواوی ئامادەکارییەکانی سوپا، لە ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٧، جەنگاوەرە بارزانییەکان لە دووری ٢٥کم لە شاری ماکۆ دەرکەوتن، هەمان ڕۆژ پێکدادان لە نێوان کورد و سوپای ئێرانی لە ناوچەی (قزڵ داغ) ڕوویدا. شەڕ یەك ڕۆژ درێژی کێشا، لەم شەڕەدا سەد و بیست سەرباز کە چەند ئەفسەرێکیشیان لەنێودابوو، کوژران، شەستی تریش بەدیل گیران، بڕێکی زۆری ڕەشاش، تفەنگ و کەلوپەلی سەربازی کەوتە دەست بارزانییەکان. هەمان شەو، شەڕێکی تر لەسەر پردی ڕووباری ماکۆ ڕوویدا، لەوشوێنەی دەبووایە جەنگاوەرانی کورد پێیدا بپەڕنەوە بەرەو یەکێتی سۆڤیەت، ڕێگاکە بەسەر پردێکدا دەڕۆیشت کە بە تانك و زرێپۆش پارێزگاری لێدەکرا و تێپەڕبوون پێیدا مەحاڵ بوو، بۆیە جەنگاوەرەکان بە مەلەکردن بۆ ئەوبەری ڕووبار پەڕینەوە. لەو شەوەدا چەند جەنگاوەرێکی کورد کوژران و بریندار بوون، دوای  پێنج ڕۆژ و شەڕێکی قورس، بارزانییەکان بە پێنج سەد کەسەوە گەیشتنە سنووری ئێران و سۆڤیەت[1]، لەسەر ڕووباری ئاراس نزیك شاری نەخچەوان. بەم شێوەیە پەڕینەوە قارەمانییەکەی بارزانییەکان کۆتایی پێ هات.

لە ڕێکەوتی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧، جەنگاوەرانی کورد، بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی گەیشتنە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت و بەشەکەی تری جەنگاوەران بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد گەڕانەوە عێراق و خۆیان ڕادەستی حکومەت کردەوە، درۆکانی نێردراوی حکومەت، هەر یەکە لە موقەدەم عزەت عەبدولعەزیز، نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب خەیروڵا عەبدولکەریم، نەقیب محەمەد قودسی هەڵخەڵەتاند.

ئەوان خۆیان ڕادەستی دەسەڵات کردەوە و پشتیان بە شەرەفی حکومەت و وەسی بەست و بڕوایان بە بەڵێنەکانیان کرد، بەڵام جارێکیتر حکومەتی عێراق وەفاداری خۆی بۆ سیاسەتە بنەڕەتییەکەی نیشاندا و پشتی لە بەڵێنەکانی کرد، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧ لە بەغدا، ئەو نیشتمانپەروەرانەی خۆیان بەدەستەوە دابوو لە سێدارەدران.

لەکاتی پەت لە مل کردنیان، قارەمانانی کورد بە هاوارەوە، داوایان دەکرد شۆڕش بکەن و هوتافیان بەسەر نیشتماندا دەگوت و مردنیان بۆ ئیمپریالیزم دەچڕی.

ئەم وشانە، بوونە ئیلهام بەخشی نەتەوەپەرستانی کورد و نەفرەتی پیرۆزی دژە داگیرکەری لە ناخیاندا بە ئاگا هێنایەوە.

---

١ هەمان سەرچاوە، ل ٧٨.

قارەمانی گەل، عزەت عەبدولعەزیز گوتی:

خوێنی من و خوێنی جەنگاوەرانی گەلەکەم داری ئازادی پێ ئاوەدەدرێ و دڵنیام هەر بەردەگرێ، سەربەرزم بەوەی بە شەرەفەوە لەپێناو گەلەکەم دەمرم، مردن بۆ ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوان! بژی گەلی کورد! بژی کوردستان.

قارەمانی گەل، خەیروڵا عەبدولکەریم گوتی:

جەلادەکان! ئێوە دەتوانن من و دەیانی وەك من بکوژن، بەڵام ناتوانن دوانزدە ملیۆن کورد بکوژن. دایکم عەرەب بوو و باوکم کورد، من شیرەخۆر بووم کاتێك ئەو مرد، لەگەڵ هاونیشتمانییەکانم لە پێناو ڕزگاری کورد جەنگاوم، دەمەوێت شایستەی خۆشەویستی گەلەکەم بم، دەمەوێت کوڕەکەم بە شانازییەوە یادم بکاتەوە، بژی کوردستان، مردن بۆ دوژمنان!.

قارەمانی گەل، مستەفا خۆشناو گوتی:

جەلادەکان! من لە داری سێدارە ناترسم، ئەوە تا ئاستی قارەمانانی کوردستان بەرزم دەکاتەوە، بە خاوەنەکانتان بڵێن گەلەکەم دەتوانێ ئامانجەکانی بپێکێ، من گیانی خۆم بەخشی بە گەل، سێ منداڵم لێ بەجێ ماون، ئەوان گەورە دەبن و دەزانن کە لەپێناو نیشتماندا مردم، من دەمەوێ بۆ ئەوان ببمە نموونە، بژی گەلی کورد! بژی کوردستان!.

قارەمانی گەل و مینبەری شۆڕش، مەحمود محەمەد گوتی:

من گەورە بووم بۆ خۆشەویستنی نیشتمان و ڕاهاتن لەسەر بەخشینی هەرچی هەمە لەپێناو گەلەکەمدا و بە شەرەفەوە ئەرکی خۆم بەجێگەیاند، ئەم پەتە مردنێکی بەختەوەرانە بە من دەبەخشێ، مردنێك لەپێناو کارێك بۆ گەلی کورد. ئەوە من لە دڵی گەلەکەم و جەنگاوەرەکانمان دەهێڵێتەوە، بژی گەلی کورد! بژی کوردستان.

قارەمانەکان وەسیەتنامەیەکیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت کە لەلایەن محەمەد قودسییەوە نووسرابوو و هەمووشیان واژوویان لەسەر کردبوو، ئەم وەسیەتنامەیە چواردە کاتژمێر بەر لە جێبەجێکردنی فەرمانی لە سێدارەدانیان نووسراوە و ئەمەش دەقەکەیەتی:

بەغداد

١٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧

مردن لە پێناو نیشتمان- ئێمە:

عزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵا عەبدولکەریم، محەمەد قودسی.

دەزانین کاتژمێری جێبەجێکردنی بڕیارەکە نزیکە، بۆیە ڕوو دەکەینە براکانمان، کوڕەکانمان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

برایان! ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسین، تەنیا چواردە کاتژمێر لە ژیانمان لەسەر ئەم جیهانە پڕ لە کۆیلایەتی و باڵادەستی ئیمپریالیستیدا ماوە.

دواتر ئێرە بەرەو جیهانی ئازادی جێدەهێڵین، ڕۆحی ئێمە لەگەڵ ڕۆحی ئەو قارەمانانە یەکدەگرێتەوە کە لە پێناو نیشتماندا بەخشراون.

برایان! ئێمە بە ڕاستی شادمانین بەوەی کە نەلەرزیوین، ئەرکی نەتەوەیی خۆمان بەجێهێناوە، تاکە ڕاسپاردەی ئێمە ئەوەیە با گیانی لەخۆبوردوویی ببێتە عادەتێکی نیشتمانپەروەران و لاوانی کورد و یەکێتی ئامانجەکانیان لە خەباتدا لەپێناو شکاندنی کۆت و بەندی کۆیلایەتی و ئیمپریالیزم و ڕزگارکردنی گشتی بێت، تا یەکبوونی تەواوی گەلانی بەکۆیلەکراو و چەوساوە.

برایان! بجەنگن دژ بە خوێنمژان، بوێرانە خەبات بکەن بەبێ پشوودان، هەرگیز خۆتان نەدەن بەدەستەوە، ئێمە بووینە قوربانی خەباتی گەلەکەمان لە ساڵی ١٩٤٧، هەڵوێستی براینمان بە شەرەفەوە بەردەوام دەبێت لە خەبات و بە هاوکاری هەمووان سەردەکەوین و گەل سەرفراز دەبێت.

برایان! ئێمە کە کەوتوینەتە دەست دوژمن و هەڵدەواسرێین، نەك لەبەرئەوەی کەمتەرخەم بووین لە خەبات، بەڵکو تا کۆتایی وەك سەربازێکی ئازا و بە جەرگ ماینەوە و هەموو توانایەکمان خستەگەڕ بۆی.

بۆ یەکێتی!

بۆ ئازادی!

سڵاو لە گەلی کوردا!

سڵاو لە کوردستان![1].

---

١ مەعرووف قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١؛ عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٨.

ئەوانە قارەمانانێك بوون کە لە پێناو ڕزگارکردنی گەلەکەیان لە ژێردەستەیی، کۆیلایەتی ئیمپریالیزم و دەرەبەگە فیۆدالەکان بوونە قوربانی، ئەوانە لەو هەزاران هەزار قارەمانانەبوون کە شان بە شانی قارمانانی نەتەوەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نزیك، دژی ئیمپریالیستی ئەنگلۆ-ئەمریکی و خزمەتکارەکانیان جەنگان و بوونە قوربانی. ئەم قارەمانانە لە ڕیزەکانی پارتە کۆمۆنیست و دیموکراتییەکانی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، لە پێناو بەرژەوەندییەکانی توێژێکی فراوانی کورد و گەلانی تری ناوچەکە کە لە ژێردەستەیی و چەوسانەوەی ئیمپریالیست و دەرەبەگەکانی دابوون، جەنگاون، ئەم وڵاتانە بە لە سێدارەدانی چوار قارەمانی کورد، تەنیا مرۆڤیان کوشتووە نەك بیری سەربەخۆیی گەلی کورد.

جووڵانەوەی ناڕەزایەتی بۆ سەرکۆنەکردنی کوشتنی ئەفسەرە کوردەکان، بە ئەنجامدانی خۆپێشاندان دەستی پێکرد، خۆپێشاندانەکان شارەکانی سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، کۆیسنجق و ئامێدی گرتەوە و ڕووداوەکە تووڕەیی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای زیاتر کرد.

ئەو بارزانییانەی گەڕابوونەوە عێراق لە ناخۆشترین بارودۆخدا دەژیان، بەخێرایی بڕیاری لەنێوبردنی بەکۆمەڵیان بۆ دەرکرا، لە کەشوهەوایەکی هێستریایی و ڕق و کیناویدا زۆر کەس بڕیاری مردنی غیابیان بەسەردا درا، هەموو ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٣ بۆ ٦٠ساڵیدا بوو خرانە بەندیخانەوە، ژوورە تاریکەکانی گرتووخانەکان جێگای هەموو گیراوەکانیی تێدا نەدەبووەوە، بۆیە بەخێرایی ژووری تازە دروستکران.

دەسەڵاتەکانی عێراق، بەتایبەتی پۆلیس، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە ڕەفتاریان لەگەڵ خێزانە بارزانییەکان دەکرد، ژن، منداڵ و بەساڵاچووانی بارزانی لە سەربازگە زۆرە ملێیەکان بەندکرابوون، بە هەزاران لەو خەڵکانە بەهۆی خراپی بارودۆخیان و کەمی خواردن گیانیان لەدەستدا، ڕۆژانە یەك جار ئاویان پێدەدرا، لەکاتێکدا کە پلەی گەرما تا چل پلەی سەدی بەرزدەبووەوە.

بەندکراوەکان خواردنی تەواویان پێ نەدەدرا، ئەوان سکاڵایان هەبوو لەوەی سەبووس (جیر)یان لەگەڵ ئارد بۆ تێکەڵ دەکرێت، ئەو خەڵکانە لەنێو ئەو خێوەتانە نیشتەجێکرابوون کە هەرگیز ئەوانی لە ساردی و گەرمی نەدەپاراست.

موڵك و ماڵی بارزانییەکان هەمووی دەستی بەسەردا گیرا و ڕێگریان لێکرا لە ناوچەی بارزان نیشتەجێ ببنەوە.

لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، کوردە پێشکەوتنخوازەکان، یان لە سێدارەدران، یان بەندکران، یاخود بۆ ناوچە وشکەکانی باشووری وڵات کە کەشوهەوایەکی نا تەندروستی هەبوو، دوورخرانەوە.

هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٧ زۆرن کە بەشێکیان سەرەکی و بەشێکیش لاوەکین، لە خوارەوە تیشك دەخەینە سەر بەشێکیان:

زۆرجار گەلی کورد ناچار دەبوو دەستبداتە چەك، لە کاتێکدا لەو وڵاتە بارودۆخ لەبار نەبوو و گەل خۆیشی ئامادەیی بەرپاکردنی شۆڕشی نەبوو، کاتێك لە ناوچەکان ڕاپەڕین دەستی پێ دەکرد، ناوچەکانی تر پشتگیریان لێ نەدەکرد، ئەمە یارمەتی دوژمنی داوە تا تەواوی هێزکانی تەرخان بکات بۆ لێدانی ناوچە ڕاپەڕیوەکە و لە ناوچەیەکی دیاریکراو گەمارۆیان بدات. کاتێك لە شوێنێك شۆڕش کپ دەکرایەوە، ئەوکات لە شوێنێکی تر شۆڕش دەستی پێدەکرا، هۆکارەکەشی یەکگرتوو نەبوونی بزووتنەوە کوردییەکان بوو و جگەلەوەی لە لایەن کەسێکیشەوە سەرکردایەتی نەدەکرا. هەر ئەوەش بووە کە لە کات و شوێنی جیاواز چەخماخەی خەبات لێدەدرا و یەك لەدوای یەك ئەو بزووتنەوانە تێکدەشکان و سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا.

هەروەها دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بزووتنەوەی کوردی، تەنیا لەلایەن چینە باڵاکانی کۆمەڵگای کوردی سەرکردایەتی دەکرا، جووتیاران کە بەشداریان لەو خەباتەدا دەکرد، زۆربەیان نەیان دەزانی ئامانج و ئەرکەکانی ئەو بزووتنەوەیە چین، ئەو خەباتە دروشمێکی نەبوو گوزارشت لە بەرژەوەندییە ئابوورییە ڕاستەخۆکان بکات و باس لە چاکسازی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویست بکات، ڕاپەڕینەکان تەنیا چەند ئامانجێکی سیاسی دیاریکراویان هەبووە و بەرنامەی چاکسازیی کۆمەڵایەتی چڕیان نەبوو کە تێیدا ئاماژە بە پێداویستییە پێویست و لەپێشینەکانی جەماوەری گەل بکات.

نەبوونی پارتێکی پێشڕەوی خاوەن ئەزموون بۆ سەرکردایەتیکردن کە لە توانایدابێت تەواوی هێزەکانی گەلی یەك بخات و پێشەنگیان بکات بۆ خەبات دژ بە ئیمپریالیزم و داگیرکەران.

بوونی دەرەبەگ، موڵکدار و شێخەکان کە وەك خائین دەستیان دەکرد بە پیلانگێڕان لەگەڵ دوژمنان، سەرباری فرتوفێڵ، پروپاگەندەی ناڕاست و یاریی کردنیان بە هەستی

ئاینپـەروەران، ئەمـەش ئاسـەوارێکی وای بـەجێ هێشـت کە بەشـێکی گـەلی کـورد بـۆ لای دوژمنان بچن و هەستیان بەلای دوژمناندا ڕابکێشن.

ئەنجامدانی شەڕی نابەرامبەر، ئیمپریالیسـت و داگیرکـەران ژمـارەی شـەڕکەر و تـەکنیکی سەربازیان زیاتر و پێشکەوتووتر بـوو لە هـی شۆڕشـگێڕان، شۆڕشـگێڕان چـەکێکی ئـەوتۆیان لەبەردەست نەبوو، ئەگەر چەکیشیان هەبووبێ، کۆن بوو، لەکاتێکدا هێزەکانی دوژمـن سـەد ئەوەندەی شۆڕشگێڕان چەکیان لەبەردەست بوو و لەنێویشیدا چەکی قورس.

سیســـتەمی دەرەبەگـــایەتی و ئـــابووری لە (پیشەســـازی کشـــتوکاڵی و پەیوەنـــدییە بازرگانییەکان)، کلتوری و کۆمەڵایەتی و دوواکـەوتووی کوردسـتان، بـووە هـۆی یەکنـەگرتنی هێزەکان و دابینکردنی چەك و پارە بۆ دوژمن و ڕێگا خۆشکردن بۆیان، تا سیاسەتی (پـەرتکە و زاڵبە) پیادەبکەن و هانی ناکۆکی نێوان هۆزەکان بدەن.

هێزە نوێیەکانی نێو کۆمەڵگا، لە ڕۆشنبیر و بۆرجوازە نەتەوەییەکان، لە هەموو ڕوویەکەوە لاوازبوون و توانای پشتگیری شۆڕشیان نەبوو، ئـەوە لەکاتێکـدا ڕۆشـنبیرانیش ژمارەیـان کـەم بوو.

هێزەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەی کورد لە یەکتری ترازابوون، ئەمە لەکاتێکدا کە دوژمن توانیبووی بۆ شەڕکردن لەگەڵیـان هێـز و پێویسـتییەکان (لە ڕووی سـیاسی و مەیـدانی شەڕ) یەکبخات.

پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوەی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی دیموکراتی عـەرەب وەک پێویســـت نەبـــوو، بەکەم زانینـــی ئاشـــکرای ئەم پێوەنـــدیی و کـــاری هاوبەشـــە، هێـــزە پێشکەوتنخوازەکانی لەیەکتری دوورخستبووەوە.

تەواوی ئەو هۆکـارانەی لە سـەرەوە باسـمان لێـوەکرد، لەبـاری شکسـتهێنانی بـزووتنەوە چەکدارییە کوردییەکان، بە درێژایی شەڕەکان و لە ساڵی یەکەمی شەڕ لە کوردستانی عێراقـدا بـووە هـۆی لاوازبـوونی کـاتی بـزووتنەوە ئازادیبەخشـەکانی گەلی کـورد، لەگەڵ ئەوەشـدا بە هەڵسەنگاندنی مێژوونووسە هاوچەرخەکان بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کـورد لە نێـوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٦ بە بەرزی نرخێندراون، بۆ نمـوونە مێژوونووسـی عـەرەب شـاکر حەسـباك دەنووسێت: "شۆڕشی بارزانییەکانی ساڵی ١٩٤٥ گرنگترین شۆڕشی کوردی بووە"[١].

١ شاکر خەسباك، ل ٣٩، بگەڕێوە بۆ: تێزی دکتۆرای ك. کاووس، سەرچاوەی پێشوو ل ١٤٦.

مێژوو نووسی کورد هەمزە عەبدوڵا دەڵێت: "بزووتنەوەی بارزانی ساڵی ١٩٤٥، گوزارشتی لە ئامانجەکانی تەواوی گەلی کورد کردووە، یەکەم جار بوو ئامانجەکان لە چوارچێوەی داخوازییەکانی یەك هۆز بچێتە دەرەوە، دەتوانین بڵێین، ڕاپەڕینی بارزانی ساڵی ١٩٤٥، بەپلەی یەکەم دێت لەنێوان ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست"[١].

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەرز نرخێنراوە، ئەوەتا لە یەك لە بڵاوکراوەکانیدا هاتووە ((پارتەکەمان هەمیشە پشتیوانی لە هەموو جۆرە بزووتنەوەیەکی پێشکەوتوو لە کوردستانی عێراق و پارچەکانی تری کوردستان کردووە، هەر بۆیە ئێمەش پشتیوانی لە بزووتنەوەی بارزانی ساڵی ١٩٤٥ و کۆماری مهابادی ساڵی ١٩٤٦ دەکەین))[٢].

بزووتنەوەی بارزان بە ڕووداوێکی گەورە لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی دادەنرێ، نەك تەنیا بۆ کورد، بەڵکو بۆ تەواوی گەلی عێراق. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لەو قۆناغەدا ئەنجامی باشی نەبوو، بەڵام جوامێری گەلی کوردی سەلماند. ئەو شکستانەی لەم لاو لەو لا تووشیانهات، نەبووە هۆی لەدەستدانی ورەیان و کوردستان هەر بە بەرزی و خۆڕاگریەوە لە ژیان بەردەوامبوو.

١ هەمزە عەبدوڵا، ل ٤٥.
٢ بەڵگەنامەی حیزبی شیوعی عیراقی، سالی ١٩٥٨.

## ٣- پارتە دیموکراتییە کوردستانییەکان و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە عێراق لە کات و دوای جەنگی دووەمی جیهانی

دوای سەرکوتکردنی بزووتنەوەی دیموکراتی و ڕزگاریخوازی نەتـەوەیی لە عێـراق، ئێـران، تورکیا و سوریا، گەلی کورد خۆی نەدا بەدەستەوە و کۆتاییـان بە خـەبات دژی ئیمپریـالیزمی ئەنگلۆ-ئەمریکی و لایەنگر و نۆکەرانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست نەهێنا.

گەلی کوردی ئازادیخواز، بەردەوام بوو لە خەبات دژبە کۆنەپەرستانی ناوخۆیی و دەرەکی کە هەردەم لە هەوڵی لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورددا بوون، لە سەرەتای جـەنگی دووەمـی جیهـانی لە تەواوی پارچـەکانی کوردسـتان ڕاپـەڕینی چەکـداری دەستی پێکرد، هەر لەو ماوەیەدا لە عێراق و ئێران چەنـدین پـارت و ڕێکخـراوی دیمـوکراتی پێشکەوتووخواز پێکهێـنران کە چالاکـانە بەشـداریان لە بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەی کورد دەکرد. لەم قۆناغەدا گەلی کـورد و ڕێکخـراوە ڕامیـاری و کۆمەڵایەتییـەکانی، دەسـتیان کــرد بە خــەبات و چالاکییــەکانی پــارت و ڕێکخــراوە کوردییــەکان بەشــێوەیەکی بــەرچاو بووژانـەوە، پـارت و گرووپـی نـوێ پەیـدابوون کە بەشـێکی زۆری لاوی پێشـکەوتووی کـورد دەسـتیان لە دامەزراندنیانـدا هەبـوو، لە نێـوان کەسـایەتییەکانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گەلی کورد، نوێنەرانی کرێکار و جووتیارانیش بەدەرکەوتن.

لەو قۆناغەدا، بەخێرایی چاپەمەنییە دیموکراتییە کوردییەکان گەشـەیان سـەند، لەوانـە: لە بەغـدا گۆڤـاری (گـەلاوێژ) و (دیـاری لاوان)، لە سلێمانی گۆڤـاری (ژیـن)، لە ڕوانـدز (زاری کرمانجی) و ئەو چاپەمەنیانەشی کە زۆر بەفراوانی بەکاردەهێنران بریتی بـووون لـە: گۆڤـاری (نیشتمان)، (دەنگـی کوردسـتان)، (یەکێـتی تێکۆشـین)، ڕۆژنامـەی (کوردسـتان) و چەنـدین چاپەمەنی تر.

پــارتە سیاســیە کوردییــەکان و ڕێکخــراوە کوردییــەکان ســیمایەکی دیمــوکراتی پێشـکەوتنخوازانەیان هـەبوو، ئەوان دروشـمی خـەبات دژبە فاشـیزمیان بـەرز کردبـووەوە و لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییـەکانیان، خـەباتیان دەکـرد. هەنـدێککجار لەنێـوان پـارت و ڕێکخـراوە کوردییـەکان دووبـەرەکی سـەری هەڵـدەدا، بەشـێکی کۆمـەڵی کـوردی سـەرقاڵی تاوتوێکردنی ئامانجەکانی داهـاتوو و ئەرکـەکانی خـەباتی گـەلی کـورد بـوون، ڕاسـتڕەوەکان هەوڵیان دەدا بۆ گەیشـتن بە ئامانجـەکانیان، سـوود لە بـارودۆخ وەربگـرن و هەڵوێسـتە دژە ئیمپریالیسـتییەکەیان سـەرقاڵی کردبـوون، لەهـەمان کاتـدا، ئەوان دروشـمی دیماگـۆجی

دامەزراندنی (کوردستانێکی سەربەخۆ)یان بەرزکردبووەوە، بەڵام هێـزە چەپـەکان هەوڵیانـدا ڕێگای ڕاست بدۆزنـەوە بـۆ چارەسـەرکردنی پـرسی کـورد و هـەوڵی دامەزرانـدنی بەرەیـەکی فراوانـی گشـت هێـزە دیموکراتییەکـانی گـەلی کوردیـان دەدا بـۆ خـەباتکردن لەپێنـاو مـافە نەتەوەییەکانی ئەم گەلە.

لە بەغدا کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی بە سەرۆکایەتی گەورە پسپۆری مێژووی گـەلی کـورد پرۆفیسۆر ئەمین زەکی دامەزرا و گۆڤاری (دیاری لاوان) دەرکرا، ساڵی ١٩٣٥ کەسایەتی کورد ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سوجادی گۆڤاری (گـەلاوێژ) واتە (ئەسـتێرەی بەرەبـەیان)یان دەرکرد، ئەم گۆڤارە سەرنجی گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردییان بەلای خۆدا ڕاکێشا. ئەو گۆڤارە خەریکی بەدواداچوونی هەڵوێستی دژە فاشیستەکان بوو و پشـتیوانی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد، چەندین وتار و بابەتی سەبارەت بە ژیـانی یـەکێتی سۆڤیەت و خەباتی ئەو وڵاتە دژ بە فاشیستە دەستدرێژکارەکان تێدا بڵاوکرابـووەوە. گۆڤـاری (گەلاوێژ) بە هەڵوێستێکی زۆر دۆستانە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە یەکێتی سـۆڤیەت دەردەبڕی و بە ئەرێنی هەڵیدەسەنگاند و باسی تەواوی ڕاستیەکانی سۆڤیەتی دەکرد.

کورد بە بایەخەوە سەیری یەکێتی سۆڤیەتییان دەکرد و سۆزیان بۆی هەبوو، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەکی ناوخۆییەوە زانیاری ڕاستەقینەیان لەبارەی وڵاتی سـۆڤیەت و سـەرکەوتنەکانی سـوپای سـۆڤیەت دەسـتنەدەکەوت، زانیارییەکـان بە زۆری لـە سـەرچاوەکانی ئینگلیـزەوە وەردەگیران کە پڕ بوو لە پروپاگەندەی ئینگلیز و بـەکرێگیراوانی ئێرانـی لەبـارەی سـۆڤیەت، بەڵام دواتر، لە بـارەی وڵاتـی سـۆڤیەت و خـەباتی پاڵەوانانـەی سـوپای سـۆڤیەت لە سـاڵانی جـــەنگی دووەمـــی جیهـــانی لە ســـایەی چالاکییـــەکانی ڕێکخـــراوە کۆمەڵایـــەتییە پێشـکەوتنخوازەکانی کـوردەوە، لە پـێش هەمووشـیانەوە گۆڤـاری (گـەلاوێژ)، زانیارییەکـان دەگەیشـتە دەسـت گـەلی کـورد و ڕۆڵـی کاریگـەری هـەبوو لە گەشەسـەندن و گـۆڕانی خەسڵەتی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کـورد لە سـاڵانی جـەنگی دووەمـی جیهانیدا.

لە ئاکامی ئەو بۆچـوونە پێشـکەوتنخوازانەی گۆڤارەکـە، کەسـایەتییە پێشـکەوتنخوازەکانی کۆمەڵی کوردی لە دەوری کۆبوونەوە و هاوکاریان دەکرد، لەوانە: پرۆفیسـۆر تۆفیـق وەهبـی کە گەورەترین نووسەری ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتی و پسـپۆری بـواری ئـەدەبیاتی کـوردی بـوو، لەگەڵ چەنـدین ڕۆشـنبیری پێشـکەوتنخوازی کـوردی دیـکە. گۆڤـاری (گـەلاوێژ) ناوبـانگی

بەشـێوەیەكی فـراوان بڵاوبـووەوە و ڕۆڵێكـی گـەورەی بینـی لە نەهێشـتنی بڵاوبوونـەوەی كاریگەری ئەڵمانیای فاشی لەسەر كوردستانی عێراق[1].

گۆڤاری (گەلاوێژ) یارمەتی پێكهێنانی پارتی دیمـوكراتی گشـتی كـوردی دا، سـاڵی ١٩٣٨ لە بەغدا بە شێوەیەكی نهێنی پارتی (هیوا) دامەزرا كە خەباتی كوردی دژبە فاشیزم زۆر فـراوان كرد، لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێكی كـوردی. سـەركردایەتی ئـەم پارتە لەمانە پێكهـاتبوو: عـزەت عەبدولعـەزیز، مسـتەفا خۆشـناو، میرحـاج ئەحـمەد، نـووری شاوەیس، ڕەفیق حلمی، خەیروڵا عەبدولكەریم، سـاڵح یوسـفی، محەمـەد مـەحمود و چەنـد كەسێكی تـر. بە شـێوەیەكی گشـتی لە دەوری پـارتی (هیـوا)، پـارێزەرە پێشـكەوتنخوازەكان، قوتابیان، كارمەندانی سەربازی، مامۆستا، پزیشك و... هتد كۆببوونەوە.

پارتی (هیوا)، بە فراوانی كەوتە كاری بانگەشە و وشیاركردنەوە لە نێـو جـەماوەری فراوانـی دانیشتووانی كوردستان. ئەم پارتە ئامانجە ڕاستەقینەكەی ئیمپریـالیزمی ئینگلیـزی سـەبارەت بەگەلی كورد بەدەرخسـت و بـانگی گـەلی كـوردی دەكـرد بـۆ ڕاپـەڕین. سـاڵی ١٩٤٢ پـارتی (هیـوا) لە ڕێگـای نوێنـەرەكانی خۆیـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ كەسـاتییەكانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی لە كوردسـتانی ئێـران دروسـتكرد، ئـەمە زەمینەخۆشـكەر بـوو بـۆ دروستكردنی پارتێكی گشتی گەل.

دەسـەڵات و كاریگـەری پـارتی (هیـوا) لە عێـراق سـاڵ لە دوای سـاڵ گەشـەی دەكـرد، لە قۆنـاغی سـەرەتای ڕاپـەڕینی چەكـداری سـاڵی ١٩٤٣ لە بـارزان، پـارتی (هیـوا) پارێزگـاری لە ئامانجەكانی ڕاپەڕین و بەرژەوەندییەكانی گەلی كورد كـرد، لـەگەڵ ڕوونكردنـەوەی ئامـانجە ڕاستەقینەكانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كورد، (هیوا) ڕوو لەگەلی عێراق دەكـات و داوای پشتگیریكردن دەكات لە ڕەوایی داخوازییـەكانی گـەلی كـورد و خسـتنەڕووی پـلانە گڵاوەكانی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لە كوردستانی عێراق[2].

سـاڵی ١٩٤٣، پـارتی (هیـوا)، پـارتێكی سیاسـی بەهێـز و ڕێكخراوەیـی بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو كە جیاوازییەكی بەرچاوی لەگەڵ حـزبە كوردییەكـانی پێشـەخۆی هەبوو، بەڵام لەو ماوەیەدا خائینانی گەلی كورد خۆیان خزاندە نێو ڕیزەكـانی ئەو پارتـەوە و هەوڵی لادانی ئەو پارتـەیان دەدا لە ڕێگـا ڕاسـتەكەی خـۆی، لەوانەو لە پـێش هەموویانـەوە ماجـد مسـتەفا، وەزیـری وەزارەت لە كابینەكـەی نـوری سـەعید كە نوێنـەری بۆرجـوازیە

١ عەلائەددین سجادی، سەرچاوەی پێشوو.
٢ مەعرووف قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٠-٣٣.

کۆنەپەرستەکان بوو و لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٤٣ لەلایەن حکومەتەوە وەك وەزیر بەتایبەتی دەستنیشان کرابوو بۆ خەڵەتاندنی جەماوەری گەلی کورد، ماجد مستەفا توانای ئەوەی هەبوو ببێتە جێگای متمانەی کەسایەتیی و سەرکردەکانی پارتی (هیوا) و لە ڕیزەکانیدا وەك ئەندام وەرگیرا، بۆئەوەی ڕێگا لە جووڵانەوەی ڕاستی پارتی بگرێت و بە ڕێگای هەڵەیاندا ببات.

لە ئەنجامی کارەکانی ئەم جۆرە خائینانە، ساڵی ١٩٤٤، لەنێو پارتی (هیوا) دژایەتی و ململانێ لە نێوان ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان هاتە ئاراوە، ئەوەبوو لەسەر بابەتی سیاسەتی دەرەوەی پارتەکە، لەبارەی پلانی تاکتیکی و ڕێکخراوەیی لە سەردەمی ڕاپەڕینی چەکداری لە ناوچەی بارزان، بۆچوونی جیاواز لە ناو پارت سەریهەڵدا، دواتر ئەو ململانێیە بوو بە شەڕێکی ئاشکرا. لە هەڵگیرسانی ناکۆکییەکانی ناو پارت، ئینگلیزەکان ڕۆڵی کارگەریان بینی، چونکە ئەم پارتە بۆ ئەوان جێگای دڵەڕاوکێ بوو، کاتێک دەیانبینی دەسەڵاتی ئەو پارتە لە کوردستان بەهێز دەبێت و پلان و بۆچوونی چەپڕەوەکان سەردەکەوێ، بەمەش لە کوردستان زیانی گەورە بەر ئەوان دەکەوێ، لەبەرئەوە تەواوی تواناکانیان خستەگەڕ، بۆئەوەی کێشەکەی ناو پارتەکە گەورە بکەن و دووبەرەکی و ناکۆکی نێوان ڕاستڕەو و چەپڕەوەکان توندوتیژتر بکەن و هەوڵیاندا چەپڕەوەکان نەهێڵن[1].

ململانێ لەناو پارتی (هیوا) لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە بوو:

١- کورد دەبێت پشت بەکێ ببەستێ لە خەبات لە پێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی، یەکێتی سۆڤیەت یان ئینگلیز؟

٢- دەکرێت پارتی (هیوا) پشتگیری لە ڕاپەڕینی کوردی بارزان بکات، یان بەبێ لایەن بمێنێتەوە؟

ڕاستڕەوەکان بە سەرۆکایەتی (ڕەفیق حلمی) داوای بێلایەنیان دەکرد سەبارەت بە ڕاپەڕین و دەیانخواست پشت بە ئینگلیز ببەسترێ، چەپڕەوەکانیش داوای پشتگیریکردن و بەشداریکردنی چالاکانەیان لە ڕاپەڕین دەکرد، داواشیان دەکرد پشت بە یەکێتی سۆڤیەت ببەسترێ[2]. لەژێر گوشاری هێزە چەپڕەوەکاندا، ڕاستڕەوەکان ناچاربوون مل دابنێن بۆ هاریکاریی مەتێریالی ڕاپەڕین، بەڵام ململانێکە لەنێو نەچووبوو.

١ مەعرووف قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل ل ٣٤-٣٥.
٢ عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٢.

ساڵی ١٩٤٤، لە شاری کەرکووک، کۆنفرانسی گشتی پارتی بەسترا، لەو کۆنفرانسەدا دوو بابەتی گرنگ تاوتوێ کران کە ئەمانەبوون:

١- ئاراستەی سیاسەتی دەرەوەی پارتی.

٢- پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی چەکداری ناوچەی بارزان، چەپڕەوەکان ئاماژەیان بۆ خراپی سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەکرد، ئەوان ڕایانگەیاند ئینگلیزەکان هەوڵی ئەوە دەدەن بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بۆ مەبەستی خۆیان بەکار بێهێنن و نایانەوێ مافە ڕەواکانی ئەو گەلە مەیسەربکەن و نێگەتیڤانە ڕەفتار گەڵ ئەو مافانە دەکەن.

چەپڕەوەکان داوایان دەکرد، چالاکانە خەبات بکەن دژبە کاریگەری ئینگلیز لەسەر پارتی و لەناو گەلی کورد، ئەوان داواکاری ئەوەبوون پەیوەندی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت ببەسترێ، بەو پێیەی تەنیا یەکێتی سۆڤیەت گرنگی بەو جەنگاوەرانە دەدات کە خەبات دەکەن لەپێناو ئازادی و سەربەخۆیی گەلانی چەوساوەی جیهان.

لەکاتی تاوتوێکردنی بابەتی دووەم، چەپڕەوەکان داوایان کرد، نەك تەنیا پارتەکە، بەڵکو داوا بکرێ گشت جیهان یارمەتی ڕاپەڕین بدات، تەنانەت هیوایان دەخواست ڕێگا بۆ فراوانکردنی ڕاپەڕین خۆش بکرێت، چەپڕەوەکان ڕایانگەیاند پێویستە پارت پاك بکرێتەوە لە ڕاستڕەوەکان و ڕەگەزە ناسەقامگیرەکان.

لە کۆنفرانسی پارت و لە ئاکامی ململانێیەکی توندوتیژ، فراکسیۆنی ڕاستڕەو بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حلمی کە لە جەوهەری ئامانجە گڵاوەکانی ئیمپریالیستە ئینگلیزەکان لە پەیوەندیان لەگەڵ گەلی کورد تێنەگەیشتبوون و خوازیاری سەربەخۆیی کوردستان بوون بەدەستی ئینگلیزەکان، لە پارتی جیابوونەوە. ڕاستڕەوەکان نەیاندەزانی کە ئیمپریالیست هیچ کاتێك لە خۆڕا ئازادی ناداتە گەلانی چەوساوە، لە ئەنجامی ئەم لێکترازانەی هێزەکانی چەپڕەو و ڕاستڕەو لە پارتی (هیوا)، چەپڕەوەکان ئەمجارە لەژێر ناوی پارتی (ڕزگاری) بەنهێنی خۆیان ڕێکخست.

**پارتی "ڕزگاری"**

دامەزراندنی پارتی (ڕزگای) بە دەستکەوتێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دادەنرێت و لە ڕیزەکانی ئەم پارتەدا ئەفسەرە کوردەکان، پۆلیس، ڕۆشنبیر، کرێکار و جووتیار هەموو یەکیان گرت. ڕۆژنامەی (ڕزگاری) زمانحاڵی ئەم پارتە بوو.

دروشمی سەرەکی پارتی ڕزگاری، خەباتکردن بوو دژی سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و خستنەڕووی پلانەکانی بەرامبەر گەلی کورد. ئەم حزبە لە ماوەیەکی کەمدا لە لایەن چینە بەرفراوان و جیاوازەکانی کۆمەڵگا پشتگیری لێکرا، حزبی (ڕزگاری) خەباتێکی زۆری کرد بۆ بەهێزکردن و فراوانکردنی ڕیزەکانی شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥، ئەوەتا ئەو پارتە ڕوو دەکاتە گەلی عێراق و بانگیان دەکات بۆ پشتگیریکردن لە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد کە بریتییە لە دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

چالاکییەکانی پارتی (ڕزگاری) لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ ئەوەبوو، دەنگی گەلی کوردی چەوساوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ببیسترێ و بارودۆخی پرسی کورد لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکاندا گرنگی پێ بدرێ[1].

هەروەها پارتی (ڕزگاری) کارێکی زۆر و سەرکەوتووانەی لەنێو ڕیزەکانی سوپای عێراق ئەنجامدا و داوای لەو کوردانە کرد کە لە خزمەتی سەربازیدا بوون، پەیوەندی بە ڕاپەڕینەوە بکەن. لە ئەنجامی ئەم هاندان و بانگەوازانە، سەدان ئەفسەر و سەرباز لە سوپای عێراقەوە پەیوەندیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردەوە کرد، ئەمەش فەرماندەی سوپای عێراقی تووشی تەنگژەیەکی گەورە کرد تا وایلێهات، فەرماندەی عێراقی سەرباز و ئەفسەری کوردیان لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ناوچەکانی ڕاپەڕین بەکار نەدەهێنا.

لە ئەنجامی سەرکەوتنە گەورەکەی سوپای سۆڤیەتی بەسەر ئەڵمانیای نازی و داگیرکەردا، باری دەروونی گەلی کورد کە خەباتی دەکرد لە پێناو مافە نەتەوەییەکانی خۆی ئاسوودە بوو و بە شێوەیەکی بەرچاو گیانی شۆڕشگێڕی لەنێویاندا بەڵاوبووەوە، هەروەها زۆر بەخێرایی سۆزی جەماوەری گەلی کورد بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت گەشەی کرد.

**لێژنەی "ئازادی"** ساڵی ١٩٤٥ لە بارزان، لێژنەی (ئازادی) بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی دامەزرا، ئەو ئەفسەرانەی پەیوەندیان بە ڕاپەڕینی بارزانەوە کردبوو لە دامەزرێنەرانی ئەم لێژنەیە بوون، بەتایبەتی عزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، بەکر عەبدولکەریم، محەمەد مەحمود، عەزیز شەمزینی، میرحاج ئەحمەد، عەبدولڕەحمان موفتی، نوری ئەحمەد تەها و جەلال ئەمین.

---

١ حزبی ڕزگاری بەمەبەستی ئاشکراکردنی سیاسەتی حکومەتە فاشیستەکانی ئەو وڵاتانەی خاکی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرابوو، یاداشتێکی پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.X
X یاداشتی حزبی ڕزگاری کورد، بۆ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٨ی نیسانی ١٩٤٨.

ئەم لیـژنەیە بـۆ سـەرکردایەتیکردنی شـۆڕشی نەتـەوەیی دامـەزرا، بـۆئەوەی گوزارشـت لە بۆچوونە سیاسییەکانی بزووتنەوەکە بکات.

دوای هێرشی دوژمن بۆ سەر بارزان لە ڕێـکەوتی ١٠ی ئـابی ١٩٤٥، پـۆلی چەکـداری هێـزە شۆڕشگێڕەکان لەلایەن ئەو ئەفسەرانەوە سەرکردایەتی دەکران.

لیـژنەی (ئـازادی)، نـووسراوێکی ئاراسـتەی بـاڵیوزی یـەکێتی سـۆڤیەت، چـین، ویـلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئینگلتەرا، فەڕەنسا و چەندین وڵاتی تر کـرد، خـەباتی ڕەوای گـەلی کـورد و داخوازییـەکانی لە نـووسراوەکەدا باسـیان لێوەکرابـوو، لیـژنەکە هەوڵیـدا پەیوەنـدی لەگەڵ ڕێکخراوە نیشتمانپەروەرە کوردییـەکانی ئێـران، عێـراق، تورکیـا، سـوریا و کەسـایەتییە کوردەکان ببەستێت.

دامەزراندنی لیژنەی (ئازادی) ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە یـەکگرتنی گـەل و پشـتیوانیکردنی بـزووتنەوەی بـارزان، ئەوەتـا لە ئەنجـامی چـالاکی و پروپاگەنـدەی ئـەم ڕێکخـراوە، چ لە کوردستان و چ لە دەرەوە، چەندین ئەفسەری کورد ڕیزەکانی سوپای حکومـەتیان جێهێشـت و بەمەبەستی یارمەتیدانی شۆڕشگێڕان، ڕوویان لە ناوچەکانی ڕاپەڕین کرد.

ئامانجی سەرەکی لیژنەی (ئازادی) بریتی بوو لەوەی ڕاپەڕین سنووری بـارزان تێبپەڕێنێـت و بیکاتە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی سەرتاسەری کورد.

لێژنە دەستی بە خـەبات کـرد، دژی پروپاگەنـدە شـەڕانگێزەکانی ئیمپریـالیزم بەرامبـەر بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە سایەی چالاکییەکانی لیژنەی (ئازادی) و چەندین ڕێکخـراوی سیاسی تر، ئیمپریالیستەکان نەیانتوانی ڕوخساری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کـورد لەبەرچاوی جیهان و کۆمەڵگای عێراقی ناشرین بکەن، هەر چەندە ئەوان هەوڵی ئەوەیـان دا ئامانجـەکانی شـۆڕشی سـاڵی ١٩٤٣-١٩٤٥ بشـێوێنن و وای نیشـانبدەن کە کوردەکـان داوای جیابوونەوە دەکەن لە عێراق.

لێژنەی (ئـازادی) بـەردەوام بـوو لە خـەبات دژ بەو کۆنەپەرسـتانەی دەیانویسـت دەسـت بخەنە ناو کاروباری خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد.

لێژنەی (ئازادی) لە خەباتیدا، دروشمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقی بـەرز کردبووەوە، ئەو لیـژنەیە خوازیـاری خەبـاتێکی هاوچەشـنبوو بـۆ بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیی کوردی لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا، چـونکە بە ئەنجامـدانی ئەو ئـەرکە، لەدوا

ڕۆژدا لە بەردەم گەلی کوردا ڕێگایەك دەکرێتەوە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی نەتەوەیی سەربەخۆیی یەکگرتوو.

لیژنەی (ئازادی)، خوازیاری ڕزگارکردنی عێراق بوو لە دەستی هێزە ئیمپریالیست و کۆنەپەرەستەکان، چونکە ئەوان کۆسپێك بوون لە بەردەم ڕێگای چارەنووسی کوردستان.

لیژنە، پێشنیاری دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی یەکگرتووی دەکرد کە پێکدێت لە دەوڵەتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان و دەوڵەتی یەکێتی دیموکراتی عەرەبی عێراق، بەشە کوردیەکە دەبێت ئەم ناوچانەی تێدابێت: مووسڵ، هەولێر، کەرکووک، سلێمانی و قەزای خانەقین.

لێژنەکە پشتگیری لە ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی، ئابووری و کەلتووری دەکرد لە وڵاتدا.

لێژنەی (ئازادی) لەگەڵ بە هێزکردن و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی بوو لەگەڵ گشت پارتە دیموکراتییەکانی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کوردستانی عێراق و پارتە دیموکراتییە عەرەبیەکان و ڕێکخراوە عێراقییەکان[1].

ئەم گرووپە نیشتمانپەروەرە، بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، لە کوردستانی ئێرانیش لەسەر چالاکییەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو. کاری ئەم لیژنەیە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراتی لە کوردستانی ئێران، هەروەك بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق، بریتی بوو لەوەی لە پێناو پێشخستنی بزووتنەوەی شۆڕشگێری کوردی، ڕەهەندێکی سیاسی بەو بزووتنەوانە ببەخشێ و بیانگۆڕێ بۆ بزووتنەوەیەکی جەماوەری فراوانی نەتەوەیی.

دیارە پێویستی مێژوویی و نەتەوەیی وای کرد، لیژنەی ئازادی پێشەنگی ئەو بزووتنەوە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕییە بکات، لەگەڵ گەشەسەندنی سۆزی گەلی کورد بۆ یەکێتی سۆڤیەت و پەیدابوونی عەقڵیەتی دژبە ئینگلیز لەناو کورد، هەواڵگری ئینگلیزی والێکرد دەستبکات بە پروپاگەندە دژبە ڕاپەڕینەکەی لیژنەی (ئازادی)، دەزگای هەواڵگری پروپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە گوایە ئەو ڕاپەڕینە (مۆسکۆ سەرکردایەتی دەکات)، بارزانی خەبات دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بیری کۆمۆنیزم و ڕژێمەکەی لەناو گەلی کورد، ئەوان دەیانگوت، گوایە ئامانجەکانی شۆڕش دژبە خێزان و خاوەنداریێتی تایبەتە، دژبە نیزامی خێزانی و دژ بە ئایینە، هەوڵەکانیان بەمەبەستی چەواشەکردنی جەماوەری فراوانی گەل

---

١ عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٤.

بـوو، ئەوان ئاییـنیـان بـەكاردەهێنا و زۆریـان لە پیـاوە ئـاییـنییە بەكرێگیراوەكـان دەكـرد، درۆ بكـەن سـەبارەت بە ڕاسـتیەكانی سـۆڤیەت و سـەبارەت بە نـەریت و ڕەوشـتی خـەڵكانی سۆڤیەتی، ئەمەش لەپێناو ئەوەی كوردەكان دژایەتی ڕاپـەڕین و سـۆڤیەت بـكەن و یارمـەتی ئینگلیز و كۆنەپەرستانی عێراق بدەن، بەڵام لە ئەنجامی ئەم پروپاگەندەیە، سـەرەڕای توانـای ئینگلیز، تەنیا چەند دەرەبەگێكی كۆنەپەرست چوونە پاڵ ئیمپریالیزمی ئینگلیز، لەوانە: شـێخ ڕەشیدی لۆلان، مەحمود زێباری، كەلحێ ڕێكانی و چەنـدێكی تـر. گـەلی كـورد زۆر چالاكـانە پشتگیریان لە ڕاپەڕینی بارزان كرد كە لە لایەن لێـژنەی (ئـازادی)یەوە سـەركردایەتی دەكـرا، لێژنەی (ئازادی)یش پەیوەندی خۆی لـەگەڵ چەنـدین كەسـایەتی كـورد لە بەغـدا، مووسـڵ، ڕواندز، كەركووك، هەولێر و شوێنەكانی تر بەهێزتركرد.

بۆ پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد، لێژنەی (ئازادی) ڕووی كـردە ڕێكخـراوی نەتــەوە یــەكگرتووەكان: "ڕوو لە بــەڕێزتان دەكــەین، دەمانــەوێ بەگشــت نەتەوەیــەك ڕابگەیـەنین كە ئـارامی و ئاشـتی سەرتاسـەری، تـا ئەوكـاتەی چەوسـاندنەوەی حكومـەتە ئیمپریالیستەكان بەردەوام بێـت دژبە گـەلانی بچـووك كە لە ژێـر ئینتدابـدا دەژیـن، مـەحاڵ دەبێت، هەرچەندە ئەوان دەیـانتوانی هـەموو توانایـەكیان بـەكار بهێـنن بـۆ بەرقـەراركردنی ئاشتی و ئارامی. گەلی كورد لەنێوان ئەو گەلانـەدایە كە لەسـەرەوە باسـیان لێـوە كـراوە، ئەو گەلە مافی ئازادی و مافەكانی تری لێ زەوت كراوە لە ڕێگای دابەشكردنیان بەسـەر وڵاتانـدا، لێـژنەی (ئـازادی) داواكـارە بەنـاوی تەواوی گەلـەوە ئازادیـان بـۆ بگێڕدرێتـەوە و كۆتـایی بە چەوساندنەوەیان بهێنرێ.

ئێمە داواكارین ڕێگامان بدەن بە یەكگرتوویی لەسەر خـاكی خۆمـان بـژین، بـەبێ ئەوەی هیچ جۆرە ئینتدابێكی كۆلۆنیالیزمیمان لەسەر بێت. جـارێكی تـریش ڕوو لە ئێـوە دەكـەین و سـەرنجتان ڕادەكێشـین بـۆ ئەو ڕاسـتیەی كە لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت تـا گـەلی كـورد بە ژێردەستەیی بمێنێتەوە، ئاشتی و ئارامی بەرقەرار نابێ.

پێویســت ناكـات بەبیــری ڕێكخــراوی نەتــەوە یــەكگرتووەكان بهێنیــیەوە كە ئاشــتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاشتی گشت جیهانی پێوە بەستراوە، بۆیە ئێمە دڵنیـاین لە سـەركەوتن لە ئەركەكەمانـدا و هیـوادارین سـەردەمی خـوێنڕژان و كوێلایـەتی بـەرەو كۆتـایی بچێـت، لەجیــاتی ئەو، ســەردەمی ئــارامی و ئــازادی و ســەربەخۆیی بێتەكایــەوە، ئەو ئــازادی و

سـەربەخۆییەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان مـاوەی چەنـدین سـاڵە هـەوڵی بـۆ داوە و نەبـوونی هەندێککیان بووەتە هۆی لەناوچوونی ژیانی ملیۆنان خەڵك"[١].

بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی کـورد لە سـاڵی ١٩٤٥ کە کـۆمیتەی (ئـازادی) بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، خەسڵەتی ئـەنتی ئیمپریالیسـتی، واتە (دژبە ئیمپریالیســت)ی تونــدوتیژی بەخــۆیەوە گرتبــوو. ئیمپریــالیزمی ئینگلیــزی و پاشــکۆ بەکرێگیراوەکـانی لە پاشـایەتی کۆنەپەرسـتی عێراقـی، زۆر بەخێرایـی کـاری دەکـرد بـۆ لـەناوبردنی گشـت گـرووپە پێشـکەوتنخوازەکان و ڕێکخـراوە کوردییـەکان لە عێـراق، ئەوان دەســتیانکرد بە کوشــتنی بە کۆمــەڵ، گــرتن، دوورخســتنەوە و بەنــدکردنیان لە کــەمپی بەندکردندا.

بە دیاریکراوی لە مانگی تشـرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥، لێژنەی (ئازادی) و هێزە چەکدارە کوردەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی، ڕەچاوی بارودۆخەکەیان دەکرد و مەبەستیان بـوو پارێزگاری لە هێزەکانیان بکەن، ئەوەبوو گەیشتنە ئەو ئەنجـامەی کە پێویسـتە لـەنێو خـاکی کوردستانی ئێـران کە تـازە ڕزگـار کرابـوو، پشـویەک بـدەن و لەوێ بگیرسـێنەوە، کوردەکـانی ئێـران، دوای هـاتنی هێـزە شۆڕشـگێڕە بارزانییەکـان بـۆ ئەوێ، زۆر بە گـەرمی پێشـوازیان لە بارزانییەکان کرد.

لێــژنەی (ئــازادی) بەشــداری لە خــەباتی گــەلی کــوردی ئێرانــدا کــرد، لە پێنــاو مــافە نەتەوەییەکان و دامەزراندنی کۆماری ئۆتۆنۆمی دیموکراتی کوردستان. هەر لە هەمان کاتـدا لێــژنەکە پەیوەنــدی لــەگەڵ هێــزە دیموکراتییەکــانی ئێــران گرێــدا. دوای دامرکاندنــەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە عێـراق، کەسـایەتییە پێشـکەوتووە کوردییـەکان هەستیان بە پێویستی دامەزراندنی پارتێکی نوێی کوردی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کرد کە جیاوازییەکی زۆری هـەبێ لـەگەڵ پارتـەکانی پێشـوو. لێـرەدا پرسـیارێك خـۆی ڕەپـێش دەکـا سەبارەت بە دامەزراندنی پارتێکی وەهـا کە بەهۆیـەوە بە تـەواوی سـنوورێک بـۆ خائینـانی گەلی کورد دابنرێ و بتوانێت خەبات بۆ یەکگرتنی گشت هێزە نیشتمانپەروەرە کوردییـەکانی عێراق بکات، لەپێناو درێژەدان بە خەبات، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد.

١ نامەی لێژنەی ئازادی بۆ نەتەوە یـەکگرتووەکان، سـاڵی ١٩٤٥، ئەرشـیڤی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، فایلی ژمارە ٣.

سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی پارتێکی لەو جۆرە، ڕۆژنامەی (کوردستان) ساڵی ١٩٤٥ دەنووسێت:

((دروستکردنی پارتێکی لەم شێوەیە، کارێکی ئاسان نییە، ئەمە کارێکی گەورە و پڕ کێشەیە، لەنێو کوردانی عێراق خەڵکانێک هەن دەتوانن لەو حزبەدا کاربکەن، بەڵام ئەوان یەکگرتوونین و هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی دەتوانن پێکەوە کاربکەن، ئەم کارە پێویستی بە پڕوپاگەندەی بنەڕەتییە، تا بتوانێت هێزە میللیەکانی خۆی لە واتای یەکگرتن بگەیەنێت و گرنگییەکەی لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجەکەیان کە ئازادی نەتەوەییە، بۆ شیبکاتەوە، پرۆگرامێک کە بیری ئازادی نەتەوەیی پەرەپێبدات و هانی زیاتر پێشکەوتنی تاکی کورد بدات، ئەمەش بێگومان کارێکی ئاسان نییە. لە کۆتایشدا دەبێت ڕەگەزەکانی کۆنەپەرستی لەنێو شۆڕشدا نەهێڵرێن، تا ئەوکاتەی ئەوانە بەشداری لە شۆڕشی نەتەوەییدا بکەن شکست لە دوای شکست بەشمان دەبێت.

... پێویستە بزووتنەوەی میللی کوردی لەلایەن ڕۆشنبیر و هێزە پێشکەوتنخوازەکانەوە سەرکردایەتی بکرێ، دروشمی هاوبەش بۆ تەواوی بزووتنەوە دەستەبەربکرێت و لە ئەنجامدا بەرەو چارەنووسێکی هاوبەش هەنگاویان پێ بنێت، لەو بزووتنەوەیەدا وا پێویست دەکات تەواوی چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان یەکبگرن، بەڵام نەک لەسەر بنەمای دوژمنایەتی عەرەب، بەڵکو بە یەکگرتنیان هانی ئەوانیش بدەن بۆ خەبات لەپێناو بەدەستهێنانی چاکسازی دیموکراسی لە عێراق، تەنیا بەم چەشنە خەباتە، کورد دەتوانێت بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگات)).

**پارتی "شۆڕش"** لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی، لە کوردستانی عێراق پارتێکی نەهێنی بە ناوی (شۆڕش) دامەزرا، کادیرە سەرەکییەکانی پارتی (شۆڕش) بریتی بوون لە کرێکار، فەرمانبەرانی هاتووچۆ، پیشەسازی، پیشەسازی نەوت و ڕۆشنبیران[١].

هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە، پارتی (شۆڕش) چالاکانە چووە ناو خەباتی نەتەوەیی گەلی کوردەوە.

لە قۆناغی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی ساڵی ١٩٤٥، (شۆڕش) هاوکارییەکی باشی ڕاپەڕینی کرد.

١ دیمانەیەکی نووری شاوەیس ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە پرۆگرامی پارتی (شۆڕش) ئەرکی بەدەستهێنانی لێکتێگەیشتنی بنەڕەتی کورد و عەرەب، لەسەر بنەمای ڕزگارکردنی هەردوو گەل لەدەست کۆلۆنیالیزمی داگیرکەر، ئاماژەی پێکرابوو. لەو پرۆگرامەدا هانی هاریکاری لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە عەرەبیەکان درابوو، بەتایبەت لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، بۆ خەبات لەپێناو ئازادی گەلی کورد و عەرەب و سەربەخۆیی عێراق.

پرۆگرامی (شۆڕش)، باس لەپێویستی خەبات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی وەها دەکات کە لەسەر بنەمای دیموکراسی دروست بووبێ و لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی گەلدا بێت، پارتی (شۆڕش)، دابینکردنی مافەکانی گەلی کورد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە ئەرکە لەپێشینەکانی خۆی دیاریکرد.

لە بواری ئابووریدا، پرۆگرامەکە داوای دروستکردنی کارگە و پێشخستنی پیشەسازی کوردستانی دەکرد، بەکارهێنانی سامانە سروشتیەکانی وڵات بۆ خزمەتی گەل و لەپێناو زیادکردنی سامانی ئەو گەلە، هەروەها جەختی کردە سەر بەکارهێنانی زەوی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بە مەبەستی دابینکردنی خێروخۆشی بۆ گەل و خەباتکردن دژبە هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە لەلایەن حکومەت و چەند کەس و کۆمپانیایەک.

لە بواری سیاسەتی کشتوکاڵی، پارتی گەرەنتی پاراستنی موڵك و ماڵی جووتیاران دەکات، لەگەڵ دابەشکردنی زەوی دەوڵەت و دەرەبەگەکان بەسەر جووتیاران، هەروەها دامەزراندنی یەکێتی سەندیکا کشتوکاڵیەکان لەپێناو ئازادکردنی جووتیاران لە زوڵم و زۆری سووخۆرەکان، لە پرۆگرامی پارتی (شۆڕش)، چەند ئەرکێک گونجێندرابوون بۆ گەرەنتیکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکی کورد، لەوانە: یاسای کار و هاوکاری کۆمەڵایەتی کە تایبەتە بە بێکاری و نەخۆشی و پیری.

لە پرۆگرامەکەدا هاتووە، پارتی بەردەوام خەبات دەکات بۆ دابینکردنی مافەکانی لاوی کورد و بنیادنانی سیستەمێکی خوێندنی نەتەوەیی و دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندی و باڵا، تاوەکو لاوانی کورد بتوانن خۆیان بۆ کار و چالاکییەکانی داهاتوو سازبکەن.

پرۆگرامەکە دەخوازێ خوێندن بۆ هەردوو ڕەگەز یەکسان بێ و دان بەیەکسانی مافەکانی ژن و پیاو دابنرێ[١].

١ پرۆگرام و پەیڕەوی حزبی شۆڕش، لە تێزی دکتۆرای عەزیز شەمزینی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣١٤.

هەروەها لە پرۆگرامـی پـارتی (شـۆڕش)، دەرکەوت کە پـارتەکە ئـەرکێکی گرنگـی گرتـۆتە ئەستۆ، ئەویش خەباتی داهـاتوو بـوو بـۆ بـەدیهێنانی ئـاواتە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد و گەیشتن بە خێروخۆشی بۆ گشت گەلی عێـراق، واتە پرۆگرامـی (شـۆڕش) بەرژەوەندییـەکانی تەواوی گەلی عێراقی لەبەرچاو گرتبوو.

پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان لە پێگەیانـدنی هەسـتی نەتـەوەیی گـەلی کورد بینی، ئەوان بەردەوام بـوون لە هەوڵـەکانیان تـا کـورد هەسـتی بە پێویسـتی و گرنگـی خەبات دژ بە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و کۆنەپەرستانی عێراق کرد، تێگەیشتن کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان بوونەتە کۆسپێکی گەورە لە ڕێگـای گـەلی کـورد لە گەیشـتنی بە سـەربەخۆیی نەتەوەیی.

بە شـێوەیەکی گشـتی، ئەو پـارتە کـەموکووڕی زۆری هـەبوو، لەسـەرووی هەموویانـەوە ئەوەبـوو کە پـارتی خەسـڵەتی جـەماوەری نـەبوو، بـۆیە پێویسـتی مێژوویـی دەیخواسـت دامەزراندنی پارتێکی پێشڕەوی پێشـکەوتوو و شۆڕشـگێڕی کـوردی سـەرهەڵبدات، بتوانێـت سەرۆکایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بکـات، ڕیزەکـانی خـۆی یـەکبخات و بەرەو سەرکەوتنی ببات، پارتێکی وەها لە ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا.

# بەشی III

# پارتی دیموکراتی کوردستان- هێزی ڕێکخەر و سەرکردایەتیکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق، لەپێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد

## ١- دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و پرۆگرامە سیاسییەکەی

لە سەروبەری جەنگی دووەمی جیهانی و دوای ئەوەی لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێویشیدا لە کوردستان گۆڕانکاریی گرنگ ڕوویاندا، لەنێو جەماوەری گەلی کوردستانیش، بەوپێیەی بەردەوام هەستی شۆڕشگێڕی نەتەوایەتی لە گەشەسەندندا بوو، ئەو گەشەسەندنەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردی و کردنی بە بزووتنەوەیەکی جەماوەری میللی فراوان، دروستبوونی پارتێکی شۆڕشگێڕی سەردەمیانەی پێویست بوو، بۆئەوەی بتوانێت سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی بکات. پارتی (خۆیبوون) لەو ئاستەدا نەبوو ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت و بتوانێت لەگەڵ پێشکەوتن و پەرەسەندنی بارودۆخەکە خۆی بگونجێنێت.

کاتێک لە ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٥ لە بارزان ڕاپەڕینی گەلی کورد هەڵگیرسا، ڕاستەوخۆ ئەو کەموکووڕیانە هەستیان پێکرا کە گشت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییەکانی کورد بەدەستیانەوە ناڵاندبوویان، لە گرنگترین کەموکووڕیەکان نەبوونی پارتێکی جەماوەری پێشڕەو بوو کە بتوانێت هێزەکانی گەل ڕێکبخات و لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد پێشەنگی خەبات بکات.

بۆچوونێك لای سەرۆکی ڕاپەڕین لە بارزان و لای چەندین نیشتمانپەروەری گۆشدراو بە بیری کوردایەتی سەبارەت بە پێویستی دامەزراندنی پارتێکی کوردی جەماوەری شۆڕشگێڕ سەریهەڵدا کە لە جووتیار، کرێکار و چەندین توێژی پێشکەوتووی گەل، واتە ڕۆشنبیران پێکهاتبێ، ئەوان ڕۆڵی پێشڕەویان دەبینی لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، واتە پارتێك بێت تەواوی هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لە پەرەسەندنێکی هەرەمەکی و خەباتێکی بێ ئامانجدا بوو، حزبی نوێ دەبووایە خۆی لە بزووتنەوەیەکی گشتی ببینێتەوە، پارتێك، هەوڵبدات بۆ نەتەوەیەکی پێشکەوتوو کە لە کرێکار، جووتیار، ڕۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ

و چەندین ڕەگەزی پێشکەوتنخوازی تر پێکهاتبێ، تا هەردەم ئامادەی پێشڕەوی دیموکراسی بن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی مێژووی کە لەبەردەم گەلی کورددایە، کەسایەتییە پێشکەوتووەکانی کوردستان تێگەیشتن کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەبێ پارتێکی پێشڕەو ناتوانێ لە هەوڵەکانی وەك پێویست سەرکەوتوو بێ، کاتێک ئامانجەکانی خۆی بە تاوتوێکردنی توانست و هۆکارەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و هەڵسەنگاندنی دروستی بارودۆخ لە کوردستان دیاری نەکات و توانا و هێزی کاریگەری خودی بۆ بزووتنەوەکە تەرخان نەکات. پارتێکی وەها دەبێت پارتێکی جەماوەری و شۆڕشگێڕ و بەتوانا و لێهاتوو بێ، تا ڕۆڵی پێشەنگی شۆڕشگێڕانە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بگێڕێ و خەباتکردنەکەی بۆ خزمەتی گەل و نیشتمان بێ.

حزبی نوێ، پێویستە لەسەری خەباتی بزووتنەوەی جەماوەری گەلی کورد قووڵتر و فراوانتر بکات، سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بکات و لەگەڵ هێزە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی عێراق یەکگرتووبێ، بۆئەوەی هێزەکانی گەلی کورد لەگەڵ هێزی شۆڕشگێڕی عەرەب دژبە کۆنەپەرستان و ئیمپریالیست یەکبخات، لە پێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی گەلانی عێراق بە کورد و عەرەبەوە. بەم شێوەیە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، ئامانجەکانی خۆی بە ڕوونی دەستنیشانکرد، ئەویش ڕزگارکردنی گەل بوو لە دەسەڵاتداریتی هێزی کۆنەپەرست و خائینان و کۆیلایەتی دەرەوە و ناوەوە.

ئەم ڕاستیە حاشەهەڵنەگرە، لەلایەن مستەفا بارزانی، شۆڕشگێڕی ناوداری گەلی کورد لە ڕاگەیەنراوێکیدا لە هاوینی ساڵی ١٩٤٦ ڕاگەیەنرا: "من سەرفرازم بەوەی کە سۆزی تەواوی پارتە نەتەوەیەکانم بەدەستهێناوە کە بەم دواییە لە عێراق لەپێناو خەبات دژی داگیرکەران دامەزرابوون، هیوادارم ئەم پارتانە ڕێگای ڕاستی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد ڕوناك بکەنەوە و یارمەتی گەلەکەمان بدەن، تا لە چنگی ئیمپریالیزم ڕزگاری ببێت"[١].

پەرەسەندنی ڕووداوەکان، بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی خێراترکرد، گرنگترین ئەو ڕووداوانە بریتی بوون لە: گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا کە بووە هۆی ئەوەی (ژ.ك) بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بگۆڕدرێ کە لەلایەن کۆماری دیموکراتی کوردستانەوە دامەزرا و هەر لەلایەن ئەوەوە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان فراوان بوو.

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.

ساڵی ١٩٤٥، گرووپی ئەفسەرە پێشکەوتنخوازەکانی کورد بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی لێژنەی (ئازادی)یان دامەزراند، تا سەرکردایەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بکات، دەستنیشانی ئاراستەی خەباتی سیاسی بکات و چارەسەری بارودۆخەکە بکات. ئەم لێژنەیە بە بناغەی پارتی دیموکراتی کوردستان- کوردستانی عێراق- دادەنرێ و ئەم کارە کەوتە ئەستۆی سەرکردایەتییەک کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون: مستەفا بارزانی، مستەفا خۆشناو، میرحاج ئەحمەد، عزەت عەبدولعەزیز و چەند کەسێکی تر.

قارەمانی نەتەوەی کورد مستەفا بارزانی و لایەنگرە نزیکەکانی، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ چەند کۆبونەوەیەکیان ئەنجامدا و تێیدا بابەتی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوە، هاوکات دانوستان لەگەڵ ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکانی تری کوردستان، بۆ نموونە لەگەڵ (ڕزگاری کورد) و (شۆڕش) ئەنجامدرا، سیاسیەکان و گرووپەکان ڕەزامەندیان لەسەر دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان نیشاندا و تەنانەت ڕازیبوون بچنە ناو پارتە نوێیەکەشەوە. مستەفا بارزانی ڕاگەیەنراوێکی گرنگی بڵاوکردەوە و تێیدا داوای لە جەماوەری گەلی کوردی عێراق کرد لەژێر ئاڵای پارتێکی پێشڕەوی نوێی کوردی کۆببنەوە، کارکردن بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی بە هاوکاری تەواوی سەرکردەکانی پارتی (ڕزگاری کورد) و (شۆڕش) بەڕێوەچوو، لێژنەی دامەزراندنی پارتی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی پێکهێنرا، ئەو لێژنەیە پێکهاتبوون لە: عزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، خەیروڵا عەبدولکەریم، میرحاج ئەحمەد، نوری ئەحمەد تەها، بەکر عەبدولکەریم و چەندانی تر.

ئەرکی ئەم لێژنەیە بریتی بوو لەوەی، بە هاوکاری لەگەڵ سەرکردایەتی هەریەك لە پارتی (ڕزگاری کورد) و (شۆڕش) بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی پراکتیزە بکات، دوای دانوستاندن لەنێوان ئەو لێژنەیە و سەرکردایەتی پارتی (شۆڕش) و (ڕزگاری کورد) کە ساڵێکی خایاند، گەیشتنە ڕێککەوتنێك سەبارەت بە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەبوو لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦ کۆنفرانسی پارتی (شۆڕش) بەستراو بە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوەدا بوون ناوی پارتەکەیان بگۆڕدرێت بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ١٩٤٦ کۆنگرەی پارتی (ڕزگاری کورد) بەسترا و تێیدا بڕیاردرا بچنە ناو (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە[١]. بەم شێوەیە لە سەر بناغەی ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی عێراق، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا.

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.

لە یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ڕێکەوتی ١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦ (کە بەنهێنی لە بەغدا بەسترا)، پرۆگرام و پەیڕەوی پارتی ڕەزامەندی لەسەردرا.

مستەفا بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەڵبژێردرا، کۆنگرە بڕیاریدا گۆڤاری (ڕزگاری) وەك ئۆرگانی پارتی نوێ دەربکرێت، دوای ئەوەی بڕیار لەسەر پەیڕە و پرۆگرام درا، دەستنیشانی سیاسەتی پارتی و هەڵوێستی پارتی سەبارەت پرسە نەتەوەییەکان و نێودەوڵەتییەکان کرا، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا، کە لەم بەڕێزانە پێکهاتبوو:

١- مستەفا بارزانی

٢- نوری شاوەیس

٣- ساڵح یوسفی

٤- عەلی عەبدوڵا

٥- عزەت عەبدولعەزیز

٦- خەیروڵا عەبدولکەریم

٧- مستەفا خۆشناو

٨- محەمەد مەحمود

٩- لەتیف مەحمود

١٠- نوری ئەحمەد تەها

١١- میرحاج ئەحمەد

١٢- هەمزەعەبدوڵا

١٣- عەبدولڕەحمان موفتی*.

* لە کۆنگرەی دامەزراندن، ستافی هەڵبژێردراوی کۆمیتەی ناوەندی پارتی بەم شێوەیە بووە: (مستەفا بارزانی- سەرۆک، شێخ لەتیف شێخ مەحموود- جێگری یەکەمی سەرۆک، کاکە حەمە زیادی کۆیە- جێگری دووەم، هەمزە عەبدوڵا- سکرتێر، میرحاج ئەحمەد- ئەندام، دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم- ئەندام، عەلی عەبدوڵا ئەمین- ئەندام، سەیدا ساڵح یوسفی- ئەندام، عەبدولکەریم تۆفیق- ئەندام، ڕەشید عەبدولقادر- ئەندام، ڕەشید باجەلان- ئەندام، مەلا سەید حەکیم- ئەندام، عەونی یووسف- ئەندام، تەها محیەدین مەعروف- ئەندام، عەبدولسەمەد بەنا- یەدەگ). مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم، (هەولێر- چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- ٢٠٠٤)، ل ١٨٩. (وەرگێڕ)

بەم شێوەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا کە مستەفا بارزانی سەرۆکی بوو و ڕابەرایەتی خەباتی ڕزگاریخوازی دیموکراتی کوردستانی دەکرد، دامەزراندنی پارتی بە یەکێك لە گرنگترین دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراتی کورد دادەنرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و سەختی خەبات پەیدا بوو کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی شۆڕشگێڕی کورد پێیدا تێدەپەڕی، کاتێک پارتی لوتکەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی گرتە دەست، ئیتر ئەم بزووتنەوەیە خەسڵەتی جەماوەری وەرگرت.

دەرکەوتنی ئەم پارتە، وەڵامێکی سروشتی بوو بۆ داخوازییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی، بۆ داخوازییەکانی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و هێزە شۆڕشگێڕەکان و سەرکردایەتییەکانی. پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕووی ئامانج، پێکهاتە و سەرۆکایەتیدا هیچی لە پارت و ڕێکخراوەکانی پێشوو نەدەچوو.

١٦ی ئابی ساڵی ١٩٤٦، بوو بە ڕۆژی بوژانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ئەو ڕۆژە بە بەرهەمی ڕاپەڕینی بارزان و هۆشیارییە نەتەوەییەکەی دادەنرێ. ڕاپەڕینی بارزان، واتایەکی گەورەی هەیە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، چونکە لەو شوێنە پارتی دیموکراتی کوردستان هێزەکانی خۆی بڵاوکردەوە و پەرەیسەند، لەژێر دروشمێکدا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و ئامانجەکانی بەدی هات و بەردەوام بوو لەسەر ڕێگای شۆڕش و پێشکەوتن، بۆیە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ١٦ی ئاب بوو بە ڕۆژێکی بایەخدار، نەك لەلای جەنگاوەرانی کورد، بەڵکو لەلای گشت نیشتمانپەروەرانی عێراق کە لەو پارتەدا هێزێکیان بەدی دەکرد کە دەتوانێ کارێکی وابکات پشتگیری لە خەباتی هاوبەشی گەلانی کورد و عەرەب بکات. ئەو دوو گەلەی خەبات دەکەن لەپێناو ئەوەی پلانەکانی ئیمپریالیزم کە ئامانجیان دووبەرەکی دروستکردنە لەنێو نەتەوەکان و هەڵگیرساندنی دوژمنایەتییە لەنێوان نوێنەرانی گەلدا، بەتەواوی پوچەڵ بکرێتەوە.

دوای ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دروست بوو، خەبات لەپێناو بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، خەبات لەپێناو زیادبوونی ژمارەی بەشداربووان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد و قووڵکردنەوەی ئاستی هۆشیاری فراوانتر بوو، پ.د.ك چالاکییەکانی بە ئاراستەیەکدا دەبرد کە دەنگی گەلی کورد بە کۆمەڵگای جیهانی بگەیەنێ.

لەلای کۆمەڵگای جیهانی بۆچوونێك پەیدابوو سەبارەت بە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان یاداشتێکی ئاراستەی ڕێکخراوی

نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە تیایدا هاتووە، لە عێراق، هەروەها لە تورکیا و ئێرانیش چەوسانەوە و زوڵم و زۆر گەیشتۆتە سنوورێك کە ناکرێ مرۆڤایەتی چیتر دان بەخۆیدا بگرێت، نەك هەر گاڵتەجاڕی و کەمتەرخەمی و تاوانی نەخوێندەوارەکان و فەرمانبەرانی فرۆشیاری سەر بە حکومەت، بەڵکو حکومەتیش هەوڵ نادات کینە و ڕقی خۆی بشارێتەوە و بەئاشکرا و ناشرینانە سیاسەتێك پەیڕەو دەکات کە ئامانجی لەناوبردنی فیزیکی گەلی کوردە، لە ئەنجامی گۆڕانکاری لە یارییە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان، حکومەتەکانی بەریتانیای مەزن و وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستیان کرد بە هاوکاری و پشتیوانی مادی و مەعنەوی ئەو حکومەتانە، حکومەتی عێراق بە لە خۆبایبونەوە ئەو پشتیوانییەی وا دەبینی کە ئەگەر بە هەر هۆکارێك دژی کوردەکان بەکاری بهێنێ، ئەوا لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردن لە وڵاتانی شارستانیدا ناکۆک نییە، بۆیەش پرۆسەی لە سێدارەدان بە بڕیاری دادگا سەربازییە مەیدانییەکان ئەنجام دەدرا.

ئەو بڕیارە لە بەغدا دژ بەو چوار ئەفسەرە کوردەی بەشداریان لە ڕاپەڕینەکەی بارزاندا کردبوو و خۆیان دابووەوە دەست حکومەتی عێراق، جێبەجێ کرا. ئەوان بڕوایان بە بەڵێنەکانی حکومەت کردبوو، بەندکردنی پتر لە چوار هەزار ژن و منداڵ لە گرتووخانەیەکی سەربازی کە لە بارودۆخێکی زۆر دژوار دەژیان، هەرچی ڕەفتارێکی دڕندانە هەبوو لەو گرتووخانانەدا ئەنجام دەدرا و خەڵکەکەی هەراسان کردبوو و ڕێژەی مردن لەوێدا یەکجار زۆر بوو، ئەم وێنە تراژیدیيە بەشێکە لەو بارودۆخەی باڵی بەسەر گشت کوردستانی باشووردا کێشابوو، سەدان گوند و ناوچە لە ئەنجامی بۆمبابارانکردن خاپوورکرا و دانیشتووانەکانی ڕایانکردە چیاکان، ئەو گوندانەی لەلایەن تۆپخانەکانی عێراق و هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیاوە وێران نەکرابوون، لەبەر نەخۆشییە کوشندەکان بەتایبەت گرانەتا، مەلاریا و دیزانتری، کەسی تێدا نەمابوو، باجگرەکان گەلی کوردی بەدبەختیان بەتەواوی لات و وێران دەکرد و کوردیان بەرەو برسێتی و هەژاری دەبرد.

ئەم پرسە لە چوارچێوەی سیاسەت دەرچووبوو، وەك پرسێکی مرۆیی لە بەردەم ویژدانی گشت جیهاندا بوو کە دەبوو بەخێرایی و بە شێوەیەکی کۆتایی چارەسەر بکرێت، بۆئەوەی کۆتایی بەو ئەشکەنجە و ناحەقیە بهێنرێت، هەروەها بۆئەوەی گوزارشت لە توانای گەشەسەندووی هاریکاریی گشت مرۆڤایەتی بکات لە نەهێشتنی لۆجیکی سیاسەتی چەوساندنەوە و کۆیلە کردنی گەلان.

لێرەدا بابەتەکە بابەتی چارەنووسی گەل بە گشتی و خودی ژیانە کە لەژێر مەترسیدایە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای ناردنی کۆمسیۆنێکی تایبەتی کرد بۆ لێکۆڵینەوە، تۆڵەسەندنەوە و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی حکومەتی عێراق بەرامبەر بەو تاوانانەی ئەنجامی دابوو[١].

دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، یەکێك لە هەرە گرنگترین ئامانجەکانی ئەو ڕێککەوتنە هاوپەیمانییەتیە بوو کە ئینگلیز و ئەمریکا دەیانویست لە ڕێگەی بەکرێگیراوەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست مۆری بکەن.

مەترسی ناوخۆیی، عێراق، تورکیا و ئێرانی ساڵی ١٩٣٧ لە ڕێککەوتننامەی سەعدئاباد یەکخست، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧ لەژێر ناوی (دوژمنی ناوخۆ) عێراق و تورکیا، بەپێی پەیمانی نوری مێندیرێس لەپێناو (بەرگرتن بە نائارامییەکان و کۆتای هێنانیان) بەڵێنی هاوکاری و نزیکبوونەوەیان لە یەکتریای دا کە گەلی کوردیشی دەگرتەوە.

سەیرنییە ستەمکارانی عێراق و تورکیا و ئێران و هەروەها ئیمپریالیستانی ئینگلیزی و ئەمریکی وای دابنێن کە هەر بزاوتێك لەپێناو ئازادیی کوردستان گەورەترین مەترسییە بۆ ئەوان، بەوەی دامەزراندنی کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ و دیموکراتی، خاڵێکی کۆنەپەرستی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست دەهەژێنێ، وڵاتێکی دەوڵەمەندی بەبەرەکەت لە چنگی ئیمپریالیزم دەردێنێ، هەر بۆیەش هەموو ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی لە کوردستان، بە دڕندانەترین شێوە و بە هاوکاری ڕاستەخۆ یان بەشداریی پراکتیکی خودی ئیمپریالیستەکان، لەنێو بردراوە.

ئامانجی ئەو ڕێککەوتننامەیەی دوایی، هەر وەك ئەوانەی پێشوو، بریتییە لە خۆئامادەکردن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، ئەوەی پێی دەڵێن (دەستێوەردانی دەرەکی) لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتیەوە دژ بەو وڵاتانە بەمەبەستی داگیرکردنیان، ئەم تێڕوانینەی ئیمپریالیستییان بەهانەیەك بوو بۆ برەودان بە هەستی دەستدرێژکاری و خواستی ئەوان بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ و داگیرکردنی گشت جیهان.

"ئەمە بێگومان لای هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بە ڕوانینێکی سادە بۆ وڵاتانی (ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست) کە دەناڵێنن بەدەست زوڵم و زۆری ئیمپریالیزمەوە، ڕاستەوخۆ دوژمنی ڕاستەقینە و تاڵانکەریان بۆ بەدەردەکەوێت"[١].

١ وتەی نوێنەری کۆمسیۆنی مافی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ساڵی ١٩٤٧، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

یەکێتی سۆڤیەت هەردەم پارێزەرێکی دڵسۆزی ئاشتی بووە، دۆستی دروستی گەلان بووە، جەنگاوەرێکی ماندوونەناسە لەپێناو سەربەخۆیی ئەواندا، دوژمنی چەوسێنەران و زوڵم و زۆرداریيە، بۆیە ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان ئێستا و بەر لە ئێستاش، بە ڕق و کینەوە درۆی بێ بنەمایان دژبە یەکێتی سۆڤیەت هەڵدەبەست، بەڵام گەلی کورد، یەکێتی سۆڤیەت وەك قەڵایەکی بەهێزی ئاشتی و دیموکراسی دەبینێ.

یەکێتی سۆڤیەت تاکە وڵاتە کە تێیدا کورد بە ئازادی، بەختەوەری و دراوسێیەتیەکی دۆستانە لەگەڵ گەلانی تری سۆڤیەتدا دەژین، گەلی کورد ئەو پشتیوانییەی گەلی سۆڤیەت پێشکەش بە یەکەم کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردی لە شاری سابلاخ کردبووی، لەبیر ناچێتەوە.

هەروەها یەکێتی سۆڤیەت دەرگای خستەسەرپشت بۆ قارەمانە بارزانییەکان و بەوپەڕی ڕێزەوە میوانداری کردن، ئەمە لە کاتێکدا حکومەتەکانی عێراق، تورکیا و ئێران دەستیان لە خوێنی گەلدا بوو و کورد گشت ڕێگایەکی ڕزگاربوونیان بەڕوودا داخرابوو و پەتی سێدارەیان بۆ هەڵواسرابوو، ئەم حکومەتە کۆنەپەرستانە لەپێناو ئەنجامدانی تاوانی دژە مرۆڤایەتی ویستیان ڕێککەوتنی نوری مەندێریس ببەستن، ئەوان بەهەموو توانایانەوە هەوڵی بەهێزکردنی هێرشەکانیان دا دژبە ئازادی دیموکراسی لە وڵاتەکانیان و گرێی پەتەکە لە گەردنی گەل بئاڵێنن و ئەو بزووتنەوەیە بخنکێنن کە پاراستنی ئاشتی ئامانجی بوو، لەگەڵ پاراستنی ئەو ئازادییەی پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی هەبوو لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا. سەرباری ئەمەش، پ.د.ك بەم بانگەوازە ڕووی کردە گەلەکەی: "کوڕانی بەشەرەفی گەلی کورد! ئێوە دەبینین کە مەترسی لە سێ لاوە هەڕەشەمان لێ دەکات، ئەگەر بێتو ڕێککەوتنی نوری- مێندیریس ئەنجام بدرێت[٢]. ئەم ڕێککەوتنە واتای یەکێتی گشت هێزە سەرسەختەکانی دوژمنان و پڕچەککردنی ئەو هێزانەیە لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەمریکیەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان، بۆ دەستدرێژی کردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت- سەرۆکی کەمپ (بلۆك)ی ئاشتی و دیموکراسی و تەنیا بۆ ئەوەیە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان، ئەو بزووتنەوەی کە کورد بەشێکیەتی، ببنەوە.

١ گەلی کورد و پەیمانی نوری-مندریس، ڕۆژنامەی ڕزگاری، ١ی کانونی دووەمی ١٩٥٥.
٢ لە ڕێکەوتی ٢٤ی شوباتی سالی ١٩٥٥، لە بەغداد ڕێککەوتننامەیەکی هاوکاری سەربازی لە نێوان تورکیا و عێراق مۆرکرا، (بە سەرپەرەشتی ئینگلیز). لە ٤ی نیسانی سالی ١٩٥٥ ئینگلیزیش هاتە نێو پەیماننامەی بەغدا. دواتر لە مانگی ئەیلوول پاکستان و لە تشرینی یەکەمیش ئیران هاتنە نێو پەیماننامەکە.

له ئەنجامی ئەم کارەساتە، ئەو بارگرانییەی لەسەر شانی ئێوەیە زیاتر دەبێ، هەروەها بارودۆخی خەباتی ئێوە زەحمەتتر دەبێت و ڕێگای ڕزگارکردنی وڵات و یەکبوون درێژتر دەبێت. لەبەر ئەم هۆکارانە، پێشەنگەکانتان له خەباتدا و هەڵگرانی ئاڵای ڕزگاری کوردستان- پارتی دیموکراتی کوردستان- داواتان لێ دەکات له دەوری کۆببنەوە، بۆئەوەی بوێرانه و به بڕواوه شانبەشان لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، لەپێناو ئاشتی، ئازادی، سەربەخۆیی و پوچەڵکردنەوەی پلانه سەربازییەکانی ئیمپریالیست خەبات بکات"[1].

بەم شێوەیه پ.د.ك له چالاکییەکانی خۆی هەوڵی دەدا پەردە له ڕووی پلانەکانی ئیمپریالیزم هەڵماڵێ و یەکگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەگەڵ هێزە دیموکراتەکانی تری عێراق مەیسەر بکات.

ساڵی ١٩٤٦، له بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە کە له دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، گەلی کورد چەندین جار سەربەخۆیی بەدەستهێناوە، چ ئاشتیانه بێ له ڕێگای نوێنەرانی خۆیەوە له کۆنفرانسی پاریس، یان به ڕێگای ڕاپەڕینی چەکداری له دێرسیم، دیاربەکر، سلێمانی و بارزان. لەو بڵاوکراوەیە ئاماژە به هەوڵی بەردەوامی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی و بەدەستهێنانی یەکجارەکی داواکارییە ڕەواکانی خۆی کراوە.

لەبڵاوکراوەکەدا هاتووە، لەگەڵ ئەو داخوازییانەی گەلی کورد، کەچی گوێ لەدەنگی ئەو میللەتە نەدەگیرا، چونکە وڵاتانی زلهێز هەرگیز هەوڵی ئازادی گەلانی بچووکیان نەداوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە هەوڵی ئەوەیان داوە ملکەچیان بکەن.

ئەمەش هۆکارەکەی ئەوەبوو کە جەنگی یەکەمی جیهانی، جەنگی ئیمپریالیست و ئامانجەکانی ئازادی گەلان نەبوو، گەلی کوردی قارەمان باش له یادیەتی کە ئازاری زۆر، بێبەشی و مەینەتی چێشت، ئەو باش تێدەگات کە حکومەتی عێراق بەپێچەوانەی دەستوور کاردەکات، بۆیە به دوژمنێکی سەرسەختی دادەنێ.

گەلی کورد دوو دوژمنی سەرەکی هەیە، ئەویش ئیمپریالیزم و حکومەتی کۆنەپەرستی عێراقە، بۆیە گەلی کورد لەپێناو لەناوبردنی دیکتاتۆری و ڕژێمی کۆلۆنیالیزمیدا دەجەنگێ.

کورد تا دوا هەناسە خەبات دەکات دژبه دیکتاتۆریەتی ئیمپریالیزم. ئەوان توانای خۆیان یەکخست لەگەڵ جەنگی پیرۆزی دژبه فاشیزم و سوێندیان خواردووە دژبه ڕژێمی عێراقی فاشی و دیکتاتۆر خەبات بکەن. سەرکەوتن بەسەر ئەڵمانیای هیتلەری له ئەنجامی جەنگی

١ ڕۆژنامەی ڕزگاری، ڕێکەوتی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٥٥.

دووەمی جیهانی، سەرکەوتنی دیموکراسی بوو بەسەر فاشیزم، ئەو سەرکەوتنە زامن نەدەکرا، ئەگەر هێزە دیموکراسییەکان لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە سەرۆکایەتی نەکرابا.

لە بڵاوکراوەکەدا هاتووە: "ئێمەی کورد، لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بووین، بە خوێنی خۆمان و بەشداریکردن بەگشت وزە و توانایەکەوە. لەم جەنگە ئێمە ڕۆڵمان هەبوو لە گەیشتن بەو سەرکەوتنە، هەر بۆیە لەسەر بنەمای بەڵێنی ئەتڵەسی، داوای دابینکردنی بژێوی ڕۆژانە و مافی سەربەخۆیی بۆ خۆمان دەکەین.

ئێمە نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کوردین، بەگشت جیهانی ڕادەگەیەنین کە خەبات لەپێناو مافە یاسایەکانی خۆمان و ئازادی و سەربەخۆیی گەلی کورد دەکەین".

گەلی کورد خەبات لە دژی عەرەب، تورك یان ئێران ناکات. عەرەب، تورك و ئێرانی دۆست و هەڤاڵی ئێمەن، ئێمە بەو بۆنەیەوە ڕایدەگەیەنین کە ئەو یەکێتییە پیرۆزە و شکۆمەندەی نێوان کورد و عەرەبی عێراقی دەبێت بەردەوام بمێنێت و ئێمە دان بەمافەکانی گەلی عەرەبدا دەنێین لە خەباتیدا بۆ ڕزگاربوونیان لە چەنگی ئیمپریالیزمی دیکتاتۆری، ئێمە ڕێز لەو گەلە دەگرین و پشتگیری خەباتیان دەکەین لەپێناو گەیشتن بە مافی سەربەخۆیی ڕاستەقینەی خۆیان.

ئێمەی کورد دەبێت شان بە شانی گەلی عەرەب بجەنگین بۆ لەناوبردنی کۆنەپەرستان و دیکتاتۆر و ئیمپریالیزم، هەردوو گەل بەیەکەوە و بەهەموو توانایەکمانەوە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی عێراقی یەکگرتوو بدەین.

ئێمە خەبات دەکەین لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازاد و یەکگرتوو بۆ (کورد و عەرەب)[1]. ئەم بزووتنەوەیە ئەرکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە و ڕێگای تەواوی ئەو خەباتە دیاری کراوە.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دژبە ئیمپریالیزم، کۆنەپەرستان و چەوسانەوە خەبات دەکات. ئەمە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕییە، لە ڕووی میتۆدی خەباتەوە پێشکەوتوو و دیموکراتخوازە لە ڕووی ئامانجەوە، ئەو بزووتنەوەیە لەدوای ئەو داستانە مەزنەیە کە پاڵەوانەکەی پارتی دیموکراتی کوردستانە، ئەم پارتە گەل بە ڕێگایەکی ڕاستدا دەبات کە ڕێگای یەکگرتنی خەباتە لەگەڵ عەرەبی ئازادیخواز لە عێراق دژبە ئیمپریالیزم و

---

١ ڕاگەیەنراوی پارتی دیموکراتی کوردستان،ساڵی ١٩٤٦، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

کۆنەپەرستان و لەپێناو دامەزراندنی کۆمکارێکی دیموکراتی کە گەرەنتی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی عێراق دەکات.

یەکێتی عێراق لەسەر یەکێتی و ئازادی هەردوو گەلی برا، کورد و عەرەب- سەقامگیرە. پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاڵای برایەتی و خەباتی گەلانی کورد و عەرەبی بەرز کردەوە، پارتی ئەم دروشمەی هەڵگرتبوو (ئیمپریالیزم و پارێزەرانی سەریان دای لەبەردی یەکێتی کورد و عەرەب)[1].

پارتی هەردەم ئەوەی ڕاگەیاندووە، هەر سەرکەوتنێك نەتەوەی عەرەب بەدەستی هێنابێت لە خەباتی دژبە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و لەپێناو ئازادی و دیموکراسی، بەسەرکەوتنی نەتەوەی کورد دادەنرێت. لە هەمانکاتدا بزووتنەوەی دیموکراتی کورد بووە هۆی پێشکەوتنی دیموکراسی و ئازادی لە وڵاتانی عەرەبی. کورد پشتگیری لە خەباتی ڕزگاریخوازی هێزە پێشکەوتووەکانی میسر، سوریا، لوبنان، جەزائیر، ئوردن، عومان و باشووری عەرەبی دەکرد، هەروەك چۆن ئەوان پشتگیریان لە برا عەرەبەکانی عێراق دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی خۆی ڕاگەیاند بۆ گشت بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێشکەوتووی گەلی عەرەب. زۆر باش ئەو ڕاستیانەمان لەیادە کە گەلی کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ڕاپەڕینی گەلی میسر لە ساڵی ١٩٥٢ دژبە دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستان و لەکاتی دەستدرێژییە سێ قۆڵیەکە بۆ سەر میسر. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٦ کورد چالاکانە بەشداریان لە ناڕەزایەتی دەربڕین و خۆپێشاندانی جەماوەری بۆ پشتگیریکردن لە میسر کرد.

کورد و عەرەب بەیەکەوە لە ساڵانی ١٩٥٦-١٩٥٧ هاوکاریی خەباتی سوورییەکانیان کرد، هەر لە سوریا کورد شانبەشانی برا عەرەبەکانیان دژبە ئیمپریالیزم و لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی و دیموکراسی خەباتیان دەکرد. پارتی دیموکراتی کوردی سوریا، زۆر چالاکانە بەشداری لە خەباتی گەلی سوریا دەکرد دژبە ئیمپریالیست کە هەوڵی ئەنجامدانی کودەتای دەدا لە سوریا. ئەو پارتە داوای لە جەماوەری گەلی کورد کرد، پشتیوانی لە سەربەخۆیی سیاسەتی دەرەوەی سوریا بکەن[2].

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.
٢ هەمان سەرچاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆرجوازی سوریی دوای پتەوکردنی شوێن پێی خۆی، دڵسۆزیی کوردی (لەبیرچوو) کە تایبەت بوو بە خەبات دژبە ئیمپریالیست، ئەوەبوو لەو وڵاتە چالاکییەکانی دژە کورد توندوتیژ بوون.

ئەندامانی پ.د.ك بە شێوەیەکی پراکتیکی لە چالاکییەکانی خۆیان ئەوەیان نیشاندا کە ئەوان پشتگیری بزووتنەوەی دیموکراسی عەرەب دەکەن. بۆ نموونە (ئیبراهیم ئەحمەد) سکرتێری لێژنەی ناوەندی پارتی، عومەر مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دەیان ئەندامانی پارتی، تووشی دادگاییکردن بوونەوە بە تۆمەتی پشتگیریکردنیان لە میسر و سەرکۆنەکردنی دەستدرێژی بۆ سەر ئەو وڵاتە، ئەوان بەرگریان لە خەباتی میسری عەرەبی دەکرد، بەرگریکردن لە خەباتی ڕەوای نیشتمانپەروەرانەی دژە ئیمپریالیزم، ئەوانی خستە حاڵەتێکی سەختەوە کە بە دادگایەکی ناعادیلانە مافە مەدەنییەکانی ئەوان، بەپێی یاسایەکی سەربازی کاتی، زەوتکرا[1].

بێگومان چاکەی پ.د.ك لەوەدایە کە ئەو بزووتنەوە کوردییەی جیا کردووەتەوە لە تیۆرە کۆنەپەرستە ئیمپریالیستە دوورەپەرێزەکان کە برایەتی کورد و عەرەبی بچووك کردبووەوە و بەبێ بایەخ سەیری دەکرد، بە غەدر و خیانەتی عەرەبی ناودەبرد.

لەهەمان کاتدا پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو بیرۆکەیەی بە درۆ خستەوە کە نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کورد و مافی چارەنووسی کورد دەکرد، هەروەها نکۆڵیان لە ڕاستی بابەتیانەی بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دەکرد. لەسەر بنەمای ئەم هەموو بیرۆکە و بۆچوونانە پێویستیی دامەزراندنی پارتێکی کوردی و ڕێکخراوە دیموکراتییە کوردییەکانیان ڕەت دەکردەوە[2].

پارتی دیموکراتی کورستان، لە بایەخی ئەو جۆرە بۆچوونانەی کەم کردەوە و لە ئێستادا زۆر کەم ئەو جۆرە تیۆریانەی لەبیر ماوە. تەنانەت لایەنگرانی ئەو بۆچوونانەش کاتێك پروپاگەندە بۆ ئەو جۆرە بۆچوونانە دەکەن، ڕەتی دەکەنەوە. ئێستا کەس گومانی لە بوونی نەتەوەی کورد و مافەکانی و لەبوونی پارتەکەی و ڕێکخراوەکانیشی نییە. سەرکردایەتی و جەماوەری گەلی کورد بە هەموو توانایانەوە پشتگیری لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب دەکەن و هاوکاری گشت پارتە دیموکراتییەکانی عێراق دەکەن و بەشداری لە خەباتی

---

١ دیمانەی جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣.
٢ ڕاگەیەنراوی کۆتایی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

ڕزگاریخوازیشدا دەکەن. پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕاستی کار بە دروشمی برایەتی کورد و عەرەب دەکات و هەوڵی پتەوکردنی دەدات.

بەشداریکردنی گەلی کورد لە بزووتنەوەی نەتەوەیی عێراق، هاوکاری سەربازی لەگەڵ عەرەب لە خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان، هەنگاوێکی گرنگ و بەدەستهێنانی هێزێکی گەورەیە. لەگەڵ هەموو ئەمانە لە بزووتنەوەی دیموکراتی عێراق یەك هەڵوێستی سەبارەت بە مەسەلەی کورد نابینرێ.

لەژێر سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ڕزگاریخوازی کورد بوو بەباڵێکی گرنگی بزووتنەوەی دیموکراسی لە عێراق.

پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر شتی کردووە بۆ بەرەوپێشبردنی بۆچوونە دیموکراتییەکان لەنێو تەواوی بزووتنەوەی نەتەوەیی عێراقیدا، شۆڕشی کوردستان بە ڕابەرایەتی پارتەکەی، بووە نموونەیەکی سەلمێنراوی دیموکراسی و ئازادی بۆ گشت عێراق.

شۆڕشی دیموکراتی کورد کە پارتی بەڕێوەی دەبرد، گشت دیموکراتخوازانی عەرەب و کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. ئەو شۆڕشە ئامانجەکانی لە نەهێشتنی فاشیزم و چەسپاندنی دیموکراتییەکی ڕەسەن خۆی دەبینێتەوە.

بەم جۆرە پ.د.ك پاسەوانی یەکێتی جەنگاوەرانی کورد و عەرەبە، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بزووتنەوەی نەتەوەیی عێراق بەهێز دەکات کە خەباتێکە دژبە ئیمپریالیزم، کۆنەپەرستان و دیکتاتۆریەت.

بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد هەردەم خەباتی کردووە دژبە گشت پیلان و نیازی خیانەتکارانەی ئیمپریالیزم کە بە پاڵپشتی سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە) دەیانویست ئەنجامی بدەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکات، خەباتی دژ بەو ئایدیۆلۆژیە کۆنەپەرستیە دەکرد کە دەیویست بزووتنەوەی کورد لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عێراقیدا بتوێنێتەوە، هەروەها پەردەی لە ڕووی ئەو ڕۆڵە پڕ مەترسیە هەڵماڵی و دەریخست، کۆنەپەرستان دەیانویست دژبە خەباتی هەردوو برا (کورد و عەرەب) و شێواندنی پەیوەندیی نێوان هەردوو برا لە داهاتوودا کاربکەن.

پارتی ئەوەی بەبیری گشت نیشتمانپەروەر و گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب هێنایەوە کە دەبێ پابەندبن بە برایەتی کورد و عەرەب و دان بە نەتەوەی کورد و مافەکانی

و یەکسانی ڕاستەقینەی کورد و عەرەبدا بنێن. چاکە و گەورەیی پارتی لەوەدایە کە بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی دانیان نا بە هەوڵ و ئامانجەکانی گەلی کورد و بەهێزکردنی خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەب. پارتی هەردەم و لەگشت بارودۆخێکدا ڕابەرێکی بەوەفای بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بووە. هەروەها لە بارودۆخێکی دژواری تیرۆریستانە و بارودۆخی ئاسایی و لەژێر فشاری کلکی ئیمپریالیزمدا، پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردی کردووە، هیچ کاتێکیش پەشیمان نەبۆتەوە لەو دروشم و ئامانجانەی، هەروەها وەك قەڵایەکی خواست و ئاواتی نەتەوەیی کورد و جەماوەری فراوانی نەتەوەی عەرەبی بە خۆڕاگری ماوەتەوە.

لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، پارتی وەك پارێزەرێکی ڕاستەقینەی گەلی کورد بوو کە بە ئەمەك و وەفادارییەوە شان بە شانی عەرەب ڕێگای ڕاستەقینەی شۆڕشی گرتۆتەبەر بۆ گەیشتن بە دیموکراسییەت و ئامانجە گشتیەکان و وەستان دژ بە دوژمنی سەرەکی کە ئیمپریالیزمە.

پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی کردووە بۆئەوەی چ لە ئاستی نەتەوەیی و چ لە ئاستی جیهانی، شرۆڤەی ناوەڕۆکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بکات.

بە پێچەوانەی ئەو درۆ هەڵبەستراوانەی ڕاستیەکانیان دەشێواند، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، هەروەك پارتی شرۆڤەی کردووە، بریتییە لە بزووتنەوەی جەماوەری، شۆڕشگێڕانە و دژە ئیمپریالیزم، بزووتنەوەیەکی پێشکەوتنخواز و دیموکراتیخواز کە دژبە خاوەن موڵك و زەویوزارەکان و کۆنەپەرستان ئاراستەکرابوو، پارتی ڕایدەگەیەنێ ئامانجی بزووتنەوەکە بریتییە لە خەباتی بێوچان دژبە بۆچوونی نەتەوەپەرستان کە بزووتنەوەی گەلی کوردیان خستبووە ناو بازنەیەکی تەسکی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە، تا ئەم بزووتنەوەیە دابڕێت لە بزووتنەوەی نزیکترین گەلانی دۆست و هاوسۆز. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی شۆڕشی ئەو گەلانەی خەباتیان لەپێناو ڕزگاری، سەربەخۆیی، مافی چارەی خۆنووسین و دیموکراتیدا کردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزگاری لەمافی چارەی خۆنووسینی گەلانی چەوساوە و جیابوونەوەیان لەو دەوڵەتانەی ئەوانی تێدایە، دەکات.

پارتی بڕوای بە بزووتنەوەی سەربەخۆیی نەتەوەیی کورد هەیە، بڕواشی بە خەباتی گشت گەلانی کۆیلە و ژێردەستە و نیمچە ژێردەستە هەیە کە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی

نەتەوەیـدا ئـەنجامی دەدەن، پـارتی وزە و توانـای شۆڕشـگێڕی خـۆی لـەم بزووتنـەوانە دەبینێتەوە.

ئەو بزووتنەوەیـە، بە سـەرکەوتنەکەی، ئیمپریـالیزم لاواز دەکـات و پایـە و بناغـەکانیان لەگشت ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا دهرووخێنێت و بزووتنەوەیەکی بـەهێز و توندوتۆڵ دێنێتە ئاراوە کە لەپێناو ئاشتی و دیموکراتی و سۆسیالیزم خەبات دەکات.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان خـەبات دەکـات لـەپێناو بەدەسـتهێنانی مـافی چـارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد و پێشـڕەوی بـزووتنەوەی نەتـەوەیی کـورد دەکـات، بـۆ ڕزگـاری کوردستان و بوژاندنەوەی، یـەکبوون وسـەربەخۆیی و هـەروەها لـەپێناو پاراسـتنی ئاشـتی و دیموکراسی.

پارتی، بزووتنەوەی کوردی کە لـەپێناو ڕزگـاری نەتەوەییدایـە، بە بەشـێك لـە بـزووتنەوەی سۆشیالیستی لە جیهان دادەنێ. پارتی لە هەوڵی بەردەوامدایە، بۆئەوەی خەباتی جـەماوەری گەلی کورد لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی بچێتە نـاو ڕێـڕەوی گشـتی خـەباتی شۆڕشـگێڕانی نێودەوڵەتی. پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر بنەماکانی بارودۆخی جیهـانی و بـارودۆخ لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەگشـتی بـە کوردسـتان و عێراقیشـەوە و بـەهۆی هەلومـەرجی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییەوە و هێزەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان لە عێراق و کوردسـتاندا، وایدەبینێ کە جیابوونەوەی ئەو کوردستانەی بەزۆر بە عێراقـەوە لکـاوە، لەوکاتـەدا زیـانێکی گەورەی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و گەلی عێراق دەگەیانـد، لەبـەرئەوە ئێسـتا ئەو داخوازییە داوا ناکرێت[1].

بازنە کۆنەپەرستە ئیمپریالیستەکان، شوفێنیستە عەرەبەکان و خیانەتکارانی کوردی عێراقـی هـــەوڵی شـــێواندنی نـــاوەڕۆکی بـــزووتنەوەی ڕزگـــاریخوازی کوردیـــان دەدا و بـــەپێی بەرژەوەندییەکان و ئامانجەکانی خۆیان درۆیان بۆ هەڵدەبەست. ئەوان بۆ هەمان مەبەسـت هەموو جۆرە کارتێکیان بـەکاردەهێنا و چەنـدین جـۆر تۆمـەت و درۆیـان دەخستەپاڵ ئـەم بزووتنەوەیە. هێزە کۆنەپەرستەکانی عێراق دژی بزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی کـورد بوون و دژایەتی سیاسی و ئایدۆلوژیان دەکرد، هەروەها کۆمپانییەکانیش فشاری دڕندانـەیان دەخستەسەر هێزە نیشتمانپەروەرە کوردەکان و هەوڵیان دەدا یارمەتی ئیمپریالیزم بـدەن بـۆ دەست بەسەرداگرتنی هەتا هەتای عێراق و کوردستان.

---

١ لە بەندەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٥٣، ئەرشـیڤی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان.

بازنـه‌کانی ئیمپریالیسـتی و هاوپه‌یمانـه‌کانی هـه‌موو جـۆره چـه‌کێکیان دژی بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگــاریخوازی کــورد بـــه‌کارهێنا کاتێــك ئه‌و بـــزووتنه‌وه‌یه بـــه‌هێز ببوایـــه و ئامـــانجی به‌ده‌ستهێنانه‌وه‌ی مافه‌کانی گه‌لی کوردی هه‌بووایه.

ئیمپریالیسـته‌کان، پ.د.ك یـان بـه جوداخـواز (به پێـی نه‌خشـه‌ی داڕێـژراو لـه ده‌ره‌وه‌ی سنوور) و به (چالاکی تێکده‌رانه) تاوانبار ده‌کرد، ته‌نانـه‌ت هـه‌وڵی بێهوده‌یـان ده‌دا بـڕوا به عه‌ره‌ب بهێنن که بـزووتنه‌وه‌ی کـوردی ده‌سـتکردی بێگانه‌یـه و دژبه عـه‌ره‌ب ئاراسـته‌کراوه، به‌تایبه‌تی عه‌ره‌بی عێراقی. پارتی دیموکراتی کوردستان ناوه‌ڕۆکی بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگـاریخوازی کــوردی شرۆڤــه کــردووه و لایــه‌نه پێشــکه‌وتنخوازه شۆڕشــگێڕیه‌که‌ی بــه‌دیار خســتووه و ڕابه‌رایه‌تی ئه‌و بزووتنه‌وه‌یـه‌ی خستووه‌ته ئه‌سـتۆی خـۆی و ڕایگه‌یانـدووه که بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگــاریخوازی کــورد بـــریتییه له بزووتنه‌وه‌یـــه‌کی دژه ئیمپریالیســـت، پێشـــکه‌وتنخواز، بزووتنه‌وه‌یه‌کی شۆڕشگێڕه و هاوپه‌یمانێکی دڵسۆزی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی گه‌لانی تره.

ئــه‌م بــزووتنه‌وه‌یه نــه‌ك ته‌نیــا دوژمنــی گــه‌لی عــه‌ره‌بی عێــراق نــه‌بووه، وه‌ك چــۆن ئیمپریالیسـته‌کان هـه‌وڵیان بـۆ ده‌دا، بـه‌ڵکو به‌پێچه‌وانـه‌وه پشـتیوانی لـه خـه‌باتی ڕه‌وای زه‌حمه‌تکێشانی عه‌ره‌ب ده‌کرد و ته‌واوکه‌ری بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی گشت عێراق بوو.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هـه‌رده‌م دژی لـه نـاوبردن و جیـاخوازی بـوو، ئاشـکرایه که ئیمپریالیست و کلکه‌کانی به‌بێ جیـاوازی، بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگـاریخوازی کوردیـان بـه جیـاخواز تاوانبار ده‌کرد، له هـه‌وڵی ئه‌وه‌دا بـوو زیـان به بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگـاریخوازی کـورد و برایـه‌تی کورد و عه‌ره‌ب بگه‌یه‌نن و خوازیار بوون له‌و ڕێگایـه‌وه به‌رژه‌وه‌ندییـه‌کانیان لـه ڕۆژهه‌ڵاتـی ناوه‌ڕاستدا بپارێزن.

وه‌ڵامـی ئه‌و درۆیانـه‌ی دوژمنـانی ئـازادی کـورد له‌لایـه‌ن سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردستان (ئیبراهیم ئه‌حمه‌د) درایه‌وه، ئه‌وه بوو له وتارێکیدا له ڕۆژی ١١ی ئه‌یلـوولی ١٩٥٨ بۆچوونی پارتی سه‌باره‌ت به‌و مه‌سه‌له‌یه خسته‌ڕوو.

ئه‌و گوتی: له چه‌ندین ڕاگه‌یاندندا باس له بوونی گیانی جوداخوازی له‌ناو گـه‌لی کـورد بـه فراوانی کراوه، ئه‌مه له کاتێکدا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هه‌ڵوێسـتی ڕاسـته‌قینه‌ی خـۆی ڕاگه‌یاندووه و ئه‌و هه‌ڵوێسته ڕۆڵێکی گرنگـی هـه‌بوو له بنیاتنـانی په‌یوه‌ندییـه‌کانی کـورد و عه‌ره‌ب له‌سه‌ر بنه‌مای هاریکاری هاوبه‌ش و پشتگیریکردنی یه‌کتری. پارتی هه‌ڵوێستی خـۆی سه‌باره‌ت به جوداخوازی به‌م شێوه‌یه‌ی شرۆڤه کردووه:

بە بۆچوونی پارتی دیموکراتی کوردستان، جوداخوازی دیاردەیەکی سادە نییە و وانییە بەسانایی بتوانێت لەبارودۆخی ناوخۆ و نێودەوڵەتی بکۆڵیتەوە، بێ ڕەچاوکردنی ئەو دەرەنجامانەی پەیوەستە بە بەهێزکردنی یان بەلاوازبوونی بۆچوونە جیاوازەکان لە جیهاندا.

پێویستە لە جیابوونەوەی هەر گەلێك لەهەر دەوڵەتێك لە جیهان، ڕەچاوی پێشهات و دەرەنجامەکانی بکرێت، واتە:

ئایا ئەو جیابوونەوەیە کاریگەریی ئیمپریالیزم لاواز دەکات، ئایا کۆڵەگەکانی ئەو دەلەرزێنێ و بەرەی گەل بەهێز دەکات، گەل بەرەو سەرکەوتن دەبات لەو خەباتەی کە لەپێناو ئاشتی و ئازادی و دیموکراتیدا دەیکات؟

ئەگەر وەڵام پۆزەتیڤانە بێت، ئەوا جیابوونەوە خێروبەرەکەتە و دەبێت پشتیوانی لێ بکرێت، وەک نموونە: جیابوونەوەی جەزائیر لە دەوڵەتی ئیمپریالیزمی فەرەنسی.

ئەگەر وەڵامیش نێگەتیڤ بێت، ئەوا جیابوونەوە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ئیمپریالیزم و پتەوبوونی هەڵوێستی، لەهەمان کاتدا، لاوازبوونی بەرەی گەل و دروستکردنی کۆسپ و تەگەرە لە خەباتیاندا، کەواتە جیابوونەوە دەبێتە مایەی گاڵتەجاری و ڕق و کینەی ئەو دەوڵەتەی لێی جیادەبێتەوە بەرامبەر بەو گەلەی داوای جیابوونەوە دەکات.

لەم ئەگەرەدا دەبێت دژی جیابوونەوە بوەستین و دژی لایەنگرانی بجەنگین.

لەوەی لەمەوپێش باس کراوە، دەردەکەوێت کە نابێت وەك شتێکی ڕەها سەیری جیابوونەوە بکەین. بۆ چارەسەرکردنی بابەتی جیابوونەوە دەبێت، لە ڕووی بابەتگەرایی مێژووییەوە بۆی بچین، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گشت بارودۆخێك. ئەگەر سەیری پرسی جیابوونەوەی گەلی کورد لە کۆماری عێراق بکەین لەژێر سێبەری ئەو بارودۆخەدا، دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە:

کۆماری عێراق بریتییە لە بەرهەمی خەباتی سەختی بەردەوامی گەلانی کورد و عەرەب لە قۆناغی ئینتدابدا و بە خەبات لەپێناو (بەڕێوەبردنی نەتەوەیی) ناودەبرا.

ئەم کۆمارە نوێیە، لێدانێك بوو ئاراستەی ئیمپریالیزم کرا لەیەکێك لە بەهێزترین پێگەکانی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاستدا و یەك لە زنجیرەکانی پلانی دەستدرێژیە سەربازییەکانیان ئاشکرا کرا.

کۆماری عێـراق وەك پرنسـیپ سیاسـەتی دەرەوەی لەسـەر بنـەمای بێلایـەنی پۆزەتیـڤ و سەربەخۆ بوو، ئەو بـەپێی پرەنسـیپەکانی بانـدونگ و هاوکـاریکردن لـەگەڵ گشـت وڵاتـانی جیهان لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو و سوودی هاوبەش، کاری دەکرد.

کۆمـاری نـوێ لەوکاتـەی دامـەزراوە، ڕایگەیانـدووە عێـراق نیشـتمانی هاوبەشـی کـورد و عەرەبە و دەستووری تازە مافە نەتەوایەتیەکانی کوردی چەسپاندووە.

لە بارودۆخێکی ڕوون و ئاشکرای سەردەمدا جیابوونـەوەی کوردسـتان لە کۆمـاری سـاوای عێراق دژی بەرژەوەندیە بنەڕەتییەکانی هەردوو گـەلی کـورد و عەرەبـە، ئـەم جیابوونـەوەیە خزمەتی ئیمپریـالیزم دەکـات و پایـەکەیان نـەك هـەر لە عێـراق، بـەڵکو لـە گشـت وڵاتـانی ڕۆژهەڵاتـی نزیـك و ناوەڕاسـتدا بـەهێز دەکـات و ڕاسـتەوخۆ دەبێـتە هـۆی لاوازکردنـی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلان لەگشـت ناوچەکـەدا (لەوانە گـەلی کـورد) و لاوازکردنـی هەڵوێستی هاوڕێی هەمیشـەیی لـە خەباتـدا. جیابوونـەوە لـە عێـراق لەبـەر ئـەم هۆکـارانە بەرژەوەنـدییە ڕاسـتەقینەکانی هـەردوو گـەلی کـورد و عـەرەب و ئامـانجە هاوبەشـە ڕزگاریخوازەکانیان دەخاتە مەترسییەوە.

سکرتێری پارتی لە دانیشتنی ئەنجوومـەنی دەوڵەتـدا ڕایگەیانـد: "ئـێمە دەبێـت بەهـەموو شـێوەیەك بـوونی ڕێچکـەی جوداخـوازی لـەناو ڕیزەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کـوردا بەدرۆ بخەینـەوە، ئـێمە بـە ورەیـەکی بـەرزەوە ئەو درۆ و ڕایگەیانـدنە پـڕ لـە ڕك و کینـەیە مەحکوم دەکەین، هەروەها دژی بـوونی بزووتنەوەیـەکی ڕێکخـراوی دوژمنـانی ئەو کۆمـارە ڕادەوەسـتین کە ئامانجەکـەی نـەك تەنیـا لەکـەدارکردنی یـەکێتی گەلەکـەمان و بۆچـوون و هەڵوێستی تەواوی خەباتی گەلە، بەڵکو مەبەستی دروسـتکردنی بۆشـاییە لـەنێوان هـەردوو نەتەوەی کـورد و عـەرەب، دروسـتکردنی درزێـك، تـا ئەوان بتـوانن لـەوێوە بخـزێنە نـاوەوە بەمەبەستی شێواندنی بـارودۆخ و دۆزینـەوەی بیانویـەك بـۆ دەسـت خسـتنە نـاو کاروبـاری ناوخۆوە[1].

ئەو پروپاگەندە درۆیانەی لە دەوروپشـتی بـزووتنەوەی کوردیـدا سـەریهەڵدابوو لـە پێنـاو جیاکردنەوەی ئەو بزووتنەوەیە لە کۆماری عێراق، لە سەرچاوەیەکی ئاشکراوە هەڵقوڵابوو.

ئەگەر یەکەم ڕۆژی شۆڕشتان لە یادبێـت، ئەوا ڕووی ئەو دوژمنانە بە ئاشکرا دیاربوو. لەو ڕۆژ و ساتە مێژوویـانەی عێـراق، کاتێـك گشـت گـەلی کـورد لـە هـەموو کوردسـتانی عێـراق

١ لە وتارەکەی ئیبراهـیم ئەحمـەد سـکرتێری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە کۆبوونـەوەی ئەنجومـەنی دەوڵەت، ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٩، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

دەستیان دابووە چەك بۆ چەسپاندنی ئەو کۆمارە و پاراستنی لە ئیمپریالیزم و پیاوەکانی، ڕادیۆکانی ئیمپریالیزم و کلکەکانی باسیان لە (بزووتنەوەی جوداخوازی و یاخیبوون) لە کوردستان دەکرد و بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە بەم زووانە یارمەتی ڕژێمی لەکارخراو بدەن و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم دروست بکەنەوە و ڕایانگەیاند "بەم زووانە ئەو هەورە دەڕەوێتەوە".

(ئەو ئیمپریالیزمەی کە شۆڕشی عێراق وەک گورزێك بوو لەو وەشێندرابێ، بێزار نەبوو لە هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی گەورەیی و باڵادەستی خۆی، بۆ ئەو مەبەستە پەنای بردە بەر ئەو تاکتیکەی کە سیاسەتی ئیمپریالیزم لە سەری سەقامگیر بوو، ئەویش سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە بوو، ئەو سیاسەتەی لە مێژە بەروبومەکەی دەچنێتەوە.

ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی کە بریتین لە گرووپێکی مامناوەندی خزمەتگوزار و فەرمانبەری ڕژێمی لێکەوتوو- تێدەکۆشان لەپێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان و لەپێناو کاریگەریی سیاسەتی خۆیان لەبەردەم ئەو کەسانەی پشتگیری لە نەتەوەی کورد و عەرەب دەکەن. ئەوان دژبە پەرەسەندنی هێزی ئەو دوو نەتەوەیە تێدەکۆشن و دەست دەکەن بە بڵاوکردنەوەی هەواڵی سووك و بێ مانا.

بەڵام ئەو دوژمنانە ئاسنی سارديان دەکوتا، چونکە سەردەمی پرەنسیپەکەی ئیمپریالیزم (پەرتکە و زاڵبە) بەسەرچوو و ناگەڕێتەوە.

هەستی گەشەسەندووی گەلەکەمان، ژیریی تەواوی قارەمانەکانی، بەسە بۆئەوەی پەردە لەڕووی مەکر و فرت و فێڵی ئەو دوژمنانە لابەرێت و ڕایبەگەیەنێ کە دوژمنان دەتوانن تەنیا خۆیان هەڵبخەڵەتێنن.

ئەرکێکی گرنگ لەسەر نەتەوەی کورد و عەرەب و لەسەر هەموو عێراقیەکی بەشەرەفە، لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ئەم قۆناغە مێژوویە ئەو ئەرکە ناچارمان دەکات بە وریایەوە مامەڵە لەگەڵ گشت ئەو سیاسەتانە بکەین کە ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانی لە ڕێگەی (پیلان، زیندووکردنەوەی دووبەرەکی) هەوڵی بۆ دەدەن، بۆئەوەی توانا و باڵادەستە لەکارکەوتووەکەیان بگەڕێننەوە[1].

ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەڵامێکی چاکی ئیمپریالیست و تاقمە کۆنەپەرستەکانی دایەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردیان بە

---

١ هەمان سەرچاوە.

جوداخواز تاوانبار دەکرد. خەبات لە لاپەڕەکانیدا نووسیویەتی، هەموو ئەو تۆمەتانە دوژمن دروستی کردووە، نەک تەنیا بۆئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراتی لەکەدار بکات و بیشێوێنێ، ئەو بزووتنەوەیەی پابەندی یەك خەبات و ئامانجی سەرەکی گەلانی لەئەستۆ گرتووە لەوانە گەلی کورد، بەڵکو بۆئەوەی ئەو بزووتنەوەیە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەردوو گەل بەکاربهێنێ، ئەمە لەلایەك بۆ هاندانیان دژی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بۆ دروستکردنی هەڵدێر، دوژمنایەتیەکی گەورە لە نێوان گەلانی کورد و عەرەب و فارس و تورکدا، لەلایەکی تر بۆ تێکدانی یەکێتی خەباتی هاوبەشیان دژی ئیمپریالیزم و کلکەکانی و کۆنەپەرستانی گەل. دیارە ئەم سیاسەتە لەو کاتەوە کە دەسەڵاتی ئیمپریالیستەکان پەیدابووە پەیڕەو کراوە[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان، لە موریدان و لایەنگرانی برایەتی و یەکێتی کورد و عەرەب لە خەباتیاندا دژبە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان، خەبات لە پێناو مافە نەتەوەیە دیموکراتییەکان و لەپێناو پێکهێنانی یەك کۆماری دیموکراتی هاوبەش پێکهاتووە.

پارتی وای بۆ دەچێت بەرژەوەندی گشتی کورد و عەرەب و مەرجەکانی سەرکەوتنیان لە خەباتی نەتەوەیدا، گرنگی پێشکەوتنی ئابووری و بارودۆخی ڕۆژهەڵات و نێودەوڵەتی ئەمە هەمووی پێویستی بە دەوڵەتێکی دیموکراتی یەکگرتووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان دڵنیایە لەوەی:

یەکەم: یەکێتی کورد و عەرەب دەبێت ئارەزوومەندانە بێت.

دووەم: ئەو یەکێتییە دەبێت لە سەر یەکسانی تەواو لە ئەرك و مافەکاندا بنیات نرابێ.

سێیەم: دەبێت لە سەر ڕێزگرتنی هاوبەش لە مافەکان و قەوارەی نەتەوەیی بنیات نرابێ.

چوارەم: دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە گەلی عەرەب لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی و کوردیش لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کوردی[2].

ئەم یەکێتیە ئارەزوومەندانەیە لەگەڵ هیوا و ئاواتی گەلانی عێراق دەگونجێت و پێچەوانەی یەکێتیەکی بەزۆر دروستکراوە کە دوژمنایەتی و ڕکەبەرایەتی لە نێوان گەلاندا دەبوژێنێتەوە و بەردەوام تووشی هەرەسهێنانیان دەکات.

---

١ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٦٣، ٣٠ ئەیلوولی ١٩٥٩.

٢ لە بەندەکانی کۆنگرەی پێنجەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠. ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئـەم ڕاسـتیەی پێکـەوە ژیـانی گـەلان مێـژوو سـەلماندوویەتی، بـۆ نمـوونە ئیمپراتۆریـەتی عوسمانی نەیتوانی بە بەردەوامی بمێنێتەوە، چونکە ئەو لـە سـەر بنـەمای یەکێتیـەکی بـەزۆر پێکەوەلکاندن و تواندنەوە دامەزرابوو.

پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لە هــەوڵی یەکێتیـەکی دۆسـتانەی کـورد و عەرەبـدایە و بەردەوام بانگەشەی یەکێتیـەکی ئارەزوومەندانـەی هـەردوو گـەلی کـورد و عـەرەب لـە نـاو دەوڵەتی عێراقی دەکات، لەبەر ئەوە پـارتی دژایـەتی تواندنـەوە و پێکەوەلکانـدنی کـردووە، هەروەك چۆن دژایەتی جوداخوازی کردووە.

(ڕیشەی برایەتی کورد و عەرەب زۆر کۆنە، یـەکێتی بەرژەوەنـدی و یـەکێتی پەیوەنـدی و هەروەها دوژمنی هاوبەش و مەینەتیەکان پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێـوان هـەردوو گـەلی کورد و عـەرەب دروسـت دەکـات و ئـەرکی یەکخسـتنی توانـا و ئـاڵوگۆڕکردنی هاوکـاری لـە خەباتدا دژبە ئیمپریالیست و ئەوانـەی مافـەکانی هـەردوو ئەو گەلانـەیان زەوت کـردووە لە ڕەگەزنامە و مافە دیموکراسی و نەتەوەیەکانیان، خستووەتە ئەستۆی ئەو دوو گەلە.

خاوێنی پەیوەندییەکانی کورد و عەرەب و نەبوونی پێکـدادان و دوژمنایـەتی نێوانیـان لـە سەرەتای مێـژووەوە تـا ئـەمڕۆ ئەو ئـەرکە پیرۆزەیـان ئاسـان بـووەوە و خەسـڵەتی برایـەتی، هاریکـاری و هەسـتی گـەرمی یـەك بـۆ ئەوی تریـان لە خۆگرتـووە. پەیوەنـدییە برایانەکـەی نێوانیان بە شێوەیەك بەهێز بووە کە ئەوان هەستی هاوبەشیان هەبێ و لـەکاتی ناخۆشـی و نیگەرانی، لە دڵتەنگی، هەژاری و خۆشیدا هاو هەڵوێست بوونە. ئەوەتا گەلی کـورد هـەموو سەرکەوتنێکی گەلی عەرەبی بەسەرکەوتنی خۆی زانیوە)[١].

پارتی بەردەوامە لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی سیاسـی خـۆی کـە بـۆ بـەهێزکردنی برایـەتی کـورد و عـەرەبە، بـۆ بـەهێزکردنی یـەکبوونی خـەباتی هـەردوو گـەلی بـرا و ئـاڵوگۆڕکردنی هاریکاری نێوانیانە.

بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی لـە کوردسـتان لـە کـاتی جـەنگی دووەمـی جیهـانی، وازی لە دروشمی جیابوونەوەی کوردستان لە عێراق هێناوە، لە بەرامبەر ئەوەدا بانگەشەی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە ناو دەوڵەتی عێراقی دەکات.

ئەم داخوازییە بە ئاشکرا لە کاتی شۆڕشی نەتـەوەیی لە بـارزان ڕاگەیەنـرا، کاتێـك لێـژنەی (ئازادی)ی بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی ئەم داواکارییـەی لـە کـاتی شـەڕی چەکـداری لـە

---

١ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٩٢، ڕێکەوتی ٢٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠.

ناوچەی بارزان لە ساڵی ١٩٤٦ ڕاگەیاند. پاش ئەوە بارزانی داوای لە گەلی کورد و عەرەب کرد یارمەتی یەکتر بدەن و یەکبگرن لە خەباتیاندا دژبە دوژمنی هاوبەشیان کە ئیمپریالیزم و کلکەکانییەتی[١].

ساڵی ١٩٤٧، پارتی بەیاننامەیەکی فەرمی بڵاوکردەوە کە لەلایەن دکتۆر (جەعفەر محەمەد کەریم) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتیەوە ئیمزا کرابوو، بە ناونیشانی (یەکێتی نەك جیابوونەوە)، تێیدا باس لەوەدەکات، گەلی کورد هەوڵی یەکێتیەکی برایانەی ئارەزوومەندانە دەدات لەگەڵ گەلی عەرەب و نیازی جیابوونەوەشی نییە.

بەم شێوەیە پارتی دروشمی جیابوونەوەی لە دەوڵەتی عێراقی بەرز نەکردووەتەوە.

ڕۆژنامەی ناوەندیی پارتی (خەبات)، چەند جارێك ئەو ڕاستییەی ڕاگەیاندووە و داوای لە هێزە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکانی تری عێراق کردووە، پەیامە مێژووییەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن کە بریتییە لە بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب، هەروەها پێویستە ئەو هەواڵە درۆیانە دەمکوت بکەنەوە کە بۆ ئاژاوەنانەوە دەهۆنرێنەوە.

ڕۆژنامەکە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "هێزە نەتەوەییە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکان داوا دەکەن بۆچوونی جوداخوازی کۆتایی پێ بهێنرێ، چونکە:

یەکەم- لەبەرئەوەی ئەوە خزمەتی ئیمپریالیزم دەکات.

دووەم- لەبەرئەوەی ئەم جۆرە بۆچوونە هیچ ڕۆڵێکی کاریگەری نابێت لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا.

سێیەم- گومان و بێ متمانەیی بەرامبەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دروست دەکات کە ئەو بزووتنەوەیە بە شێکی گرنگی بزووتنەوەی شۆڕشگێری عێراق پێکدەهێنێ و هێزێکی پاڵپشتی کۆمارە تازەکەی عێراقە، هەروەها دەبێتە هۆی لاوازبوونی یەکڕیزی و برایەتی کورد و عەرەب.

چوارەم- ئەوە مانای زیادبوونی خەڵکانی جیهانی فەنتازیە کە توانای خۆی تەرخان دەکات بۆ خەباتی خەیاڵی و دوور لە ڕاستی لە شێوەی شەڕەکانی ڕۆمانی (دۆن کیشۆت). لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ خەبات بکرێت دژبە دوژمنەکانیان و پیلانگێڕان[٢]".

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.
٢ ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٣٠ی ئەیلوولی ١٩٥٩.

پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی دروستکردنی پەیوەندی برایانەی نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برایە لە سەر بنەمایەکی پتەو. بۆیە پارتی دژایەتی جوداخوازی کردووە، هەروەها دژایەتی تواندنەوەی ڕەگەزیی و بەزۆر پێکەوەلکاندن دەکات کە ئەمەی دواییان بەلایەنێکی گرنگی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد دادەنرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئاگاداری ئاسەوارەکانی سیاسەتی فاشییانەی تواندنەوەی ڕەگەزیی کردۆتەوە و پەردەی لە ڕووی ناوەڕۆکی کۆنەپەرستانەی ئیمپریالیزم هەڵماڵیوە، پارتی مەترسی خۆی دەربڕیوە و ڕایگەیاندووە کە ئەمە هەڕەشە لە یەکێتی کورد و عەرەب و خەباتی هاوبەشیان دەکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان وای بۆ دەچێ، سیاسەتی ئیمپریالیزم کە لەسەر پرەنسیپی (پەرتکە و زاڵبە) بنیاتنراوە، لە هەوڵی نانەوەی دژایەتییە لە نێوان کورد و عەرەبە، بەڵام پارتی دژی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەییە و پارێزەری بوون و مافە نەتەوەیەکانیەتی).

پارتی لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە بانگەشەی بۆ پێکهێنانی یەکێتییەکی ئارەزوومەندانە کردووە و دژی جوداخوازی و جیابوونەوە وەستاوە. پ.د.ك چالاکانە خەباتی کردووە دژی تواندنەوەی ڕەگەزیی و کۆسمۆپۆلۆتیزم و پارێزگاری لە گەلی کورد و مافەکانی کردووە. پارتی پرەنسیپی پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتی ڕاگەیاندووە لەبری بەزۆر پێکەوەلکاندن و تواندنەوەی ڕەگەزیی. هەروەها پارتی لەگەڵ ئەوەدایە کە دەبێ پێکەوە ژیان بەشێوەی ڕێزگرتنی هاوبەش لە مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکانی تر و بە یەکێتیەکی برایانە و ئارەزوومەندانە بێت.

پارتی داوای دەکرد کوردستانی عێراق لەلایەن نەتەوەی کورد خۆیەوە بەڕێوەببرێت، پارتی ئەم هەڵبژاردەیەی لەم قۆناغە مێژووییەی ئێستا، بە شێوازێکی شیاوی یەکێتی عێراق داناوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە بیرۆکەی بەزۆر پێکەوەلکاندن، نەك هەر لەبەر کۆنبوونی پەسەند نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەی بۆچوونێکی ئیمپریالیستی و فاشیانەیە و گەلی کورد بە هەموو توانایەکیەوە خەبات لە دژیدا دەکات، هەروەها لەبەرئەوەی ئەو بۆچوونە بریتییە لە بێتواناییەکی زیندووی مێژوویی و ناتوانێت هیچ شتیك بەرهەم بهێنێ جگە لە ناتەبایی نێوان کورد و عەرەب و لە ناوبردنی یەکێتی نەتەوەیی تێکۆشانی هاوبەشی هەردوو گەل.

ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئورگانی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندینجار سەبارەت بە مەترسییەکانی تواندنەوەی ڕەگەزیی وتاری بڵاودەکردەوە. لە عێراق و

کوردستانی عێراق هێرشی جەماوەری دژی پروپاگەندەی تواندنەوەی ڕەگەزیی نەتەوەی کورد بەڕێوەدەچوو کە ڕۆژنامەی قاسم (الثورة) بانگەشەی بۆ دەکرد و داوای دەکرد نەتەوەی کورد لەناو عەرەبدا بتوێنرێتەوە و قاسم هێزی بەکاردەهێنا بۆ خێرا ئەنجامدانی تاوانە فاشیەکانی. ڕۆژنامەی (خەبات) وتارێکی بڵاوکردەوە بە ناونیشانی (هەوڵی تواندنەوەی ڕەگەزیی نەتەوەی کورد و ئەگەری جێبەجێکردنی)، لەو وتارەدا هاتووە: ((نەتەوەی کورد ڕاستییەکی مێژوویی پتەوە و هەر هەوڵێکی تاوانکاری تواندنەوەی ڕەگەزیی و بەزۆر پێکەوەلکاندن، پلانەکانی ئیمپریالیزم پتەو دەکات کە ئێستا فاشیزمی عێراقی هەوڵی جێبەجێکردنی دەدات، بەڵام ئەم هەوڵە نەگەیشتە هیچ ئەنجامێک.

سیاسەتێك کە لەسەر هەوڵدانی تواندنەوە ڕەگەزی و بەزۆر پێکەوەلکاندنی گەلان سەقامگیر بێت، سیاسەتی هیتلەر، مۆسۆلینی و ئەتاتورکە کە لەلایەن گشت مرۆڤایەتیەوە مەحکوم کراوە و لە جیهاندا بە تەواوی ڕەت کراوەتەوە، چونکە دژی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی گشت مرۆڤایەتیە و هیچ کاتێك سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

زوڵم و زۆری تورك بەرامبەر بە گەلی کورد ئەوە بەدیار دەخات کە هەوڵدان بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد، هیچ کاتێك نایگەیەنێتە ئامانج.

گەلی کورد لە عێراق بەشێکە لە نەتەوەی کوردی دابەشکراو و لە سەر خاکی خۆی دەژێ کە کوردستانە.

مێژووی جیهان پشتگیری لەوە دەکات کە هەوڵە کۆنەپەرستیە فاشستیەکان بۆ تواندنەوە و سڕینەوەی ڕەگەزیی، دژبە ڕێبازی برایەتی و یەکێتی نەتەوەکانە. باشترین سەلماندنی ئەو ڕاستییە بریتییە لە هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی تورکیا بۆ سڕینەوەی ڕەگەزی کورد کە ماوەی سەدان ساڵە پەیڕەوی کردووە[1].

ئەم سەردەمەی ئێستا، سەردەمی بوژانەوە و هەستانەوەی نەتەوەکانە، سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپریالیزمە، هەرەسهێنانی بیرۆکەی بەزۆر پێکەوەلکاندن و سڕینەوەی ڕەگەزنامەیە.

لەم هەلومەرجە نوێیانەدا پرسی کورد مانایەکی گرنگی لە خۆگرتووە. ئەوەتا نکۆڵی لێکردنی دەبێتە هۆی دروستبوونی ناکۆکی لە نێوان نەتەوەکان. ئەو گرنگییە مانای چۆکدادانی سیاسەتی بەزۆر پێکەوەلکاندنی ئیمپریالیزم و دواتر هەرەسهێنانی خودی

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.

ئیمپریالیزمە، بـەڵام بە پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی تواندنـەوە، ئەو بوارەیـان بـۆ دەڕەخسـێ، تـا هەوڵی ئەوە بدەن ڕۆڵی خۆیان ببینن لەو ناکۆکیانەی لە نێوان نەتەوەکاندایە.

گەلی کورد (بەتوندی) مامەڵەی لەگەڵ بانگەوازی ئیمپریالیزم بۆ تواندنـەوەی ڕەگـەزیی و بە زۆر پێکەوەلکاندن دەکرد و نیشانیدا کە ئـەمە شـتێکە کـورد هـەرگیز ناتوانێـت پـێ ڕازی بێت. لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی ئەو کۆمارە دروشم و پرەنسیپی نیشـتمان مـوڵکی کـورد و عەرەبە بەرزکرابووەوە و جەخت لە سەر مافە نەتەوەییەکانی کورد کرایەوە.

ڕۆژنامەی (خەبات) ئەنجامەکانی هەوڵی بـەزۆر پێکەوەلکانـدن و تواندنـەوەی ڕەگـەزیی هەژمار کردووە و دەڵێ:

پـەیڕەوکردنی سیاسـەتی تواندنـەوەی ڕەگـەزیی و بـەزۆر پێکەوەلکانـدن، دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی ڕك و کینـە و بێـزاری و هەڵوەشـاندنەوەی یـەکێتی نەتـەوەیی. کـورد ئەو یەکبوونـەی نـاوێ کە هیچـی پـێ نەبەخشـێت جـگە لـە کۆیلایـەتی، بێبەشـکردنی لـە مـافە نەتەوەییەکانی، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ئاگر و شمشێر و کۆت و زنجیر و بەندیخانە.

هەرچەندە ئەو سیاسەتەی تواندنـەوەی ڕەگـەزیی و بـەزۆر پێکەوەلکانـدن سـەرنەکەوت، بەڵام لەگەڵ خۆیدا برسێتی و بەدبەختی، شەڕی ناوخۆی هێنا و ئەو شەڕە بووە هۆی ئەوەی زیانێکی گەورەی مادی و مرۆیی لێ بکەوێتەوە.

ئەو دەوڵەتەی ئەو سیاسەتە پەیڕەو دەکـات، بـەهێز بـێ یـان لاواز، لە بارودۆخێکـدا نیـیە بتوانێ بەرگەی با و بۆران بگرێت و دەوڵەتانی لەخۆی باشـتریش، بـە بچـووکترین گۆڕانکـاری لە بارودۆخ، کێشەیان بۆ دروست دەبێت.

گەلانی ئەو دەوڵەتانەی ئەو سیاسەتە پـەیڕەو دەکەن لـە ژێـر ئـاگری کۆیلایـەتی و لـەژێر باجێکی زۆر دەناڵێنن و بێبەشن لە ماف و ئـازادیە دیموکراتییەکـان. لە کۆتـایی ئەو بابەتـەدا دەڵێ: (دڵسۆزی بۆ یەکێتی نەتەوەیی، برایەتی کورد و عەرەب، پەژارەیـەك دروسـت دەکـات بۆ ئەوانەی هانی لەناوبردنی کورد دەدەن و بە تەواوی نکۆڵی لـە بـوونی نەتـەوەی کـورد و مافەکانی دەکەن[1].

شایەنی وەبیرهێنانەوەیە هێزە پێشـکەوتنخوازەکانی عـەرەب هـەموو کـات پروپاگەنـدەی تواندنەوەی ڕەگەز و بەزۆر پێکەوەلکاندنیان مەحکوم کـردووە و داوای یـەکبوونێکی ئـازاد و ئارەزوومەندانەی کورد و عەرەبیان کردووە، ئەوەتـا پـارتی کۆمۆنیسـتی عێراقـی ڕایدەگەیانـد

[1] ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢٢ی شوباتی ١٩٦١.

کێشەی نەتەوەی کورد پەیوەندییەکی نەپساوەی هەیە بە پرسی گواستنەوەی دیموکراسییەت بۆ گشت گەلی عێراق.

لێژنەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لە ئاداری ساڵی ١٩٦٢ ئاماژەی بەوە کردووە، لە پێشهاتەکانی بارودۆخ لە کوردستانی عێراق، چارەسەری پرسی کورد مانای دروستکردنی خۆ بەڕێوەبردنە لە کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا. خۆ بەڕێوەبردنی کوردستان دەگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی گەل و لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوخەباتیی دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی.

دروشمی خۆ بەڕێوەبردن لە کوردستانی عێراق بەدەنگەوە هاتنێکی فراوانی دروستکرد و کاریگەریی گەورەی هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لە تورکیا و ئێران. لەو وڵاتانە خەباتی گەلی کوردی دژی ڕژێمی کۆنەپەرستان و پەیمانی سەنتۆ بەهێزکرد.

بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە تەواوی پارچەکانی کوردستان بەردەوام دەبێ، ئەگەر هێز و توانای هاوپەیمانان لە کۆماری عێراق، لە خەبات دژی پیلانی ئیمپریالیستەکان، تۆکمە و ڕێکوپێك بێت. ئەمە، هەوڵە خیانەتکاریەکانی کۆمپانیا نەوتییە ئیمپریالیستەکان لاواز دەکات کە لەکاتی دروستبوونی ناکۆکی نێوان حکومەتی عێراق و گەلی کورد بەردەوام لە پێناو بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنا)[١].

پارتی کۆمۆنیستی عێراقی هەردەم پشتگیری لە داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد کردووە و پارێزگاری لە مافەکانی دەکات.

ئەوە لە ڕاپەڕینەکانی ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٨ بەدیار دەکەوێ، کاتێك پارتی کۆمۆنیستی عێراق پشتیوانی لە داخوازیەکانی گەلی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق لە چوارچێوەی عێراق دەکرد و داوایان لە حکومەتی پاشایەتی کرد، داخوازییەکانی گەلی کورد جێبەجێ بکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵی یەکخستنی ڕیزەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەبی دەدا، لەپێناو پاراستنی ئەو کۆمارە لە دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە، لەپێناو بەختەوەری هەردوو گەلی کورد و عەرەب و لەپێناو ئەوەی کە ئەوان دژبە زوڵم و چەوساندنەوە خەباتیان بۆ دەکرد. لێرەدا ڕاستیی سیاسەتی نەتەوەیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەدیار دەکەوێت. هەموو هۆشیارێك و خاوەن هەستێك لە کورد و عەرەب، باش تێدەگەن کە بە بێ

١ گۆڤاری "کێشەکانی جیهان و سۆسیالیزم"، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٦٢، ل ل ٢٢-٢٣.

خەباتی هاوبەش ناگەنە ئامانجەکانیان. لەبەرئەوە پ.د.ك، گەلی کورد، بە ڕێگای خەباتی هاوبەش لەگەڵ گەلی عەرەبدا دەبات.

پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە پشتیوانی گەلی عەرەب بۆ کورد ڕایگەیاند و ئەو بڕیارەی دەرکرد کە سکرتێری لێژنەی ناوەندی پارتی ڕایگەیاندبوو و لە چەندین بەند خۆی دەبینییەوە و لە ئۆرگانی پارتیدا بڵاوکرایەوە و باس لەوە دەکات کە:

((سەبارەت بە یەکێتی و یەکبوون لەگەڵ عەرەب، پارتی پشتیوانی بەردەوامی خۆی بۆ خەباتی عەرەب لەپێناو ڕزگاری، دیموکراسی و یەکبوون ڕاگەیاندووە))[1].

جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی لە وتەیەکدا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە لوبنان ئەم بۆچوونەی پارتی ڕاگەیاند:

لەم ڕۆژانەدا کاتێك کە ناکۆکی لە نێوان چەند دەستەیەکی عەرەبی سەبارەت بە پرسی یەکێتی و یەکبوون توندتر بووە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵوێستی خۆی لە یاداشتنامەیەك ڕاگەیاند کە ئاراستەی سەرۆك وەزیران قاسم و جێگرەکەی عارف لە ١٩٥٨/٩/١١ کردبوو، ئەو گوتی، کێشەی یەکێتی یان یەکبوونی پارتی لە دوو لایەنەوە مەبەستیەتی، یەکەم: لەڕووی ڕادەی پاراستن و هێنانەدی چەندین ئامانج کە لە پێناویدا گشت گەلی عێراق خەباتی کردووە و دەیکات.

دووەم: لەڕووی ڕادەی پاراستن و هێنانەدی یەکبوون لە عێراق و فراوانکردنی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کورد کە لە دەستوری کۆماری عێراق دانی پێنراوە. جگە لەم دوو لایەنەی ئەو بابەتە کە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پرەنسیپ، وای بۆ دەچێ کە کێشەی یەکبوون یان یەکێتی بریتییە لە خەسڵەتێکی تایبەتی گەلی عەرەب، لەبەرئەوەی بەشێکە لە مافە ڕەواکانی گەل لە مافی چارەی خۆنووسیندا و مافێکی بێ مەرجە کە جاڕی مافەکانی مرۆڤ دانی پێداناوە و پاش ئەوە گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لە کۆنگرەی (باندونگ) جەختیان لەسەر کردووەتەوە، گەلی کوردیش بە پشتیوانییەکی ڕەوای خۆی دەزانێ لە خەباتی ڕزگاریدا.

لەسەر ئەم بنەمایە، پارتی پشتیوانی لەو بۆچوونەی گەلی عەرەب دەکات کە تایبەتە بە بەشێکی دابڕاو لە وڵاتەکەی.

---

١ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٣٩٧، ڕێکەوتی ١ی کانوونی دووەمی ١٩٦١.

ئەمە بێگومان وەك پرەنسیپ تـەواوە، بـەڵام ئەوەی تایبـەتە بە بـارودۆخ لـە عێـراق، ئەوا پ.د.ك، بە گرنگییـەوە دەڕوانێـتە ئەم دوو لایەنـەی لـە پێشـەوە باسـکرابوو و بـەبێ ئەوە مەحاڵە بێتەدی.

جێبـەجێکردنی لایـەنی یەکـەمی کێشـەکە بـریتییە لـە پارێزگـاریکردنی ئامـانجە دوور و نزیکـەکانی گـەلی عێـراق کە لە پێناویـدا خـەبات دەکـات، بـۆیە دەبـێ پـەلە بکـرێ لـە جێبـەجێکردنی ئەو ئامانجانـە، بـەڵام پ.د.ك وای بـۆ دەچـێ گونجـاوترین ڕێگاچـارە بـۆ ئەو بابەتە پەلەکردنە لە یەکێتی و یەکگرتن، هەروەها پەلەکردن لە ڕازیکردنی هەموو لایەنێـک و کۆتایی هێنان بە یەکەم هەنگاوی گرنگ، تـا ئەو ڕادەیـەی بگـات بەو ئاسـتەی گـەلی عێـراق ئاواتەخوازیەتی و هەوڵی بـۆ دەدات. جـگە لـەوەش بـارودۆخی نێودەوڵـەتی و بـارودۆخ لە ڕۆژهەڵاتـی عـەرەبی لە عێـراق ڕێگەخۆشـکەرە بـۆ بیرکردنـە و دۆزینـەوەی ڕێگاچارەیـەك و هەنگاونانی پێویست، بەجۆرێك دوور دەبێت لە فاکتەری پەلەکردن و هەنگاوی کتوپڕ.

سـەبارەت بـەو شـێوازە یاسـاییەی کە دەبێـت دابڕێژرێـت، ئەوە دەبێـت دووربێـت لـەو شێوازەی کە تێیدا نوێنەرانی زۆرینە نەتەوە عەرەب لەگەڵ ژمارەیەك کوردی چەوسـاوە کە بە ڕێژە زۆر کەمترن بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی عەرەبەکان.

ئەمە وا لە کـورد دەکـات زیـاتر هەوڵ بـۆ پاراسـتنی مـافە نەتەوەییـەکانی بـدات و زیـاتر هەسـت بە هـەموو ئەو شـتانە کە پەیوەنـدیان بـەو مافـەوە هـەیە بکـات، تەنانـەت ئەگـەر جیابوونەوەش بێت.

گەلی کورد دەتوانێت گشت ڕێکار و ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر ئەگەر ئەو شـێوازە گیـرایەبەر. هەر لەم بارەیـەوە دەتـوانین بڵێـین، هاریکـاری لـەگەڵ تـورك و بزوتنـەوە کەمالیسـتەکان و لەگەڵ فارس لە زۆر ڕووەوە، وانەیەکی بە ئازاریان بە کورد داوە.

هەر هەنگاوێك کە نەتەوەی عەرەب بۆ دەستخستنی ئامانجـەکانی دەیهاوێژێـت، دەبێـت تێیـدا بە تـەواوی چارەسـەری مـافە نەتەوەییـەکانی کـورد بکرێـت. ئەنجامـدانی ئەو جـۆرە هەوڵانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان ئاسایی دەبن، ئەگەر بگونجێن لەگەڵ شوێن و بـارودۆخی هەریەك لەو نەتەوانە، بۆئەوەی ئەو بنەمایە بەرجەستە بێـت، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ئەمانەی خوارەوە پێشنیار دەکات:

یەکەم: ئەگەر عێـراق خوازیاربێـت ئارەزوومەنـدانە بچێـتە نـاو یەکێتیـەکی فیـدراڵی لـەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ڕزگاربوو، ئەوکات دەبێت دەستنیشانی جـۆری خـۆ بـەڕێوەبردنی کوردسـتان بکات، لەچوارچێوەی ئەو عێراقە فیدراڵیەدا.

دووەم: ئەگەر عێراق خوازیاربێت ئارەزوومەندانە یەك بگرێت لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، واتە (یەکێتی میسر ـ و سوریا)، ئەوا پێویستە دان بە نەتەوەی کورد بنێت لە عێراقدا و کوردستان بکرێتە ئەندامێکی فیدراڵی ناوخۆی ئەو یەکگرتنە نوێیە[1].

ئەمە دەسپێکی هەڵوێستی پارتیە کە پشتی بە ڕاستیی ژیان بەستووە، لێژنەی ناوەندی پارتی لە کۆبوونەوەیەکی فراوان لە ڕۆژی ١٩٦٢/١٢/١٤، بڕیاریدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەڵوێستە هەنگاو بنێت.

سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە کۆماری جەزائیر و چەندین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی تری عەرەبی، ئەوا لە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی خۆی ڕایگەیاند کە ئەو بەبێ دوودڵی پشتیوانیان لێ دەکات و پارتی بە بەشداری چەندین پارتی نیشتمانپەروەری عێراقی داکۆکی لێ کردوون و هەردەم ئاواتی سەرفرازی بۆ خواستوون.

سەرۆکی پارتی، مستەفا بارزانی، لەلایەن ڕۆژنامەی (نداء)ی لوبنانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کرا و دواتر لە ڕۆژنامەی (خەبات) بڵاوکرایەوە، لە وەڵامی ئەو پرسیارە (دەتەوێت بڵێیت ئێوە شتێك بۆ برا عەرەبەکانتان دەکەن؟) بارزانی لەوەڵامدا گوتی: "بەڵێ بۆ نەتەوەی عەرەبی بە شەرەف پێویستە من و گشت گەلی کوردی دۆست باشترین ئاواتیان بۆ بخوازین، داوا لە گشت برایانی عەرەب دەکەم کە بزووتنەوەی نیشتمانپەروەری کوردی بە بزووتنەوەی نیشتمانی خۆیان بزانن، هەروەك چۆن ئێمە وای دادەنێین و گوێ بۆ پروپاگەندەی ئیپمریالیزم نەگرن کەلە دژی کورد دەیکەن بۆ دیاریکردنی مافە نەتەوایەتیەکانیان و مەترسی جیابوونەوەیان، ئەزموونی گەلان سەلماندیان کە داننانی تەواو بە مافی ئەو نەتەوانەی لەنێو خاکی یەك دەوڵەتدا دەژین، ئەو یەکێتیە بەهێز دەکات و زۆر باشترە لە پشتگۆی خستنی مافەکانیان و ڕاوەدونانیان، یان میللەتێك ئەویتر لەنێو ببات، باشترین نموونە بۆ ئەوە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە"[2].

بەم شێوەیە بارزانی باسی هەڵوێستی برایانە و پرەنسیپی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات سەبارەت بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی. بێگومان ئەم هەڵوێستە یەکبوونی خەبات و بزاوتی نەتەوەیی کورد و عەرەبی بەهێزتر کرد، بەڵام پێویستە عەرەبیش هەمان هەڵوێستی هەبێت، تا ئەو یەکبوونی خەبات و بزاوتی نەتەوەییە پتەوتر بێت. بێ ئەو

١ یاداشتێکی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ عەبدولکەریم قاسم، ڕێکەوتی ١١ی ئەیلوولی ١٩٥٨، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.
٢ ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩٦١.

هەڵوێستە لەلایەن عەرەبەوە، هەڵوێستی پ.د.ك لەبارەی هاوكاری كورد و عەرەب تەنانەت لەناو جەماوەری فراوانی کوردیش ڕۆڵی كاریگەری نابێت. سەبارەت بە هەڵوێستی هاوبەشی بەرامبەر بە یەكتری، سكرتێری لێژنەی ناوەندی پ.د.ك بۆ ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە (١٢٤) وتارێكی نووسیوە، ناوەڕۆكی وتارەكە بریتییە لە پوختەیەكی زۆر كورتی بابەتە زانستیەكەی ئیبراهیم ئەحمەد بە ناوی (كورد و عەرەب) كە ساڵی ١٩٣٧ نووسیویەتی، نووسینی ئەم بابەتە گەڕانە بەدوای ڕەگ و ڕیشە مێژووییەكەی برایەتی كورد و عەرەب و خەباتی هاوبەشی كورد و عەرەب و نەخشەكێشانی ئاسۆی دوا ڕۆژی پەیوەندییەكانی هەردوو گەل لەسەر پرەنسیپی پێشكەوتنخوازی و لەسەر بنەمای تیۆریە شۆڕشگێڕیەكان.

لە وتارەكەی ئیبراهیم ئەحمەد دا هاتووە كە ئەركەكانی جەنگاوەرانی كورد و عەرەب، هەنگاونانی هەردوو لایە بەرەو خەباتی نیشتمانپەروەری و بەرەو یەكبوونی نیشتمانی، ئەو پێی وایە لەم بابەتەدا جەختكردن لەسەر پشتیوانی عەرەب بۆ گەلی كورد كارێكی پێویستە: "پتەوبوونی برایەتی كورد و عەرەب داخوازییەكە بۆ پشتیوانیكردن لە كێشەی گەلی كورد".

پەیوەندیی مێژوویی و هەبوونی كورد شانبەشانی عەرەب لە ناو سنوورەكانی كۆماری عێراق، كۆماری كورد و عەرەب و لە باكووری سنوورەكانی كۆماری عەرەبی یەكگرتوو، هەروەها بەرژەوەندیی هاوبەش و دوژمنی هاوبەش، نەهامەتی و ئاواتەكانی، كورد و عەرەبی بەیەكتریەوە بەستووتەوە. هەموو ئەمانە ئەركی یەكگرتن و ڕێكخستنی یەك خەباتی دژبە ئیمپریالیزم و زەوتكەرانی زەویەكانیان خستە ئەستۆی گەلی كورد و عەرەب، بۆ بەئەنجام گەیاندیی داخوازییە نەتەوەییە ڕەواكانیان.

خاوێنی پەیوەندییەكانی كورد و عەرەب، بە نەبوونی دوژمنایەتیەكی خوێناوی و پێكدادان لە نێوانیاندا و لە بەرامبەردا هەبوونی پەیوەندییەكی گەرم و برایانە و هاریكاریكردن كە لە وەتەی ئەم دوو گەلە بەیەك گەیشتوون، ناسراوە. ئەمانە هەمووی ئەنجامدانی ئەو ئەركە سوودبەخشە ئاسان دەكات، بەدرێژایی چەندین سەدە خوێنی هەردوو گەل بەیەكەوە ڕژاوە بۆ پاراستنی بڕوای بەرز و بەرژەوەندیی هاوبەش و وەستان دژی توركی داگیركەر.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دواتر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا، كورد و عەرەب درێژەیان بە خەباتی خۆیان دژی ئیمپریالیزم دا، لەپێناو ئازادی و مافی دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان.

ئەو كاتە، پەیوەندییەكانی نێوان كورد و عەرەب زۆر گەرم و برایانە بوون و ڕۆشنبیرێكی زۆری كورد بەشداریان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبدا كرد. كاتێك لە دوای جەنگی

دووەمی جیهانی ئەو بزووتنەوانە بەهێزتر و فراوانتر بوون، گەلی کورد بە زارەکی و بەبێ مەرج پشتیوانی لە عەرەب کرد کە دژی ئیمپریالیزم لەپێناو هێنانەدی گشت ئامانجە نەتەوەیە ڕەواکانی دەجەنگا. لەم ڕوانگەیەوە گەلی کورد، وەك کارێکی سروشتی، چاوەڕوانی یارمەتی و پشتیوانی لە عەرەب دەکرد، بۆ چارەسەرکردن و بەئەنجام گەیاندنی کێشە نەتەوەیی و کەلتوریەکانی لە وڵات و لە دەرەوەدا.

ئەگەر کورد بینی برا عەرەبەکانی پشتیوانی لە داخوازییە ڕەواکانی دەکەن و یارمەتی دەدەن لەگەیشتن بە ئامانجە ڕەواکانی، ئەو کاتە برایەتی کورد و عەرەب بەهێزتر دەبێت، پەیوەندییەکانی عەرەب لەگەڵ کورد نەك تەنیا لە چوارچێوەی کۆماری عێراق و لەناو کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، بەڵکو دەبێت لەسەر ئاستی جیهانی عەرەبی و کوردستانیشدا بێت، واتە نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب بە گشتی. ئەمە پەیوەندییەکانی نێوانیان بەهێزتر دەکات و ڕێگا لە پروپاگەندەی ئیمپریالیزم و گشت دوژمنان دەگرێت، ئەوانەی هەوڵەکانیان بۆ ناکۆکی دروستکردن و جیابوونەوەی نێوان هەردوو گەلی برا خستبووە گەڕ. ئەمە هەمووی دەبێتە یارمەتی عەرەب لە خەباتی گەلی کورد دژبە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمە کۆنەپەرستەکان، دژبە سیاسەتی زۆڵم و چەوساندنەوە و خەبات لەپێناو مافە نەتەوەیی دیموکراتییەکان.

گەلی عەرەب، ئەوانەی بۆ پاراستنی ئازادی گەلان کاردەکەن، ئەوانەی لە وڵاتانی جیاجیای جیهان دەژین، تەنانەت ئەوانەش کە هەزاران میل لەوانەوە دوورن، ناتوانن نکۆڵی لە خەباتی گەلی کورد لەپێناو ئازادی بکەن لەکاتێکدا لەنزیك ئەوانەوە دەژین. پارتی دیموکراتی کوردستان کە داکۆکی لە دیموکراتییەت و سەربەخۆیی نەتەوەیی دەکات و خەباتیان لەپێناودا لە وڵاتانی عەرەبی و گشت جیهاندا دەکات، لەگەڵ خەباتی خۆیدا لەپێناو مافە نەتەوەیی ڕەواکانی میللەتەکەی. لە داهاتووشدا پارتی بەردەوام دەبێت لەو کارەی، ئەگەر برا عەرەبەکانی چاویان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بێت و وەك بەشێکی دانەبڕاو لەخەباتی گشتی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی و ئازادی و دیموکراتیدا سەیری بکەن.

ئەگەر زەحمەتێکی زۆریش دروست بێت، کۆسپ و بەربەستی زۆر بێتە ڕێگای خەباتی گەلی کورد لەپێناو ژیانێکی ئازاد و ئاسوودە، هەر دەبێت پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بزووتنەوە دیموکراسی ئازادیخوازەکانی ئەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە دروستبکرێت. کورد دەبێت لەژێر سەرکردایەتی ئەو گەلە

شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانەدا بگاتە سەرکەوتن، هەروەها دەبێت لەوەشیان حاڵی بکات کە سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی دیموکراسی لەو وڵاتە سەربەخۆییانەدا بەبێ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕاستەقینە نەتەوەییەکانی ئەستەم دەبێ[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیری لە تەواوی داخوازییە ڕەواکانی عەرەب کردووە و دەیکات، ئەو پشتیوانییەی بووە هۆی هاوکارییەکی بەهێز لەنێوان کۆماری عێراقی و کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و بووە بەردی بناغەی ئەو پەیوەندییانە. پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم لەگەڵ ڕێکخراو و پارت و کۆمەڵە عەرەبیەکان بووە، ئەوانەی خەباتیان لەپێناو سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب دەکرد. پارتی بانگێشی وڵاتان و گەلان، ڕێکخراو و یەکێتیە عەرەبەکانی دەکرد بۆ پشتگیریکردن لە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد و بەرجەستەکردنی ڕاستەقینەی ئەو مافانە. ئەو کارە یەکبوونی نیشتمانپەروەری و برایەتی کورد و عەرەب بەهێزتر دەکات و بەجێهێنانی ئەرکێکی گەلی کوردی برایە.

پارتی بانگەشەی بۆ یەکێتی کورد و عەرەب و بەهێزکردنی پشتیوانی کورد و عەرەب دەکرد، ئاماژەی بۆ ئەو مەترسییانە دەکرد کە ئیمپریالزم و بەکرێگیراوەکانی لەپشتیەوە بوون.

لە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە کە هێزە دیموکراسییەکان دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە، ئەویش ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانن کە هاریکاری تەواوی یەکتری دەکەن و پشتگیری و پشتیوانی لە نێوانیاندا هەیە.

جۆش و خرۆشی ڕزگاریخوزای دیموکراسی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتەواوی و لە عێراقدا دوای ١٤ گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ دەستی پێکرد، بەئاشکرا دەیسەلمێنێ، ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان شکستی گەورەیان هێناوە. ئیمپریالیزم ئیتر دەسەڵاتی ڕەهای تازە نابێتەوە و لە جیهاندا نابوژێتەوە، هەڵاتنی خۆری ئازادی بۆ ئەو وڵاتانەی کە هێشتا لە باوەشی ئیمپریالیزمدان وەك ئێران، تورکیا، پاکستان نزیکە.

ئیمپریالیزم ئەو هێز و توانایەی نییە، تا بە هەرچی شێوەیەك بێت، ڕێگا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بگرێت[2].

---

١ ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢ی شوباتی ١٩٦١.

٢ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پارتی دیموکراتی کوردستان کۆنگرەی چووارەم، ڕێکەوتی ٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩. پاشکۆی ڕۆژنامەی خەبات، ٢٧ی تشرینی دووەمی ١٩٥٩.

بارودۆخی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی نێودەوڵـەتی دەریخسـتووە لـە جیهـان دوو سیسـتمی ئابووری هەیە و هەریەکەیان بە ڕێگای تایبەتی خۆیـدا دەڕوات، واتە دوو سیسـتمی جیـاواز لە یـەکتری، ئەوانـیش: سیسـتمی ئیمپریالیسـتی سـەرمایەداری بـە سـەرۆکایەتی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە گەورەترین بازاڕی سـەرفکردنی کەلوپـەل و کۆلۆنیالـەکانی دوای کۆتایی جەنگی دووەمی جیهان لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو و وا پێدەچوو لە قەیرانێکی نوێی ئابووریدا بێ، بۆیە بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان، بلۆکی ئیمپریالیسـتە کەپیتالیسـتەکان، ئابووری خۆیان لەپێناو جەنگـدا خسـتەگەڕ، ئەمـەش دڕەنـدەترین شـێوازی چەوسـاندنەوەی زەحمەتکێشان بوو.

سیستمی کەپیتالیستی، وەك تاوانبـار یـان شـەڕانگێزێك وایە کـە لـە بـەردەم لەنێوچوونـدا بێت، بۆیە لە هیچ کردەوەیەک لە پێناو ڕزگارکردنی خۆی، لە مردن سـڵناکاتەوە. کـەواتە ئەو بارودۆخە هەتا هەتایی نییە، چونکە لەسەر بنەمایەکی پتە و سەقامگیر بنیاتنەنراوە.

ئاشکرایە کەپیتالیزم و ئیمپریالیزم ساڵانە دووچـاری قـەیرانی ئـابووری دەبنـەوە و بێکـاری زۆر دەبێت و برسێتی بڵاودەبێتەوە.

بەڵگەیەکی تری مردنـی سیسـتمی ئـابووری ئیمپریـالیزم لـەوەدا بـەدیار دەکـەوێت کە لە ئاکامی لە دەستدانی هەریەك لە ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ئەڵمانیا بازاڕی سـاخکردنەوەی کەلوپەلەکانیان، دەستیان کـرد بـە خنکانـدنی یـەکتری، لـەپێناو بوژاندنـەوەی ئەو  بازاڕانـەی لەژێر دەسەڵاتیاندا ماوەتەوە. ئەو پێشـبڕکێیە کێشـە و پێکـدادان و تێشـکاندنی یـەکتری لـێ دەکەوێتەوە و بەر لە هەموو شتێك دەبێـتە هـۆی لاوازبـوونی ئەو دەوڵەتە ئیمپریالیزمانـە و سیستمی ئابووریان.

سیستەمی دووەمی ئابووری جیهانی- سیستمی سۆشیالیزمیە.

دوای شۆڕشی ئوکتۆبەری مەزن، ڕووسیا لە ڕیزی دەوڵەتە ئیمپریالیزمییەکان دەرچوو و لـە وڵاتەکەیدا سۆشیالیزمی بنیاتنا. لە سایەی ئەو سیستمە ئابووریەدا پیشەسـازی و کشـتوکاڵ لە یەکێتی سۆڤیەت گەشەی سەند و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پێشکەوتندا بوو.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی، بەشێکی وڵاتانی ئاسیا و ئەوروپا لە سیستمی کەپیتالیستی ڕزگاریان بوو و دەستیانکرد بە بنیاتنانی سۆشیالیزم لە وڵاتەکانیان. ئێستا لە جیهاندا قـەبارەی گەشەسەندنی پیشەسازی، تەکنۆلۆژیا، زانسـت لـە وڵاتـانی سۆشیالسـتیدا ڕوون و ئاشـکرایە. پەیوەندییـەکانی نێـوان وڵاتـانی سۆشیالیسـتی و دەوڵـەتانی ڕزگـابوو لە چنگـی ئیمپریـالیزم لەسەر بنەمای برایەتی، دۆستایەتی و یەکسانی دروست بووە.

ئەو هاوکارییەی یەکێتی سۆڤیەت پێشکەشی وڵاتانی دواکەوتووی کردبوو، نموونەیەکی دۆستایەتی و برایەتی وڵاتانی سۆشیالیستی بوو لە پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ خەڵکانی تەواوی وڵاتانی تازە ڕزگاربوو.

لەوکاتەوەی جەنگی دووەمی جیهانی کۆتاییهاتووە، یەکێتی سۆڤیەت و گشت وڵاتانی سۆشیالستی، پشتگیریان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان کرد و یارمەتیان دەدان بۆ ڕزگاربوونیان لە چنگی ئیمپریالیزم، ئەو یارمەتیەی پێشکەش بە هند، میسر، سوریا و عێراق کرابوو باشترین نموونەن. نیشاندەری ئەوەشە کە وڵاتانی سۆشیالیستی لەم یارمەتیدانە هیچ مەبەستێکیان نییە جگە لەوەی هەوڵ دەدەن وڵاتانی دواکەوتوو بگەیەننە ئاستێکی پێشکەوتوو، جگە لەوە هیچ ئامانجێکی (دەستدرێژی ئیمپریالیستیان) نییە.

لە هەمانکاتدا، ئامانجی ئەو یارمەتیانەی کە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و بەریتانی پێشکەشی ئێران، تورکیا، پاکستان و وڵاتانی تریان کردبوو، بریتییە لە هەڵگیرسانی ئاگری شەڕ، داگیرکردن و بە تاڵانبردنی سامانی ئەو وڵاتانە. لەکاتێکدا ئیمپریالیزم ئاشتی دەخاتە مەترسییەوە بەهۆی چەکە ئۆتۆنۆمیەکانییەوە و مرۆڤایەتی دەخاتە بەردەم چارەنووسێکی نادیار. قەوارەی مەزنی هێزی زانستی و ئابووری دەوڵەتی سۆڤیەتی و ڕۆڵی لە بەشداریکردنی بزووتنەوەی ئاشتی و دیموکراسی گەورەترین کۆسپە لەبەردەم ئیمپریالیزم و ڕێگرە لە بەردەم گەیشتنی بەئامانجە گڵاوەکانی.

ڕوون و ئاشکرایە هێزی ئاشتی و پێشکەوتن لە گشت جیهان بەرەو پێش دەچێت و ڕۆژ لەدوا ڕۆژ پتەوتر دەبێت و هێزی ئیمپریالیزم، دەرەبەگایەتی و کۆنەپەرستان بەرەو لێواری مەرگ دەبات.

هەموو گەلی کوردی ئازادیخواز زۆر باش دەزانێت، ئەوەی لە چنگی ئیمپریالیزم ڕزگاری بووبێت، دەتوانێت بگات بە ئامانج و ئاواتەکانی و ئازادی و سەربەخۆیی ڕاستەقینە بۆ تەواوی نیشتمانەکەی بەدی بهێنێت[١].

پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە کۆنگرەی چوارەم لە بەرواری ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٩ بڕیاری لەسەر درا و لە کۆنگرەی پێنجەم ساڵی ١٩٦٠ جەختی لەسەر کراوەتەوە، بریتییە لە دیموکراتییەکی ڕەسەن، پرۆگرامێکی زانستی کە بەرژەوەندییەکانی

١ هەمان سەرچاوە. بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١.

جەماوەری زەحمەتکێشی گەلی کورد دەپارێزێت و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی و ئازادی و دیموکراسی گشت گەلی عێراق دەکات.

لەبواری سیاسەتی نەتەوەییەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان پابەندی پلانی ئینترناسیونالە، ئەو نەك تەنیا پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد دەکات، بەڵکو لە مافی گەلانی تریش دەکات لە ناوچەکە بەتایبەتی ئەرمەن، ئاشووری، تورکمان... هتد.

پێشەنگی جەنگاوەری گەلی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان، بەردەوامە لە خەبات لەپێناو بەدیهێنانی ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر پرەنسیپی دیموکراتی ناوەندی کە مانای هەڵبژاردنی گشت لێپرسراوانی ئورگانەکانی پارتی لەگەڵ لێپێچینەوە لە ئورگانەکانی پارتی لە بەردەم ڕێکخراوەکانی پارتی، دیسپیلینی پارتایەتی کە دەبێت خوارەوە پابەندی بڕیاری سەرەوە بێت[1].

پارتی لە خەباتیدا پەیڕەوی تاکتیکی جەنگی و شۆڕشگێڕی دەکات، دروشمە دیموکراتییەکەی برایەتی کورد و عەرەب دەسەلمێنێ، یەکێتی خەباتی نەتەوەیی هەردوو گەلی کورد و عەرەبە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان لەپێناو عێراقێکی دیموکراتیدا. ئامانجەکانی پارتی ڕزگاربوونی عێراقە لە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان و لە گشت یەکێتیەکی ناشەرعی و ڕێککەوتننامەیەك، هەروەها ئامانجی دامەزراندنی کۆمارێکی دیموکراتییە کە ماف و ئازادییەکانی گەلی عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، لە چوارچێوەی عێراقێکی ئازاد، زامن دەکات.

١ بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢، بنەماکانی پارتی دیموکراتی کوردستان.

## ٢- بەشداریکردنی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پاراستنی کۆماری عێراق

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ بە ڕووداوێکی مێژوویی دادەنرێت لە ژیانی گەلانی عێراق، ئەم شۆڕشە دوای چەندین ڕاپەڕین و خەباتی بێوچان و ماندوونەناسانەی گەلی عێراق بە ڕابەرایەتی هێزە نیشتمانییەکانی وڵات دژبە ئیمپریالیزم و پاشایەتی و هێزە کۆنەپەرستەکان بەرپا بوو.

شۆڕش لە عێراق، خەسڵەتی دژە ئیمپریالیستی و دژە دەرەبەگایەتی پێوە دیار بوو و بریتی بوو لە شێوازی هەرەسهێنانی سیستەمێکی کۆلۆنیالی کە گەل قێزی لێ دەبووەوە، ئەم شۆڕشە گوزارشت لە هەڵکشانی ئاستی خەباتی بزووتنەوەی نەتەوەیی جەماوەری گەل دەکات دژبە کۆلۆنیالیزم و لەپێناو ئاشتی و سەربەخۆیی نەتەوەیی.

ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی نەتەوەیی بوو، ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی هەبوو و پەیوەندی لەگەڵ خەباتی عێراق و گشت مرۆڤایەتی لەپێناو ئازادیدا هەبوو. عێراق پێش ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ یەکێك بوو لە پایە گرنگەکانی بنکەی ئیمپریالیزمی لەسەر گۆی زەوی و گەورەترین بنکەی ئیمپریالیستەکان بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. شۆڕشی ١٤ی تەمووز درز و کەلێنێکی گەورەی خستە ناو پلانەکانی ئیمپریالیزم و لەپێش هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەنگلو- ئەمریکی[X].

ڕۆژی ١٧ی ئادار، ن.س خرۆشوف، لە وتەیەکیدا لەسەر شەرەفی شاندی حکومەتی کۆماری عێراقیدا گوتی: "شۆڕش لە عێراق پشتیوانی تەواوی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی بەدەستهێنا، چونکە ئەو گەورەترین پاڵنەر بوو بۆ ورەی خەباتی گەلانی عەرەب دژی کۆلۆنیالیزمی ئیمپریالیست".

شۆڕش ڕژێمێکی دیموکراسی، ئیدارەیەکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕی دامەزراند و ئەلقەیەکی گرنگی پلانە دوژمنکاریەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پساند. ڕژێمی کۆماری شۆڕشگێڕ، کۆت و زنجیری دەسەڵاتدار و وابەستەبوون بە ئیمپریالیزم و زنجیرەی پلانی سەربازی

---

X) ١- گۆڤاری (مێژدوناڕۆدنایا ژیزن)، ژمارە ٨، ساڵی ١٩٥٩. زمانی ڕووسی.
٢- سەیفول- مەلیکوڤ، لە دایکبوونی کوماری عێراق، ل ٥٤.
٣- غایب فەرمان، عێراق لە ساڵانی ڕژێمی ڕەشدا، ساڵی ١٩٥٨، ل ٨٨.
٤- ئی. ئا. دیمێنتییێڤ، کۆماری عێراق، ساڵی ١٩٦١، ل ٣.

هەموو پچڕاند، شـۆڕش پەیوەنـدی عێراقـی بە پـەیمانی بەغـدا لـەناوبرد، بەشـداریکردنی لە پرۆگرامی (ئایزنهاوەر) و ڕێککەوتننامەی ئاسایشی هاوبەش لەگەڵ ئەمریکا، ڕێککەوتنـامەی هاوکـاریی سـەربازی ئـەمریکی و ڕێککەوتنـامەی دوولایەنـەی سـەربازی لـەگەڵ ئینگلتـەرا، ئەمانەی هەموو ڕەت کردەوە و نکۆڵی لێکرد. هەروەها بنکەی (الشـعیبە) و (الحبـانییە) بـۆ ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی گەڕانـدەوە، لـە نێـو وڵاتـانی بەکـارهێنەری دراوی ئیسـترلینی هـاتە دەرەوەو... هتد[١].

شۆڕشی گەلی عێراق، ئەنجامی ڕووداوێك نییە پێی بڵێن ڕووداوێکی سادە یـان چاوەڕوان نەکراو، بەڵکو بـریتییە لـە بەرهـەمی خـەباتێکی دژوار و سـەخت و درێژخایـەنی هاوبەشـی هەردوو نەتەوەی کورد و عـەرەب کە چەنـدین سـاڵ درێـژەی کێشـا، خـەباتێکی پـڕ ئـێش و ئەشـکەنجە کە ئاکـام و ئاسـاوارەکانی قوڵبوونـەوە بـوو لە دژایـەتیکردن بـۆ دەربـازبوون لە ڕژێمی دەرەبەگایەتی و پاشایەتی.

شـۆڕشی ١٤ی تەمـووز، دوای قۆنـاغێکی سـەخت و درێژخایـەن لە ڕاپەڕینـی بـێ وچـانی ئـازادیخوازان لە عێـراق ئـەنجام درا دژی ئیمپریـالیزمی نـیمچە دەرەبـەگی (ڕژێمـی ڕەش). خەباتی جەماوەر ڕژێمی نوری سەعیدی هێنایە لـەرزین و شۆڕشـی ئامـادەکرد و ئەو ڕژێـمە تیرۆریستیەی فڕێدا و لەناوی برد.

شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز، شۆڕشـی گـەل بـوو و بە بەشـداری چینـە جیاوازەکـان و گـرووپە ڕێکخراوەییەکان ئەنجام درا. هێزەکانی گەل لەگەڵ هێـزی سـوپا یـەکیان گـرت، بەمەبەسـتی ڕزگارکردنی گەلی عێراق لە جەور و ستەم و گەندەڵی و تێکشـکاندنی ئەو زنجیـرەی لە ملـی ئازادی کرابوو و پێشکەوتنی ڕاگرتبوو.

خەسڵەت و جەوهەری ئەم شۆڕشە هیچ لـە کودەتـا ناچێـت کـە لە سـەرەوە تـەواوکرابێ، وەك چۆن پروپاگەندەی ئیمپریالیستەکان وایان نیشان دەدا و هـەوڵیان دەدا گومـان لـە نـاو ڕیزەکانی گەل دروستبکەن و لە بەهێزی و توندوتۆلی بنکە جەماوەرییەکەی کەم بکەنەوە.

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز، تاجە گوڵینەی گەشاوەی سەرکەوتنی خەباتی شۆڕشی گـەل بوو، کۆتایی بە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی چارەگران لە گەڵ زۆرداری پاشـایەتی، گەنـدەڵی و کۆتایی بە دەسەڵاتەکانی (سێ قۆڵی)- (نوری سەعید، عەبدول ئیلاهـ فەیسەڵ) هێنا. شـۆڕشی پەرەسەندنی چالاکی سیاسی زەحمەتکێشان بوو.

---

١ بەیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەمووز. ساڵی ١٩٥٩.

لـە سـەرەتای دەسـتپێکردنییەوە، چینەکـانی شـۆڕش لـە گشـت سـوچێکی عێـراق و لە کوردسـتانەوە تـا بـەسرە، بەشـداری چالاکانـەیان کـرد. یـەکێک لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، لەکاتی ئەنجامـدانی ئـەرکی شۆڕشـگێڕی لە بەغدا چەندین یەکەی سەربازی هەبوو کە ژمارەیەکی زۆری کوردیان تێـدابوو و لە خزمـەتی سەربازیدا بوون، ئەوانە چالاکانە بەشداریان لەو شۆڕشەدا کرد، قاسم بـە شـێوەیەکی فـراوان ئەوانی بەکاردەهێنا و زۆربەی کاتەکان متمانەی تەواوی بە سەرباز و ئەفسەری کورد هەبوو، زیاتر لەوەی بە عەرەبی هەبوو، چونکی ترسی ئەوەی نەبوو خیانەت بکـەن، قاسـم دەیزانـی کە کورد چەند ڕقی لە ڕژێمی (ڕەش) دەبووەوە.

پێویستە ئاماژە بە ڕاستیەکی گرنگ بدەین، شەوی ١٣ لە سەر ١٤ی تەمووزی سـاڵی ١٩٥٨، کاتێك سوپا دەوری کۆشکی پاشـایەتی دابـوو، ئەفسـەرە کوردەکـان سـەرۆکی پاسـەوانەکانی مەلیک، موقەدەم (تەها بامەرنی) و ملازم (مستەفا عەبدوڵا) لە سلێمانییەوە ئامادەی خۆیـان نیشان دا، تا ڕووبەڕووی شۆڕش نەبنـەوە و پەیوەنـدییان پێوەبکـەن. عەبدولئیلاهـ زۆرداری گەلی عێراق، زۆرێک لە ئەفسەرە کوردەکانی لە نـاوبرد، ئـەمە گرنگیـەکی تـەواوی هـەبوو و ڕێگەخۆشکەربوو بۆ خێراتر بوونی سەرکەوتنی شۆڕش.

کاتێک سوپا ناوەندە ستراتیژیەکانی لە بەغدا گرتەدەست، جەماوەری گەلی کورد دابڕاندی هێـزە هێرشـبەرەکانی لە پارێزگاکـان و شـارۆچکەکانی کوردسـتان گـرتە ئەسـتۆ و ئیـدارات و هەندێکك لە ئەفسەری سوپا و پۆلیسـی ناچار کرد بچنە پاڵ دەسەڵاتی کۆماریەوە[1].

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو ڕاستیە و هەڵوێستە شەرەفمەندانەیەی گەلی کورد بکات کە بۆ شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ نواندی، کورد پشتگیری کـرد و هـەموو توانـای خـۆی لـە سەرەتای شۆڕشەوە بۆ سەرخستنی خستەگەڕ.

پێشـڕەوی گـەلی کـورد، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لـە یەکـەم سـاتی شۆڕشـەوە، تـا دامەزراندنی کۆمارەکە چالاکانە پشـتیوانی شـۆڕشی کـرد و هـەموو توانـای خـۆی خسـتە پـاڵ شۆڕش بۆ پارێزگاری لێکردن و چەسپاندنی.

لە ڕێکەوتی ١٦ی تەمووزی ١٩٥٨، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە و تێیدا بە ئاشکرا هەڵوێستی حزبی ڕاگەیانـد. ڕاگەیێنـدراوەکە دوای کۆبوونەوەیـەکی فـراوانی لێژنەی ناوەندیی پارتی بڵاوکرایەوە کە لە شاری کەرکووک و بەبۆنـەی نیشـاندانی هەڵوێسـتی

---

١ ڕاگەیـەنراوی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، کـانوونی یەکـەمی ١٩٥٩. گۆڤـاری "پـرۆبلێم میـرا ئـی ساتسیالیزما"، ژمارە ٧، ساڵی ١٩٦٣. زمانی ڕووسی.

پارتی به‌رامبه‌ر به شۆڕش به‌سترا، له‌پێناو ئه‌نجامدانی کاری پێویست بۆ پشتیوانی شۆڕش و گه‌لاڵه‌کردنی هه‌ڵویستێکی نه‌ته‌وه‌ییانه‌ی ڕه‌سه‌ن.

له‌و ڕاگه‌یێندراوه‌دا هاتووه: "پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشڕه‌وی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی کورد، ئه‌رکه مێژوویه‌که‌ی که تایبه‌ته به به‌دیهێنانی ئامانجی نه‌ته‌وه‌ی کورد، به وردی به جێهێناوه و ڕایده‌گه‌یه‌نێ که به‌هێزبوونی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی گه‌لی عه‌ره‌ب و سه‌رکه‌وتنی شۆڕش و ڕزگارکردنی عێراق له ده‌سه‌ڵاتداری پاشایه‌تی بۆگه‌ن و چاره‌گران و پێکهێنانی دامه‌زراوه‌یه‌کی کۆماری سه‌ربه‌خۆ. ئه‌مه هه‌مووی بنه‌مایه‌کی پته‌و پێکدێنن بۆ چوون به‌ره‌و ژیانێکی نوێی پڕ له به‌خته‌وه‌ری، ئازادی و یه‌کسانی گه‌لانی کورد و عه‌ره‌ب، له‌به‌رئه‌وه پارتی بڕیاری دا هه‌موو هێز و توانای بخاته گه‌ڕ بۆ پاراستن و پته‌وکردن و ئاوه‌دانکردنه‌وه‌ی کۆماری عێراق.

بۆ هێنانه‌دی ئه‌و ئامانجانه، پارتی ته‌واوی هێز و توانای خۆی ده‌خاته خزمه‌تی سه‌رۆکایه‌تی ئه‌و شۆڕشه پیرۆزه‌وه و ته‌واوی ئه‌ندامانی به‌تێکڕا بۆ پارێزگاریکردن له‌و کۆماره‌ی عێراق و خه‌بات دژبه ئیمپریالیزم و گشت پلانه گڵاوه‌کانی کلکه‌کانی ئیمپریالیست ئاماده‌ن[1].

گه‌لی کورد و گه‌لی عه‌ره‌ب، به هاوبه‌شی له خه‌باتدان دژی ڕژێمی پاشایه‌تی.

بۆ نموونه: جه‌ماوه‌ری گه‌لی کورد له سلێمانی سێ ڕۆژ ده‌سه‌ڵاتی ده‌وڵه‌تیان گرته ده‌ست و دواتر ڕاده‌ستی نوێنه‌رانی حکومه‌تی کۆمارییان کرده‌وه و به وریاییه‌وه پارێزگارییان له ته‌واوی کۆماره‌که کرد، پارتی دیموکراتی کوردستان، له‌وه‌ته‌ی دامه‌زراوه بێوچان و به له‌خۆ بورده‌ییه‌وه خه‌باتی پیرۆزی شۆڕشگێڕانه‌ی کردووه. پارتی سه‌رکردایه‌تی خه‌باتی گه‌له‌که‌ی خۆی کردووه شانبه‌شانی پارته شۆڕشگێڕییه‌کان و هێزه دیموکراتییه نه‌ته‌وه‌یه‌کانی عێراق، دژی ئیمپریالیزم و ده‌سه‌ڵاتی پاشایه‌تی و کۆنه‌په‌رستان. پارتی به لایه‌نێکی سه‌ره‌کی داده‌نرا له خه‌باتی شۆڕشگێڕی بۆ ئاشتی، ئازادی، دیموکراسی و به درێژایی خه‌باتی بێوه‌چانی خۆی ئازایه‌تی و قاره‌مانییه‌تی و له خۆبورده‌یی نیشانداوه، پارتی دیموکراتی کوردستان شه‌ڕی ده‌کرد و چه‌ندین قاره‌مانی له‌ده‌ست دا و قوربانییه‌کی زۆری دا. له‌کاتی ده‌سه‌ڵاتداریه‌تی ئیمپریالیزم و پاشایه‌تی، له‌ژێر زوڵم و زۆری ڕژێمی داگیرکه‌رانی کۆنه‌په‌رستان، له‌ژێر کۆت و زنجیری کۆلۆنیالیتی له‌ژێر فشاری بلۆکی سه‌ربازی ئیمپریالیزم پارتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی

---

١ به‌یاننامه‌ی پارتی دیموکراتی کوردستان له ڕێکه‌وتی ١٦ی ته‌مموزی ١٩٥٨. "ته‌واوی هێز و توانی حزب ده‌خه‌ینه خزمه‌ت حکومه‌تێکی نیشتمانی".

چەکداری لە عێراقدا بەرپاکرد، لەپێناو ڕزگارکردنی گەل لەدەست ئیمپریالیستە دڕندەکان و ئازادکردنی لە کۆت و ڕێککەوتننامە دوژمنکارییە بەزۆر سەپێنراوەکان. پارتی لە قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش، ڕوونی کردەوە کە لە هەلومەرجێکی مێژوویی ڕوون و ئاشکرا لە عێراق:

١- بەبێ شۆڕشی چەکداری مەحاڵە گەلی عێراق لەو هەموو کۆت و زنجیرە ڕزگاری بێ کە لە لایەن ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆوە کرابووە ملی.

٢- بەبێ ڕزگاربوون لەو چەند کۆت و زنجیرە، دامەزراندنی ئیدارەیەکی دیموکراتی سەربەخۆ لە عێراق مەحاڵە.

٣- بەبێ ئەو ئیدارە دیموکراتییە سەربەخۆیە مومکین نییە کورد بتوانێت بە مافە نەتەوەییەکانی خۆی بگات"[١].

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەر لە بەرەبەیانی ١٤ی تەمووز، دروشمی شۆڕشی بەرزکردەوە. جەماوەری گەلی کوردی خەباتگێڕ بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بێ وەستان دەستیان دایە چەك بەرامبەر بە کۆنەپەرستانی دژبە شۆڕش.

پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو جەماوەرەی لە دەوری بوون، ببوونە پاسەوانێکی وریای ئەو بارودۆخە نوێیە، خاڵی ستراتیژی پاراستنیان ڕێکخست، هەوڵەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستان کە تووشی ئیفلیجی ببوو، لەلایەن هێزی شۆڕشەوە وەڵام درایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بووە هێزێکی نەتەوەیی شۆڕشگێڕ کە هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی دیموکراتی و پاراستنی کۆمارەکە و دەسکەوتەکانی شۆڕشی دەدا و ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە تێکشکاندنی پلانی کۆنەپەرستان و یاخیبووان کە لە چەند ناوچەیەکی وڵات دژی سیستمی دیموکراتی دەسەڵاتی کۆماری سەریان هەڵدا[٢].

گەلی کورد کە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی دەکرد، لە یەکەم ساتی شۆڕشەوە گشت هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ پاراستن و پتەوکردنی شۆڕش، ئەمە لەو بروسکەیە دەردەکەوێ کە سەرکردایەتی پ.د.ك لە کەرکووکەوە ئاراستەی بارەگای گشتی شۆڕشی کرد،

١ نامێلکەیەکی تایبەت بە ئەندامانی حزب و کاندیدەکان، لەبارەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و هەڵوێستی حزب لەسەر ئەو پرسیارانەی بەردەوام تێیدا دووبارەدەبوونەوە، ئەویش، بریتییە لە: چارەنووسی شۆڕشی چەکداری گەلەکەمان و بارودۆخی باشووری کوردستان، ڕێکخستنەکانی ئەوڕووپای پارتی، ساڵی ١٩٦١.
٢ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی یەکەمین ساڵیادی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بۆ پشتیوانی گەلی کورد بۆ دەستکەوتەکانی شۆڕش و کۆماری عێراق، سالی ١٩٥٩.

لەو کاتەی هێشتا دەسەڵاتی کۆماری ڕانەگەیێنرابوو، لەو ساتەدا ڕادیۆ هەواڵی هـاتنی فرقـەی دووی ڕاگەیاند کە دژبە حکومەتی پاشایەتی وەستا. پارتی لە پەیوەندییـەکانی خـۆی لـەگەڵ شۆڕش و کۆمار لە ڕاگەیاندنێکیـدا لە بەرەبـەیانی ڕۆژی ١٦ی تەمـووزی ١٩٥٨ بەشـێوەیەکی پراکتیکی و ڕاستەقینە جەختی لە یارمەتیدانی شۆڕشی کردەوە لەگشت کوردستانی عێراق.

ئەو کردارانەی پارتی و پێشڕەویکردنی جەماوەرەکەی فاکتەری سـەرەکی و ڕێگەخۆشـکەر بوون بـۆ پتـەوکردنی دەسـەڵاتی شـۆڕش لە کوردسـتان و بـەهێزکردنی ئیـدارات و ئاسایشـی کۆمارەکـە. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەوڵـەکانی پروپاگەنـدەی دژە شۆڕشـی گـرووپە بیانییەکانی ئاشکراکرد و هەستی نەتەوایەتی کوردی بەکاردەهێنا و بەراوردی ئەو گرووپانەی بـۆ گـەل دەکـرد لـەگەڵ ڕژێـمە نوێیەکـە، کـۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بروسکەیەکی ئاراستەی ڕێکخراوی نەتەوەیە کگرتووەکـان کـرد، تێیـدا هۆکارەکـانی پشـتیوانی گەلی کوردی بۆ شۆڕش ڕوونکردەوە، لە پێناو تێکشکاندنی ئەلقەکانی ئیمپریـالیزم. هـەروەها زانیـاریی لەبـارەی ڕەفتارەکـانی حکومـەتی پاشـایەتی پێشـکەش بە کۆمەڵـەی گـەلان کـرد، سەبارەت بە ڕێزگرتن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد[1].

یەکەم ڕۆژ و دوای گرتنە دەستی دەسەڵات، شاندێکی زۆری کورد ڕوویان لە بەغدا کرد بۆ دەربڕینی پشتیوانی و پشتگیری لە حکومەتە نوێیەکە.

پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، شـاندێکی نـاردە بەغـدا بـۆ چاوپێکـەوتن لـەگەڵ سـەرۆکی حکومەت، ئەوە بوو لە وەزارەتـی بـەرگری لە ڕێـکەوتی ٢٧ی تەمـووزی ١٩٥٨، کۆبـوونەوەکە ئەنجامدرا.

ئیبراهیم ئەحمەد سـکرتێری کـۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی، سـەرۆکی شـاندەکەبوو، نـاوەڕۆکی دروشمە کۆنەپەرستیەکەی (یەکبوونی عێراقی) شرۆڤەکرد و زەرورەتی پێکهێنـانی یـەکگرتنێك لەسەر بنەمایەکی نوێی باسکرد کە گـەرەنتی برایـەتی کـورد و عـەرەب و یەکسـانی نێوانیـان دەکات، ناوبراو پشتیوانی تەواوی پارتی دیموکراتی کوردستان و گـەلی کـوردی بـۆ شـۆڕش و کۆمار ڕاگەیاند و ئەو هیوایانەی باسکرد کە کورد بە شۆڕشی هەبوو، ئەویش کۆتـایی هێنـانە بە زوڵم و زۆری و ئەو چەوساندنەوە نەتەوەییـەی تووشـی گـەلی کـورد ببـوو: "گـەلی کـورد ئامادەیە کۆمارە دیموکراتییە ساواکەی خۆی بپارێزێت تا دوا دڵۆپی خـوێن، ئەوەی وتـراوە و لە دەستووورە کاتیەکەدا هاتووە، لەگەڵ دانپیانان بە مـافە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد، ئەوە

١ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی فراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، تشـرینی یەکەمی ١٩٥٨، ئەرشـیڤی پـارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

ئەنجامی خەباتی هاوبەشمانە و یەکبوون و هەوڵی ئاشتیخوازانەی کورد و عەرەب دەسەلمێنێ.

خەباتی هاوبەشی هەردوو گەل ئاراستەکراوی یەک ئامانجی پیرۆزن، ئەویش لە ڕیشە دەرهێنانی کۆلۆنیالیزمە لە عێراق لەگەڵ پێکهێنانی ژیانێکی ئاسوودە و ئازاد بۆ گەلەکەمان. ئێمە خۆشحاڵین بەیەکەم هەنگاوی کۆمارە دیموکراتییەکەمان و ئاواتەخوازین بە زووترین کات یاسای یەکسانی گەلانی کورد و عەرەب جێبەجێ بکرێ.

گەلی کورد بە ئاواتە، بۆ هەر هەنگاوێك کە کۆمار لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕزگاربووی عەرەبی بیهاوێژێت، گەرەنتی مافە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی کورد بکات و زەمینەی نزیکبوونەوەی نەتەوەی کورد لە ئامانجەکانی خۆش بکات.

ئێمە هەموو کون و کەلەبەرێك لە بەردەم ئیمپریالیزم و بەکرێگیراوەکانیان دەگرین و خۆمان نموونەی دۆستایەتی نەتەوەکان دەبین کە لەسایەی ڕژێمێکی دیموکراسی ئازاددا دەژین"[١].

دوژمنانی کۆماری عێراق بۆ تەنیا ساتێك وازیان لە پیلانگێڕان دژ بە ڕژێمی کۆماری نەهێنا، لەوانە ڕۆژی ١٥ی تەمووز، جیهان بینەری دەستدرێژی سەربازی ئەمریکا بوو بۆ سەر لوبنان. ڕۆژی ١٧ی تەمووز ئینگلتەرا هێزی سەربازی خۆی نارد بۆ ئوردن، ئەو ئیمپریالیستە جیهانی لە بەردەم کارەساتێك دانابوو و بەبێ گوێدان بە پرەنسیپەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، سنووری کۆماری عێراقی سەربەخۆیی بەزاند.

بۆ پشتیوانی لە کۆمارە ساواکە، بلۆکی سۆشیالیزمی ئاشتیخواز بە سەرکردایەتی یەکێتی سۆڤیەت، هەڵویستی خۆیان ڕاگەیاند و لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونی کۆماری عێراقەوە، یەکێتی سۆڤیەت و گشت وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستی و گشت وڵاتانی ئاشتیخوازی ئاسیا و ئەفریقیا دەنگیان هەڵبڕی لەپێناو سەربەخۆیی سیاسی ئەم وڵاتە، ئیمپریالیزمی ئەنگلۆ-ئەمریکی کە لە هەوڵی دەستپێکردنی هێرشی سەربازی بوون بۆ سەر عێراق، هەڕەشەیان لێکرا[٢].

سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆ کە کۆماری عێراق پەیڕەوی دەکرد، لە خزمەتی ئاشتیدا بوو و لەژێر ڕۆشنایی بڕیار و پرەنسیپەکانی کۆنگرەی (باندونگ) کە بریتییە لە سیاسەتی بە

---

١ وتاری ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٢٦٣، ڕێکەوتی ١٤ی تەمموزی ١٩٦٠.

٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ١٤ی تەمووزی ١٩٦١.

ئاشتی پێکەوە ژیان، بێلایەنی ئیجابی و دوژمنایەتیکردنی ئیمپریالیزم. هەروەها بنیادنانی پەیوەندیی عێراق لەگەڵ گشت دەوڵەتان لەسەر بنەمای یەکسانی و سوودی هاوبەش. مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی پەیوەندی بازرگانی و کلتوری لەگەڵ دەوڵەتانی دۆست کە یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی سۆشیالیستی سەرقافڵەیانن و ئەوانیش دۆستایەتیەکی پاکیان لەگەڵ عێراق هەیە و سەربەخۆیی نەتەوەیی عێراق لەلایەن ئەوانەوە دەپارێزرێ.

پشتیوانی کەمپی سۆسیالیستی کە یەکێتی سوڤێت سەرکردایەتی دەکرد و سەربەخۆیی دەچەسپاند و زامنی پێشکەوتنی ئازادی وڵاتانی دەکرد.

شۆڕشی ١٤ی تەمووز بۆ گەلی عێراق، چوونە ناو قۆناغێکی سیاسی و ئابووری نوێی پێشکەوتوو بوو، ئەم شۆڕشە خەسڵەتی ناوەوەی دەوڵەتی عێراق و بارودۆخی نێودەوڵەتی وڵاتی گۆڕی.

گشت هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان و تەواوی ئەو جەماوەرەی هەیەتی، پارێزەرێکی متمانەپێکراوی شۆڕش بوون.

کورد و عەرەب بە پاکی و بە یەك دڵی ئامادەی یارمەتیدانی ئەو حکومەتە بوون کە کۆماری عێراق پێکیهێنا. گەلی کورد دوای شۆڕش پارێزەرێکی ڕاستەقینەی کۆماری عێراق بوو، چونکە حکومەتەکەی قاسم چەند هەنگاوێکی نا کە لە مێژبوو کورد لە عێراق داوای دەکرد.

هەرچەندە ئەو کارانەی لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دران، زۆر دیاریکراو و سنووردار بوون، بەڵام گەلی کورد بڕوای بەوە هەبوو کە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی وڵات بەرێوەدەڕوا و ئاساییە مافەکانی گەل بەرەبەرە فراوانتر بێت، بۆیەش گەلی کورد چالاکانە بەشداری و پشتیوانی لە پاراستنی کۆمار و تەنانەت لە پلانگێڕانی وەک: عارف، گەیلانی، شەوافی پیلانگێڕ و لۆلانیی یاخیبوو کرد.

هەنگاوی یەکەمی حکومەتەکەی کۆماری عێراق پتەوکردنی خەباتی گەل بوو دژی ئیمپریالیست و دەرەبەگایەتی. ئەوەبوو لە ڕێکەوتی ١٤ی تەمووز، دەستووری پاشایەتی عێراقی هەڵوەشێنرایەوە و لە ڕێکەوتی ٢٧ی تەمووز، دەستووری کاتی ڕاگەێندرا کە زامنی ئازادی و دیموکراسی هەموو گەل و برایەتی توێژە نەتەوایەتییەکان بوو.

ده‌ستووره‌كه جه‌ختی له‌سه‌ر یه‌كسانی مافه‌كانی كورد و عه‌ره‌ب ده‌كرده‌وه، له‌مادده (٣)ی یاسا بنه‌ڕه‌تییه‌كه‌دا هاتووو ((كورد و عه‌ره‌ب هاوبه‌شن له‌م وڵاته‌دا و مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانیان له چوارچێوه‌ی یه‌ك ده‌وڵه‌تدا ده‌ستوور دانیان پێدا ده‌نێت)).

ده‌ستووری كاتی، بۆ یه‌كه‌مجار وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌كی سه‌ربه‌خۆ، دانی به كورد نا و ڕایگه‌یاند ئه‌و گه‌له هاومافه له‌گه‌ڵ عه‌ره‌ب، ئه‌مه كاریگه‌ریی هه‌بوو له‌سه‌ر پته‌وكردنی هاریكاری نێوان هه‌ردوو گه‌لی كورد و عه‌ره‌ب.

حكومه‌تی كۆماری چه‌ندین یاسا و بڕیاری ده‌ركرد كه ده‌سته‌به‌ری ئازادی دیموكراتی، ڕێكخراوه‌یی، كه‌لتوری و ئایدۆلوژی ده‌كرد[١].

له‌ئه‌نجامی ئه‌مه‌دا ڕێكخراوه جه‌ماوه‌رییه‌كان، سه‌ندیكا و كۆمه‌ڵه‌ی جووتیاران هاتنه‌كایه‌وه. حكومه‌تی كۆماری عێراق سیاسه‌تی بوژاندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وایه‌تی په‌یڕه‌و ده‌كرد، به‌ڵێنی دابینكردنی ژیانێكی باشتری به‌چینی كرێكار دا و پلانی به پیشه‌سازیكردنی وڵاتی داڕشت، له‌گه‌ڵ بره‌ودان به هه‌رزانكردنی كاڵا سه‌ره‌كییه‌كان له وڵات.

گه‌لی كورد چه‌ندین مافی دیموكراسی به‌ده‌ستهێنا. پێش شۆڕش گه‌لی كورد له‌ژێر سێ شێوازی چه‌وسانه‌وه‌دا بوو: چه‌وساندنه‌وه‌ی ئیمپریالیستی، چه‌وساندنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی له‌لایه‌ن حكومه‌ته كۆنه‌په‌رسته‌كانی عێراق و چه‌وساندنه‌وه له لایه‌ن ده‌سه‌ڵاته ناوخۆییه‌كان و ده‌ره‌به‌گه‌كان.

دوای چه‌سپاندنی ڕژێمی دیموكراسی له عێراق، له لایه‌ن پارتی دیموكراتی كوردستان پاسه‌وانی لێده‌كرا، چونكه ڕژێمێكی وا ده‌توانێت ئاواته‌كانی گه‌لی عێراق به‌دیبهێنێت و ته‌نیا له بارودۆخێكی دیموكراسیدا مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی گه‌لی كورد زامن ده‌كرا. سكرتێری كۆمیته‌ی ناوه‌ندی پارتی، له وتارێكیدا له‌ژێر ناوی (سه‌باره‌ت به په‌یوه‌ندی به‌هێزی نێوان دیموكراسی و مافه‌كانی گه‌لی كورد) كه له ڕۆژنامه‌ی (خه‌بات) بڵاویكردۆته‌وه ڕایگه‌یاند: ((ته‌نانه‌ت به یه‌كه‌م بۆچوون و هه‌ڵسه‌نگاندنی ڕووداوه‌كان به درێژایی ساڵانی شه‌ڕ تا ئه‌مڕۆ، نه‌ك ته‌نیا له عێراق، به‌ڵكو له ته‌واوی ئه‌و ده‌وڵه‌تانه‌شی كه كوردی تێدا ده‌ژیێ، ده‌بینین گه‌لی كورد له سێ لایه‌نه‌وه ده‌چه‌وسێنرێته‌وه، به‌ڵام له‌گه‌ڵ بووژانه‌وه‌ی دیموكراسی له یه‌كێك له‌و وڵاتانه، گه‌لی كوردیش سوود و ئازادی له‌و دیموكراسییه وه‌رگرت كه بۆ ڕێكخستنی ڕیزه‌كانی به‌گشت گه‌ل به‌خشرابوو، سه‌قامگیربوونی دروشمه‌كانی و

١ بڕیاره‌كانی كۆبوونه‌وه‌ی كۆمیته‌ی ناوه‌ندی پارتی دیموكراتی كوردستان، مانگی تشرینی یه‌كه‌می ١٩٥٨، ئه‌رشیڤی پارتی دیموكراتی كوردستان.

بەهێزکردنی خەباتەکەی لە پێناو داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە گەلی کورد هەیە و دەبێتە پارێزەرێکی بڕواپێکراوی دیموکراسی لەگشت ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژی)).

ئیبراهیم ئەحمەد بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ((ئێمە دڵنیاین لەوەی ڕژێمی دیموکراتی بریتییە لە هەنگاونانی سیاسی لەپێناو گەیشتن بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەناو ئەو دەوڵەتانەی کوردستان لەژێر ئیدارەی ئەواندایە.

ئەوە بڕوای ئێمەیە و خەباتی لەپێناو دەکەین، وەك یەکێك لە مەرجەکانی پرسی پتەوکردنی دیموکراسی چارەسەری پرسی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کوردە، لایەنێکی تری ئەم ڕاستییە ئەوەیە ئێمە دان بەو گەلانەدا دەنێنین کە لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا دەژین و مافی خەباتکردنیان دژبە ڕەگەزپەرستی هەیە. ئەو گەلانە دەبێت تێبگەن کە ناتوانن دیموکراسی و ئازادی دەستەبەر بکەن و داوای بکەن، ئەگەر خەبات نەکەن و پشتیوانی لە خەباتی گەلی کورد نەکەن لەپێناو مافە نەتەوەییەکانی و ئەگەر دان بەوەدا نەنێن کە بزووتنەوەکانیان ڕەوایە و ئەنجامدانی ئەرکێکی مرۆڤایەتییە. ئەم دانپێدانانە دەبێت ببێتە بەشێك لە خەباتی ئەوان بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکان و ئازادییەکانیان. نابێت بڕیاری بوونی دیموکراسی و ئازادی لە وڵاتێکدا بدرێت کە لەوێ ملیۆنان خەڵك دەژین و بێبەشن لە مافە نەتەوەییەکانی خۆیان. ئەو گەلانە نابێت لە یادیان بچێت و هەمیشە ئەو ڕاستییە بڵێنەوە کە "گەلێك ناتوانێت هەرگیز ئازاد بێت، ئەگەر گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە". گەلانی تورك، عەرەب، فارس دەبێت هەست بەو ڕاستییە بکەن و یارمەتی گەلی کورد بدەن لە خەباتیدا بۆ گەیشتن بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی، ئەوان ناتوانن بە تەواوی ئازادبن، ئەگەر بە بیانوی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان، گەلانی برایان بچەوسێننەوە))[1].

لە ناوەڕاستی مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کۆبوونەوەی فراوانی کرد کە پەیوەست بوو بە لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی پرسە سیاسی، ڕێکخستن و ئایدیالۆژیاکان. لە کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەی ناوەندی، لە بارودۆخی سیاسی وڵاتی کۆڵییەوە، لەیەکەم ڕۆژی شۆڕشی ١٤ی تەمووز پەیوەندییەکانی پارتی و حکومەت و پارتە نەتەوەییەکان و چەندین بابەتی تر کە تایبەتن بە جەماوەری گەلی کوردستانی عێراق تاوتوێ کران، کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە ئەم ئەنجامانە و ڕایگەیاند:

١ ڕۆژنامەی خەبات، ڕێکەوتی ٢١ی تەمووزی ١٩٦٠.

شۆڕشی ١٤ی تەمووزی نەتەوەیی لە وڵات، ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیمپریالیریالیستی لەناو برد، واتە گەورەترین قەڵای ئیمپریالیست لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕووخێنرا و بووە هۆی هەرەسهێنانی بنەماکانی ئیدارەی کۆنەپەرستان لە وڵاتدا کە بەزۆر گەلی بەخۆیەوە گرێدابوو و عێراقی لە هێلانەی پیلانەکانی ئیمپریالیست و ژێرزەمینی تاوانەکانی کۆنەپەرستان و بارەگای پەیمانی بەغدا دەرهێنا و کردیە کۆمارێکی سەربەخۆی ئازادیخواز و ئاشتیخواز کە لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا پەیڕەوی پرەنسیپی بە ئاشتی پێکەوە ژیان و سیاسەتی بێلایەنی ئیجابی دەکرد و لە سیاسەتی ناوخۆیشدا چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەلی دەکرد.

کۆماری عێراق هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گورزێکی کوشندە بوو لە ئیمپریالیزم، لە دەربەگە هاوپەیمانەکانی و کۆنەپەرستە خۆفرۆشە پاڵپشتەکانی درا. کۆمیتەی ناوەندیی جەختی لەو ڕاستیە کردەوە کە پاراستنی کۆمار، چەسپاندن و پاراستنی بۆچوونە دیموکراتییەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز، ببێتە دروشمێکی بنچینەیی پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت جەماوەری کوردستانی عێراق. کۆمیتەی ناوەندیی گشت هێزە دیموکراتییەکانی گەلی کوردی بانگهێشت کرد، تا بەیەکگرتوویی خەبات بکەن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز.

کۆمیتەی ناوەندی، ئەوەی بیری پارتی خستەوە کە هەڵەیەکی گەورەیە، ئەگەر وابیر بکرێتەوە ئیمپریالیزم بۆ هەتاهەتایە تێکشکاوە، یان کۆنەپەرستان سەرشۆڕی چارەنووسە ڕەشەکەیان بوون، یان ڕژێمی ڕووخاو کە پشتی بە چەند گرووپێکی خۆفرۆش دەبەست ئەوانەی گەل بڕیاری لەنێوبردنیانی دابوو و چاوەڕێیاندەکرد ڕووبەڕووی دادپەروەری دادگای گەل ببنەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان، هۆشداری دا کە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان لە کەشی شکستهێنان دڕندەتر و فێڵبازتر دەبن، ئیمپریالیزم جاران لە وڵات پشت و پەنایان هەبوو و چنگی خۆی لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی گیرکردبوو، وەك جاران حکومەتە کۆنەپەرستەکانی تورکیا، ئێران و ئوردن بەردەوام لە پیلانگێڕاندا بوون دژی کۆماری عێراق، هەروەها بازنەکانی ئیمپریالیزمی ئەنگلو- ئەمریکیەکان وەک جاران لە بۆسەدابوون بۆ هێرشکردنە سەر کۆماری عێراقی ساوا.

ئەزمونی گەلی عێراق و تەواوی گەلانی ئازادیخوازی جیهان کە پشتگیریان لە یەکبوونی هێزە نەتەوەییەکان دەکرد و هەمیشە ئامادەبوون بۆ ئاشکراکردنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم و گەشەپێدانی ئاستی هۆشیاری و بەرزکردنەوەی ورە و خۆڕاگری لەکاتی پێویست و ئامادەکردنی گەل بۆ بەرەنگاربوونەوە و دەستوەشاندن لە خائین و پیلانگێڕان. لە ئەرکە

هەرە پێویستەکانن، بۆئەوەی خەباتی گەلی عێراق و کۆماری عێراق پارێزراو بێت، ئەو کۆمارە چەسپاو بێت و ببێتە هۆی پێشکەوتنی بەردەوام و پاراستنی بزووتنەوەکەی بە تێڕوانینێکی دیموکراتیانەی ڕاستەقینەوە، بۆیە کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند ئەرکی هەرە گرنگی نەتەوەیی گشت هێزە نەتەوەییەکان ئەوەیە، ئەرکەکانیان لە بانگەشەیەکی ئاساییەوە بگۆڕن بۆ پراکتیکی ڕاستەقینە، بە یەکخستنی ڕیزەکانیان و یەکبوونێکی شایستە، لەگەڵ یەکگرتنی گشت هێزی دژە ئیمپریالیستیەکان و زیادکردنی ڕۆڵی جەماوەری فراوانی گەل و ڕێکخستن و خستنەگەڕی گشت توانایەکیان لە بەرەکانی یەکبوونی نەتەوەییدا.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوەی بەبیرهێناوە کە ئەوەی پێویستە یەکبوونە لە خەباتی هەردوو گەلی عەرەب و کوردی برا و یەکخستنی ئامانجی گشتیان دژی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانەکانی لەپێناو پاراستنی کۆماری عێراق.

بەرەی نەتەوەیی (جبهة الاتحاد الوطني) لە عێراق لە کۆتایی پایزیساڵی ١٩٥٦ دامەزرا، ئەو بەرەیە لە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و پارتی دیموکراتی نەتەوەیی، پارتی بەعس و ئیستقلال پێکهاتبوو[١]. پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆرینەی هێزی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی کوردستانی عێراقی پێکدەهێنا، داخوازییەکانی گەلی کوردی بەداخوازییەکی ڕەوا و بە مافی نەتەوەیی ناو دەبرد و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ سەرکردایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردی شانبەشانی بزووتنەوەی ڕزگاری عەرەب کردبوو[٢].

سەرەڕای ئەوەش پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەرەی نەتەوەیی ساڵی ١٩٥٦ وەرنەگیرا، ئەگەرچی چەند جارێك کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك داوای وەرگرتنی پارتی لەو بەرەیەدا کرد.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند، مانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی چوارچێوەی بەرەی یەکێتی نەتەوەیی گومان دەخاتە سەر خەباتی گەلی کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافەڕەواکانی خۆی و ئەو خەباتە لە خەباتی نەتەوەیی گشتی لە عێراق دادەبڕێنێ و ڕێگا خۆش دەکات بۆ دوژمنانی ناوەوە و دەرەوە، واتە ئیمپریالیست و کلکەکانی، تا هەلی نەچوونی پارتی بۆ ناو ئەو بەرەیە بقۆزنەوە و دوو دڵی لە خەباتی هەردوو گەلی برای کورد و عەرەب دروست بکەن، دیارە ئەمەش پەشێوی و

١ وەرگیراو لە وتاری سەلام عادل، ڕێکەوتی ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ٢٦ی شوباتی ١٩٦٣.

بەرەڵایی لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییدا دروست دەکات، هەروەها دەبێتە هۆی هاندانی گیانی دوورەپەرێزی لەناو گەلی کورد دا.

جگە لەمە، مانەوەی پارتی لە دەرەوەی بەرەی یەکبوونی نەتەوەیی، گومان لە پەیوەندییەکانی خەباتی گەلی کورد بۆ مافەڕەواکانی خۆی دروست دەکات و ئەو خەباتەی دابڕیوە لە خەباتی گشتی نەتەوەیی لە عێراق، ئەمەش واتای خۆبەدەستەوەدانە لە بەردەم سیاسەتە چەپەڵەکەی ئیمپریالیزم کە چوارچێوەکەی لە دژایەتیکردنی گەلی کورد بەدیار دەکەوێت. کۆماری عێراق، چەسپاندن و پاراستنی خەباتی گەلی عێراق، بەرژەوەندییەکانی بەهێزکردن و چەسپاندنی بەرژوەندییەکانی خودی بەرەی یەکگرتووی نەتەوەیی وا دەخوازێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەبێ دواکەوتن لەو بەرەیەدا وەربگیرێت، چونکە بەرەی نەتەوەیی بەبێ بەشداری گەلی کورد کە بە دووەم نەتەوە لە عێراق دادەنرێت، لاواز دەبێت و ناتوانێت سوود بە گەلی عێراق بگەیەنێت، پێویستە گشت نەتەوەکانی عێراق بەشداری لەو بەرەیەدا بکەن، بۆئەوەی بتوانێت خەباتێکی سەرکەوتوو لە پێناو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دژبە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان ئەنجام بدات.

خەباتی گەلی کوردی عێراق لەپێناو بە دیموکراتیکردنی وڵات و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق بەبێ پشتیوانی هێزە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق ناتوانێت ئەنجامی پێویست بەدەست بهێنی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی عەرەب لە عێراق، بەبێ پشتیوانی گەلی کورد سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت.

لەبەرئەوە و لەپێناو گەیشتن بە بەرژەوەندییە نەتەوەییە گشتیەکان، هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دەبێت یەکگرتوو بن لەگەڵ هێزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی عەرەب لە چوارچێوەی یەك بەرەی نەتەوەییدا، لێرەدا واچاکە ئەوە بەبیر بهێنینەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لە پێش شۆڕش و دوای شۆڕشیش خەباتی کردووە، بۆئەوەی پێ بە پێ لەگەڵ هێزە نەتەوەییەکانی عێراق بڕوات و بچێتە ناو بەرەی نەتەوەیی یەکگرتوو و لەگەڵیاندا ڕێکبکەوێت لەسەر بنەمای هاوکاریی هاوبەش و هەماهەنگی هێزەکان، ئامانجەکان و داخوازییەکان کە گەلی عێراق بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبەوە خەباتیان لە پێناودا دەکرد. داخوازییەکانی پارتی سەبارەت بە چوونە  ناو ئەو بەرەیە، بێ وەڵام بوو، بەتایبەتیش دوای بێ بایەخکردنی گرنگی

خەباتی یەکگرتووی هەردوو گەلی برا لەلایەك و لەژێر کاریگەری هێرشی تاوانبارکردن و ئەو سیاسەتی ئیستفزازکردنەی دژبە ئەوان ئەنجام دەدرا لەلایەکی ترەوە.

"ئەزمونی گشت ئەو وڵاتانەی لە چەندین نەتەوە پێکهاتوون ئەوە دەسەلمێنێ کە تەنیا ئەو کاتەی ئەو گەلانەی لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین مافە نەتەوەییەکانیان بەتەواوی وەرگرتبێ، ئەوا دەتوانن تەلاری پەیوەندی برایەتیان لەسەر بنچینەیەکی پتەو دروست بکەن، هەروەها یەکێتیەکی ڕاستەقینەی بەهێز لەنێوانیاندا هەبێ. بەبێ ئەمە بەردەوامبوونی خەباتی گەلان و پاراستنی لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا مەحاڵە"[1].

هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە دروشمی پاراستن و پتەوکردنی کۆمار و بەهێزکردنی دەسەڵاتەکانی لەسەر بنەمای دیموکراسی، دروشمی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ بەسترا، پارتی داوای کرد هەوڵەکان یەك بخرێن، ئەوەتا لە بڕیاری کۆبوونەوەی فراوانی پ.د.ك دا هاتووە ((... بە بۆچوونی ئێمە چوونی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ناو بەرەی نەتەوەیی یەکگرتوو، پێویستیەکی نەتەوەیی مەزنە، ئەمە کارێك نییە دوابخرێت، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستادا کاتێك کە بازنە ئیمپریالیزمیەکان فرمێسکی تیمساحانە دەڕێژن بۆ کورد و کوردستان و هەوڵدەدەن دووبەرەکی بخەنە ناو ڕیزەکانی خەباتی یەکگرتوو و برایانەی گەلانی کورد و عەرەب))[2].

کۆبوونەوەی فراوانی پارتی وای بۆ دەچێ پێویستە خەباتی بەرەی نەتەوەیی یەکگرتوو چالاکتر بکرێت و ژیانی بەبەردابکرێتەوە، بۆئەوەی ئەو ڕۆڵ و ئەرکە مێژووییەی سەبارەت بە یەکخستنی ڕیزەکان لە ئەستۆیەتی، بە ئەنجام بگەیەنێت. ئەمەش بەوە دێتەدی کە هێزە نیشتمانییەکان لە دەوری کۆمارەکە کۆببنەوە و گشت کەسایەتییە نیشتمانییەکان یەکڕیز بوەستن.

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند چەند پێویستە هەردوو گەلی کورد و عەرەبی برا لە یەکڕیزی خەبات بۆ ئامانجێکی گشتی یەکبگرن دژی ئیمپریالیزم و خزمەتکارەکانیان و لە پێناو پاراستنی کۆمارە ساواکەی عێراق، هاوخەبات بن.

---

١ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕێکەوتی ١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٨، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.
٢ هەمان سەرچاوە.

ئـەم ئـەزموونە مێـژووییە دەیسـەلمێنێ کە یـەکبوونی هێـزە نەتەوەیـەکان و هۆشـیارییان، ئامـادەیی هەمیشـەیان بـۆ ئاشـکراکردنی پیلانـەکانی ئیمپریـالیزم، نوانـدنی هەڵوێسـت و بڕیاردانی پێویست لەکاتی پێویست، ڕاکێشـانی گـەل بەگشـتی بـۆ بـەرەنگاری و وەشـاندنی گورزێـك لە سـەری خۆفرۆشـان و پیلانگێـڕان، هـەموو ئـەمانە زۆر پێویسـتن بـۆ پاراسـتنی دەستکەوتەکانی گەل.

پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەوازی بۆ گشت ئاشتیخوازان و هێزە نیشـتمانپەروەرەکانی عێراق کرد، تا ئەو کۆمارە بپارێزن و سەقامگیری بکەن و بەرەو پێشـەوەی ببـەن و بـەردەوام بن لە پرۆسەی بە دیموکراسی کـردن، (بـۆیە ئـەرکێکی نەتـەوەیی هەمیشـەیی گشـت هێـزە نەتەوەییەکانە، هـەروەك لـە ڕاگەیەنـراوی کۆبوونـەوەی فراوانـی کـۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هـاتووە: لـە بانگەشـەی سـادەوە بچـین بـۆ یـەکگرتنی ڕیزەکـان، هەنگاونانی جیددی و پراکتیکی، پەلەکردن بـۆ یـەکگرتنێکی گونجـاو، ڕاکێشـانی جـەماوەری فراوانی گەل و ڕێکخستن و بەگەڕخستنیان لەبەرەی نەتەوەیی یەکگرتوو)[١].

بـەم شـێوەیە، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان هەسـتی دەکـرد، دامەزرانـدنی بەرەیـەکی نەتەوەیی پێویستە، بەڵام بەبێ بەشداری کورد، مـەحاڵە گـەلی عێـراق سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنی[٢].

ئەم بەرە نەتەوەییە لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ دامەزرا، هەر لە یەکەم سـات دوای دامەزرانـدنی کۆمار، بەڵام دوای ڕووداوەکەی مووسڵ، ئەو پارتانەی پەیوەندیان لەگەڵ شەواف هـەبوو لـە ڕیزەکانی ئەو بەرەیە چوونە دەرەوە، واتە ئەوانەی لەگەڵ شـەوافی یـاخیبوون و بەشـداریان کرد لەوانە:- پارتی بەعس و ئیستقلال، بەمـەش بـەرەی نەتـەوەی هەڵوەشـایەوە، نوێنـەرانی ئەو پارتانە وایان مەزەنـدە دەکـرد بـارودۆخی دوای شـۆڕش بواریـان بـۆ دەرەخسـێنێ تـا لـە دەرەوەی ئەو بەرەیە خۆیان بەهێزتر بکەن.

بۆرجوازی نەتەوەیی کە ترسابوون لە پەرەسەندنی هێـزە سیاسـیەکانی عێـراق لە "قۆنـاغی گواستنەوە"، هەوڵیاندا کۆتایی بە چالاکییەکانی پارتە سیاسیەکان بهێنن.

لــە ڕێــکەوتی ١ی ئــاداری ١٩٥٩، قاســم لــە وتەیەکیــدا داوای کــرد، پــارتە سیاســیەکان چالاکیەکانیان ڕابگرن.

---

١ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٦٠، ئەرشـیڤی پـارتی دیموکراتی کوردستان.
٢ هەمان سەرچاوە.

لە وەڵامی ئەو داواکارییەی قاسم، پارتی دیموکراتی نەتـەوەیی لە ڕۆژی ٢٠ ئـاداری ١٩٥٩ ڕایگەیانـد، چالاکییەکـانی پارتەکـەی لـە مـاوەی "قۆنـاغی گواسـتنەوە" ڕادەگـرێ[١]، بـەڵام ئـەم ڕاگەیاندنە تەنیا لە لایەن بەشـێکی سـەرکردایەتی پـارتی دیمـوکراتی نەتـەوەیی پەسـەندکرا، ئەوانـەی ئـەم ڕاگەیاندنـەیان ڕەت دەکـردەوە، دوای دوو ڕۆژ، بڵاویـان کـردەوە کە پـارتی بەردەوام دەبێت لە چالاکییەکانی. کامل چادرچی یەکێک لە دامەزرێـنەرانی پـارتەکە، دژایەتی وەستاندنی چالاکییەکانی حزبی کرد.

لە بڵاوکراوەیەکی پارتی کۆمۆنیستی عێراق سەبارەت بـەم بـابەتە هـاتووە: "... بەلامانـەوە سەیرە کاتێـك پـارتی دیمـوکراتی نەتـەوەیی لـەناکاو ڕایـدەگەیێنێت چـالاکی ڕامیـاریی خـۆی ڕادەگرێت، ئەم بڕیارە لە ئاستێکی بـەرز ڕێگـا لـە هـەوڵی یـەکگرتنی هێـزە نەتەوەیـەکان و یەکگرتنی گەل دەگرێت"[٢].

ئەو ئامانجانەی لە بەردەمی هێزە دیموکراتییەکانە، وا دەخوازێ چالاکییەکانیان یەکبخـەن، بۆیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩، لە هـەوڵێکی هاوبەشـی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق و پـارتی دیموکراتی کوردستان، سەر لـەنوێ بەرەیـەکی نەتـەوەیی نیشـتمانی پێکهێـنرا، لـەو بەرەیـەدا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق و بـاڵی چـەپی پـارتی دیمـوکراتی نەتــەوەیی، ســەندیکاکان، ڕێکخــراوە دیموکراتییەکــانی وەك ئافرەتــان، لاوان و جووتیــاران بەشداریان کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکانە پشتگیری لە حکومەتی ساوای کۆماری عێراق دەکـرد، بەوەی کە ئەو حکومەتە هۆکارێکی سـەرەکییە لـە پاراسـتنی کۆمارەکـە و پارێزگـاریکردن لـە ڕێڕەوە دیموکراتییەکەی و خەباتی گـەل کە دەسـکەوتی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز بـوو. پـارتی پشتیوانی لە بۆچوونە دیموکراتییەکانی حکومـەت دەکـرد و لایـەنگری کۆمارەکـەی دەکـرد و هەوڵیدەدا لە گشت پیلانە کۆنەپەرستەکانی ئیمپریالیزم بیپارێزێ.

ئەم پشـتیوانییە ئەوە ناگەیـەنێت کە داخـوازی بـەدیهێنانی مـافە نەتەوەیـەکان و ئـازادی دیموکراتی بۆ گەلی کورد لەلایەن پارتیەوە نەبووە کە لە دەستووری کاتی عێراقدا چەسـپاوە. پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەوڵدابوو، بۆئەوەی شێوازی داواکاری ئەو مافانـە و شـێوازی خەبات کە لە پێناویاندا دەکرێت و هۆکاری هاندانی جـەماوەر و سـەرکردایەتییەکەی بـەرەو

---

١ ڕۆژنامەی "الأهالي"، ڕێکەوت ٢ی ئایاری ١٩٥٩.
٢ ڕۆژنامەی "اتحاد الشعب"، ڕێکەوتی ٢٣ی تەموززی ١٩٥٩.

داهێنـان و دۆسـتایەتی ببـات، بەجۆرێـك گونجاوبێـت لـەگەڵ بەرژەوەندییـەكانی پاراسـتن و چەسپاندنی كۆماری كورد و عەرەب.

خرۆشۆف، لە پەیامێكی بـە بۆنـەوەی دووەم سـاڵوەگەڕی شۆڕشـی عێـراق لە بـارەی گەلی عێراق دەڵێت: "لە ئەنجامی چەندین سـاڵ خـەباتی جوامێرانـەی دژ بەدەسـەڵاتی زۆردارانـی بیانی و ناوخۆیی، ئەم گەلە نەك تـەنیا خـەباتی بـۆ سـەربەخۆیی نەتـەوەیی خـۆی كـردووە، بەڵكو گەنجینەیـەكی گرنگـی دانـا بـۆ بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلانی گشـت ڕۆژهەڵاتی عەرەبی".

شۆڕشی ١٤ی تەمووز، لاپەڕەیەكی نوێی لە مێژووی عێراق كردەوە و بارودۆخی ڕەخسـاند بۆ هێنانەدی هیوا و ئاواتە ڕەواكانی گەل، هەوڵەكان لە وڵاتدا بەرەو سـەربەخۆیی، ئـازادی و ئاشتی دەڕۆیشتن[١].

حكومەتی كۆمار لەو كاتەدا سوودی لە متمانە و پشتیوانی گەلی كـورد و عـەرەب و پـارتە پێشڕەوەكانی وەك پارتی كۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموكراتی كوردستان وەرگرت.

پارتی دیموكراتی كوردستان، وەكو پارتی كۆمۆنیستی عێـراق، كـاری لەپێنـاو بەهێزكـردن و سەقامگیركردنی متمانەی گەل بە حكومەتی كۆماری دەكرد، بەم جۆرە پارتی باوەڕی تـەواوی هەبوو بەوەی داخوازی مافـەكانی گـەلی كـورد و هێنانـەدیان كۆمـاری عێـراق زیـاتر بـەهێز دەكـات، بـۆیە پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان وەك ڕابـەری بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی كـورد خـەباتی كـرد لـە پێنـاو هێنانـەدی گشـت ئامـانجە ڕەواكـانی لە هەلومـەرجێكی برایـەتی ڕاستەقینەی عێراقیدا.

پارتی دیموكراتی كوردستان هێزە نیشتمانییەكانی هۆشیار كردەوە لە مەترسی شـۆڤێنیزم و كۆسـمۆپۆلیتیزمەكان كە مـاف و ئـازادی گـەلی كوردیـان ڕەتـدەكردەوە و بڕوایـان بە خزمەتكردنی نەتەوەیەكەیان نەبوو، پـارتی ڕایگەیانـد سیاسـەتی كۆسـمۆپۆلیتزم و شـۆڤێنیزم بـارودۆخی دوژمنایـەتی دروسـت دەكـات لەنێـوان گـەلان و زیـان بە پەیوەندییـەكان دەگەیەنێت، بنچینەی برایەتی و یەكێتی و خەباتی هاوبەشیان دەڕووخێنێت.

شۆفێنیزمی عەرەبی هەڵوێستی نێگەتیڤی لـە بەرامبـەر مـافە نەتەوەیـەكانی گـەلی كـورد هـەبوو، بـە بایەخـەوە تەماشـای هـەموو بزووتنەوەیـەكی كـورد و گـەلی كـوردی بەگشـتی نەدەكرد. شۆفێنیزمە عێراقییەكان هێزی خۆیان لە دژایەتیكردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی كورد

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێكەوتی ١٤ی تەمووزی ١٩٦٠.

دەبینییەوە و دژی ڕێکخراوە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکانی کورد هەڵوێستیان دەنواند، تەنیا لەبەرئەوەی ئەوانە ناوی کورد و کوردستانیان هەڵگرتبوو، بەڵام ئەوە تەنیا وا لە هێزە دیموکراتییە کوردییەکان دەکات زیاتر لەخەمی کۆمارەکە و دیموکراتی و برایەتی ڕاستەقینەی کورد و عەرەبدابن[1].

شۆڕشی ١٤ی تەمووز، بووە هۆی بووژانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی جووتیاران، بەشداریی چالاکانەی جووتیاران لە خەبات لەپێناو زەویەکانیان، ئاوێتە بوو لەگەڵ خەباتی کۆمەڵایەتی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی گشت بزووتنەوەی کوردیدا هەبوو.

یەکێک لە دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، چاکسازی لە بواری زەوی بوو، لە ئەنجامدا دەرەبەگایەتی لەناوبرا، زەوی بەو جووتیارانە درا کە لەمەوپێش لەو مافە بێبەشبوون، پارتی دیموکراتی کوردستان ڕابەرایەتی خەباتی جووتیارانی گرتە ئەستۆ و پارێزەری مافەکانیان بوو. پارتی سەرکردایەتی خەباتی جووتیارانی دەکرد بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاککردنی زەوی و نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانەی لەو یاسایەدا هەبوو. پارتی ڕابەرایەتی جووتیارانی کرد و ئەوانی بەرەو خەباتی نەتەوەیی گشتی برد، ئەوەی بۆ ڕوون کردنەوە کە بە دەرکردنی یاسای چاککردنی زەوی هەموو شتێك کۆتایی نایەت، بەڵکو هێشتا ئەرکی نەتەوەیی، ئابووری، ڕامیاریی و کەلتوری لە پێشدایە کە پێویستن جێبەجێ بکرێن، بۆئەوەی جووتیاران و گشت توێژەکانی گەل ئاسوودەبن.

پارتی دیموکراتی کوردستان کارە پراکتیکییەکانی خۆی لە بواری کشتوکاڵدا بە ڕێکخستنەوەی هێزی جووتیاران ئەنجام دەدا و ئەوانی بە هەستێکی ڕاستەقینەی نەتەوەیی شۆڕشگێڕانە گۆش دەکرد.

شۆڕشی ١٤ تەمووز، لە چەندین لایەنەوە هێز و توانای گەلی ئازادکرد، جگە لە سەرهەڵدان و بەدیارکەوتنی جەماوەری گەلی عەرەب، جەماوەری کوردستانی عێراقیش بە وزە و توانایەکی زۆرەوە بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا، ئەو وزە و توانایە بریتی بوو لە خواست و ئارەزوویان بۆ پاراستنی کۆمار و چەسپاندنی ڕژێمی نوێ، لەگەڵ کۆبوونەوەیان لەدەوری پارتێکی شۆڕشگێڕی پێشڕەو و بەشداریان لە ڕیزەکانی ئەو پارتە و کردنەوەی ڕێگای خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕ بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕش و پارتی لە ئازادی و

---

١ نامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حکومەت، سەبارەت بە بارودۆخی وڵات، ساڵی ١٩٦١، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان.

دیموكراتی و پێشكەوتن. هێزە كۆمەڵایەتییەكانی گەل دەستیانكرد بە ڕێكخستنی ڕیزەكانی خۆیان لەناو كۆمەڵە و سەندیكا و ڕێكخراوە تایبەتیەكان.

ئەركێك لەبەردەم پارتیدا هەبوو، ئەویش بەرزكردنەوەی ئاستی كاری ڕێكخستن بوو كە بە هۆیەوە دەیتوانی ڕۆڵی پێشڕەوی خۆی ببینێ و ئەركە ڕامیارییەكانی خۆی جێبەجێ بكات، ئەوە بوو لە گشت بوارەكانی ڕامیاریی، ئایدیۆلۆژی و ڕێكخستنەكاندا پارتی سەركەوتنی بەدەستهێنا.

جەماوەرێكی زۆری خەڵكی كوردستانی عێراق لە دەوروبەری پارتی كۆبوونەوە و لەژێر ئاڵاكەیدا باشترین سەركردەی جەنگاوەر لە كرێكار، جووتیار، ئازادیخواز و شۆڕشگێڕ و زەحمەتكێشان و خاوەن پیشەكان خەباتیان لە پێناویدا دەكرد، بەتایبەت دوای ئەوەی شۆڕشی ١٤ی تەمووز و بەرهەمەكانی ئەو شۆڕشە جارێكی دی پێویستی بوونی پارتێكی شۆڕشگێڕی پێشڕەوی كوردیان سەلماند.

یەكێك لە بەرهەمەكانی شۆڕش، سیاسەتی پاراستنی ئاشتی بوو كە شۆڕش هەر لە سەرەتای هەڵگیرسانییەوە پەیڕەوی دەكرد. كۆماری عێراق، دوای بڕینی پەیوەندی لەگەڵ بلۆكی ئیمپریالیست، سیاسەتی بێلایەنی پۆزەتیفی پەیڕەو كرد. سیاسەتی بێ لایەنی، واتە ڕەتكردنەوە یان نكۆڵیكردن لە لایەنگری ئەم و ئەو.

سیاسەتی بێلایەنی پۆزەتیف مانای گەڕان بوو بە دوای ڕێگایەك بۆ گرێدانی پەیوەندی هاوكاری لە بوارەكانی ڕامیاریی، ئابووری و كەلتوری لە نێوان كۆماری عێراق و یەكێتی سۆڤیەت و وڵاتانی كەمپی سۆشالیستی، چونكە هاوكاریكردن لەگەڵ كەمپی سۆشیالیستی سەربەخۆیی و ئابووری عێراقی دەچەسپاند.

پارتی دیموكراتی كوردستان چەند جارێك ڕووی كردە حكومەتی عێراق و داوای لێ كرد پشتیوانی لە هێزە دیموكراتییەكانی ناو عێراق بكات و پەیوەندییە دۆستانەكەی لەگەڵ وڵاتانی كەمپی سۆشیالیستی، بە سەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەت بەهێز بكات، بۆئەوەی بوار نەدات بە زۆر بلێ و پیلانگێڕ و دوژمنە ئیمپریالیستەكان كار لە پەیوەندییەكانی عێراق بكات، كە تازە لە ئاگری كۆلۆنیالیزمیەكان ڕزگاری ببوو[١].

ئەو هەڵوێستەی پارتی دیموكراتی كوردستان نواندی، بە فاكتەرێكی گرنگی چەسپاندنی ئاسایش، بەڕێوەبردن و پتەوكردنی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی لە كوردستان دادەنرا.

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموكراتی كوردستان، فایلی ژمارە ٣.

ئەو کارەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ورەیەکی بەرزەوە ئەنجامی دەدا، ڕێگای لە هەوڵەکانی لایەنگرانی ڕژێمی لەکارکەوتوو گرت کە لەنێویاندا چەندین کوردیش هەبوون، هەروەها هەوڵەکانی دەستە و تاقمە بیانییەکانی پووچەڵ دەکردەوە کە هەوڵیان دەدا سۆزی نەتەوایەتی کورد دژی ڕژێمە نوێیەکەی عێراق بەکاربهێنن[1]. پارتی دیموکراتی کوردستان لە نێوان جەماوەری گەلی کوردستانی عێراق کاری دەکرد و پشتگیری لە گەلی کورد دەکرد لە خەباتیدا دژی دوژمنانی کۆماری ساوای عێراق. دڵسۆزیی پارتی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە یەکبوونی نەتەوەیی لەسەر تێگەیشتنی قووڵ و گرنگی ناوەڕۆکەکەی سەقامگیر بووە.

گەلی عێراق، کورد و عەرەب، خۆشحاڵ بوون بە یەکەم ڕاگەیاندنی حوکمەتەکەی قاسم کە تێیدا باس لەوە دەکات، لە ئێستا بەدواوە تەنیا ئەو ڕێککەوتننامە و بەڵێن و پاکتانە (میثاق) جێبەجێ دەکرێن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی عێراق دەگونجێن.

ئەو ڕێککەوتننامەیەی کە حکومەتی پاشایەتی عێراق مۆری کردبوو لەگەڵ ئیمپریالیستەکان سەبارەت بە نەوتی عێراق، بەشێوەیەکی زۆر دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق بوو، کورد و عەرەب بە هیوای ئەوە بوون دوای ئەنجامدانی شۆڕشی ١٤ تەمووز حکومەتی کۆماری نوێ ڕێڕەوی ئابووری عێراق بگۆڕێ و هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ بەدیهێنانی ئاواتی گەل لە بەکارهێنانی تەواوی ئەو سامانە نەوتییەی هەیە، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و کەلتوری وڵات و خۆشگوزەرانی گەل.

پاراستنی کۆمار، چەسپاندنی گیانی دیموکراسی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨، دروشمی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و گشت جەماوەری کوردستان بوو، بۆیە پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگێشتی یەکگرتنی گشت هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانی دەکرد. پارتی ڕایگەیاند چۆن ئەو دروشمە خۆی لەخۆیدا مەرجێکی پێویستە بۆ گشت بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی عێراقی، هەر ئاواش ئەو بزووتنەوەیە دەبێت ئەو دروشمە بەرز بکاتەوە و پێداگری لێ بکات و ئەو دروشمانەش ڕەت بکاتەوە کە ڕیزەکانی گەل دەشێوێنن.

گەلی کورد بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، هەموو توانای خۆی خستەگەڕ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کۆمار و نیشانیدا ئامادەیە پارێزگاری لەو کۆمارە بکات، ئەوەش لە هەڵوێستی بەرامبەر بە یاخیبووان و لایەنگرانی ڕژێمی لەناوچوو و چەوسێنەرانی گەل بە ڕووونی دەرکەوت. گەلی کورد زۆرێک لەو زۆردارانەی وەك ئەحمەد زێباری کە پەیوەندی

---

[1] ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ٦ی ئایاری ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ٢٦ی شوباتی ١٩٦٣.

لـەگەڵ کۆنەپەرسـتانی عێراقـدا هـەبوو، کـەلحی ڕێکـانی کە ئەویـش پەیوەنـدی لـەگەڵ کۆنەپەرستی تورکی و ڕەشید لۆلان کە پەیوەندی لەگەڵ پادشایەتی ئێراندا هەبوو سزادا[1].

گەلی کـورد، بە سـەرکردایەتی پـارتە پێشـڕەوەکەی، پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، بـوو بە یـەکێك لە شـووره پۆڵاینـەکانی کۆمـاری سـاوا، ئەو کۆمـارەی بە لێـدانی پـارتی دیمـوکراتی کوردستان لەنێو دەچوو.

لە بڕیاری کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە:

"لەگەڵ ئەوەی ئەو قەڵایە هێشـتا پتـەو نیـیە، بـەڵام کۆمـاری عێـراق هـەر دەگەشـێتەوە، پەرەدەسێنێت و بەرەو پێشەوە دەچێت، هەرچەندە پلان و هەوڵەکان هێشتا لە ئارادان"[2].

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان سـوور بـوو لەسـەر پێویسـتی بـەهێزکردنی ئۆرگانـەکانی ڕاگەیانـدنی پـارتی، هـەروەها پـەلە بکرێـت لە بڵاوکردنـەوەی ڕاگەیەنـدراو و بەیاننامـەکان، هەڵوێسـتی سیاسـی پـارتی بـۆ گشـت هاووڵاتیـان و حکومـەت و هێـزە نیشتمانییەکان ڕوون بکرێتەوە.

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای لە گشت هەڤاڵانی کـرد، دەسـت بە هەڵمـەتێکی ڕوونکردنـەوەی فـراوان بکـەن، بـۆئەوەی هەڵوێسـتی ڕاسـتەقینەی پـارتی لە سیاسەت و ئایدۆلۆژی بـۆ جـەماوەری گـەلی عێـراق، عـەرەب، تـورك، ئاشـووری و ئەرمـەنی ئاشکرا بکەن و هەوڵی نەهێشتنی ئاسەواری هێرشە توندەکانی ئیمپریالیسـت کە دژی گـەلی کورد و پارتە پێشڕەوەکەی، پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان کرابـوو، بـدەن. هـەروەها پێویسـتە خـەبات بکـەن دژبە ڕێکخـەری ئەو هێرشـانە، چـونکە بەرژەوەندییـەکانی کۆمـار و یـەکێتی گـەلانی کـورد و عـەرەب و هـەروەها بەرژەوەندییـەکانی بـەرەی یـەکبوونی نیشـتمانی و پتەوکردن و فراوانکردنی ئەم بەرەیە ئەمە دەخوازێت.

---

١ ئەحمەد زێباری لە ڕێکەوتی ١٤ی تەمووز، کاتێك هەواڵی ڕووخـانی ڕژێمـی پاشـایەتی و عەبـدولئیلا و نوری سەعید دەبیستێت. دەڵێت: خۆزگە مردنی منداڵەکانی خۆمم بینیبا نەک مردنی نوری سەعید.
کەلحێ ڕێکانی خیانەتکار، تاوانبارە بە کوشتنی چەنـدین شۆڕشـگێڕی ڕێگـای ڕزگـاری کوردسـتان، لەوانـە خەلیل خۆشەوی کە یەکێك بووە لە سەرکردە کوردەکان و لە نێوان ساڵانی ١٩٣٣ تا ١٩٣٦ دژی ئینگلیـز و ڕژێمی پاشایەتی خەباتی کردووە.
شێخ ڕەشیدی لۆلان، ئەو کەسـەی خـۆی پیـرۆز نیشـان دەدا بـۆ بـەتالان بـردن و دزینـی مـاڵ و سـامانی جووتیارە هەژارەکان، بەمەش سامانێکی زۆری کۆکردبووەوە، ئەو چەندین جار لەپێناو بەرژەوەندییـەکانی خۆی کوردی فرۆشت، خیانەتی کرد و دەستی لەگەڵ دوژمنانی کورد تێکەڵکرد.
٢ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٠.

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ئەو بەهەموو توانایەوە پشتیوانی لە حکومەتی کۆماری دەکات و مەرجی بنەڕەتی پاراستنی کۆمار، پاراستنی ڕێڕەوە دیموکراتییەکەی و خەباتی گەلە کە بەرهەمی شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ بوو[١].

پارتی دیموکراتی کوردستان بە تەواوی لایەنگری حکومەتی کۆماری کرد و دژی تەواوی هەوڵەکانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان و پیلانە ناوخۆیەکان وەستایەوە.

پارتی، بانگهێشتی گشت هێزەکانی کرد، بۆ ئەنجامدانی ئەرکە نیشتمانییەکان لە ڕێگای پتەوکردنی کۆمارە ساواکە، کۆماری کورد و عەرەب لەسەر بنچینە ڕاستییەکانی دیموکراتی و ڕەخساندنی بوارێك بۆ گەلی کورد، تا بتوانێت سوود لە مافە دیموکراتی و نەتەوەیەکانی وەربگرێت و ئاواتەکانی بۆ ئازادی و ژیانێکی ئاسوودە بهێنێتەدی.

پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم هەوڵی داوە پەیوەندییەکی برایانە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق هەبێ، بۆ ئەو مەبەستە کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك، چەند بڕیارێکی سەبارەت بە هاوکاری و تەنسیقی هێز لە خەباتێکی هاوبەشی نەتەوەی دەرکردووە.

پارتی دیموکراتی کوردستان کاری لەپێناو پتەوکردنی پەیوەندیی برایانە لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق دەکرد، چونکە ئەمە لەخزمەتی چارەنووسی عێراق و نەتەوەکانی کورد و عەرەب و چارەنووسی کۆماری دیموکراتی دابوو[٢].

پارتی دیموکراتی کوردستان، وەك پارتێکی پێشڕەو، بەرپرسیارە بەرامبەر تەواوی گەلی عێراق کە متمانەیان پێداوە، گەلی کوردی عێراق، بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، قوربانییەکی زۆری داوە لەو خەباتەی کە لەپێناو پاراستن و پتەوکردنی کۆمار کردوویەتی.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە سەرکردایەتی خەباتی گەلەکەی دەکرد، قارەمانانە شانبەشانی پارتە شۆڕشگێڕەکان و هێزە دیموکراتییە نەتەوەییەکان دژی ئیمپریالیزم، پاشایەتی و کۆنەپەرستی خەباتی شۆڕشگێڕی دەکرد، ئەو پارتە سەرمایەیەکی گەورەبوو لە خەباتی شۆڕشگێڕی لەپێناو ئاشتی، ئازادی و دیموکراتی و لەماوەی خەباتی نەپساوەیدا نموونەی لەخۆبوردوویی و قارەمانییەتی زۆری نیشان داوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، جوامێرانە سەرکردایەتی جەماوەری گەلی کوردی کرد لە تێکشکاندنی پیلانە خیانەتکارییەکەی شەواف لە مووسڵ، ئەمەش بە هاوکاری لەگەڵ هێزە

١ ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ١.
٢ بولتەنی هەواڵەکانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١.

نیشتمانییەکان و جەماوەری خەباتگێڕی عەرەب، هەروەها گەلی کورد بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، ڕۆڵی بەرچاوی لە تێکشکاندنی یاخیبوونی کۆنەپەرستان لە ناوچەی برادۆست بینی[1].

مستەفا بارزانی، سەرکردەی گەلی کورد و قارەمانی نەتەوەیی، دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨، جارێکی تر گەڕایەوە نیشتمان و تەواوی هێز و توانای خۆی تەرخان کرد، بۆ چەسپاندن و پاراستنی کۆماری عێراق، مستەفا بارزانی خۆی سەرکردایەتی لەناوبردنی یاخیبوونەکەی (ڕەشید لۆلانی) کرد کە دژی کۆماری عێراق بەرپای کردبوو، مستەفا بارزانی لە هەوڵی بەهێزکردنی دۆستایەتی گەلانی کورد و عەرەبدا بوو، ئەو هەردەم لە هەوڵی یەکخستنی هێزی گەلانی کورد و عەرەب بووە بۆ بەهێزکردنی ئەو کۆمارەی کە بە خەباتی دوورودرێژ و سەختی هاوبەشی ئەو گەلانە بنیاتتراوە، مستەفا بارزانی چەند جارێك ڕاگەیەندراوی دەرکرد، سەبارەت بە پێویستیی بەستنی پەیمانی دۆستانە لە نێوان کۆماری عێراق و وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستی کە یەکێتی سۆڤیەت سەرۆکایەتی دەکرد.

ڕۆژی ١٦ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ لە وتارێك مستەفا بارزانی گوتی: "... بۆ ئێمە جێگای ڕێزە بەشداری لە خەباتێکی وەها پیرۆزدا بکەین و قوربانی بدەین لەپێناوی خەباتی گەلی عێراق بە کورد و عەرەبەوە کە بووە هۆی تووڕەیی و بێزاری ئیمپریالیست و بەکرێگیراو و خائینەکانیان. ئەوان سزای ئێمەیان دەدا، ماڵەکانیان دەڕووخاندین، منداڵ و پیرەکانمانیان بە ڕەشاش دەکوشت، ئەمە سەرباری فڕۆکەکانی ئینگلیز و شەڕی دەروونی، بۆئەوەی وا لەئێمە بکەن وڵات جێبهێڵین و بچینە ناو کۆماری دیموکراتی کوردی لە ئێران، دواتر هەر لە ئەنجامی پیلانی حکومەتی ئێرانی خیانەتکار و ئیمپریالیستی ئەمریکی ئێمە ناچار بووین بە بڕینی سنووری دوژمن ڕوو لە وڵاتی ئازادی و ئاشتی یەکێتی سۆڤیەتی مەزن بکەین و هەستمان بەوەکرد کە ئەوان ئێمە قبوڵ دەکەن، چونکە ئێمە قوربانی ئەو خەباتەین کە دژی هێزی زوڵم و زۆری کردوومانە، لەکاتی چوونمان بۆ یەکێتی سۆڤیەت لە لایەن گەلی سۆڤیەتی قارەمانەوە پێشوازیمان لێکرا و زۆر بە بەزەییەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ کرا. قوتابخانەکان، پەیمانگاکان، کارگەکان، ڕێکخراوە کشتوکاڵییەکان و چەندین بواری چالاکی دی هەموویان بۆ ئێمە کراوەبوون و باوەشیان بۆ کردبووینەوە.

یەکێتی سۆڤیەتی مەزنماندوونەناسانە بەرژەوەندییەکانی گەلانی جیهانی دەپاراست. برایەتی کورد و عەرەب ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پتەوتر دەکات و کۆمارە دیموکراتییەکەشمان

---

١ بڕوانە بەشی سێیەم.

هەنگاوی پتەوی پڕ لە باوەڕی دیموکراتیانە دەهاوێژێ، بە ئامانجی بنیاتنانی گەلێکی پڕ خێر و خۆشی و بە پشتیوانیکردن، گەلی عەرەب بەرەو دۆستایەتی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتی هەنگاو دەنێت، لەپێناو بەستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی ئاشتیخواز و ئازادی خوازدا"[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان ماندوونەناسانە و بەردەوام خەباتی کردووە بۆ پتەوکردنی کۆماری عێراق، پاراستنی لە پیلانەکانی ئیمپریالیزم، هەروەها پتەوکردنی هاوکاری و دۆستایەتی لە نێوان هەردوو گەلی کورد و عەرەب.

پارتی جێگەی متمانە بوو و بە باوەڕەوە خەباتی دەکرد و ڕۆڵی خۆی لە پتەوکردنی ڕیزەکان و هێزەکانی بەرەی نیشتمانی لەپێناو مانەوەی کۆمارەکە و بەهێزکردنی ڕێبازە دیموکراتەییەکەی بە ئەنجام گەیاندووە، هەروەها پارێزگاری لە خەبات لە پێناو پتەوکردنی برایەتی کورد و عەرەب کردووە. پارتی خەباتی کرد بۆ چەسپاندنی پشتیوانی گەل لە سوپا و حکومەت، بۆ تێکشکاندنی هەوڵەکانی دوژمنانی کۆمار و دیموکراتییەت و پیلانەکانیان کە مەبەستیان لەو پیلانە دروستکردنی دوژمنایەتییە لە ناو ڕیزەکانی گەلانی خەباتگێڕ، تا دووبەرەکی بخەنە ناو یەکێتی هێزە نەتەوەیەکانەوە و حکومەت لە گەل داببڕێ.

چالاکییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەکرابوو، بۆ لەناوبردنی هەوڵەکانی دوژمنانی کۆماری عێراق کە خرابوونەگەڕ، بۆ نەهێشتنی خەباتی شۆڕشگێڕی و دامەزراندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیستی.

پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی پتەوکردنی یەکێتی هێزە دیموکراتییەکانی گەلانی عێراقی دەکرد و دەیخواست خۆیان بە وریایەکی زۆر چەکدار بکەن، بۆئەوەی بەرپەرچی گشت پیلانەکانی دوژمنانی شۆڕش بدەنەوە، تا سەرکەوتنی نوێ لە ڕێگەی بنیاتنانی دواڕۆژی گەل بەدەستبهێنن، هەروەها گەلی کورد مافە نەتەوەییەکانی خۆی بەکاربهێنی کە شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ بەڵێنی لەسەر دابوو.

لە سەرەتادا حکومەتی قاسم متمانەی تەواوی لە سەر جەماوەری فراوانی گەل بوو کە شۆڕشیان بەرپاکرد و سەرکەوتن. ئەمە کاتێك بوو کە دەسەڵاتی نوێ، کۆنەپەرستە ئیمپریالیستەکانی خستبووە مەترسییەوە، ئەوانیش خۆیان کۆکردبووەوە و ئامادەبوون بۆ پیلانگێڕان و کاری ئیستفزازی.

١ وتاری سەرۆك مستەفا بارزانی بۆ خەڵکی بەسرا، ڕێکەوتی ١٦ی نیسانی ١٩٥٩.

یەکەم پیلانی دژە کۆمار، لە سەرەتای تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٨ گێڕدرا، کاتێك عارف جێگری سەرۆك وەزیرانی پێشوو و فەرماندەی گشتی سوپای عێراقی بەشداری لەو پیلانە کرد کە پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی بەعس هەبوو، لەکاتی خۆی عارف لە پۆستەکەی لادرابوو و کردبوویان بە باڵیۆز لە شاری (بۆن)ی ئەڵمانیا، دواتر هەر لەوێوە ئارەزوومەندانە گەڕایەوە.

لە سەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٨، دووەم پیلانی گەورەی ڕەشید عالی گەیلانی ئاشکرابوو کە لەو کاتەدا هەندێك لە بەشداربووانی ئەو پیلانە پۆستی دەوڵەتی گرنگیان هەبوو. ڕۆژنامەکانی بەغدا ئاماژەیان بەوەدا کە سەرەداوی پیلانەکە لە دەستی ئیمپریالیستانی ئەمریکی و ئینگلیزییە، ئەوانەی دامەزرانی کۆماری عێراق بواری نەدان تا دەست بخەنە ناو کاروباری عێراقەوە، لە ڕاگەیاندنی (تاس)ی سۆڤیەتیدا کە لە ڕۆژنامەی (پراڤدا)دا بڵاوکرابووەوە هاتووە: (ڕاستیەکان ئەوە دەردەخەن کە هۆکاری ڕاستەخۆی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بەغدا (حلف بغداد) لە کۆتایی هەمان ساڵ لە عێراق، بۆ دەرخستنی پیلانی دژە کۆمار بوو کە تیایدا هێزە جۆراجۆرەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستان یەکیان گرتبوو)[١].

گەورەترین پیلان، پیلانی سێیەم بوو کە دژی کۆماری عێراق لە ڕێکەوتی ٨ی ئاداری ١٩٥٩ لە شاری مووسڵ گێڕدرا.

ڕێککەوت نەبوو، مووسڵ کە سێیەم شاری گەورەی عێراقە، کرا بە سەنتەری یاخیبوون. ئەگەر ئەو کارە بۆ پیلانگێڕان سەری گرتبا، ئەوا شاری مووسڵیان دەکردە پایتەختی عێراق، یاخیبووان پشتیان بە پشتیوانی ئیمپریالیست بەستبوو، بەوهۆیەی کە لە مووسڵ پیشەسازی نەوتی گرنگ هەبوو و سەربە کارگە مۆنۆپۆڵیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا بوون، بۆیە پیلانەکەی دژە کۆماری عێراق بە ڕەزامەندیەکی نهێنی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکاندا ئامادەکرابوو.

سەرۆکی پیلانەکە بە سەرکردایەتی فەرماندەی لیوای (٥)ی فرقەی دووی سوپای عێراقی کە لە مووسڵ جێگیر ببوون، سەرهەنگ (العقید) عەبدولوەهاب شەوافی سەرکێش بوو کە دیماگۆگ و جەلادی نیشتمانپەروەرانی مووسڵ بوو. شەواف چەندین ئەفسەری خۆفرۆشی لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە لە مووسڵ و بەغدا کە لە لایەنگرانی پارتی بەعس و ئیستقلال بوون. چالاکییەکانی هێزی کۆنەپەرستی لە مووسڵ، زەمینەی سازکرد بۆ پەیوەندیکردنی هەندێك گرووپ لەگەڵ تورکیا و سوریای (کۆماری عەرەبی یەکگرتوو)، هەروەها لەگەڵ

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٥ی کانوونی دووەمی ١٩٥٩. ڕاگەیەنراوی (تاس) ئاژانسی هەواڵی ڕووسیا.

چەندین تائیفەی دینی. مووسڵ دەوڵەمەندی کۆنەپەرستی زۆر گەورەی تێدا دەژیا کە پـلە و پایەی گرنگیان هەبوو، ڕق و کینەی خۆیان لەم شارە کۆکردبـۆوە بەرامـبەر کۆمـار و پیلانیـان داڕشت دژی کۆمارەکە.

ئەو گۆڕانکارییە دیموکراتیانەی لە کۆمار دوای شۆڕش ئەنجامدرا، تاڕادەیـەك مووسڵیشــی گرتبووەوە، عەقید شەواف و ئەوانەی لێیەوە نزیـك بـوون دژایـەتی بچـووکترین گۆڕانکاریـان دەکرد، هەر بۆیەش تەنانەت تا پێش مانگی ئاداری ١٩٥٩ لە پارێزگای مووسڵ خۆئامادەکردن بۆ چاکسازیی کشتوکاڵی ئەنجام نەدرا.

گەل بەرەبەرە گومانی لا دروسـت دەبـوو، لەوەی لە مووسـڵ پـیلان دژی کۆمـاری عێـراق داڕێژراوە. هەموو ڕۆژێك نیشتمانپەروەران ڕاستی تازەیان سەبارەت بەو پیلانە ئاشـکرادەکرد، بەتایبەت هێنانی چەك لە دەرەوەی سنوور لەلایەن قاچاخچییەکانەوە.

شــەواف لــەگەڵ هاوکارەکــانی دەســتیان کــرد بە وتــووێژکردن لــەگەڵ ئەو دەرەبــەگ و دەوڵەمەندانـەی بەرژەوەنـدی زۆربـەیان بـەهۆی شۆڕشـەوە تووشـی زیـان ببـوو، هــەروەها لـەگەڵ سـەرۆکی عەشـیرەتی شـەمەر و چەنـدین دەسـتەی کۆنەپەرسـتی لایـەنگری ڕژێمـی پاشایەتی وتووێژ ئەنجامدرا، لەنێویاندا خەڵکانێك هەبوون کە مەبەستی تایبـەت بەخۆیانیـان هــەبوو، وەك بــەکرێگیراوانی (مووســڵ ئۆیــل کۆمپــانی) ئینگلیــز و بەڵێنــدەرەکانی ئەو کۆمپانیایە بۆ دەرهێنانی نەوت لە عەینزالە و هەروەها کرێـارە گـەورەکان، دەوڵەمەنـدەکانی شاری مووسڵ، ئەفسەرە کۆنەپەرستەکان و لایەنگرانی پارتی بەعس کە پلانێکیان داڕشتبوو بۆ تواندنەوەی عێراق لـەناو کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو و بـە دروشـمی ناسیۆنالیزمی خۆیـان داپۆشیبوو.

لەڕاستیدا ئەوان بەدوای ئامانجە تەسکەکانی خۆیانەوە دەچوون، ڕقیان لە گەل دەبـووەوە و بەرژەوەندییەکانی گەلیان لا مەبەست نەبوو.

ئەو ئەفسەرانەی سەر بە ئەوان بوون بریتی بوون لە: عەقید مـەحمود عـەزیز، لێپـرسراوی بارەگای شەواف و بکوژی نیشتمانپەروەر کامیلیا قازانچی. ملازمی یەکەم مـەحمود جیـدیران ئەو بوو کە دانوستانی لەگەڵ دوژمنانی کۆمار لـە شـارۆچکەی تـل کۆچـك لـە سـەر سـنووری ســوریا و عێــراق کــرد. ئەفســەری ســیخوڕی خیانــەتکار مــونعم حەمیــد کە هــاتبوو بــۆ پەیوەنــدیکردن لــەگەڵ ئەو پیلانگێڕانــەی لە بەغــدا و شــوێنەکانی تــرەوە هــاتبوون. ئــەو خەڵکانەی وەك بـووکە شووشـە وابـوون بەدەسـت خـەڵکانی نـامۆوە و بە داوی پیلانـەکە لە دەرەوەی سنووری کۆماری عێراق یاریان پێدەکرا.

سێ هەفتە پێش یاخیبوونەکەی مووسڵ، ڕۆژنامەی ئەمریکی (شیکاگۆ ترێبیۆن) ڕایگەیاند: ((ئەو دیپلوماتکارانەی پەیوەندییان بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، دەڵێن جێگەی سەرسوڕمانە، ئەگەر بەمزووانە سەرۆکی عێراقی عەبدولکەریم قاسم نەکوژرێت یان لەلایەن سوپاوە لانەبرێت)). ئەم ڕاگەیاندنە پێشوەختە ڕێکەوت نەبوو، شەوافی یاخیبوو دوای ڕاگەیاندنەکەی (شیکاگۆ ترێبیۆن) بەپەلە دەستی بەکارەکەی کرد.

یاخیبووان چەند ڕۆژێك دوای مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی سەربازی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەریەك لە ئێران، تورکیا و پاکستان، دەستبەکاربوون. یاخیبوون لە بەشی باکووری مووسڵ کە دەکەوتە نزیك سنووری هەر یەك لە وڵاتانی تورکیا و ئێران ڕێکخرابوو. هەر بەم بۆنەیەوە ڕۆژنامەی بەغدا دەنووسێ ((نوێنەری حکومەتی تورکیا و چەند ئەفسەرێکی ئەمریکی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەو پیلانەوە هەبوو))[1].

بەتایبەتی نوێنەرانی کۆمپانیا نەوتییەکانی ئینگلیز، چالاکی بەرچاویان دەنواند و بە پلەی یەکەم (مووسڵ ئۆیل کۆمپانی) و خاوەن پیشەکان کە لە عەینزالەی نزیك مووسڵ بوون. سێ مانگ پێش یاخیبوون، شەواف و هاوکارە نزیکەکەی مەحمود عەزیز چوون بۆ عەینزالە و وتووێژیان لەگەڵ ئینگلیزەکان سەبارەت بە پشتیوانی لۆجستیکی ئەنجامدا.

وتووێژ لەگەڵ شەواف لەلایەن ئەفسەری پەیوەندی ئینگلیزی (بلاتس) و گەورە کاربەدەستانی: موسڵ ئویڵ- بیرسن، خوبێنکسف و بەکرێگیراوی کۆمپانیای نەوت سامی ناسر ئەنجام درا[2].

بلاتسی ئینگلیزی، لە ڕۆژی ئامادەکردنی یاخیبوونەکە چالاکییەکی زۆری نواند، دانیشتووانی دەوروبەری ناوچەکە ئەویان بینی بەرگی پیاوێکی هەژاری کردبووە بەر و بەناو خەڵکی عەشیرەتی شەمەڕدا دەسوڕایەوە.

عەقید محەمەد عەزیز زۆرجار دەچووە عەینزالە، ئەو کە لەگەڵ کاربەدەستی کۆمپانیاکە ڕێکەوتبوو، درۆی لەگەڵ کرێکارانی کۆمپانیاکە کرد و پێی گوتن کە کۆمارەکە و سوپای عێراقی لایەنگری مۆنۆپۆلی نەوتن و پشتی پێ دەبەستن و دژی کرێکاران دەوەستن. ئەم کارە لەپێناوی ئەوە بوو کە کرێکاران وا لێبکەن متمانەیان بەرامبەر بە حکومەتی شۆڕش نەمێنێ. لە سەرەتای مانگی شوبات، شەواف نێردراوی خۆی بە ناوی عەقید خەیری الخەیر نارد بۆ عەینزالە بۆ کۆمپانیای نەوت.

---

١ ڕۆژنامەی "اتحاد الشعب"، ڕێکەوتی ١٢ی ئاداری ١٩٥٩.
٢ بۆڵتەنی تایبەت، ژمارە ٩، ئەکادیمیای زانستی، پەیمانگای توێژینەوەی ڕۆژهەڵات، ساڵی ١٩٥٩.

ئەو ڕاسپێردرابوو، تا کرێکارە نیشتمانپەروەرەکان دەستنیشان بکات، بۆئەوەی لەکاتی ئەنجامدانی یاخیبوونەکە حسابیان لەگەڵدا بکرێت و سزا بدرێن.

یاخیبووان پێویستیان بەپارە بوو و لەسەر داوای گەورەکانیان باوەڕپێکراوی ئینگلیز جەلیل ئەلخەشابی کە ماوەیەکی زۆر لە بەڕێوەبردنی بانکەکانی بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاری کردبوو، لەماوەی ۳ مانگدا پێش دەستپێکردنی یاخیبوون لە مووسڵ، بانکێکی تایبەتی بۆ کردنەوە "ئەرکی ئەو بریتی بوو لە تەمویلکردنی خائینان" هەروەك ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) نووسیەتی: ((یاخیبووان چەکیان لە وڵاتی سوریای کۆماری عەرەبی یەکگرتووەوە بۆ دەهات، لەلایەن کەسانێکەوە کە چاویان بەکۆماری عێراقی هەڵ نەدەهات)).

لە ڕێگای وێستگەی هێڵی ئاسنینی تەلکوچك، لەسەر سنووری نێوان عێراق و سوریا، تفەنگ و ڕەشاش و زەخیرەی سەربازی گواسترایەوە بۆ مووسڵ.

ڕۆژی ٥ی ئادار، ماوەیەکی کەم مابوو بۆ ئەنجامدانی کودەتا، لە ڕێگای تەلکۆچکەوە شەمەندەفەرێك هات کە چەك و زەخیرەی سەربازی بارکردبوو.

ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) دەنووسێ:

(... هەموو ڕۆژێك دوای شکستی پیلانەکە، ڕاستی تازە بەدیار دەکەوێت کە تیشك دەخەنە سەر ئەوشتە پیسانە و ئەو دەستانەی خائینە تاوانبارەکانیان هەڵدەسوڕاند، هەموو ئەو ڕاستی و دیکۆمێنتانەی دەرخەری ئەوەن کە ئەوە بەدەستی پەیماننامەی بەغدا و بە سەرکردایەتی ئەمریکا بووە و دەستی ئینگلیزەکان لە کۆمپانیای (مووسڵ ئۆیل)ی تێدا بووە)[١].

بە بڕیاری ئەنجوومەنی نەتەوەیی لایەنگرانی ئاشتی لە عێراق، بڕیاردرا ڕۆژی ٦ی ئادار لە مووسڵ بکرێتە ڕۆژی خەبات لەپێناو ئاشتی. لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری ئاهەنگ ئامێزدا دەبووایە دەیان هەزار نیشتمانپەروەر لەناوچە جیاجیاکانی وڵات بێن بۆ ئەو شارە، لە سەر هێڵی ئاسنی لە ناوچەی حەمام عەلیل لە مووسڵ، لەو شوێنەی شەمەندەفەری پێدا تێپەڕدەبێت، دوو بۆمب دانرابوون، نیشتمانپەروەران هەستیان بەوەکرد و بە سەرۆکی سەربازگەی مووسڵ عەقید شەوافیان ڕاگەیاند و داوایان لێ کردبوو، ڕێکاری پێویست ئەنجام بدرێت، بەڵام ئەوانی تاوانبارکرد بەوەی درۆ و بوختان بۆ خەڵکانی بەشەرەف هەڵدەبەستن.

١ ڕۆژنامەی "اتحاد الشعب"، ڕێکەوتی ١٩ی ئاداری ١٩٥٩.

خەڵکی مووسڵ داوایان لە لێپرسراوی فەوجی ئەندازیاری کرد کە کەسێکی نیشتمانپەروەر بوو، تا ڕزامەندیی لە شەواف وەربگرێت بۆ پشکنینی هێڵە ئاسنینەکە، ئەوە بوو بۆمب دۆزرایەوە و پووچەڵ کرایەوە و شەمەندەفەری ئاشتی بەسەلامەتی گەیشتە مووسڵ، دواتر زانرا ئەم کارە گێرەشێوێنییە لەلایەن ئەندامانی پارتی (بەعس)ی کۆنەپەرستەوە ئەنجامدراوە.

ڕۆژی ٦ی ئادار لە مووسڵ بە بۆنەی ڕۆژی ئاشتییەوە ئاهەنگ گێڕدرا و دەیان هەزار کەس لە نەتەوەی جۆراجۆر لە یاریگای باب ئەلسنجار کۆبوونەوە، ئەمە گورزێك بوو لەپلانی یاخیبووان درا.

ئەوەبوو بەشداربووانی ئەم کۆبوونەوە جەماوەرییە پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ حکومەتی کۆماری ڕاگەیاند و داوای کۆتایهێنان بە جەنگی سارد، چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگای وتووێژی ئاشتیانە، قەدەغەکردنی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی هایدرۆجینیان کرد. لەگەڵ مەحکومکردنی دەستدرێژیەکانی بلۆکی سەربازی، بەتایبەتی مۆرکردنی ڕێککەوتننامەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران، تورکیا و پاکستان کە ڕاستەوخۆ مەترسیان لەسەر عێراق هەبوو، هەروەها داوایان دەکرد عێراق بەپەلە لە هاوپەیمانی بەغداد بێتە دەرەوە و ڕێککەوتنامەی سەربازیی دووقۆڵی لەگەڵ ئینگلیز، هەڵبوەشێنرێتەوە.

یاخیبووان بڕیاریاندا بەپەلە دەستبەکاربن، لایەنگرانی ڕژێمی کۆن و دوژمنانی دیموکراسی و ئازادی هاتن بۆ مووسڵ.

بەپێی ڕاگەیاندنی چاپەمەنییەکانی عێراق، چەند گرووپێك لە گێرەشێوێنان لە تورکیا و ئێرانەوە بۆ ناو خاکی عێراق هێنراون، واتە لەو دوو وڵاتەی کە ڕێککەوتننامەی سەربازیان لەگەڵ ئەمریکا هەبوو.

خۆپێشاندانی ئاشتیانە سەرکەوتووانە کۆتایی نەهات، چونکە لە شار یاخیبوون دەستی پێکرد. پێکدادانی یاخیبووان لەگەڵ خۆپیشاندەران وەك هەلێك وابوو بۆ یاخیبووان، تا بارودۆخەکە بشێوێنن. هەر لەو ڕۆژەدا یاخیبووان کتێبخانەی لاوانی دیموکراتیان لە مووسڵ سوتاند. لە ڕۆژی دواییدا کردەی چەکداری لەلایەن یاخیبووانەوە ئەنجامدرا، بە بیانوی جێگیرکردنی بارودۆخ لە مووسڵ، ئەوە بوو بە بڕیاری شەواف یەکەیەکی لیوای (٥) بە فەرماندەی ئەفسەرە لایەنگرەکانیان کە لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا یەکیان گرتبوو، هاتنە ناو شاری مووسڵ و چەك بەسەر کەسانی کۆنەپەرستدا دابەش کرا.

گەل وەڵامی ئەم کارەیـان بە خۆپیشـاندانی نـاڕەزایی دایـەوە، دەسـتە کۆنەپەرسـتەکان لە ناوچەی نەبی شیت، باب لیگیش، بـاب ئەلبیـز کۆبوونـەوە و لە ماڵەکانـەوە دەسـتیانکرد بە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران و لە لایەن خۆیـانەوە خۆپیشـاندانی دژە دیموکراسـیان سـازدا و دروشـمییان بـەرزدەکردەوە و هاواریـان دەکـرد و هەسـتی نەتەوایـەتی دیموکراتخـوازان و نیشتمانپەروەرانیان بریندار دەکرد، لە وەڵامی کردارەکانی کۆنەپەرستان، ڕێکخراوی ناو شاری سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردستان جارێکی تر خۆپیشـاندانێکی ناڕەزایەتی گەورەتریان ڕێکخست، بەڵام ئەو خۆپیشاندانانە بە ئاگر وەڵام درانەوە.

هێزەکـانی لیـوای (٥) هـاتنە نـاو شـاری مووسـڵ، ئـەمانە لەلایەن ئەو ئەفسـەرانەوە فەرماندەیی دەکران کە شـەواف متمانـەی پـێ بـوون، دواتـر دەسـتکرا بە گرتنـی بەکۆمـەڵی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکانی فەوجی ئەندازیاری کە جێگای متمانەی کۆمار بوون.

پاشان دوو سەد و پەنجا ئەنـدامی چـالاکی ڕێکخـراوە دیمـوکراتی و نیشـتمانپەروەرەکانی مووسڵ دەستگیرکران.

شەواف لە شار قەدەغەی هاتوچۆی ڕاگەیاند، لەسەر تەلاری فەرماندەی گشتی سوپا ئاڵای کۆماری عەرەبی یەکگرتوو و وێنەی جەمال عەبدولناسر بەرز کرایەوە و ئەوە ڕاگەیەنـدرا کە ڕژێمـی قاسـم ڕووخـاوە و فڕۆکـەکانی کۆمـاری عـەرەبی سـووری یـەکگرتوو دەبـێ لە فڕۆکەخانەی مووسڵ بنیشنەوە.

لە بەیانی ڕۆژی ٨ی ئادار، جەردەکانی خێڵی شەمەڕ بە سەرۆکایەتی ئەحمـەد عـەجیل لە ڕۆژئاوای مووسڵ هاتنە ناوەوە. لەو کاتەدا شار بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی کۆنەپەرستاندا بوو، شەواف بە ئاشکرا سەرکردایەتی یاخیبوونەکەی دەکرد.

لە شـەقامەکانی مووسـڵ بانـدە دەرەبەگـەکان بـەکرێگیراوانی کۆمپانیـا نەوتییـەکان و بەعسیەکان، نیشتمانپەروەرانیان دەکوشـت و کۆگـا و چایخانـەکان و دوکانیـان تاڵانـدەکرد و ماڵەکانیان دەسوتاند.

ڕۆژی ٨ی ئادار، ڕادیۆی (دەنگی مووسڵ) دەستی بە پەخش کرد کە وێستگەکەی لە وڵاتی سوریای کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو بـوو، ئـەم ئێسـتگەیە لە هـەوڵی هەڵخەتانـدنی گـەلی عێراقدا بوو، دەیخواست وا لە گەلی عێراق بکات دژی حکومەت ڕابوەستن، هـەر بـۆ هـەمان مەبەسـت، ئێسـتگەیەکی نـاوخۆیی کـاری دەکـرد کە ئەفسـەری ئینگلیـزی بلێـتس بـەڕێوەی دەبرد. کاتێك یاخیبووان بۆیان نەچووەسـەر گـەل بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن، دەسـتیانکرد بە ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی، یەك لە تاوانە هەر گـەورەکانی شـەواف و لایـەنگرانی بریتـی

بـوو لە کوشـتنی بەتوانـاترین کەسـایەتی کۆمـەڵگای عێـراق و خـەباتگێڕ لە پێنـاو ئاشـتی و نووسەری کۆمەڵایەتی (کامل قازانچی)، ئەو یەکێك بـوو لە دامەزرێنـەر و سـەرکردەی پـارتی دیموکراتی نەتەوەیی، خاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی مافپەروەرە دیموکراتییەکـانی عێراق بوو، جێگری سەرۆکی ئەنجوومـەنی نەتـەوەیی لایـەنگرانی ئاشـتی عێـراق و خـاوەنی پەرتووکی (هاوپەیمانی ئێمە- یەکێتی سۆڤیەت) بوو کە لەسەر ئەو پـەرتووکە چەنـد سـاڵێك لە بەندیخانەکانی مەلیکی عێراق زیندانی کرابوو. ئەم نیشتمانپەروەرە لەلایەن یاخیبووانـەوە خرایە زیندانەوە و دواتر کوشتیان.

لە ڕێکەوتی ٨ی ئادار، حکومەت بڕیاری لە سەرکارلابردن و بەپەلە دەستگیرکردنی شەوافی دەرکـرد. سـوپا و گـەل بەیـەك گیـان پشـتیوانیان لە حکومـەت کـرد، لە هـەمان ڕۆژ پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕووی کـردە گـەلی کـورد و داوای لێکـردن یـاخیبوونی شـەوافی کۆنەپەرست لەناو ببەن.

پارتی ڕایگەیاند، ئەو یاخیبوونە ئامانجە تاوانکارییەکانی بریتییە لە لەناوبردنی ئەو کۆمـارە خەباتگێڕە، گەلی کورد ڕاستەوخۆ بـەدەنگ ئەو داخوازییـەوە هـات، مـەفرەزەی پـارتیزانی و چەکداری پێکهات و ڕەوانەی مووسڵ کران لـەپێناو ڕزگـارکردنی شـارەکە لە چنـگ یـاخیبووە تاوانبارەکان و گەڕانەوەی ئارامی و ئاسایش بۆ شارەکە.

هەزاران چەکدار نێردرانە مووسڵ، لەوانە چەندین مەفرەزەی کوردی خۆبـەخش لـە شـاری دهۆك بە سەرکردایەتی ڕەشید سەعید و لە شـێخانەوە بـە سـەرکردایەتی عەبدولعـەزیز و لە ئامێدیەوە بە سەرکردایەتی موحسین ساڵح (برای قارەمان عزەت عەبدولعـەزیز کـە لە سـاڵی ١٩٤٧ لەلایەن حکومەتی پاشایەتیەوە لە سێدارە درابـوو) بەشـداریان لـەو هێرشـانەدا کـرد. هەورەها لە شارەکانی شنگال و زاخـۆ بەهـەمان شـێوە بەشـداری کـرا. بـەم شـێوەیە شـار بە مەفرەزەی چەکـداری کـورد گـەمارۆدرا. هێزەکـانی ڕەشـید سـەعید بەرزاییـەکانی کـاینجو لە چوارڕیانی ڕێگا سەرەکییەکانی نزیك مووسڵیان کۆنترۆڵ کرد.

مەفرەزەکانی جەعفەر مستەفا لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە و گەمارۆی (ڕەئس ئەلهور)یان دا کە قەڵایەك بوو، کۆنەپەرستان داگیریان کردبوو.

لەکاتژمێر (٩) مەفرەزە کوردییەکان بەرەبەرە چـوونە نـاو شـار و ناوەنـدە سـتراتیژیەکانیان گــرت، لەوانە فەیسـەڵیە کە ناوچەیـەکی قـایمی کۆنەپەرسـتان بـوو، هـەروەها بارەگـای سەرکردایەتی هێزی سەربازی، ماڵی ئەفسەران و پردی نوێ و چەنـدین شـوێنی تـر کـۆنترۆڵ کــران. هــەمان شــەو، کوردەکــان ڕۆیشــتن تــا گەیشــتنە ســەربازگەی گیراوەکــان و

دیموکراتخوازەکانیان ڕزگار کرد کە یاخیبووان زیندانیان کردبوون. زۆربەی زۆری کوردەکانی ناوزیندان ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون و ئەوانە بوون کە لەیەکەم کاتژمێری ڕاگەیاندنی شۆڕشی ١٤ی تەمووز هێزەکانی خۆیان ڕێکخستبوو بۆ پاراستنی شۆڕش و بۆئەوەی پیلانەکانی ئیمپریالیست و کۆنەپەرستانی دژبە کۆمار تێکبشکێنن.

گەلی کورد چالاکانە ئەوەی لەژێر دەستی یاخیبوواندا بوو دەریهێنا و وانەیەکی باشیان بە پیلانگێڕان و ئاغاکانیان دا، برایەتی کورد و عەرەبیان بەدیارخست، جارێکی تر خەباتی هاوبەشی کورد و عەرەبیان سەلماند، ڕێکخراوە ناوخۆیەکانی پارتی دیموکرات چەندین مەفرەزەی چەکداری پارتیزانیان پێکهێنا کە ژیانی خۆیان لەپێناو هۆکارەکانی خەبات بۆ ئازادی عێراق و بۆ کۆماری ١٤ی تەمووز دەکردە قوربانی.

هەزاران جەنگاوەری کورد بەشداریان لەو شەڕە سەختەدا کرد و چەندین لەوانە لەو خەباتەیان کە لەپێناو کارێکی ڕەوا ئەنجامیان دەدا، بوونە قوربانی. لەڕیزی پێشەوەی جەنگاوەران، هەردەم ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتیان دەکرد و ئەرکی سەرەکییان پێ سپێردرابوو لە سەرکوتکردنی یاخیبوونە کۆنەپەرستەکەی شەواف و چەسپاندنی دەسەڵاتی شەرعی و یاسا لە مووسڵ، جگە لەمەش گەلی کورد بە ڕابەرایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان ئاستی بەرزی هۆشیاری خۆی و تێگەیشتنی ڕاستی داخوازییەکانی بارودۆخەکەی سەلماند.

دوای سەرکوتکردنی یاخیبوونەکەی لایەنگرانی بەعس کە شەواف سەرکردایەتی دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە گەلی کورد کرد هۆشیارتر بن لە گەڕان بەدوای دوژمنان و یەکێتی ڕیزەکانی گەل و سوپا و کورد و عەرەب و گشت هێزە نیشتمانپەروەرەکان بەهێزتر بکەن بۆ پاراستنی کۆمارەکە و هەروەها پرۆگرامە دیموکراتییەکەی خۆیان فراوان بکەن وەك گەرەنتیەك بۆ جەماوەری گەل بۆ دواڕۆژ[1].

تێکشکانی یاخیبوونەکە سەرکردەکانی ئەم یاخیبوونەی لە دەرەوەی وڵات هیوابڕ کرد، ڕۆژنامەی (اتحاد الشعب) دەنووسی:

(ڕووداوەکەی مووسڵ بەشێکی پیلانە فراوانەکەی دەستدرێژکاری دوژمنان کە بەستراون بە هاوپەیمانییەتی (حلف) بەغدا دژی کۆماری عێراق، ناکرێت لە ڕێککەوتننامە دووقۆڵیە

١ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ١٨٤، ڕێکەوتی ٩ی ئاداری ١٩٦٠.

ســەربازییەکەی نێــوان ولایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا و تورکیــا، ئێــران، پاکســتان جیابکرێتەوە).

ئیمپریالیســتە ئەمریکیــەکان ڕق و کیــنە و دوژمنایــەتی خۆیــان نەشــاردەوە بەرامبــەر بە کۆماری عێراق، ئەوەتا پەیامنێری گۆڤاری (نیوزویك)ی ئـەمریکی لـە ڕێـکەوتی ٢٥ی ئـادار لە لەندەن بڵاوی کردەوە کە بـەپێی چەنـد سـەرچاوەیەکی دیپلۆماسـی: ((لەوانـەیە بەمزووانـە، لەماوەی دوو هەفتەدا هاوسۆزەکانی ناسر هەوڵی نوێ بـدەن بـۆ لابردنـی قاسـمی سـەرۆکی عێراق)).

چوارەم یاخیبوونی دژە کۆمـار لە کوردسـتان تەقیـەوە، لەسـەر سـنووری عێـراق- ئێـران لە مانگی ئاياری ساڵی ١٩٥٩، یاخیبوونەکە لەلایـەن مـەفرەزە چەکـدارەکانی بارزانییەکانـەوە کە خودی مستەفا بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، لەناوبرا.

لـە ژووری ئاهــەنگی یەکـەم سـاڵیادی کۆمـاری عێـراق لە کەرکـووک، پێنجـەم پیلانـی دژە کۆماری عێراق ئاشکرابوو. ڕووداوەکە لە بەرەبەیانی ١٤تەمووز دەستی پێکرد، ئەم یاخیبوونە بریتی بوو لە هێرشێکی چەکدارانەی چەنـدین دز و ڕێگرێـک بـۆ سـەر خۆپیشـاندەرانی بـێ چەك کە بەشەقامەکاندا دەڕۆیشـتن بـە بۆنـەی ئاهـەنگی جـەژنی یەکـەم سـاڵیادی شـۆڕش، لەنێـوان خۆپیشـاندەران و جـەردە چەکـدارەکان پێکـدادان ڕوویـدا و لە ئەنجامـدا چەنـدین قوربانی لێکەوتەوە. لە ڕاستیدا کۆنەپەرستیی لە کەرکووک ڕەگی خـۆی داکوتـابوو و کۆمپانیـا نەوتییەکان پشتیوانیان لێ دەکـرد، تـا ئـەم کۆنەپەرسـتانە هێزەکـانی خۆیـان بـەکاربهێنن بـۆ نانـەوەی نـاکۆکی لە نێـوان تـورکمان، کـورد و عـەرەب بـۆ لێـدانی خۆپیشـاندەران. بەنیـازی ئیمپریالیســتەکان و کۆنەپەرســتان دەبــووایە هێرشــی چەکدارانــەی جــەردەکان بــۆ ســەر خۆپیشاندەرانی بێ چەك سەرەتاکەی بەشێوەیەکی فراوان دەستی پێکردبا.

لەسەر بانگهێشـتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە ناوچـەکانی کەرکـووک و سلێمانی و هەولێرەوە مەفرەزە چەکدارە کوردەکان هـاتن بـۆ یارمـەتی یـەکە سـەربازییەکان و پیلانـەکە هەر بەزوویی لەناوبرا.

بەهەر حـاڵ، گشـت هەوڵـەکانی ئیمپریالیسـت و کۆنەپەرسـتان بـۆ لـەناوبردنی کۆمـار و بێبەشکردنی گەلی عێراق لە خەباتی شۆڕشـگێڕی بێهـوودە بـوو و هـیچ ئەنجـامێکی نـەبوو، ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پاسەوانیکردنی هەردوو پارتی خاوەن جـەماوەری فـراوان، پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کۆمۆنیستی عێراقی لە دەستکەوتەکانی کۆمارەکە. گـەلی عێراق بەهەموو توانایەوە پشتیوانی لە حکومەتی کۆماری دەکـرد، تـا ئەو کاتـەی بە ڕێبـازی

دیموکراتیـدا دەڕۆیشـت، بـەڵام قاسـم پشـتیوانی گەلی بـێ بـایەخ نرخانـد و لەجیـاتی ئەوەی بەردەوام بێـت لە گرتنەبـەری ڕێبـازی دیموکراسـی، دەبینـین دەسـتیکرد بە ڕاوەدونـانی ئەو پارتانەی بەهاوکاری ئەوان گەیشتبووە دەسەڵات.

ئەمە مانای ئەوەیە بۆرجوازی عێراقی کە قاسم نوێنەرایەتی دەکرد لەو پێشکەوتنە خێـرایە و کاریگـەریی و پتـەوبوونی سـەربەخۆیی پـارتی کۆمۆنیسـتی عێراقـی و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان دەترسا.

لەبـەرئەوە، حکومەتەکـەی قاسـم لـەناکاو لە ڕێبـازی دیموکراسـی و یـەکگرتن لـەگەڵ جەماوەری گەل دوورکەوتەوە و بەرەو ڕێبازی کۆنەپەرستی و پێشێلکردنی ئازادییەکانی گـەل هەنگاوی نا.

# ٣- ئاڵۆزبوونی بارودۆخ لە کۆماری عێراق و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دژی کۆنەپەرستان لە نێوان ساڵانی ١٩٥٩-١٩٦٣

## ١- بارودۆخی ناوخۆ لە عێراق و سیاسەتی دژە دیموکراسی قاسم

گەلی عێراق پشتیوانی لە حکومەتە نوێیەکەی عێراق کرد کە دەسەڵاتی گرتبووە دەست، گەواهی ئەو ڕاستیەش تێکشکاندنی پێنجەم پیلانی دژە کۆمار بوو. ئاشکرایە ئەو پیلانانە لەلایەن هاوپەیمانە ناوخۆیی و دەرەکییە کۆنەپەرستەکانەوە داڕێژرابوون، بەڵام حکومەتی کۆمار، جەماوەری فراوانی عێراقی بێ هیوا کرد، دوای ساڵی ١٩٥٩ ڕێبازی سیاسەتی ناوخۆی حکومەتی قاسم دەستی بە گۆڕان کرد و خەسڵەتی دژە دیموکراسی لەخۆگرت. ئاشکرایە کە وڵاتانی کۆلۆنی و وڵاتانی وابەستە و بۆرجوازی ناسیۆنالیستی بەدوای هاوپەیمانی لەگەڵ پرۆلیتاریادا دەگەڕێن و پێویستی بە پشتیوانیان هەیە، تا ئەوکاتەی ئامانجەکانی دەپێکێت، ئەویش شۆڕشی دژە ئیمپریالیزم و دەرەبەگایەتییە، بەڵام لەگەڵ بە ئامانج گەیشتنی شۆڕش و بەپێی زیادبوونی دژایەتی نێوان چینی زەحمەتکێش و دەوڵەمەندەکان و توندبوونی خەباتی چینایەتی ناوخۆی وڵات، بۆرجوازیە ناسیۆنالیستەکان زیاتر حەزی خۆیان بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆ دەردەخەن[١].

لە حکومەتەکەی قاسمیش هەر ئەوە ڕوویدا، قاسم ڕێگای دیکتاتۆری تاکڕەوی گرتەبەر و دەستی بە هێرشکردنە سەر ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لەناوبردنیان کرد.

ئەم جۆرە سیاسەتە کاری کردە سەر پەیوەندییەکانی نێوان گەل و حکومەت و دیوارێکی لەنێوانیاندا دروستکرد، ئەمەش کاری کردە سەر بارودۆخی ئابووری و ڕامیاری لە وڵات و بووە هۆی دروستکردنی کێشەیەکی سیاسی لە عێراق.

لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری عێراق، هەڵەیەکی گەورەی هێزە نیشتمانییەکان بریتی بوو لە گەورەکردنی قاسم، بێ ئەوەی ڕەخنەی لێ بگیرێت. ئەوەی گەلی شۆڕشگێڕ بەدەستی هێنابوو، بەناوی قاسمەوە تۆمارکرا، ئەمەش ڕێگای ئەوەی پێدا، تا ناوبانگی خۆی بۆ دژایەتیکردنی هێزە نیشتمانییەکان بەکار بهێنێ کە داوای پەیڕەوکردنی سیاسەتی دژە ئیمپریالیستی و دژە دەرەبەگایەتیان دەکرد.

---

١ بابەتەکانی کۆنگرەی بیست و دووی حزبی شیوعی یەکێتی سۆڤیەت، ل ٣٥٤.

پارتی دیموکراتی کوردستان پشتیوانی لە حکومەت دەکرد، تا ئەوکاتەی لە سیاسەتی خۆیدا ڕێبازی دیموکراسی پەیڕەو دەکرد، بەڵام کاتێک قاسم بڕیاری دا گەل لە ئازادی و دیموکراسی بێبەش بکات، پەیڕەوی ڕێبازی دیکتاتۆری تاکڕەوی کرد و وازی لە لەبەرچاوگرتنی ڕێزی گەل و مافەکانی هێنا و دەستیکرد بە سزادانی نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازان بەبێ هیچ هۆیەك، پارتی بوو بە نەیاری حکومەت.

لە ڕێی ڕۆژنامەی ناوەندیی خەباتەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی کرد بە ڕەخنەگرتنی ئاشکرا لە حکومەت و لە چەندین بابەتیدا لە ساڵی ١٩٦٠ داوای گۆڕینی قۆناغی گواستنەوەی کرد، لەگەڵ دەرکردنی یاسای ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد لە پەرلەمانی نەتەوەیی، دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی و چەندین یاسا کە بەپێی ئەو یاسایانە حکومەتێکی دەستووری لە عێراق پێکبهێنرێت.

پارتی داوای کرد بارودۆخی جەنگ لە وڵات بگۆڕدرێت، دادگای باڵای سەربازی هەڵبوەشێنرێتەوە، لێبوردنی گشتی بۆ گیراوە سیاسی و چەوساوەکان دەربکرێت، ڕاگرتنی ڕاوەدونانی خاوەن بیروڕای جیاوازی سیاسی، ڕێگەدان بە بەشداریکردن لە سەندیکا و ڕێکخراوانی جووتیاران و ڕێکخراوە دیموکراسییەکان. پارتی و ڕۆژنامەکەی ئەم هەڵمەتەیان بۆ ئەوەبوو تا ئەو گرژییەی لە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەت و گەل دروستببوو کاڵ بکاتەوە.

هاوکات، حکومەتەکەی قاسم کە سیاسەتی دژە دیموکراسی گرتبووە بەر، هەوڵی ئەوەی دەدا دیکتاتۆریەتی بۆرجوازیی نەتەوەیی بەهێز بکات و ململانێیە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرژەوەندی خۆی لەناو ببات.

ئاراستەکردنی سیاسەتی حکومەت بەرەو زیاتر چەوسانەوەی گەل دەڕۆیشت، بە هەڵگیرسانی ناکۆکی نەتەوەیی و فراوانکردنی پەیوەندی و نەرمی نواندن بەرامبەر دوژمن کە خوازیاری ئەوەبوون حکومەتەکەی قاسم بکەنە ئامرازێک بەدەست ئیمپریالیزمەوە[1].

بۆرجوازیی نەتەوەیی کە دەسەڵاتیان گرتبووە دەست، لە هەوڵی تێکشکاندنی بزووتنەوەی دیموکراسی جەماوەری گەل، ملکەچکردنی کۆمۆنیستەکان و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی تردا بوون.

---

١ گۆڤاری "پرۆبلێم میرا ئی ساتسیالیزما"، ژمارە ٦، ساڵی ١٩٦١، ل ٩٣؛ بولتەنی هەواڵەکانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١.

هاوکـات بۆرجـوازە نەتەوەییـەکانی عێـراق، وەك پیشـەیانە، هەوڵـی ئەوەیـان دەدا ئەو کاریگەرێتی و مـتمانە و سـەروەرییە لاواز بکـەن کە وڵاتـانی سۆشـیالیزم لە زەحمەتکێشـانی عێراق بەدییان دەکرد.

ئەم هەوڵە دوای پەرەسەندنی ململانێی نێوان بۆرجوازی نەتەوەیی عێراقی و چینی کرێکار زیـاتر تـۆخ بـووەوە کە هۆکـارەکەی سیاسـەتی عێـراق خـۆی بـوو. دوژمنـانی پەرەسـەندنی پێشـکەوتنی کۆمـاری عێـراق هەوڵیانـدا ئەو هـەلە بقۆزنـەوە، بەتایبـەت ئەوانـەی دژی ئەو پەیوەندییە دۆسـتانەیەی نێـوان عێـراق و وڵاتـانی سۆشیالیسـتی بـوون، حکومـەتیش ئـازادی تەواوی بەهێزی کۆنەپەرستان دابوو، تا کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

سەرۆك وەزیرانی حکومەتەکەی قاسـم، بڕیـاری لـە سـێدارەدان و کەمکردنـەوەی مـاوەی بەندکردنی خائینان و بەشداربووان لە پیلانە ئیمپریالیسـتەکانی دەرکـرد، هـەر لـەو کاتەشـدا هێرشی ڕێکوپێك بۆ سـەر هێـزە دیموکراتخوازەکـان ئەنجامـدرا. دیـاردەی تیرۆرکـردنیش لەو ماوەیە بەم شێوەیە پەرەیسەند:

لە دوو ساڵی ١٩٥٩ و ١٩٦١، دادگا سەربازییە مەیـدانییەکان بڕیـاری لـە سـێدارەدانیان بـۆ سەد و دوازدە کەس و زینـدانیکردن بـۆ مـاوەی جۆراوجـۆر بە حەفـت سـەد و حەفتـا کەس دەرکـرد، ژمـارەی گیراوەکـان بە تۆمـەتی سیاسـی ڕووی لـە زیـادبوون بـوو، لـە سـاڵی ١٩٥٨ هەشت هەزار و حەفتا کەس لە بەندیخانەکان دەستبەسـەربوون و ساڵی ١٩٥٩ ڕێـژەکە بـۆ دوو ئەوەنـدەی پێشـوو زیـادیکرد و پـازدە هەزار و نۆسـەد و نەوەت و نـۆ کەس خرابـوونە بەندیخانەکانەوە کە بەشی هەرە زۆریان کۆمۆنیست و کەسایەتی پێشکەوتنخواز بوون.

ساڵی ١٩٦١، ئەوانەی بە تۆمەتی سیاسی گیرابـوون، گەیشـتنە بیسـت و دوو هەزار کەس، شـایەنی ئامـاژە پێکـردنە لـەکاتی شۆڕشـی ١٤ی تەمـووزی سـاڵی ١٩٥٨ لە بەندیخانـەکانی پاشایەتی عێراق تەنیا سێ سەد نیشتمانپەروەر و دیموکراتخواز هەبوون[١].

تەنیا لە پیشەسازی چیمەنتۆ بە تۆمەتی چالاکی دیموکراسـی نەوەت و شـەش کرێکـار بـۆ ماوەی جۆراوجـۆر بەنـدکران، جـگە لەوانـەی کە لەلایـەن دادگـاوە حـوکم درابـوون، لـەودیو دیواری زیندانەکان بە هەزاران نیشتمانپەروەر بەندکرابوون.

١ گۆڤاری "پرۆبلێم میرا ئی ساتسیالیزما"، ژمارە ١١، ساڵی ١٩٦١.

زیندانەکان، شوێنە یەدەگەکانی بەندیخانەکان و شوێنی دوورخراوەکان پڕکرابوون لە ئەندامانی سەندیکا و ڕێکخراوە کۆمەڵاتییەکان کە بریتی بوون لە کرێکار، جووتیار، ڕۆشنبیر، قوتابی، لاو و لایەنگرانی ئاشتی و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان.

دەسەڵات بەشێوەیەکی نامرۆڤانە سوکایەتی بە بەندکراوە کۆمۆنیستەکان و دیموکراتەکان دەکرد، ئەوانیان لە ژووری تاکە کەسی دانابوو، لەو شوێنانەی کە ناسیۆنالیستە کۆنەپەرستەکان تێیدا بەندکرابوون لە بارودۆخێکی باشدا بوون، لەکاتێکدا لەسەر ئەنجامدانی تاوانی گەورە بەندکرابوون، ئەم باندانە نیشتمانپەروەرەکانیان ئەشکەنجە دەدا و هەندێک جاریش دەیانکوشتن، بەڕێوەبەرایەتی بەندیخانەکان و داواکاری گشتی لەم ڕەفتارانەیان نەدەپێچایەوە.

لە نێوان سالانی ١٩٥٩-١٩٦١، حەفت هەزار و پێنج سەد و دە جار هێرش کرایە سەر بارەگای سەندیکا و ڕێکخراوە دیموکراتییەکان و لە ئەنجامی ئەم هێرشانەدا دوو سەد و حەفتا کەس کوژران و هەزار و پێنجسەد و حەفتا و دوو کەس بریندار بوون، هەروەها سێ هەزار و چوارسەد و بیست و چوار خێزان ناچارکران ماڵەکانیان بەجێبهێڵن[1].

هەموو خۆپیشاندانێکی ئاشتیانە کە بەبۆنەی جەژنەکان و لەپێناو پاراستنی کەمترین مافی مەدەنی ئەنجامدەدرا، بەدەستگیرکردنی بەشداربووان کۆتایی دەهات، حکومەتی قاسم لە شار و گوندەکان سەرقاڵی کوشتنی دیموکراتخوازەکان بوو، تەنانەت لە ناوەندە گەورەکانی وەك بەغدا بە ئاشکرا نیشتمانپەروەرانیان تیرۆر دەکرد، دەسەڵات زۆرجار بەم کارەی دەزانی، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی پێویستی ئەنجام نەدەدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کەسوکاری کوژراوەکانی دەگرت، ئەوانەی بەشداریان لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی کوژراوەکەدا دەکرد. حکومەت ڕاوەدونانی ناپەسندانەی دژی جەماوەر ئەنجام دەدا و چەندین ڕێگای تری دژی نیشتمانپەروەران دەگرتەبەر، وەك: لەسەر کار لابردن و فشاری دارایی و... هتد، بۆ نموونە حەفتسەد ئەندامی سەندیکا لەسەر کار لابران، چونکە چالاکانە بەشداریان لە چالاکییە کۆمەڵاتیەکان کردبوو.

وەزیری کشتوکاڵ نۆ سەد کرێکاری کشتوکاڵی لەسەر کار دەرکرد، چونکە چالاکی سەندیکاییان ئەنجام دابوو، سێ هەزار و دوو سەد و شەست کۆمەڵەی جووتیارانی لە

١ بولتەنی هەواڵەکانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١.

مۆڵەت بێبەش کرد، هەموو ئەمانە دەرخەری ڕق و کینەی حکومەتی عێراق بوون بەرامبەر بە هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە وڵات.

سیاسەتی دژە دیموکراسی حکومەت، پەیوەندییەکی نەپساوی هەبوو لەگەڵ هەوڵی خراپکردنی بارودۆخی زەحمەتکێشان، لە زیادبوونی بێکاری و هەژاری و چەوساندنەوە، خنکاندنی هێزی کار کە هۆکاری سەرەکی بەهێزبوونی ئابووری و سیاسی بوو، بەمەش دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان سیاسەتی ناوخۆی حکومەت (ڕژێمی ڕەش) و سیاسەتی حکومەتەکەی قاسم نەبووە.

سیاسەتی چەوسێنەرانەی حکومەتەکەی قاسم پەناهەندە سیاسیەکانیشی گرتەوە کە پەناهەندەیی سیاسیان لە عێراق وەرگرتبوو، حکومەتی عێراق دەستیکرد بە ڕاوەدونان و دەرکردنی هاووڵاتیانی بیانی دیموکراتی سوری و ئەردەنی و ئێرانی، زۆریش لەوانی ڕادەستی حکومەتە کۆنەپەرستەکانیان کردەوە، تیرۆر و ڕاوەدونان بریتی بوو لە بەشێکی پلانی دژە دیموکراسییەکەی حکومەتەکەی قاسم.

هاوکات حکومەت سیاسەتی بە هێواشی لەنێوبردنی ئازادی و دیموکراسی لە وڵات گرتەبەر، ئەو ئازادییەی گەل لە ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ خەباتی لەپێناو کردبوو.

نموونەیەك وەردەگرین کە پەیوەندی بە پارتیەوە هەیە، پارتی دەبێ ئەو مافەی هەبێت پروپاگەندە بۆ بیروبۆچوونی چالاکییەکانی خۆی بکات، ڕۆژنامە دەربکات و بانگەشەی کۆبوونەوەی جەماوەری و پارتایەتی بکات، لە تەواوی شارەکان لقی پارتی بە ئاشکرا هەبێت و کار بکات، ئەمانە هەمووی دەبووایە لە یاسا بنەڕەتییەکاندا جێگیرکرابان، بۆئەوەی پارتی ببێتە یەکێك لە کۆڵەکەکانی ئیدارەیەکی دیموکراسی، لەهەمان کاتدا زەمینە خۆشبکات بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و ڕێکخستنی گەل و کۆکردنەوەی گشت تواناکانیان، هەر بۆیەش یەکێک لە داواکارییە گرنگەکانی گەلی عێراق و یەکێك لە هەرە گرنگترین ئامانجەکانی خەباتەکەی بریتی بوو لە داواکاری ئازادی کاری ڕێکخستن و پارتایەتی و چالاکییەکانیان.

ئیتر ئێمە باس لەو ڕۆڵە گەورەیە ناکەین کە پارتە نەتەوەییەکان چ بەیەکەوە و چ بە تەنیا گێڕایان، لە ئامادەکردن و خۆشکردنی زەمینە بۆ شۆڕش و پتەوکردنی، باس لەوە ناکەین کە پارتی چ زوڵم و زۆرییەکی بەرامبەر کرا. لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە سەیر بکەین کە قاسم بەڵێنی چی دا بە پارتی و لە ڕاستیدا چیان پێ برا. قاسم لە ١٦ی تەمووزی ١٩٥٩ ڕایگەیاند: "ئێمەی برا دژی کۆمەڵێکی بەشەرەف ڕاناوەستین، ئێمە هەمیشە لەگەڵیان داین و ئێمە هاوخەباتیانین بۆ پێشکەشکردنی باشترین ژیان پێیان". لە وتەیەکی تری لە ڕۆژی ٥ی تەمووز

ئاماژەی بە ئامانجی خەبات و پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ پارتی کرد و گوتی: "ئێمە ئەم شۆڕشەمان بەرپاکرد، بۆئەوەی ڕێگا بە پارتی بدرێت، تا تواناکانی بخاتەگەڕ لەپێناو وڵاتدا لەو قۆناغەدا، کە قۆناغی گواستنەوەیە، من داوام لە پارتی و گشت پارتەکان کرد چالاکی نەنوێنن، بەتایبەتی لەم کاتەدا و پارتی پابەندی ئەو داواکاریە بوو. پارتەکانی عێراق برای منن، ئێوە، پارتی دیموکرات برای منن و لەگەڵ من هاوڕان. پارتی کۆمۆنیست برای منن و لەگەڵ من هاوڕان، ئەوەتا پارتی (حزب الپارتی) ئەوان برای منن و لەگەڵ مندان، هاووڵاتییە ئازادەکانی وڵات و کەسایەتییە سەربەخۆکان هەموویان برای منن و هەمووان لە پشت ڕێبەرەکەیانن"[1].

پێنج مانگ دوای وتارەکەی حکومەت، یاسای ژمارەی (١)ی ساڵی ١٩٦٠ سەبارەت بە کۆمەڵ و پارتە سیاسیەکان ڕاگەیەندرا، بەپێی ئەم یاسایە هەموو پارتێك دەتوانێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ ناوی خۆی تۆمار بکات، دوای ئەوەی ڕێکخەری ئەو پارتە داواکاریەك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکات لەگەڵ پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکە. ئەم یاسایە هەرچەندە لە ناوەڕۆکیدا چەند کەموکووڕیەکی هەبوو، بەڵام لەلایەن گشت هێزە نەتەوەیەکانەوە ئارەزوومەندانە پێشوازی لێکرا، هیوایان وابوو ئەو یاسایە بەشێوەیەکی دروست جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەڵوێستی پراکتیکی حکومەت لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتی بە ئاشکرا دژ بوو لەگەڵ یاساکە و ڕاگەیاندنەکەی قاسم، ئەو پارتانەی کە ڕوون بوو چەند وەفادارن بۆ کۆمارەکە و لایەنگری شۆڕش بوون، ڕێگایان پێ نەدرا بە ئاشکرا کار و چالاکی خۆیان ئەنجام بدەن.

لە مانگی کانوونی دووەم، داواکاریەك لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی عێراقەوە پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ کرا، بەڵام ئەو وەزارەتە ڕەتی کردەوە پارتی کۆمۆنیستی عێراق تۆمار بکات.

پاساوی ئەو ڕەتکردنەوەیەش ئەوەبوو، گوایە ڕەزامەندی لەسەر کارکردنی ئاشکرا بۆ گرووپێك دەرکراوە بەناوی (پارتی کۆمۆنیستی عێراق)، واتە ئەو گرووپەی (داود ئەلسائیغ) سەرکردایەتی دەکرد. لە ڕێکەوتی ١٥ی شوباتی ١٩٦٠، پارتی کۆمۆنیستی عێراقی بۆ جاری دووەم داواکاری بۆ تۆمارکردنی پێشکەش کرد، بەوەی کە ناوی ئەو پارتە دەگۆڕدرێت بۆ (اتحاد الشعب)، بۆئەوەی ئاڵۆزییەی لە سیستەمی یاسایی هاتووەتە ئاراوە لەخۆی دوور بخاتەوە[2].

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ٢٣ی شوباتی ١٩٦٠.

وەزارەتی ناوخۆ بۆ جاری دووەم ئەو داواکاریەشی ڕەت کردەوە، بە پێچەوانەی ئەوەوە پارتی پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی، واتە (الحزب التقدمی القومی) بە سەرۆکایەتی (محەمەد حەدید) لەماوەی چەند ڕۆژێك دوای پێشکەشکردنی داواکارییەکەی بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەم مەبەستە ڕەزامەندی وەرگرت، تا بەشێوەیەکی ئاشکرا کاربکات. هەرچەندە پرۆگرامی ئەو پارتە لەگەڵ پرۆگرامی پارتی دیموکراتی نەتەوەییدا هیچ جیاوازییەکیان نەبوو[1].

جیاوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ پارتەکان ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتەکەی قاسم پشتیوانیی لە پارتە کۆنەپەرستەکان دەکرد، ئەوانەی پشتگیریی حکومەتەکەی قاسمیان دەکرد، لە ڕێبازە دیکتاتۆرییە سەربازییەکەی لە عێراق.

لە حکومەتەکەی قاسم چەندین کەس هەبوون کە لایەنگری دەسەڵاتی پاشایەتی پێشوو بوون، ئەوانە بە ئاشکرا دژایەتی پارتە دیموکراتییەکانیان دەکرد و بەردەوام کێشە و گیر و گرفتیان لەبەردەم دروستبوونی ئەو پارتانە و کارەکانیان دروست دەکرد.

چالاکیی پارتایەتی لەژێر چاودێریدا بوو و ئەو کارمەندانەی ئەندام بوون لە پارتە دیموکراتییەکان، لەسەر کار لادەبران. لە زۆربەی دەزگا حکومیەکان ئەندامانی ئەو پارتانەیان وەرنەدەگرت و لەم دەزگایانە هەرکەس کاری کردبا، واتە دامەزرابا، بەڵێنامەیان لێ وەردەگرت، تا نەچێتە ناو پارتەکانەوە، کارێك کە لەو سەردەمەدا یاسا قەدەغەی نەکردبوو. ئەوەبوو ئەندامانی پارتە دیموکراسییەکان بە دەیان هەزار نیشتمانپەروەر، ڕێگای ئەوەیان لێ گیرا تا بتوانن کاریان دەستبکەوێت، بەڵام دژە دیموکراتییەکان و دژە نیشتمانپەروەرەکانی عێراق و هەوادار و لایەنگرانی حکومەت ئەوەیان دەقۆستەوە و دەستیان بەسەر سامان و خێروبێری وڵاتدا دەگرت. حکومەت پشتیوانی لەو هێزە کۆنەپەرستانە دەکرد و ڕاوەدونانی توێژی پێشکەوتووی کۆمەڵی پەیڕەو دەکرد. حکومەت نەك تەنیا پارتی کۆمۆنیستی تۆمار نەکرد، بەڵکو ئەدەبیاتی کۆمۆنیستی قەدەغەکرد، دادگا نائاسایەکان ئەو خەڵکانەیان ڕاوەدودەنا کە بەرهەمە کلاسیکییە مارکسییەکانیان لابووە.

(پارتی کۆمۆنیستی) ئاشکرا کە پارتێکی لە ڕێلادەر بوو، بەتەواوی لای قاسم پەسند بوو، بەشێوەیەك کە هەرچەندە لەپەیڕەوەکەیدا هاتووە ئەو بڕوای بە پرنسیپی مارکسی لینینە، بەڵام لەهەمان کاتدا وەك پراکتیك لەهەموو شتێکدا لەگەڵ حکومەت یەك بووە، تا ئەو

---

١ بولتەنی هەواڵەکانی ناوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢.

ڕادەیەی کە بڵاوکردنەوەی ئەدەبیاتی مارکسی قەدەغە بکات لە وڵات. هەڵبژاردنی ئازادی سەندیکای کرێکاران و ڕێکخراوەکان و زیادەڕۆیی و پێشێلکردنی یاسای سەندیکاکانی پێوە دیاربوو و مانگرتن بەتوندی سەرکوت دەکرا.

بیروڕای ئازاد و ئازادی بڵاوکردنەوە، بۆچوون و ئازادی تاك و چەندین ئازادی تر کە لە پێناویاندا شۆڕشی ١٤ی تەمووز هەڵگیرسا، هەموو ئەوانە پێشێلکران[١].

لای هەمووان ئاشکرایە، سەربازگەی بەندکراوان لە (نوگرەسەلمان) کە پێیان دەگوت (گۆڕستانی نیشتمانپەروەران)، یان (ئەبی حەنیك) بوونە بەندیخانەی نیشتمانپەروەران و دیموکراتخوازەکان. سانسۆرێکی توند لەسەر ئازادی هاتووچۆ، واتە گواستنەوە دانرا، نامەگۆڕینەوە، پەیوەندیکردن، کۆبوونەوە، مانگرتن و خۆپیشاندان، هەموو ئەمانە قەدەغەکران، دوای ئەوەی سەرۆکی حکومەت لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری عێراقەوە ڕایگەیاند کە یەك لە هۆکارە سەرەکییەکانی شۆڕشەکەمان ڕاوەدونانی هێزە دیموکراتییە بەشەرەفەکان و نیشتمانپەروەرە ئازادیخوازەکانی عێراق بوو لەلایەن ڕژێمی پێشوو[٢].

زۆر لەو خەڵکە ناسراوانەی هاوکاری سەرکەوتنی شۆڕش بوون، جارێکی تر دەستگیرکران و ڕەوانەی بەندیخانە کران و دوورخرانەوە و زۆریان لێ دەکرا وڵات جێبهێڵن.

بارودۆخی دژایەتیکردنی دیموکراسی لە وڵات سوودی بۆ دوژمنانی شۆڕش هەبوو، سەر لە نوێ ئیمپریالیزم لە ڕێگای خائینەکانەوە دزەی کردەوە ناو وڵات و لە ڕێگەی پیاوانی ڕژێمی پێشووەوە ئەو هاوکارییە پێشکەشی ئیمپریالیزم دەکرا.

ئیمپریالیزم کە لەناوبردنی یەکێك بوو لە ئامانجە گرنگەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز، هەوڵیدا جارێکی تر ڕۆڵی لە وڵاتدا بگێڕێت، ئەوەبوو خۆی وەك هاوڕێ و هاوکاری شۆڕشی عێراق پێشاندا و وای کرد دەرەبەگەکان سەرهەڵبڕنەوە.

دەرەبەگ و کۆنەپەرستان، ڕۆڵی لایەنگرانی شۆڕشیان دەبینی و ڕایانگەیاند بەهۆی جووتیارانەوە مەحاڵە چاکسازی زەوی (الاصلاح الزراعی) ئەنجام بدرێت، دەیانگوت ئەوان بێسەروبەری و (ناکۆکی و دووبەرەکی) دەخوڵقێنن. زۆر لە ئۆرگانەکانی دەوڵەت کە زۆربەی

١ نامەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ عەبدولکەریم قاسم، سەبارەت بە بارودۆخی وڵات، ساڵی ١٩٦١. ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢ وتاری عەبدولکەریم قاسم لە ٨ی تەمووزی ١٩٥٩، لە کۆنگرەی سەندیکای یەکێتی کرێکاران، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

هەرە زۆری ڕەگەزی دژی دیموکراسی لەخۆگرتبوو و لـە بـەکرێگیراوانی ئیمپریـالیزم بـوون و هەموو توانای خۆیان خستبووە گەڕ بۆئەوەی کەلێنی نێوان گەل و حکومەت فراوانتر بکەن.

لادانی حکومـەتی قاسـم لـە بیروبـاوەڕی شـۆڕش، بەتایبـەتی لە کوردسـتان کتـوپڕ بـەدیار دەکەوت.

نموونەش بۆ ئـەمە، بـارودۆخی ئۆرگانـەکانی دەوڵـەتە لە کوردسـتانی عێـراق، لە بەشـێکی گەورەی کوردستان دامەزراوە حکومیەکان داخوازییەکانی خاوەن موڵکەکانیان بەجێ دەهێنـا کە دژبە جووتیـاران بـوون. لەسـەر بنـەما چاوچنۆکیـەکانی موڵکـدارەکان ژمارەیـەکی زۆر لە خەڵکانی دیموکراتخواز لە کوردسـتان دوورخـرانەوە لەوانە جووتیـاران. دەزگاکـانی دەوڵـەت وردە وردە دووبـارە بنیـات نـرانەوە و دەرەبەگـەکانی پـێ بـەهێز بـوون، لە ئەنجـامی ئـەم ڕەفتارانـە، متمانـەی گـەل بە حکومـەتی قاسـم زۆر لاواز بـوو. بەکـورتی دەتـوانین بڵێـین حکومەتی قاسم سیاسەتێکی پەیڕەو دەکرد کە یارمـەتی و پشـتیوانی لە خائینـان، دەرەبـەگ، کۆنەپەرست و خاوەن موڵکەکان و دوژمنانی وڵات دەکرد.

پەیوەندییــەکانی حکومــەتی قاســم لــەگەڵ کۆنەپەرســتە خۆفرۆشــەکانی وڵات ئەو خەسڵەتەی لەخۆ گرتبوو کە حکومەت وەك دژە گەل و کۆنەپەرستی بێنێتە بـەرچاو. ئەمـەش چەند نموونەیەکە:

گـەورەترین دوژمنـی نیـازگڵاوی گـەل و کۆمـاری عێـراق، بـە ڕەزامەندییـەکی بێـدەنگی حکومەت بەڕێکران، بەبێ سزادانیان لەسەر ئەو کارانەی دژبە گەل کردبوویان.

یەك لە خاوەن موڵکە کۆنەپەرستەکانی عێراق، ئەحمەد زێبـاری بـوو کە لە سـاڵانی ١٩٤٧-١٩٥٩ زیـاتر لە سـەد جووتیـاری هـەژاری کوشـتبوو و هـاوڕێی خـودی نـوری سـەعید بـوو، هــەروەها بــەکرێگیراوێکی کــۆنی ئیمپریــالیزمی ئینگلیــزی و دوژمنێکــی دڕنــدەی گــەل و دیموکراتی و کۆمارەکە بوو، کەچی هـیچ لێپرسـینەوەیەکی لەسـەر ئەنجامـدانی ئەو هـەموو تاوانە لەگەڵ نەکرا، بۆیە گەل خۆی لـەناوبرد، بەڵام دەبینـین حکومـەت چـوار بـارزانی دا بە دادگـا لەسـەر کوشـتنی دەرەبـەگێك کە دوژمنـی گـەل بـوو. دادگـا بڕیـاری زینـدانیکردنی نیشتمانپەروەرانی دەدا بۆ چەند ساڵێکی دوورودرێژ (زیاتر لە ٢٠ ساڵ) بڕیارەکـانی دادگـا و حکومەت بوونە هۆی زیادبوونی توڕەیی و بێزاری گشت هێزە دیموکراتییەکانی عێراق.

نموونەیــەکی تــر: لە ئایــاری ســاڵی ١٩٥٩، دەرەبــەگی کۆنەپەرســت ڕەشــید لــۆلان کە کۆنەپەرستانی عێراق پشتیوانیان لـێ دەکـرد، لە حکومـەتی قاسـم یـاخی بـوو و دژی کۆمـار وەستایەوە، حکومەت سوپای ناردە کوردستان بۆ سەرکوتکردنی ئەو یاخیبوونە، بـەڵام لـەگەڵ

یاخیبوونەکە هیچی پێ نەکرا، ئەو کاتە ناچار بوو پەنا بباتە بەر بەرەی نیشتمانی (الجبهة الوطنية) بۆ پشتیوانیکردن لە حکومەت. پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەدەنگ ئەو داواکارییەی حکومەتەوە چوون و دەستیانکرد بە ڕێکخستنی نیشتمانپەروەران دژی پیلانگێڕان. گەلی کورد زۆر چالاکانە بەشدارییان کرد لە لەناوبردنی یاخیبوونەکەی دژی کۆمار، حکومەتی قاسم پێنج سەد تفەنگی خستە بەردەستی بەرەی نیشتمانیی بۆ پڕچەککردنی جەنگاوەرەکانیان، بەڵام لەوانە تەنیا سەد و پەنجا تفەنگ بەکەڵك دەهات و ئەوی تر بێ کەڵك و لەکارکەوتوو بوون.

ئەمە وامان لێ دەکات بیر لەوە بکەینەوە کە حکومەتەکەی قاسم وای لێکدەدایەوە هێزەکانی بەرەی نیشتمانی و یاخیبووانی لۆلان پێکەوە یەکلادەکاتەوە، لە هەمانکاتدا خۆشحاڵ بوو بەوەی کە دیموکراتخوازەکان زیانێکی گەورەیان لێکەوتووە و خوازیاربوو بەرەی نیشتمانی خوێنی لێ بڕژێ و دەرفەتیان نەدرێتێ خۆیان بەهێزبکەن.

ئەمە و دوای سەرکوتکردنی یاخیبوون، حکومەتی قاسم لەگەڵ لۆلانییەکان دەستی بە وتووێژ کرد و دژی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلی کورد پشتیوانی لێ کردن.

قاسم لەگەڵ دەرەبەگە کۆنەپەرستەکانی کورد دەستی بە وتووێژ کرد کە دوژمنی ئاشکرای کۆمار بوون، ئەو سیاسەتە خیانەتکارانەیەی بەرامبەر بە گەلی کورد پەیڕەو دەکرد، بۆئەوەی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی کورد لاواز بکات و بزووتنەوەی دیموکراتی کورد کپ بکاتەوە.

بەم شێوەیە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩، حکومەتی قاسم دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئیستفزازی و پارچە پارچەکردنی گەلی کورد و هاندانی ڕەگەزی کۆنەپەرستی دژی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەل و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دروستکردنی دوژمنایەتی لە نێوان نەتەوەکانی کورد و عەرەب.

لە ماوەی ساڵی ١٩٦٠، سەدان نیشتمانپەروەر کوژران، بەڵام ئۆرگانەکانی دەوڵەت کە لە پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان بەرپرسیاربوون نەیاندەویست باسی هۆکارەکانی بکەن و تاوانبارانی ئەو کوشتنانە دەستنیشان بکەن. هەرچەند ئاشکرابوو کە ئۆرگانەکانی ئاسایش لە مووسڵ و کەرکووك دەیانزانی ئەوان کێن و چ تاوانێك ئەنجام دەدەن، ئۆرگانە حکومیەکان هەوڵیان دەدا لە بەردەم کۆمەڵگا پاساو بۆ ئەم ئابڕوچوونە بهێننەوە و وا نیشانبدەن کە ئەوە خەباتی نێوان کۆمۆنیستی و کۆنەپەرستانە. لە چەند ناوچەیەکی کوردستان بەتایبەتی لە پارێزگاکانی هەولێر و مووسڵ، شێخە خاوەن موڵکەکان جووتیارانیان بەکۆمەڵ دەکوشت، بەڵام لەلایەن حکومەتەوە هیچ کارێك دژ بەوە ئەنجام نەدەدرا.

ئـەمە بەشـێکی بچـووکە لەو تاوانانـەی لەلایـەن دوژمنـی کۆمـارەوە ئـەنجام درا، لـەپێناو لەناوبردنی ئەو ئامانجانەی کە شۆڕشـی ١٤ی تەمـووز لـە سـاڵی ١٩٥٨ لەپێنـاوی هەڵگیرسـا، بەڵام ئەوان لەو ماوەیەدا وایان هەست دەکرد ئازادن و بیریان چووبووەوە ئەمە لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شۆڕش بەدەستهاتووە.

بـــە پێچەوانـــەوە، نیشـــتمانپەروەران کە هـــەوڵی چەوســـاندنەوە، ئەشـــکەنجەدان و قەدەغەکردنی خەبات دژی خائین و ئاغاکانیان تاقی دەکەنەوە، جارێکی تـر لە لایەن کۆمـار تووشی چەوساندنەوە و تیرۆر و ڕاوەدونان دەبنەوە، ئەو کۆمارەی خەباتیان بـۆی کـردووە و ژیانیان لە پێناویدا بەختکردووە.

ئەوەی لە وڵاتدا ڕوویدا، بـە تـەواوی پـێچەوانەی ئەوەبـوو کە گـەل چـاوەڕوانی دەکـرد و نیشتمانپەروەرانیش بە ئاواتیەوە بـوون. گـەلی کـورد لەبـەردەم زوڵـم و زۆری و ناعەدالـەتی ئـارامگر بـوو، بەڵام قاسـم سیاسـەتی ئـابووری کۆنەپەرسـتی بەرامبـەر بە کوردسـتان پـەیڕەو دەکرد، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش بریتی بوو لەوەی لە کوردستان سەرەڕای ئەوەی سـامانێکی سروشتی زۆری هەیە وەك نـەوت، ئاسـن، مـس، کـەچی یـەك پـڕۆژەی پیشەسـازی دروسـت نەکراوە و پرۆژەی ئاودێری پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمی بەروبومی کشتوکاڵی لەو هەرێمەدا ئەنجام نـەدرا. حکومـەت وڵاتـی بـەرەو داڕمـانی ئـابووری و ژێرخـانی دارایـی دەبرد. حکومەت خۆی بە خاوەنی یەکەمی ئابووری لە وڵات دادەنـا و پێـی وابـوو ئـازادە لە پابەندی و بەرپرسیاریەتی لەبەردەم گەل.

حکومەت بڕێکی زۆری پارەی بۆ دروستکردنی پڕۆژەی ئەوتۆ تەرخان دەکـرد کە بـە پلـەی دووەم دەهـاتن لە ڕووی پێویسـتییەوە، لە بەرامـبەردا پێداویسـتییە گرنگـەکانی گـەل کە بـە ملیۆنان دینار دەخەملێنرا بۆ دروستکردنی ئەو ژێرخانانەی دەوڵـەت پێویسـتی پێبـوو و بـۆی تــەرخانکرا، هــیچ ئاســەوارێکیان لــێ بەدی نەکــرا، نموونەیــەکی ئاشــکرا بــۆ ئــەم زوڵــمە دروستکردنی باڵەخانەی دادگای مۆرکردن و هەوڵوەشاندنەوە بوو لە عێـراق کە لـە بەرامبـەر تەلاری ئەنجومەنی وەزیران لە بەغدا دروستکرا، ئەم باڵەخانەیە بەیەك ساڵی تەواو دروسـت کرا، بەڵام بەهۆی کەمتەرخەمی لە ژێرخانەکەی باڵەخانەکە ڕووخا[1].

بەم شێوەیە پارەی میللەت درا بە دەم ڕەشەباوە، لە ئەنجامی بێخاوەنی و نەبوونی پـلان و کۆنترۆلی دیراسەکراو بـۆ جێبـەجێکردنیان و تێکـدان و چـاککردنەوەی زەوی و زار، ئـابووری نەتەوەیی بەرەو داڕمان ڕۆیشت.

---

١ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە بارودرخی کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٦١.

لە وڵاتدا بێکاری وەك کارەسات ڕووی لە زیادبوون بوو، هەروەها نرخی کاڵا و شتومەك زۆر بەرزبوووەوە، لەکاتێکدا زۆر بەخێرایی ئاستی ژیانی گەل بەگشتی دادەکشا.

ئەمە هەمووو گەواهی سەرنەکەوتنی سیاسەتی ئابووری حکومەت دەدەن و هەمووی پێچەوانەی بەڵێنەکانی قاسم بوون، گوایە دەیویست ژیانێکی بەختەوەر و هەرزانیی دابین بکات و بەرزترین ئاستی ژیان لە جیهان لە ماوەی سێ ساڵ دروستبکات. ساڵان تێپەڕی، بەڵام بارودۆخی زەحمەتکێشان خراپتربوو. هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری عێراق، حکومەت سەبارەت بە دەزگاکانی دەوڵەت کە لە لایەن دەسەڵاتی مەلەکییەوە سەراوژێر کرابوو، ئەرکە شۆڕشگێڕییەکانی بەجێ نەهێنا، ئەم دەزگایانە ئامرازێك بوون بەدەست ئیمپریالیزمەوە و لە کەسانێك پێکهاتبوو کە خزمەتی ئیمپریالیزمیان دەکرد.

دوژمنانی گەل کە دەبووایە قورسترین سزا درابان، لەسەر ئەوەی هاوکاری ئیمپریالیزمیان کردبوو، بە پێچەوانەوە لە سەردەمی کۆماریدا چەندین پۆستیان پێ درا کە تەنانەت لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیدا خەونیان پێوە نەدەبینی. حکومەت داواکارییە گرنگەکانی گەلی جێبەجێ نەکرد و پیاوانی ڕژێمی پێشووی لە پۆستە گرنگەکان دادەنا، ئەمەش بۆ تێکدانی بارودۆخی ناوخۆی وڵات کاری ئەوانی ئاسان کرد. ئەوانەی خەریکی چالاکی تێکدان و وەستاندنی ئەو پرۆژە گرنگە شۆڕشگێڕیانە بوون کە خەریکبوو جێبەجێ دەکران و ماف و یاساکانیان پێشێل دەکرد.

بەرژەوەندییەکانی کۆمار و گەل وای دەخواست دەزگاکانی دەوڵەت پاکبکرێنەوە و ڕەگەزی خائین و کۆنەپەرستان بە خەڵکانی دڵسۆز و کادیری شۆڕشگێڕ بگۆڕدرێن، کەچی دەبینین حکومەت ڕەگەزە کۆنەکانی لە گۆڕینی پۆست و پلە و کارەکان بەکاردەهێنا.

ئەوانەی کاریان پێ دەسپێردرا داوایان لێ دەکرا بەڵێنی (ڕەفتاری باش) بدەن، واتە سەر بە هیچ پارتێکی پێشکەوتنخواز نەبن و هەرگیز ئەندامانی پارتێکی وەها ئەو کارەی پێناسپێردرێت. حکومەت ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری دامەزراند، ئەمە هەمووی بووە هۆی بەفیڕۆدانی ڕەنجی گەل و هەست نەکردن بە لێپرساوەتی و کاری تێکدەرانە. هەروەها لەپێناو ڕێکخستنی کارەکانیدا حکومەت ژمارەی دەزگاکانی زیادکرد.

ئەمە بارودۆخەکەی چاك نەکرد و بە پێچەوانەوە، بووە هۆی زیـادبوونی هەسـت نـەکردن بە لێپرسراویەتی و کاری گێرەشـێوێنی لـە کارەکـان و بەفیڕۆدانـی سـامانی گـەل. تەنیـا سـاڵی ١٩٥٨ حەفتا و هەشت ملیۆن دینار بۆ سکاڵای فەرمانبەران خەرج کرا[١].

بەفیڕۆدانی ماڵی میللەت بەو شێوەیە، تەنیا لە کاتێك بەڕاست دادەنرێ، ئەگەر حکومـەت خەرجکردنی پارەی سکاڵای فەرمانبەرانی وەك ئامـانجی سـەرەکی خـۆی دابنـێ، لـەگەڵ ئەو خەرجییە زۆرەدا دەزگاکـانی دەوڵـەت لە بارودۆخێکـدا بـوون کە نەیانـدەتوانی ئەرکـەکانیان ڕاپەڕێنن.

ڕای گشتی عێراقی لە تێکدان و بەرتیل وەرگرتن لە دامودەزگاکانی دەوڵەتی بێزارببوو.

ئۆرگانەکانی دەوڵـەت توانـای ئەوەیـان نـەبوو ئەرکـەکانی خۆیـان سـەبارەت بە پاراسـتنی ئاسایش و پاراستنی سەر و مـاڵی هاووڵاتیـان بـەجێبهێنن. ڕۆژانە بە دەیـان کـاری کوشـتن لە شارە گەورەکان، بەتایبەتی لە بەغدا، ڕوویدەدا.

سەبارەت بە بابەتی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ئەوا پێچەوانەی حکومەتی عێراقی کە لە سـەرەتای دروسـتبوونییەوە بـەو مافانـە پابەنـد بـوو، حکومـەتی قاسـم دەسـتی کـرد بەگواستنەوەی فەرمانبەرە کوردەکان لە کوردستانەوە، ئەمەش فشارێکی گەورەی خستەسـەر جەماوەری کورد. لەجیاتی فەرمانبەرە کوردەکان، عەرەبی کۆنەپەرستی دادەنا[٢].

چاکسازی زەوی و زار، یەکێك بوو لە گرنگترین کارەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمـووز، بـەڵام زۆر بەهێواشی و نادروستی بەڕێوەدەچوو. بۆرجوازییە نیشتمانییەکانی عێراق کۆسپیان دەخسـتە بەردەم جێبەجێکردنی چاکسازی زەوی و زار. لەگەڵ ئەوەشـدا بۆرجـوازییە نەتەوەییـەکان لە بەرژەوەندییاندا بوو بـازاڕە ناوخۆییـەکان لە پێشـکەوتندا بـن و زیـاتر سـەرمایە پاشـەکەوت بکەن و کاری پێویست بۆ چاکسازی زەوی و زار ئەنجام بدرێ.

دیـارە ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ دووفـاقی سروشـتی بۆرجوازییـەت و چەوسـاندنەوەی چینایەتی، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا هیچ کارێکی باشیان ئەنجام نەدا و بە نیوەچڵی هـەنگاوی بۆ دەهاوێژرا.

---

١ نامەیەکی کراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ئابووری وڵات، ساڵی ١٩٦١.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ٦ی ئاياری ١٩٦٣.

دیاریکردنی خاوەن موڵکیەتی دەرەبەگ کە لە عێراق جێبەجێ دەکرا چارەسەری کێشەی کشتوکاڵی نەکرد و ژیان زۆر لەوە زیاتر خوازیاری گۆڕانکاری کشتوکاڵی بوو.

سیاسەتی ناوخۆی حکومەت لەگەڵ چاکسازیی کشتوکاڵ نەگونجاوبوو کە ئەرکە سەرەکییەکەی بریتییە لە لەناوبردنی دەسەڵات و کاریگەریی دەرەبەگایەتی کە کارێکی پێویست بوو، بۆئەوەی جووتیار ڕزگاری بێ لە کۆیلایەتی دەرەبەگ و کۆتایی بە باندە دەرەبەگە تاوانبارەکان بهێنرێت کە بریتین لە بڕبڕەی پشتی کۆنەپەرستان.

لە ڕاستیدا، ئەم کارە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی گەل و ئامانجەکانی شۆڕش کۆتاییهات. لە چەند ناوچەیەکدا بەتایبەتی (هەولێر و مووسڵ) لەو شوێنەی جەماوەر زۆر بە ئاشکرا بە دەست دەرەبەگە خۆفرۆشەکان گیرۆدە ببوو، هیچ جۆرە هەوڵێک بۆ پێشکەوتن نەدرا.

لەگەڵ ئەوەشدا لەجیاتی ئەوەی ئەم باندە دەرەبەگانە لغاو بکرێن، ئەوانەی کە چەندین جووتیاریان کوشتووە و ژن و منداڵیان ترساندووە، دەبینین دەسەڵاتداران جووتیارانیان ڕاوەدودەنا و بەکۆمەڵ دەیانگرتن، زۆر لەوان لەسەر داواکاری خاوەن موڵکەکان دەستگیر دەکران، گومان لەمەدانییە حکومەت لایەنگری دوژمنانی جووتیارانی دەکرد و کاریگەری ئەو دوژمنانە هەر بەردەوام بوو. ئەو ڕاستیە زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کاتێک حکومەت دەرەبەگەکانی پڕچەك کرد، ئەوانەی کە خەڵکی مەدەنییان کوشتووە و ڕێگایان پێ دراوە ئازادانە بەروبومی جووتیارەکان کۆبکەنەوە و بۆ خۆیانی ببەن، کەچی حکومەت جووتیارانی لە بەندیخانە توند دەکرد، ئەگەر دەمانچەیەکیان لێ بگیرایە کە بۆ پارێزگاری لەخۆیان و ماڵیان بەکاریاندەهێنا.

باندە دەرەبەگیەکان بەبێ هیچ بەربەستێک جووتیاریان دەکوشت و تالانیان دەکرد، ئەوەتا لە ناوچەی شەقڵاوە باندێك بە سەرۆکایەتی تاوانبارێك کە بەدەیان جووتیاری کوشتبوو ئەو کارە دزێوانەی ئەنجام دەدا کەچی حکومەت لەم کارە چاوی نوقاندبوو، بەڵام لەهەمان کاتدا هێرشێکی بەرفراونی بەرپا دەکرد، ئەگەر دەرەبەگێك بکوژرابایا. لەو ڕووەوە سکرتێری پ.د.ك، ئیبراهیم ئەحمەد ئەم سیاسەتەی حکومەتی بە کارێکی ئیستفزازی تاوانکارانە لە قەڵەمدا.

ئەم کردارانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە سیاسەتی حکومەتی قاسم بە تەواوی بە ڕێبازی کۆنەپەرستیدا دەڕوات. حکومەت زۆر دڕندانە گشت ئازادییە دیموکراتییەکانی سەرکوت دەکرد.

زەحمەتکێشـان وەڵامـی ئەوەیـان بە خـەبات دایـەوە، لـە عێـراق مـانگرتنی کرێکـارانی پیشەسازی توتن و دواتر مانگرتنی شوفێرانی ئۆتۆمبێل دەستپێکرد.

خاوەن ئۆتۆمبێلەکان مانیـان گـرت، هـۆی مانگرتنەکـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ بەرزبوونـەوەی نرخی بەنزین. حکومەت بە زەبری چەك کۆتـایی بـەو مـانگرتنە هێنـا، ئـەم کـارە سـەردەمی ڕژێمی ڕەشیان بە بیری هاووڵاتیانی عێراق هێنایەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان نـاڕەزایی و بێزاری خۆی دەربڕی سەبارەت بەو کردارە نائاساییە کە حکومەت دژی هاووڵاتیانی ناوچـەی (ئەعزەمییـەی) بەغـدا ئـەنجامی دابـوو، لـەو شـوێنەی کە مـانگرتنی تێـداکرابوو، هـەروەها سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی هاووڵاتیانی مەدەنی کە ڕێپێوانیان دەکرد، بە چـەك وەڵامیـان دانەوە، چونکە بەشداربووانی ڕێپێوانەکە پشتیوانیان لە مانگرتنەکەی شەقامی ڕەشید (شـارع الرشید) دەکرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندنێکیدا دەڵێ: ((پارتی وای بۆ دەچێ کە پابەنـدبوون بە ئەرکی نیشتمانی، حکومەت ناچار دەکات لـەگەڵ مـانگرتووان وتـووێژ دەسـت پێبکـات و داخوازییەکانیان بە هاوسۆزییەوە تەماشا بکات، نەك بەقسەی ناشایستە وەڵامـی مـانگرتووان بداتـەوە و لە بـەهای نیشـتمانی ڕۆڵـەکانی گـەل کـەم بکـاتەوە، ئەوانـەی کە هاوسـۆزی مـانگرتووان بـوون و پشـتیوانیان لـێ کـردوون. حکومـەت دەبێـت ئەوەی لـەیاد نـەچێت کە ئەوەی دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز هاتۆتە سەر دەسـەڵات، ئەو شۆڕشـەی بـۆ ئەوە بەرپـاکرا کۆتایی بەو تـاقمە بۆگـەنە بهێنێـت کە مافـەکانی گـەل و ژیـانی ڕۆڵـەکانی زەوت کردبـوو و خۆپێشاندەران و مانگرتووانیان بەزەبری گوللە و ئاگر سەرکوت دەکرد))[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان سـوور بـوو لەسـەر ئەوەی حکومـەت کۆمیسـیۆنێکی تایبـەت پێکبهێنـێ و لـەو کۆمیسـیۆنەدا نوێنـەرانی پـارت و سـەندیکاکان لـە ڕێگـای پارێزەرانـەوە ڕووداوەکــان، واتە ئەو کێشــانە ببیــنن کە لەکــاتی مانگرتنەکــەدا ڕوویانــدابوو، لــەگەڵ پێشـێلکردنی یاسـا کە تایبـەت بـوو بە دانیشـتووانی بەغـدا و لەو ڕاگەیاندنـەی (پ.د.ك)دا هاتووە، (پێویستە ئەو کەسانە دەستنیشان بکـرێن کە بەکوشـتنی چەنـدین کـەس تاوانبـارن، بۆئەوەی خوێنی گەل بەفیرۆ نەڕوات و بۆئەوەی ڕێز لە یاسا بگیرێـت و تۆمەتبـاران بـدرێنە دادگا و سزای خۆیان وەربگرن لە بەرامبەر ئەو تاوان و زەبر و زۆرەی ئەنجامیان داوە)[2].

---

١ نامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ حکومەت، سەبارەت بە بـارودۆخی وڵات، سـاڵی ١٩٦١، ئەرشـیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.
٢ هەمان سەرچاوە.

لەکاتی خۆیدا قاسم کە چاوی بە ڕۆژنامەنووسان کەوت پێی گوتن ئەوان دەبێت داوای ئازادی چاپەمەنی زیاتر بکەن، هەروەها ڕایگەیاند، (چاپەمەنی لە وڵاتەکەمان ئازاد دەبێت هەروەك چۆن هەموو ئازادیەکان فراوان دەکرێن).

لە وتەکانیدا کە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی کراوە سەبارەت بە دامەزراندنی سەندیکانی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٥٩، قاسم چاپەمەنی بە (جەنگاوەر)ێك ناودەبات کە خەبات دەکات بۆ گەل و خێروخۆشی وڵات.

لە ڕاستیدا چەندین ڕۆژنامە داخران و حکومەت کۆسپ و تەگەرەی لە بەردەم ئازادی چاپەمەنی دانا، زۆر بە دەگمەن ڕۆژنامەیەکی نیشتمانی دیموکراتی بەرچاو دەکەوت خاوەنەکەی یان سەرنووسەرەکەی بەند نەکرابێت و نەچووبێتە بەندیخانەوە کە زۆربەیان بەبێ دادگاییکردن بووە. ئێمە واتە (پارتی) ڕایدەگەینین، گرتن و ڕاوەدونان و قەدەغەکردنی دەرکردنی ڕۆژنامە، ڕۆژنامەکانی گشت باڵەکان، ڕاست و چەپ و سەر بە پارتێك بێت یانا، ئەوە کارێکی تراژیدیە و هەموو چاپەمەنییەکان دەگرێتەوە، بۆیە بە دادپەروەرییەوە داوا دەکەین ڕابگیرێت، (ئەو هەڵمەتە دژە، هەروەك لە بڕیاری کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك هاتووە، ئاراستەکراوە بۆ لەناوبردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری نیشتمانی و پێشێلکردنی چاپەمەنی و هەوڵدان بۆ بێدەنگ کردنی دەنگی گەل کە ڕاستیەکانیان دەخاتە ڕوو)[١].

لە هەمانکاتدا، حکومەت ئازادی تەواوی بۆ ڕۆژنامەی کۆنەپەرستان دەستەبەر کرد کە لای گەل ئێستا و ڕابردوویان ئاشکرایە و کاریان ئاراستەکردنی قسەی ناشرینە بۆ هاووڵاتیان و لەکەدارکردنی بەهای نیشتمانپەروەرانی عێراق و درۆ هەڵبەستن بۆ وڵاتانی دۆست، بەتایبەتی وڵاتی کەمپی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەت. لەگەڵ ڕوودانی وەها بارودۆخێك لە وڵات، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ باسکردنی چەندین کرداری پراکتیکی سیاسی و ئابووری کە ئاراستەی چەسپاندنی سەرەتایەکی دیموکراتی لە کۆماری عێراق کرابوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی زۆربەی گەلدا دەگونجا، نامەیەکی کراوەی ئاراستەی حکومەت کرد.

لەو نامەیەدا چەند داواکارییەک ئاراستەی دەوڵەت کرابوون:

بەپەلە کۆتایی بەقۆناغی گواستنەوە بهێنرێت و نەهێشتنی ئیدارات و بارودۆخی نائاسایی. دەستەبەرکردنی ئازادییە دیموکراتییەکان بۆ گەل وەك: ئازادی پێکهێنانی ڕێکخراوی حزبی و

١ کۆبوونەوەی فراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سه‌ندیكا و كۆمه‌ڵگایه‌كی خاوه‌ن ڕۆژنامه‌گه‌ری ئازاد، گۆڕینی سزاكانی داخستنی ڕۆژنامـه‌كان و داخستنی ده‌رچوونی ڕۆژنامه به‌شێوه‌یه‌كی كاتی.

به‌پـه‌له گشـت به‌نـدكراوه‌كان و دوورخراوه‌كـان، به‌تایبـه‌ت به‌نـدكراوان له‌سـه‌ر چـالاكی ڕامیاری، ئازاد بكرێن.

په‌یڕه‌وكردنی سیاسه‌تی دیموكراتیانه له ژیانی پارتایـه‌تی و سـه‌ندیكاییدا و كۆتاییهێنـان بـه ڕاوه‌دوونانی بـه‌رده‌وام و چه‌وسـاندنه‌وه دژی پـارته نه‌ته‌وه‌ییـه‌كان (له‌وانه پـارتی دیمـوكراتی كوردستان) و ده‌سته‌به‌ركردنی گۆڕه‌پانێكی فراوان بۆ چالاكییه‌كانیان.

كۆتاییهێنـان بـه‌و سیاسـه‌ته زیانبه‌خشـه هه‌ڵه‌یـه‌ی دژی نه‌تـه‌وه‌ی كـورد ئاراسـته‌كراوه و ڕێزگرتن له مافه نه‌ته‌وه‌ییه‌كانی و وازهێنان له سیاسه‌تی فراوانكردن و پشتگیریكردنی دارایی و دابینكردنی چه‌ك بۆ دوژمنان و هه‌روه‌ها كاراكردنی به‌ندی (٣)ی ده‌ستوور و گرنگیدان بـه به‌شی فێركردن له كوردستان كه به فاكته‌رێكی سه‌ره‌كی ژیانی كۆمه‌ڵگای كـوردی داده‌نـرێ و ده‌سته‌به‌ركردنی ئه‌گه‌ری سوودوه‌رگرتنی گه‌لی كورد له مافه نه‌ته‌وه‌ییـه‌كانی، له‌وانه ئیـداری و كلتـووری، هـه‌روه‌ها دامه‌زرانـدنی ژێرخـانی پیشه‌سـازی و سیسـته‌مێكی ئـاودێری بـۆ پێشكه‌وتنی كوردستان.

ئه‌نجامدانی سیاسه‌تی شۆڕشگێڕی زانستی له پرۆسه‌ی چاكسازی زه‌وی و ڕێزگرتن له مـاف و ئازادی جووتیـاران و بـه‌هێزكردنی كۆمه‌ڵگاكـه‌یان و كۆتاییهێنـان به سیاسـه‌تی ده‌ركـردن و ده‌ستگیركردن و دوورخسـتنه‌وه‌ی جووتیـاران و كۆتاییهێنـان بـه سیاسـه‌تی پشـتگیریكردن له ده‌ره‌به‌گه خائینه‌كان.

دانانی سیاسه‌تێكی ڕاست و دروستی ئابووری، به ڕاوێژكـردن لـه‌گه‌ڵ پارتـه‌كان و یـه‌كێتیه پیشه‌سازییه‌كان و ژووری بازرگانی و پسپۆره خۆماڵییه‌كان و دۆسته بیانییه‌كان.

كۆتاییهێنـــان به سیاســـه‌تی لـــه‌خۆباییبوون و ســـه‌رفكردن و بـــه‌فیرۆدان و وازهێنـــان له ئه‌نجامدانی پرۆژه‌ی (گۆڕه‌پان و شه‌قامه‌كان) كه بۆ ئه‌وكاته پێویست نین.

پێكهێنانی لێژنه‌یه‌ك له نوێنه‌رانی پارت و ڕێكخـراوه مللییـه‌كان و نوێنـه‌ری حكومـه‌ت بـۆ دارشتنی پرۆژه‌یه‌ك بۆ ده‌ستووری هه‌میشه‌یی و پرۆژه‌ی یاسـای هـه‌ڵبژاردن له كۆبوونـه‌وه‌ی ئاساییدا وه‌ك ئه‌نجامدانی كاری پێویست و پێشوه‌خته بۆ به‌ڕێوه‌چوونی هه‌ڵبژاردنێكی پاك.

دامه‌زراندنی ئه‌نجومه‌نێكی ڕاوێژكاری بۆ ئه‌و ماوه‌یه، تا هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی ده‌وڵه‌تی ئه‌نجام ده‌درێت، بۆئه‌وه‌ی ئه‌و ئه‌نجومه‌نه له نوێنـه‌رانی گشـت پـارت و ڕێكخـراوی یـه‌كێتی

گشتی سەندیکاکانی کرێکاران و یەکێتی کۆمەڵەی جووتیاران و کەسایەتییە نیشتمانییەکان پێکبهێنرێت بۆ چاودێری هەڵبژاردن، تا گەرەنتی هەڵبژاردنێکی شەریفانە و ئازادانە بکات.

دامەزراندنی کۆمیسیۆنێك بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان لە وڵات لەکاتی مانگرتنەکان و دەستنیشانکردنی ئەو کەسانەی تاوانیان ئەنجام داوە، بدرێنە دادگا، بۆئەوەی سزای خۆیان بەرامبەر ئەو کوشتن و زوڵم و زۆرەی دژبە هاووڵاتیان ئەنجامیان داوە، وەربگرن.

دانانی یاسای هەمیشەیی ئابووری لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی دامەزراندن دوای تاوتوێکردنی لەلایەن ئەنجومەنی دامەزراندنەوە[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، بە بۆچوونی ئەو، بەردەوامبوونی قۆناغی (بارودۆخی نائاسایی) و (دەسەڵاتی تاکڕەوی)، کۆسپی سەرەکییە لە بەردەم پێشکەوتنی عێراق و پێشخستنی، هەروەك لە پێشەکی دەستووری کاتیدا هاتووە کە قۆناغی گواستنەوە کاتێك دەستووری کاتی کاری پێناکرێت و کار بە دەستووری هەمیشەیی دەکرێت، کۆتایی پێدێت.

گەلی عێراق لەمێژە چاوەڕوانی کۆتاییهاتنی قۆناغی گواستنەوە و نەمانی بارودۆخی نائاسایی دەکرد، بەتایبەت دوای ئەوەی هیچ پاساوێکی نەما. هەروەها چاوەڕوانی گەڕانەوەی ژیانێکی ئاسایی دەکات لە سایەی دەستووری هەمیشەیی، لەگەڵ زامنی ئیدارەیەکی ڕاست و دیموکراتیانە بۆ گەل، ئازادی دیموکراتی، ئاسایش و هێمنی و عەدالەت، کار و خزمەتگوزاری بۆئەوەی ئەم وڵاتە بگاتە ئاستی وڵاتانی شارستانی کە عێراق بەهۆی دەسەڵاتی هێزی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆییەوە لێیان دواکەوتبوو، تەنانەت ناوەندەکانی دەسەڵاتیش هەستیان بەوە کردبوو کە پێویستە بەخێرایی کۆتایی بەقۆناغی گواستنەوە بهێنرێت.

خودی قاسم لە ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٩ بەڵێنیدا: "من وا دەکەم قۆناغی گواستنەوە زۆر کورت بێت"، بەڵام بۆ بەجێهێنانی بەڵێنەکەی، هیچی نەکرد.

لە هەلومەرج و بارودۆخی نائاساییدا، نەدەکرا گشت ئامانجەکانی گەل بەدی بهێنرێن و باسی ئەوە نەبوو کە لە قۆناغی گواستنەوە و بارودۆخی نائاساییدا دەسەڵاتی یاساکانی نەك بۆ بەرژەوەندی گەل، بەڵکو بۆ شەڕی دژە ئازادی و دیموکراتی ئەوان و زوڵم و زۆری دژبە

---

١ نامەیەکی کراوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بە زیانەکانی سیاسەتی حکومەت بەسەر گەلی کوردەوە، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

پارتە نیشتمانییەکان و ڕێکخراوە جەماوەری و سەندیکا و ڕۆژنامە نیشتمانییەکان بەکار دەهێنا، لەلایەکی ترەوە نەمانی قۆناغی گواستنەوە و گۆڕینی باری نائاسایی، دەبووە فشارێك بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی گەل، ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ سەقامگیری بارودۆخ و بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل و دووبارە یەکخستنەوەی ڕیزی بەرەی ناوخۆ.

بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە سەبارەت بەوەی کە قۆناغی گواستنەوە کورتترین قۆناغی مێژوو دەبێت، قاسم ڕایگەیاند: "من داوام لە ئامادەبووان کرد، پارتەکان کار و چالاکییەکانیان لە قۆناغی گواستنەوەدا ڕابگرن، من وا دەکەم ئەم قۆناغە زۆر کورت بێت و پاشان من خۆم داوا لە پارتەکان دەکەم دەست بە کارەکانیان بکەنەوە و بەشێوەیەکی چالاك و بە گوڕوتینەوە بۆچونەکانیان بڵاوبکەنەوە و چۆن بەباشی دادەنێن، ئاوا بەردەوام بن.

لەماوەی قۆناغی گواستنەوەدا من خزمەتیان دەکەم و ئەو ئامانجانە بەدی دێت کە من هەوڵی بۆ دەدەم، دوای قۆناغی گواستنەوە، پارتەکان هەموویان دێنە دامەزراندن"، واتە وەك دیارە قاسم وای بیردەکردەوە پارتەکان لەکۆتایی قۆناغی گواستنەوەدا پەیدا بن، بەڵام کارێکی لەو شێوەیە ڕووی نەدا.

تەنانەت هەنگاوێکی سەرەتاییش نەنرا کە نیازپاکی قاسم نیشان بدات بۆ کۆتاییهێنان بەقۆناغی گواستنەوە، بۆ نموونە دامەزراندنی کۆمیسیۆن بۆ داڕشتنی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی، یان کۆمیسیۆنی ئامادەکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزراندن.

دەبووایە بزانرابا کە نووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی نابێت و ناکرێت بەنهێنی ئەنجام بدرێت و لە گەل بشاردرێتەوە. گشت هێزە نیشتمانییە دیموکراتییەکان پێکەوە و یەك هەڵوێست بوون لە چارەسەرکردنی داڕشتنی پرۆژەی دەستووری هەمیشەیی، خودی قاسم چەند جارێك لە وتەکانی ئاماژەی بەوەدا کە دەستووری هەمیشەیی پێویستە و دەست بە ئامادەکردنی کراوە، هەروەها قاسم لە وتەکانی، لە سێیەم کۆنفرانسی پیشەسازانی عێراق، لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ بەو بۆنەیەوە (کۆنفرانس کە بیرۆکە و بۆچوونی خەڵکانی هوشیاری لەخۆ گرتبوو) گوتی: "ئێمە هەنگاوی هێواش و یەکسان دەهاوێژین، تا ئەوکاتەی دەستوور و ئەنجومەنی نەتەوەیی و ئازادی نیشتمان و نەتەوەکەمان دێتەدیٚ".

دواتر ئەوەشی ڕاگەیاند: "کاتی دەستنیشانکراو بۆ دەستووری هەمیشەیی، لەکاتی دیاریکراو بەگەل ڕادەگەیەنین، ئێمە ئێستا ئەوە دەزانین، بەڵام من ئارامی و سەقامگیریم دەوێت"، لە وتەیەکیدا بەبۆنەی جەژنی سوپاوە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ جارێکی تر گەڕایەوە سەر بابەتی دەستوور و کاتی بەڕێوەچوونی و گوتی: "گومان لەوەدانییە کە ئەو

وادەیە دوور نییە"، لە وەڵامی پرسیاری پەیامنێری رۆژنامەیەکی لوبنانی (الجريدة) رۆژی ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٦١ سەبارەت بەو وادەیەی بە پێویست دەزانرێت بۆ دەستوور، قاسم بۆچوونێکی دیموکراتیانەی سەبارەت بە مافەکانی گەل دەربڕی، بەڵام بۆ ئەو پرسیارەی لێی کرابوو هیچ وەڵامێکی نەبوو.

ئەو گوتی: "ئەوە بە ئامانج دەگات کاتێك گەل ببێتە سەرچاوەی دەسەڵات. یاسا، دەسەڵات، هەڵسوڕاندنی گشت کاروبارەکان و بڕیاری تەواوی گشت کێشە گرنگەکانی لەدەستدا بێت کە پەیوەستن بە چارەنووس و دواڕۆژی گونجاو بێت لەگەڵ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی دەستوورەکە، ئەو مافی تەواوی ئەوەی هەیە بزانێت، هەروەها هێڵی گشتی دواڕۆژی خۆی دیاری بکات. مەحاڵە بە نەشارەزایی دەسەڵات بگرینە دەست، چونکە ئەو شێوازە هەڵەیە و دژبە دوژمن بەکاردەهێنرێت، نەك بەرامبەر بە گەل"، واتە دوژمن لێرەدا سوودمەند دەبێت.

لەبەر ئەوە حکومەتی قاسم سەبارەت بە دەستووری هەمیشەیی هیچ هەنگاوێکی نەهاوێشت.

کەمتەرخەمی لە بابەتی دەستووری هەمیشەیی، نائارامییەکی یاسایی لای گەلی عێراق دروستکرد، بەوپێیەی بایەخدان بە چارەنووسی ئەو سیستەمە دیموکراتییەی گەل بۆ خۆی هەڵیبژاردبوو و یەکێك بووە لە ئامانجە هەرە گرنگەکانی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشی ١٤ی تەمووزیشی هەر لەو پێناوە هەڵگیرساندبوو.

بوونی بەڕێوەبردنی نائاسایی لە وڵات، بووە هۆی پێویستی پارێزگاریکردن لە دەستکەوتەکانی گەل لە مەترسی ناوخۆیی و دەرەکی و پوچەڵکردنەوەی پلانەکانی دوژمن و چالاکییەکانی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و پیاوان و پاشماوەکانی ڕژێمی پێشوو.

لەگەڵ ئەوەشدا یەك بۆچوون هەبوو سەبارەت بەو بارودۆخەی لە وڵات دروستببوو، ئەویش ئەوە بوو هەموو کەس بڕوای بەو ڕاستییە هەیە کە ئەو ئیدارە نائاساییە خزمەتی دوژمنانی گەل و شۆڕش دەکات.

کارەکتەرەکانی ڕژێمی پێشوو چ لە ناوەوەی عێراق و چ لە دەرەوە ئازاد دەژیان و دەستی بەڕێوەبەرایەتییە نائاساییەکە بەهیچ شێوەیەك نەدەگەیشتە خائینان و کلکەکانی ڕژێمی لەناوچوو و پاشماوەکانی ڕژێمی پاشایەتی. نیشتمانپەروەرە دڵسۆزەکان کە ئیمپریالیزمیان هێنابووە لەرزین و زیندانەکانی پاشایەتیان پێ پڕکرابوو و ببوونە ئامانجی تیرۆری ئیمپریالیزم، چاپەمەنییە نەتەوەییەکان و مافە زەوتکراوەکانیان لە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و

هەروەها ئەو پارتانەی خەباتیان دەکرد دژی ئیمپریالیزم و ڕژێمی پاشایەتی و کۆماری عێراقیان چەسپاند و سەقامگیریانکرد، دواترش هەلومەرجیان بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆمارە ڕەخساند، ئەمانە هەمووی بوونە قوربانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە نائاساییە.

یەك کەسی بەشەڕەف نەبوو لە وڵاتدا ئەو ڕاستییە نەزانێت کە بەڕێوەبردنی نائاسایی دژی قارەمانانی شۆڕش و پارێزەرانی کاری نەکردبێت و بۆ دانانی سنوورێك بۆ ئازادییە دیموکراتییە کەسیەتی و گشتییەکان هەوڵی نەدابێت و بۆ داماڵینی مافەکانی گەل و پارتەکان و سەندیکا و ڕێکخراوەکان هەنگاوی نەهاوێشبێت، هەروەها بەجدی کاری بۆ سەرکوتکردنی مانگرتووەکانی گەل نەکردبێت.

ژمارەی دەستگیرکراو و دوورخراوە و ئەشکەنجەدراوانی خەڵکانی بەشەڕەف و نیشتمانپەروەر گەیشتبووە ئەو ئاستەی کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق وێنەی نەبووە. هاووڵاتی عێراقی بەبێ هیچ هۆیەك دەستگیر دەکرا، هەروەك چۆن لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان ئەنجام دەدرا.

بەوشێوەیە بەڕێوەبەرایەتی نائاسایی، ئەو متمانەیەی پێشتر هەیبوو لەدەستیدا و دژی گەل وەستایەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بێ ماندووبوون خەباتی دەکرد، بۆئەوەی گەلی کورد مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوو و لەژێر سایەی کۆمارێکی دیموکراتی ئازاد بەدەست بهێنێ و چەندین جار حکومەتی ئاگادار کردووەتەوە لە ئاسەوارە پڕ مەترسیەکانی ئەم سیاسەتە و کاریگەرییە زیانبەخشەکەی لەسەر بنەماکانی یەکێتی نەتەوەیی، بەڵام حکومەتی قاسم نەك هەر ئەو داواکارییەی پارتی دیموکراتی پشتگوێ خست، بەڵکو سادەترین دانوستاندنی ڕەت کردەوە لەگەڵ شاندی ئەو پارتە کە لەوانە بوو بارودۆخی ڕاستەقینەی کوردستانی بۆ شیتەڵ بکردبا، هەر لەو کاتەدا قاسم چاوی بەچەندین شاندی دەرەبەگەکانی کوردی و عەرەبی وەك مەحمود خەلیفە، سدیق میران، ڕەشید لۆلان و چەندانی تر کەوت کە خیانەتەکانیان دیار و ئاشکرا بوون.

حکومەتی قاسم نەیدەویست گوێی لە سکاڵاکانی گەل لەسەر بێکاری، برسێتی، زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، نەتەوایەتی بێ. لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی چەوتی بەرامبەر گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی و لەجیاتی گەڕانەوەی بۆ سەر ڕێگای ڕاست و ڕێگای بەجێهێنانی خواستی گەل و ڕێگای پشتبەستن بە گەل، قاسم دەستی کرد بە

پەیڕەوکردنی سیاسەتی دژە گەل، بەتایبەت ئەوکاتەی گەل داخوازی مافە دیموکراتییەکان و بەجێهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشی دەکرد.

"حکومەت بەشێوەیەک کاردەکات، وەك ئەوەی بڵێت شۆڕش ئەو مافەی پێی دەڵێن داگیرکردن بەوەی بەخشیوە، ئەو مافەی بە داگیرکەران دەدرێت بۆ زەوتکردنی موڵك و ماڵی گەلی خەباتگێڕ و ژیانیان، وەك بڵێی ئەو بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە خەڵکی تەنیا ڕقیان لە ناوی (نوری سەعید و عەبدولئیلا) دەبووەوە، یان خەباتی سەختی چل ساڵەی گەل تەنیا بۆ گۆڕینی دەسەڵاتدارێك بوو بە دەسەڵاتدارێکی تر کە بەشێویەکی تاکڕەوی ڕەفتار لەگەڵ موڵك و ئازادی و ژیانی گەلدا بکات"[1].

لە ڕووی سیاسەتی ئابوورییەوە، حکومەتی قاسم دەستی کرد بە فراوانکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستەکان و کۆنترۆڵ لەسەر چالاکییەکانی مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستەکان لاوازکرا. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠، یاسایەکی تایبەت دەرچوو، بەپێی ئەو یاسایە زامنی سەرمایەی بیانی دەکرێت، بەو ئیمتیازەی قازانج بەشێوەیەکی ئازاد بگوازرێتەوە.

ئەمە وایکرد شاڵاوی سەرمایەی بیانی لە بواری پیشەسازییەوە ڕووبکاتە عێراق و چالاکانە سەرمایەی مۆنۆپۆڵییەکانی وڵاتانی ئینگلتەرا و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئەڵمانیای فیدراڵ لە عێراق بکەوێتە گەڕ.

کۆمپانیای ئینگلیزی (کلۆراید و کۆ) بۆ دانانی کارگەی دروستکردنی پاتری کارەبایی، (پۆست) و ڕادیۆی کارەبایی و ئامێری گەرمکەرەوە ڕەزامەندی لە قاسم وەرگرت. کۆمپانیای ئەمریکی (جەنەڕاڵ ئەلکتریك) ڕەزامەندی لە حکومەتی قاسم وەرگرت، تا لە عێراق کارگەی دروستکردنی پانکەی کارەبایی دابنێت، کۆمپانیای ئەڵمانیای ڕۆژئاوای پێشوو، واتە ئەڵمانیای فیدراڵی ئێستا گرێبەستێکی بۆ دروستکردنی کارگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی کەرەستەی خانوو مۆرکرد. لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢، گرووپی پیشەسازی عێراقی چەندین وتووێژی لەگەڵ مۆنۆپۆڵە ئەمریکیەکان سەبارەت بە بەشداریکردنیان لە پیشەسازی بیناسازی لە عێراق ئەنجامدا، لە ئاکامی ئەم وتووێژانە کۆمپانیای ئەمریکی (پارکۆتر) پێشنیاری کرد کارگەی شەکر لە (عەمارە) دروست بکات و کۆمپانیای (کرایسلەر) کارگەی بەستنەوەی ئۆتۆمبێل دابمەزرێنێ.

---

١ بڕیارەکانی کۆبوونەوەی فراوانی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦١، ئەرشیفی پارتی دیموکراتی کوردستان.

کۆمپانیاکانی تری ئەمریکی خۆبەخشانە هەوڵیاندا دامەزراوەی دروستکردنی ئۆتۆمبێل و پیشەسازی کیمیاوی و هەروەها کارگەی دروستکردنی تراکتۆر بنیات بنێن[1].

لە سەرەتای ساڵی ١٩٦١ لە کوردستانی عێراق، بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز هاتە ئاراوە کە هۆیەکەی لە لایەکەوە جموجۆڵی بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم و لە لایەکی ترەوە هەڵوێستی کۆنەپەرستی ناوخۆی حکومەتەکەی قاسم بوو. حکومەت داخوازییەکانی گەورە خاوەن موڵکەکانی بەجێهێنا کە بەکرێگیراوانی (سەنتۆ) بوون و پرچەك و پارەی کردن و گەورەترین کۆنەپەرست پۆستی گرنگی لە کوردستان پێ بەخشرا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتە کۆنەپەرستانەکەی. هەر لەوکاتەدا بە ئاشکرا هێرشی چەکداری کرایە سەر بارزانییەکان کە قارەمانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد مستەفا بارزانی سەرۆکیان بوو، زۆر چالاکانە خەباتیان دژی ڕژێمی پاشایەتی و ئیمپریالیزمی ئینگلیزی لە عێراق دەکرد لەپێناو یەکسانی و مافی نەتەوەی کورد، پارتی دیموکراتی کوردستان داوای کۆتاییهێنانی سیاسەتی تیرۆر و ئیستفزازیی کرد کە دژبە پارتی و بە گشتی دژبە نەتەوەی کورد ئەنجام دەدرا.

لە وەڵامی ئەو ئیستفزازانە، پارتی دیموکراتی کوردستان نامەیەکی ئاراستەی قاسم کرد و تێیدا ئاماژەی بە پاشگەزبوونەوەی حکومەت کرد لە ئامانج و بەڵێنە سەرەتاییەکانی خۆی و هەروەها ئاماژەی بەو گۆڕانکارییە کرد کە لە ساڵانی دوایی لە سیاسەتەکەیدا هاتبوونە ئاراوە.

لە یادداشتێکدا هاتووە، گەلی کورد چالاکانە لە یەکەم ساتی ڕاگەیاندنیدا بەشداری لە شۆڕش کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان گشت توانای خۆی خستبووە خزمەتی سەرکردایەتی شۆڕش و خۆیشی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە بەدیارخستنی و تێکشکاندنی پیلانەکانی ئیمپریالیزم. گەلی کورد ئاواتەخوازبوو شۆڕش لاپەڕەیەکی نوێ بکاتەوە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی برا لەسەر بنەمای یەکسانی تەواو، ئازادی، دیموکراتی، ئاشتی و پێکەوەژیان بۆ گەیشتن بەگشت ئامانجە نەتەوەییە ڕەواکان کە هەردووکیان هەوڵی بۆ دەدەن لەپێناو دۆستایەتی ناوخۆیی و عێراقێکی فیدراڵ.

لە ڕوانگەی ڕەسەنایەتیی هەوڵی گەلەوە، پارتی دیموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە ئەو دروشمانەی بەرزکردبووەوە کە بانگەشەی بۆ چەسپاندنی برایەتی کورد و عەرەب دەکرد

١ گۆڤاری "بیکی"، بڵاوکراوەی ژمارە ٩، ساڵی ١٩٦٣، ل ل ١٣-١٥.

لە کۆمـاری دیمـوکراتی کـورد و عەرەبـدا و بانگەشـەی بـۆ خـەبات دژبە دابەشـبوون و جوداخوازی دەکرد.

گەلی کورد چاوەڕوانی پـەیڕەوکردنی پرەنسـیپی هاوکـاری هەردوو گەلی کـورد و عـەرەبی بوو، لەگەڵ دانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد کە لە دەستوری کۆماری عێراقیدا هاتووە.

گەلی کورد خوازیاری ئەوەیە، جێبەجێ کردنی بڕگەکانی ئەو بەندە، ببێتە ڕاسـتی و تەواوی سێکتەرە جیا جیاکانی ژیانی کۆمەڵگای کوردستانی لە نزیکترین کات بگرێتەوە.

ڕاستە گەلی کورد بۆ ماوەی سـاڵ و نیوێـك سـوودی لەو مـافە دیموکراتییـانە وەرگـرت کە شۆڕش بەگشت گەلی عێراقی بەخشیبوو، بەڵام لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٦٠ەوە کـورد هەسـتی بەوەکرد مافە نەتەوەییەکانی سەر لەنوێ لێ زەوت دەکرێنـەوە. بەڵگـەش بـۆ ئـەمە، ئەوەیە کە حکومەتی عێراق چەندین ڕەفتاری دژبە گەلی کورد ئەنجام داوە.

حکومەتی عێراق لە ڕاستیدا بەندی سێیەمی دەستووری عێراقی جێبەجێ نەکـرد کە تێیـدا هـاتووە کـورد و عـەرەب لە بـەردەم یاسـا یەکسـانن، سـەرۆك حکومەتـەکانی عێـراق لە وتەکانیان نکۆڵیان دەکـرد کە ئەم کۆمـارە، کۆمـاری کـورد و عـەرەبە و عێراقیـان بە کۆمـاری عەرەبی ناودەبرد و کوردیان بە باکووری عەرەبی دادەنا.

حکومەت سوربوو لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی بەشی کاروباری پەروەردەی کـوردی و گۆڕینی بۆ ئەڵقەیـەکی پەیوەنـدی نێـوان وەزارەتـی پـەروەردەی عێـراق و بەشـی کاروبـاری پەروەردە لە پارێزگای سلێمانی و هەولێر، هەروەها لە کـورد قەدەغـەکرا بـە زمـانی زگماکـی خۆیان لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییـەکان بخـوێنن کە بەڕواڵـەت لـە دەسـتووردا باسـی لێوەکراوە، هـەروەها قەدەغـەکردنی بـەکارهێنانی زمـانی کـوردی وەك زمـانێکی فەرمـی لـە دامەزراوە حکومییەکانی پارێزگا کوردییەکان. بۆ وەبیرهێنانەوە حکومەتـەکانی پێشـوو مـافی بەکارهێنانی زمانی زگماکی خۆیان واتە زمانی کوردی قەدەغە نەکردبوو.

بەتەواوی کورد لە دامودەزگاکانی بەڕێوەبردن دووردەخرانەوە و لە کوردستان زۆر بەکەمی کورد لە پۆستی بەڕێوەبردنی نوێ دادەمەزرا و دابەزاندنیان لە پلەی بەرزەوە بۆ فەرمانبـەری ئاسـایی و دەسـتکرا بە گواسـتنەوەی بەکۆمـەڵی فەرمانبـەرانی کـورد لە کوردسـتانەوە بـۆ باشووری عێراق.

حکومەت ڕێگری لە دابەشکردنی داهات بۆ دامەزراوە پیشەسازی، کشتوکاڵییەکان و شانۆگەری و چەندین دامەزراوەی تر کرد کە سوودیان لێ وەردەگیرا بۆ پێشخستنی ئابووری و کەلتوری لە پارێزگا کوردییەکان.

لە پارێزگا کوردییەکان زیاتر لە٩٠٪ دەزگاکان بریتی بوون لە دەزگای کۆن و پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەبوو، بەڵام چاك نەدەکرانەوە، جگەلەوەش حکومەت چەندین دامەزراوەی گرنگی داخست وەك: کارگەی شەکر لە سلێمانی و گواستنەوەی کەرەستەی کارگەی گۆرەوی درێژ و جلی سەرەوە بۆ پارێزگایەکی تر لە دەرەوەی سلێمانی.

حکومەت گیروگرفتی دروست دەکرد بۆ وەرگرتنی قوتابیانی کورد لە کۆلێژەکان بەتایبەت لە کۆلێژی سەربازی.

سەرکردایەتی کاری ئەوەی ڕاگرتبوو، پلەی ئەفسەرانی کورد بەرز بکرێتەوە بۆ پلەیەکی نوێ.

ڕەفتاری نادادپەروەرانەیان لەگەڵ ئەفسەرە کوردەکان دەکرد و خانەنشینیان دەکردن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی ئەفسەری کورد لە سوپا، سەبارەت بە پلەکانی تر حکومەت شێوازێکی تری گرتەبەر بۆ ئەم مەبەستە، حکومەت نەیتوانی و نەیدەویست واز لە بەکارهێنانی کورد لە سوپا وەك سەرباز بهێنێ، بەڵام لەهەمانکاتدا لێیان دەترسا، هەر لەبەر ئەوەبوو ناوەندی مەشقی سەربازی کوردەکانی لە ناوچەی باشوور پێکهێنا و عەرەبەکانیشی هێنایە کوردستان.

ئەوەبوو نەخشە و پلانی نیشتەجێکردنی سەربازەکان لە سەربازگەکان و حکومەت بەم کارە دڵنیا بوو لە سیاسەتی خۆی بەوەی نەتەوەیەك بکات بەگژ نەتەوەیەکی تردا. حکومەت دوژمنایەتی لە نێوانیاندا دەخوڵقاند و بۆ حکومەت بەم شێوەیە ئاسانتر بوو سەربازەکان بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕین و مانگرتنەکان بەکاربهێنێت. حکومەتی قاسم هانی خاوەن موڵکەکانی سەر بە ئیمپریالیست دەدا. ئەو خاوەن موڵکانەی هی سەردەمی نوری سەعید و عەبدولئیلا بوون بە چەك و پارە هاوکاریان دەکرا و دژبە گەلی کورد بەکاردەهێنران.

حکومەت دەستی کرد بەزیادکردنی موچەی ئەو فەرمانبەرانەی دژی کورد و بۆچوونە ڕاستەکانی کوردە بەشەرەفەکان بوون. نموونەی بەرچاو بۆ ئەم ڕەفتارە بەرزکردنەوەی پلەی مقەدەمی یەکەمی سەربازی ڕواندز کە کرا بە فەرمانەدەی ناوچەی سەربازی مووسڵ، لەکاتێکدا ناوبرا بەوە ناسرابوو کە بەئاشکرا دژایەتی گشت کوردستانی کردووە، هەروەها حکومەت کاری ئەمنی لە ڕێگەی لێپرسراوی پۆلیسی ناوچەی مووسڵ و چەندین فەرمانبەرانی کۆنەپەرست فراوانترکرد. بێگومان ئەو کردارانە پێشێلکردنی یاسا بوون و دژی

ئامانجەکانی گەل و شۆڕشی ١٤ی تەمووز بوون و ڕق و کینەی لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلی کورد و حکومەتدا قووڵتر کردەوە.

هەموو ئەمانە و چەندین کاری شۆڤێنی تر کراوە لەپێناو ئەوەی ڕق و کینە لە نێوان کورد و عەرەب زیاد ببێ. حکومەتی قاسم لەجیاتی ئەوەی ئەو ڕەفتارە شۆڤێنیستانە سەرکوت بکات، کەچی خۆی دەستی کرد بە ڕاوەدونانی پارتی دیموکراتی کوردستان و چاپەمەنییە دیموکراتییە کوردییەکان.

ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بە زمانی کوردی دەردەچوون وەك: (خەبات)، (کوردستان)، (ئازادی)، (دەنگی کوردستان)، (ڕاستی)، (هەتاو) و چەندانی تر داخران، لەکاتێکدا حکومەت هەڵوێستی باشی هەبوو بەرامبەر ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی داوای تواندنەوەی گەلی کوردیان دەکرد و نکۆڵیان لە مافەکانی نەتەوەی کورد دەکرد و پروپاگەندەی شۆڤێنیستیان بڵاودەکردەوە.

لە ڕۆژنامە و گوتاری گەوەرە بەرپرسانی دەوڵەتی عەرەب، بەردەوام بە تانە و تەشەرەوە باسیان لە هەستی نەتەوایەتی و بەهای نەتەوایەتی گەلی کورد و خەباتە شۆڕشگێڕییەکەی دەکرا.

حکومەت دەستیکرد بە دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی نیشتمانپەروەرانی کورد، بەتایبەتی مامۆستایان کە لە ئەنجامدا چەندین قوتابخانە داخران، بۆ نموونە ئەمە لە شاری ئامێدی ئەنجامدرا. تەنانەت لە ئازادکردنی دەستگیرکراوان و بەندکراوەکانیشدا جیاوازی نەژادی دەکرا.

حکومەتی قاسم خۆی لەو کارە تیرۆریستیانەی دژی کورد ئەنجام دەدرا بێدەنگ کردبوو، نەک هەر ئەوە بگرە فراوانتریشی کرد، تا وایلێهات بە ئاشکرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکانی حکومەتەوە دژبە گەلی کورد باس لەو سیاسەتە دوژمنکارییە دەکرا، کە بڕواپێکراو و ڕزگارکەری ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز بوو. لەکاتێکدا کورد دژبە ئیمپریالیست و پشتیوانە ناوخۆییەکانیان بوو، هەڵسوکەوتی حکومەت تەواوکەری ڕەفتارەکانی بەکرێگیراوان و تیرۆریستان و پیاوانی ئیمپریالیزم بوو.

لە سەرەتای نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٥٩، بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم دەستیانکرد بە ئەنجامدانی کاری ئیستفزازی جۆراوجۆر، بەو هیوایەی دوژمنایەتی و دووبەرەکی لەناو ڕیزەکانی خودی بزووتنەوەی کوردیدا دروست بکەن و گەلی کوردی پێ لاواز بکەن.

ئەمە پارتی دیموکراتی کوردستانی بەئاگا هێنایەوە لەوەی بەشێکی دەزگا دەوڵەتیەکان پشتیوانیان لە کارەکانی ئیمپریالیست دەکرد و لەبەرامبەر ئەو خزمەتە پاداشت دەکران و پڕچەك دەکران و پارەیان پێدەدرا.

چەتەکانی (کەلحێ ڕێکانی) هەشت کەسی مەدەنیان لە گوندەکان کوشت و سێ گوندیان سوتاند و چەندین گوندیان تاڵانکرد. هەر لەوکاتە باندێکی دی لە ناوچەی زێبار سێ کەسیان کوشت و پێنج کەسیان بریندار کرد و هێرشیان کردەسەر گوندی بارزان.

لەو شەڕ و پێکدادانەشدا کەسێک کوژرا و سێ کەسی تر بریندار بوون و ژمارەیەکی زۆر لە وڵاخی ماڵەکان بەتاڵان بران.

نە سکاڵا تۆمارکردن و نە داخوازی لێژنەی لێکۆڵینەوە لەو تاوانانە، هیچ ئەنجامێکی نەبوو. هەر ئەو باندانە چەندین کاری تیرۆریستیان ئەنجامدا، لەبەرامبەردا بەرپرسەکان بۆ پاراستنی گیانی هاوڕێکانیان و فراوانکردنی کەلێنی نێوان حکومەت و کورد ئاگادارکردنەوەی ساختەیان بۆ پایە بەرزترین بەرپرسەکان لە بەغدا دەنارد. لە کاتێکدا هێرشەکان دووبارە دەبوونەوە، تاوانباران تەنانەت یەک جاریش لە لایەن دامودەزگاکانی دەوڵەتەوە ئاشکرا نەکران و بۆ جارێکیش نەکەوتنە داوی حکومەتەوە، تا وایلێهات هەر کەسەو دەبووایە بەخۆی بەرگری لە خۆی بکات، لەکاتێکدا مافی بەرگریکردن لە چەندین یاسا و لە دەستوور باسی لێوەکراوە.

بەم شێوەیە حکومەت بەڵێنەکانی بەجێ نەهێنا و ڕێگای لە خوێنڕشتن نەگرت، ئەم سیاسەتانەی حکومەت وایان لە گەل کرد لە هاوینی ساڵی ١٩٦٠ ڕاپەڕن.

دوای ئەوەی ڕاپەڕین کۆتاییهات و هەموو خەڵک چوونەوە ماڵەکانیان، حکومەت هێزێکی گەورەی هێنایە ناوچەکە. چەندین ڕاستی دەرخەری ئەوەن کە حکومەت نیازی ئەوەی هەبوو هێرش بکاتە سەر بارزان و ناوچە کوردییەکانی تر، تا وا لە کورد بکات بە زەبری هێز ملکەچی زوڵم و زۆری و چەوساندنەوەی نەتەوەیی بێت.

لە کوردستان بارودۆخ بۆ ڕەخنەگرتن لەبار نەبوو، یەکێتی عێراق لە مەترسیدا بوو و بەرژەوەندی وڵات بەگشتی کەوتبووە ژێر مەترسییەوە. نیشتمانپەروەرانی کوردی دڵسۆز بۆ وڵاتەکەیان، هەستیان بە مەترسی بارودۆخەکە کرد.

پارتی دیموکراتی کوردستان، لەخۆبوردوانە پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد دەکرد و پاراستن و بڕوابوون بە یەکێتی ڕاستەقینەی عێراق و سەربەخۆیی و دیموکراتی و

ئاشتی هەردەم دروشمی بووە، پارتی بەتەواوی ئەرکەکانی خۆی بەجێهێناوە. لەو ساتەوە پارتی حکومەتی لە بارودۆخە پڕمەترسییەکەی کوردستان و ساتە نائاسایيە پڕمەترسییەکە ئاگادار کردەوە و بە ئاشکرا ڕایگەیاند کە بەردەوامبوونی ئەم سیاسەتەی حکومەت، وڵات دەخاتە بەردەم مەترسی شەڕی ناوخۆ و لێرەدا تەنیا ئیمپریالیست و پیاوەکانی سوودمەند دەبن.

پارتی دەڵێت، زیانی ئەو شەڕە هەردوو گەلی کورد و عەرەب دەگرێتەوە و قەرەبوو ناکرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان بەهیچ شێوەیەك گەلی کورد بەرامبەر ئاسەوارەکانی ڕەفتارە دەستدرێژکارییەکانی ئۆرگانەکانی حکومەت بە تاوانبار نازانێت.

گومان لەوەدا نییە لەشکرکێشیی هێزە چەکدارەکانی حکومەت بۆ ناوچەی کوردستان کە ناوچەیەکی دڵسۆزی کۆمارەکەیە، کردارێکی هەڵەیە و بەرژەوەندی وڵات دەخاتە مەترسییەوە، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە هێزەکانی ئیمپریالیست و چەندین دەستەی نزیك لە کۆمار هەمووی مەترسی ڕاستەقینە بوون. پارتی دیموکراتی کوردستان شەڕی ناوخۆی لە وڵات نەدەویست و هەوڵیدا وڵات لەو مەترسییە بپارێزێت و بۆ ئەم مەبەستە داوای لە حکومەت کرد چارەیەك بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشنیاری بۆ حکومەتی عێراق کرد ئەو هێزانەی بۆ کوردستان ناردبووی، بۆ شوێنە هەمیشەییەکانی خۆیان بکشێنێتەوە لە سەربازگەکان و ڕێگری لە ئەنجامدانی مانۆڕی سەربازی بکات لەو شوێنانەی تایبەت نین بە ئەنجامدانی مانۆڕ و لە ساڵانی دوایدا مانۆڕیان تێدا ئەنجام نەدراوە.

گواستنەوەی بەرپرسانی ئەو دەزگا ئیداری و پۆلیسیانەی بەرپرسیارن لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخی کوردستان و شێواندنی بەئەنقەستی ڕاستیەکان و دانانی بۆسە بۆ مەبەستی گڵاو، هەروەها ئەو کەسانەی تاوانی ئەنقەستیان ئەنجام داوە ڕاپێچ بکرێن بۆ دادگا، بۆئەوەی سزای عادیلانەی خۆیان وەربگرن. گەڕاندنەوەی فەرمانبەرە دوورخراوەکانی کوردستان بۆسەر ئەرکی پێشوویان، لێپرسراوانی پارێزگاکان لە ناوچە کوردییەکان و ئەو شوێنانەی زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن ئەو کەسانە دابنرێن کە بۆ کۆمار و بۆ برایەتی کورد و عەرەب دڵسۆزن، بەندی (٣)ی دەستووری عێراقی ڕابەربێت و لەگەڵ پیادەکردنی پرەنسیپی یەکسانی ڕاستەقینە و هەمەلایەنەی مافەکانی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب وەك دوو نەتەوەی برا لە چوارچێوەی کۆماری عێراق.

پاککردنـەوەی دەزگـا دەوڵەتییـەکان لـەو هۆکـارانەی گیـانی دوژمنکـاری بـەهێز دەکەن. ئازادییە دیموکراتییەکان بدرێنە گـەل و لەماوەیـەکی کورتـدا کۆتـایی بە قۆنـاغی گواسـتنەوە بهێنرێـت. بـەڕێوەبردنی وڵات دەبێـت لـەگەڵ یاسـا دیموکراتییـەکـان بگونجێـت و حکومـەت دەبێت لەبەردەم پەرلەمان بەرپرسیاربێت کە لەلایەن گەلەوە ئازادانە هەڵدەبژێردرێت.

ڕێگا بۆ پێشکەوتنی کەلتووری نەتەوایەتی کوردی خۆشبکرێت، هەروەها ڕابگەیەنرێت کە زمانی کوردی لە دامودەزگاکانی حکومی لە ناوچەکانی کوردستان زمانێکی فەرمییە.

نەهێشتنی ئاسـەواری سیاسـەتی ڕەگەزپەرستی بەرامبـەر بە کـورد، دەرکردنـی یاسـایەکی دادپەروەرانە سەبارەت بە باجی زەوی و نەهێشتنی بێکاری لـە ماوەیـەکی کەمـدا و دەبێـت دامەزراوە داخراوەکان دووبارە بکەونەوە کار، هەڵمەتێك دژ بـەو فرۆشـیارانە ئـەنجام بـدرێ کە کەلوپەل بەگران دەفرۆشن و هەروەها دژبە قاچاخچیان[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان، نەك هەر ئاگاداری حکومەتی قاسمی کردووەتـەوە سـەبارەت بە مەترسـی ئەو بارودۆخـەی لە کوردسـتان هـاتبووە ئـاراوە، بـەڵکو پێشـنیاری کـرد کـار بە پێشنیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت.

لە ڕێـکەوتی ٦ی ئـەیلوولی ١٩٦١، مـانگرتنێکی جـەماوەری سیاسـی لـە گشـت کوردسـتان ڕاگەیاندرا. مانگرتنەکە قەبارەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بەخۆیەوە بینـی، کـارگە و کۆگاکـان و گشت قوتابخانەکان داخران، هەروەها تەواوی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن پچڕان و هـاتووچۆ و هۆکارەکانی گواسـتنەوە ڕاگیـران. لـەدوای شـۆڕش ئـەمە بەگـەورەترین مـانگرتنی سیاسـی دەژمێردرێت[2].

هێزە دیموکراتییەکانی عێراق دژی سیاسەتی نەتەوەپەرستی قاسم وەسـتان، ئەوەتـا پـارتی کۆمۆنیسـتی عێـراق لە یـەکێك لە ڕاگەیاندنەکانیـدا ئاگـاداری مەترسـی پـەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی حکومـەتی کـردەوە کە بریتـی بـوو لە ئەنجامـدانی دەسـتدرێژی چەکـداری دژی گەلی کورد.

لەو ڕاگەیاندنەدا هاتووە، ئەم سیاسەتە (هاوشێوەی سیاسەتی ئیمپریالیزمـە) کە هەمیشـە لە هەوڵی پچڕاندنی یەکێتی گەلی عێراقـدا بـووە و هـەوڵی لاوازکردنـی هەڵوێسـتی عێراقـی داوە، حکومەتی قاسم لەجیاتی ئەوەی گوێڕایەڵی بانگەوازی هێزە نیشتمانییەکان بێـت و بـە

١ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان سـەبارەت بـە بـارودۆخی کوردسـتان، ڕێکـەوتی ٣٠ی تـەمووزی ١٩٦١.

٢ گفتوگۆی جەلال تاڵەبانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەمووزی ١٩٦٣.

وریاییەوە بڕوانێتە پیلانەکانی ئیمپریالیست، بەردەوام بوو لەسەر هاندانی ڕەگەزپەرستانەی باندەکان دژی بارزانی و هاوپەیمانەکانیان، بەڵام کاتێك بارزانییەکان ناچاربوون چەك هەڵگرن، بۆئەوەی پارێزگاری لە ژیان و ماڵیان بکەن، حکومەتی قاسم هێزی سەربازی نارده باکوور بە بیانوی (پاراستنی یاسا و سەقامگیرکردنی بارودۆخ)، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ داپلۆسینی بارزانییەکان و هێزە نیشتمانی و دیموکراتییەکانی کوردستان بوو.

ڕۆژی ٢٦ نیسانی ساڵی ١٩٦١، لە بەغدا پلنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك ئەنجام درا. کۆمیتەی ناوەندی بڕیارێکی دەرکرد، ئەویش ئەمە بوو: لەپێناو پاراستنی کادیرانی پارتی، دەبێ دەست بەکاری نهێنی بکرێت، ڕۆژنامەی خەبات ئۆرگانی ناوەندیی پ.د.ك نامەیەکی کراوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کە ئاراستەی قاسم کرابوو بڵاوکردەوە، تێیدا پارتی نارەزایەتی دژی ڕاوەدونانی ئەندامەکانی دەربڕی بوو.

حکومەت لە وەڵامی ئەمەدا پەنای بردە بەر سیاسەتی هەڕەشەکردن و زوڵم و زۆرلێکردنی ئاشکرا. لە ڕێکەوتی ٢٠ی ئابی ١٩٦١، حکومەت دوا ئاگادارکردنەوەی بۆ کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك، نارد کە تێیدا هاتبوو: ئەگەر خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەی (خەبات) ئیبراهیم ئەحمەد لەبەردەم دەزگاکانی حکومەت ئامادە نەبێت، ئەو ڕۆژنامەیە دادەخرێت. ئەم مانۆرە ئیستفزازییەی حکومەت ئەنجامیدا، بۆ ئەوەبوو، تا ڕووبەڕووی یەکێک لە سەرکردەکانی پ.د.ك ببێتەوە.

حکومەت دەستی کرد بە هەڵمەتی ڕاوەدونان و چەوساندنەوەی لێپرسراو و کارمەند و ئەندامانی پارتی.

چەندین ئەندامی پ.د.ك کە لە هێڵی شەمەندەفەر و لە شارەوانی کەرکووک و لە پارێزگاکانی مووسڵ و هەولێر کاریاندەکرد لەسەرکار دەرکران. ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی پارتی لە گشت ناوچە و پارێزگاکاندا داخران، لەژێر چاودێری توندی ئەمنی چەندین ئەندامی پارتی ڕەوانەی باشووری عێراق کران کە لەنێوانیاندا ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك هەبوون و چەندین ئەندام و لێپرسراوانی بەرزی پارتی گیران و ڕەوانەی مووسڵ، زاخۆ، ئاکرێ، دهۆك، ئامێدی، شێخان، بامەڕنێ، هەولێر، سلێمانی، شەقڵاوە، ڕواندز، باڵەکایەتی، سەڵاحەدین، کەرکووک، کفری، خانەقین و چەندین شوێنی تر کران، هەروەها بڕیاری دەستگیرکردنی سکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی کوردستان و چەندین ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسی درا. بەم جۆرە هەڵمەتی دەستگیرکردن و ڕاوەدونانە زۆربەی زۆری ئەندامانی پارتی گرتەوە.

لە مانگی تەمووز ڕۆژنامەی (خەبات) داخرا و پارتی جارێکی تر پێی نایە قۆناغی خەباتی نهێنی و زۆرێک لە ئەندامانی پارتی ناچار بوون بگەڕێنەوە کوردستان و بەشێکی ڕێکخستن بە نهێنی لە بەغدا مایەوە، ئەم زوڵم و زۆردارییەی بەرامبەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدەدرا، هەمووی دژی یاساکانی عێراق بوون.

## ٢- بەرپەرچدانەوەی پلانی هێزە کۆنەپەرستەکان

بۆ پاساوی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنە سەر بارزانییەکان، حکومەت دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەی درۆی بێ بنەما. لە ڕۆژی ٥ی تەمووزی ساڵی ١٩٦١، پارێزگاری مووسڵ و بەرپرسی پۆلیس، لەسەر داوای حکومەت و بە هاوکاری بەکرێگیراوە کۆنەپەرستەکان خۆیان ئامادەکرد بۆ هێرشکردنە سەر بارزانییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان بانگهێشتی گشت گەلی کوردی کرد تا هۆشیار و یەکگرتووبن لەکاتی ئاڵۆزبوونی بارودۆخدا. حکومەت بە ناوی مانۆڕەوە دەستی کرد بە چاڵاکی سەربازی و ژمارەیەکی زۆر لە سەرباز و کەرەستەی سەربازی ناردە کوردستان. لە ڕۆژی ٨ی تەموزی ١٩٦١ لەلایەن بەکرێگیراوان و بە پاڵپشتی سەد و هەشتا پۆلیس کە جلی کوردیان پۆشیبوو، هێرش کرایە سەر بارزانییەکان.

مستەفا بارزانی ناڕەزایی بەرامبەر بە حکومەت دەربڕی و ڕاگەیاند کورد، نایەوێت خۆی لە شەڕی براکوژییەوە بئاڵێنێ.

لە ڕێکەوتی ١٣ی تەموز، جارێکی تر هێرشی ئیستفزازی خۆفرۆشان کرایەوە سەر بارزانییەکان، بەڵام خۆفرۆشەکان تێکشکان.

حکومەت بۆی دەرکەوت ناتوانێت بە پشتبەستن بە هێزی بەکرێگیراوان بەسەر گەلی کوردی دیموکراتیخوازدا زاڵ بێت، لە هەمان کاتدا لە هەموو کوردستان ناڕەزایی جووتیاران برەوی سەند کە داوایان دەکرد یاسای چاکسازی زەوی بەڕاستی جێبەجێ بکرێ و دژ بەو باجە زۆرە بوون کە بەسەریان سەپێنرابوو.

بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزم ئەم هەلومەرجەیان قۆستەوە و چالاکانە بە مەبەستی ئاڵۆزکردنی بارودۆخ لە وڵات، کەوتنە بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەی ترسناکی نەتەوەپەرستی.

حکومەت دەستی کرد بە هەناردنی هێزی سەربازی تر بۆ کوردستان و هەوڵیدا دەست بەسەر ڕێگا سەرەکییەکاندا بگرێت، لەوانە:

کەرکووک، دەربەندیخان، دوکان، سلێمانی.

مووسڵ، زاخۆ، دهۆك، ئاکرێ، بلێ، بارزان.

کەرکوک، هەولێر، مەسیف، شەقڵاوە، گەلی عەلی بەگ.

ڕواندز، مەزنێ، مێرگەسور، ڕێزان، بارزان.

بیاڤ، ڕێزان، بلێ، بارزان.

حکومەتی قاسم هەوڵیدا ئەم پلانە جێبەجێ بکات، بۆئەوەی بە یەك گورز کۆتایی بە بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کورد بهێنێ.

خەڵکانێک دەیانگوت هێشتا پێویست نییە دژی حکومەت بوەستین و خەبات دەست پێ بکەین، وەك بڵێیت ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستانە شەڕی هەڵگیرساندووە.

ئەو خەڵکانەی بەم جۆرە بیریان دەکردەوە لە کێشەی سیاسی ناوخۆی عێراق و لە بارودۆخی کوردستانی عێراق بێ ئاگا بوون.

دوژمن کاتێک هێرش دێنێت، بۆ ئەوەنییە خۆشی لەگەڵ خۆی بهێنێ، بەڵکو مەبەستی لەناوبردن و بە کوێلە گرتنە.

"چی لەگەڵ ڕێگر و جەردەدا دەکەیت، ئەگەر چەقۆیان لەسەر ملی ئێوە دانا؟ لەسەر ئەژنۆ بۆیان دەوەستیی و داوای بەزەیی پێهاتنەوەیان لێ دەکەی و لێیان دەپاڕێیەوە؟ بەڵام ئەم پاڕانەوەیە هەرگیز ڕزگارتان ناکات، جەردە هەمووتان وەك یەک سەر دەبڕێ، پێویستە چی بکرێت؟ دەستی دزەکە بگریت و چەقۆکەی لەدەست دەربهێنی، ئەوەیە بارودۆخی گەلانی ژێردەستە بەدەست داگیرکەرانەوە"[1].

**سەرەتای چالاکیی سەربازی لە کوردستان**

لە ڕێکەوتی ٩ی ئەیلوولی ١٩٦١، دووەم پێکدادان لە دەربەندی بازیان ڕوویدا و هێزەکانی حکومەت دەربەندی بازیانیان گرت، بەڵام حکومەت بەمە وازی نەهێنا.

لەڕۆژی ١١ی ئەیلوول، فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق دەستیان کرد بە بۆردومانکردنی ناوچەکانی کوردستان. لە ئەنجامی ئەم کردارە دڕندانەیە بە سەدان منداڵ، ئافرەت و پیاوانی بێ چەك کوژران[2].

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ڕێکەوتی ١٩ی ئایاری ١٩٦٢. وتاری خرۆشۆڤ.

٢ بولتەنی زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان،ساڵی ١٩٦٢، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

سەرەنجام، خەباتی چەکداری کڵپەی سەند و پارتی ناچار بوو دەست بە خەبات بکاتەوە و پێشڕەوی مەفرەزە و یەکە پارتیزانە نەتەوەییەکان بکات. هەندێک کەس لەو بڕوایەدابوون کردارە نادروستەکانی حکومەت و دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد بەهۆی کردارەکانی ئەو بەرپرسانەی لە سەردەمی ڕژێمی پێشووەوە مابوونەوە و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیست و چەندانی تر هاتە ئاراوە، واتە ئەوانەی ئامانجەکانی شۆڕشیان لەبەرچاو نەبوو.

پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەوازی بۆ گشت هاوولاتیانی عێراق کرد و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە حکومەتی قاسم بەم شێوەیە ڕوون کردەوە:

"کاتێك گەلی کورد هەستی بە مەترسییەکانی حکومەتەکەی قاسم بەرامبەر بە خۆی کرد، ئەوانەی بە خۆشبینییەوە سەیری بابەتەکەیان دەکرد و وایان لێکدەدایەوە کە ئەو دوژمنایەتییەی بەرامبەر بە گەلی کورد دەکرێت، تەنیا لەلایەن ئەو کاربەدەستانەی ڕژێمی پێشووە کە هێشتا لەسەر کار ماون و لە ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز نەگەیشتوون، دەست و پەیوەندەکانی ئیمپریالیستن و بەشداریان لەو شۆڕشەدا نەکردووە، بەڵام گەل بە وشیارییەوە تێگەیشت کە حکومەت لە پرەنسیپ و ئامانجەکانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لایداوە و نایەوێت ئەو ئامانجانە بە کردەوە جێبەجێ بکات، هەروەها سیاسەتی دەوڵەت بۆ دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد بەشێکە لە سیاسەتی دژە دیموکراسی کە بە ئاسانی دەتوانرا شوێن پێیەکانی بە گشت چالاکییەکانی دەوڵەتەوە ببینرێت.

ئەمە تەنیا ئەوانە نەیاندەبینی کە دەترسان سەیری ڕاستیەکان بکەن و دڵنیابن لەو درۆ دروستکراوانە و ئەوانەی بڕوای تەواویان بە خەڵەتاندن و خۆخەڵەتاندن هەبوو"[١].

پارتی دیموکراتی کوردستان کە خەباتکاری ڕاستەقینەی گەیشتنی گەلی کوردە بە مافە نەتەوەییەکانی لە چوارچێوەی کۆمارێکی ئازادی دیموکراتی عێراق، چەندینجار دەسەڵاتی ئاگاداركردۆتەوە سەبارەت بەو ئاسەوارە زیانبەخشانەی سیاسەتەکەی بە یەکێتی نیشتمانی دەگەیەنێت.

حکومەت ئەو داوا عادیلانەیەی پارتی پشتگوێ دەخست، تەنانەت حکومەت ئەگەری چاوپێکەوتنی لەگەڵ شاندی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕەت دەکردەوە کە دەبووایە ڕاستی بارودۆخی کوردستانی پێ ڕابگەیاندبا. هەر لەو کاتە سەرۆکی حکومەت چەند جارێك چاوی بە شاندی دەرەبەگە کوردەکان کەوت، ئەوانەی بە هەڵگرانی ڕەوشت و بۆچوونەکانی

١ بەیانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گەلی عێراق، لەسەر ئەو هێرش و وێرانکاریانەی بە بڕیاری عەبدولکەریم قاسم و بە چەکی نوێ لە لایەن سوپاوە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦١ ئەنجامدراوە.

کۆنەپەرستانی ئیمپریالیست ناسرابوون. حکومەت بێزارییەکانی گەلی لە بێکاری و برسێتی و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکان، پشتگوێ دەخست.

حکومەت لەجیاتی ئەوەی ڕێڕەوی خۆی بگۆڕێت و بارودۆخی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی چارەسەربکات و بگەڕێتەوە سەر ڕێگای پراکتیزەکردنی ئامانجەکانی شۆڕش، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دژە گەلی بەهێزتر دەکرد. حکومەت بێزاری گەلی بەزەبری چەك چارەسەر دەکرد. ژمارەی بەندکراوەکان لە بەندیخانەکان و سەربازگەکان ڕووی لە زیادبوون بوو، ئیدی بارودۆخ بە هەموو شێوەیەک وەك ڕژێمی پێشووی لێ هاتبووەوە.

حکومەتی قاسم نە دیموکراسی، نە مافە نەتەوەییەکان و نە مەرجی ئاسایی ژیانی دابین دەکرد، بەڵکو بە دڕندانەترین شێواز ڕەفتاری دەکرد و دژایەتی گەلی دەکرد.

هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی دژایەتی گەلی کورد بکات و هەوڵی لەنێوبردنیان بدات، ئەو مافانەیان لێ زەوت بکات کە بە ڕێگەی دیموکراسییەوە پێیان دەدرا و زامنی بەرەو پێشەوەچوونی دیموکراسی بوون لە تەواوی عێراق، لێرەوە کێشکردنی هێزێکی چەکداری گەورە دژبە گەلی کورد سەرچاوە دەگرێ، لەکاتێکدا وڵات لە ژێر مەترسی هێزەکانی ئیمپریالیست دابوو.

قاسم و دەوروبەرەکەی و چاپەمەنییەکان و ڕادیۆ درۆزنەکەی، بەگشتی لەهەوڵی ئەوەدا بوون ڕای گشتی دژی بزووتنەوەی دیموکراسی لە کوردستان ئاراستە بکەن، ئەو بزووتنەوەیەی حکومەت بە دووبەرەکی و پیلانی ئیمپریالیست و سەنتۆ و یاخیبوون لە کۆمار ناوی دەبرد.

بڵاوکردنەوەی بروسکەی پشتگیری لە تاوانە بەربەریەکانی قاسم کە لە لایەن دەربەگە خۆفرۆشەکان و بەکرێگیراوانی ئیمپریالیزمەوە ئاراستە دەکران، شانازی نەبوون بۆ قاسم و چاپەمەنییەکانی. حکومەتی عێراق سەلماندی کە تەواوی داخوازییە شەرەفمەندانەکانی گەلی عێراقی بە کورد و عەرەبەوەی پشتگوێ خستووە، هەروەها سەلماندی کە گاڵتە بە بەهاکانی میللەت و بەرژەوەندییەکانی و یەکێتی نەتەوەیی دەکات.

فڕۆکەکانی حکومەت کوێسنجق، تەق تەق، هەڵەبجە، ئامێدی، دهۆك، بازیان، دەربەندیخان و چەندین شوێنی تریان بۆمباباران کرد و ژمارەیەکی زۆری منداڵ و ژن و بەساڵاچوویان کوشت و هەموو ئەو ناوچانەی وێران کرد، تەنانەت ڕێگاکانی گواستنەوەشی

تێکدا و کێڵگەکانی لەناوبرد و گشت ئاژەڵەکانی کوشت. زۆر نامرۆڤانە بۆمبا و ڕۆکێتیان بەسەر گوندنشینی بێچەکدا دەباراند[1].

پارتی دیموکراتی کوردستان، داوای لە گەلی عەرەبی برا کرد ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن بەرامبەر بەو تاوانە دڕندانەیەی قاسم دژی گەلی کورد ئەنجامی دەدا، داواکارییەکە بەم بڕیارە کۆتایی دێت: "با چەوسێنەرەکان بزانن گەلی کورد بە پشتیوانی گەلی عەرەب و ئازادیخوازان و گەلانی ئاشتیخواز لەگشت جیهان، واز لە مافەکانی خۆی ناهێنێت و بەردەوام دەبێت لە خەبات بۆ کۆمارێکی دیموکراتی ئازاد و یەکێتیەکی ڕاستەقینە لە عێراق".

پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەلایەن خۆیەوە داوای لە حکومەتەکەی قاسم کرد بەپەلە کێشەی کورد، بە شێوەیەکی ئاشتیانە، چارەسەر بکات کە دەبێتە هۆی بەهێزکردنی یەکێتی گەلی عێراق[2].

لە ڕاگەیەندراوەکانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیسیتی عێراق، ڕەخنەیەکی توند لە کردارە تیرۆریستی و شۆڤینییانەکەی حکومەتی قاسم گیراوە. لەو ڕاگەیەندراوانەدا هاتووە کە قاسم گەیشتە چارەسەرێکی مامناوەندی لەگەڵ ئەو خائینانەی یاخی ببوون و لێبوردنی گشتی بۆ دەرکردن، ئەو هەنگاوانەی لەلایەن حکومەتەوە نراوە گورزێکی گەورەبوو بەر یەکێتی کورد و عەرەب کەوت، چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کورد دەبوایە بەپەلە کۆتایی پێ بهاتبا و مافی خۆبەڕێوەبردن لە چوارچێوەی کۆماری عێراقیان پێ درابا[3].

پارتی کۆمۆنیست، ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە دان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد بنرێت، بەتایبەت مافی خۆبەڕێوەبردن. ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق دەرخەری ئەوەن کە سیاسەتی شوڤێنی حکومەت، لەڕاستیدا، هەڕەشەیەکە لەسەر سەربەخۆیی کۆماری عێراق. لە بڕیارەکانی پلێنیۆمی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا هاتووە:

١ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی بارودۆخی ڕاستەقینەی شەڕ لە کوردستان، ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦١.
٢ بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق، ٢٢ی ئابی ١٩٦١.
٣ داواکارییەکانی حزبی کۆمۆنیستی عێراق، مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦١.

"بێ جێبەجێکردنی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد لە عێراق، یەکێتی عێراق دەبێتە کارێکی ڕووکەش کە تەنیا پشت بە هێز دەبەستێت، ئەو یەکێتییەی کورد هەوڵ دەدات لەدەستی ڕزگاری بێت"[1].

پارتی کۆمۆنیستی عێراق، بۆ جاری سێیەم، حکومەتی عێراقی سەبارەت بە ئاڵۆزی بارودۆخ لە کوردستان ئاگادار کردەوە و ڕایگەیاند، چارەسەری کێشەی گەلی کورد بە ڕێگای سەربازی ناکرێ، بەڵکو بە بەپیرەوەچوونی داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی کوردەوە دەکرێت. حکومەت تەنانەت بەڵێنیشی نەدا ئەو داخوازییانەی کورد پێشکەشیان کردبوو جێبەجێ بکات کە کارێکی دڵسۆزانە بوو بۆ یەکێتی عێراق و پتەوتربوونی دۆستایەتی کورد و عەرەب کە چەندین سەدەیە هاتووەتە ئاراوە[2].

حکومەت لەجیاتی کۆتاییهێنان بە هێرشی سەربازی و ڕشتنی خوێن لە نێوان کورد و عەرەب، لە وەڵامی ئەم هەستکردنە مەنتیقیەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بە فڕۆکە بۆمبارانی ناوچەی بارزانی کرد. دوای بۆمباران، قاسم فەرمانی بە سوپا و پۆلیس کرد تا لە هەموو لایەکەوە هێرش بکەنە سەر بارزان، حکومەت دەستی کرد بە هەڕەشەی بەرپرسیاریەتی بەکۆمەڵی دانیشتووان، بەو هیوایەی گەل چاوترسێن بکات و خۆی بەدەستەوە بدات. نوێنەری دەوڵەت فەرماندەی تیپی دوو (الفرقة الثانية) بە فڕۆکە بەیاننامەی هەڕەشە ئامێزی فڕێدایە ئەو شوێنانەی دانیشتووانەکەی کوردن، لەو هەڕەشەنامەیەدا هاتبوو: "هێزەکانی حکومەت کە لە تانك و تۆپ و زرێپۆش و هێزی پیادە پێکهاتوون، بە پشتیوانی فڕۆکەی هەڵگری ڕۆکێت و بۆمب هێرش دەکەن، داواکارین بە چەپڵەڕێزان و هەلهەلە پێشوازی لەو هێزانە بکەن، ئەوکاتە ئێوە پارێزراو دەبن. ئێوە باش بزانن هەرکەسێك دەست ببات بۆ ئەو هێزە حکومیانە، هێزەکانمان هێرش دەکەن و هەرچی دانیشتووان هەیە لەو ناوچەیە هەمووی دەسووتێنن و ناوچەکە وێران دەکەن، خودا هەمووومان بپارێزێت. ئەوەی گوێی لێیە و ئاگای لێیە. فەرماندەی تیپی دوو عەقید مەحمود عەبدولرەزاق"[3].

---

١ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست، وەرگیراو لە گۆڤاری "پرۆبلێم میرا ئی ساتسیالیزما"، ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٢.

٢ بەیاننامەی پارتی کۆمۆنیستی عێراق، ٢٢ی ئەیلوولی ١٩٦١.

٣ بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی عێراق سەبارەت بە بارودۆخی ڕاستەقینەی شەڕ لە کوردستانی عێراق، ڕێکەوتی ١٧ی ئەیلوولی ١٩٦١؛ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ڕاستەقینەی شەڕ لە کوردستانی عێراق، ڕێکەوتی ١٦ی ئەیلوولی ١٩٦١.

لە ڕاستیدا، لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتیش سزادانی بەکۆمەڵی دانیشتووانی گوندەکان نەبووە. حکومەتی قاسم هەڵمەتی سەربازی لە کوردستان بۆ لەناوبردنی پاشماوەی دیموکراسی و بۆ لێدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی دیموکراسی لە گشت شوێنێکی وڵات بەکار دەهێنان.

حکومەتی قاسم هیچ کردەوەیەک نەما پەنای بۆ نەبات، بۆئەوەی بزووتنەوەی گەلی کورد لەنێوببات و بۆ ئەو مەبەستە تەنانەت پەنای بردە بەر فرتوفێڵ و غەدر و خیانەت. لە ڕۆژی ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١، فەرماندەی سەربازی شاری مووسڵ، بە فەرمانی قاسم، بە مەبەستی گفتوگۆ چوو بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ مستەفا بارزانی، سەرەتا هەوڵدرا شوێنی چاوپێکەوتن دیاریبکرێت، هاوکات فەرمانی نهێنیان دابوو بە هێزە ئاسمانییەکان تا شوێنی دانیشتنی دیدارەکە بۆمباران بکەن. هێزە ئاسمانییەکانی حکومەت بەسەر ئەو شوێنەدا دەسوڕانەوە کە بڕیاربوو دانیشتنەکەی لێ ئەنجام بدرێت، بەڵام بارزانی لە دواسات شوێن و کاتی دانیشتنەکەی گۆڕی[1].

ئەم کارەی حکومەتی قاسم لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ نوێنەرانی گەلی کورد، جارێکی تر غەدر و خیانەتەکانی سەرانی دەسەڵاتداری عێراقی نیشاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە گەلی عێراق کرد نارەزایی دژ بەو قەسابخانەیە دربڕن، دژ بەو کارە دڕندانەیە بوەستن و داوای لە خەڵکی بەویژدانی جیهان کرد بێدەنگ نەبن لەو تاوانەی دژی گەلی کورد کراوە و دەنگی گەلی چەوساوە بگەیەننە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی[2].

لەگەڵ ئەو کردارە دڕندانەیەی حکومەت و بەکارهێنانی دژوارترین ئامرازەکان بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، کەچی خەباتی گەلی کورد بە ڕابەرایەتی پ.د.ك و بە سەرۆکایەتی جەنگاوەری هەڵکەوتووی گەلی کورد مستەفا بارزانی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهێزتر دەبوو.

بارزانی جارێکی تر، ئاستی بەرزی ورەی گەلی کورد و بوێری خەباتی بەردەوامی ئەم گەلەی دژی دیکتاتۆرییەتی قاسمی خوێنڕێژ بەدیار خست.

---

١ بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی"، شوباتی ساڵی ١٩٦١.

٢ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان سەبارەت بە بارودۆخی ڕاستەقینەی شەڕ لە کوردستان، ١٩٦١.

بارزانی بەو جووتیارە کوردانەی کە سەردانیان کردبوو ڕاگەیاند، شۆڕش بەردەوام دەبێت تا سەرکەوتن و تا لە ناوبردنی قاسمی دیکتاتۆر. بارزانی گوتی:

"قاسم ئیدیعای ئەوەدەکات کە ئاغاکەی خۆی (ئینگلیز) پشتیوانی لە بزووتنەوەکەمان دەکات، بەڵام من ڕایدەگەینم کە ئینگلیز نەک بەس تەنیا دوژمنی گەلەکەمان بووە، بەڵکو عەبدولکەریم قاسمیش یەکێك بووە لەو کەسانەی بەشداری لە شەڕ دژبە ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٤٥ی ئێمەدا کردووە و ئەوان تەنانەت ئەوکاتیش لەژێر سێبەری فڕۆکەی ئیمپریالیزمی ئینگلیزیش لە بەرامبەر هێزەکامنان خۆیان نەگرتووە، دەمەوێت بڵێم ئەگەر تەنانەت یەك دەوڵەتیش نەک ئینگلیز، چەند بچووکیش بێت وەك لوبنان و ئەفغانستان یارمەتی ئێمەی دابا ئەوا قاسم نەیدەتوانی خۆی لە بەغداش بگرێت و دەبوایە پەنای بۆ ئاغاکەی خۆی ئینگلیز بردبا و داوای پەناهەندەیی لە کەناری ڕووباری تایمز لە یەکێك لە ژوورەکانی کۆشکی بێکینگهام کردبا. ئێمە بەردەوام دەبین لە شۆڕش بە پشتیوانی هێزە چەکدارەکانی خۆمان و ڕۆڵە بە شەرەفەکانی گەلی کورد، سەرکەوتووانە شۆڕش بە ئەنجام دەگەیەنین و کۆتاییش بە خائینان و دوژمنای کورد و کوردستان دێنین"[١].

حکومەتی قاسم هەوڵیدا بەم ڕێگەیەوە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد لەکەداربکات و ڕۆڵی کاریگەری پ.د.ك نەهێڵێت.

حکومەتی عێراق هەوڵیدا جەماوەری گەلانی عێراق هەڵبخەڵەتێنێ و کرۆکە کۆنەپەرستییەکەی لەوان بشارێتەوە. حکومەت هەوڵیدا کارە دژە مرۆڤایەتییەکانی خۆی کە لە کوردستانی عێراق ئەنجامی دەدا لە ڕای گشتی جیهانی بشارێتەوە. کردەوەکانی حکومەتی قاسم لە سەرووی کردارە فاشییەکانی (سالا زاروفی) پۆرتوگالی و چەندین فاشی و تاوانبارانی ترەوە بوون. پێش ئەوەی بە دووردرێژی لەبارەی ئەو شەڕانە بنووسین کە شۆڕشگێڕانی کوردستان کردوویانە، ئاماژە بەئامانجەکانی خەبات دەدەین.

لە کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا: درێژە بە خەبات بدات لەپێناو پتەوکردنی کۆمار و بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەوڵەت لەسەر بنەمای دیموکراتی، لەوانە دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی بۆ کوردستانی عێراق. ڕۆژنامەی (خەبات) کە جارێکی تر بە نهێنی دەردەکرایەوە، ئەم درۆشمانەی بەرزکردبووە کە دەرخەری سیاسەتی پارتین: "بەبێ پاراستنی سەربەخۆیی

---

١ بڵاوکراوەی "دیسان بارزانی"، ژمارە ٢، شوباتی ساڵی ١٩٦٢.

نەتەوەیـی، سـەقامگیربوونی بـارودۆخ و گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی وڵات گـەرەنتی بـۆ دیموکراتییەت دەستەبەر نابێت".

"بـەبێ ڕژێمـی پەرلـەمانی و ئـازادیی گشـتی و چارەسـەری عادیلانـەی کێشـەی کـورد، دیموکراسی واتای نییە".

"جـەماوەری گەل! خـەبات بکـەن لەپێنـاو پێکهێنـانی بـەرەی نەتـەوەیی یـەکگرتوو دژبە ئیمپریالیزم و نیازەکانی و بلۆك و هاوپەیمانەکانی و دژی قاسمی دیکتـاتۆری دژە گـەل و بـۆ دروستکردنی پێکهاتەیەکی پەرلەمانی دیموکراسی ڕەسەن و بـۆئەوەی گـەلی کـورد بگـات بە ئامانجە نەتەوەییەکانی، لەوانە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق".

کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە دانیشـتنەکانیدا لـەڕۆژانی ١٨تەمـووز و ٢٧ی تەمووزی ساڵی ١٩٦١، ڕایگەیاند: "جگە لە بڕیاری پاراسـتنی کـورد بـە چـەك لەدەسـتی دیکتاتۆر و دەستدرێژکاران و خەباتکردن بۆ بەدیهێنانی مافە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق و مـافە نەتەوەییـەکانی گـەلی کـورد (ئۆتۆنـۆمی بـۆ کوردسـتان لە چوارچێـوەی عێراقێکـی یەکگرتوودا) ڕێگایەکی تر لە بەردەممان نەماوە".

کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك ڕایگەیاند کە قاسم بارودۆخێکی دروستکردووە، تـا گـەلی کـورد ناچار بێت شۆڕشی خۆی دەستپێبکاتەوە، هەروەها ئەم شێوازەی بـە باشـتر زانـی لە خـەباتی سیاسی جەماوەری و ڕێگای ئاشتیانە، چونکە ناچار کراوە دەست بداتە چەك.

کـۆمیتەی ناوەنـدی، دەستنیشـانی تەواوی ئەو دۆخـانەی کردبـوو کە ڕژێمـی دیکتـاتۆری چەوسـێنەر دروسـتی کردبـوو، لەوانـەش پشتگوێخسـتنی ئاواتـەکانی گـەلانی عێـراق و داخوازییەکانیان، داخوازی نەمانی دادگـای سـەربازی واتە (المحكمـة العرفيـة) و لـەناوبردنی پێکهاتەکـەی و دابینکردنـی ئـازادییە دیموکراتییەکـان و هــەڵبژاردنی ئەنجومـەنێك بـۆ ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی و گۆڕینی بارودۆخی نائاسایی و ئیـدارەی وڵات بـدرێتە دەست ئەو حکومەتەی لەلایەن گەلەوە بەشێوەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرێت.

کۆمیتەی ناوەندی باسی لە خۆئامادەکردنەکەی قاسم کرد بـۆ هێرشـکردنە سـەر بـارزان و ناوچەکە، واتە ئەو شوێنەی کە جووتیاران داوای گۆڕینی باجی سـەر زەویـان دەکـرد و داوای نەهێشـتنیان دەکـرد. هـەروەها داوای دەرکردنـی ئەوانـەیان دەکـرد کە لە گونـدەکانیان ئەو باجانە کۆدەکەنەوە و داوای وازهێنان لە کـرداری سـەرکوتکردنی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی کورد لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە دەکرد.

ئەم کارانە لە پڕچەککردنی باندی دەربەگە خائینەکان و هاندانیان بۆ هێرشکردنە سەر جووتیاران لە ناوچەی بارزان خۆی دەبینییەوە، ئەم خۆئامادەکردنەش لە جێگیرکردنی هێزی سەربازی زەمینی و ئاسمانی لە کوردستان و ناردنی ئەو بەرپرسانەی لای گەلی کورد پەسند نەدەکران بۆ ئەو ناوچەیە بەدیاردەکەوت. کۆمیتەی ناوەندی بەردەوام ڕایدەگەیەنێت قاسم وا دەزانێ ئاگادارکردنەوەکەی پارتی سەبارەت بە داخوازیی وازهێنان لە دەستدرێژیکردنی چەکداری و داخوازییەکانی سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە چوارچێوەی کێشە گرنگەکانی وڵات، کێشەی دامەزراندنی سیستەمی دیموکراسی، ئەمانە هەمووی لاوازی پارتی و گەلی کورد دەسەلمێنن، بۆیە دەبینین ئیستفزاز و هەڕەشەی زیاتر بوو دژبە پارتیزانەکان و موخاتەراتی دژە گەلی کورد و شۆڕشەکەی دەکرد، پاشان ئەو بە هێزی زەمینی و ئاسمانی و بەکارهێنانی چەکی قورس هێرشی چەکداری کردە سەر کوردستان، تەنانەت بۆمبی ناپاڵمی قەدەغەکراوی لەم هێرشانەدا بەکارهێنا.

بەم جۆرە، بارودۆخێکی سەخت هاتە ئاراوە و ڕووداوەکان یەك بەدوای یەکدا دەهاتن، پێویست بوو لە سەرەتاوە بۆ گەلی کورد ڕوونبکرێتەوە کە ئەو شێوازە خەباتەی گەل هەیەتی بەرهەمی ئەزموونی دوور و درێژیەتی. کورد تەنیا ئەو کاتە دەتوانێ کۆتایی بە چەوساندنەوە و دەستدرێژیکردن بهێنێت کە خۆی بەهێز بکات، دیارە ئەوەش تەنیا پاراستنی ژیانە و پارێزگاریکردنیش بە هەڵگرتنی چەك دژی دیکتاتۆریەت دەبێ، هەروەها خەباتکردن لەپێناو مافە دیموکراتییەکانی گەلی عێراق و لەپێناو گواستنەوەی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بۆ ژیان، واتە پراکتیزەکردنی ئەو مافانە. بێگومان ئەو پارێزگاریکردنەی هاتۆتە ئارا لەئاکامی گشت ئەو ڕەفتارانەیە کە باس کراون و ئەنجام دراون، واتە وەڵامێکە بۆ دەستدرێژییە چەکدارییەکانی حکومەت.

ئەو خەباتە نیشتمانییە لە ڕووی ئامانج و شۆڕش و لە ڕووی شێوازی خەبات و دیموکراتی و نەتەوەیی لە ڕووی ناوەڕۆك و سروشتیدا جۆرە خەباتێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەلقەیەکی نوێیە لە زنجیرەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد کە دەیان ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە و بریتی بووە لە بزووتنەوەیەکی دیموکراسی نیشتمانپەروەرانە دژی چەوساندنەوەی نەتەوەیی و زوڵم و زۆر. بەشێوەیەکی سروشتی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێڕە کە ئامانج و دروشمێکی دادپەروەرانەی جەماوەری هەیە، خەبات دەکات بۆ هێنانەدی دیموکراسییەت و مافە نەتەوەییەکان. ئەم بزووتنەوەیە لە کرۆکدا ئامانجی دووبەرەکی نییە و بە هیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ئیمپریالیزمەوە نییە.

ئەم خەسڵەتانە وای لە قاسم کرد ئامانجی ئەوەبێ ناوبانگی ئەم بزووتنەوەیە لەکەدار بکات و هانی خەڵکی بە شەرەف بدات دژ بەو بزووتنەوەیە بوەستن و دووبەرەکی لەناو ئەو بزووتنەوەیەدا دروست بکات.

کۆمیتەی ناوەندی ڕایگەیاند، حکومەت بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دیکتاتۆری، کە دژبە مافەکانی گەلە و پیادەکردنی سیاسەتی ڕێکەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزم و وڵاتانی بەشدار لە پەیمانی سەنتۆ و لەگەڵ دەرەبەگە خائینەکان، بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەی باسمان کرد، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ڕەواکانی هەردوو گەلی بەشەرەفی کورد و عەرەب لە عێراق و لابردنی هەر بەربەستێک کە دەکەونە ڕێگای بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە و لەپێناو پاراستنی توانای بەڕێوەچوونی خەباتی ئاشتیانەی گەل، بڕیاریدا بەردەوام پشتگیری و هاوکاری بزووتنەوەی پارتیزانی نیشتمانپەروەران بکات لە کوردستان و ئەوانەی خەبات دەکەن دژی ئیمپریالیزم و لەپێناو مافە دیموکراسییەکانی گەلی عێراق و مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلی کورد لەناو یەکێتیەکی برایانەی ئارەزوومەندانەی عێراقی کە لەسەر یەکسانی تەواوی نێوان هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەبی برا دەوەستێ.

سەبارەت بە یەکێتی خاکی عێراق، کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا بەردەوام خەبات لەپێناو یەکێتی عێراق بکات، یەکێتیەك تێیدا مافەکان و ئازادی و دیموکراسی بۆ هەردوو گەلی کورد و عەرەب لەبەرچاو بگیرێت لەژێر سایەی ڕژێمێکی پەرلەمانی دیموکراتی کە سیاسەتی دەرەکی دژە جەنگ و ئیمپریالیزم پەیڕەو دەکات. پارتی وای بۆ دەچێ، بوونی دەوڵەتێکی وەها هۆکاری بنەڕەتیە بۆ بەردەوامی و پێشکەوتنی یەکێتی کورد و عەرەب و پتەوکردنی یەکێتی دۆستانەی نێوانیان.

بە مەبەستی دیاریکردنی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و عەرەب کە لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتنی هاوبەش و برایەتیەکی ڕەسەن دامەزراوە، کۆمیتەی ناوەندی ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا:

"هەوڵدانی پارتی بۆ پاراستنی یەکێتی عێراق و گەرەنتی تەواوی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەلایەکەوە و فراوانکردن و جۆراوجۆرکردنی شێوازی گەیشتن بەو یەکێتییە لەلایەکی ترەوە. ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەزموونی گەلەکەمان کە ئەوە سێ ساڵ و نیو دەبێ لە کۆماری عێراق گەلەکەمانی تێدا دەژی. ئەمانە هەمووی وا لەئێمە دەکات خوازیاری دروستبوونی پەیوەندییەکی دۆستانەی کورد و عەرەب بین لە شێوەی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان گەلانی دەوڵەتێکی فرەنەتەوەییدا دروست دەبێت، ڕەنگە ئەمە بە

داننان بە مافی ئۆتۆنۆمی گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراق بێتەدی کە کۆماری کورد و عەرەبە".

هەموو ئەوانەی لە سەرەوە باس کران، ئامانجەکانی پارتی لە پشتگیری کردنی شۆڕش نیشان دەدەن، ئەو شۆڕشەی نەیتوانی گەلی کورد بگەینێتە ئامانج.

بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەو شۆڕشە، دەست بە هەڵمەتێك کرا و چەندین بوختانی ناشیرینیان خستنە پاڵی. ڕۆژنامەی (خەبات) ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٢، بۆئەوەی پێناسەی دروستی ئامانجەکانی شۆڕش بکات و وەڵامی ئەو درۆ هەڵبەستراوانە بداتەوە، لە وتارەکیدا چەند ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە:

"کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك و قارەمانی بزووتنەوەی ڕزگاری کورد مستەفا بارزانی چەند جارێك ئامانجەکانی شۆڕشی گەلی کوردیان ڕاگەیاندووە و شرۆڤەیان کردووە، بەڵام بەشێك لە عەرەب لە کۆماری عێراق و چەندین گرووپی سیاسیش لە دەرەوەی عێراق لەو ئامانجانە بێ ئاگابوون .

جگە لەوەش چەندین بازنەی عەرەبی و بیانی سەبارەت بە شۆڕش و ئامانجەکانی، هەواڵی درۆی وەرگیراو لە ڕاگەیاندنی سەرکردایەتی عێراقیان بڵاودەکردەوە کە پروپاگەندە و درۆی هەڵبەستراو بوون، زۆر جێگای داخە ڕاستیەکانی هەڵوێستی پارتی دیار نەخران، ئەمەش نەك لەبەر بە هێزی یان لاوازی ڕاگەیاندنەکانی پ.د.ك، بەڵکو بەهۆی هەڵوێستی ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەوە بوو کە کردارەکانیان پێچەوانەی گوفتارەکانیا بوو بەرامبەر بە مافی چارەی خۆنووسین و دروشمی برایەتی کورد و عەرەب بۆ یەکێتی عێراق و هێنانەدی ڕژێمێکی دیموکراسی، واتە دروشمەکانی پارت و ڕێکخراوە عێراقیەکان لە بنەڕەتدا لەگشت بارودۆخێکدا نەگۆڕبوو.

ئەگەر ئەو پارتە دیموکراتی و نەتەوەییانە و ڕێکخراوە عێراقیەکان ئەرکی عادیلانەی خۆیان ئەنجام دابا بەرامبەر بەو شۆڕشەی لە کوردستان بەرپا ببوو دژی تاریکی و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر، ئەوا بەخشینی زانیاری بە گرووپە عەرەبی و ڕاستکردنەوەی بۆچوونەکانی کۆمەڵگای جیهانی سەبارەت بە ئامانجەکانی شۆڕشی ئاسانتر دەکرد و تێدەگەیشتن کە بەجێبەجێکردن و هێنانەدی ئەو ئامانجانە بۆ گەلانی کورد و عەرەب ئەوە نەهامەتی و پێکدادان لەگەڵ کورد ڕوویندەدا، بەڵام ئەو پارت و ڕێکخراوانە کەمتەرخەمی و نەرمیان نواند، لە پرسی کورددا، هەڵوێستیان لەنێوان بێلایەنی و پشتیوانی لاواز بەرامبەر ئەو دڕندایەتییە و ڕازیبونیان بە هەڵبژاردنی بێدەنگی، لەو بارودۆخەدا ئەو قورسایی و

گرانـاییەی لەسـەر شـانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بـوو ئەوەنـدەی تـر زۆر کـرد و بەرپرسیاریەتی زیاتر بـوو لـە بـەردەوامبوونی شرۆڤـەکردنی ئامانجـەکانی شـۆڕش و لـەکاری بەرێوەچوونی خەباتی چەکداری گەلی کورد بە پشتیوانی گەلی عەرەب کە بێگومـان لـەگەڵ گەلی کـورد بەشـداری لـەو خەباتـەدا دەکـات، برایـەتی گـەلانی کـورد و ئەو عـەرەبانەی کە نەگەیشتوون بە دیموکراسی، ئازادی و ئاشتی و خێروخۆشی، واتە بۆ ئەو شـتەی کە هـەردوو لا هەوڵی بۆ دەدەن.

قاسـم لەڕۆژی ٢٣ی ئەیلـوولی سـاڵی ١٩٦١، لە کۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانیـدا سـەبارەت بە ئامانجەکانی شۆڕش و هێزە بزوێنەرەکەی ئەمەی ڕایگەیاند:

"ڕۆژنامەنووسـانی بـەڕێز، مـن داوام لە ئێـوە کـرد، ئـەمڕۆ چاومـان بەیـەکتری بکـەوێت، بـۆئەوەی پێتـان ڕابگـەینم کە تـوانیمان بەسـەر ترسـناکترین یـاخیبوونی ئیمپریـالیزمی کە وڵاتەکەمانی خستبووە ژێر مەترسییەوە زاڵبین.

ئێمە بەڵگەمان هەیە کە لەپشـت ئەو جووڵانەوەیـە ئینگلیـز دەسـتی هـەبووە، هـەروەها بـاڵیۆزی ئینگلیـز و بـەکرێگیراوەکانی نزیکـەی نیـو ملیـۆن دیناریـان خـەرج کردبـوو بـۆ فراوانکردنی ئەو دەستدرێژی و چالاکییە دوژمنکارییە.

دەتوانین سەرکوتکردنی ئەم یاخیبوونە وەك سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمـووز لـە قەڵـەم بـدەین. ئەو جوڵانـەویە مەترسـیدارە، بـەهۆی ئەم جوڵانەوەیـەوە ئیمپریـالیزم هـەوڵی دابەشـکردنی وڵاتەکـەمانی دا و هەوڵیـدا سـەربەخۆیی ببەخشـێت بە کوردسـتان، هـەروەك چـۆن سـەربەخۆییدا بە کوێـت[1]، بـەڵام کـوردە بەشـەرەفەکان پارێزگاریـان لە کۆمـار کـرد و ڕزگاریان کرد.

بە ڕۆڵەکانی گەل بڵێن کە ئەم جوڵانەوەیە، جوداخوازییە و ئینگلیـز پاڵپشـتیانە و ئـەمریکا پشـتگیریان لـێ دەکـات، ئـێمە بەڵگـەی ڕاسـتەقینەمان هـەیە کە ڕێگامـان پـێ دەدات ئەو کەسەی پشتی ئەم جوڵانەوەیە دەگرێت بە تاوانبار هەژمار بکەین".

قاسم و چاپەمەنییەکانی چەندین جار ئاماژەیان بەوە کردووە، پارتی دیموکراتی کوردستان هـەوڵی داوە ئەو کوردسـتانەی کـەوتووەتە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق جیـا بکاتـەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ دامـەزرێنێت، ئەو پڕوپاگەنـدە ناڕاسـتانە بـۆ هـەموو کەسـێك دوای ئەوەی ئاشنابوون لەگەڵ کێشەکە ئاشکرا بوو، هەرچەندە ئیمپریالیستەکان نیگـەران بـوون و

١ لێرەدا قاسم ئەم گرووپانە بە "جاش" ناودەبات.

ڕقیان لەو بارودۆخە بوو، بەتایبەت کە عێراق لەژێر ڕکێفی ئەوان دەرچووبوو. پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئیمپریالیستی دژە گەل و دیموکراسییەت لەلایەن قاسمەوە وای لە ئیمپریالیزم کرد بەردەوام هیوای گێڕانەوەی ئەوەی هەبێت کە لەدەستی چووە، جگە لەوەش چاوخشاندنەوەیەک بە نەخشەی کوردستان و دەستنیشانکردنی ناوچەکانی بەسە بۆئەوەی کەسی چاودێر بزانێت ئیمپریالیزم بەرژەوەندی باڵای لەوێدایە و تا ئەوە تێبگات کە شۆڕشی ١٤ی تەمووز زۆر کاری نەگونجا و خراپتر لە جارانی ئەنجام داوە.

ئیمپریالیزم کە ماسی لە ئاوی لێڵدا دەگرێت، هەڵپەی ئەوەی بوو ئاو لە کوردستان لێڵ بکات و بارودۆخ لەو ناوچەیە ئاڵۆز بکات، زیاتر لەوەی پەیوەندی ناڕاستەوخۆی بە کێشەی کوردەوە هەبێ وەك حکومەت پڕوپاگەندەی بۆ دەکرد. تەواوی داخوازییەکانی کورد و ئەوەی هەوڵی بۆ دەدا لە پێناو سوککردنی نەهامەتی و چەوساندنەوە و دابینکردنی چەند ماف و بەهایەکی گشتی مرۆڤ بوو. ئیمپریالیستەکان بە کۆمۆنیستەکانیان ڕاگەیاند کە هیچ جیاوازییەك لە نێوان کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی ڕزگاری کورد نییە. ئیمپریالیزم نەیانتوانی بینەری ئەوەبێت کە کورد هەوڵی بۆ دەدات و پێی وابوو ئەمانە چەند مافێکی سادەن لە لایەن ئیمپریالیزم دەدرێن و پارێزگاریشیان لێ دەکرێت، هەڵوێستە دڕندانەکەی ئیمپریالیزم سەبارەت بە شۆڕشی کورد کە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی سەربە ئیمپریالیست بڵاودەکرانەوە، باشترین سەلمێنەری ڕاستی ڕاگەیاندنەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون. ئەم تاقم و دەستەیە چەند بەیاننامەیەکیان لەبارەی شۆڕشەوە لە چاپدا و سنووریان بۆ ئەو درۆ هەڵبەستراوانەی پروپاگەندەی قاسمی و خودی قاسم دانا.

ئەوان بەهەموو شێوەیەك دژی بڵاوبوونەوەی ڕاستیەکان سەبارەت بە شۆڕش و ئامانج و پرەنسیپەکانی ڕاوەستان کە لەسەر لاپەڕەکانی هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی وڵاتانی ئیمپریالیست بەرچاو دەکەوتن. لە بانگەوازێك بۆ گەلی عێراق، بە بۆنەی یەکەم ساڵی یادی شۆڕش لە کوردستان، مستەفا بارزانی ئاماژەی بۆ ئەم بارودۆخە کرد و ئەمەی خوارەوەی ڕاگەیاند:

"قاسم فێرە ئێمە بە بەکرێگیراوی ئیمپریالیست و کلکی ئیمپریالیزم ناوببات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئیمپریالیستەکان بە چەك و پارە هاوکاری ئێمە دەکەن.

ئەوان گرفتیان لە بەردەم گەل دروست دەکرد کە هەنگاوی دەنا، تا بەرەو پێشەوە بچێت و پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوە و بوژاندنەوە بەدەست بهێنێت، ئێمە ئەو پارەیەمان نییە، جگە لەوەی کە گەلە هەژارەکەمان پێمانی دەدات و لەکاتێکدا خۆی زۆر پێویستی پێیەتی،

هەروەها ئێمە ئەو چەکەمان نییە جگە لەو دەستکەوتانەی هێزەکانمان دەستیان بەسەردا دەگرت، ئەوەش لەلایەن ڕۆڵەکانی گەلەکەمانەوە کە ڕیزەکانی قاسمیان بەجێ دەهێشت، دەستمان دەکەوت.

ئەگەر ئێمە ئەوکات ئەو بڕە چەك و پارەیەمان هەبووایە، هەروەك ئەوەی دەسەڵاتداران باسی لێوەدەکەن، ئەوا گەلی عێراق ئێستا تووشی ئەم فێڵباز و درۆزنانە نەدەبوو.

لەسەروو هەموو ئەمانەوە، ئێمە ئامادەین شاندێك کە لەلایەن گەلەوە بێت، پێشوازی لێ بکەین و سەلامەتیان دابین بکەین و ئاسانکارییان بۆ بکەین، تا خۆیان بارودۆخەکە ببینن و هەڵی بسەنگێنن و ڕوونی بکەنەوە کە ئایا ئەو هەموو درۆیەی قاسم دژی ئێمە هەڵیبەستاوە تا چەند ڕاستە"[1].

بەم شێوەیە بارزانی هەموو درۆ هەڵبەستراوەکانی قاسمی بە درۆ خستەوە و چارەسەرێکی بۆ کێشەکانی گەل خستەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە گەل مافی چارەسەرکردنی و تاوتوێکردنی گرفتەکانی هەیە و ئەوەی ڕوونکردەوە کە تا چ ڕاددەیەك ئەو تاوانانەی خراونەتە پاڵ گەلی کورد ڕاستن، سەلماندنی ئەوەش بە ڕێگای ناردنی شاندێکە بۆ کوردستان کە بەشێکی کۆماری عێراقە، کۆماری کورد و عەرەب.

بە وردبوونەوە لەو هەڵوێستەی بارزانی کە داوای ناردنی شاندی گەلی کردبوو بۆ کوردستان، دەبینن مەبەست لەمە ئەوەبوو تا درۆکانی قاسم پووچەڵ بکاتەوە، هەرچەندە بەدرۆخستنەوەی پروپاگەندەکان، کارێکی زۆر گران نەبوو. لە ڕاستیدا بارزانی بەدوای ئامانجێکی بەرزتر و بەسوودتردا دەچوو، ئەویش بەدیارخستنی پەیوەندی هەمیشەیی و خەباتی هاوبەش و دۆستانەی نێوان هەردوو گەلی برا و پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانە بە مەبەستی ئەوەی بتوانرێت چی زووترە کۆتایی بە ڕژێمی دیکتاتۆری قاسم بهێنرێت و هاوولاتیانی کۆماری عێراق بە ئاواتەکانیان بگەن لە دیموکراسی و ئاشتی و ئارامی.

سەبارەت بە تۆمەتی جوداخوازی لە بانگەوازێکی بارزانی بەم شێوەیە باسی لێوەکراوە:

"ئێمە بە جوداخواز تاوانبار دەکەن، لەو تۆمەتەیان مەبەستیان ئەوەیە وا لەخەڵکی بگەیەنن کە کوردستان جیا دەکەنەوە لە کۆماری عێراق و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ بە سەرۆکایەتی من (واتە بارزانی). ئەم تاوانبارکردنە هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

درۆ بووە، لە لایەکەوە هیچ کەسێك لە بەشداربووانی شۆڕش لەم بارەیەوە هیچ ڕایەکی دەرنەبڕیوە و بەدوای ئەو جۆرە ئامانجەدا نەچووە، لە لایەکی ترەوە پارتیمان پارتی دیموکراتی کوردستان کە ئەو شۆڕشەی ڕێکخستووە و پێشەوایی دەکات، زۆر ئاشکرایە و ئامانجەکانی ڕوونن، هەروەك لە پرۆگرامەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە. هەر کەسێك بە وردی ئاشنا بێ لەگەڵ ئەو پرۆگرامە، ئەوە بەدی دەکات کە پارتیمان گشت ئەندامەکانی خۆی ناچار دەکات، دژی جوداخوازی خەبات بکەن و ئەو خەباتەش بریتییە لە یەکێك لە ئەرکەکانی ئەندامانی پارتی، ئەمە هەمووی بڕوایەکی چەسپاوە کە ئەو درۆ و تاوانبارکردنە پووچەڵ دەکاتەوە، پارتیمان داوای جیابوونەوەی کوردستانی لە عێراق نەکردووە، تەنانەت لە سەردەمی دروستبوونی ڕژێمی پاشایی سەربە ئیمپریالیزمیشدا لە عێراق ئەو داواکارییە نەکراوە، ئەوەبوو دوای دەستپێکردنی شۆڕش، پارتی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لەو بابەتە هەڵوێستی نەگۆڕە".

بارزانی بەردەوام دەبێت لە وەڵامی ئەو تاوانبارکردنە بێ بنەمایانە و دەڵێت:

"ئەوەی تایبەتە بەخودی خۆمەوە، ئەوە من یەکێکم لەو جەنگاوەرە دێرینانەی خەبات لەپێناو برایەتی کورد و عەرەب دەکەن، من شانازیم بەوە کردووە و دەیکەم.

حەڤدە ساڵ لەمەوبەر چەند گورزێکم لەوانی پێش قاسم وەشاند، واتە ئەوانەی پێش قاسم دەسەڵاتدار بوون، ئەوکاتیش ئەوان بەهەمان تۆمەت منیان تاوانبار دەکرد، من پەردەم لەسەر هەموو درۆکانیان هەڵماڵی بەهۆی شاندی گەلەوە کە هاتبوونە لام". بارزانی دەڵێ: "من دژی گەلی عێراق خەباتم نەکردووە و ناشیکەم کە خۆم یەکێکم لە نوێنەرەکانیان، من شەڕم کردووە و دەیکەم لەگەل ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستە قین لە دڵەکان کە خوێنی گەلەکەم دەڕژن و پیرۆزی نیشتمانەکەم پێشێل دەکەن، من ڕوو لە گەلی عەرەب و هەروەها لە گەلی کورد دەکەم، بۆئەوەی هێزەکانیان یەك بخەن لە خەباتیان دژبە دوژمنی سەرەکیمان کە ئیمپریالیزم و کلکەکانییەتی.

بەو جۆرەش خەباتی دوورودرێژ لەپێناو کورد و عەرەب، باشترین بە درۆخستنەوەی درۆ و بۆختانەکانی قاسم و کلکەکانییەتی"[١].

کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ك ڕۆژی ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٩٦١ لە بڕیارێکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پارتی بڕیاری داوە لە خەبات بەردەوام دەبێ لەپێناو پاراستنی یەکێتی عێراق و

١ هەمان سەرچاوە.

متمانەی بەو یەکێتیە هەیە کە مافەکانی ئازادی و دیموکراتی جەماوەری فراوانی گەلانی عێراق لە سایەی ڕژێمێکی دیموکراتیدا زامن دەکات، ئەو ڕژێمەی کە سیاسەتی نیشتمانپەروەرانە و ئاشتیخوازانەی دژە ئیمپریالیزم لە سیاسەتی دەرەوەدا پەیڕەو دەکات.

پارتی دیموکراتی کوردستان وای بۆ دەچێت کە دامەزراندنی ئەو جۆرە ڕژێمە هەلومەرجی پشتیوانیکردن و پێشخستنی یەکێتی کورد و عەرەب دەڕەخسێنێ و یەکێتی دۆستانەی عێراق پتەو دەکات.

کۆمیتەی ناوەندی ڕایدەگەینێ کە پارتی دیموکراتی کوردستان دوای بیری جوداخوازی ناکەوێت و لەوەش زیاتر دژی بوونی هەرجۆرە ڕێچکەیەکی جوداخوازییە لەناو بزووتنەوەی کورددا، پ.د.ك خۆی نایەوێت پاساو بێنێتەوە بۆ خەڵکانێك کە تاوانی پیس ناونیشانیانە، یان هەوڵی بەهەڵەبردنی برا عەرەبەکان و گەلانی تر بدات، پارتی لەم ڕووەوە پێیوایە نەك لەبەرئەوەی دەترسێت ئەو جۆرە تاوانانەی بخەنەپاڵ، بەڵکو لەبەرئەوەی جیابوونەوە تەنیا بریتی نییە لە بڕیارێکی سەرەڕۆیانە، هەنگاوێک نییە کە بە موتڵەقی تەمجید یان مەحکوم بکرێت، بەوپێیەی ئەمە بە بارودۆخەوە بەندە، دەکرێت جیابوونەوە هەنگاوێکی یەکجار ئاشتییانە و بەسوود بێت، یان بە پێچەوانەوە زیانبەخشبێت و ئەنجامی نەگەتیڤی لێبکەوێتەوە.

لەلایەکی ترەوە پ.د.ك وای بۆ دەچێ کە عەرەبی برا و گەلانی تر ئەوەندە ساویلکە نەبن تا بتوانرێت بەهەڵەدا ببرێن یان هەڵیان خەڵەتێنن. ئەوان بێگومان دەزانن دابەشکردن، واتە جیاکردنەوەی گەلێك لە گەلێکی تر و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کە پشت بە مافی چارەنووسی گەلان ببەستێت. لەهەمان کاتدا کاتێك بڕیاری کورد پێکەوەژیان بێت لەگەڵ گەلی عەرەب لە چوارچێوەی یەك دەوڵەتدا کە عێراقە، ئەوە بریتییە لە جۆرێکی تری جیاوازی هێنانەدی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان لە سادەترین شێوەدا. گەلی کورد داوای دابەشکردن ناکات، بەڵام داواکاری جێبەجێکردنی ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق. سەبارەت بەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەترسێت بە ئاشکرا داخوازی و خواستەکانی بۆ ئەوکاتە هەڵگرێت، ئەمە بە کارێکی نابەجێ لەسەر خۆی دەزانێت، چونکە ئەو کەسەی دەستیدایە چەك و ژیانی لەپێناو ئەو مافانە بەخت کرد کە لێی زەوت کراوە، لەو جۆرە ڕەخنانەش ناترسێت.

لە ڕاستیدا قاسم خۆی پاڵی بە کوردەوە نا بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش، بەهۆی ئەو سیاسەتە دوژمنکارییەی بەرامبەر کورد هەیبوو و پاشگەزبوونەوەی لەو بەڵێنانەی لەبارەی

مافەکانیانەوە پێیانی دابوو، ئەمە بزووتنەوەیەکی تەواو ناوخۆییە و پەیوەندی بە بەشەکانی تری کوردستانەوە نییە. جگە لەو پەیوەندییە سروشتییەی لەو ڕاستیەوە سەرچاوە دەگرێت کە هەموو کوردێک خۆی بە نوێنەری گەلێک دەزانێت، هەربۆیەش ئەم بزووتنەوەیە تایبەتە بەو بەشەی کە کوردستانی عێراقی پێ دەوترێت و گەلی کورد هیچ یارمەتییەکی لە دەرەوەی ئەو سنوورە پێ نەگەیشتووە، ئەوان لەو شۆڕشەیان هیچ ئامانجێکی تریان نییە، جگە لە لەنێوبردنی دیکاتۆریەتی قاسم و هێنانە کایەوەی ڕژێمێکی دیموکراتی لە عێراق و دابینکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، واتە گەلی کورد بەدوای ئەو ئامانجانەدا دەچێت کە پەیوەندی بەگشت گەلی عێراقەوە هەیە، دەبێ بگوترێت پەرەسەندنی بیری جوداخوازی لەنێو بزووتنەوەی بەرگری چەکداری کوردی کە لە لایەن بەشێکی زۆری نوێنەرانی گەلی کورد پشتیوانی لێدەکرێت، پەیوەندی بە کاردانەوەی گەلی عەرەبەوە هەیە بەرامبەر بە شۆڕش و مافەکانی گەلی کورد لە بارەی ئۆتۆنۆمییەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگریەتی و ڕێکخەر و پێشڕەوی بزووتنەوەی بەرگرییە لە کوردستان.

لای هەمووان ئاشکرایە، شۆڕشی جەزائیر لە سەرەتای هەڵگیرساندنییەوە لە ساڵی ١٩٥٤، دروشمی جیابوونەوەی تەواوی لە فەڕەنسا بەرز کردەوە. سەرکردەکانی ئەو شۆڕشە دەیانگوت، ئۆتۆنۆمییەکیان دەوێ بۆ جەزائیر کە زامنی پێشکەوتنی بکات، بەڵام هەڵوێستی فەڕەنسا و خۆ بەزاڵ زانین و دڕندایەتییەکەی وایان لە جەزائیریەکان کرد بۆچوونی خۆیان بگۆڕن. ئەوان تێگەیشتن کە تاکە ڕێگەچارەیەك بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە، جیابوونەوەی تەواوی جەزائیرە لە فەڕەنسا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی جەزائیری سەربەخۆیە. گەلی جەزائیر بڕیاریاندا هەوڵ بۆ ئەوە بدەن و جوانترین نموونەی گیانفیدایی و قارەمانییەتی نیشانی جیهان بدەن و ئامانجەکانیان سەرەڕای هەموو ئەو زەحمەتی و ڕەفتارە دڕندانەیەی کۆلۆنیالیزم بەدیبهێنن. ئەمەش ڕاستە کە لەنێو نوێنەرانی گەلی کوردی بێبەشکراو لە گشت مافە سیاسی و نەتەوەییەکان، لە سەردەمێک کە گەلان لە هیچەوە پێدەگەن و سەربەخۆیی بەدەست دێنن، خەڵکانێك هەن بڕوایان بەوە هەیە کە کوردیش دەبێت بەتەواوی مافەکانی خۆی بگات، بەتایبەت مافی ئازادی و سەربەخۆیی وەك هەموو گەلانی جیهان.

ئەگەر نەتەوەپەرستانی عەرەب بەردەوام بن لە بەرزکردنەوەی دروشمی (کورد بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب) کە دروستکراوی حکومەتەکەی قاسم بوو و لەبەندی دووەمی دەستووری کاتیدا ئاماژەی پێ کراوە[1]، ئەوا گەلی کورد ڕقی لێ دەبێتەوە هەروەك چۆن گەلی جەزائیر

١ هەمان سەرچاوە.

ڕقیان لە دروشمی (جەزائیر فەڕەنسیە) دەبووەوە، لەم ئەگەرەدا پەیوەندی برایەتی نێوان هەردوو گەل بەرەو خراپی دەچێت و هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان لاواز دەبێت کە بانگەشەی پاراستنی یەکێتی عێراق دەکات لەسەر بنەمای ڕژێمێکی دیموکراتی پەرلەمانی کە ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی بۆ گەلی کوردستان دابین بکات.

ئەم جۆرە بارودۆخە گەلی کورد و عەرەب لەیەك جیا دەکاتەوە و مەینەتی و ئازاری گەلانی کورد و عەرەب زیاتر دەکات و کار دەکاتە سەر پێشکەوتن و گەشانەوەی وڵات.

ئەگەر هیچ کەسێك نەیدیبێ و بێزار نەبووبێ لەو بارودۆخە، ئەوە سەرکردەکانی سوریا هەستیان بە مەترسی نەمانی نەتەوەی سوریا کرد لە کۆماری عەرەبی یەکگرتوودا کە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی سوریا لەو کۆمارەدا جیاببێتەوە و ئەو یەکگرتنە هەڵوەشێنێتەوە کە هەموو عەرەب خەونی پێوە دەبینی، بۆیە دەپرسین ئایا کارێکی دروستە گەلی کورد بەرەنگاری سیاسەتی تواندنەوە لەناو عەرەب و نەهێشتنی ببێتەوە، داخۆ داخوازی کورد بۆ دەستەبەرکردنی مافە سەرەتاییەکانی، تاوانێکی بێ وێنە و نەفسنزمی و خیانەتە؟

کەواتە کورد و عەرەب ئەو دوو گەلەن کە لە پەیدابوونیانەوە و لە ئێستا و بەدواوەش جیاوازن؟!

ئایا پەسەندە نکوڵی لە بچووکترین ماف لە مافەکان و بەها مرۆڤایەتیەکانی کورد بکرێ؟ کورد لە چوارچێوەیەکی عەرەبیدا دابنرێ، بابەتێک کە سوریا و چەندین وڵاتی عەرەب بە مەرجێکی پێویستیان دادەنا بۆ یەکبوون و یەکگرتن بۆ گەلێك واتە بۆ عەرەبەکان؟

بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەم مەسەلەیە، چەند وتەیەك لە وتەکانی نێردراوی مستەفا بارزانی وەردەگرین، ئەو وتانە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی پوختەی ئەو بابەتانەی باسمان لێوەکرد و درووژاندومانە بۆمان دەخاتەڕوو:

"من دەمویست زۆر بە ڕوونی پێتان ڕابگەیەنم، ئەگەر ئێمە دابەشبوون و جیابوونەوە ڕەت دەکەینەوە، ئەوە لەبەرئەوە نییە کە مەبەستمانە کەسێك هەڵبخەڵەتێنین یان لە ترسی کەسێك بێت، هەروەها ئەوەش ناگەیەنێت واز لەمافی چارەی خۆنووسین دەهێنین و کورد نایەوێ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات، واتە ئەو مافانە بەدەستبهێنی کە ئێمە لێی بێبەشین، من دەتوانم زۆر بە ڕاشکاوی و دڵنیاییەوە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە بزووتنەوەکەمان ئامانجی دابەشکردن و جیابوونەوەی کورد لە کۆماری عێراق و لێکترازاندنی یەکێتی کورد و عەرەب نییە، بەپێچەوانەوە ئێمە لەپێش هەموو کەسێك هەوڵی پتەوکردنی

ئەو یەکێتیە و بەهێزکردنی دەدەین، بە ڕێگەی پێکهێنانی ڕژێمێکی پەرلەمانی دیموکراتی کە لە سایەیدا گەلی عێراق سوود لە هەموو ماف و ئازادییەکان و دیموکراسی وەردەگرێت، ئەو جۆرە ڕژێمە مافە نەتەوەییەکان بۆ گەلی کورد زامن دەکات و کارێك دەکات هەمان مافی دەبێت لەگەڵ گەلی عەرەبی شەریکدا و کۆتایی بەگشت ناڕەوایی و تاریکیەك دێنێت"[1].

دوای ئەوەی ئاشنابووین بە خەسڵەت و ئامانجەکانی شۆڕش، چەند پرسیارێك دێتە گۆڕێ بە چ شێوەیەك گەلی عێراق دەتوانێت بگات بەو ئامانجە دیموکراتیانە، ئایا گەلی کورد مافە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی بەدەستدەهێنێ؟

ئایا شۆڕشی کورد بۆ خۆی دەتوانێت بگات بەو ئامانجانە؟ پارتی دیموکراتی کوردستان وا مەزەندە دەکات کە بەدیهێنانی هەموو ئەمانە پابەندە بە خەباتی گەلی کورد، لە هەلومەرجی بوونی بەرەیەکی نەتەوەیی یەکگرتوودا.

بۆ شرۆڤەکردنی ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدات، جارێکی تر ڕۆژنامەی (طريق الشعب)، جەخت لەوە دەکاتەوە کە گرنگترین کێشە، دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوەیی یەکگرتووی فراوانە، بۆئەوەی کۆتایی بە دەسەڵاتی تاکڕەوی بهێنرێت، ڕژێمێکی پەرلەمانی دیموکراتی پێکبهێنرێت و داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی کورد زامن بکرێت[2].

پارتی دیموکراتی کوردستان وای مەزندەکردووە و دەیکات کە ئەو فاکتەرانەی پێویستن بۆ سەرکەوتنی دیموکراسی لە عێراق و هاتنەدی ئاواتە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کۆماری عێراقی ئازاد بریتین لە:

"پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کە تێیدا گشت نەیارەکانی دیکتاتۆریەت و کۆنەپەرستی یەکیان گرتبێ و لە ژمارەیەك لە نیشتمانپەروەران و پێشکەوتووخوازان و خاوەن ڕەوشتی، کورد و عەرەب پێکهاتبێ.

پێویستە خەباتی چەکداریی شۆڕشگێڕیی گەلی کورد بەهێز بکرێ، تا ئەوکاتەی دەستە و تاقمەکانی کۆنەپەرستی بەردەوام بن لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی تیرۆر.

بێگومان ئەمەش وا دەخوازێ برەو بە سوپای کوردستان بدرێ و گەشە بە تواناکانی بدرێ و ژمارەی سەرباز و چەکدارەکانی زیاد بکرێ، هەروەها لەلایەن هێزە دیموکراتییەکانەوە پشتیوانی لە خەباتی کورد بکرێ. هاوکاری و پشتیوانی گەل و ڕێکخراوە ئازادیخواز و

---

١ ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٦٨، تشرینی یەکەمی ١٩٦٢.
٢ گۆڤاری "پرۆبلێم میرا ئی ساتسیالیزما"، ژمارە ٣، ساڵی ١٩٦٢.

دیموکراتییه نێودەوڵەتیەکان بۆ خەباتی گەلی عێراق بەگشتی و شۆڕشی کورد بەتایبەتی، بەدەستبهێنرێ.

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی کە چ هەڵوێستێك بەرامبەر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم بگیرێتە بەر، پارتی ئەم وەڵامەی دایەوە:

"عەبدولکەریم قاسم گشت پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گەل پچڕاندووە و جەنگی لەگەڵ گشت پارتەکان ڕاگەیاندووە و لە پارتی کۆمۆنیستی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێکرد، بەمەش کۆتایی بە دیموکراتیی نەتەوەیی و تەنانەت نەتەوەیی پێشکەوتووخوازیش هێناوە. لەوەش زیاتر ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم لەژێر سایەی ئیمپریالیزم و دیکتاتۆریەتی دڕندانەدا مایەوە و بڕوای تەواوی بە کۆمەڵە خەڵکێك هێنا کە ئامادەبوون خزمەتی هەر کەسێك بکەن پارەیان بداتێ.

بۆیەش ڕژێمی عەبدولکەریم قاسم زۆر لاواز بوو، دەسەڵاتەکەی وەك دارێك وابوو کە قەدە وشك و بەرزەکەی بە ئاسماندا بەرزبووبێتەوە، ڕەشەبایەکیش دەیهێنێ و دەیبا، بۆئەوەی بیخات.

بەردەوام بوونی ئەم ڕژێمە مەحاڵە و بەهیچ شێوەیەك نەدەبوو پارێزگاری لەو ڕژێمە دیکتاتۆرە بکرێت و لە مردن ڕزگار بکرێ.

نەدەکرا چاوەڕوانی ئەو شتە سەیرە بکرێت و بە ئاواتی ئەوەبین عەبدولکەریم قاسم واز لەو سیاسەتە تاکڕەوییەی خۆی بهێنێ، بەهۆش خۆیدا بێتەوە و بگەڕێتەوە باوەشی گەل کە لێی دابڕابوو و داخوازییەکانی گەل جێبەجێ بکات. ئەزموونی عێراقیەکان لە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ قاسم، بڕوای بەوان هێناوە کە قاسم خائین و دیکتاتۆرێکە هەرگیز ناکرێت بڕوای پێ بکرێت.

سەبارەت بەدەسەڵات لە عێراقدا، ئەوە هێزە دیموکراتییەکان نەیاندەتوانی چاوەڕێی چارەنووس بکەن، بۆیە خۆیان هاتنە مەیدان، تا بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەل بەسەختی خەبات بکەن و تێبکۆشن، بەتایبەت کە هەست بەوە دەکرێ هێزە شۆڤێنی، ئیمپریالیست و کۆنەپەرستەکان هەڵپەی دەسەڵاتیانە و خۆیان بۆ کودەتایەکی سەربازی ئامادەدەکەن.

خەباتی سیاسی ئاشتیانەی جەماوەری گەل، بەس نەبوو بۆئەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری لەناو بەرێت، کاتێك ئەو دیکتاتۆرە نەك هەر بواری مومارەسەکردنی خەباتی سیاسی ئاشتیانە و

ئاشکرای نەهێشتبووەوە، بەڵکو دەستی کردبوو بە پیلانگێڕان، خیانـەت و کوشـتن و تەنانـەت بەگژداچوونی نوێنەرانی گەلیشەوە[1].

لە وڵات نەدەتوانرا بەئاشکرا خەباتی سیاسی پیادەبکرێت، چونکە قاسـم بـە هێـزی چـەك دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو، لەهـەمان کاتـدا لە کوردسـتاندا شـۆڕش بـەڕێوەدەچوو و قاسـم هەوڵی سەرکوتکردنی دەدا.

کـەواتە لـەم بـارودۆخە چ ڕێگـایەک دەمێنێـتەوە؟ تـاکە ڕێگەچـارە بـۆ دەربـازبوون لـەم بارودۆخە بریتی بوو لە یـەکگرتنی خـەباتی چەکـداری شۆڕشـگێڕی لـەگەڵ خـەباتی سیاسـی ئاشتیانەی جەماوەر، دیکتاتۆریەت لەناو ببردرێت، بەر لـەوەی کۆنەپەرسـتان و خـەڵکانی تـر ئەوە ئەنجامە بپێکن و دەستپێشخەری بکەن[2].

ڕاستیەکان، ڕاستی و دروستی هێڵ و چالاکییـەکانی کـۆمیتەی ناوەنـدی پـارتی دیمـوکراتی کرودستان دەیسەلمێنن کە بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشـتمانی هێـزە نیشـتمانپەروەرەکان و دیموکراتییەکان ئاراستەکرابوو، لەپێناو گەیشتن بەو ئامانجانەی دەستنیشان کرابوون.

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئاداری ساڵی ١٩٦٢، داوای لە گشت پارتە دیموکراتی و نیشتمانپەروەرە عێراقیەکان کـرد، تـا پشـتگیری لە شۆڕشـی ڕزگـاریخوازی کـورد بکەن و لەگەڵیدا بن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتوو، بـۆ گەیشـتن و بـەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل، نەك لەبەرئەوەی ئەوە تاکە ڕێگایەکی ڕاستە و بـەو ڕێگایـەدا دەتوانرێـت پارێزگـاری لـە سـەربەخۆیی نەتـەوەیی بکرێـت لـە مەترسـی تازەکردنـەوەی دەسـەڵاتی ئیمپریالیست لـە وڵاتـدا و دامەزرانـدنی ڕژێمـی دیمـوکراتی کە زامنـی ئاسـایش و ئـازادی و ژیانێکی شەرەفمەندانەی گـەل بکـات، بـەڵکو لەبـەرئەوەی ئەوە تـاکە ڕێگـای پەسـەندە بـۆ پێکهێنانی یەکێتیەکی بەهێزی نێوان کـورد و عـەرەب لە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراقـدا و بـۆ زامنکردنی یەکپارچەیی عێراق و ئاوەدانکردنەوەی.

لە داواکارییەکەی مەکتـەبی سیاسـیدا چەنـد ئامانجێـك خرابـووەڕوو کە دەتـوانرا بکـرێتە پەیماننامەی بەرەی نیشتمانی، گرنگترینی ئەو ئامانجانە بریتین لەخەبات بۆ:

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٢.
٢ هەمان سەرچاوە.

"پاراستنی سەربەخۆیی نەتەوەیی، دامەزراندنی ڕژێمێکی پەرلەمانی دیموکراتی کە زامنـی گەڕانەوەی ئاسایش و ئـازادی و ژیـانێکی سـەربەرزانەی هاووڵاتیـانی بکـات، کاربکـات دژی هەوڵەکانی هینانە کایەوەی دیکتاتۆریەت.

پاراسـتنی یـەکێتی عێـراق بـەڕێگای دانـانی بنچینەیـەکی پتـەو کە زامنـی یەکسـانی مـافە نەتەوەییەکانی هەردوو گەلی کورد و عەرەب، واتە زامنی یەکسانی و هاریکاری بکات.

بوژاندنـــەوەی ئـــابووری وڵات کە لەوپەڕی خراپیـــدابوو، ئـــەمە دەکرێـــت لـــە ڕێگـــای بەرەنگاربوونەوەیەکی خێرا و دانانی پلان و کرداری بێ سەرکێشی و لەخۆباییبوون و خەبات دژ بەو سەرفکردنە ناماقووڵەی هەیە، هەروەها بە ڕێگای دانانی پلانی ئابووری بۆ چـاککردن و پێشخستنی کشتوکاڵ و بازرگـانی و دەسـتەبەرکردنی ئەو مافـانە بـۆ وڵات کە بە مۆنۆپـۆڵە نەوتییەکان بەخشـراوە و بە ڕێگـای بـەکارهێنان و سـوود وەرگرتنـی گـەلی کـورد لە سـامانە سروشـتیەکانی خـۆی، بـۆئەوەی لە هـەژاری و نەخۆشـی و دەسـتکورتی و نەخوێنـدەواری ڕزگاری بێت و دواڕۆژێکی چاك بۆ هەموو گەل دابین بکات.

هەروەها مەکتەبی سیاسی ئامـاژەی بـەوەکردووە (ئـەم ڕاگەیەنـراوە، وریـاکردنەوەیەکە و سوودی بۆ هەموو لایەک دەبێت، بەوپێیەی دەتـوانن ئەو کۆسـپ و تەگـەرانە لابەرن کە لـە ڕێگای یـەکگرتنی هێـزە پێشـکەوتنخوازەکاندایە، ئەمەش بە ڕێـگەی دامەزرانـدنی بەرەیـەکی یەکگرتووی نیشتمانی بەهێز).

ئێمە داوا لە گشت پارت و ڕێکخـراو و هاونیشـتمانییان دەکـەین، پشـتیوانی لـە بیرۆکـەی پێکهێنـانی بەرەیـەکی نیشـتمانی بکـەن، بـۆ هێنانـەدی ئامانجـەکانی گـەل و خـەبات دژی دیکتـاتۆرییەت، هـەروەها پشـتیوانیکردن لە شۆڕشـی گـەلی کـورد دژی تـاریکی و زوڵـم و زۆری"[1].

ئەنجامەکانی سیاسەتی نەتەوەیی ناماقوڵانەی حکومەتەکەی قاسم، ببووە هۆی ئاڵۆزبوونی تەواوی بارودۆخەکە لە وڵات.

ناوەنـدە دەسـەڵاتدارەکانی عێـراق، هەوڵیانـدەدا بـە نـەریتە کۆنـەکانیان بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کـورد سـەرکوت بکـەن، بـەڵام هەرزوو لەوە گەیشـتن کە ئەو ڕێگـایەی

١ ئەم ڕاگەیەنراوە لە ڕێکەوتی ١٦ی ئاداری ١٩٦٢ بۆ تەواوی لایەنە نیشـتمانپەروەرە عێراقییـەکان نێـردرا، دەقی تەواوی ڕاگەیەنراوەکەش لە ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە ٤٦٥، مانگی نیسانی ١٩٦٢ بڵاوکرایەوە.

هەڵیـانبژاردووە بـێ سـوودە، بـۆیە هێزەکـانی حکـومەت هەوڵیانـدا ڕاسـتەوخۆ ڕووبەڕووی هێزەکانی شۆڕش نەبنەوە.

جگە لەوەش، لەناو سوپا ناڕەزایەتی سەری هەڵـدا، چەنـد جارێـك یـەکە سـەربازییەکان لە بەشـداریکردن لە کـرداری سـەربازی دژی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی کـورد سـەرپێچیان کـرد. حکومـەت بە تونـدی وەڵامـی ئەوەی دایـەوە و دەسـتیکرد بە گـرتن و گواستنەوەی ئەفسەرەکان. لـە شـارەکان، بەتایبـەت لـە بەغـدا چەنـد جارێـك خۆپێشـاندانی نـاڕەزایەتی دژی سیاسـەتی نـاوخۆی حکومـەت بـەڕێوەچوو، خۆپێشـاندانەکان بە دروشـمی کۆتاییهێنان بە کرداری سەربازی لە کوردستانی عێراق بەڕێوەدەچوون.

حکومەتی قاسم هەوڵیدا ڕای گشتی چەواشە بکات و ڕاستیەکانی بـارودۆخ لە کوردسـتان، لـەو شـوێنەی کە خـوێنی گـەلانی کـورد و عـەرەب تـێکەڵاو ببـوو بشـارێتەوە. هێـزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق لە دڵەڕاوکێ و نائارامیدا بوون، لەسەر ئەو هێرشـە خوێناوییانـەی کوردستانی عێراقی گرتبووەوە.

پارتی کۆمۆنیستی عێراق داوای لە حکومەتی عێراق کرد چالاکییە سەربازییەکانی ڕابگرێت و کێشەی کورد بە ڕێگایەکی ئاشتیانە چارەسەر بکات.

چەندین کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق و نوێنەرانی ڕۆشنبیران یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی حکومەتی قاسم کرد، بەو هیوایەی کۆتایی بە شەڕی براکوژی بهێنێ.

بەشە پێشکەوتنخوازەکەی گەلی عێراق، بەتەواوی دژی سیاسـەتی کۆنەپەرسـتی دژە گـەل بـوون کە لەلایـەن حکومـەتی قاسـمەوە پـەیڕەو دەکـرا و پشـتیوانیان لە بـزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دەکرد.

## ٣- بەهێزکردن و پێشڤەبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق

لە بەشەکانی پێشوودا، سەرەتا و ئامانجەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ خرانە ڕوو و ڕوونکرانەوە، ئێستاش باس لە پێشکەوتنەکانی ئەو خەباتە دەکەین.

قۆناغی سەرەتای خەبات بۆ بزووتنەوەی کورد سوودبەخش نەبوو، چونکە حکومەتی عێراق گورزێکی لەناکاوی وەشاند و بزووتنەوەی کورد چاوەڕوانی هێرشێکی پڕ غەدری وەهای لە حکومەت نەدەکرد و خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەو هێرشە ئامادە نەکردبوو.

چەکدارە کوردەکان ڕووبەڕووی هێرشێکی دڕندانەی سوپای قاسم بوونەوە کە فڕۆکە و تانك و تۆپی قورسی تێدا بەکارهێنرابوو. سوپای حکومەت لە ئەنجامی هێرشە لەناکاوەکەی بەشێکی زۆری خاکی کوردستانی داگیرکرد و لە بارزان نزیکبوونەوە.

قاسم وای مەزندەکردبوو کە سەرکەوتنێکی بێوێنەی بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەدەستهێناوە، بەڵام زۆر هەڵە بوو.

ئەو هێرشە لەناکاوەی سوپای حکومەت وایکرد، کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی دابڕێت کە ئەوکات لە ناوچەی بارزان بوو. ئەوەبوو دوو بەرەی هاوتەریبی بەرگریکردنی هێزە کوردییەکان دامەزرێندران:

یەکەمیان بە فەرماندەیی سەرۆکی پارتی مستەفا بارزانی، لە ناوچەکانی: بارزان، زێبار، ڕێکانی، ئامێدی، دهۆك، زاخۆ. دووەمیان لە ناوچەکانی: سلێمانی، خانەقین هەولێر، کەرکووک بە فەرماندەیی سکرتێری یەکەمی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئیبراهیم ئەحمەد و هەروەها ئەندامی مەکتەبی سیاسی جەلال تاڵەبانی و عومەر مستەفا و نوری شاوەیس.

سەرەتا ژمارەی جەنگاوەران لەگشت شوێنەکان وەك پێویست نەبوو و لەڕووی چەکەوە بارودۆخیان خراپ بوو. لە پارێزگای سلێمانی و کەرکووک، ژمارەیان لە پەنجا کەس تێنەدەپەڕی و نیوەشیان چەکیان نەبوو. لە پارێزگای دیالەش ژمارەی پارتیزانەکان گەیشتبووە سی کەس، لە پارێزگای هەولێر ژمارەی نیشتمانپەرەوەکان گەیشتبووە دوو سەد کەس و هەموویان لە دوو مەفرەزەدا ڕێکخرابوون.

ئەم ژمارە کەم و لاوازەی هێزەکە بەرامبەر بە پێنج هەزار سەربازی سوپای ڕێکخراو کە فڕۆکە، تانك و تۆپ پشتیوانی لێ دەکرد، دەجەنگان. لەگەڵ ئەوەشدا یەکە پارتیزانە

قاره‌مانه‌کان، هه‌ردوو شارۆچکه‌ی چۆمان و گه‌لاڵه‌یان ئازادکرد و ده‌ستیان به‌سه‌ر چه‌ند خاڵێکی پۆلیس داگرت، به سه‌دان سه‌رباز له سوپای دوژمن کوژران که له پێشڕه‌ویدابوون.

به‌شێک له‌و پارتیزانانه، له ژێر کاریگه‌ری شۆڕشگێڕان و بارودۆخی له‌باری شۆڕش له وڵات و پشتگیری خه‌ڵک و حزب په‌یوه‌ندییان به مه‌فره‌زه‌کانه‌وه کردبوو، دواتر ژماره‌یان گه‌یشته هه‌زاران جه‌نگاوه‌ری پارتیزان.

کۆبوونه‌وه‌ی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی پارتی دیموکراتی کوردستان له ڕۆژانی ١٨ تا ٢٣ی کانوونی یه‌که‌می ساڵی ١٩٦١، پلانی ده‌ستپێکی ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌یه‌کی ڕێکوپێکی دانا.

کۆمیته‌ی ناوه‌ندی به وردی ده‌ستنیشانی ئامانجه‌کانی خه‌باتی کرد و پلانی فراوانکردن و پێشخستنی بۆ داڕشت.

هه‌ر له‌وێشدا پلانی دابه‌شکردنی یه‌که‌کان بۆ چه‌ند گرووپێك و پلانی ئۆپه‌راسیۆنی داهاتوو و شێوازی به‌رێوه‌چوون داڕێژرا، له‌گه‌ڵ ڕه‌چاوکردنی پلانێك بۆ ئه‌و زیادبوونه‌ی ژماره‌ی مه‌فره‌زه پارتیزانه‌کان و هه‌روه‌ها بۆ ڕێکخستنی گواستنه‌وه‌ی دانیشتووان، هه‌نگاوی پێویست بنرێت.

له‌م کۆبوونه‌وه‌یه، بوجه‌یه‌ک بۆ ئاماده‌کردنی پێداویستی چه‌ک و جلوبه‌رگی هێزه پارتیزانه‌کان بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی دوژمنێک ته‌رخانکرا که خۆی بۆ هێرشی به‌هاره ئاماده ده‌کرد، بۆئه‌وه‌ی هێرش بکاته سه‌ر هێزه‌کانی مسته‌فا بارزانی.

کۆمیته‌ی ناوه‌ندی، چه‌ند هه‌نگاوێکی نا، سه‌باره‌ت به فراوانکردنی جووڵانه‌وه‌ی پارتیزانی و فێرکردنیان و دروستکردنی په‌یوه‌ندی پته‌و له‌نێوان ئه‌وان و جووتیاران، ئه‌م هه‌موو کارانه ئامانج لێیان ئاماده‌کردنی مه‌فره‌زه پارتیزانه‌کان بوو بۆ شه‌ڕێکی یه‌کلاکه‌ره‌وه، سه‌ره‌نجام ئاماده‌کارییه‌کان له پارێزگای هه‌ولێر ئه‌نجامدران و هه‌موو پێداویستییه‌ک بۆ ده‌ستپێکردنه‌وه‌ی کرده‌ی چه‌کداری فه‌راهه‌م کرا. مه‌فره‌زه پارتیزانه‌کان پڕبوون له خه‌ڵکانی خۆبه‌خش که له شاره‌کانی سلێمانی، که‌رکووک، هه‌ولێر، هه‌ڵه‌بجه، قه‌ڵادزێ، ڕانیه و هه‌روه‌ها له به‌غداوه هاتبوون.

له سه‌ره‌تای مانگی ئادار، پارتیزانه‌کان چالاکییه‌کانیان له گونده‌کانه‌وه ده‌ستپێکرد بۆ ئه‌وه‌ی هێزی مرۆیی باش له‌نێو جووتیاران بۆ مه‌فره‌زه‌کان ئاماده‌بکه‌ن. پێش ئه‌مه، له ماوه‌ی دوومانگی سه‌ره‌تای ساڵی ١٩٦٢ کاری وشیارکردنه‌وه‌ی جووتیاران ده‌ستی پێکردبوو، ئه‌مه‌ش

کارێکی زیرەکانەبوو بۆئەوەی جووتیاران لە گرنگی و ئامانجەکان شۆڕش ئاگاداربکەنەوە و هانیان بدەن بەشداری لە شۆڕشدا بکەن.

دوای خۆڕێکخستنەوە و ئامادەکارییەکان، یەکەمین شەڕی پارتیزانی دوای کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوەی دووەمی مانگی ئادار دەستی پێکرد.

بەیانیی ڕۆژی ١٩ی ئاداری ١٩٦٢، پارتیزانەکان بە فەرماندەیی جەلال تاڵەبانی، گەمارۆی سەربازگەی چوارتایان دا و هاوکات بنکەکانی تری پۆلیسیش لەو ناوچەیە گەمارۆدران، پارتیزانەکان لەسەر ڕێگای نزیك پردی تۆکەران، بۆسەیان دانا، بۆئەوەی ڕێگا لە گەیشتنی یارمەتی بۆ گەمارۆدراوان بگرن. ئەگەرچی چوارتا ئازاد نەکرابوو، بەڵام پارتیزانەکان لە دەوروپشتی ئەو بۆسەیەی لە نزیك پردەکەوە دایاننابوو، بە دەیان سەربازی دوژمنیان لەنێو برد کە هاتبوون بۆ یارمەتیدانی گەمارۆدراوەکان. لە ڕاستیدا ئەوە سەرکەوتنێکی گەورەبوو و دوای ئەوە پارتیزانەکان گەڕانەوە مۆڵگەکانی خۆیان و ئەم دەستکەوتانەیان لەگەڵ خۆیان بردەوە: دوو تۆپ لە جۆری کەوانەیی (مدفع قوس)، لەگەڵ زەخیرەی یەدەگی ئەم تۆپانە، هەروەها ١٢ بارهەڵگری پڕ لە ئازوقە و کەلوپەلی سەربازی و نارنجۆك و ئامێری بێتەل. لە بەرامبەردا هێزە پارتیزانەکە چوار کوژراو و چوار برینداری هەبوو.

ئەم سەرکەوتنە، تەنیا قۆناغێکی نوێ نەبوو لە کاری پارتیزانی، بەڵکو بووە هۆی پتەوبوونی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان لەناو دانیشتووان و بووە هۆی بەهێزبوونی ورەی شۆڕشگێڕیی جەماوەر و زیادبوونی ژمارەی پارتیزان و پڕچەك بوونیان بە چەکی باش.

هاوکات، مەفرەزەیەکی پارتیزانی بە فەرماندەی عومەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی، دەستی گرت بەسەر دامەزراوە نەوتییەکەی شیواشۆك و بنکەی پۆلیسی هەمان شوێن، لە ئەنجامدا چەکێکی زۆریان دەست کەوت و نزیکەی سی سەربازیشیان بەدیل گرت. دوای ئەو چالاکییە، پارتیزانەکان گەڕانەوە بارەگاکەیان لە بێتواتە و لەو هێرشە کوژراوێکیان هەبوو.

لە کۆتایی مانگی ئادار، بەشی زۆری مەفرەزە پارتیزانییەکان گەمارۆی سەربازگای ئاغجەلەریان دا و زیانێکی زۆریان بە پۆلیسی ئەوێ گەیاند و چەند خائینێکیان لەناو برد، لەوێ سەرکەوتووانە بەرپەرچی هێزەکەی بەتالیۆنی (٢)ی لیوای (٤)ی سوپای حکومەتیان دایەوە، بەتالیۆنە سەربازیەکە سەربازێکی زۆری لێ کوژرا و فەرماندەی بەتالیۆن عەقید مەحمود خەفاف برینداربوو، زیانی پارتیزانەکان تەنیا دوو کوژرا بوو.

لە مانگی نیسان، پارتیزانەکان بە هێرشکردنە سەر ڕێگای خانەقا، ڕێگای نێوان سلێمانی و ڕانییەیان پەکخست. دواتر تەواوی هێزەکەیان ئاراستەی ناوچەی پێنجوێن کرد بۆ گرتنی شارۆچکەکە. لە کۆتایی مانگی ئایار، تەواوی شارۆچکەی پێنجوێن، دوای دوازدە ڕۆژ گەمارۆدان، ئازادکرا. شارەکە بە سەد و حەفتا و شەش پۆلیس پاسەوانی لێدەکرا کە لەلایەن چل و چوار نیشتمانپەروەری کوردەوە گەمارۆ درابوون، هاوکات هێزە پارتیزانەکانی تر هێرشی لیوای سوپای عێراقیان بەرپەرچ دایەوە کە لە سلێمانییەوە هاتبوون بۆ یارمەتی سەربازگەی پێنجوێن. ئەو لیوایە تەنیا ئەوکاتە توانی بچێتە ناو شارەکەوە، کاتێک پارتیزانەکان خۆیان شارەکەیان جێهێشت. لیوای حکومەت زیانێکی گەورەی لە دەوروبەری شاری پێنجوێن بەرکەوت.

لە لایەن نیشتمانپەروەرانەوە دەست بەسەر بڕێکی زۆری چەکدا گیرا و لە شەڕەکەدا پێنج کوژراویان هەبوو، لەوانە (مەلا ڕەسووڵ) جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکانی جووتیاران لە کۆماری عێراق.

لە مانگەکانی حوزەیران و تەمووز، پارتیزانە کوردەکان لە ناوچەی خانەقین تەواوی ناوچەی ئاورینگیان ئازاد کرد. پارتیزانەکان، یەکەکانی پۆلیسیان تێکشکاند و دەستیان بەسەر بڕێکی زۆری چەکدا گرت، نیشتمانپەروەرەکان چەند هێرشێکی سەرکەوتوویان کردە سەر ئەو یەکە سەربازییانەی سوپا کە ئۆتۆمبێلی سەربازی و کەلوپەلی تریان تێدا کۆکردبووەوە.

لە ناوچەی سورداش، پارتیزانەکان کە لە بنکەی چەمی ڕێزانەوە هاتبوون، دەستیان گرت بەسەر دوو بنکەی پۆلیس لە بازگەی دوکان و قەشقوڵی، پاش ماوەیەك توانیان شارۆچکەی شوان بگرن کە سەر بە شارۆچکەی دارەمان بوو. پارتیزانەکان لەو شەڕە دەستیان گرت بەسەر دەیان تفەنگ کە جۆرێکی تازەبوون، ڕەشاش و دەمانچە و نارنجۆك و ئامێری بێتەل.

شایانی ئاماژەپێکردنە ئەو پۆلیسانەی بە ڕەگەز کورد بوون و لە ڕیزەکانی سوپادا بوون، دوای پەیوەندیکردنیان بە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، لە ئازادکردنی ئەم ناوچانە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی، بەوەی بێ شەڕ خۆیان دەدا بەدەستەوە و دەبووە هۆی ئەوەی سەربازەکانی تریش خۆیان بدەن بەدەستەوە[1].

ماوەیەکی زۆر پێش کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی پارتی، پارتیزانە بەشەڕەفەکان کە لەلایەن مستەفا بارزانییەوە سەرکردایەتی دەکران، بەرەو ناوچەی هەولێر پێشڕەویانکرد،

١ وتاری جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣.

ناوچەی باڵەکایەتیان ڕزگار کرد و دەستیان بەسەر سەنتەری شارۆچکەی گەڵالە و بنکەیەکی پۆلیسی ناوچەی ڕایەتدا گرت. لەو پێشڕەوییەیاندا پارتیزانەکان توانیان پازدە سەرباز بەدیل بگرن.

مانگی ئاب پڕ لە ئۆپەراسیۆنی شەڕی نیشتمانپەروەرانی کورد بوو، لەو مانگە نیشتمانپەروەران ناوچەی هەورامانیان ئازاد کرد و دەستیان گرت بەسەر بنکەکانی پۆلیسی تەوێڵە و بیارە و سۆسەکان و بڕێکی زۆری چەکی وەك: تفەنگ و ڕەشاش و دەمانچە و ئامێری بێتەلی دوژمنیان دەستکەوت.

شۆڕشگێڕان دوای ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتووانە، سەنتەری ناوچەی هیران و چیای سەفینیان لە دەستی دوژمن ئازادکرد، هاوکات لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە هێرشکرایە سەر ناوچەکانی پشدەر و سەنگەسەر و دەستیان بەسەر بنکەکانی پۆلیس لە هەوارکۆزان و قەڵادزێدا گرت.

هەر لەو مانگەدا نیشتمانپەروەران بۆسەیان بۆ قافڵەیەکی زرێپۆشی هێزەکانی حکومەت لەنزیك کاشاوالی دانا، لە ئەنجامی ئەو پێکدادانەدا، نزیکەی پەنجا کەس لە هێزی دوژمن کوژران و دوازدەشیان لێ بەدیل گیرا. دەستیش بەسەر چوار زرێپۆشدا گیرا. هەروەها ناوچەی قەرەداغ پاککرایەوە و بنکەی پۆلیسی قەرەداغ گیرا و پۆلیسەکانیان بەدیل گیران.

پارتیزانەکان هێرشێکیان بۆ سەر بنکەی پۆلیسی کانی سپی کرد و بڕێکی زۆر چەکیان دەستکەوت.

هەندێک جار ڕووبەڕووبوونەوەکان زۆر سەخت و دژوار دەبوون، مانگی ئاب، هێزێکی شۆڕشگێڕان شاری پێنجوێن و سەنتەری ناوچەی ئاغجەلەریان گەمارۆدا. بۆ پشتیوانیکردن لە ئاغجەلەری گەمارۆدراو، فەرماندەی سوپای عێراقی لیوایەکی ڕەوانەکرد. لیوایەکە لەلایەن پارتیزانەکانەوە هێرشی کرایە سەر و بەدەم وتنی سروودەوە، شەڕ پێنج شەو درێژەی کێشا، لە ئەنجامدا دوژمن زیانێکی گەورەی بەرکەوت. لیوایەکە دووسەد و شەست و سێ کەسی لێ کوژرا و برینداربوو، لە پارتیزانانیش حەفت جەنگاوەر کوژران، دوژمن لەو شەڕەدا (١٨) تانك و (١٢) زرێپۆش و بە دەیان فڕۆکەی بەکارهێنا[١].

پێش ئەمەش شەڕێکی تر ڕوویدا و شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتنیان بەسەر بەتالیۆنێکی سوپای حکومەت بەدەست هێنابوو، لەو شەڕە فەرماندەی بەتالیۆن بە ناوی نەقیب (خماس

١ هەمان سەرچاوە.

قەزافی) و یاریدەدەری نەقیب (مەحمود ئەلخەیالی)، لەگەڵ هەژدە سەرباز بەدیل گیران. ئەمە جگە لە کوژرانی هەشتا سەرباز و ئەفسەرێکی بەتالیۆنەکە، نزیکەی سەد و بیست کەسیشیان بریندار بوو، لە هێزی شۆڕشگێڕیش پێنج کەس کوژرا و چواریش بریندار بوون.

لە مانگی ئاب، یەکەیەکی پارتیزانی توانی شارۆچکەی تەق تەق ئازاد بکات و دەست بەسەر بڕێکی زۆری چەکدا بگرێت، وەک: تفەنگ و ڕەشاش و دوو تۆپی کەوانەیی، سەدان نارنجۆکی دەستی، لە هەمان مانگ، پارتیزانەکان لە ناوچەی حافز، هێرشێکی سوپای حکومەتیان بەرپەرچ دایەوە. نیشتمانپەروەران کە لە لایەن مەحمود کاوانی فەرماندەیی دەکران، دوای شەڕێکی قورس، سریەیەکی سوپایان بەتەواوەتی بەدیل گرت کە لە لایەن موقەدەم عەبدولمنعم ئەلموفتی فەرماندەیی دەکرا. تەواوی چەکی ئەم هێزەشە کەوتە دەست پارتیزانەکان.

لە مانگی ئەیلوول، پارتیزانانی کوردستان بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، ناوچەی برادۆستیان گرت و گەمارۆ خرایە سەر سەدان کەس لە هێزەکانی پۆلیس، نیشتمانپەروەران ژمارەیەکی زۆری دوژمنیان لەناوبرد و بەشێکیان لێ بەدیل گرتن، بەمەش ناوچەکە بەتەواوی ئازاد کرا و پاشماوەی دوژمن بەرەو تورکیا ڕاونران.

بە درێژایی دوو مانگی شەڕ، شۆڕشگێڕەکان پۆلێک پارتیزانیان لە دەست دا، لەوانە قارەمانانی وەک، شەریف عەبدوڵا بارزانی و خدر عومەر بارزانی.

مانگی ئەیلوول، پارتیزانەکان چەندین بنکەی پۆلیسیان لە هەولێر و دیالە تێکشکاند و مانگی تشرینی یەکەم، بە هاوکاری پۆلیسە کوردەکان ناوچەی هەریر و بنکەکانی پۆلیسی دەربەندیان گرت و گورزیان لە هێزەکانی حکومەت وەشاند. لە هەمان مانگ، هەڵمەتی ئازادکردنی ناوچەکانی سنووری هەولێر و سلێمانی، جگە لە سەنتەری ئەو دوو شارە، دەستی پێکرد و بە ئازادکردنی زۆر ناوچەی کەرکووک و دیالەش کۆتایی پێهات.

لەو کاتەدا ژمارەی ئەو پارتیزانانەی بەردەوام بەشداریان لە ئۆپەراسیۆنەکاندا دەکرد بوو لە (٣٠) هەزار کەس زیاتر بوو، ئەمە جگە لە پارتیزانە یەدەگەکان کە ژمارەیان دەگەیشتە زیاتر لە دە هەزار کەس.

لە مەفرەزە پارتیزانییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو دیسپلین، ڕێکخستن و چۆنییەتی جێبەجێکردنی فەرمانە سەربازییەکان و پلانەکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست گەشەی سەندبوو، ئەمەش گیانی فیداکاری لە نێویاندا بەرز کردبووەوە.

لە ناوچە ڕزگارکراوەکان، چەندین بەڕێوەبەرایەتی خۆجێیی بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری ناوچەکان ڕێکخران، بەتایبەت بۆ ڕێکخستنەوەی کاروباری دادگا و دابینکردنی پێداویستیەکانی وەك خواردن و کاڵا پێویستەکان. لەم ڕووەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵی تەواوی دا بۆ چاککردنی باری گوزەرانی دانیشتووان.

مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، مستەفا بارزانی خۆی ئامادەکرد بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکانی بەرواری خواروو و باڵا. بە فەرماندەیی بارزانی، نیشتمانپەروەران بە شەرەفەوە ئەو ئەرکیان جێبەجێ کرد و لە ئەنجامدا سەدان پارتیزانی نوێ هاتنە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە.

لە شەڕەکانی مانگی تشرینی یەکەم، نیشتمانپەروەران دەستیان بەسەر سەدان پارچە چەکی جۆراوجۆردا گرت و بەسەدان دیلیان لە گۆڕەپانی شەڕ گواستەوە و کوژراوێکی زۆریان بە دوژمن جێ دەهێشت و دوو فڕۆکەیان خستە خوارەوە و فڕۆکەیەکی تریان لەکار خست، ناوچەی بامەڕنێ ئازاد کرا و چەند گرووپێکی خائینان تێك شکێنران، ئەم گرووپانە لەلایەن گەلەوە ناویان لێ نرا (جاش). وا دەخوازێ زیاتر لەبارەی چەمکی جاش بدوێین، نازناوی (جاش پۆلیس) لەکاتی شۆڕشی ساڵی ١٩٤٥ی مستەفا بارزانی، بەو خائینانە درا کە شەڕیان دژی گەل دەکرد و پشتیوانیان لە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و ڕژێمی پاشایەتی دەکرد، لەو کاتەوە ئەم نازناوە بەشێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێ، گوزارشت لە سەرشۆڕی و شورەیی دەکات و بە واتای خیانەت دژبە گەلی کورد دێ.

ساڵی ١٩٤٥، گرووپە جاشەکان ژمارەیان زۆر بوو، ئەوانەی کە ئەو نازناوەیان پێبەخشرابوو، بریتی بوون لە بەشێک لە: ڕێکانی، سورچی، زێباری، دۆسکی و سۆفی کە نزیکەی چوار هەزار چەکدار دەبوون.

لە ماوەی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٥، پارتە کوردییەکانی (ئازادی)، (شۆڕش)، (ڕزگاری) و (هیوا) خەباتیان دەکرد دژ بەو خائینانە و هەوڵی ڕیسواکردن و دابڕاندنیان لە گەل دەدا.

لە سەروبەری ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٦١، ئەو خائینانە بەردەوام بوون لە پەیڕەوکردنی هەوڵە گڵاوەکانیان، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر لە ساڵی ١٩٤٥، لە سەردەمی قاسم دا ئەو خائینانە بە نزیکەی (٢٥٠٠) کەس مەزندەدەکران، میللەت ناوی نابوون (جاش قاسم) و لەکاتی عارف دا پێیان دەگوترا (جاش عارف).

پارتی دیموکراتی کوردستان خەباتی دژی جاشەکان دەکرد و لە ڕێگای ڕۆژنامەی (خەبات)ەوە بۆ ئەندامەکانی ڕوون دەکردەوە کە ڕەفتارەکانیان دژی بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کوردە. پارتی جاشەکانی بانگهێشت دەکرد، پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکەن و لە

ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆری جاش پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کردو و دژی قاسمی دیکتاتۆر جەنگان.

لە سەردەمی ئیدارەی قاسم دا، ئەو جاشانە نزیکەی چوارسەد کەس دەبوون، ئەوانە لە بەغدا، کەرکووک و مووسڵ جێگیر ببوون و لەلایەن حکومەتەوە پارەیان پێ دەدرا لە بەرامبەر ئەو شەڕانەی دژی گەلی کورد ئەنجامیان دەدا، بەڵام دواتر بەشێک لەو جاشانە چوونە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کوردەوە.

لە ماوەی مانگەکانی تشرینی یەکەم و دووەم، شۆڕشگێڕان ڕوویان کردە شارۆچکەی زاخۆ و لەو قۆڵەش توانیان ناوچەی مانگێشک ئازاد بکەن و چەندین گرووپی جاش و پۆلیس بەدیل بگرن کە لەو ناوچەیە چالاکییان دەنواند، شۆڕشگێڕان درێژەیان بە هێرشەکانیان دا و گەیشتنە شارۆچکەی زاخۆ، ئەوەبوو تەواوی ناوچەکان ئازادکران و باندەکانی کۆنەپەرستان کە بریتی بوون لە دەرەبەگە خائینەکان تێکشکێنران.

لەسەر ڕێگای مووسڵ – زاخۆ، شەڕ لە نێوان نیشتمانپەروەران و بەتالیۆنی سێی لیوای چوار بەرپابوو، لەم شەڕەدا بە دەیان کەس لە دوژمن کوژران و ١٨٤ ئەفسەر و پلەدار و سەرباز بەدیل گیران و شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەر زیاتر لە دووسەد پارچە چەکدا گرت، لەوانە ڕەشاشی جۆری (فیکەرس) و ٣ تۆپی هاوەن و ٤٨ ئۆتۆمبێلی سەربازی. لەم شەڕەدا چواردە ئەفسەر و نەوەت و چوار سەرباز و ڕەئیس عورەفا کوژران و بریندار بوون، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا خوێنێکی زۆر ڕژا، سەرەڕای بەکارهێنانی تانك و فڕۆکە و تۆپی قورس کەچی بەشی دوژمن لەو شەڕە هەر شکست بوو[١].

لە کۆتایی ساڵی ١٩٦١، نیشتمانپەروەران بە سەرکردایەتی مستەفا بارزانی، لە ناوچە شاخاوییەکانی زاوێتە ڕووبەڕووی بەتالیۆنێکی سوپا و دوو بەتالیۆنی پۆلیس بوونەوە و توانیان ئەو هێزانە گەمارۆ بدەن، لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر سەرباز و پۆلیسیان بەدیل گرت و ئەفسەرەکانی یەکە سەربازییەکەش دەستگیرکران، دواتر چەندین پۆلیس و سەرباز ئازاد کران. لەم شەڕەدا بە دەیان دەرەبەگ و خۆفرۆش کوژران، شۆڕشگێڕان زیاتر لە پەنجا ئۆتۆمبێلی سەربازییان دەستکەوت، شۆڕشگێڕەکان درێژەیان بە پێشڕەوییەکانیان دا و زاوێتە و سەرسنگیشیان ئازاد کرد، هەرچی پۆلیسی ناو ئەو دوو شارە هەبوو بەدیل گیرا.

١ هەمان سەرچاوە.

هەموو ئەو سەرکەوتنانە بوونە هۆی بەرزبوونەوەی وورەی دانیشتووانی کوردستان، بۆیە دانیشتووان دوای ئەو سەرکەوتنانە پۆل پۆل هاتنە ڕیزی ڕاپەڕیوەکانەوە، ئەو ژمارەیە وای کرد، هێز و دەسەڵاتی ڕاپەڕین ئەوەندە زیاد بێ کە قاسم ناچار بکات بۆ وەستاندنی شەڕ داوای وتووێژ لەگەڵ بارزانی بکات. بۆ ئەم مەبەستە، عەقید حەسەن عەبود کە فەرماندەی هێزەکانی قوڵی مووسڵ بوو (لە دواییدا بەعسیەکان کوشتیان)، لەلایەن قاسمەوە نێردرایە سەرسنگ، تا چاوی بە بارزانی بکەوێت.

مستەفا بارزانی لە١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، ڕەزامەندی نیشاندا، حەسەن عەبود بێت بۆ کوردستان. بارزانی بە حەسەن عەبودی ڕاگەیاند کە شۆڕش شەڕ ڕادەگرێت، ئەگەر حکومەت داخوازییەکانی شۆڕشگێڕە کوردەکان جێبەجێ بکات کە ئەمانەن:

گۆڕینی بارودۆخی نائاسایی و ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە قۆناغی گواستنەوە (المرحلة الانتقالیة). دەرکردنی بڕیارێك لەبارەی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی ئازاد. داننان بە بنەماکانی مافەکانی گەلی کورد کە ئۆتۆنۆمیە لە چوارچێوەی کۆماری عێراق. قەرەبووی ئەو خەڵکانە بکرێتەوە کە ماڵ و گوندیان لەلایەن هێزەکانی حکومەتەوە وێران کراوە، هەروەها ئەوانەشی کە مەڕوماڵاتیان لەلایەن سەربازی سوپای عێراقەوە دزراوە. ئازادکردنی گشت بەندکراوە سیاسیەکان لە عێراق. تەواوی ئەم داواکاریانە خرانە بەردەم بەشێکی فراوانی جەماوەر و لە یاداشتنامەیەکدا، پارتی دیموکراتی کوردستان ئاراستەی گەلی عێراق و پارتە نیشتمانییەکانی کرد.

قاسم، داخوازی و مەرجەکانی گەلی کوردی پێ پەسەند نەبوو و پاشگەز بووەوە لە وتووێژکردن، ئەوەبوو دووبارە هێرشی سەربازی دژی کورد دەستپێکرایەوە، لەهەمان کاتدا ڕایگەیاند کە شۆڕش تێکشکێنراوە و سەرکوتکراوە و ژمارەیەکی زۆر کەمی چەکدار لە ڕیزەکانی شۆڕش ماون، بەڵام کەس بڕوای بەم پڕوپاگەندانە نەدەکرد.

زۆربەی چینەکانی جەماوەر لە بێهیوایی و زەحمەتی شەڕ گەیشتبوون. گەلی عێراق بەشێوەیەکی بەربڵاو داوای چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردیان دەکرد و داوای بەرقەراربوونی ئاشتی لە کوردستان و گۆڕینی باری نائاسایی و یاسا نائاساییەکان و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی شۆڕشیان دەکرد. ئەوەبوو بەدەیان هەزار واژوویان کۆکردەوە. لە بەغدا و باشووری وڵات لە ژێر ئەو دروشمانەی سەرەوە ڕێپێوان بەڕێوەچوو، کەچی حکومەتی قاسم گوێی نەدایە دەنگی میللەت و بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی سەرکێشی.

لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١، شەڕ لەچەند ناوچەیەک لەنێوان ڕاپەڕیوە کوردەکان بە ڕابەرایەتی مستەفا بارزانی لە لایەك و یەکە سەربازی و پۆلیس و باندە خائینەکان لەلایەکی ترەوە دەستی پێکردەوە و ڕووداوەکان بەم شێوەیە بوون:

لە ڕۆژی ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٦١، چەند یەکەیەکی سوپا، پۆلیس و جاش هەوڵیاندا ڕێگای نێوان دهۆك و سەرسنگ بگرن، مەفرەزەکانی شۆڕش کەوتنە شەڕ لەگەڵیان و لە ئەنجامدا سەد و سی و پێنج کەسیان لێ کوشتن و هێزە تێکشکاوەکەی دوژمنیان بەرەو شاری دهۆك ڕاماڵی.

لە ڕێکەوتی ١٣ی کانونی یەکەمی ١٩٦١، جارێکی تر شەڕێکی دژوار لەنێوان سوپای حکومی و مەفرەزەکانی شۆڕش ڕوویدا، شۆڕشگێڕەکان ئەو شەڕەیان بردەوە و ژمارەیەکی زۆری دیل لە پۆلیس و ئەفسەری پۆلیس لەوانە لێپرسراوی پۆلیس و یاریدەدەری لێپرسراوی پۆلیس (عەبدولمەلك عەزیز) بەدیل گیران.

لەم شەڕە، سەرکردەی فرقە بە ناوی مونیر سەعید ئەلجزراوی، لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە بە سەختی بریندارکرا، ئەوەبوو دواتر بۆ چارەسەر ڕەوانەی لەندەن کرا.

شۆڕشگێڕەکان دەستیان بەسەر (٣) ئامێری بێتەل و (٣) ئۆتۆمبێلدا گرت، لە کۆتایی ئەو مانگەدا ناوچەی کانی ماسی ئازاد کرا و بە سەدان پۆلیس و جاش بەدیل گیران، موحسن بەرواری خیانەتکار لەگەڵ بیست کەس، ناچار بوون ڕابکەنە ناو خاکی تورکیا. لە نیوەی دووەمی مانگی کانوونی یەکەم، کوردە ڕاپەڕیوەکان ناوەندێکی پۆلیسی ناوچەی سوارەتووکەیان گرت و (٣٥) پۆلیسیان بەدیل گرت، گشت چەك و پێداویستی سەربازی کە لەو بنکەیەدا هەبوو، کەوتە دەست شۆڕشگێڕان.

جگە لەوەش لەشکری شۆڕشگێڕ ناوەندی سەرسنگیان گرت و (٦٥) پۆلیسیان بەدیل گرت، ئەو تەلەگرافەی لیوای ١١ ناردبووی، ئەوە دەسەلمێنێ کە لەکاتی شەڕ، شۆڕشگێڕان (٢) فڕۆکەیان لە جۆری (ڤیفێرس) تێکشکاندووە و هەلیکۆپتەرێکیان لەکارخستووە.

لە ئەنجامی هەموو ئەمانەدا، جاشەکانیش ورەیان دابەزی و زۆربەیان بەخۆیان و چەکەکانیانەوە چوونە ڕیزی شۆڕشگێڕان و دانیان بەوەنا کە هاوکاریی دوژمنیان کردووە.

ئەمەی خوارەوە تەلەگرافێکی حکومەتە کە بە تەواوی باس لە بارودۆخەکە دەکات:

**"لە یاریدەدەری فەرماندەی پارێزەری ئامێدیەوە بۆ**

**فەرماندەی سەربازگەی ئامێدی (قضاء ئامێدی) - پارێزگای مووسڵ - بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی مووسڵ.**

**بروسکە١٩٦١/١٢/١٤**

**دوای بانگەوازی ڕاپەڕیوەکان، خەڵکێکی زۆر وازیان لە موحسن بەرواری هێناوە، گرووپەکەی ئەو کە (٤٧٥) کەس بوو، تەنیا ١٠٠ کەسی لێ ماوەتەوە،[١].**

دوای ئەوە، ناحیە و گوندە کۆنەکانی زاخۆ، دهۆك، ئامێدی لە سوپای دوژمن پاککرایەوە کە دەوری ئەو شارانەیان دابوو و بەشێك لە ڕاپەڕیوەکان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی چوون بۆ شاری شێخان بەمەبەستی ئازادکردنی. لە ئەنجامی ئەو هێرشەدا، تەواوی گوندەکانی ئەو ناوچەیە لە نەیاران پاککرایەوە، دوژمنان لە ناوچەکانی ئەترۆش گەمارۆ درابوون، بەرلەوەی ئەو ناوچەیە کۆنترۆل بکرێت، ڕاپەڕیوەکان گەمارۆی قەڵای (لاخیان) لە بریفکان دا.

لە ئەنجامی شەڕێکی جوامێرانە، لەوکاتەی ڕاپەڕیوەکان تووشی شەڕ بوون لەگەڵ مەفرەزە نەیارەکان کە ژمارەیان نزیکەی هەزار کەس دەبوو و تۆپ و هێزی ئاسمانی پشتیوانی لێ دەکردن، نیشتمانپەروەرەکان بریفکانیان ئازادکرد، زیاتر لە (١٥٠) کەس لە گۆڕەپانی شەڕدا بەدیل گیران، دوژمن (٢٥) کوژراو و (٣٣) بریندراری لەدوای خۆی جێهێشت. ڕاپەڕیوەکان دەستیان بەسەر بڕێکی زۆر لە چەك و کەلوپەلی سەربازیدا گرت، هەر لەو شەڕە، سلێمان میرخان[٢]، مێرخاسانە شەهید بوو.

دوای ماوەیەک ئارامی، لە ئادار و نیسانی ساڵی ١٩٦٢، شەڕ هەڵگیرسایەوە و لە ڕێکەوتی ٢٨ی ئاداری ١٩٦٢، ڕاپەڕیوەکان ناوچەی ئەترۆشیان گەمارۆدا. لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت، لە ڕێکەوتی ٢ی نیسانی ١٩٦٢ ناوچەکە ئازادکرا، لەم شەڕەدا (١٠٠) پۆلیس و (٤) ئەفسەری پۆلیس: بەڕێوەبەری پۆلیس عەلی والی، یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری پۆلیس:

١ ئەو خەڵکانەی وازیان هێنا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

٢ سلێمان میرخان، ساڵی ١٩٢٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە کردووە، لەنێوان ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥ ڕۆڵێکی گەورەی لە شەڕەکان دا بینی لە کوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٤٦ چۆتە پاڵ کۆماری کوردستان لە مهاباد، سالی ١٩٤٧ یەکێك بووە لەو هەڤاڵانەی بارزانی کە هاتونەتە یەکێتی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی باڵای سەربازی لە تاشقەند تەواوکردووە، ساڵی ١٩٥٩ گەڕاوەتەوە کوردستان و ئەندامێکی چالاکی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە.

ئیسماعیل سەعید خەلیل، عەبدولغەنی یونس و عەبدولاّ عەزیز، هەروەها قایمەقامی قەزا حەسەن عەبدولاّ ئەلعەزاوی و یاریدەدەرەکەی محەمەد زەکی ئەلنەعیمی بەدیل گیران. دەستکەوتی شۆڕشگێڕان لەم شەڕەدا بریتی بوو لە: (٣) تۆپی هاوەن، (٦) ڕەشاش، (١٢) ئامێری بێتەلی تازە و (١٢٤) تفەنگ و (٢٥٠٠٠) فیشەك.

لە ڕێکەوتی ٣٠ی ئاداری ١٩٦٢، بەتالیۆنێکی سوپا لە بامەڕنەوە بەرەو دهۆك کەوتەڕێ، وەک لە ڕاگەیەنراوەکەیدا هاتبوو، مەبەستیان بوو ڕێگاکە لە شۆڕشگێڕان پاکبکاتەوە، زۆربەی زۆری هێزی شۆڕشگێڕ بەشداریان لەو شەڕەدا کرد.

لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت و خوێناویدا، دوژمن زیاتر لە (١٥٠) کەسیان لێ کوژرا، شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەر (١٨) ئۆتۆمبیلدا گرت و چەکی گشت کوژراوەکان کەوتە دەستیان. لەم شەڕەدا شۆڕشگێڕەکان (عومەر یونس ئەردیش) یان لەدەستدا کە لێپرسراوی لێژنەی مووسڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

لە ڕێکەوتی ١ی نیسان، بەتالیۆنی دووی لیوای سێ لە دهۆکەوە هات بۆ زاخۆ، لەگەڵ نزیکبوونەوەی لە شارەکە، ڕووبەڕووی مەفرەزەکانی شۆڕش بووەوە، ئەوەبوو شەڕێکی قورس ڕوویدا و لەو شەڕەدا دوژمن فڕۆکە، تانك و تۆپی قورسی بەکارهێنا، بەڵام شۆڕشگێڕان توانیان بەتالیۆنەکە تێکبشکێنن و پەرتەوازەیان بکەن، لەم شەڕەدا دوژمن (٨١) کەسی لێ کوژرا کە یەکێکیان نازم ناوێك بوو بە پلەی ڕائید و هەروەها فەرماندەی بەتالیۆن سەرهەنگ (عەقید) محەمەد یاغی و (٣) ئەفسەر و (١٧٣) سەرباز و ڕەئیس عورەفا لە هێزەکانی دوژمن لەلایەن هێزی شۆڕشگێڕ بەدیل گیران.

لەم شەڕەدا شۆڕشگێڕان دوو کوژراو و چوار برینداریان هەبوو، دەسکەوتی ڕاپەڕیوەکان بریتی بوو لە: (٣) تۆپی هاوەن و (٦) ڕەشاشی جۆری (فیکەرس) و (١١) ڕەشاشی (برێن) و (١٨٢) تفەنگ و (٤٥) چەکی ئۆتوماتیك و (٤٥) دەمانچە و (٦٥) سندوق فیشەکی ئینگلیزی، هەروەها شۆڕشگێڕان دەستیان بەسەر (٣٥) ئۆتۆمبیلی سەربازیدا گرت لەگەڵ یەك زرێپوش.

دوای ئەو سەرکەوتنانە جارێکی تر شۆڕشگێڕان خۆیان ڕێکخستەوە، بە مەبەستی هێرشێکی نوێ بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناوچەیەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی خۆفرۆشان.

لەئەنجامی شەڕێکی قورس، چەندین گوند، لەوانە گوندی ماریبا گەمارۆ دران و ئـازادکران، زیانێکی گەورە بەر دوژمن کەوت و ژمارەیەکی زۆری سەربازی دوژمن کوژرا، شۆڕشـگێڕەکان تەنیا دوو کوژراویان هەبوو[١].

چالاکیی سەربازی بەشێوەیەکی پچڕپچڕ تا مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٢ بـەردەوام بوو. لە ئەنجامدا تا سەرەتای ساڵی ١٩٦٣، ڕاپەڕیوەکان گشت ناوچەکانی کوردستانیان ڕزگـار کرد، جگە لە شارە گەورەکانی وەك کەرکووک، مووسڵ، سلێمانی و هەولێر. هێزە کوردییـەکان بۆ سەلامەتی دانیشتووانی ئەو شـارە گـەورانە، هـەوڵی ڕزگـارکردنی شـارەکانیان نەدا، ئەوان دەیانزانی کە ئەگەر شـەڕ لـەو شـارانە ڕووبـدات، ئەوە حکومـەتی قاسـم بە فـڕۆکە هـەموو شارەکان وێران دەکات و دانیشتووانەکەشی لەناودەبات.

دابەشکردنی هێز گۆڕانکاری بەسەرداهات، هێزەکانی دەوڵەت لەگەڵ هێزە یەکگرتووەکان تووشی پێکدادان بوون. بە پێچەوانەوە هێزە پـەرت و بڵاوەکـانی بـزووتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کـورد یـەکیان گـرت و بـە ڕابەرایـەتی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و بـە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی بەرەیەکی یەکگرتوویان لە خانەقینەوە تا عەینزالە پێکهێنا.

مەفرەزە پارتیزانە کوردییەکان کرانە سوپایەکی میللی ڕێکوپێکی خاوەن تاکتیکی شەڕ.

ئەگەر باس لە تاکتیکی سەربازی بکـەین، ئەوە بـە بۆچـوونی ئیبراهـیم ئەحمـەد[٢]، بـریتییە لەوەی کە کورد هەوڵ بدات هێزەکانی دەوڵەت ناچار بکرێن، تـا بـەرزترین ئاسـت پـەرت و بڵاو بن، دواتر هێزە کوردییەکان ڕێگای هاتوچۆ و گواستنەوەی هێزەکانی حکومـەت ببـڕن و ئەوان دابـڕێندرێن لە زۆربەی ناوچەکان، تا لـەوێوە نـەتوانن ئوپەراسـیۆنی شـەڕ دژی کـورد ئەنجام بدەن.

کورد هەوڵی ئەوە نەدات کاتێک دەکەوێتە شەڕەوە تەواوی هێز و توانای سـەربازی خـۆی بەکاربهێنێ. لە ئەنجامی ئەم تاکتیکە لە سێ ساڵی دوایی لەشکری شۆڕشگێڕ، تـەنانەت یـەك شکستی سەربازییشیان بەرنەکەوتـووە، لەهـەمان کاتـدا پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕۆڵ و کاریگـەری خـۆی لـەناو جـەماوەر و ژیـانی ڕامیـاریی لە وڵات بـەهێز کـرد، بەجۆرێـك ئەو سەرکەوتنە سەربازیانە چالاکی ڕامیاریی پارتی برەو پێدا.

١ لە بەندەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تشرینی دووەمی ١٩٦٣ دەست نووسەر کەوتوون.
٢ چاوپێکەوتنی ئیبراهیم ئەحمەد لەگەڵ ئاژانسی ئاسۆشێدت پرێس، ٢٧ی تەمووزی ١٩٦٣.

لەکاتێکـدا حکومـەت ئەو متمانەیـەی لای کـورد مـابووی لەدەسـتدا، پـارتی دیمـوکراتی کوردستان پشتیوانییەکی جەماوەری بەدەستهێنا و جەماوەری گەلیش بەشێوەیەکی یەکگرتوو و بە خێرایەکی بەرچاو لە دەوری پارتی کۆبووەوە.

سـەرباری ئەو هـەموو کـاری تیـرۆر و ڕاوەدونـان و داخسـتنی بارەگاکـانی لە شـارەکانی مووسـڵ و کەرکـووک و دەسـتگیرکردنی ژمارەیـەکی زۆری کەسـایەتییە چالاکـەکان، متمانـەی جەماوەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لەزیـاد بـوون دابـوو. جـەماوەری کوردستان هەستیان بەو مەترسییەی کۆنەپەرستانی ناوخۆ و ئیمپریالیست کردبوو، هەر بـۆیە بە یەکگرتوویی لە دەوری پارتی دیموکراتی کوردستانی پێشڕەو کۆبوونـەوە، لەژێـر ئاڵاکەیـدا ڕیزەکانی خۆیان یەکخسـتەوە، گـەل پـارتی وەك تـاکە پـارێزەری مـاف و بەرژەوەندییـەکانی دەبینی، جـەماوەری پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان سـاڵ لەدوای سـاڵ لـە زیادبوونـدا بـوو و زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی پارتی گـەواهی ئەو ڕاسـتیە دەدەن، ئەوەتـا لە سـاڵی ١٩٥٨ تـا ١٩٦٢ ژمارەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان نۆ ئەوەندەی خۆی زیادی کرد[١].

ڕۆڵی کاریگەری پارتی دیموکراتی کوردستان بەهۆی سیاسەتە دیموکراتییە یەکگرتووەکـەی بـوو، بە ئاراسـتەی پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانی گـەل بـوو بـۆ بـەهێزکردنی پروپاگەنـدەی پارتایەتی کرابوو کە لە ڕێگای بڵاوکراوە و ئورگانەکانی پارتیـەوە بـڵاو دەکرایـەوە، ئەنـدامانی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ڕۆڵێکـی گـەورەیان لە بـواری پـەروەردە و ڕۆشـنبیری لـەنێوان جەماوەری گەلی کورد بینی و شرۆڤەی ئامـانج و ئەرکـەکانی پـارتی و ئامانجـەکانی خـەباتی گەلی کوردیان بۆ جەماوەر دەکرد.

ئەوان دەسـتیان کـرد بە هەڵمـەتێکی گـەورەی کـارکردن لـەناو ڕیزەکـانی جووتیـاران و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاریان، بەرلەوەی بێنە ناو ڕیزەکانی پارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، لە کوردسـتان گونـدێك نیـیە کە شـانەیەکی پـارتی تێـدا نـەبێت، هـەروەها شـانەی پـارتی لە هەموو ئەو شوێنانە هەن کە کوردی تێدا دەژی.

سـەرکردایەتی پـارتی بایـەخێکی تـەواوی دەدا بە پەرەپێـدانی ڕیزەکـانی لـە ڕێگـەی پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی ئەندامانی پارتی و جۆشدانیان بەگیانی دڵسۆزی بۆ خزمـەتی گەل و هۆشیاری و چەسپاندنی ئاستی بەرزی دیسیپلین.

---

١ بوڵتەنی زانیاری پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٢، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان.

له كوردستانی عێـراق، بـه ڕابه‌رایـه‌تی پـارتی دیمـوكراتی كوردسـتان به ده‌یـان جـه‌نگاوه‌ر په‌روه‌رده‌كراون كه هـه‌ڵقوڵاوی نـاوجه‌رگه‌ی كۆمه‌ڵگـای كـورده‌وارین و بوونـه‌ته سـه‌ركرده‌ی پـارتی و بـزووتنه‌وه‌ی ڕزگـاریخوازی كـورد، پـارتی داخوازییـه‌كانی جـه‌ماوه‌ری كرێكـاران و جووتیـاران سـه‌باره‌ت بـه باشـكردنی بـارودۆخی ژیانیـان لـه‌گه‌ڵ ئامـانجه گشـتییه‌كانی بزووتنه‌وه‌ی ڕزگاریخوازی نه‌ته‌وه‌ی كوردی به‌یه‌كه‌وه گرێدا و به‌ره‌و پێشه‌وه‌ی برد.

پارتی هه‌رده‌م و به‌رده‌وام خه‌باتی كردووه له‌پێناو به‌دیهێنانی ئه‌و داخوازیانه و هـه‌روه‌ها پێشڕه‌وی خه‌باتی جه‌ماوه‌ری ده‌كرد له‌پێناو به‌دیهێنانی مافه‌كانی خۆیان.

پارتی دیموكراتی كوردستان، به هـه‌زاره‌ها كرێكـار و جووتیـاری ڕاكێشـا بـۆ نـاو ڕیزه‌كـانی خۆی و به هه‌زاران كرێكاری هێنایه نێو سه‌ندیكاكان.

بـه ده‌ستپێشـخه‌ری و سـه‌ركردایه‌تی پـارتی، ده‌سـتكرا به ڕێكخسـتنی چه‌نـدین ڕێكخـراوی جه‌ماوه‌ری، له‌وانه: (یه‌كێتی لاوانی دیموكراتی كوردستان) كه له ڕیزه‌كانیدا پازده هه‌زار كـوڕ و كچی لاو یه‌كیانگرتبوو، (یـه‌كێتی قوتابیـانی كوردسـتان) دوو هـه‌زار قوتـابی كـوڕ و كـچ له ڕیزه‌كانیدا یه‌ك خرابوون، (یه‌كێتی ئافره‌تانی كوردسـتان)یش نزیكـه‌ی سـێ هـه‌زار كـه‌س لـه ده‌وری كۆببوونه‌وه، (یه‌كێتی مامۆستایانی كوردستان) له پێنج سه‌د كه‌س پێكهاتبوو، (یه‌كێتی پارێزه‌رانی كوردستان) ژمـاره‌ی ئه‌نـدامانی نزیكـه‌ی دووسـه‌د كـه‌س ده‌بـوو، ئـه‌مه سـه‌ره‌ڕای چه‌ندین ڕێكخراوی جه‌ماوه‌ری و كلتوری دیكه[1].

چالاكییـه‌كانی ئـه‌م ڕێكخـراوانه به ڕێنماییـه‌كانی پـارتی دیمـوكراتی بـه‌ڕێوه ده‌چـوو و كاره‌كانیان ده‌بووایه له‌گه‌ڵ ڕێڕه‌وی سیاسی پارتیدا بگونجێت.

## ٤- هاتنی حزبی به‌عس بۆ سه‌ر ده‌سه‌ڵات

ئه‌و بارودۆخه ناسه‌قامگیره‌ی عێراق كه له ئه‌نجامی ئه‌و سیاسه‌ته نـاوخۆییه نـه‌گونجاوه‌ی حكومه‌تی قاسم و ملكه‌چی بـۆ كۆنه‌په‌رسـتان په‌یـداببوو، بـووه هـۆی ئه‌وه‌ی له‌٨ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣، له وڵات كوده‌تایـه‌كی سـه‌ربازی ئـه‌نجام بـدرێت، له ئه‌نجامـدا تـاقمێكی كۆنه‌په‌رسـت ده‌سـه‌ڵاتیان گرته‌ده‌سـت كه ڕاسـتڕه‌وه نه‌ته‌وه‌په‌ره‌سـته‌كانی پـارتی بـه‌عس سه‌ركردایه‌تیان ده‌كرد.

---

١ ئه‌رشیڤی پارتی دیموكراتی كوردستان، فایلی ژماره ١.

لێرەدا ناکرێ ڕەچاوی ئەو هەڵسەنگاندنەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕژێمی قاسم نەکرێت.

پارتی دیموکراتی کوردستان، نووسیویەتی و دەڵێ: ڕژێمی قاسم ببووە دەسەڵاتێکی کارتۆنی و بەزەیت پێدا دەهاتەوە، ئەو ڕژێمە هەر ساتێك چاوەڕێی ڕووخاندنی دەکرا، قاسم دەستی کرد بە دژایەتیکردنی هێزە دیموکراتییە نەتەوەییەکان لە عێراق و گەلی کوردی خستە نێو شەڕەوە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەلی عێراق پچڕاند و ئەو پشتیوانییەی نەقۆستەوە کە گەل لێی دەکرد، ئەوەبوو ڕووداوەکەی ٨ی شوباتی ساڵی ١٩٦٣ی لێکەوتەوە و بلۆکی نەتەوەپەرستی کە پێکهاتبوو لە بەعسیەکان و لە هێزەکانی تری وەك (پارتی سەربەخۆ، بزووتنەوەی نەتەوەی عەرەب، پارتی سۆشیالیستی عەرەب، یەکێتی نەتەوەی عەرەب) پیلانیان دژی قاسم و سوپا و چەندین ڕێکخراو دارشت، بلۆکی نەتەوەیی عەرەبی هەلی خەریکبوونی قاسم بە شەڕ لەگەڵ کوردیان قۆستەوە، چونکە قاسم تەواوی هێزی سەربازی خستبووە گەڕ بۆ لەناوبردنی گەلی کورد و تەواوی پێکهاتە دیموکراسی و پێشکەوتنخوازەکان، هیچ ئەفسەرێکی لەو پێکهاتانە لەناو سوپا نەهێشت کە پۆست و شوێنی گرنگیان بەدەستەوەبوو، هەروەها بۆ زیاتر دژایەتیکردنی گەلی کورد، چەندین ئەفسەری بەعسی هێنایە ناو سوپا وەك: ڕائیدی فڕۆکەوانی هێزی ئاسمانی حەردان ئەلتکریتی و نەقیب منزور ئەلوجداوی فەرماندەی پاسەوانی نیشتمانی و چەندانی تر، لەڕاستیدا ئەفسەرەکانی هێزی ئاسمانی ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ڕووداوەکەی شوباتدا، ئەوان ئەو هێزە بوون کە زەبری کوشندەیان لە حکومەتی قاسم وەشاند.

لە کودەتاکەی ٨ی شوبات، گشت تاقمە نەتەوەپەرستە عەرەبیەکان بەشداریان کرد و لە پێش هەمووشیانەوە ئەو کەسانەی پەیوەندیان لەگەڵ ئینگلیز و مۆنۆپۆڵە ئیمپریالیستە نەوتییەکان هەبوو، ئەو کاتەی بەعسیەکان دابەزینە سەر وەزارەتی بەرگری، ئەو شوێنەی قاسم و سوپا خۆیان تیا حەشاردابوو، ئەو سوپایەی قاسم بە دڵسۆز و جێگای متمانەی دادەنان هیچ پارێزگاریەکیان لە حکومەتەکەی نەکرد. لە لایەکی ترەوە، قاسم داخوازییەکانی خۆپیشاندەرانی ڕەتکردەوە کە داوای چەکیان دەکرد، ئەوانەی دژی کودەتاچیەکان ڕاوەستابوون و داوای لە یەکە سەربازییەکانی ناو وەزارەتی بەرگری کرد شوێنە گرنگەکان و پردەکان کونترۆڵ بکەن لە ناو بەغدا، واتە لەو شوێنانەی بەعسیەکان بوونی خۆیان سەلماندبوو.

چەند بەتالیۆنێکی تانك و هێزی ئاسمانی لەژێر کۆنترۆڵی کودەتاچیەکان بـوون. ئەوە بـوو لە ئێوارەی ٨ی شوبات، کودەتاچیەکان دەستیان بەسەر ئەو شوێنە لەناو وەزارەتـی بەرگریـدا گرت کە قاسمی تێدابوو، هەر لەو کاتەدا یاخیبووان سەرکردایەتی بـنکەی هێـزی ئاسـمانی و سەربازگەی ئەبوغرێب و ئەلوەشاش و ڕەشیدیان کۆنترۆڵ کرد. سـەبارەت بە حـەببانییە، ئەوا بنکەی ئاسمانی و ٨ لیوا لەوێ بوون، هەر بە چەنـد کاتژمێرێـك دوای دەسـتپێکردنی کودەتـا ئەوانیش کەوتنە دەست بەعسیەکان، هەمان ڕووداو لەبنکەی ئاسمانی کەرکووک ڕوویدا، بـۆ ڕۆژی دواتر قاسم خۆی بەدەستەوەدا، لەناو تەلاری یازدەیەم بەبێ دادگایکردن کوشتیان.

نەتەوەپەرەستە فاشیەکان، کەوتنە وێزەی هاووڵاتیانی مەدەنی و دادگای عورفیـان پێکهێنـا بۆ کۆمۆنیست و دیموکراتییەکان، سوپای نیزامـی و بـەناو (گـاردی نەتـەوەیی) واتە (الحـرس القومی) کە بە بڕیاری بەعسیەکان کاریان دەکرد، دەستیانکرد بە لەناوبردنی نیشـتمانپەروەرە دیموکراتخوازە عێراقیەکان.

لە یەکەم ڕۆژی یاخیبوونەکە، لە تەواوی عێـراق زیـاتر لە (٢٥٠٠) کـەس لە کۆمۆنیسـت و دیموکراتخوازەکان کوژران و پتر لەو ژمارەیەش دەستگیرکران و خرانە بەندیخانەکانەوە.

لە سەربازگای وەشـاش و ڕەشـید کە بـە تـەلی دڕکـاوی دەوری گیرابـوو، کرێکـار، قوتـابی، ڕۆژنامەنووس، پارێزەران، ئەفسەری خانەنشینکراو و فەرمانبەران بەندکران، ئەوانە هەموو بە تاوانی چالاکیی کۆمۆنیستی دەستگیر کرابوون.

هەرکەسـێک چـووبێتە سـەر شـەقام و وێنـەی گرتبـێ، کـەوتووەتە بـەر ڕێژنـەی گوللـە، ئۆتۆمبێلی بچووك و بارهەڵگر بە شەقامەکان لەگەڵ پیـاوانی سـەرباز و ئاسـایش بـەپێی ئەو لیستی ناوانەی پێیان بوو، بەدوای دیموکراتخوازەکان دەگەڕان، مەفرەزەکان لەبـەردەم مـاڵان دەوەسـتان و بـەبێ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی خـاوەن مـاڵ هـەڵیان دەکوتـایە سـەریان و هـەر کەسێکیان لەو ماڵە بەرچاو کەوتبا دەیانکوشت، دوای ئەم کـارە دڕنـدانەیە، دەچوونـەوە نـاو ئۆتۆمبێلەکانیان و بەگۆرانی وتن بە شەقامەکاندا دەگەڕانەوە، زۆربەی گەڕەکەکانی بەغدا کە زۆری نەمابوو پێشوازیان لە ١٢٠٠ سـاڵەی دامەزرانـدنی شـارەکەیان دەکـرد، بوونـە کـەلاوە، گاردی نەتەوەیی- حەرەس قەومی- کە هەموویان تەمەنیان منداڵ بـوو، لـەگەڵ سـەربازەکان لە گــەڕەکەکانی کرێکــارانی بەغــدا دەســتیان کــرد بــە ڕاوەدونــان و گرتنــی خــەڵکانی دیموکراتخـوازی بەشـەرەف، لـە ئەنجـامی ئـەم هەڵمـەتە دڕندانـەیە چەنـدین ژن و منـداڵ کوژران و لە ئەنجامدا گەورەترین زیان بەر پارتی کۆمۆنیستی عێراقی کەوت.

جەماوەری گەلانی گشت جیهان، داوایان کرد کۆتایی بەو تاوانە وەحشیانەی بەعسیەکان بەرامبەر بە هێزە دیموکراتی و نیشتمانپەروەریەکانی عێراق بهێندرێ کە ئەنجامیان دەدا.

لەلایەن زەحمەتکێشانی یەکێتی سۆڤیەت، چیکوسلۆڤاکیا، بولگاریا، پۆلەندا، ئیسپانیا، فەرەنسا، جەزائیر، ڕۆمانیا، مەنگولیا، هەنگاریا، ئیتالیا، کۆماری ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و لە چەندین وڵاتی تر کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایی سازکرا و بروسکەی نارەزاییان ئاراستەی حکومەتی عێراق و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد[1].

لە ڕۆژی ٧ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣، فاشیەکان سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی، حسێن ئەلرازی (سەلام عادل) و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی محەمەد حسێن ئەبولعز و حەسەن و حسن عوینیان لە سێدارەدا[2]. ئەوانە بەشێوەیەکی نهێنی و بەبێ هیچ دادگایی کردنێکی ئاشکرا لە سێدارەدران.

پێش ئەوەی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی عێراق لە سێدارە بدرێن، لەلایەن وەزیرە بەعسیەکانی حکومەت (حازم جەواد، سەعدی، شەبیب، جومعە، تکریتی و موحسن ئەلشێخ ڕازی) ئەشکەنجە دەدران، ئەمانە ترش و خوێیان بە برینی قارەمانەکاندا دەکرد و پێستی پشتیان لێ دەکردەوە و هەردوو دەست و قاچیان دەبڕین و پاشان فڕێ دەدرانە ژێر ماشێنی جادە کوتانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا فاشیستەکان نەیانتوانی ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلی عێراق لەگەڵ هاوڕێکانیان تێکبشکێنن.

پێش مردنی، سەلام عادل بە پیاوکوژەکەی گوت: "هەموو هەوڵەکانتان بێهودەیە، ئێوە زۆر بەهەڵەدا چوون، گەر وادەزانن بە تیرۆر و زەبر و زۆر، دەتوانن میللەت بترسێنن، هێزی پۆڵایین و دڵسۆزانەی نیشتمانپەروەران بتۆقێنن و ڕۆڵەکانی کۆمۆنیستە بەجەرگەکانی چینی کرێکاری خەباتگێڕ و گەلە مەزنەکەمان بترسێنن"[3].

بێ ئەوەی ترسیان لە کاردانەوەی گەل هەبێت، جەلادەکان، تەرمی سەلام عادلیان بەخاك نەسپارد، وەك چۆن هەمان ڕەفتار لەگەڵ سەلمان یوسف (فەهد) ئەنجام درا کە سکرتێری گشتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو و حکومەتی نوری سەعید ساڵی ١٩٤٩ کوشتیان.

---

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٠ی شوباتی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢١ی شوباتی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٢ی شوباتی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٤ی شوباتی ١٩٦٣.

٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٩ی ئاداری ١٩٦٣.

٣ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٣١ی ئاداری ١٩٦٤.

فاشـیەکانی عێـراق کە بەعسـیەکانن، ڕۆڵە قارەمانـەکانی گـەلیان دا بـەدەم ڕەشـەباوە، کۆنەپەرستانی عێـراق یارییـان بە سـادەترین ئـازادی ڕامیـاریی دەکـرد، کۆنەپەرسـتان چەنـد دەسـتێکیان لە هێـزە دیمـوکراتی و نیشـتمانپەروەرە ڕەسـەنەکانی وڵات وەشـاند و یـەکێتی نەتەوەییان لاواز کرد، ئەم کردارانەی ئەوان دڵی بلـۆکی گـەورەترین دوژمنـی گـەلی عێراقـی خۆشکرد کە بلـۆکی ئیمپریالیزمـە، ئەوەتـا ڕۆژنامـەی (دەیـلی تـەلەگراف)ی هۆڵەنـدی، لـەم بارەیەوە نووسیویەتی و دەڵێ: "ئێستا بەدڵنیایەوە دەڵێم کە ئەو کودەتا نەتەوەپەرسـتانەیەی ماوەیەکە لە عێراق و سوریا ڕوویان داوە، لەلایەن ئەمریکیەکانـەوە پشـتیوانیان لـێ دەکـرێ، چەندین زانیاری کە لە لەندەن و پاریس بەدەست کەوتوون، سـەلمێنەری ئەوەن کە لە نێـوان نوێنەرانی ئەمریکی و پارتی بەعس چەند ڕێککەوتنێکی نهێنی ئەنجام دراوە".

هەفتەنامەی فەرەنسی (ئیکسپرێس) لە ژمـارەی ڕۆژی ٢١ی شـوباتی سـاڵی ١٩٦٣، بـڵاوی کردۆتەوە کە: "کودەتای دەوڵەتی لە عێراق بە ڕێنمایـی ئۆرگـانە نهێنییەکـانی ئـەمریکی واتە (C.I.A) ئیدارەی ناوەندی سیخوڕی ئەمریکی ئەنجام دراوە، هەروەها حکومەتی ئینگلیـز لە قۆناغەکانی ئامادەکردنیدا بەشداربووە..."[1].

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٣، باڵیۆزی ئـەمریکی (ئەی. مـایۆر) لە لوبنـان ڕایگەیانـد: "ئـێمە مافی خۆمانە پشتیوانی پارتی بەعس لە سوریا و عێراق بکـەین، لە خـەباتی یەکلاکـەرەوەیان دژبە کۆمۆنیزم..."[2].

لەژێـر دروشـمی خـەبات دژی کۆمـۆنیزم، بەعسـیەکان گشـت تـوێژە دیمـوکراتییە بەشەرەفەکانی دانیشتووانیان لەناوبرد.

کۆمـەڵگای جیهـانی بە تـوڕەیی و ناڕەزایەتییـەوە دژی ڕەفتارەکـانی ڕژێمـی بەعسـی و کوشتنی بەکۆمەڵ لە عێراق ڕاوەستان، گەلانی وڵاتانی سۆشیالیستی پشتیوانی تەواوی خۆیان بۆ گەلی عێراق کە لەو بارودۆخە ناهەموارەدا بوو، دەربڕی.

لە ڕاگەیاندنێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیسـتی یـەکێتی سـۆڤیەت لە ڕێـکەوتی ٩ی ئاداری ١٩٦٣ بڵاوکرایـەوە، سـەبارەت بە ڕاگەیانـدنی ڕادیـۆی بەغـدا لەبـارەی لەسـێدارەدانی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی دەڵێ:

---

١ گۆڤاری "نۆڤۆی ڤرێمیا"، ژمارە ٣٣، ساڵی ١٩٦٣.
٢ هەمان سەرچاوە.

"ئەو کـردەوە سـەیرە دڕندانـەیە گشـت خـەڵکانی پێشـکەوتنخوازی جیهـانی تاسـاند، ئەو جۆرە کردەوانە گـەواهی ئەوە دەدەن کە دەسـەڵاتدارانی عێـراق بە پێچەوانـەی لایـەنگرانی ڕاستەقینەی پـاکتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و ڕاگەیانـدنی مافـەکانی مـرۆڤن"، بە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی فەرمی حکومەتی عێراق، سەبارەت بە سیاسـەتی ئـازادی و یـەکێتی و سۆشیالیسـتی و گەمــەکردن بە ســادەترین پرەنســیپی مرۆڤایــەتی و دیمــوکراتی، لەلایەن بەعسەوە بە ئاشکرا بارگرانیان دەخستە سەر گەلی عێراق.

تاقمی دەسەڵاتداری عێراقی، تـا دەهـات زیـاتر پـەیڕەوی تیـرۆر و چەوساندنەوەیان دژی باشترین ڕۆڵەکانی گەلی عێراق دەکرد.

دیموکراتخوازانی کورد، زانیان کە کێ لە جیاتی قاسم هـاتووە و چـاوەڕوانی هـیچ شـتێکی باشیان لێ نەدەکرد، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵیدا بە ڕێگایەکی ئاشتیانە کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتی نوێ چارەسەر بکات.

پارتی نیازپاکی کـوردی لەبـەردەم کۆمـەڵگای جیهـانی نیشـاندا، ئەوە بـوو وتـووێژ لـەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقی لە مانگی شوبات دەستی پێکرد.

## ٥- وتووێژی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و حکومەتی بەعس

چوار ڕۆژ دوای کودەتا، کاتێـک سـەرەتا بەعسـیەکان هـاتنە کەرکـووک و دواتـر سـلێمانی، ساڵح عەبدوڵا یوسفی بە یاوەری ڕائید کەریم قـەرەنی کە ئەفسـەرێکی کـورد بـوو بە نیـازی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ پێشەوای شۆڕش، ڕاستەوخۆ بروسـکەیان بـۆ مەکتـەبی سیاسـی پـارتی نارد. مەکتەبی سیاسـی لە وەڵامـی بروسـکەکە ڕەزامەنـدی نیشـاندا کە بـێن بـۆ قـەڵادزێ تـا لەوێوە بەڕێبکەون بۆ دیداری بارزانی، لە ڕۆژی ١٣ی شوباتی ١٩٦٣ سـاڵح یوسـفی و کـەریم قەرەنی هاتنە قەڵای ناوبراو و بۆ ڕۆژی دواتـر ڕۆیشـتن، تـا چاویـان بە بـارزانی بکـەوێت، لە شـەوی ١٤-١٥ی شـوبات، کۆبوونـەوەی مەکتـەبی سیاسـی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی ئەنجامدرا.

مەکتەبی سیاسـی گەیشـتە ئەو ئەنجـامەی کە دروسـتبوونی حکومـەتێکی نـوێی عێراقـی لەلایەن پارتی بەعس و بە سەرۆکایەتی عارف، پێ ناچێت کێشەی کورد بە ئاشتیانە چارەسەر بکات.

بۆئەوەی نیازپاکی گەلی کورد بە دیاربخرێت و ناوەرۆکە کۆنەپەرستیەکەی حکومەتی بەعس ئاشکرا بکات، مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دا وتووێژ لەگەڵ حکومەت بکات.

گشت بەشداربووانی کۆبوونەوەکە ئەو بڕیارەیان پەسەند کرد کە ئەو پێشنیارەی حکومەت تایبەت بە ناردنی شاندێکی کوردی بۆ وتووێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بەغدا، قبوڵ بکەن و بڕیار لە ناردنی شاندێك بە سەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی درا و نامەیەکیان بە ئیمزای بارزانی بۆ حکومەتە نوێیەکە ڕەوانەکرد، بۆئەوەی متمانە بە داخوازییەکان ببەخشێ کە بریتییە لە ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ گەلی کورد.

لە ڕێکەوتی ١٦ی شوبات، شاندەکە لە قەڵای دازاخەوە بەرەو سلێمانی بەڕێکەوت و شەو گەیشتنە ئەوێ و ڕۆژیان لە هوتێلی سەربازی کردەوە، ڕۆژی دواتر شاندەکە بە فڕۆکە چوونە کەرکووک، لەوێشەوە بۆ بەغدا و ڕۆژی ١٧ی شوبات گەیشتنە ئەوێ، شەو شاندەکە لە هۆتێل بوون و سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراق تاهیر یەحیا سەردانی کردن، ئەو بەخێرهاتنی میوانەکانی کرد و لەگەڵ تاڵەبانی چەند وشەیەکیان ئاڵوگۆڕ کرد، تاهیر یەحیا سەر لەنوێ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە حکومەت ئامادەیە هەر سبەینێ بەیاننامەیەک دەربکات سەبارەت بە دانپێنان بە مافی گەلی کورد کە ئۆتۆنۆمیە و کار بکرێت بۆئەوەی زامنی ئەو مافەی گەلی کورد بکرێت، ڕۆژی دواتر، شاندی کوردی چاویان بە سەرۆك کۆماری عێراق عەبدولسەلام عارف و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەحمەد حەسەن بەکر و وەزیری بەرگری ساڵح مەهدی عەماش کەوت، هەر یەك لەم لێپرسراوانە بەخێرهاتنی شاندەکەیان کرد و هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست لەو ئەرکەی پێیان سپێردراوە و جارێکی تر دووپاتی بەڵێنەکەیان کردەوە کە بریتییە لە ڕێزگرتن لە مافەکانی گەلی کورد و هەوڵی پێشخستنی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان.

لە ناوەڕاستی ئەو ڕۆژە، یەکەم چاوپێکەوتن لەنێوان نوێنەرانی حکومەت و شاندی کوردی ئەنجام درا.

لایەنی حکومەت لەو دانیشتنە بریتی بوون لە جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ- عەلی ساڵح سەعدی، وەزیری بەرگری- عەماش، وەزیری دەوڵەت- حازم جەواد و فەرماندەی هێزی ئاسمانی- حەردان تکریتی. لایەنی کوردی لەو وتووێژەدا، جەلال تاڵەبانی، ساڵح یوسفی و دوو وەزیری کورد بابا عەلی شێخ مەحمود و عەقید فوئاد عارف بەشداربوون.

پارتی دیموکراتی کوردستان پێشنیاری گەلی کوردی خستە بەردەم حکومەتی عێراق، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کێشەی کورد بتوانرێت بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، لەو پێشنیارانەدا هاتووە، عێراق بریتییە لە یەك دەوڵەت و لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێکهاتووە کە کورد و عەرەبن و هەمان مافیان هەیە...

دەستوور چەند بەندی لەخۆ گرتووە سەبارەت بە پایە بەرزەکانی کۆمارەکە و سەرۆك کۆمار و حکومەت هەروەها دەستوور پاکتێکی لەخۆ گرتووە سەبارەت بە دەزگایەکی تایبەت بۆ کاروباری نەتەوەیی، دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و بریتییە لە:

١- بەڕێوەبردنی دەوڵەت.

٢- کاروباری دەرەوە کە بریتییە لە:

أ. نوێنەرانی سیاسی و کونسوڵی و بازرگانی.

ب. وتووێژ و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان.

ج. بەشداریکردن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

٣- ڕاگەیاندنی جەنگ و بەستنی ڕێککەوتننامەی ئاشتی.

٤- پارێزگاری لە وڵات (هێزی زەمینی، دەریای و ئاسمانی).

٥- دراو و دەرکردنی پارە.

٦- کاروباری تایبەت بە نەوت.

٧- گومرگ.

٨-بەندەر و فڕۆکەخانەی دەوڵەت.

٩- تەلەگراف، پۆست و تەلەفۆن.

١٠- هێڵی ئاسنی و ڕێگای هاتووچۆی سەرەکی.

١١- بابەتی ڕەگەزنامە.

١٢- پلاندانانی بودجەی گشتی دەوڵەت.

١٣- کۆنترۆڵ لەسەر ئێستگە و تەلەفزیۆن.

١٤- وزەی ناوەکی (ئەتۆمی).

مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەنجوومەنی جێبەجێ کردنەوە بەدی دێت کە لەلایەن دانیشتووانی کوردستانەوە بە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی ئازاد و دەنگدانی نهێنییەوە پێکدێت. کۆمیتەی میللی ئەم کارانە لە ئەستۆ دەگرێت، کاروباری دادگای ناوخۆیی، پەروەردە و خوێندن، تەندروستی، کشتوکاڵ، ئیدارەی دەوڵەت، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان، پلاندانان بۆ دروستکردنی تەلار و هاوینە هەوار و هەموو ئەوانەی کە تایبەتن بە بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی دانیشتوان و گەشەسەندنی ئابووری، هەروەها چەندین کاری تر کە نەخراوەتە ناو دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندییەوە.

ئەنجوومەنی یاسادانان هەموو ئەو یاسایانە دادەنێت کە بۆ جێبەجێکردنی ئەو کارانەی لە سەرەوە باس کراون پێویستن.

ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێکدەهێنێت لە چوارچێوەی برگەی (٢)دا کە لە پێشەوە باس کراوە، هەروەها ئەو یاسایانە پراکتیزە دەکات کە لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانەوە دانراون و ئەو یاسا و بڕیارانەی پەیوەستن بە کوردستانەوە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە دەرچووێنراون. ئەنجوومەنی جێبەجێکردن بەرپرسیاردەبێت لە گشت کارەکانی لە بەردەم ئەنجومەنی یاسادانان.

دارایی کاروباری نەتەوەیی پێکدێت لە:

داهاتە ناوخۆییەکان، باج و ڕسومات کە لەناوخۆی کوردستان بەدەست دێن.

بەشی کوردستان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەکۆی دانیشتوانی گشت عێراق دیاری دەکرێت، بەتایبەت لە: داهاتی نەوت، باجی گومرگی، داهاتی فرۆکەخانەکان، بەندەرەکان، بانکە حکومیەکان، گواستنەوە و تەلەگراف، پۆستە و تەلەفۆن، لەمانە گشت خەرجیەکانی دەوڵەتی لێ دەردەچێت کە بۆ بەڕێوەبردن، بەرگری، بازرگانی دەرەوە تایبەت دەکرێن، دەرکردنی پارە، بەڕێوەبردنی وەزارەتی نەوت و دابەشکردنی بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لەچاو ژمارەی دانیشتوانی گشتی عێراق دەبێت، خەرجیەکانی هێڵی ئاسنین و گواستنەوە دیاری دەکرێن، بەپێی ئەوەی بەگشتی چەند لەناو خاکی کوردستاندایە و چەندی لەناو خاکی عێراقە.

بەشی کوردستان لە قەرزە یەدەگە بیانییەکان و جۆرەکانی تری ئەو یارمەتیانەی کە لە داهاتوودا وەردەگیرێت، حکومەت بە هەمان ڕێژە دیاری دەکات.

قەرزە ناوخۆییەکان و سولفەکان و گشت یارمەتییە نا سەربازییەکان، ئەویش هەر بەشی کوردستانی لێ دەدرێت.

کوردستان لە داهاتی، توتن و هاوینە هەوارەکان و دارستانەکان، لەو پلان و کارانەی ڕێکخراوە جیاجیا خێرخوازییەکان و بەرژەوەندی گشتی، بەشەکەی خۆی بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی وەری دەگرێت.

هەرێمی کوردستان ئەم شوێنانە دەگرێتەوە: سلێمانی، کەرکووک، هەولێر، ئامێدی و ناوچەکانی پارێزگای موسڵ و دیالە کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردن.

دەبێ جێگری سەرۆك کۆمار کورد بێ کە لەلایەن گەلی کوردستانەوە هەڵدەبژێردرێت، هەروەك چۆن سەرۆك کۆمار هەڵدەبژێرێت. دەستووری کارگێڕی نەتەوەیی لە کوردستان ئەمانە زامن دەکات: مافە کەلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، ئازادییە دیموکراتییەکان و ئازادیی ئاینی بۆ هاوڵاتیانی کەمە نەتەوەکان وەك: تورکمان، ئاشووری، ئەرمەنی و نوێنەرانی ئاینە جیاوازەکان و نەتەوەکانی تر، بۆ ئەمانە یەکسانی تەواو لەگەڵ کورد و عەرەب زامن دەکرێت و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەریان دەبێت لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و ئۆرگانە دەوڵەتیەکانی تر.

گەلی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق ژمارەی نوێنەرانیان دەبێت.

ژمارەی وەزیرەکان لە وەزارەتە ناوەندییەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق دادەنرێن. ژمارەی فەرمانبەرانی کورد لە وەزارەتە ناوەندییەکان بەپێی ژمارەی کورد دادەنرێن.

لە زانکۆی بەغدا و لە فێرکردنی باڵا، ژمارەی قوتابیانی کورد بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کورد وەردەگیرێن.

حکومەت بۆ دەرەوەی وڵات، قوتابی کورد لە شاند و نێردراو بۆ خوێندن، بەپێی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە عێراق دەنێرێت.

جێگرێکی سەرۆك ئەرکانی سوپا دەبێت کورد بێت، سوپای عێراقی هەر بە ناوی خۆیەوە دەمێنێتەوە، بەڵام لە کوردستان ئەو ناوانە، واتە ناوی پێکهاتەی یەکە سەربازییەکان بە کوردی دەبێت، لەو پێکهاتە سەربازییانە لە کوردستان، سەرباز و زابت سەف و ئەفسەرەکان هەمووی دەبێت کورد بن.

خوێندن و ڕاهێنان لە سوپای عێراق بۆ کوردەکان بە کوردی دەبێت.

ئەفسەر و زابت سەف کە بەهۆکاری سیاسیەوە دەرکراون، دەبێت بگەڕێنەوە بۆ سوپای عێراقی و لە یەکە سەربازییە کوردییەکان خزمەت بکەن.

حکومەتی ناوەندیی دەبێت هێزی سەربازی زیاتر بنێرێت بۆ کوردستان ئەگەر، هاتوو دەستدرێژییەکی دەرەکی کرایە سەر کوردستان، یان کرایە سەر کۆماری عێراق. بۆ ئەنجامدانی کاری سەربازی لەلایەن سوپای عێراقەوە پێویستە ڕەزامەندی هەردوو ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردن بۆ ئەو مەبەستە وەربگیرێت.

سوپای عێراقی دەتوانێت مانۆری سەربازی لە کوردستان ئەنجام بدات، بە مەرجێك ڕەزامەندی ئەنجومەنی یاسادانان وەربگیرێت، یاخود لەسەر داوای ئەنجومەنی جێبەجێکردن بێت، هیچ یاسایەك کاری پێ ناکرێ، جا لە کوێ و کێ دەریکردبێ، ئەگەر بەربەست بێت لەبەردەم مافە نەتەوەیی و دیموکراتییەکانی گەلی کورد، یان کۆتایی بە بەکارهێنانی ئەو مافانە بهێنێت.

گشت بڕیارێکی حکومەتی عێراقی، جگە لە (ڕاگەیاندنی جەنگ، یان مەترسیی دەستدرێژیکردنی ڕاستەقینە بۆسەر وڵات)، دەبێت تەنیا بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجومەنی یاسادانان بدرێت.

یەك لە وەزیرە کوردەکان، ئەنجومەنێکی جێبەجێکردنی کاتی پێکدەهێنێ بۆ جێبەجێکردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی کاتی و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانان لە ماوەیەك کە لە چوار مانگ زیاتر نەبێت، واتە لەو کاتەوەی ئەنجومەنی جێبەجێکردن پێکدێت.

هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیار و سزایانەی بۆ بەشداربووان لە شۆڕشی کوردی دەرکراون، واتە دژی شۆڕشگێڕان کاری پێکراوە، بە پەلە هەڵبوەشێنەوە، لە ماوەیەکدا کە لە چوار مانگ تێنەپەڕێت.

لەکاتی گۆڕینی ئاڵای نەتەوەیی عێراق و دروشمەکەی، پێویستە سومبولی کوردستان بخرێتە نێو ئاڵای نوێ[1].

١ مەرجە پێشنیارکراوەکانی شاندی کوردی بۆ حکومەتی عێراق، ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

لە سەرەتاوە، لایەنەکان بیروڕایان سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان بەرامبەر بەکێشەی یەکێتی عەرەب و نەتەوەی عەرەب ئاڵوگۆڕ کرد، عەلی ساڵح ئەلسەعدی ڕەخنەی لە پارتی دیموکراتی کوردستان گرت، لەبەر ئەوەی پارتی هاوکاری کۆمۆنیستەکانی کردووە دژی بەعسیەکان.

لە وەڵامی ئەوەدا، تاڵەبانی ڕایگەیاند کە پارتی بەعس، پارتێکی شۆڤێنییە و نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کورد دەکات و دژایەتی دیموکراتییەت دەکات، ئەمە بووە هۆی ناکۆکی نێوان بەعسیەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، لە ئەنجامی ئەم کەشوهەوایە، وتووێژەکان بەرەو خراپی چوون و بارودۆخ ئاڵۆزبوو، عەماشی وەزیری بەرگری بابەتەکەی قۆستەوە و ڕایگەیاند کە گەلی کورد دەبێت گشت مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ لەوانە مافی چارەی خۆنووسین، دواتر عماش هەڵوێستی نەتەوەپەرستی سەبارەت بە مافەکانی گەلی کود ڕاگەیاند کە پارتی بەعس دان بە مافەکانی گەلی کورد دەنێت، لەوانە مافی چارەی خۆنووسین و گوتی شۆڕشی کورد بە بۆچوونی پارتی بەعس، نابێت بە زەبری هێز سەرکوت بکرێت و کێشەی کورد تەنیا بە ڕێگای دەستەبەرکردنی مافە یاسایەکان بۆ گەلی کورد چارەدەکرێ، عماش بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "زۆر هۆکار هەیە وا لە عەرەب دەکات لایەنگری کورد بکات و پشتگیری لە مافەکانی بکات".

عماش لە کۆتایی وتەکەیدا ڕایگەیاند کە پارتی بەعس ئەو کوشتن و زوڵم و زۆرەیەی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسم ئەنجام دراوە نیشانی جیهانی دەدات، (بەڵام بەعسیەکان چۆن سەیری خۆیان دەکرد، کاتێك کە ئەوانیش هەوڵی لەناوبردنی برا کوردەکانیان دا!).

عماش گوتی: "لەبەر ئەوە گەلی کورد ڕێکخراو و نوێنەرایەتی خۆی هەیە، چ لە ناو وڵات و چ لە دەرەوە، بۆیە لە توانایدا هەیە وا لە جیهان بکات، گوێبیستی بێت"[1].

تاڵەبانی هیوای خواست، ئەوەی عماش باسی کردووە پراکتیزە بکرێت و پشتیوانی لەلایەن بەرپرسانەوە لێبکرێت. دانیشتنەکە کۆتاییهات و گەیشتنە ڕێککەوتنێکی مەبدەئی کە مافی نەتەوەی گەلی کورد دەستەبەر بکرێت، بەڵام ڕێککەوتننامەکەی تایبەت بە دانپیانان بە مافەکانی کورد بە بیانووی ئەوەی دەبێت کۆنفرانسێکی پارتە عێراقیەکان ساز بکرێت بۆ پەسەندکردنی ئەم بڕیارە، دواخرا.

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

هۆکـارەکەشی ئەوەبـوو کە بەعسـیەکان ڕایانگەیانـد، پارتەکـەیان دەترسـێت بە ئاشـکرا کێشەیەکی وەها گرنگ و ترسـناك سـەربەخۆ چارەسـەر بکـات، بـەبێ بەشـداریکردنی پـارتە عێراقیەکانی تر، سەعدی و عماش بەردەوام دەبن و دەڵـێن: "جـەمال عەبـدولناسر هـەر بـەو شێوەیە هەوڵی دەدا بڕبـڕەی پشـتی پـارتی بـەعس لـە گشـت پارچـەکانی جیهـانی عـەرەبی بشکێنێ"[1].

بەشـداربووانی وتـووێژ، ڕێککـەوتن لەسـەر ئەوەی لە مـاوەی یـەك هەفتـە بانگێشـت بـۆ بەستنی کۆنفرانسی مێزی بازنەیی (المائده المستدیره) بکـەن، بە بەشـداری نوێنـەرانی پـارتە سیاسـیەکانی عێـراق. بـەڵام ئێـوارەی ڕۆژی ٢١ی شـوبات، سـەرۆکی شـاندی کـوردی داوەتنامەیەکی چاوەڕواننەکراوی لە سەرۆك وەزیران و وەزیـری بەرگرییـەوە پێگەیشـت، بـۆ ئەوەی لەگەڵ شاندی عێراقی بچن بـۆ قـاهیرە، تـا بەشـداری لە ئاهـەنگی جـەژنی یـەکبوون بکەن، شاندەکە دەبووایە بە سەرۆکایەتی عەلی ساڵح ئەلسـەعدی بـووایە، تاڵـەبانی هەوڵیـدا کاتی پێبدرێت بۆ بیرکردنەوە لەو پێشـنیارە، بـەڵام نوێنـەرانی حکومـەت پێـداگرییان کـرد کە دەبێ بە زووترین کات داوەتنامەکە قبوڵ بکات و ڕوویان کردە وەزیـرە کوردەکـە و داوایـان لێکرد تاڵەبانی ڕازی بکـات، دوای دانیشـتن لـەگەڵ سـەرکردەی پارتـەکان لە بەغـدا، تاڵـەبانی ڕازی بوو لەگەڵ شاندی عێراقی بچێت بـۆ قـاهیرە، بە هـۆی سـەفەرکردنی تاڵـەبانی وتـووێژ ڕاگیرا، لە قاهیرە عەقید فوئاد عـارف و جـەلال تاڵـەبانی چاویـان بە سـەرۆك کۆمـار جـەمال عەبدولناسر کەوت، یەکەم چاوپێکەوتن لە ڕێکەوتی ٢٢ی شوبات لە بارەگـای سـەرۆك کۆمـار جەمال عەبدولناسر ئەنجامدرا.

شاندی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو بـۆ پێشـوازیکردن هـاتبوون، هاوشـان لەگـەل سـەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك کۆمار عەبدولـەتیف بەغـدادی و سـەرۆك وەزیـران عـەلی سـەبری و سکرتێری ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار عەبدولمەجید فەرید ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. عەقیـد فوئاد عارف بە دوورودرێژی باسی خەباتی عەرەب و کوردی دژی حکومەتی قاسم کـرد و بە سـەرۆکی کۆمـاری ڕاگەیانـد کە دەسـەڵاتدارانی ئێسـتای عێـراق بـەڵێنیان داوە ئۆتۆنـۆمی ناوخۆیی بۆ گەلی کورد دەستەبەربکەن دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لەکۆتاییـدا داوای لە جـەمال عەبـدولناسر کـرد، هاوکـاری دانیشـتوانی کـورد بکـات لە خـەبات بـۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان. دواتر تاڵەبانی قسەی بۆ سەرۆك کۆمار کرد سەبارەت بە ڕەوت و پێشکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گـەلی کوردسـتان و سـەبارەت بە خـەباتی

---

١ ئەرشیڤی پارتی دیموکراتی کوردستان، فایلی ژمارە ٣.

هاوبەشــی کــورد و عــەرەب دژبە ئیمپریــالیزم و کۆنەپەرســتان بــۆ پێکهێنــانی ڕژێمێکــی دیموکراتی لە عێراق کە زامنـی ئۆتۆنـۆمی نـاوخۆیی بـۆ کوردسـتان لە چوارچێـوەی کۆمـاری عێراق دەکات.

ئەو هەڵوێستی کوردی سەبارەت بە بزوتنەوەی نەتەوەیی عـەرەب کە دژی ئیمپریـالیزم و کۆنەپەرستان بوو بۆ سەرۆکی کۆماری عـەرەبی یـەکگرتوو ڕوونکـردەوە و ڕاگەیانـد کە کـورد پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازی و دیموکراتی نەتەوەیی عـەرەب و ئـاواتە نەتەوەییـەکانی دەکات.

هــەردوو لا بیروڕایــان ئـالۆگۆڕ کـرد ســەبارەت بە بـارودۆخی سیاسـی لە ڕۆژهەڵات و لە وڵاتانی عەرەبی و عێراق.

سەرۆك جەمال عەبدولناسر ڕایگەیاند کە ئەو بە وردی ئاگای لە کێشـەی کـوردە و بـەڵێنی دا زۆر بە وریاییەوە ئەو کێشەیە تاوتوێ بکـات و بە ئاشـکرا بۆچـوونی خـۆی سـەبارەت بەو پرسە ڕاگەیاند. سەرۆکی دەوڵـەتی کۆمـاری عـەرەبی یـەکگرتوو جـەختی لەسـەر خواسـت و هەوڵەکانی خۆی کردەوە، سەبارەت بە یەکێتی نەتەوەیی عێراق و پەیوەنـدی نێـوان گـەلانی عێراق و کورد. جەمال عەبدولناسر ئاماژەی بە دانانان بە مافە نەتەوەییەکانی کورد دا.

دووەم چاوپێکەوتنی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و سەرۆك کۆماری عەرەبی یـەکگرتوو لە بارەگای خۆی ئەنجامدرا، دوای گەڕانەوەی شـاندەکە لە جـەزائیر، لـەو چاوپێکەوتنـە لـەگەڵ لایەنی میسـری، زەکەریـا محیەدین جێگـری سـەرۆك کۆمـار و عـەلی سـەبری ئامـادەبوون، تاڵـەبانی و عەقیـد فوئـاد عـارف دووبـارە بە سـەرۆك جـەمال عەبـدولناسریان ڕاگەیانـد کە پێویسـتە حکومـەتی عێـراق دان بە مافـەکانی گـەلی کـورد کە ئۆتۆنـۆمی ناوخۆییـە، بنـێ و ڕوونیانکردەوە کە عێراق چەند سوود وەردەگرێت، ئەگـەر چارەسـەرێکی دروسـتی کێشـەکە بکـات و چەنـد زەرەرمەنـد دەبێـت، ئەگـەر دان بـە مـافە ڕەواکـانی گـەلی کـورد نـەنێت کە ئۆتۆنۆمیــە، ســەرۆك جــەمال عەبــدولناسر لەلایــەن خۆیــەوە ڕاگەیانــد، ئەو زۆر بــاش لە داخوازییەکانی گەلی کورد دەگات و پشتیوانی لێ دەکات و دان بە مافـەکانیان دەنێـت، ئەو بەڵێنی دا جارێکی تر سەبارەت بە خواست و ئاواتی خـۆی و هەوڵـدانی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاواتی نەتـەوەیی گـەلی کوردسـتان بە شـاندی عێراقـی ڕابگەیـەنێ، ئەو گـوتی: عـەلی سـەبری جـارێکی تـر چارەسـەرکردنی مەسـەلەی کـورد و زەڕوریەتی دانپێدانان بە مافـە نەتەوەییـەکان و ئاواتـەکانی گـەلی کـورد بە شـاندی عێراقـی ڕادەگەیەنێت.

چاوپێکەوتنی نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ جەمال عەبدولناسر و بن بێلا بووە هۆی ڕوونکردنەوەی خواستە ڕەواکانی گەلی کورد و ڕەوایی داخوازییەکانی ئەم گەلە و بەتەواوی لە وڵاتانی عەرەبدا ڕوون بووەوە.

لەکاتی گەیشتنی شاندی عێراقی بۆ جەزائیر، ئەحمەد بن بێلا ڕایگەیاند کە ئەو بە بڕواوە دەڕوانێتە داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد و هیوای خواست کێشەی کورد لەسەر بنەمای دیموکراتی چارەسەر بکرێت و گونجاو بێت لەگەڵ داخوازییەکانی گەلی کوردستانی عێراق، بۆ ئەوەی دڵی کورد لە عێراق لای گەلی عەرەبی برا بێت و هەمیشە پێکەوە بژین و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب بەهێز بکرێ.

شاندی عێراق بەڵێنی بە سەرۆك کۆماردا کە کیشەی کورد بە ئاشتی چارەسەر دەکرێت. دوای ئەم هەموو قسە و بەڵێنانە دەپرسین، ئایا لای بەعسیەکان تەنانەت یەك دلۆپ حەیا و شەرەف هەیە و ئەوان خاوەنی قسە و بەڵێنی خۆیانن؟

دوای گەڕانەوەی شاندەکە بۆ بەغدا، دووەم کۆبوونەوەی نێوان نوێنەرانی گەلی کورد و حکومەتی بەعس ئەنجامدرا، لەو چاوپێکەوتنەدا کە لە بارەگای وەزارەتی بەرگری بەڕێوەچوو، ئەمانە ئامادەبوون: لایەنی حکومەت، وەزیری بەرگری، سەرۆك وەزیران، فەرماندەی تیپ (فرقە)ی چوار عەقید عەبدولکەریم نسرەت و فەرماندەی هێزی ئاسمانی. لایەنی کوردی: تاڵەبانی، ساڵح یوسفی و محەمەد سەعیدخەفاف. وەزیری بەرگری ڕایگەیاند، حکومەت ئامادەیە دان بە مافەکانی گەلی کورد بنێ کە ئۆتۆنۆمی ناوخۆییە و هەروەها ڕێککەوتننامەیەک لەو بارەیەوە مۆر بکرێت، بەڵام بەمەرجێك تا کاتێکی گونجاو بڵاونەکرێتەوە، بەڵام تاڵەبانی دژی ئەو پێشنیارە وەستایەوە کە بەم شێوەیە هاتووە: (ڕاناگەیەنرێت، تا هەلێکی باشتر نەیەتە پێشەوە)، ئەو پێشنیارە لەلایەن (ئەنجوومەنی نەتەوەیی فەرماندەی شۆڕش) کرا، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی فەرمی دان بە مافەکانی گەلی کورد دابنرێ کە ئۆتۆنۆمییە و بڕیاری لەسەر بدرێت و بڵاوبکرێتەوە، بەڵام تاڵەبانی ڕایگەیاند کە پێویستە وتووێژ بەردەوام بێت، بۆئەوەی ماوەی دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی بۆ کورد دیاری بکرێت، دوای ئەوە عماش وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا سەر لەنوێ جەختی لەوە کردەوە کە پارتی بەعس دان بە مافی کورد لە چارەی خۆنووسین دادەنێ، بەڵام بەعسیەکان دەترسان لە کرداری جەمال عەبدولناسر کە هەوڵ دەدات ئەو بارودۆخە بقۆزێتەوە، بۆئەوەی گورزێك لە بەعس بوەشێنێت. دوای وتووێژێکی دوورودرێژ، بڕیاردرا تاڵەبانی و عماش بچن بۆ کوردستان، تا چاویان بە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بکەوێت و ئەو

پێشنیارەی پێ ڕابگەینن، چونکە تاڵەبانی ڕایگەیاند، ئەو تەنیا دەسەڵاتی ئەوەی پێ دراوە ئەو بابەتانە چارەسەر بکات کە پەیوەندیان بە دەستەبەرکردنی مافەکانی کوردە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندیی بە ئۆتۆنۆمی ناوخۆییەوە هەیە و گرنگی و بایەخ بدرێت بەوەی کە بەعسیەکان وەك پرینسیپ ڕازی بوون بە دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، بۆ ڕۆژی دواتر، کاتێك تاڵەبانی گەیشتە فڕۆکەخانەی سەربازی سەربازگای ئەلڕەشید، چاوی نە بە عماش کەوت و نە بە هیچ وەزیرێکی تر، ئەمە لەکاتێکدا کە پێشتر گەیشتبوونە ڕێککەوتننامەیەکی گونجاو.

تاڵەبانی بڕیاریدا بە تەنیا بە فڕۆکە بڕوات، دواتر دوو وەزیر لە کەرکووک یان لە ڕانیە پێی دەگەنەوە، کاتێك کە تاڵەبانی گەیشتە ڕانیە، لەلایەن فەرماندەی سەربازگەی ئەوێ پێشوازی لێ کرا و پێی ڕاگەیەنرا کە شاندی حکومی دوای چەند ڕۆژێك دەگەن، تاڵەبانی لەوێوە بەرەو ساخروجە (کانی ماران) بەڕێکەوت، تا چاوی بە جەنەڕاڵ بارزانی بکەوێت، لەوێ چاوی بە بارزانی کەوت و بە دوور و درێژی باسی وتووێژەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی نوێ و لەگەڵ سەرۆك کۆمار جەمال عەبدولناسر و سەرۆك ئەحمەد بن بێلا کرد[1].

لەکاتی ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ حکومەتی بەعس، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکە سەربازییەکانی خۆی بە هێزی تازە پڕکردەوە، چونکە پێشبینی ئەوەی کردبوو فاشیەکان زوو لە قسەکانیان پاشگەز دەبنەوە و هێز بەکاردێنن بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، بەڕاستیش لە ڕێکەوتی ١٠ی حوزیران، لە بەغدا هەڵمەتی (ئەنجوومەنی نەتەوەیی سەرکردایەتی شۆڕش) لەبارەی بارودۆخ لە باکووری عێراق بڵاوکرایەوە[2].

ئەوە وەك ئاگادارکردنەوەی کۆتایی بوو کە جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، حکومەتی عێراق بڕیاری داوە دەست بە ئەنجامدانی چالاکیی سەربازیی دژی کورد بکاتەوە، ڕۆژی ١١ی حوزەیران بەعسیەکان شەڕیان دژی گەلی کورد دەستپێکردەوە[3].

حکومەتی عارف، بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بە بەخشینی ئۆتۆنۆمی بە کورد پێشێلکرد و سەر لە نوێ شەڕێکی وێرانکەری دژی کورد بەرپا کرد.

---

١ وەرگیراو لە وتارێکی جەلال تاڵەبانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ١٩٦٣.

٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١١ی تەمووزی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "ئیزڤێستییا"، ١١ی تەمووزی ١٩٦٣.

٣ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١٢ی تەمووزی ١٩٦٣.

ئـەم کـارانەی حکومـەتی عێـراق، جـارێکی تـر وته دادپەروەرانەکـەی ف.ئـی لینـین دەسەلێمنێ که دەڵێت: "بۆرجوازی خۆی وەک دڕندەیەکی بێ شەرم و بـێ سـەر دەبینێتەوە که باکی هیچی نەبێت و کاری گەمژانه بکات، بەڵام بەمه تەنیا بارودۆخەکه ئـاڵۆزتر دەکـات و مەرگی خۆی پێش دەخات"[1].

دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ دژی کـورد، له لایـەن حکومـەتی عارفـەوە، ئامـاژەی دووبـارە سەرهەڵدانەوەی شەڕ بوو دژی دیمـوکراسی و مەترسـی خسـتنه سـەر کێشـه کۆمەڵایـەتیی و ئابوورییەکانی وڵات.

ئەو سیاسەتی جینۆسایدکردنه که له عێـراق پـەیڕەو دەکـرا و کۆنەپەرسـتانی نـاوخۆ وەك هێزێك بەدەستیانەوە بوو، هاوشێوەی مونۆپۆله ئیمپریالیستەکان بەکاریان دەهێنـا، جـارێکی تر وڵاتی بەرەو ڕژێمێکی ستەمکار بردەوە.

سیاسـەتی حکومـەتی عێـراق نـەدەگونجا لـەگەڵ بەرژەوەندییـەکانی گـەل و تەواوی دەستکەوتەکانی شۆڕشی عێراقیان خستبووە مەترسییەوە، حکومـەتی بەعسـی بەغـدا شـەڕی لـەگەڵ کـورد هەڵگیرسـاندەوە و ئەو ڕێگایـەی گرتەبـەر که دووبـارەکردنەوەی ڕێگـای حکومەتەکەی قاسم بوو، سوپای عێـراق به گشـت پێکهاتەکانییـەوە و بـه پشـتیوانی سـوپای سوری، شەڕێکی دژواری لەگەڵ کورد دەستپێکرد، بـۆ ئەوەی به یەکجـاری نیشـتمانپەروەرانی کورد لەناو ببات.

هێزە ئاسمانییەکانی عێراق، گونـدەکانی کوردسـتانیان بـه ڕۆکێـت وێـران کـرد و به ناپـاڵم بۆردومانیانی کرد و بەروبومه کشتوکاڵیەکانی لەناو دەبرد[2].

له شارەکان به سەدان ئافرەت و منداڵی کورد لەلایـەن بانـدەکانی (حەرەس قەومـی)یەوە کـوژران، به قـاچ ئەوانیـان هەڵدەواسـی و به قـامچی لێیـان دەدان، تـا دەمـردن. ئەنـدامانی پاسـەوانی نەتـەوەیی (حەرەس قەومـی) یارمـەتی سـوپای حکومیـان دەدا و خـەڵکی گوندەکانیان لەگەڵ زەویدا لول دەکرد و خەڵکیان لەسـەر کێڵگـەکانیان دەردەکـرد و لەسـەر زەوی خۆیـان گوللەبارانیـان دەکـردن و دواتـر بەروبوومەکەیـان دەسـووتاند، له گونـدەکان

١ لینین، پەرتووکی ٣١، چاپی چوارەم، ل ٢٠٢.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١١ی تەمووزی ١٩٦٣.

دەستیان دەگرت بەسەر ئامێر و کەلوپەلی کشتوکاڵی و لە دانیشتوانی گوندەکان قەدەغەکرابوو کێڵگەکانیان بۆ بژێوی ژیانی خۆیان بەکار بهێنن[1].

هێزە سەربازییەکان ئەو دەسەڵاتەیان پێدرابوو کە بتوانن هەر کەسێك بیانەوێت گوللەبارانی بکەن، بێ ئەوەی چاوەڕوانی بڕیاری دادگای سەربازی بکەن.

ڕای گشتیی جیهانی بە تووڕەییەوە ڕەفتارە دژە مرۆڤایەتییەکانی بەعسە جەلادەکانیان ڕیسوا و مەحکوم کرد، لەگشت شوێنێکی جیهان، لەلایەن خەڵکانی ئاشتیخواز بە هەزاران بروسکەی ناڕەزایی ئاراستەی حکومەتی عێراق کرا، خەڵکانی سۆڤیەتی هاتنە ناو ڕیزە پێشکەوتووەکانی پارێزەرانی گەلی کورد، لە وڵاتیشدا شەپۆلی ناڕەزایی شارەکانی گرتەوە، کۆبوونەوەی جەماوەریی لە دامودەزگاکان سازکرا بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی کورد، بۆ ڕۆژنامەکان بە دەیان هەزار ناڕەزایی دەچوو کە دژی ڕەفتارە دڕندانەکەی عێراق بوو.

ڕۆژنامەی (پراڤدا) چەند نامەیەکی بڵاوکردەوە، تێیدا خەڵکی سۆڤیەتی تووڕەیی خۆیان دەربڕیبوو دژی ڕەفتاری دڕندانە و فاشیستیانە لە کوردستان وەك ئەرکێکی ئینترناسیۆنال، نووسەرێك دەنووسێت، خەڵکانی تەمەن جیاواز، نەتەوەی جیاواز و سەندیکاکان داوایان دەکرد کۆتایی بە پاکتاوکردنی گەلی کورد بهێنرێت[2].

لەلایەن جەنگاوەرانی سۆڤیەتی لە لاپەڕەکانی (ئەستێرەی سوور) نووسراوە: "لە یەکەم ڕۆژی دروستبوونییەوە، وڵاتەکەمان زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی کۆیلەکراو کردووە، پشتیوانی گەرم لە دڵی خەڵکانی سۆڤیەتەوە هەیە و خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردیش هەر لە دڵی ئەواندایە"[3].

حکومەتەکانی وڵاتانی سۆشیالیستی کە یەکێتی سۆڤیەت سەرکردایەتی دەکات (جگە لە چین و ئەلبانیا)، چالاکانە پشتیوانیان لە کۆمۆنیستەکانی عێراق و دیموکراتەکان و بزوتنەوەی ڕزگارخوازی گەلی کورد کردووە. وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستی هاوکاریەکی تەواویان کردووە لە پارێزگاریکردنی مافەکانی گەلی کورد، ئەوە بوو لەلایەن حکومەتی کۆماری گەلی مەنگولیا، پرسی سیاسەتی جینۆساید کە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دژی کورد پەیڕەو

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١٦ی تەمووزی ١٩٦٣.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٥ی تەمووزی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٤ی تەمووزی ١٩٦٣.
٣ ڕۆژنامەی ئەستێرەی سوور "کراسنایا زڤێزدا"، ٧ی تەمووزی ١٩٦٣.

دەکـرا، خـرایە بـەردەم هەژدەیەمـین دانیشـتنی کۆمەڵـەی گشـتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتووەکان[1].

لە ڕاگەیاندراوێکی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەتی هـاتووە: "ئـێمە زۆر دڵنیاین لەوەی سیاسەتی تاڵان و ڕاوڕووت و لە ناوبردنی باشترین ڕوڵەکانی گەلی عێـراق هەر شکست دێنـێ، هێزەکـانی گـەلی عێراقـی ئاشـتیخواز بـۆ ئەوەی چالاکانـە و بەیەکـەوە کاربکەن، دەبێت گورزێکی کاریگەر لە کۆنەپەرستی دڕندە بوەشێنن"[2].

خەباتی گەلی عێراق جارێکی تر خەسڵەتی چەکداری بەخۆیەوە گرتـەوە، لـەو کاتـەوە کە حکومەتی بەعس دەستی کرد بە شەڕێکی دژوار دژی گەلی کورد، هاوکات شان بە شانی گەلی کـورد، عەرەبـە ئازادیخوازەکـانی عێـراقیش خـەباتیان دژی ڕژێمـی بـەعس دەسـتپێکرد، بـەم شێوەیە شۆڕش لە کوردستانی عێراق پەرەیسـەند و بـوو بە شۆڕشـی گـەلی پێشـکەوتنخوازی عێراق و گشت هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتییەکانی عێراق.

حکومەتی فاشیستی عێراق هیواداره، بە خێرایی و بەهۆی بـەکارهێنانی هێـز، بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کـورد لـەناو ببـات، هەرچەنـدە بەعسـیەکان هـەرچی هێزیـان هـەبوو هێنابوویان، بەڵام نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێـنن، ئەوەبـوو حکومـەتی عێـراق ناچـار بوو داوای یارمەتی لە بلۆکی (سەنتۆ) بکات.

لە شەڕەکانی باکووری عێراق، سوپای سوریا و هێزە ئاسمانییەکانی بەشداری کـرد، تورکیـا و ئێـران ڕاسـتەوخۆ بەشـداریان لە شـەڕ دژی گـەلی کـورد کـرد، بەڕاسـتی ئەوە بـارودۆخی لە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت ئـاڵۆزکرد و لـەو ناوچەیـە شـەڕ پەرەیسـەند، تـا بـوو بە کێشـەیەکی نێودەوڵەتی[3].

گەلی سۆڤیەتی دەستی کرد بە پارێزگاریکردن لە مافەکانی گەلی کورد، شـاندی سـۆڤیەتی لە دانیشتنی ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوەیـە کگرتووەکـان ڕایگەیاند کە حکومەتی عێراق بە شێوەیەکی فراوان شەڕی دژی گەلی کورد هەڵگیردانـووە و داوای کرد بابەتی جینوساید بخرێتە بەرنامەی کـارەوە، لـەو دانیشـتنەدا شـاندی سـۆڤیەتی لە پرۆژەی بڕیاری (ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی) ئەوەی خستە ناو ئەو پرۆژەیـەوە و بە

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢ی تەمووزی ١٩٦٣.
٢ گۆڤاری "مێژدو نارۆدنایا ژیزن"، ژمارە ٩، ساڵی ١٩٦٣.
٣ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١٨ی تەمووزی ١٩٦٣.

پەژارەیەکی زۆرەوە دەڵێ: "حکومەتی عێراق دژی دانیشتوانی کورد کە لە باکووری عێراق دەژین، شەڕی دەستپێکردووە و ئەو شەڕە لە خەسڵەتدا کرداری جینۆسایدە دژی گەلی کورد، بەدڵنیاییەوە ئەو کردارەی حکومەتی عێراق مەحکوم دەکەین بەوەی کە ناگونجێت لەگەڵ پەیماننامەی UN و بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە ١١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦ سەبارەت بە جینۆساید ڕاگەیندراوە، هەروەها ئەو کارە دژی پرەنسیپ و ڕەوشتە مرۆڤایەتییەکانە. شاندی ناوبراو پێیوایە ئەو ئۆپراسیۆنەی حکومەتی عێراق دژی کورد ئەنجامی دەدات، بریتییە لە پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگادارکردنەوە لە تاوانی جینۆساید و سزای ئەنجامدانی کە کۆماری عێراق خۆی یەکێکە لە بەشداربووانی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییە، بۆیە بەپەلە داوا لە کۆماری عێراق دەکەین بە تەواوەتی ئۆپراسیۆنی جەنگی دژی دانیشتوانی کورد ڕابگرێت"[1].

لە ڕێکەوتی ١٠ی تەموزی ساڵی ١٩٦٣، حکومەتی سۆڤیەتی ڕاگەیاندراوێکی بڵاوکردەوە، بەهۆی گرنگی ئەم ڕاگەیەندراوە بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کورد، توێژەر بە پێویستی زانی بەشێکی گرنگی ئەم ڕاگەیەندراوە لێرە بنووسێتەوە:

((حکومەتی سۆڤیەتی بە پێویستی دەزانێت کە ئەمەی خوارەوە بە حکومەتی عێراق ڕابگەیەنێت کە وەک دەردەکەوێت بە تەواوەتی ئاگاداری ئەو توڕەبوون و مەحکومکردنەی گەلی سۆڤیەت و گەلانی تری جیهان بەرامبەر بە سیاسەتەکەی نەبووە، گومان لەوەدا نییە ڕووداوێکی لەو جۆرە، نەك تەنیا دەوڵەتی عیراق لاواز دەکات و زیانی گەورەی پێ دەگەیەنێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، بەڵکو بوار دەڕەخسێنێت بۆ هێزەکانی کۆلۆنیالیزم، تا ئەو ڕووداوە بقۆزنەوە بۆ لێکترازاندنی عێراق و پتەوکردنی پێگەی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست.

لەم ئەگەرەدا، حکومەتی سۆڤیەت بە پێویستی دەزانێت، عێراق بە ئاگا بهێنێت لەو مەترسییەی لە ئەنجامی دەستێوەردانی دەوڵەتانی ترەوە پەیدا دەبێت، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی لە باکووری عێراق هاتووەتە ئاراوە. ئەو دەستێوەردانە مەترسییەکی زۆر دەخاتە سەر پشتیوانیکردنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست. زانیاری لای حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت هەیە لەبارەی ئەوەی دەوڵەتانی ئەندامی سەنتۆ کە لە لایەن گەلی عێراقەوە

---

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٧ی تەمووزی ١٩٦٣؛ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٩ی تەمووزی ١٩٦٣.

ڕەتکراوەتەوە و دژایەتی کراوە، دەستیان کردووە بە دەستخستنە ناو ڕووداوەکانی باکووری عێراق، بە ئەندازەیەک لەوانەیە چالاکی سەربازیش ئەنجام بدەن.

بەپێی ڕاگەیاندنی فەرمی نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار لە بلۆکی سەنتۆ کە تێیدا ڕۆڵی سەرەکی دەبەخشێت بە وڵاتە ئیمپریالیستییەکان، لە وتووێژەکانیدا بابەتی کارکردن بۆ داڕشتنی سیاسەتی گشتی لەبارەی بزوتنەوەی کوردەوە، شوێنی خۆی لە کفتگۆکۆکاندا هەبووە، جگە لەوەش ڕەچاوی بارودۆخی کوردەکانی عێراقیش کراوە و پلانی بۆ داڕێژراوە. سەبارەت بە ئەنجامدانی چالاکی هاوبەش دژی کورد، لە چاپەمەنییەکانی وڵاتانی عەرەبی باس لە چەند کۆبوونەوەیەکی سەربازی نێوان نوێنەرایەتی عێراق، تورکیا و ئێران کراوە کە تێیدا تاوتوێی پلانی ئۆپراسیۆنی سەربازی دژی کورد کراوە بە مەبەستی لەناوبردنی بزوتنەوەی کوردی، جگە لەمەش، پێشنیار کراوە هێزی سەربازی چەند وڵاتێکی دراوسێی عێراق بەکاربهێنرێت بۆ هاوکاری حکومەتی عێراق بۆ شەڕ دژی کورد لە ناو خاکی عێراق. هەر بەپێی ئەو هەواڵە، لەو دانیشتنەدا گەیشتوونەتە ڕێککەوتنێك سەبارەت بە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازی هاوبەش دژی کورد. ئاشکرایە کە هێزە چەکدارەکانی سوریا لە باکووری عێراق ڕاستەوخۆ بەشداریان لە شەڕ دژی کورد کردووە.

حکومەتی سۆڤیەتی بە پێویستی دەزانێ، ئاماژە بەوە بدات کە سیاسەتی حکومەتی عێراق بواری بۆ هێزەکانی ئیمپریالیست ڕەخساند، تا دەست بخەنە ناو کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست و ئەمەش ئاسەوارێکی زۆر ئاڵۆز لەدوای خۆی جێدەهێڵێت"[1].

بەم جۆرە، حکومەتی سۆڤیەت پەردەی لە ڕووی نیازی دەستدرێژکاری بلۆکی سەنتۆ لەبارەی گەلی کوردەوە هەڵماڵی و لە کاتی خۆیدا ئاگاداری داوە لەوەی ئاسەواری خراپی لێ دەکەوێتەوە، ئەگەر هێزە کۆنەپەرستەکان لە ڕۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست بەردەوامبن لە سەرکوتکردنی گەلی کورد لە عێراق.

حکومەتی سۆڤیەتی دەریخست کە پارێزەری گەلی کوردە، بەتایبەتی کاتێك یەکێتی سۆڤیەت زۆر بە توندی عێراقی کۆنەپەرستی ئاگادارکردەوە سەبارەت بە ڕیگەنەدان بەو جەنگە وێرانکاریە، لە بەرامبەردا سەرکردەکانی وڵاتی چین، ڕێککەوتننامەیەکی ئابوورییان لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەست[2].

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١٠ی تەمووزی ١٩٦٣.
٢ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ٢٧ی تەمووزی ١٩٦٣.

جێگەی ئاماژەیە سەرکردەکانی چین، هاوشانی وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستی پشتیوانی گەلی کورد نەبوون، تا کۆنەپەرستان لە عێراق لغاو بکەن، بە پێچەوانەوە سەرکردەکانی چین بە کردارەکانیان ئیلهامیان بە باندە بەعسیەکان دەبەخشی کە خاوەنی ئەو کردارە پیسانە بوون. لەو قۆناغەدا بەعسیەکان، کۆمۆنیستەکان و دیموکراتییەکانیان دەکوشت و گوندی کوردیان وێران دەکرد، حکومەتی چین شانبەشانی نوێنەرانی ئەمریکا و ئینگلیز، کوردستانیان جێ هێشت، بۆئەوەی بەچاوی خۆیان سەیری (قارەمانییەتی) نۆکەرەکانیان لە پاسەوانە نەتەوەییەکان بکەن. سەرکردەکانی چین (ماویەکان) پێیان وابوو، ئەمە بەهیچ شێوەیەک نابێتە بەربەست لە بەردەم پەیوەندییە دۆستانەکەیان لەگەڵ بەعسیە فاشیستەکانی عێراق.

ئەو گەلانەی لەپێناو سەربەخۆیی نەتەوەیی خەبات دەکەن، ئەوانەی هەڵوێستی سەرکردەکانی چینیان نرخاندووە، بۆیان ڕوونبووەتەوە کە چۆن پشتیوانیان لە سیاسەتی ئیمپریالیستەکان کردووە.

سیاسەتی سەرکردەکانی چین، خۆی لە خۆیدا ئاراستەکراوە بۆ سەرکوتکردن و لاوازکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلان، ئەوانەی خەبات دەکەن لەپێناو سەربەخۆیی و دژی کۆیلایەتی ئیمپریالیست دەجەنگن.

هەڵوێستی سەرکردەکانی چین، کەمپی ئاشتی و سۆشیالیزمی لاواز کرد.

بۆچوونەکانی سەرکردەکانی چین، نەك بۆ چارەسەرکردن، بەڵکو بۆ تەنگ هەڵچنین بە ڕێکخراوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی بوو.

سەرکردەکانی چین، زۆر بە خراپی پێشێلی ئەرکە ئینتەرناسیونالەکەی خۆیان کرد و لە پشتەوە چەقۆیەکی لە پشتی ئەو جەنگاوەرانەدا کە دژی ئیمپریالیزم خەباتیان دەکرد. جەنگاوەرە پیرۆزەکان لە عێراقی کورد و عەرەب، گورزێکیان لە پشتەوە لەلایەن سەرکردەکانی چینەوە لێدرا[1].

هێزە دیموکراتییەکانی جیهان، باش دەزانن کێ دژی سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەتە و یارمەتی کەمپی ئیمپریالیزم دەدات و دەزانن سەرکردەکانی چین بە شێوەیەکی پراکتیکی ڕێبازی ئیمپریالیزمیان گرتۆتەبەر، هەر چەندە سەرزارەکی هاواری خەبات دژی ئیمپریالیزم دەکەن.

لای هەمووان ئاشکرایە کە یەکێتی سۆڤیەت یارمەتی و پشتگیری چینی کردووە. لە سایەی ئەو یارمەتیە، چین توانی لە چنگی ئیمپریالیزم ڕزگاری بێ و ببێتە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام

١ ڕۆژنامەی "پراڤدا"، ١٢ی نیسانی ١٩٦٤.

سەرکردەکانی چین پێزانینی خۆیان دەرنەبڕی بەرامبەر گەلی سۆڤیەتی و حکومەتەکەی و ئەوان دژی یەکەم وڵاتی سۆشیالیزم وەستانەوە کە بە ڕێبازی بزوتنەوەی کرێکاران و کۆمۆنیستی جیهانیدا دەڕوات.

لەو پرسەی تایبەتە بە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، خاوەن تیۆریەکانی چین، کۆسپیان لەبەردەم بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلانی چەساوەی جیهان دروست دەکرد، لەوانە گەلی کورد کە خەبات دەکات لەپێناو بەدەستهێنانی داخوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی.

گەلانی چەوساوە یەکێتی سوڤیەتیان وەك دۆست و پارێزەرێک دەبینی و سیاسەتی سەرکردەکانی چینیان مەحکوك دەکرد. گەلانی ئاشتیخوازی جیهان بەتەواوی بڕوایان بەوە هەیە سەرکردەکانی چینی بزوتنەوەی کرێکاران و کۆمۆنیستەکانی جیهانی ڕەت دەکەنەوە.

بەعسیەکان وا مەزندەیان کردبوو، لەماوەی سێ هەفتە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد کۆتایی پێ دەهێنن، بەڵام ئەوان بۆچوونەکەیان هەڵەبوو. گەلی کورد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەباتی خۆی بۆ ئازادی بەهێزتر دەکرد و بەردەوام خەبات دەکات، تا سەرکەوتنی کۆتایی، تا چەسپاندنی دیموکراتی لە عێراق و بەدەستهینانی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا. لەبەر ڕۆشنایی گشت ئەوانەی لەپێشەوە باس کراون، بە ئاشکرا دەردەکەوێت شۆڕشی نەتەوەیی گەلی کورد کە ئێستا بەڕێوەدەچێت، بریتییە لە شۆڕشی گەل و شۆڕشی جەماوەری فراوانی گەلی کورد.

ئەم شۆڕشەی ئێستای گەل، بەوە دەناسرێتەوە کە تێیدا جەماوەری فراوانی گەل، جووتیار، کرێکار، سەرباز، ڕۆشنبیر، ئەفسەری دیموکراتی خاوەن ڕەوشت و چەندین ڕەگەزی پێشکەوتنخواز بەشداریان تێدا کردووە. ئەم شۆڕشە خاوەن چەندین ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، ئەو ئامانج و ئەرکانەی شۆڕش ناشاردرێنەوە. ئامانجەکانی شۆڕشی گەلی کورد تەعبیر لە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی دەکات، چونکە شۆڕش هەوڵی دامەزراندنی ڕژێمێك دەدات کە دیموکراسی بۆ گەل زامن بکات و پارێزگاری لە سەربەخۆیی و سەروەری عێراق بکات و بنەمای پێویست بە بوژاندنەوەی ئابووری، کلتووری و ژیانی کۆمەڵایەتی لەوڵات دابمەزرێنێت.

هەر لەهەمان کاتیشدا، شۆڕش ئامانجی دەستەبەرکردنی ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورد دانابوو، ئەمە ڕاستیەکە و یەکەم شۆڕشە کە ئەرکە دیموکراتییە گشتیەکانی عێراقی لەگەڵ ئەرکە نەتەوەییەکانی گەلی کوردی یەك خستبێ.

ئـەم شۆڕشـەی ئێسـتا کە بەپێـی خەسـڵەت کـوردییە، لەهـەمان کـات شۆڕشـێکی گشـتی عێراقیە، بەپێی ئامانجەکانی، لەبەر ئەوە بۆ یەکەم جارە بزوتنەوەی شۆڕشـگێڕی گـەلی کـورد کە سـوود لە پشـتیوانی جـەماوەری گـەلی عـەرەب لە عێـراق وەردەگرێـت، یەکـەم جـارە لە شۆڕشی کورد ئەفسەر و دەرەجەدار و سەربازی نیشـتمانپەروەری خـاوەن ڕەوشـتی عـەرەب بەشداری بکەن.

یەکـەم جـارە لە مێـژووی گـەلی کـورد، بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕی پـارتێکی شۆڕشـگێڕ و جەماوەری و پێشکەوتنخواز سەرکردایەتی بکات و بەڕێوەبەری بکـات کە پـارتی دیمـوکراتی کوردستانە.

خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد سوود لەو ڕێز و پشتیوانییەی گـەلانی کـەمپی سۆشیالیستی بە ڕابەرایەتی یەکێتی سۆڤیەت وەردەگرێت.

## ٦- قۆناغی سەردەمی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بۆ چوارەم ساڵ بەردەوامە

بە دەڵڕەقییەکی بێ وێنە، هێـزە کۆنەپەرەسـتەکان هـەوڵییان دا بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد نوقمی خوێن بکەن، بەڵام گشت توانا و وزەی کۆنەپەرستانی نـاوەوە و دەرەوە بـۆ تێکشـکاندن و لـەناوبردنی بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی گـەلی کـورد سـەرنەکەوت، بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد فراوان بوو و پەرەیسەند. خـەباتی گـەلی کـورد گـەواهی ئەوە دەدا کە گشــت پیلانــەکانی هێـزی کۆنەپەرسـتان، پارێزگـاریکردن و سیسـتەمی کۆلۆنیـالی، چەوساندنەوەی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەکی ترەوە هەمووی پووچەڵ بووەوە.

گەلی کورد بە ورەیەکی بـەرزەوە هـەوڵی بەدەسـتهێنانی ئۆتۆنـۆمی دەدا لە چوارچێـوەی عێراق، لەگەڵ دیموکراتیزەکردنی ژیانی سیاسی و چاککردنی باری ئابووری لە وڵات.

خەباتی گەلی کورد بۆ مافە نەتەوەییـەکانی، ئیمپریـالیزم و هێـزە کۆنەپەرەسـتەکانی تـری لاواز کـرد و کۆڵەگـەکانی ڕووخانـد و دەبێـتە هـۆی فراوانکردنـی بـەرەی خـەبات لەپینـاو دیموکراسـی. خـودی گـەلی کـورد بەشـداری تـەواوی هـەبووە لەگشـت خـەباتێك دژی کۆنەپەرستان.

بـزوتنەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی گـەلی کـورد، بـۆ گشـت جیهـانی سـەلماند کە ئەو خەسڵەتی دژە ئیمپریالیست و دەرەبەگ و هەروەها خەسلەتی دیمـوکراتی لـەخۆ گرتـووە و ڕێگا خۆش دەکات بۆ ڕووخاندنی کۆلۆنیالیزم و بریتییە لە توێشووی بزوتنەوەی شۆڕشـگێڕی،

بەگشتی ئاساییە کە گەلانی وڵاتـانی سۆشیالیسـتی و لەپـێش هەموویانـەوە گـەلانی یـەکێتی سۆڤیەت و گشت مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکان و گشـت ئەوانـەی بـۆ ئـازادی و دیموکراسـی و سەربەخۆیی تێدەکۆشن و گەلانی پێشکەوتنخوازی گەورە و بچووك، گـەرمترین هاوسـۆزی و پشتیوانی خۆیان بۆ گەلی کوردی خەباتگێڕ دەردەبڕن، بەتایبـەتی گـەلانی یـەکێتی سـۆڤیەت کە وەك دۆستێکی بڕواپێکراو هات بـۆ هاوکـاریکردنی گـەلی کـوردی خـەباتگێڕ و پشـتیوانی سیاسی و مەعنەوی پێشکەشی گەلی کورد کرد کە لە دژوارترین قۆناغی ژیانیدا بوو.

ئەوە بــوو لە ڕۆژانــی ڕەشــی دەســتدرێژییە بەکۆمەڵەکــەی ســەنتۆ دژی بــزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد، یەکێتی سۆڤیەت زۆر بە توندی دەستدرێژەکارانی ئاگـادار کـردووە لە ئەگەری ئاسەواری کاریگەری لە خۆباییبوون و سەرکێشییەکانیان.

ئەم پشتیوانەی یەکێتی سۆڤیەتی سەرکردەی کەمپی ئاشتی و سۆشیالیزم، دەستدرێژکارانی لغاوکرد و ئیلهامی بە گەلی کورد بەخشی بۆ بەردەوامبوون لە خـەباتە نەتـەوەییە ڕەواکـەی، گەلی کورد بە دۆستی دڵسـۆزی یـەکێتی سـۆڤیەت دادەنرێـت، پەیوەنـدییە باشـەکانی کـورد لـەگەڵ یـەکێتی سـۆڤیەت دەوڵەمەنـدترین نـەریت لـەخۆ دەگرێـت و ئەو پەیوەنـدییانە لە سەردەمی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری سۆشیالیستی مـەزنەوە پەیـدابووە، لەوکاتـەوە ئەو پەیوەندییانە ڕۆژبەڕۆژ پتەوتر و بەهێزتر دەبن.

گرنگترین مەرجی سـەرکەوتنی خـەباتی ڕزگـاریخوازی گـەلی کـورد بـریتییە لە بـارودۆخی جیهانی ئەو سەردەمە کە لە ئەنجامی پەرەسەندی هێزی کەمپی سۆشـیالیزم و هێـزی ئاشـتی هاتبووە ئاراوە.

سیاسەتی ئاشتییانە و بە ئاشتی پێکـەوەژیان کە کـەمپی سۆشیالیسـتی پەیـڕەوی دەکـرد و لەلایەن ملیۆنان جـەماوەری خـەڵکی گشـت وڵاتانـەوە پشـتگیرییان لـێ دەکـرا، کۆسـپی لـە بەردەم کرداری دەستدرێژکاری داگیرکەران دروستکرد و یارمەتی خەباتی ڕزگاریخوازی گـەلی کوردی دا تا بە ئـەنجام بگـات و هـەروەها ئەوەی سـەلماند کە سیاسـەتی بە ئاشـتی پێکـەوە ژیان کۆسپ نییە، بەڵکو یارمەتییە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کورد.

بزوتنەوەی هاوچەرخی ڕزگاریخوازی نەتەوەی گەلی کـورد لەلایـەن پـارتی دیمـوکراتییەوە سـەرکردایەتی دەکـرا. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان ئەو ڕێبـازەی گرتبـووە بـەر کە هێـزە دیمـــوکراتییە پێشـــکەوتنخوازەکانی کوردســـتان ببەســـتێتەوە بە هێـــزە دیمـــوکراتییە پیشکەوتنخوازەکانی تری عێراق. پارتی هەوڵ دەدا بۆئەوەی خەباتی گەلی کورد بچێـتە سـەر ڕێچکەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی نێودەوڵەتییەوە.

بێگومان گەلی کورد پێشڕەوێکی ڕەسەنی وەك پارتی دیموکراتی کوردستان سـەرکردایەتی بکـات و بە سـەرۆکایەتی قارەمـانی نەتـەوەیی کـورد مسـتەفا بـارزانی، هەڵـبەتە داخـوازییە نەتەوەییە ڕەواکانی خۆی بەدەست دەهێنێت.

# پاشکۆکان

**بەڵگەنامەی - ژ. ١**

## پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە کۆنگرەی چوارەمی پارتی لە ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٩ بڕیاری لەسەردرا

پارتی دیموکراتی کوردستان بەڵێن دەدات پارێزگاری لە سەربەخۆیی کۆماری عێراق بکات و دۆستایەتی کورد و عەرەب پتەو بکات.
لە بەندی یەکەمی پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە: پارتی دیموکراتی کوردستان پارتێکی پێشڕەوی شۆڕشگێڕە، هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی بەرژەوەندییەکانی کرێکاران، جووتیاران، کرێگرتە و خاوەن پیشەکان، ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان لە کوردستانی عێراقدا.
پارتی لە خەباتی سیاسی خۆی و لە ڕاڤەکردنی پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکانیدا، سوود لە تیۆری زانستی مارکسی لینینی وەردەگرێت. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ پاراستنی کۆماری دیموکراتی عێراق و پتەوکردن و چاندنی گیانی دیموکراتی کوردستان لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ دابین دەکات وەك: ئازادی بیروڕا، ئازادی ڕۆژنامەگەری، ئازادی ڕێکخراوە پارتییەکان و سەندیکاکان، ئازادی بۆ گشت هاوولاتییان، دانانی دەستووری هەمیشەیی لەگەڵ گەرەنتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆی دیموکراتییانە، تیایدا گشت هاوولاتییەك کە تەمەنی دەگاتە (١٨) ساڵ لە ڕەگەزی نێر و مێ بەشداری دەکات، بەکارهێنانی هەموو شێوازێکی کرداری یەکلاکەرەوە و بەهێز دژبە دوژمنانی کۆمار و ڕێکخراوە سەربازی و مەدەنییەکانی دەوڵەت لەوان پاك بکرێنەوە، بەرگری هێزە چەکدارەکان بەهێز بکرێ بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەل.
هەروەها لە پرۆگرامدا باس لەوە دەکرێت پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات لە پێناو پاراستنی ئاشتی لە گشت جیهان، لە پێناو هێورکردنەوەی بارگرژی نێودەوڵەتی و پابەندبوون بە ڕێبازی بڕیارەکانی کۆنفرانسی باندونگ و پاکەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی هێنانەدی پرەنسیپەکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و چارەسەرکردنی کێشە

نێودەوڵەتییەکان بە ڕێگای ئاشتی و وتوویژەوە و قەدەغەکردنی (چەکی ئەتۆمی) و تاقیکردنەوەی، بەپێی ڕێکەوتننامە هەمەلایەنە نێودەوڵەتییەکان.
پارتی، خەبات دەکات بۆ بەردەوامبوونی هێنانەدی سیاسەتی نەتەوەیی دژبە ئیمپریالیست، کە ئیمپریالیزم گەورەترین مەترسییە و هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر عێراق و نەتەوەی کورد. پارتی دیموکراتی کوردستان درێژە بە خەبات دەدات دژبە ئاسەوارەکانی ئەو ڕێکەوتننامانەی سەروەری و سەربەخۆیی عێراق پێشێل دەکەن و خەبات دەکات لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش، بە تایبەتی لەگەڵ وڵاتانی کەمپی سۆشیالیستیدا.
پارتی لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی برایانە لەگەڵ کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی (عصبة الدول العربية) و وڵاتانی ئافرۆئاسیاویدایە.
پارتی دیموکراتی کوردستان خەبات دەکات بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەو گەلانەی لە پێناو سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنوسیندا تێ دەکۆشن.
بەردەوام لە پڕۆگرامدا هاتووە، پارتی خەبات دەکات لە پێناو پتەوکردنی پەیوەندی برایانە و دۆستانەی نێوان گەلانی کورد و عەرەب و گشت کەمە نەتەوایەتییەکان وەك ئاشووری، تورکمان، ئەرمەنی. پارتی درێژە بە خەباتی دەدات لە پێناو پتەوکردنی یەکێتی نەتەوەیی و لە پێناو فراوانکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی لە عێراقێکی یەکگرتوو و چەسپاندنی ئەوەش لە دەستووری هەمیشەییدا و خەبات دەکات دژ بە ئایدیا شۆڤێنیزمەکان، کۆسمۆپۆلیتییەکان و جوداخوازەکان. پارتی دیموکراتی کوردستان، هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە برایەتی و دۆستایەتی و هاوکارییەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی و لەگەڵ ڕێکخراوە دیموکراتییە پێشکەوتنخوازەکانی تری عێراقدا.
پارتی، هەوڵ دەدات بۆ بنیادنانی برایەتییەکی پتەو لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی گشت پارچەکانی تری کوردستاندا. هەوڵ دەدات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دۆستایەتییەکانی لەگەڵ پارت و ڕێکخراوە دیموکراتییە پێشکەوتووخوازەکانی هەموو جیهان. پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات لە پێناو ئەوەی گەلی کورد مافی نوێنەرایەتیکردن بەدەست بهێنێ و بەدەستهێنانی پۆست لە گشت ئۆرگانەکانی دەوڵەت لە دامەزراوە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکاندا بە شێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ گیانی کوردەکانی عێراق و لەگەڵ مافە مەدەنییەکانی کەمایەتییەکانی کوردستان. پارتی، تێ دەکۆشێت بۆ پێشخستنی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی گەل

لە هەموو ڕوویەکەوە لـە ڕێگـای سـوودوەرگرتن لـە پرەنسـیپی پلانـدانانی ئـابوری کـورت و درێژخایەن لە گشت لایەنەکانی ژیانی ئابوری و ئامادەکردنی کادیرانی کـارگێڕی و تـەکنیکی کە پێویستن بۆ ئەو مەبەستە. پارتی دیموکراتی کوردسـتان، وای لێـك دەداتـەوە پیشەسـازییە قورسەکان کۆڵەگەی سەربەخۆیی ئابوری و ڕامیارییە، لەبەر ئەوە ئـەو یارمـەتی وڵات دەدات لە دەستەبەرکردنی پیشەسـازی قـورس و سـووك لەسـەر ڕۆشـنایی و ئاکـامی دیراسـەتکردنی دەرهێنـانی سـامانە سروشـتییەکان و بایەخـدان بـە نـەوت و پیشەسـازی گـۆگرد (کبریـت) و هەوڵدان بـۆ گەیانـدنی کارەبـا بـۆ گشـت شـوێنێکی وڵات، ئەنجامـدانی کـاری پێویسـت بـۆ بوژاندنـــەوەی پیشەســـازی نەتـــەوەیی و پاراســـتنی لەبەربـــەرەکانێی بیـــانی، فراوانکردنـــی بەکارهێنانی سەرمایەی نەتەوەیی لە پیشەسازیدا لەگەڵ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی بەکاربەر. پارتی، هەوڵ دەدات بۆ جێبەجێکردنی بەپەلـەی ڕێکەوتننامـە ئابورییەکـەی نێـوان عێـراق و سۆڤیەت کە گەرەنتی پێشخستنی پیشەسـازی نەتـەوەیی گشـت عێـراق بـە کوردستانیشـەوە دەکات. پارتی، ئەو بەشـە پیشەسـازییانە لـە کوردسـتاندا پـەرە پـێ دەدا: پیشەسـازی شـەکر، کاغەز، بەرهەمەکانی شیر، پێستە، چیمەنتۆ، توتن و جۆرەکانی تری پیشەسازی.
پارتی، پشتگیری لە گۆڕینی باج دەکات لەسەر ئامێر و کەلوپەلی کارگەکان کە بۆ پتـەوکردنی پیشەسازی نەتەوەیی عێـراق دەهێـنرێن. پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان، خـەبات دەکـات بـۆ لەڕەگهەڵکێشـــانی ڕیشـــەیی بێکـــاری و دەرکردنـــی یاســـای پێشـــکەوتووخواز بـــۆ گـــەرەنتی بەرژەوەندییەکانی کرێکار و کارمەندان لە ڕێگای دابەشـکردنی کـەمترین کـرێ کـە گـەرەنتی ژیـانێکی گونجـاو بـۆ کرێکـاران و خێزانـەکانیان دەکـات و خـەبات دەکـات بـۆ گـۆڕینی کاتژمێرەکانی کاری زیاد و کاری بارکردن کە لە سەروو توانای کرێکاردایە. خەبات دەکـات بـۆ قەدەغەکردنی کاری مێرمنداڵان، دەرکردنی یاسایەکی پێشکەوتوو سەبارەت بە خانەنشینان و گەرەنتی گشت لایەنی کۆمەڵایەتی، خەبات دەکات بـۆ ئـازادی سـەندیکاکان بـەو شـێوەیەی بەرژەوەندییەکانی کرێکـار و فەرمانبـەران بپـارێزێ، نـاردنی شـاندی کرێکـاران بـۆ دەرەوەی وڵات، زیادکردنی قوتابخانە پیشەسازییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی.
پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ زیادکردنی باجە حکومییـەکان لەسـەر نـەوت، ئەمەش بە چاوپیاخشاندنەوە بە ڕێکەوتننامەکانی ئەم بوارە و دیاریکردنی چوارچێوەی کـاری ئەو کۆمپانیایانەی ئێسـتا شـوێنە نەوتییـەکانیان لـەژێر دەسـتدایە، هـەروەها پـارتی خـەبات دەکات بۆ ئەوەی دەبێ حکـوومەت بیـرە نەوتـەکان و شـوێنەکانی تـری دەرهێنـانی نـەوت، هەروەها پاڵاوتنی نەوت و ناردنـە دەرەوەی بگرێتـە دەسـت، پـارتی پشـتیوانی لـە گـەرەنتی

کۆنترۆڵکردن لەسەر چۆنێتی دەرهێنان و نرخدانان دەکات، خەبات دەکات بۆ جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکان، خەبات دەکات بۆ داماڵینی کۆمپانیا بیانییەکان لە مافی دەستخستنە ناو کاروباری عێراقەوە، هەروەها خەبات دەکات بۆ دامەزراندنی پیشەسازی دەوڵەتیی نەوت لە ناوچە نەوتییەکاندا، بە شێوەیەك کە گونجاو بێت لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەکەدا، هەروەها تێ دەکۆشێت بۆ ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و تەکنیکی، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گەرەنتی خۆماڵیکردنی نەوت بکات.

لە ڕووی سیاسەتی کشتوکاڵییەوە، پارتی ئەم پڕۆگرامەی خوارەوەی خستە ڕوو:

کێشەی زەوی لە کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە یاسای تایبەت بە چاکسازی زەوی ئاماژەی بۆ نەکراوە، پارتی، خەبات دەکات بۆ گۆڕینی ئەو یاسایە بۆ شێوازێك کە گەرەنتی ئەوە بکات گشت جووتیارێکی کورد بەلایەنی کەمەوە پارچەیەك زەوی وەربگرێت و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بکرێت لە پێکهاتەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکاندا. بۆ باشترکردنی بارودۆخی جووتیاران، پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشنیار دەکات ئەم کردارانە ئەنجام بدرێت:

بە خاوەنکردن و ئاوەدانی ئەو زەوییانەی بەکارناهێنرێت، دابەشکردنیان بەسەر ئەو جووتیارانەی زەویان وەرنەگرتووە یان زەوییان هەیە، بەڵام زۆر کەمترە لەوەی یاسا دایناوە. پەلەکردن لە ئاوەدانی زەوییەکان و دروستکردنی چەندین کەناڵی نوێ و بیری ئیرتیوازی و دروستکردنی بەربەست و بەنداو لەسەر ڕووبارەکان بۆ ئاودانی زەوی. جووتیاران ئەو مافەیان پێ بدرێت کە پڕۆژەکانی دەوڵەت بۆ ئاودانی بەکاربهێنن، هاوکاریکردنی جووتیاران لە ڕێگای دابەشکردنی تۆ و پەین بەسەریاندا، قەرزی درێژخایەن بە جووتیاران بدرێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر نەبێت بۆ ئەوەی ڕزگاریان ببێت لە دەست سووخۆرەکان. دامەزراندنی کۆمەڵەی هەرەوەزی جووتیاران بۆ فرۆشتنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، تا جووتیاران بتوانن کاڵا و کەلوپەلی پێویست و کەرەسەی پێویست بۆ بەرهەمهێنان بکڕن. بڵاوکردنەوە و ئاسانکردنی بەکارهێنانی ئامێر و هۆکارەکانی سەردەم بۆ چاندن و کشتوکاڵکردن، فراوانکردنی کارکردنی بە کۆمەڵ (هەرەوەزی) لە ناوچە کشتوکاڵییەکان لە نێوان جووتیاراندا. پارتی، وای بۆ دەچێ مەسەلەی ئاژەڵداری گەورە یان بچووك، بریتییە لە یەك لەو دوو شێوازە گرنگەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە کوردستاندا بە پلەیەکی گرنگ دەرامەتی جووتیارانی لێ دابین دەکرێت، لەبەر ئەوە پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ گۆڕینی هەموو سنووردانان و باڵادەستییەك کە پەیوەستە بە ئاژەڵدارییەوە، بۆ نموونە:

بەرتیل و دیاریی دەرەبەگەکان ... هتد.

نیشتەجێکردنی هۆزە خێڵەکییەکان لەسەر زەوییەکان لەگەڵ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی بەرهەمەکانیان و زەوییان بەسەردا دابەش بکرێت لەگەڵ دابینکردنی لەوەڕگە و بڵاوکردنەوەی دەزگا پزیشکییەکان لە هەموو شوێنەکاندا بۆ ئاگاداربوون و چارەسەرکردنی ئاژەڵە نەخۆشەکان و چاککردنی ڕەگەزیان و بایەخدان بە بەرهەمە ئاژەڵییەکان و پەیڕەوکردنی مێتۆدی زانستی لەم بوارە.

پارتی دیموکراتی کوردستان، بەردەوامە لە خەبات بۆ گۆڕینی یاسای مۆنۆپۆڵی لەسەر توتن بۆ ئەوەی ئەو یاسایە گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی جووتیاران و چاککردنی جۆری توتن، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە سنووردانان لەسەر بەرهەمەکان و لەسەر گەیاندنی ئەو بەرهەمانە و جۆرە جیاجیاکانی توتن و نرخەکانیان. بە قەرز پارە بە جووتیاران بدرێ و تۆوی باشیان بە مەرجێکی ئاسان پێ بدەن، بۆ ئەوەی بواریان بۆ بڕەخسێنرێت لەسەرەتای وەرزی ساڵدا دەست بە کارەکانیان بکەن، ئامادەکردنی شارەزایان و ڕاوێژکاران بۆ چاککردنی جۆری توتن و دروستکردنی کۆگای هاوچەرخ بۆ هەڵگرتن و پاراستنی توتن لە خراپبوون. چاککردن و فراوانکردنی پیشەسازی توتن و دروستکردنی تاقیگە و ناوەندی توێژینەوە لەو ناوچانەی کە توتنی لێ بەرهەم دەهێنرێت، بۆ ئەوەی عێراق ببێتە وڵاتێکی هەناردەکەری توتن.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی دەکات لەوەی ئەو دامەزراوە و ڕێکخراوە بیانییانەی دەستیان بەسەر بازرگانی دەرەوەی عێراق ڕادەگەیشت بدرێنە دەوڵەت، پارتی دیموکراتی کوردستان، دژبە مۆنۆپۆڵکردن و قاچاخچێتی و ئەوانەی یاری بە خێر و خۆشی میللەت دەکەن، تێ دەکۆشێت. هەروەها پشتیوانی لە دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی تردا دەکات لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکاریی حکوومەت دەکات لە ڕێکخستنی بواری دارایی کە ئاراستە دەکرێت بۆ دەستگرتن بە خەرجییەکانی دەوڵەت و دابینکردنی هۆکاری تەواو بۆ پلانەکانی حکوومەت و چاودێریکردنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و سەرفکردندا. پارتی، هەوڵی دانانی سیستمێکی دادپەروەرانەی باج دەدات کە پەیوەستە بە وەرگرتنی پێشکەوتووانە و ڕاستەوخۆی باجی سەر دەرامەت و میرات، هەروەها هەوڵی کەمکردنەوەی باجە ناڕاستەوخۆکان دەدات کە ئەرکێکی گرانە لەسەر شانی چینی زەحمەتکێشانی. پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیری لە خۆماڵیکردنی بانکەکان دەکات بە ڕێگای زیادکردنی

سەرمایەکانیانەوە، کردنەوەی ژمارەیەکی تەواوی لقەکانی و هەروەها دیاریکردنی نرخی جۆراوجۆری ڕێژەی لەسەر گشت جۆرەکانی توێژینەوە، هەموو جۆرە ئۆپەراسیۆنێکی بانکەکان کە تایبەتن بە گواستنەوەکانی دەرەوە کۆ بکرێنەوە و بخرێنە بانکەکانی وڵاتەوە، واتە بانکە نیشتمانییەکان و پتەوکردن و فراوانکردنی، بانکی ناوەندیی عێراقی گشت پێداویستییەکی بەکارهێنانی کرداری ڕاستەقینە بۆ ئەو بانکە دابین بکات بۆ دژایەتیکردنی قاچاخچیانی دراو و ئاڵتون. هەروەها بەهێزکردنی دراوی عێراقی و لە بەرامبەریدا بڕی تەواوی زێڕ و دراوی بیانی هەبێت، خۆماڵیکردنی بانکە بیانییەکان، دەرکردنی یاساکانی گومرگ و تەعریفەی گومرگی بە شێوەیەك بەرژەوەندیی گشتی گەل مسۆگەر بکات و پارێزگاری لە ئابوری و پیشەسازی نەتەوەیی بکات. ڕێکخستنی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن لە کوردستانی عێراقدا و فراوانکردن و کردنەوەو قیرتاوکردنی ڕێگاوبانەکان و دامەزراندنی تۆڕی هێڵی ئاسنین.

هەروەها بەدەستهێنانی چەندین تانکەر کە پێویستن بۆ ناردنە دەرەوەی نەوتی عێراقی و دامەزراندنی هۆکاری گواستنەوەی دەریایی نەتەوەیی و بەهێزکردنی و فراوانکردنی ڕێگاکانی وشکانی و ئاسمانی و ڕووبارییەکان و هۆکارە تەلی و بێتەلییەکان لەگەڵ وڵاتانی تردا دەکات لەسەر بنەمای سوودی هاوبەش و ڕێزگرتن لە سەروەری نەتەوەیی.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هاوکاری کاری حکوومەت دەکات لە ڕێکخستنی بواری دارایی کە ئاراستە دەکرێت بۆ دەستگرتن بە خەرجییەکانی دەوڵەت و دابینکردنی هۆکاری تەواو بۆ پلانەکانی حکوومەت و چاودێریکردنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و سەرفکردندا.

پارتی، هەوڵی دانانی سیستەمێکی دادپەروەرانەی باج دەدات کە پەیوەستە بە وەرگرتنی پێشکەوتووانە و ڕاستەوخۆی باجی سەر دەرامەت و میراتەوە، هەروەها هەوڵی گونجاو بێت لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان، هەنگاو دەنێ بۆ چاککردنی باروگوزەرانی سوپای عێراقی و بەرزکردنەوەی ئاستی مادی و کولتوری دابینکردنی پێداویستی پزیشکی و پەروەردەکردنیان بە گیانی دیموکراتی و نیشتمانپەروەری لە پێناو بەرگریکردن لە سەروەری وڵات و دەسکەوتە شۆڕشگێڕییەکانی گەل. پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتگیری دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی پاراستنی تەندروستی گەل و فراوانکردنی تێکۆشان دژبە پەتا و نەخۆشییە درمەکان و ڕیشەکێشکردنیان و دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەو پەیڕەوکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بە خۆڕایی و دابینکردنی کادیرانی تەندروستی لێهاتوو بۆ وڵات لە

ڕێگای کردنەوەی پەیمانگە و قوتابخانەی پزیشکی و زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانەکان و دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ گشت شوێنەکان، بە دانانی پلانی هەمەلایەنە بۆ دابینکردنی داوودەرمان و پێداویستییە پزیشکییەکان بۆ دانیشتوان و بەکارهێنانیان.
پارتی، هەوڵ دەدات بۆ دامەزراندنی پیشەسازی دەرمانی خۆماڵی و تەکنۆلۆژیا و ئامێری هاوچەرخی بۆ دابین بکرێت و ئەو دەرمانانەش نرخەکانیان گونجاو بێت. پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ دەستەبەرکردنی مافی تەواوی ڕامیاری و ئابوری بۆ ئافرەتان و هەروەها دەرکردنی ئەو یاسایانەی پێویستن بۆ پاراستنی مافەکانی ئافرەتان لەکار لە پێش و پاش و کاتی منداڵبووندا و پاراستنی خێزان و بەرگریکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە کاتی شووکردندا و لە کاتی جیابوونەوەیان و میرات و گۆڕینی یاساکانی تایبەت بە پەیوەندییەکانی تاکەوە لەگەڵ ئەوانەی لە سەرەوە باس کراون، دەرکردنی یاسا بۆ پاراستنی مافەکانی دایك و کۆرپەکان.
پارتی دیموکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری و تاریکی و پەروەردەکردن و فێرکردنی نەوەی داهاتوو بە گیانی دیموکراتی ـ نەتەوەیی و خەبات دەکات دژ بە بۆچوون و پرۆگرامی فاشیی کۆنەپەرستی. پارتی دیموکراتی کوردستان، تێ دەکۆشێت بۆ زیندووکردنەوەی کولتور و مێژوو و هونەری کوردی و دەوڵەمەندکردنیان بەهۆی کەلەپوری جیهانی و پەیکەرەکانی کولتوری گەلانی ترەوە بۆ پاراستنی پەیکەرە مێژووییەکانی کوردستان.
پارتی، لەگەڵ کردنەوەی کۆلێژ و پەیمانگەدایە لە کوردستاندا، دەستپێکی بە کردنەوەی زانکۆ دەبێت لە کوردستانی عێراق، هەروەك ئەو زانکۆیانەی کە لە بەغدا هەن و کارکردن بۆ ئامادەکردنی کادیری کارگێڕی و زانستی بۆ مەبەستی بەرەوپێشبردن و ئاوەدانکردنەوەی کۆماری عێراق.
کردنەوەی بەشی زمانی کوردی و مێژوو و گوتنەوەی وانەی زمانی کوردی لە هەموو پارچەکانی عێراقدا و دامەزراندنی ئینیستیتۆتی زانستی و توێژینەوەی زمانی کوردی و دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆ لە کوردستاندا و پەیڕەوکردنی خوێندنی سەرەتایی بەزۆر بۆ هەر دوو ڕەگەزی (نێر و مێ) و کردنەوەی قوتابخانەی ئێواران بۆ کرێکاران و جووتیاران لە هەموو کوردستاندا و زیادکردنی ژمارەی پەرتوکخانە گشتییەکان و تاقیگە زانستییەکان.
پارتی، هەوڵ دەدات بۆ زامنکردنی مافە کولتوری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەمە نەتەوایەتییانەی لە کوردستاندا دەژین، واتە ئاشووری و تورکمان و ئەرمەنی و هەروەها

بوژاندنـەوەی کەلـەپووری نەتەوایـەتی پێشـکەوتوویان بـە ڕێگـای کردنـەوەی قوتابخانـەی تایبەتییەوە.
پارتی دیموکراتی کوردسـتان، هـەوڵ دەدات بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکانیان و زامنکردنـی یەکسانییان لەگەڵ کورددا لە ژیانی ڕامیاری و ئابوری و کولتوریاندا.

پارتی دیموکراتی کوردستان، پشتیوانی لە گەلی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان دەکـات لە خەباتیاندا بۆ ڕزگاربوون لە زوڵم و زۆری ئیمپریالیست و کۆنەپەرستان. پـارتی دیمـوکراتی کوردستان، خەبات دەکات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد کە مافی چارەی خۆنووسینە

## بەڵگەنامەی – ژ. ٢

# پەیڕەوی ناوخۆ

## بەشی سێیەم. پێکهاتەی حزب و ئەو پرەنسیپانەی لەسەری دامەزراوە

**بەندی (٩):**

پەیکەری پارتی لە خوارەوە بۆ سەرەوە پێك دێت لە شانە، لێژنـەی ڕێکخـراو، لێژنـەی نـاوخۆ، لێژنەی ناوچە، کۆمیتەی ناوەندی، کۆنفرانس، کۆنگرە.

**بەندی (١٠):**

پارتی لە ڕێکخستندا لەسەر ئەم پرەنسیپانە دامەزراوە:

١. دیموکراتیی ناوەندی.
٢. لێژنەکانی پارتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی نهێنییەوە پێك دەهێنرێت.
٣. دیسـیپلینی پارتایـەتی گشـت ئەنـدامان دەگرێتـەوە و ئـەوان یەکسـانن لـە ئـەرك و مافەکانیاندا.
٤. هـەموو ئۆرگـانێکی پـارتی ڕاپـۆرتی خـۆی سـەبارەت بـە چالاکییـەکانی پێشـکەش بـە ڕێکخراوی سەرووی خۆیەوە دەکات.
٥. ڕێکخراوەکانی خوارەوە ئەو مەسەلانەی کە پێویستیان بە بڕیاری دەستەی باڵاتر هەیـە، لە کاتێکی گونجاودا دەخەنە بەردەم ئەو دەستانە و داوای ڕێنمایـی و بۆچوونیـان لـەو بارەیەوە دەکەن.
٦. دەستەی حزبی بە گشت پلەکانیەوە پرەنسیپی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ جێبەجێ دەکەن کە دژایەتی نییە بەرامبەر بە بەرپرسیارێتی تاکەکەسی و پێویستە بەکۆمەڵ چارەسـەری گشـت مەسـەلە گشـتییەکان بکـەن و دەرفـەت بـدەن بـە گشـت ئەنـدامێك کـە دەستپێشـخەری بکـات و ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت و ڕێنمایـی دەسـتەی حزبـی بـە پلـە جۆراوجۆرەکانیەوە بکات. لە گشـت مەسـەلەکاندا بڕیـار بـە زۆرینـەی دەنـگ دەبـێ و کەمینە ملکەچی زۆرینە دەبێت و لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

**بەندی (١١):**

ڕێکخراوە حزبییەکان بۆیان هەیە دەستپێشخەری بکەن و بڕیاری ناوخۆیی بدەن لە چوارچێوەی دەسەڵاتیاندا بە مەرجێك دژبە بڕیارەکانی حزب و سیاسەتی گشتی نەبێت.

**بەندی (١٢):**

لەسەر دەستە حزبییەکانی خوارووتر پێویستە بڕیارەکانی دەستەکانی حزبی سەرووتر جێبەجێ بکەن و ئەگەر دەستەی حزبی خوارووتر زانی ئەو بڕیارانە ناگونجێن لەگەڵ بارودۆخی ناوچەکە لەسەریانە جێبەجێ بکەن و پاشان تێبینییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، سەبارەت بە بڕیاری ناوبراو.

## بەشی چوارەم

## ڕێکخراوە حزبییەکان ئەرك و دەسەڵاتەکانیان

**بەندی (١٣):**

أ. شانە:

بریتییە لە ڕێکخراوی بنەڕەتی پارتی و بنکەی جەماوەرییە و سەرچاوەی ئەو شەرعییەت و دەسەڵاتەیە کە دەدرێت بە ڕێکخراوەکانی سەرووتر لە خۆی. شانە لە ٣ ـ ٧ ئەندام پێك دێت کە لە نێوانیان ڕێکخەری شانە لەلایەن لێژنەی ناوچە یان لێژنەی ناوخۆوە دادەنرێت.

ب. دەسەڵاتی شانە و ئەرکەکانی:

**یەکەم:** خەبات دەکات بە پێی سیاسەت و پلانی پرۆگرامی پارتی بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی حزب و ئەو فەرمان و ئەرك و ڕێنماییانەی کە پارتی بۆی دەستنیشان کردووە.

**دووه‌م**: سه‌رپه‌رشتی ئه‌ندامه‌كانی ده‌كات و چاودێری ده‌كات له‌ جێبه‌جێكردنی ئه‌ركه‌كانیان و به‌كارهێنانی مافه‌كانیان.

**سێیه‌م**: به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه‌ له‌ هه‌فته‌یه‌كدا جارێك كۆبوونه‌وه‌ به‌ سه‌رۆكایه‌تی ڕێكخه‌ر یان یاریده‌ده‌ره‌كه‌ی ده‌كات كه‌ له‌لایه‌ن شانه‌وه‌ هه‌ڵده‌بژێردرێت.

**چواره‌م**: ئه‌رك دابه‌ش ده‌كات به‌سه‌ر ئه‌ندامه‌كانی و لێپێچینه‌وه‌یان له‌گه‌ڵدا ده‌كات له‌ سه‌ر كاری هه‌فتانه‌یان كه‌ له‌ ماوه‌ی ئه‌و هه‌فته‌یه‌دا جێبه‌جێیان كردووه‌ و پڕوپاگه‌نده‌ بۆ پارتی و پره‌نسیپه‌كانی ده‌كات و بڵاوكراوه‌كانی له‌ سنووری چالاكی خۆیدا بڵاو ده‌كاته‌وه‌.

**پێنجه‌م**: سه‌رپه‌رشتی شانه‌كانی پاڵێوراوان و دۆستان ده‌كات و ڕۆشنبیریان ده‌كات به‌ ڕۆشنبیریی پارتایه‌تی و چاودێری كاره‌كانیان ده‌كات و سه‌رۆكایه‌تییان ده‌كات له‌ جێبه‌جێكردنی فه‌رمانه‌كانیان و سه‌رپه‌رشتییان ده‌كات.

**شه‌شه‌م**: ئابوونه‌ی ئه‌ندامان و پاڵێوراوان و كۆمه‌كی دۆستان و نرخی چاپه‌مه‌نییه‌كان كۆ ده‌كاته‌وه‌.

**حه‌وته‌م**: ئه‌ندامانی شانه‌، ڕۆژنامه‌ و بڵاوكراوه‌كانی پارتی ده‌خوێننه‌وه‌ و ئازادانه‌ وتووێژی له‌سه‌ر ده‌كه‌ن و بیروبۆچوونی خۆیان ئاراسته‌ی ده‌سته‌ی سه‌رووتر ده‌كه‌ن.

**هه‌شته‌م**: شانه‌ هه‌وڵ ده‌دات هۆشیاری ڕامیاری گشتی و تیۆری و پارتایه‌تی له‌ نێوان ئه‌ندام و پاڵێوراوان و دۆستاندا زیاد بكات.

**نۆیه‌م**: لێكۆڵینه‌وه‌ له‌ فۆڕمی پاڵێوراوان ده‌كات و داوای به‌خشینی پله‌ی ئه‌ندامێتی بۆ پاڵێوراوان و دۆستان ده‌كات.

ده‌یه‌م: نامه‌ و وتاری ئه‌ندامان و ده‌نگوباس و زانیارییه‌ پێویستییه‌كان ده‌نێرێت بۆ لێژنه‌كانی سه‌روو خۆیه‌وه‌.

**یانزه‌هه‌م**: ڕاپۆرتی مانگانه‌ ده‌نێرێت بۆ لێژنه‌ی ڕێكخراو یان بۆ لێژنه‌ی ناوچه‌ سه‌باره‌ت به‌ كارو چالاكییه‌كانی و ئه‌وه‌ی كه‌ له‌لایه‌ن ئه‌وانه‌وه‌ جێبه‌جێ كراوه‌ یان جێبه‌جێ نه‌كراوه‌.

**دوانزه‌هه‌م**: سه‌رپه‌رشتی خه‌باتی جه‌ماوه‌ری له‌ ناوچه‌كه‌ی ده‌كات به‌پێی پلانی پارتی و ڕاهێنانیان له‌سه‌ر خه‌باتی شۆڕشگێڕی ڕێكوپێك و به‌ستنی په‌یوه‌ندی توندوتۆڵ له‌گه‌ڵ جه‌ماوه‌ر بۆ زانینی داخوازییه‌كانیان و گه‌یاندنی به‌ پارتی.

**سیانزه‌هه‌م**: هه‌موو ئه‌ندامان به‌رپرسیارن له‌ به‌ڕێوه‌بردنی كاروباری شانه‌كه‌.

چوارده‌هه‌م: ئه‌نجامدانی كاری پێویست بۆ پته‌وكردن و به‌رده‌وامبوونی په‌یوه‌ندییه‌كان له‌ نێوان ئه‌ندامانی شانه‌كه‌ له‌لایه‌كه‌وه‌ له‌نێوان شانه‌ و ڕێكخراوی سه‌رووتردا له‌لایه‌كی تره‌وه‌.

**بەندی (١٤):**

أ. لێژنەی ناوخۆ: ئەو لێژنەیەیە کە نوێنەرایەتی پارتی دەکات و سەرپەرشتی ڕێنماییەکانی ئەندامانی دەکات لەو ناوچەیەدا کە کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات و ئەو بەرپرسیاری ڕاستەوخۆیە لە چالاکی و بەڕێوەبردنی کاروباری پارتی و بە ئەنجامگەیاندنی پرەنسیپەکانی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی و بڕیارەکانی لە ناوچەی ئاماژەپێکراودا. ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ لەلایەن ئەندامانی پارتییەوە لە بازنەی چالاکی لێژنەکەدا هەڵدەبژێردرێت و ژمارەی ئەندامانی لە ٣ ـ ٧ ئەندام دەبێت.

ب. ئەرك و دەسەڵاتەکانی:

١. بەڕێوەبردن و ڕێنمایی و هاندانی ئەندامانی شانە و ڕێکخراوەکان بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بە پێی پەیڕەو و پرۆگرام و ڕێنمایی و بڕیارەکانی پارتی.

٢. هەڵبژاردنی لێپرسراوی لێژنە و دوو یاریدەدەری کە ئەرکەکانیان بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و سەرۆکایەتی لێژنەی ناوخۆ دەبێت، یەك لە ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ بە لایەنی کەمەوە دەبێت پیشەی کاری پارتایەتی بێت.

٣. کۆمیتەی ناوەندی ڕەزامەندی خۆی دەردەبڕێ لەسەر هەڵبژاردنی لێپرساوی لێژنەی ناوخۆ، هەروەها کۆمیتەی ناوەندی بۆی هەیە یەك جار ناڕەزایی دەرببڕێت لەسەر ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ دیاریکردنی هۆیەکەی و ئەگەر لێژنەی ناوخۆ سوور بوو لەسەر ڕای پێشووی، ئەوا ڕاکەی ئەو وەردەگیرێت.

٤. بە لایەنی کەمەوە هەر ١٥ ڕۆژ جارێك کۆ دەبنەوە، بۆ تاوتوێکردنی ئەو بڕیارانەی جێبەجێ کراون و لێپێچینەوەی ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان لەسەر کاری پارتایەتی.

٥. بڕیاری کۆتایی دەدات لەسەر داواکارییەکانی هاتنەناو ڕیزەکانی پارتییەوە، هەروەها هەڵدەستێ بە وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان و شانە و ڕێکخراوەکان و هەروەها ڕەخنە و پێشنیار و نامەکانیان.

٦. خەبات دەکات لە پێناو فراوانکردنی بزووتنەوەی کرێکاران و جووتیاران و قوتابیان و خاوەن پیشەکان و لاوان و ئاشتیخوازان.

٧. هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی ئابوونەی ئەندامان و کۆمەك و نرخی چاپەمەنییە حزبییەکان و ناردنی بۆ لێژنەی سەروو خۆی.

٨. بەشـداریکردنی کاریگـەر لەسـەر سـەرکردایەتیکردنی جیاجیـای جۆرەکـانی خـەباتی جەماوەری لە ناوچەکەدا.

٩. مـافی دەرکردنـی بەیاننامـەی هەیـە سـەبارەت بـە ڕووداوەکـانی ناوچەکـەی خـۆی و دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بەو ڕووداوانـە لەبـەر ڕۆشـنایی سیاسـەتی گشـتی پـارتی و تەنیا لە سنووری دەسەڵاتی خۆی.

١٠. سزادان بە سەرنجڕاکێشان و ئاگادارکردنەوە و دەرکردنـی کـاتیی کـە لـە شـەش مانـگ تێنەپەڕێت بە زۆرینەی ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی لێژنەی ناوخۆ.

١١. هەڵبژاردنی نوێنەریان بۆ لێژنەی ناوچەی کۆنفرانس.

١٢. بۆ فراوانکردنی کاری پارتایەتی و چوونەناو ڕیزەکانی جـەماوەر، لێژنـەی نـاوخۆ مـافی پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی پیشەیی هەیە بە پێی پێویست و دەبێ ئەرك و دەسەڵاتی هەریەك لەم لێژنانە دیاری بکرێت.

١٣. دیاریکردنی شوێن و کات و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان و گرتنی کۆنووس و ڕێکخستنی ڕاپۆرتی مانگانە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی دەستەی بـاڵا و ڕێکخسـتنی دارایی.

١٤. لێپرسراوی لێژنە ڕاستەوخۆ لەبەردەم لێژنەکانی سەرووی خۆیەوە بەرپرسیارە.

١٥. ئەنجامـدانی کـاری پێویسـت بـۆ بـەردەوامبوونی پەیوەندییـەکان، لەگـەڵ تـەواوی شانەکانی ناوچەکە لە هەموو بارودۆخێکدا.

**بەندی (١٥):**

لێژنەی ناوچە: لێژنەی ناوچە لەو شوێنەدا پێك دێت کە کۆمیتەی ناوەنـدی دیـاری دەکـات و لێژنە لە ٧-١١ ئەندام پێك دێت کە لەلایەن ئەندامانی لێژنەی ناوخۆوە هەڵدەبژێردرێن، بـەو ڕێژەیەی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات، لەسەر بنەمای ژمارەی ئەندامانی هـەر لێژنەیـەك و ئەرك و دەسەڵاتەکانی کاریان پێ دەکرێت لەو سنوورەدا کە بۆی دیاری دەکرێـت بـە پێـی ئەوەی کە ئەو دەستەی باڵایە لە ناوچەکەدا و دەسەڵاتی بەسەر لێژنـە ناوخۆییەکانـدا هەیـە و لێژنە ناوخۆییەکانیش بەرامبەر بە شانەکان دەسەڵاتیان هەیە و ئەو ئەرکـەی لەسـەر شـانە کە لە ئەستۆی لێژنەی ناوخۆیە لە سنووری ئەو ناوچەیەی بۆی تەرخان کراوە. لێژنەی ناوچـە لە نێوان ئەندامەکانیدا ٣ ئەندام هەڵدەبژێردرێت و لە نێوان ئەو سـێیانەدا بەرپرسـی یەکـەم دیـاری دەکـرێ و لێژنـەی کـارگێڕی پێـك دەهێـنن و لێژنـەی کـارگێڕیش دەسـەڵاتی لێژنـەی ناوچەی هەیە لە ماوەی دوو کۆبوونەوەدا. لێژنەی ناوچە مـافی دەرکردنـی گۆڤـاری تایبـەتی

هەیە، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی کۆمیتەی ناوەندی و لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتەی پارتی کە بڕیاری لەسەر دراوە، لێژنەی ناوچە هەر دوو مانگ جارێك کۆبوونەوەی خۆی دەکات.

**بەندی (١٦):**

أ. کۆمیتەی ناوەندی: پاش کۆنگرە بە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن دادەنرێت لە پارتیدا، چالاکییەکانی گشت ڕێکخراوە سیاسییە حزبیەکان بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتییان دەکات و ڕابەرێتیان دەکات لە خەباتدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پارتی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا.

ب. کۆمیتەی ناوەندی ئەندامانی لە ٩ ـ ١٥ ئەندام هەڵدەبژێردرێت، لەگەڵ ژمارەیەك لە پاڵێوراوان کە ژمارەیان لە نێوان ٥ ـ ٩ دەبێت بۆ ئەندامێتی کۆمیتەی ناوەندی کە دەبێت لەلایەن کۆنگرەوە بە ڕێگای پاڵاوتنەوە هەڵبژێردرێن.

ج. ئەگەر یەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی نەیتوانی ئەرکەکانی بەجێ بگەیەنێت، ئەوا یەك لە ئەندامە یەدەگەکان کە زۆرترین دەنگی لە کۆنگرەدا هێناوە، لە جێگای ئەو دادەنرێت.

د. مەرجەکانی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی:

١. تەمەنی لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبێت.

٢. نابێ لە ٣ سال کەمتر تێپەڕی بێت بەسەر هاتنی بۆ ناو پارتی.

٣. ڕابردوویەکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت.

٤. ئەگەر یەك لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئامادە نەبوو، ئەو کەسە لە ئەندامە یەدەگەکان زۆرترین دەنگی لە هەڵبژاردنی کۆنگرەدا بەدەست هێناوە، جێگەی دەگرێتەوە.

هـ. لە کاتی بەندکردن و ئامادەنەبوون و ئاوارەبوونی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی بە هۆی خەبات و کاری پارتایەتییەوە، مافی ئەندامێتی نافەوتێت و وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەمێنێتەوە.

**بەندی (١٧):**

ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆمیتەی ناوەندی بریتییە لە:

١. سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت لەگەڵ چوار ئەندام کە مەکتەبی سیاسی پێك دەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان و ڕێنماییکردنی چالاکی حزبی، مافی ئەوەی هەیە

کە لە نێوان ئەندامەکانیدا چەند لیژنەی جیا جیا پێك بهێنێت.

٢. خەباتکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دوور و نزیکەکانی پارتی و دانانی پلان و تاکتیکی پێویست و دیاریکردنی سیاسەتی پارتی بەرامبەر بە گشت ڕووداوەکان.

٣. چاودێری و سەرپەرشتی جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی کۆنفرانس و کۆنگرە.

٤. پاراستنی ئامانج و پرەنسیپە شۆڕشگێڕییەکانی پارتی لە هێرشەکان و پاراستنی یەکێتی (یەکێتی بیر و کار و بەڕێوەبردن و دیسیپلین) و پاراستنی نهێنییەکانی حزب.

٥. پاراستنی کەلوپەلی حزب و پەرەپێدانی و ڕێکخستنی داهاتی حزب و خەرجییەکانی بە شێوەیەك کە ڕێگا لە خەرجکردنی ناپێویست بگرێت.

٦. دیاریکردنی هەڵوێستی پارتی بەرامبەر بە ڕووداوە ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و بزووتنەوەی کرێکاران و جووتیاران و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی و بارودۆخە نێودەوڵەتییەکان.

٧. دانانی پلان و ڕێگای پێویست بۆ بەهێزکردنی چالاکییەکانی حزب لە گشت بوارەکاندا.

٨. پەروەردەکردن و ئامادەکردنی کادیرانی حزب و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیارییان لە ڕووی تیۆری و ڕامیارییەوە و مەشقپێکردنی ئەندامان و جەماوەر لەسەر تێکۆشانی شۆڕشگێڕی، چونکە ئەمە بە ئەرکی سەرەکی ئەو کۆمیتەیە دادەنرێت.

٩. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کرێکار و جووتیاران و جەماوەری گەلی کوردستان.

١٠. وەڵامدانەوەی ڕەخنە و پێشنیار و پرسیار و سکاڵای ئەندامان و کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان.

١١. دیاریکردنی کات و شوێنی کۆنفرانس و کۆنگرێس و بانگێشتیان بە شێوەیەکی دەوری لەگەڵ دیاریکردنی ڕێژەی نوێنەران لەو کۆنفرانس و کۆنگرانەدا.

١٢. گشت ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ڕاستەوخۆ، چ وەك تاك یان وەك دەستە، بەرپرسیارن بەرامبەر کۆنگرە لەو کارانەی ئەنجامیان داوە.

١٣. کۆمیتەی ناوەندی ڕاپۆرتی گشتی بۆ کۆنگرە ئامادە دەکات، هەروەها بۆ کۆنفرانسیش.

١٤. مافی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لێژنەی خوار خۆی هەیە.

١٥. بڕیاری دروستکردنی لێژنە ناوخۆییەکان و لێژنەی ناوچەی تری نوێ و ڕێکخراوە تایبەتەکان بدات.

١٦. دەبێ داوای کۆنفرانس یان کۆنگرەی نائاسایی بکات لەسەر داخوازی زۆربەی ئەندامانی پارتی لە ڕێگای ڕێکخراوەکانیەوە.

١٧. پێویستە بڕیارەکانی لەلایەن گشت ڕێکخراوە حزبییەکانەوە جێبەجێ بکرێت و کۆنفرانس و کۆنگرە دەتوانن ئەم بڕیارانە هەڵبوەشێننەوە.

١٨. لە مەکتەبی سیاسی دەپێچێتەوە و ئەرك و فەرمانی بۆ دیاری دەکات.

١٩. کۆمیتەی ناوەندی هەموو ڕێوشوێنێکی لەبار بۆ پاکڕاگرتنی ڕیزەکانی پارتی پەیڕەو دەکات بە مەرجێ پێشوەخت لەلایەن دەستەی ناوەندی پشکنین و چاودێری لێکۆڵینەوەی لەمەڕ کرابێ. هەموو ئەوانەی ئەو ڕێوشوێنانە دەیانگرێتەوە مافی ئەوەیان هەیە لەلای کۆبوونەوەی فراوانی کۆمیتەی ناوەندی سکاڵای خۆیان بکەن.

٢٠. کۆمیتەی ناوەندی بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕێکخستن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری و لە پێناو ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی تری پارتیدا، بۆی هەیە نوێنەری خۆی بۆ لێژنەی ناوخۆی (لق) و لێژنە جیاجیاکانی ناوچە بنێرێ و کادیری بۆ ڕاگوێزێ.

٢١. ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی هەڵەیەکی وای کرد شایانی دەرکردن بێت لە پارتی، ئەوا کۆمیتەی ناوەندی دەشێ بەزۆر بە ٢/٣ی دەنگ هەموو لێپرسراویەتییەکی لێ بستێنێتەوە و بیخاتە بەردەم پلینۆم، تا بە پێی پێویست سزای بدات.

**بەندی (١٨):**

أ. کۆمیتەی ناوەندی بە شێوەیەکی دەوری و ئۆتۆماتیکی هەردوو مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە.

ب. پلنیۆمی پارتی کە پێك دێت لە کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی لێژنەی باڵای پشکنین و چاودێری و ئەندامە یەدەگەکانی کۆمیتەی ناوەندی، هەر چوار مانگ جارێك کۆ دەبێتەوە بۆ لێپێچینەوە لە کردار و چالاکییەکانی سەرکردایەتی و دانانی پلانی پێویست بۆ ماوەی داهاتوو.

ج. کۆمیتەی ناوەندی مافی ئەوەی هەیە کە ڕێکخراوی پارتی لە دەرەوەی عێراق پێک بهێنێ لە ئەندامانی پارتی بۆ کارکردنیان بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی.

**بەندی (١٩):**

أ. مەکتەبی سیاسی: پارتی پێك دێت لە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و چوار ئەندام کە کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەڵیدەبژێرێت.

ب. مەکتەبی سیاسی بڕیارەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان دوو کۆبوونەوەدا جێبەجێ دەکات و ئەگەر شتێك ڕووی دا پێویستی بە گۆڕانکاری بوو لە سیاسەتدا، ئەوکاتە کۆمیتەی ناوەندی بە پەلە داوای کۆبوونەوە دەکات.

## بەشی پێنجەم
## دەستەی پشکنین و چاودێری

**بەندی (٢٠):**

لە کۆنگرە یان لە کۆنفرانسدا لێژنەیەك هەڵدەبژێردرێت کە ژمارەی ئەندامانی لە (٣ ـ ٥) ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ دەبێت و لە نێوانیاندا بەرپرسی یەکەم هەڵدەبژێردرێت کە پێی دەڵێن لێژنەی باڵای پشکنین و چاودێری پارتی و بەرپرسیار دەبێت لە بەردەم کۆنگرە و هەروەها لە سنووری کاری لێژنە ناوخۆییەکاندا بە هۆی کۆنفرانسە ناوخۆییەکانەوە لێژنەی لەو جۆرانە هەڵدەبژێردرێت کە پێك دێت لە (٣ ـ ٥) ئەندام.

**بەندی (٢١):**

فەرمان و دەسەڵاتەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری ئەمانەن:

١. هاوکاریکردنی لێژنە ناوخۆییەکان و لێژنەی ناوچەکان و کۆمیتەی ناوەندی لە کارەکانیاندا و ئەنجامدانی کاری پشکنین کە پێی سپێردراوە لەلایەن لێژنە تایبەتییەکانی سەرکردایەتییەوە.

٢. چاودێریکردنی کاروباری دارایی حزب و چۆنیەتی خەرجکردن و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی و بڕیارەکانی لێژنە باڵاکان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت دەربارەی کارەکانی بۆ لێژنەی حزبی و لێژنەی

پشکنینی باڵاتر، هەروەها لێژنەکانی پشکنینی باڵا مافی ئەوەیان هەیە ڕێنمایی لێژنەکانی خوار خۆیان بکەن سەبارەت بەو ئەرکانەی پەیوەستن بە کاری پشکنینەوە.

٣. لێکۆڵینەوە لە سکاڵای ئەندامان (کەسێتی و حزبی) و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت لەم ڕووەوە بۆ لێژنەی تایبەتی لەگەڵ ڕادەربڕین لەو بارەیەوە.

٤. تاوتوێکردنی ئەو ڕاپۆرتانەی هاتوون سەبارەت بە کەمتەرخەمی ئەندامان و ناکۆکییە حزبیەکان و پێشکەشکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ لێژنەی تایبەت و لێژنەکانی پشکنین و حزبی باڵا بۆ بینین و ئەنجامدانی کاری پێویست.

٥. دەستەی چاودێری و پشکنین خەسڵەتی سەرکردایەتی نییە.

٦. لە کاتی ڕوودانی ناکۆکی لە نێوان چاودێری و پشکنینی باڵا و کۆمیتەی ناوەندیدا، بابەتی ئەو ناکۆکییە دەخرێتە بەردەم پلینۆم، ئەگەر دەرکەوت یەك لەو لێژنانە کەمتەرخەم بووە، ئەو کەمتەرخەمییەش شایستەی دەرکردنی ئەندامانی ئەو لێژنە بێت، ئەوا پێویستە پلینۆم داوای کۆنفرانس بکات، بۆ چارەسەری ئەو ناکۆکییە.

**بەندی (٢٢):**

ئەو سزایانەی کە لێژنەکانی پشکنین دەیسەپێنن بەسەر:

أ. لەبارەی ئەندامەکانیەوە:

١. سەرنجڕاکێشان بە نووسراو یان زارەکی.

٢. ئاگادارکردنەوەی تاکی یان بە کۆمەڵ لە ناو ڕێکخراودا.

٣. داماڵینی لە ئەرکی بەرپرسیارێتی.

٤. دەرکردنی لە پارتی بە شێوەی کاتی.

٥. دەرکردن کە ئەوە توندترین سزایە.

ب. لەبارەی دەستە و ڕێکخراوە حزبییەکاندا:

١. وریاکردنەوەی ئاگادارکردنەوە.

٢. هەڵوەشاندنەوەی لێژنە و دەستنیشانکردنی لێژنەیەکی کاتیی تا کاتی هەڵبژاردن.

٣. هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو و دابەشکردنی ئەندامانی بەسەر لێژنەکانی تردا.

**بەندی (٢٣):**

**سەرۆکی حزب**

بریتییە لە سەرۆکی حزب و کۆمیتەی ناوەندی و مافی ئەوەی هەیە ڕێنمایی و ڕوونکردنـەوە بداتــە کۆمیتــەی ناوەنــدی و مەکتــەبی سیاســی و پلینــۆم و کــۆنفرانس و کــۆنگرە، مــافی ئامـادەبوونی هەیـە لـە کۆبوونـەوەکانی مەکتـەبی سیاسـی کاتێـك کـە دەنـگ دەدرێـت و دەنگەکان یەکسان بوو، ئەوا ئەو لایەی کە دەنگی سـەرۆکی لەگەڵدا دەبێـت بـە زۆریـنەی دەنگ دادەنرێت.

**بەندی (٢٤):**

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی**

ئەو کەسەیە کە بـە هاوکـاری بـاقی ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسـی بەرپرسـیارە لـە کاروبـاری کارگێڕی حزب، گشت نووسراوی حزبی و ڕێنماییەکان بە ئیمـزای ئـەو دەبێـت (یـان ئیمـزای یـەك لـە یاریـدەدەرە دەسـەڵات پێـدراوەکانی) لـە گشـت کاروبـاری ڕامیـاری، ڕێکخسـتن و چالاکییەکانی پارتی ئاگادار دەکرێت، ڕاپۆرتی گشتی بـۆ کـۆنگرە یـان کـۆنفرانس یـان پلینـۆم پێشـکەش دەکـات، بـەڵام ڕاپـۆرتی دوورو درێـژ سـەبارەت بـە گشـت کاروبارەکـانی پـارتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەندامانی مەکتـەبی سیاسـی هەریـەك بـە پێـی پسـپۆڕی خـۆی. سـکرتێر بەرپرسـیارە لـە ئاگـادارکردنی مەکتـەبی سیاسـی لـە تـەواوی کاروبـار و بڕیارەکـانی حـزب، هەرچەندە بەرپرسیاریەتی سکرتێر ترسناکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کـە ئـەو دەتوانێـت بڕیاری سەربەخۆ واتە تاکلایەنە بـدات، دەبـێ گشـت بڕیارەکـان بـە شـێوەیەکی بـە کۆمـەڵ بدرێت.

دەبێت مەکتەبی سیاسی کاری پێویست و زامن ئـەنجام بـدات بـۆ بـەردەوامبوونی چالاکییـە حزبییەکان لە کاتێکدا ئەگەر ناکۆکی لە نێوان ئەندامەکانیدا هەبوو و نەتوانرا کۆ بکرێنەوە.

**بەشی شەشەم**

**بەندی (٢٥):**

**کۆنگرێس**

١. کۆنگرێس یان (کۆنگرەی نیشتمانی) بەرزترین دەسەڵاتە لە حزبدا.
٢. کـۆنگرە پێـك دێـت لـە ئەنـدامانی کۆمیتـەی ناوەنـدی، لێژنـەی بـاڵای پشـکنین و

چاودێری، ئەندامانی یەدەگی کۆمیتەی ناوەندی کە لە کۆنگرەدا هەڵبژێردراون، ئەو نوێنەرانەی کە لەلایەن سەرجەم ڕێکخراوەکانی پارتییەوە بە پێی ئەو ڕێژەیەی کۆمیتەی ناوەندی دیاری دەکات هەڵبژێردراون، کۆمیسیۆنی پشکنین و چاودێری و ئەندامە یەدەگەکانی.

٣. کۆنگرێس هەردوو ساڵ جارێك دەبەسترێت، کۆمیتەی ناوەندی لەسەر خواستی ٢/٣ی ئەندامانی دەبێت داوای بەستنی کۆنگرەی نائاسایی بکات بە پێی بەندی (٧) و بڕگەی (١٩ ب).

**بەندی (٢٦):**

**ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنگرێس**

١. ڕاستکردنەوە و گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆ و پڕۆگرام.

٢. گوێ لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و گفتوگۆ لەسەر کارەکانی کۆمیتە دەکات و هەڵی دەسەنگێنێت.

٣. دارشتنی سیاسەتی گشتی و دانانی پلان و تاکتیکی حزبی بۆ ئەو مەسەلە ڕامیارییانەی کە ڕووبەڕووی پارتی دەبێتەوە.

٤. شیکردنەوەی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و دانانی پلانی بەڕێوەچوونی کاری حزبی.

٥. دانانی ستراتیژیەتی پارتی.

٦. لە سکاڵای ئەندامان دەڕوانێ و بڕیاریان لە بارەوە دەدات.

٧. لێپرسینەوە لە کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و سزادانی ئەندامە کەمتەرخەمەکانی.

٨. هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی یەدەگی، هەروەها ئەندامانی لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ئەندامانی یەدەگی هەڵدەبژێرێ.

٩. تەنها کۆنگرێس مافی هەڵوەشاندنەوەی حزب و گۆڕینی ناوی و هەڵپەساردنی چالاکییەکانی یان تێکەڵی پارتێکی تر ببێت و یان گۆڕینی ئایدیۆلۆژیەتی هەیە.

## بەشی حەوتەم

### بەندی (٢٧):

### کۆنفڕانس

١. لە کاتی ڕوودانی گۆڕانکاری ڕامیاریی گرنگ، یان ناکۆکی لە ناو کۆمیتەی ناوەندیدا بە شێوەیەك کە یەکڕیزی پارتی بخاتە مەترسییەوە، یان حاڵاتی پێویست بە بەستنی کۆنگرێس بێت و لەسەر داوای پتر لە نیوەی ئەندامانی حزب یان ٢/٣ی لێژنەی ناوچەکان و ئەگەر لەو کۆنگرێسە نەتوانرێت ئەنجام بدرێت، ئەوا کۆنفڕانس دەبەسترێت. کۆنفڕانس پێك دێت لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین و ئەندامە یەدەگەکانیان و نوێنەرانی لێژنە ناوچەکان و ڕێکخراوەکانیان و نوێنەرانی ئەو ڕێکخراوانەی کە بەستراون بە کۆمیتەی ناوەندییەوە و کادیرانی پێشکەوتووی حزب کە کۆمیتەی ناوەندی بە ٢/٣ی دەنگ دیاری دەکەن.

٢. کۆنفڕانس گشت دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسی هەیە، جگە لە گۆڕینی پەیڕەو و پرۆگرامی پارتی و گۆڕینی کۆمیتەی ناوەندی و دیاریکردنی چارەنووسی پارتی و دەرکردن و داماڵینی سەرۆك لە دەسەڵاتەکانی و بڕیارەکانی هەمان هێزی بڕیارەکانی کۆنگرێسی هەیە.

٣. ئەرکی یەکەمی کۆنفڕانس ڕەخساندنی بارودۆخی پێویستە بۆ بەستنی کۆنگرە لە زووترین کاتدا.

٤. لە کاتی لێپێچینەوەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لێژنەی باڵای چاودێری و پشکنین کۆنفڕانس مافی ئەوەی هەیە ئەندامانی ئەو دوو لێژنەیە دەر بکات، بە مەرجێك ژمارەی دەرکراوەکان بە یەکجاری یان چەند جارێك لە نیوە تێپەڕ نەکات.

## بەڵگەنامەی – ژ. ٣

### یاداشتنامە

### پارتی کوردی (ڕزگاری)

### بۆ. سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

پارتی کوردی (ڕزگاری) بە شانازییەوە ئەم دەرفەتە بە هەل دەزانێت بۆئەوەی هیوای سەرکەوتن بۆ ئەو ڕێکخراوە مەزنە بە سەرۆکایەتی بەڕێزتان بخوازێت لە گشت کارەکانیدا، چونکە دوا ڕۆژی بەختەوەری و خۆشگوزەرانی یان لە ناوچوونی مرۆڤایەتی بەگشتی پابەندە بەو کارانەوە.

پارتی هیوادارە کە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان گشت هۆکارەکانی خۆی تاقی بکاتەوە بۆ نەهێشتنی ئێش و ئازارەکانی گشت گەلان چ بچووك چ گەورە و بۆئەوەی ڕێگاچارەیەکی عادیلانە و گونجاو بۆ کێشەکان بەتایبەتی ئەو کێشانەی تایبەتن بە گەلانی چەوساوە بدۆزرێتەوە، بۆئەوەی هەسارەکەمان بکرێتە خۆشترین جێگای ژیان بۆ گشت مرۆڤایەتی و بە شکۆدارییەوە ڕێز لە توانای ئەو ڕێکخراوە بنرێت لەلایەن نەوەکانی داهاتوو. لە ڕاستیدا ڕێکخراوی نەتەوەیی کورد پارتی (ڕزگاری) بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت بارودۆخی ترسناکی گەلی کورد و ئێش و ئازاری ئەو گەلانەی لەژێر زوڵم و زۆری ئیمپریالیزم و حکومەتە داتاشراوەکانی بخاتەڕوو و ئەوە نیشان بدات کە لە بەرژەوەندی کێدایە، جیهانیان بەرەو ئەو جەنگە ترسناکە بردووە. حکومەتە تۆتالیتاریەکانی عێراق و تورکیا و ئێران هێشتا هەر بەهیوای ئەوەن هەرچی توانا و هۆکارێکیان لە بەردەستدایە بەکاری بهێنن و بتوانن ڕێگا لەو کوردانە بگرن، نەکا بە ڕێگای کەناڵە ئاشکراکانەوە داوا لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بکەن بۆ هاتنەدی مافەکان و یاخود سزادانیان دژ بەو چەوساندنەوەیە کە تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕەها و بێ سنوور پیادەی دەکەن لەبەر نەبوونی ڕێکخراوێکی عادیلانەی نێودەوڵەتی وەك ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، پارتیمان ناچار کراوە کە بەنهێنی کار بکات، تا ئەو کاتەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کاری خۆیان ئەنجام بدەن، بۆ پارتیمان ئەگەری ئەوە هەیە بتوانێت لە ڕێگای شاندی بیانییەوە یان لەڕێگای ڕێکخراوە پێشکەوتووخوازەکانەوە لە عێراق و سوریا داوای خۆی پێشکەش بکات.

پارتیمان گومانی لەوەدا نییە کە ئێوە لە نزیکەوە ئاشنان بە بارودۆخ و ڕژێمە نادیموکراتییەکان لە تورکیا و عێراق و ئێران هەروەها ئاشنان لەگەڵ ئەوە کە ئەوان چەند بە خراپی ڕەفتار لەگەڵ گەلی کورد دەکەن و بەڕێوەیان دەبەن، خاکی کوردیان لەنێوان خۆیان دابەش کردووە و کردوویانە بە خاکی خۆیان، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەم چەند ڕاستیە بخەینە پێش چاوی بەڕێزتان و بە ئاشنابوون پێیان چەند ڕاستیەکتان بۆ دەردەکەوێت و چارەسەری کۆتایی کێشەی کورد کە کێشەیەکی بنەڕەتییە و ئاشتی و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەیوەستە بەم کێشەیەوە.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاشتی بەزۆر و بێ ڕەزامەندی کورد، کوردستان لەنێوان چوار دەوڵەت دابەش کرا، ئەوانیش: تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا و ئەمەش لەپێناو دابینکردن و پتەوکردنی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. ئەم لایەنانە لەلایەن خۆیانەوە ڕژێمێکی دیکتاتۆریان لەسەر ئەم گەلە بێ چەکەدا سەپاندبوو و هەموو جۆرە کردارێکی چەوساندنەوە کە لە بەردەستیاندا بوو بەکاریان هێنا، بۆئەوەی بێبەشی بکەن لە سادەترین ماف و ئازادی هەروەك کە دەڵێن بە زمانی خۆی نەنووسێت و قسە نەکات، هەروەها بە ئازادی ڕای خۆی دەرنەبڕێت. بێگومان کورد ڕازی نەبووە بەو دابەشکردنە پڕ لە سووکایەتیە و کورد هەموو ڕێگاچارەیەکی ئاشتیانەی بەکارهێنا بۆئەوەی بە دنیای بسەلمێنێ کە داخوازییەکانی کورد داخوازی ڕەوا و بنەما بۆ دارێژراو بووە، بەڵام بەداخەوە هەموو ئەو هەوڵانە بێ ئاکام بوون، چونکە ئیمپریالیزم خوازیار نەبوو کە گوێ لە داخوازییەکانیان بگرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵی دەدا ئەو دەنگانە نەگەنە دەرەوەی ئەو جیهانە.

لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی هەوڵی ئاشتیانە، کورد چالاکانە دژبە تورکیا و ئێران و عێراق بۆ ماوەی (٢٥) ساڵ لەپێناو ڕزگاربوون لە دەست زوڵم و زۆر و دەستدرێژی، ڕاپەڕینی ئەنجامداوە، لە تورکیا لەنێوان دوو جەنگی جیهانیدا کورد چەندین جار ڕاپەڕیوە، ئەو ڕاپەڕینانە دەگەیشتنە لوتکەی سەرکەوتن، بەناوبانگترینیان ڕاپەڕینەکەی (شێخ سەعید) بوو لە ساڵی ١٩٢٥ و ڕاپەڕینی (ئیحسان نوری پاشا) لە ساڵی ١٩٣٠ و (دەرسیم) لە ساڵی ١٩٣٨.

بەڵام کەمالیستەکان بە پشتیوانی و هاوکاری بەریتانیای مەزن و فەرەنسا توانیان ئەو ڕاپەڕینانە دامرکێننەوە و سەرکردەکانیان لەسێدارە بدەن و گەلی کوردی بێ تاوانیان لە یەکتری جیاکردەوە، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕاپەڕینانە وەڵامێك بوون بۆئەو سیاسەتە دەستدرێژکاریە و ئاگادارکردنەوەیەك بوو بۆ حکومەتی کەمالی کە ئامانجی

سەرەکی لەناوبردنی گەلی کورد بـوو. لەڕاسـتیدا زەحمـەتە ئەو شـێواز و هۆکارانـەی کە ئەو حکومەتە لە سیاسەتیدا پەیڕەوی کردووە بژمێرین کە بریتی بوون لە قەسابخانە و دەرکردنـی جەماوەری گەل بە کۆمەل لەسـەر مـاڵ و حـاڵی خۆیـان بـۆ شـوێنێکی تـر و قەدەغـەکردنی قسەکردن بە زمانی زگماکی خۆیان کە کوردییە.

لە ماوەی ٢٥ سـاڵدا، کـورد زۆر زیـانی گـەورەی پێگەیشـت و ئێسـتا لەژێـر زوڵـم و زۆری ڕژێمـی تورکیـدا دەچەوسـێنرێتەوە و لەگەل ئەوەی کەچەنـد جارێـك داوای مـافی خۆیـان کردووە، بەڵام لەهیچ شوێنێك بە دەنگیانەوە نەهاتوون.

جێگای داخە، ئەو حاڵەتەی ئێستا کورد تیایدا دەژی، لەکاتێکدایە کە گشت جیهان بـەرەو ئـارامی دەچێـت و لە کاتێکـدایە کە چەنـدین کـۆنفرانس دەبەسـترێت و کـار دەکـەن بـۆ لێکۆڵینـەوە و چارەسـەرکردنی کێشـەکانی جیهـان. کـورد لە تورکیـا لە بارودۆخێکـدایە کە ناتوانێـت دەنگـی خـۆی بگەیـەنێتە ئەو کۆنفرانسـانە و داوا بکـات بەپێـی پرەنیسـیپە دیموکراتییەکانی پاکتی (میثاق)ی ئەتڵەسی چارەسەری کێشەکەی بۆ بکەن، حاڵەتێکی وەهـا دیاردەیەکی زۆر سروشتییە لە وڵاتێك کە باندی تاوانباران بەڕێوەی دەبات و سەرقاڵی لێدانی بەرژەوەندییەکانی گەلە.

جێگـای داخە بـەریتانیای مـەزن و وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، حکومـەتی تورکیـا بە دیموکراتی دادەنێن و ڕێگای پـێ دەدەن نوێنـەرکانی جێگایـان لەنێـوان شـاندەکان هـەبێ و ڕێگا بەو زاڵمە دەدرێت ناو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان.

دیارە کە ئەمـەش سـەیر نیـیە، چـونکە دەنگـی ئەو کوردانـەی لـەوێ دەژیـن نابیسـترێت، هەروەها دەنگی ئەرمەنییەکانیش کـە لـەوێ دەژیـن، نابیسـترێت، لە ئاکـامی ئەو بـارودۆخە دڵتەزێن و بێهیوایە، پارتیمان داوای نەهێشتنی باندە کەمالیستە تاوانبارەکان دەکات کە ناوی خۆیان ناوە حکومەت.

لە ئێران، کوردەکان لەگشت بوارەکانی ژیـان، لە کوردەکـانی تورکیـا باشـترن. شـای پێشـوو خوێنڕێژ بوو و حکومەتەکەی هەموو توانایەکی خستبووە گـەڕ بـۆ لـەناوبردنی گـەلی کـورد بەهەمان شێوەی کەمال ئەتاتورك، ڕاپەڕینەکانی کورد سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا، چـونکە ئیمپریالیزم پشتیوانی لە شای پێشوو و ئەتاتورك دەکرد.

لە ئاکامی ئەو پشتیوانییە کورد لە ئێران، تا ئەو کاتەی هێشتا ئێران لەلایەن هاوپـەیمانانی جەنگەوە داگیر نـەکرابوو، گشـت مـافە ئازادییـەکانی مرۆڤـی لـێ زەوت کرابـوو، هـەر پـاش داگیرکردنی ئێران لەلایەن هاوپەیمانەکانی جەنگەوە، کورد هەستی بە بڕوایەك کرد کە ئێستا

کاتی ئازادی هاتووە، لەبەر ئەوە کوردەکان زۆر بەخێرایی پشتگیریان لە هاوپەیمانان کرد دژی حکومەتە فاشیەکەی شای پێشوو، ئەو کوردانەی لەو ناوچانەدا بوون کە سوپای سوری سۆڤیەتی داگیری کردبوو بە تەواوی و گشت مافەکانی خۆیان بەدەست هێنابوو و ئازادی تەواویان هەبوو لە دەربرینی بۆچوونەکانیان، کورد توانی کەلتووری خۆی ببوژێنێتەوە. لە کۆتایدا بۆی ڕێکەوت ڕێکبکەوێت لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆیدا کە لە ڕچەڵەك لە نەتەوەیەکی ترن (ئازەربایجەکان) بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی کە لەوێدا مافەکانی پارێزراو دەبێت و خۆیشی وەك نەتەوەیەکی جیا دانی پیادەنرێت.

کورد و هاوڵاتیانی نەتەوەکانی تر، ئەوانەی لەناو کوردان دەژیان، ئازدییان هەیە و یەکێتی سۆڤیەت دەستی نەدەخستە ناو کاروباریانەوە، هەروەها هاوکاری حکومەتی ناوەندیشی نەکرد، بەڵام جێگای داخە دەسەڵاتداری ئینگلیز لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی، واتە ئەو شوێنانەی داگیریکردوون پشتیوانی مەعنەوی و مادی لە حکومەتی ناوەندی خۆینڕێژ دەکرد لە سەرکوتکردنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کە دژبە پاکتی ئەتڵەسی بوو، جگە لەوەش دەسەڵاتدارانی ئیمپریالیستی ئینگلیزی و ئەمریکی هەوڵیان دا دەست بخەنە ناو کاروباری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی لە ئازەربایجان، تا دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی لەوێدا بچەسپێننەوە، ئێمە جارێکی تر ئەم ڕووداوەی ئێستا بەهەل دەزانین بەناوی نەتەوەی کوردەوە پشتیوانی خۆمان ڕابگەیەنین بۆ حکومەتی ئازەربایجانی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی و ناوچە کوردیەکان لە ئێران. ئێمەش داواکارین کۆتایی بە دەست خستنە ناو کاروباری ئەو ناوچانە لەلایەن ئینگلیز و ئەمریکاوە بهێنرێت و هەروەها ئازادی ڕادەربڕین و دەستنیشانکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە عێراق (لەو شوێنەی پارتیمان خەباتی تیا دەکات) دەستەبەر بکرێ، هەرچەندە دەستوور دانی بە مافەکانی کورد نابوو، بەڵام چەندین جار حکومەت پاشگەز دەبووەوە و نکۆڵی لە مافەکانی گەلی کورد دەکرد و هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوە دیموکراتییە نەتەوەییەکان.

کاتێك کە جەنگی جیهانی بە سەرکەوتنێکی باشی دیموکراتی کۆتایی هات، گەلی کورد لە عێراق دەستی کردەوە بە چالاکی ڕامیاریی خۆی بۆ گەڕاندنەوەی مافە پشتگوێخراوەکانی، بەڵام حکومەتی عێراق کە ئیمپیریالیزمی ئینگلیزی پشتیوانی لێ دەکرد، هەوڵی لەناوبردنی گشت بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی دەدا کە گەلی کورد لە ڕزگاربوون و چارەی خۆنووسین نزیك دەکردەوە ماوەیەك لەمەوبەر لە ناوچەی بارزان (قەڵا و مەڵبەندی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد)، هەڵمەتی سەربازی دەستی پێکردبوو، دیاربوو بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سوپای

حکومەت کە ژمارەیەکی زۆر لە چەکدار و ئامێر و تەکنیکی سەربازی بەکارهێنابوو، کارێکی مەحاڵ بوو، لەبەر ئەوە نیشتمانپەروەرە کوردەکان چوون بۆ ئازەربایجانی ئێران، بۆ ئەو شوێنەی کە چاوەڕوان دەکرا و کاتێك ڕێکخراوی نەتەوەیکگرتووەکان بارودۆخی نێودەوڵەتی گۆڕی، ئەو کاتە ئەوان دەگەڕێنەوە سەرماڵی خۆیان.

کاتێك نیشتمانپەروەرکان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، حکومەتی کۆنەپەرستی عێراق دەستی بە شەڕێکی دەستدرێژکاری دژبە گشت گەلی کورد بەتایبەتی دژبە دەستەی پێشکەوتووخوازی نەتەوەیی کورد کرد و حکومەت بارودۆخێکی شەڕاوی لەگشت ناوچە کوردییەکان هێنایە ئاراوە و ئەو ناوچانەی خستە ژێر دەسەڵاتی بەرپرسە سەربازییە کۆنەپەرستەکانەوە. لەوێ سەدان خەڵکی بێ گوناهـ دەکوژران یان لە بەندیخانەکان توند دەکران، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکی تاوانکاریان لەسەر بێ. ئەگەر گەلی کورد ئازاد بێت و هەلی بۆ بڕەخسێت، ئەوا دەیسەلماند کە گشت گەلی کورد لەگەل ڕاپەڕینداپە. پارتیمان دەخوازێت تەواوی ئەو سنوور و لەمپەرانەی لەلایەن حکومەتی کۆنەپەرستی ئێستاوە دانراوە لابردێت و حکومەت بگۆڕدرێت بە حکومەتێکی دیموکراتی کە بۆ گشت عێراقیەك لە عێراقدا ئازادیە دەستووریەکانی دەستەبەر بکردایە.

تەنیا ئەو کاتە کورد لە عێراق دەیتوانێ مافەڕەواکانی خۆی پیادەبکات و بە ئازادی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

کاتێك جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هات، هیوای گەلانی چەوساوە گەڕایەوە، لەوانەش گەلی کورد کە لە گەلانی تری ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەوە جیادەکرایەوە بەهەموو هێز و توانایەکەوە پشتگیری تەواوی هاوپەیمانانی دەکرد و خەباتی دەکرد دژی فاشیزم و کلکەکانی.

گەلی کورد هیوای زۆری بەو بەڵێنەنانە هەبوو و هەیەتی کە کەسایەتییە دەوڵەتیەکانی هاوپەیمانان بە کوردیان دابوو، هەروەها بەپێی پاکت (میثاق)ی ئەتڵەسی و چەندین دیکۆمێنت کە گەلانی بچووك دەبێت مافی تەواو و ئازادی وەربگرن و مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەبێ و خۆیان بەڕێوەببەن. ئەگەر وڵاتی زلهێز لەکاتی خۆیدا ئەو بەڵێنانەیان دابوو بە گەلانی بچووك بۆئەوەی تەنها لەسەر کاغەز بمێنێتەوە و بۆئەوەی پاش سەرکەوتنیان ئەوانە لەبیر بکەن، ئەوا گەلانی بچووك نکۆڵی لەوانە ناکات و وازیان لێ ناهێنێت و بە مافیکی بنەڕەتی خۆی و بە داواکارییەکانی خۆیانی دادەنێن.

پارتی کوردی ڕزگاری دوودڵ نییە لەوەی هەڵەکانی پێشوو دووبارە نابنەوە و هەموو گەلان هەستیان بەوە کردووە کە پێویستە ئەو سیاسەتە کۆنە ڕەتبکەنەوە کە ئامانجی چەوساندن و بە کۆیلەکردن بووە. بەتایبەتی سیاسەتی چاوچنۆکی بەرژەوەندییە ئیمپریالیزمییەکان کە جیهانی تووشی ناخۆشیەکی زۆر و هەروەها ناهەموارای کردبوو لە ماوەی دوو جەنگی جیهانیدا.

بەم یاداشتنامەیەی پێشکەش بە ڕێکخراوەکەتان کراوە، پارتیمان هیوایەکی زۆری بە هەوڵی ئێوە هەیە. لێرەدا بێ ئاکام نەدەبوو ئەو هەوڵ و بۆچوونەتان سەبارەت بەو ڕاستیەی ناکرێت ئاشتی بەرقەرار بێت لە جیهان و مرۆڤایەتی دووربخرێتە لەو چارەنووسە شومەی شەڕ، تا ئەو کاتەی چەوساندنەوەی گەلان لە لایەن ئیمپریالیزمەوە بە سووکی سەیر بکرێت.

بەناوی گەلی کوردەوە، پارتیمان داواکارە ئیمپریالیزم لە ڕیشەوە دەربکێشرێت لە وڵاتەکەمان و لەناوبردنی ئەو ئاسەوار و ناڕەوایەی ئیمپریالیستەکان بەرامبەر بە کورد و ئەو وڵاتانەی گەلی کورد لە نێوانانیاندا دابەش کراوە، گەلی کورد سورە لەسەر ئەوەی دەبێ مافەکانی بۆ بگەڕێتەوە، لەوانە هەنگاوی خۆئامادەکردن بۆ چاری خۆنووسین و سەربەخۆیی، نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت گەلی کورد فاکتەرێکی زۆر گرنگە بۆ ئاشتی لەو شوێنە ستراتیژیە گرنگەی جیهان و بە ئازادی و سەربەخۆیی کورد بە ڕادەیەکی بەرچاو ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە گشت جیهان بەرقەرار دەبێت.

بڕوامان وایە سەردەمی ناڕەوایی و کۆیلایەتی بەسەرچووە و لەجێگای ئەو سەردەمێکی نوێ لە ئارادایە، سەردەمێك گشت نەتەوەکان وەك یەك سوود لەو ئازادیە وەردەگرن کە لەپێناویدا کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ماوەی (٦) ساڵی پڕ مەینەتی خەباتیان بۆ کردووە.

هیوادارین ئەم نامەیە ببێتە جێگەی سۆز و بایەخپێدان.

**کۆمیتەی ناوەندی پارتی کوردی (ڕزگار)**

**بەغداد ١٨ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٤٦**

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی ڕێزدار مەسرور بارزانی، لە ساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA